خدر مەرەسەنە

# ئاوێنەی ڕاستیەکان

چاپی دووەم
کوردستان - سلێمانی
٢٠٠٤

**کتێب :** ئاوێنەی راستیەکان

**نوسینی** : خدر مەرەسەنە

**بابەت :** بیرەوەری - بەرگی یەکەم

**سالّی نووسین :** خەزەلّوەری ١٣٧٧ ( ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ )

**چاپی یەکەم** : سوید ٢٠٠٠

**چاپی دووەم** : کوردستان سلێمانی ٢٠٠٤

**نەخشە سازی و بەرگ :** ئازاد حاجی

**چاپ** : چاپخانەی قانــع

**تیراژ** : ٥٠٠ دانە

**ژمارەی سپاردن** : ژمارە ( ٣٠ ) سالّی ٢٠٠٤ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

**مافی چاپکردنەوەی ئەم کتێبە بۆ نووسەر پارێزراوە**



پێشکەشە بە باوکی بەڕێز و خۆشەویستم

﴿ ڕۆستەم محەمەد پور ﴾

کە هەموو تەمەنی لە بەندیخانەی ڕژێمی شا و دەربەدەریدا

بردەسەر، سڵاو لە گیانی پاکی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و

سەربەخۆیی کوردستان

# ئاوێنەی ڕاستیەکان

چل و دوو ساڵ خەبات و ژیان و بەسەرهاتەکانم لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و نیشارەیەك بە ماوەی ( ٥٣ ) ساڵ تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان " ئێران " و بەشێك لە ڕووداوەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەلکی کوردستان تا ساڵی ١٩٩٧ و ئاماژەیەك بە هەلە و کەم و کوڕیەکانی ڕێبەبزووتنەوە بەگشتی و سکرتێرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەکەم و ڕاستی ڕووداوەکان بۆ نەوەکانی دواڕۆژی نەتەوەکەمان ئاشکراتر دەکەم. هەروەها بە ڕاست کردنەوەی چەند هەڵەیەکی چاپی کتێبی ( ئاوێنەی ڕاستیەکان )، چاپی دووەم دەخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز.

هەروەها جێگای ئاماژە بۆ کردنە کە سوپاسی چەند بەڕێزێك بکەم کە بەشێوەیەك هاوکاری و ڕێنوێنیان کردووم و بەلگەنامەو یاداشتنامەی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزبی دیموکرات و ڕێکەوتی ڕووداوە گرنگەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستانیان پێداوم.

بە تایبەت سوپاسی کاك سعید کوێستانی دەکەم، کە بەدانانی پیتە کوردیەکان لەسەر داتا و دارشتنی قەوارە وشێوەکاری تایپ کردن ڕێنوێنی تەواوی کردوە و لەو بارەوە زۆری زەحمەتی کێشاوە.

هەروەها سوپاسی کاك بەهرۆز کورد ئەحمەدی دەکەم، کە بە پێداچوونەوە، خاڵبەندی، ڕستەبەندی و ڕێکوپێك کردن تام و چێژێکی تایبەتی داوە بە کتێبەکە و هەڵەکانی بۆ ڕاست کردوومەوە، لەم بارەوە زەحمەتی زۆری کێشاوە و بەشی خۆی لە نوسینی کتێبەکە خستووە، هیوادارم بەردەوام بێ لە هاوکاری کردنی نووسەرانی کورد. سوپاسی کاك نەجمەدین قادر دەکەم کە هاوکاری کردم لە مۆناژ کردنی کتێبەکە.

سوپاسی تیشکەی کچم دەکەم، کە بە تایپ کردنی کتێبەکە زەحمەتی زۆری کێشاوە و بە کردەوە هاوکاری تەواوی کردووم. دەست خۆشی پێدەڵێم و سەرکەوتوویی لە ژیاندا بۆ بەئاوات دەخوازم.

# نێوەڕۆك


| | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| سەرەتا | کوردستان وەك بەشێك لە ئالۆزترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ٩ |
| | خۆناساندن و چەند ووتەیەك سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکە | ١٢ |
| قۆناغی یەکەم | گۆڕانکاریە سیاسیەکانی دونیا و کۆماری کوردستان | ٢١ |
| قۆناغی دووەم | چاو پیداخشاندنیك بە کاروتیکۆشانی کۆمیتەی کاتی دوای کۆماری کوردستان | ٣٠ |
| قۆناغی سییەم | خیانەتی سمایل قاسملوو پەلاماری ساواك بۆ سەر حیزبی دیموکرات و زیندان | ٣٧ |
| | زیندان، فیرگە، دادگاو ئەشکەنجە | ٤٤ |
| قۆناغی چوارەم | بەرەو کوردستانی گەرمین و بزووتنەوەی کورد لەو بەشەدا | ٤٨ |
| | دروست بوونی کۆمەڵەی رزگاری و ئاکامەکەی و لیگدابرانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥٤ |
| | چوونەوەی کادرەکانی حیزبی دیموکرات بۆ کاری تەشکیلاتی و سەرهەلدانی ناکۆکی | ٥٦ |
| قۆناغی پینجەم | کۆمیتەی ساغکەرەوە و کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات | ٦١ |
| | تیکۆشانی کۆمیتەی ساغکەرەوە لە کوردستانی ژیر دەسەلاتی ئیران | ٧٠ |
| | پەلاماری هیزەکانی بارزانی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە کیوەرەش | ٧٢ |
| قۆناغی شەشەم | پەیوەندییەکانی بارزانی و رژیمی شای ئیران و لە گریژنە چونی شۆرشی راستەقینە | ٧٨ |
| | کۆمیتەی شۆرشگیر، حیزبی دیموکرات و هەلویستی پارتی و بارزانی | ٧٩ |

| | | |
|---|---|---|
| قۆناغی حەوتەم | کۆنفرانسی دەوەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گۆڕانکاریەکانی ناو بزووتنەوەی باشوری کوردستان | ٨٤ |
| | دەورانی پەنابەریم لەلای دەوڵەتی عیراق و مانەوەم لە بەغدا | ٩٠ |
| قۆناغی هەشتەم | بەیانی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ | ٩٣ |
| | کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان | ١٠٧ |
| قۆناغی نۆیەم | کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات، هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان | ١١٢ |
| | تێڕوانین و هەڵسەنگاندنێك لەسەر خۆناسینی کورد وە کورد لەسەر ئاستی نێونەتەوەیدا | ١٢٤ |
| قۆناغی دەیەم | تەواو بوونی شۆڕشی کورد لەباشور و قۆناغێکی پڕ لە مەترسی بۆ گەلی کورد و چارەنوسێکی نا دیاری حیزبی دیموکرات | ١٢٨ |
| | دروست بوونی یەکێتی نیشتمانی و شۆڕشی نوێی دژی ژینۆساید | ١٣١ |
| قۆناغی یازدەهەم | ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و سەردەمێکی نوێی خەبات | ١٤٥ |
| | گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتی بازرگان | ١٤٩ |
| قۆناغی دوازدەهەم | بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان و خۆپیشاندانی حیزبی دیموکرات | ١٥٢ |
| قۆناغی سێزدەهەم | شەڕی پاوە و سنە و هاتنی هەیئەتی دەوڵەتی کاتی بۆ مهاباد | ١٦٠ |
| | ریفراندۆم | ١٦٢ |
| قۆناغی چواردەهەم | شەڕی سێ مانگە و فتوای جیهاد لەلایەن خومەینییەوە دژی گەلی کورد | ١٦٧ |
| | سەرهەڵدانی جاشایەتی لە کوردستانی ئێراندا | ١٦٩ |
| | دروست بوونی حیزبی رزگاری و جموجوڵی چەکدارانەی عەلی قازی " کوڕی رەش ". | ١٧٤ |

| | | |
|---|---|---|
| | هەڵوێستی ڕێکخراوە چەپەکان لەبەرامبەر حیزبی دیموکرات | ١٧٥ |
| قۆناغی پازدەهەم | کۆنگرەی چوارو هەڵەی تەشکیلاتی ڕێبەرایەتی حیزب و ئاکامەکانی | ١٧٧ |
| | ڕووداوە تاڵەکانی دوای کۆنگرەی چوار | ١٧٩ |
| | شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق | ١٨٠ |
| | بەرەو کۆنگرەی پێنجەم و کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت | ١٨٣ |
| | عەمەلیاتی هەڵۆ | ١٨٤ |
| | کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان " کۆنگرەی شەهیدان" | ١٨٥ |
| | ئاڵوگۆڕەکانی پێش کۆنگرەو دوای کۆنگرەی پێنجەم | ١٨٧ |
| قۆناغی شانزەهەم | مانگی دیفاع لە ئازادی و مەوجودییەتی گەلی کورد | ١٩٥ |
| | هەڵوێستی جاشەکانی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە کاسبکارانی دەوڵەتی ئێران | ٢٠٠ |
| | کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری وێران | ٢٠١ |
| | کۆبوونەوەی مام جەلال و دکتۆر قاسملو | ٢٠٢ |
| | بازارەکانی هەردوو بەشی کوردستان لە سەر سنوور و گومرگ وەرگرتن | ٢٠٣ |
| | پەیوەندیەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق | ٢٠٥ |
| | شەڕی کۆمەڵە وحیزبی دیموکرات | ٢٠٨ |
| قۆناغی حەڤدەهەم | بەرەو کۆنگرەی شەشەم و کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت | ٢١٣ |
| | کۆنگرەی شەشەم و هەڵلا و هەنگامەی کورتەباس | ٢١٥ |
| | ئاڵوگۆڕەکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت | ٢١٩ |
| قۆناغی هەژدەهەم | کارەساتی هەڵەبجەو هاوکاری بەرەی کوردستانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران | ٢٢٧ |
| | کۆتای شەڕی قیادە مەوقەتەو حیزبی دیموکرات | ٢٢٨ |

| | | |
|---|---|---|
| قۆناغی نۆزدەهەم | پەرەسەندنی ناکۆکی نێوان ئەندامانی رێبەرایەتی حیزب | ٢٣٨ |
| | کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی هەشت و رەتکردنەوەی لیستی فیکس | ٢٣٩ |
| | کۆنگرەی هەشت و رووداوە تاڵەکانی کە لە ئاکامی لیستی فیکس هاتە ئاراوە | ٢٤٠ |
| قۆناغی بیستەم | جیابوونەوە و لێکدابڕانی ریزەکانی حیزب و تێکۆشانی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ | ٢٤٧ |
| | چەند هەنگاوێکی رادیکاڵانەو شۆڕشگێڕانە | ٢٥١ |
| | کۆنفرانسی چواری رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ | ٢٥٤ |
| | هەلومەرجی نێو نەتەوەیی لە روانگەی کۆنفرانسی چوارەوە | ٢٥٦ |
| | مادەکانی راگەیەنراوی ئیعلانی مەوجودیەتی حیزبی دیموکرات رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ | ٢٥٧ |
| | گۆڕانکاریە سیاسیەکان و مردنی خومەینی | ٢٥٩ |
| | شەهیدبوونی دکتۆر قاسملو | ٢٦٢ |
| | کۆنگرەی حیزبی دیموکرات رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ | ٢٦٥ |
| قۆناغی بیست ویەکەم | شەڕی کەنداو و پەلاماری دەوڵەتی عیراق بۆ سەر کوێت و راپەڕینی کوردەکان | ٢٧٠ |
| | بەرەو کۆنگرەی دەیەم و ئاڵوگۆڕەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان | ٢٧٦ |
| | ئاڵۆزیەکانی ناوخۆی حیزبی دیموکرات بەهەردوو باڵەکەیەوە و ناکۆکیەکانی نێوان حیزبەکانی کوردستان | ٢٨٠ |
| | کۆنگرەی دەیەمی هەردووباڵەکەی حیزب و هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەو ئاشت بوونەوەی یەکجاری | ٢٨١ |
| | تەنگەژەی سیاسی و شەڕ لەنێوان حیزبەکانی کوردستانی باشووردا بە تایبەت لە نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی و پ.ک.ک | ٢٨٤ |
| | جەژنی یەکگرتنەوەی دووباڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران | ٢٩٩ |
| | بەڵگەنامەکان | ٣٠١ |

# - سەرەتا -

کوردستان وەك بەشێك لە ئاڵۆزترین ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەژمێردرێت کە لە ساڵی (١٥١٤) لە شەڕی چاڵدێران لە نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکاندا دابەش کراوەو لە پەیمانی لۆزانیشدا سەربەخۆیی کوردەکان ڕەت کراوەتەوەو چوار داگیرکەر دەستیان بەسەر نیشتمانی کورداندا گرتوە، کوردستان وەك هەموو ولاٚتانی دیکەی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست لە ڕووی سروشتیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە باری ژیۆپۆلیتیکیشەوە ناوچەیەکی شاخاوی و دارستانە و چیا بەناوبانگی وەك زاگرۆس و ئارارات و قەندیل و چەندین زنجیرە چیای دیکەی هەیە، کوردستان لە باکوری ڕۆژهەلاٚتەوە لەگەڵ بەشێك لە ولاٚتی ڕوسیاو ئازربایجان، لە باشووری ڕۆژهەلاٚتیشەوە لەگەڵ ئێران و ئازربایجانی سەر بە ئێران و تا دەگاتەوە دورگەکانی خلیجی فارس هاوسنوورە، لە ڕۆژئاواوە هاوسنورە لەگەڵ ولاٚتانی عەرەبی و لە باکووریشەوە لەگەڵ تورکیا سنووری هاوبەشی هەیە، هەروەها لە باری ستراتیژیەوە گرینگیەکی بەرچاوی هەیە لە ڕۆژهەلاٚتی ناوەراستدا، هەر بەو پێیەش لە ڕووی سامانی سروشتیەوە خاوەنی چەندین سەرچاوەی ئاوی پاك و چۆمی گەورەو کانگای نەوت و بەردی مەعدەنی و دەیان کەرەستەی خاوی ژێر زەوی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانە، جگە لەوەش سروشتێکی جوان و ڕەنگینی هەیە و خاوەنی دەیان هاوینەهەواری دڵگیرو کەم وێنەیە.

دابەش کردنی کوردستان و بێبەش کردنی گەلی کورد لە مافە نەتەوایەتیەکانی، هەروەها چەوسانەوەی فەرهەنگیی بەدەست داگیرکەران و پێشێلکرانی پێناسەی نەتەوایەتی، ئەوانە هەمووی بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕاپەرین بەدوای ڕاپەریندا دەست پێ بکا. هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستاش، شۆڕش و ڕاپەرینەکان بەردەوام لە بەشەکانی کوردستاندا درێژەیان پێدراوە و هەموو جاریش بەهۆی پیلانی داگیرکەران لەلایەك و لە لایەکی دیکەشەوە نەبونی ڕێبەریەتێکی سیاسی و لێهاتوو دڵسۆزو خاوەن ئەزموون، هەروەها زاڵ بوونی بیری عەشیرەت گەری و دواکەوتوویی بەشێك لە خەڵکی کوردستان و پەیوەندی و خۆگرێدانی ڕێبەرەکانی بزووتنەوە بە داگیرکەرانی کوردستان و شپرزەیی باری ئابووری و بێ هەڵوێستی

ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد لە کاتی پێویستدا و بەشداری نەکردنیان لە شۆڕشەکاندا و دەست تێوەردانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە کاروباری شۆڕشەکاندا هەروەها نەبوونی پشتیوانێکی دڵسۆز بۆ گەلی کورد لە ڕادەی جیهانییداو نەخشەو پلانی نێو نەتەوەیی لە ژێر چاودێری زلهێزەکانی دونیادا، وایکردووە کە هەمیشە ئاستەنگیەکی زۆری خستۆتە سەر ڕێگای سەرکەوتنی شۆڕشی کورد و بزوتنەوەکان تێکشکاون و بە ئاکام نەگەیشتوون هۆکارێکی دیکەش کە کوردی لە سەرکەوتن دوورخستۆتەوە ئەوەیە کە کوردستان لە باری سیاسی و نیزامیەوە بۆ وڵاتانی خاوەن دەسەلات و زلهێزەکانی دونیا گرینگایەتی هەیە، هەر بۆیە ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندیان لەگەڵ یەکێك لەو دەوڵەتانەدا هەبێ کە کورد دەچەوسێنیتەوە، بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیەکانیان نەیان هێشتووە شۆڕشەکانی گەلی کورد سەرکەوتن بەدەست بهێنن و کڵپەی شۆڕشەکانیان دامرکاندۆتەوە. ئەگینا میللەتێك کە ژمارەی دەگاتە چل ملیۆن کەس و بە یەکێك لە کۆنترین و گەورەترین نەتەوەکانی ژێر دەستەی ئەم جیهانە لە قەڵەم دەدرێ، بۆچی دەبێ تا ئێستا هەر ژێر دەستە بێ و ڕزگار نەبێ؟! بێ گومان ئاگری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کورد هەر بڵێسەدار دەبن و تا سەرکەوتنی یەکجاری خەبات و تێکۆشان بەردەوامە.

گومان لەوەدانیە هەر میللەتێك کە بیهەوێ ڕزگاری وەدەست بێنێ، دەبێ فیداکاریشی بۆ بکات. چارەنووسی گەلی کورد نابێ لەوە زیاتر لە چارەنووسی گەلانی تری سەر ئەو زەویە جیا بێ و لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا ببێتە گاڵتەجاڕی داگیرکەران و وڵاتە خاوەن بەرژەوەندیەکانی جیهان. با بە نموونە باسی ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەین، خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی کە زانیان ڕژێمی کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە مافە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کورد نیە، بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەوانی تر بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکانیان و بەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراسی و خودموختاری ڕاپەڕین و دەستیان دایە چەك و هاتنە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان. تا ئێستاش بەردەوام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەنگەری بەرگری و بەربەرەکانی دژ بەو ڕژێمە ماوەتەوە، بەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی کە لە لایەن دوژمنان و هێندێك لە دۆستان و حیزبەکانی کوردستانیشەوە خراوەتە سەر ڕێگای تێکۆشان و پێش لە

چالاکیەکانی پێشمەرگە گیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەموو ئەو کەموکوڕیانەوە کە ڕێبەرایەتیەکەی بوویەتی بە هەست بە مەسئولیەت کردن لە بەرامبەر کێشەی کورد و بزووتنەوەکاندا و بە وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردستان و هەلومەرجی خەبات، کۆسپ و تەگەرەی نەخستۆتە سەر ڕەوتی بەرەوپێش چوونی شۆڕشی بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە هەموو قۆناغەکاندا بەرامبەر بە هەر چەشنە ڕووداوێك هەڵوێستی دروستی لە خۆی نیشانداوەو سەربەخۆی خۆی پاراستووە، هەروەها لەباری پەیوەندی دیپلۆماسیشەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کە کورد دەچەوسێننەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی گەلی کورد و لەسەر ئاستی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی پەیوەندیەکانی خۆی دامەزراندووە و هەنگاوێك بەلای دوژمنانی گەلی کوردا نەشکاوەتەوە و ئەوەی بە قازانجی میللەتی کورد بوویێت ئەنجامی داوەو وەلامی گلەیی حیزبەکانی کوردستانی بە گێچەل نەداوەتەوە. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر گەلی کوردا سەر بڵند ماوەتەوە و لە هەر قۆناغێکدا ڕۆلی گرینگی خۆی گێراوە، کە هیوادارم حیزبەکانی دیکەش لەم بارەوە بۆچوون و ڕێبازێکی وا بگرنە پێش و پەرە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن.

## خۆناساندن و چەند ووتەیەك!

منیش وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە یان و بەرینەدا لە وولاتێك بە نێوی کوردستان لەو بەشەی لە ژێر دەسەلاتی ئێران دایە لە ناوچەی سوێسنایەتی سەردەشت لە گوندی بێورانی خواریّ لە بنەماڵەیەکی زەحمەت کێش و نیشتمان پەروەردا لە ڕێکەوتی ٤ی بانەمەری ساڵی (١٣١٨)ی هەتاویی واتە ( ١٩٣٩) ی زاینی دا چاوم بە دونیا هەڵێناوە، ڕەگەزی تایفەی ئێمە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بە (مەرەسەنە) ناسراوە، پەیوەندی عەشیرەتیمان بە عەشیرەتی بەریاجییەوە هەیە کە لە چەند سەدەی ڕابردووەوە وەك یەك عەشیرەت ناویان لێنراوە، ئەو عەشیرەتەش یەك لەسەر چواری دانیشتوانی سەردەشت پێکدینێ، چونکە دانیشتوانی ئەو هەرێمە بە شارنشین و دێ نشینەوە لە سێ عەشیرەتی گەورەی وەك "بەریاجی مەلکاری، گەورك" هەروەها چەند تایفەی بچوکی وەك "باپیر ئاغایی، سمایلە کوێرە" و بەشێك لە عەشیرەتی مەنگور پێکهاتووە، کە ژمارەی دانیشتوانی بە پێی سەرژمێری ساڵەکانی ( ١٣٥٨- ١٣٥٩) (١٩٧٩-١٩٧٨) کە حیزبی دیموکراتی کوردستان کردویەتی نزیك بە "٨٠ " هەزار کەس لە قەڵەم دراوە. ژیانی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە جگە لە مەڕداری و باغداری و کەتیرەو کشتوکاڵ کە بەرهەمی کاری جوتیاران و کریکاران و ئاژەلدارانە بەڕیوەدەچیّ، ئەو مەڵبەندە بەهۆی باری ژیۆپۆلیتیکی کە هەیەتی، لە سنوری سەردەشت و پیرانشارەوە تا دەگاتە سنووری بانە و جنوبی کوردستان، لەگەڵ کوردستانی بەشی گەرمێنی ژێر دەسەلاتی عەرەب، لەگەڵ شارو ناوچەکانی سلێمانی و خانەقین و شنۆ و ماوەت و قەلادزێ و سەنگەسەر و ڕانیە حاجی ئۆمەران سنووری هاوبەشی پێك هێناوە، لەبەرئەوەی بەشی زۆری دانیشتوانی مەڵبەندەکە لە ڕێگای بازرگانی و کاروان کردن و ئالوگۆڕی کەلوپەلی پێویستی ژیان و هاتوچۆکردنەوە نیازەکانیان دابین دەکەن کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی زۆرجار لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانەوە کەمینیان بۆ دانراوەتەوە و زۆر کەس لە کاسبکاران کوژراون یان بە دیل گیراون و سەروەت و سامانەکەیان کە چەند بارێك کەلوپەلی بازرگانی بووە دەستی بەسەردا گیراوەو بەتالان براوە، بەتایبەت لە ساڵەکانی( ١٩٨٠) هەتا(١٩٩١) بەهۆی چەند کەسێکی خۆفرۆشی ناسراو لە

جاشەکانی دەوڵەتی عیراق لە سنوری قەڵادزێ و سەردەشت، لە ناوچەکانی قەڵادزێ و بەستەستێن و سەنگەسەر، ژمارەیەکی زۆر کاسبکارو کاروانچی دەکوژران و ئەسیر دەکران و ماڵ و سامانەکانیان دەستی بەسەردادەگیرا. دوای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان لە دژی ڕژێمی عیراق لە ساڵی(١٩٩١) دا ئەو سەرۆک جاش و خۆفرۆش و پیاوکوژانەی کە لە دەورانی دەسەڵاتداری ڕژێمی عیراقدا دژی گەلی کورد چەکی خیانەتیان هەڵگرتبوو پالیان وەهێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانەوە داو دەستیان کرد بە جاسوسی و خۆفرۆشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان و چەندین کردەوەی دڕندانەو تەقینەوەی بۆمب و تیرۆری شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێرانیان دەکردو بە پشتیوانی حیزبەکانی دەسەڵاتدار جارێکی دیکەش نۆکەری خۆیان بۆ داگیرکەرانی کوردستان سەلماندەوە و زیانیان بە بزوتنەوەی کوردستان گەیاند.

بە وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سروشتی ناوچەکە لە باری جوگرافیەوە بەهۆی هەبوونی چۆمی ( کەلوێ ) وە ئەو مەڵبەندە بە دوو بەشی سوێسنایەتی و گەورکایەتی لێک جیاکراوەتەوە، هەروەها بەهۆی چەندین زنجیرە شاخ و دۆڵی حەستەم ناوچەکانی دابەش دەبن. ناوچەی ئالان بەهۆی زنجیرە کێوەکانی هۆمل و زەرتک ناوچەی میراوە. بەهۆی چیای گیاڕەنگ تاژەندەری ناوچەی بێوران و دەرماناوە بەهۆی هێندێك چیای بچوکی وەك کاسە شکێن و بێشەڵان و خوردەڵێن کە دەکەونە بن باڵی چیا بەناوبانگەکانی بلفەت و کێلەو باژار بەشێك لە سنوری مەڵبەندی سەردەشت دیاری دەکەن. لە سنوری مەهابادیش چیای زمزیران لە بەناوبانگ ترین کێوەکانی مەڵبەندی سەردەشتە کە شاری سەردەشت لە باوەش دەگرێ. شاری سەردەشتیش دەکەوێتە ناوەراستی ئەو مەڵبەندەوەو بەسەر چۆمی کەلوێدا دەڕوانێت و خاوەنی سەرچاوەو کانیاوی زۆرەو گەلێك شوێنی سەیران و گەشت و گوزاری دڵگیر و بەناوبانگی هەیە وەك شالالەی نزیك گوندی شلماش و سەرچاوەی ڕەسوەشێت و دوکانان و ڕەبەن کە لە پشتی بێورانی خوارێ هەڵکەوتوون. هەروەها لە سێ جادەوە بە سێ شارستانی ترەوە گرێ دەدرێت وەك جادەی مهاباد سەردەشت و بانەو سەردەشت و پیرانشان و سەردەشت و سێ ڕێگای ئەسلی یەکدەگرنەوە. لەلایەکی تریشەوە هاوسنوری کوردستانی باشووره بەهۆی جادەیەکی ڕەسمی بەنێوی جادەی کێلێ لەگەڵ جادەی شاری قەلادزێ و حاجی

ئۆمەران و خانێ باشووری کوردستان تێکەڵ دەبێتەوە. زۆربەی ڕاپەڕینەکانی ئەو دوو بەشەی کوردستانیش لەو مەڵبەندەوە سەریان هەڵداوە و حەواونەوەو خۆیان گرتۆتەوە. بۆ نموونە ڕاپەڕینی مەلا خەلیلی میراوێ دژی ڕژێمی ڕەزا شا بوو. ئەو ڕژێمە دەیویست داب و نەریتی کوردان لەناو بەرێت، وەك قەدەغەکردنی جل و بەرگی کوردی و لە سەرنانی کڵاوی شەپکدار و لەنێوبردنی چەندین کلتووری دیکەی کوردی. ڕاپەڕینی مەلا خەلیل سەرئەنجام ئەم ڕژێمە بە چۆك داهێناو کورد لەسەر داب و نەریت و کلتوری خۆی مایەوە. ڕاپەڕینی عومەر پاشا خەڵکی دێ ی قەلەرەش پێش ڕووداوەکانی خەرمانانی ١٩٤١ی زایینی کە زۆربەی دێهاتەکانی مەڵبەندی سەردەشتی لەژێر دەسەڵاتدا بوو بەیانگەری ئەو ڕاستیەن. بەوەبەرچاوگرتنی نەبوونی خوێندەواری و نزمی زانیاری سیاسی و دواکەوتی خەڵکەکە و ڕادەی تێگەیشتن، ئەو کات ڕێبەرەکانی کوردستان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕژێم بەشتێکی باش دەزانرا. هێزەکانی چەکداری سەر بە کوێخا ئۆمەر لە دوای خەرمانانی ١٩٤١ لەگەڵ هێزەکانی دوژمن چەندین شەڕو پێکدادانیان لە نێوان دا دروست دەبێ و لەو ماوەدا ڕێگا بە هێزەکانی ژاندارمەی نادەن لە ناوچەکانی دەوروبەری سەردەشت پاسگاو بنکە دابمەزرێنن، زۆربەی دێیەکان لە ژێر دەسەڵاتی هێزی چەکدارەکانی کوێخا ئەمەر دا دەبێ و هەموو کەس لە ماڵی خۆیرا نان و پێخۆر لەناو پێچەو هەمبانەدا لەگەڵ خۆیان دەبەن و بە نان و بەرگی خۆیان شەڕ لەگەڵ داگیرکەر دەکەن. هەر ئەو شێوە ڕاپەڕین و بەربەرەکانیانە هەستێکی شۆڕشگێڕی و نیشتمان پەروەری نیشان دەدات کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بە زیندویی ڕاگیراوە، هەر بۆیەش بە درێژایی مێژوو لە تێکشکانەکانیش شۆڕشگێڕانی کورد هەر لەو مەڵبەندە خۆیان گرتۆتەوەو شۆڕشیان درێژە پێداوە کە دوای سەردەمی کۆماری کوردستان لە ناوچەی سەردەشت ڕۆستەم محمد پوور و مام شێخ عەولا بە (٥٠) چەکدارەوە نزیك یەك ساڵ و نیو لە دێهاتەکانی مەڵبەندی سەردەشت خۆیان ڕاگرت و تەسلیم بە ڕژێم نەبوون. هەروەها شۆڕشی نوێی کوردستانی گەرمێن کە یەکێتی نیشتمانی و حزبی شیوعی و پارتی هەڵیان گیرساندەوەو لە ساڵەکانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ دەستی پێ کردەوە، زۆربەی هێزەکانیان لە چیاو دۆڵ و لێرەوارو ناو دێهات و ماڵەکانی خەڵکی ئەو ناوچانەدا دەگیرسانەوەو ژیانیان بۆ دابین دەکرا. هەروەك پێشتریش ڕاپەڕینی ساڵەکانی ١٩٦٧ و ١٩٦٨ بە ڕابەرایەتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی

کوردستان هەر لەو مەڵبەندەدا سەری هەڵداو ناوچەکانی تریشی گرتەوە. لە خەباتی نهێنی ساڵەکانی ١٩٤١ هەتا هێرشی ڕژێم لە ١٩٥٩دا بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان مەڵبەندی سەردەشت شوێنی کارو تێکۆشانی کادرەکانی حیزبی دیموکرات بووە و تێیدا حەواونەوە و درێژەیان بە خەبات داوەو هەر لەو شوێنە پەیوەندیەکانی حزبی دیموکرات لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عیراق گیراوەو هاتوچۆی کادرەکان بۆ باشووری کوردستان هەر لەو مەڵبەندەوە ڕێگای بۆ کراوەتەوە، هەر بەو جۆرەش ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پاش شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە بۆ ماوەی نزیك بە پێنج ساڵ بنکەو بارەگای لەو مەڵبەندەدا داناوەو لێی ماوەتەوە و درێژەی بە خەباتی سیاسی و چەکداری داوەو دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاوەستاوە، هاوکاتیش جێگای حەوانەوەی پێشمەرگەکانی پارتی، یەکیەتی و باقی حیزبەکانی تری باشووری کوردستان بووەو شۆڕشیان لەوێرا درێژە پێ داوە. مەڵبەندی سەردەشت وەك هەمیشە بۆتە شوێن و مەیدانی بەربەرەکانی و بەگژداچوونەوەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا بۆتە لانکی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە سەدان ڕۆڵەی تێکۆشەری وەك ئاوارەو فەقێ حوسێن و (کاوە) ڕەحیمی مەلا مەحەمەدو حەمە عەزیز و ڕەسوڵ عەزیزی و سلێیمانی مام پیرۆت پیرەباب و جەلال میراوەی و فەقێ علی و فەقێ عەولاو حوسێن شەمام و حەمەدەمینی مەلا عەزیز و پیرۆتی مەحەمەد پوور فەقێ ڕەسول عەلی حەمەی مینەو دەیان نیشتمان پەروەر و نەتەوەپەرستی دیکەی بۆتە قوربانی ڕێبازی بەرگری لە ئازادی دیموکراسی و پاراستنی هەبوونی گەلی کورد و لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورد دا لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا گیانی خۆیان بەخت کردووە. هەر بۆیەش دەبێ بلێین خەڵکی مەڵبەندی سەردەشت لە باری هەستی شۆڕشگێڕی و نیشتمان پەروەرییەوە دەبێ بۆ نموونە یاد بکرێن و بە کردەوەش ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە. هەروەك ئەوەی کە ئێستاش حیزبی دیموکراتی کوردستان دوو هێزی پێشمەرگەی بەناوی گیاڕەنگ و زمزیران هەیە و لە مەڵبەندی سەردەشت دا درێژە بە تێکۆشان دەدەن. جگە لەوەش پێویستە ئەو ڕاستیەش بگوترێ کە خەڵکی ئەو مەڵبەندە بە گشتی و بە تایبەتی دانیشتوانی دێهاتەکانی نزیك سنوری هەردوو بەشی کوردستانی کوێستان و گەرمێن، لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتی ئاشکراو نهێنی دا لەو دوو بەشەی لە

باری پێڕاگەیشتن بە شۆڕشگێڕانی کوردو حەوانەوەیان و یارمەتی مادی و مەعنەویەوە هاوکاری تەواوی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانیان کردووەو زۆرجاریش لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانەوە بەهۆی یارمەتی پێکردن بە پێشمەرگە گیراون و خراونەتە زیندان و تەنانەت ئیعدامیش کراون و گوندەکانیشیان وەبەر بۆمب باران و تۆپ باران کەوتوون. جا بۆیە پێویستە حیزبە شۆڕشگێڕەکان بەتایبەتی حیزبی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی چاکەو پیاوەتی ئەو خەڵکە لەبیر نەکەن. کەچی بەداخەوە تا ئێستاش هیچ یەک لەو حیزبانە کە بەشێکیان بە دەسەلاتیش گەیشتوون چاکەو پیاوەتی خەڵکی مەڵبەندی سەردەشت و ناوچەکانی ترو گوندەکانی سنووری هاوبەشیان لەیاد نەماوەو زۆر جاریش ڕێبەرەکان یان بەرپرسانی حیزبەکان تەنانەت دۆستە نزیکەکانی خۆشیان نەناسیوەو خۆیان لێ دەبوێرن و تەنانەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە جیاتی چاکەکردن زۆر جاریش کردەوەی زۆر خراپ و ناشۆڕشگێرانەیان دەرهەق بەو خەڵکە ئەنجام داوە! کە ڕێگای بە تیرۆریستەکانی ئێران داوە شۆڕشگێڕانی ئەو بەشە بکوژن. خوێنەرانی بەڕێز، هاونیشتیمانانی نیشتمان پەروەر، ڕوناکبیران و مێژوونووسانی خۆشەویست، ئەوەی دەینووسم و باسی لێ دەکەم هیچی لە خۆشەویستی و ناخۆشەویستی ڕا سەرچاوەی نەگرتووە، نە بە خۆرایی بە کەسم هەلاگوتووەو نە بوختانیشم بە کەس کردووە، بەڵکو دەمەوێ ئاماژەیەک بە ڕوداوەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان بکەم و گۆڕانکاری و ڕوداوەکانی ناو خۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک خۆی کە ڕوویانداوە باس بکەم و بیگێڕمەوە و ناشمەوێ وەک چەند نووسەرێک مێژووی خەباتی چەندین ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بشێوێنم، بەڵکو دەمەوێ و هەوڵدەدەم بیرەوەریەکانم ئەوانەی کە پەیوەندیان بە ڕوداوە سیاسیەکان و شۆڕش و خەباتەوە هەیە بنووسم و ڕاستییەکان و ناڕاستیەکان لێک جیا بکەمەوە کە بۆ دوا ڕۆژی خەڵکی کوردستان کەڵکی هەبێ، چونکە هەڵگێڕانەوەی مێژوو جگە لەوەی خزمەت بە نەتەوەی کورد ناکات، لە ڕوانگەی مێژوو نووسانیشەوە وەک تاوان چاوی لێ دەکرێ. هەر بۆیە دەمەوێ بەراوردێک لە چۆنیەتی ئاڵ و گۆڕەکان و ڕوداوەکاندا بکەم و بەشێک لە ڕاستیەکان کە بۆ خۆم لێیان ئاگادارم پێشکەش بە خوێنەرانی بکەم. لە ماوەی (٤٢)ساڵ خەبات و تێکۆشانم لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا تەنانەت جارێکیش لە پێناو خۆشەویستی و ناخۆشەویستی دا

ڕاستیەکان و ناڕاستیەکانم هەڵنەگێڕاونەوە و ناشمەوێ هەڵیانگێڕمەوە. ڕەنگە زۆر جاریش لەسەر هەق گووتن لە پێناو خزمەت بە حیزب و میللەتی کورد دڵی زۆر کەسم لێ ڕەنجابێ و لە کۆنفرانس و کۆنگرەو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبیشدا مافم پێشێل کرابێت و خەڵکی ساویلکەو تێنەگەیشتوش لەنێو حزبدا بێ حورمەتی پێکردبم. بەڵام قەت نەچوومە ژێر باری قسەی ئەم و ئەو و ڕاستیەکانم نەشاردۆتەوە. هەر بۆیەش ئەو کەسانەی کە کاری خەراپیان کردووەو بەزۆر بۆچوونی خۆیان بەسەر خەڵك و ئەندامانی حیزب دا سەپاندووە و دیموکراسیان خستۆتە ژێر پێ و بە پێچەوانەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حیزب جولاونەوە، هەمیشە لێم لەقاوداون و لۆمەم کردوون لۆمەشیان دەکەم و بەخەڵکیان دەناسێنم جا چ کەسانێك پێیان خۆشە یان ناخۆشە ئەوە شتێکی دیکەیەو کەیفی خۆیانە، ڕەنگە بۆ پینەو پەڕۆکردنی شتەکانی خۆیان بشلێن ئەو قسانە ڕاست نین، منیش هەرگیز نەمویستووە کەس بە ناهەق بشکێنم، بەڵکوو بۆ خۆم لە نزیکەوە گوێم لێ بووەو بە کردەوەش لە بەشێکیاندا بەشدار بووم، هێندێك ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانیشم وەك ریوایەت لە زمان فلان و فیسارو سەرچاوەکانەوە باس کردووەو دەست نیشانم کردوون. لەهەر قۆناغێکدا کە باسی خۆم دەکەم، هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە حیزبدا بەسەر خۆم هاتوون دەگێڕمەوە و پەیوەندیشی بە چ کەسانێکەوە هەبێت باسیان دەکەم، ئەگینا من نە مێژوو نووسم و نە دەشمەوێ مێژووی حیزب و جولانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بنووسمەوە، بەڵکو بەشێك لە بەسەرهاتەکانی خۆم لە حیزبدا و ڕووداوە داخدارو هەڵەو سەرکەوتنە مەزنەکانی بزووتنەوەکان و کەموکوڕیەکانی ڕێبەرانی جولانەوە بە گشتی و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتە کە لە ماوەی(٤٣) ساڵ ژیانی سیاسی خۆمدا لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی سەخت و دژواری خەبات دا ئامازەم پێ کردووە، بەو هیوایە وەك بەڵگەیەکی زیندوو لە داهاتوودا مێژوونووسان کەڵکی لێ وەردەگرن و بۆ خوێنەرانیش ببنە ئەزموون. هەروەها هەوڵ دەدەم بە باس کردن گێڕانەوەیان وەك خۆی بۆ ووشیاربوونەوەی ئەسلی ئێستاو نەوەکانی داهاتووی نەتەوەکەمان، ئەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییە کە دەکەوێتە سەر شانم بەهەر کەم و کوڕییەکەوە کە هەیەتی پێشکەش بە هاوڵاتیان و هۆگرانی ئازادی و دیموکراسی و شۆڕشگێڕانی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی بکەم و بەجێی بگەیەنم. جا ڕەنگە هێندێك کەس ڕازین و هەندێك کەسیش دڵیان گەرد بیگرێ و پێشم بڵێن بوختانی

بەفلان و فیسار کردووە. بەڵام ئەوەی کە گووتومە کاکڵەی بەشێکی زۆر کەمن لە ڕوداوەکانی ناوخۆی حیزبی دیموکرات و بزوتنەوەکانی گەلی کوردستان کە دونیایەك کارەساتی داخداریان بەدوواوە بووە لە ساڵەکانی ڕابردوودا. زۆر دەمێك بوو ئەو ئاواتەم هەبوو کە دەرفەتێکم بۆ بڕەخسێ بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەو ڕوونکردنەوەی هێندێك لە گیروگرفتە سەرەکی و لاوەکییەکانی ناوخۆی حیزبی دیموکرات کە ئەو حزبەیان دوچاری قەیران کردووەو هاوکات ماوەی (٤٣) ساڵ ژیانی سیاسیم لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەشێوەی پەرتووکێك بنووسم و بۆ دواڕۆژی گەلی کورد و کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبەکەمان بەجێ بێڵم، بەڵکو وەك ئەزمونێك سودێکی هەبێت و بگاتە دەستی مێژوونووسان و خوێنەران و هاوکاریەك بێت بۆ ئەوان، کە دەتوانن لە بابەتەکاندا گۆڵبژێرێك بکەن و کەڵکیان لێ وەربگرن. بەداخەوە لەبەر هەل و مەرجی خراپ و دەربەدەری و ژیانی پێشمەرگایەتی و زۆرداری دوژمنانی گەلی کورد نەمتوانیوە یاداشتەکانی ڕۆژانەی بیرەوەریەکانم هەڵبگرم، ئەوەی کە هەڵیشم گرتبوون لە هەلات و ئەملاو ئەولادا لە بەین چوون، بەم هۆیەوە ڕەنگە ڕێکەوت و چۆنیەتی ڕووداوەکان نەتوانم وەك خۆیان باس بکەم، ئەوەی دەینووسم بەشێکیان لەبیر و مێشکی خۆمدا تۆمارم کردوون و بەشێکیان بۆ زانینی ڕۆژی ڕووداوەکان لەسەرچاوەکانی مێژوونووسان وەرم گرتوون کە ئەوانەن: پەنجا ساڵ خەبات بەرگی یەکەم جەلیل گادانی، نیو سەدە تێکۆشان عەبدولا حەسەن زادە، پێداچوونەوە بەرگی دووەم کەریم حیسام، ئاورێك بەرگی یەکەمی سەعید کوێستانی. بەڵام لاسای هیچ یەك لەو نووسەرانەم نەکردۆتەوە. هەرچەند نووسینەکەم ڕەنگە لە باری داڕشتن و جوملەبەندی و ڕێزمانەوە کەم وکوڕی هەبێ و نەمتوانیبێ لە باری ئەدەبیەوە پەرتووکەکەم بڕازێنمەوە و بە زمانێکی تەڕ و پاراو باسەکان بگونجێنم چونکە نە ئەدیبم و نە خۆش قەڵەم، هەر بۆیە بە ووشەی سادەو ساکاری دێهاتیانەی خۆم ئاسایی نووسراوە، بەدەردی کوردە دەڵێ چیم دەکەشکۆڵی دا بێ هەر ئەوەیە. بە کورتی و بە کوردی بێ ئەوەی مەلە بزانم خۆم لەم گۆمە داوە. هیوادارم خوێنەران هەڵەکانم بۆ ڕاست بکەنەوە و بە گەورەیی خۆیان لێم ببوورن و ئەوانەی کە ڕووی ڕەخنەشم تێیانە، بە ناهەق لێم عاجز نەبن و دڵ و دەروونێکی فراوانیان هەبێ و شلوێ نەبن و پێیان وا نەبێ هەڵە ناکەن، هەر کەسێك کار بکا بێ گومان هەڵەشی دەبێ، ڕەخنەش کەس چووکەڵە ناکاتەوە. زۆرم هەوڵ

داوە بە بێ لایەنی ڕووداوەکان باس بکەم و خۆم لە قەرەی ئەم و ئەو نەدەم و لەشەڕی کەسانێك کە دەبێ ناویان بێنم خۆم بپارێزم. بەلام بەهۆی ئەوەی کە ڕوی هەر ڕوداوێك لە کەسێك یان چەند کەسێکە، ناکرێ ناویان نەهێنم و ئەگەر ناویشت هێنان ڕەنگە پێیان وابێ بوختانیان پێ کراوە، کورد گوتەنی کەس بە دوی خۆی نالێ ترشە. هیوادارم مێژوو نووسانی بوێرو نەترس ڕووداوەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان بە وردی باس بکەن و هەڵیان سەنگێنن و بیان خەنە بەر تیشکی ڕوناکی و وەك خۆیان لە مێژوودا تۆماریان بکەن و زیندوەکان بە قوربانی مردووەکان نەکەن و ئەوەی بە قازانجی میللەتی کوردە پەردەیان لەسەر وەلادەن و بیانخەنە ڕوو، با هەڵەکان ببنە ئەزموون بۆ نەوەی دواڕۆژی گەلەکەمان. ئێمەی کورد کە بە درێژایی نزیك بەیەك سەدە ژێر دەستی چوار داگیرکەرو سێ نەتەوەی دەسەلاتداری فارس و تورك و عەرەبین و ولاتەکەمان لەنێوان ئەو دەوڵەتە زۆردارانەدا بەش بەش کراوە، بوینە قوربانی پەیمانی شوومی لۆزان و فیدای بەرژەوەندی وولاتە زل هێزەکانی دونیا بووین تەنانەت زمانی زگماکی خۆشمان لێ قەدەغە کراوە، جارێك لە جاران نەمان توانیوە ریزەکانی خۆمان بکەینە یەك و ئامانجە ستراتیژیەکانی نەتەوەکەمان لە چوارچێوەی دروشمێکی یەکگرتوودا کۆبکەینەوە و بیکەینە بناغەی خەبات و تێکۆشانمان، وەك نەتەوەیەك خۆمان بە دونیا بناسێنین و پێناسەی نەتەوایەتیمان نیشان بدەین و کەسایەتی خۆمان بپارێزین. هەر بەو پێیەش مێژوویەکی ئالۆزو پڕ لە کارەساتی دڵتەزێن و داخدارمان هەیە کە چارەنووسی گەلەکەمانی لە ئاسۆیەکی نادیاردا هێشتۆتەوە. بەو هیوایە کە بە هیمەت و لەخۆبوردوویی ڕوناکبیر و شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی گەلی کورد وەرچەرخانێك لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا پێك بێت، کە ئاوات و ئامانجی شەهیدەکانمان بێنێتە دی و مێژوونوسانیش بوێرانە ڕووداو و گۆرانکاریەکانی ناو حیزب و بزووتنەوەکانی کوردستان لە مێژوودا تۆمار بکەن. ئەوەی ڕاستی بێت نیازم نەبوو باسی خەبات و تێکۆشانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەم بەلام بۆ منێك کە زیاتر لە (٢٥)ساڵ ژیانی دەربەدەری و سیاسی و پێشمەرگایەتیم لە کوردستانی ژێر دەستی دەوڵەتی عیراقدا بردۆتە سەرو بە کردەوەش لە ڕیزەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی ئەو بەشەدا زیاتر لە هەشت ساڵ لە شۆڕشی ئەیلولدا ئەرکی نیشتمانی خۆم بە جێ گەیاندووە و نزیکایەتی و پەیوەندیشم لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان بە تایبەتی یەکێتی و پارتی و

ڕێکخراوەکانی تری کوردستان هەبوەو شاهیدی زۆر ڕووداوی دڵ تەزێن و داخدارم و سەرکەوتن و تێکشکانەکانی ئەو بزوتنەوەم بە چاوی خۆم بینیوە، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو پەیوەندییە مێژوویەی کە وەك یەك نەتەوە لە دوو بەشی کوردستاندا پێکەوە هەمانەو کە زۆر جار خەباتی سیاسی و چەکداریمان لێك گرێ داوەو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەو بەشەدا شان بە شانی هێزە شۆڕشگێڕەکان تێکۆشاون، ئەوانیش هەر بەو شێوە بەشداریان لە شۆڕشی ڕۆژهەلاتدا کردووە، هەر بۆیە ناتوانم لەباس کردنی ڕووداوەکانی خۆم ببوێرم و دوورە پەرێز بمێنمەوە، جا لەبەر ئەوە مەجبوورم لە هەر شوێنێك یا لە هەر قۆناغێکدا، هەر مەسەلەیەك کە پەیوەندی هەبێ بە خەبات و تێکۆشانی تێکۆشەرانی حیزبەکەمان بەتایبەتی و بە گشتی ڕووداوە گرنگەکانی ناو جولانەوەی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازی خەلکی کوردستان چ ئەوانەی بە قازانجی خەلکی کوردستان بوون و چ ئەوانەی بە زیانی گەلی کورد هاتوونەتە پێش، هەولدەدەم وەك خۆیان بگێڕمەوە. ناشمەوێ بە پشتیوانی هیچ کام لە هێزە شۆڕشگێڕەکان و کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستان گۆڕانکاری و ڕوداوەکان باس بکەم و پشتیوانی لە هەلویستە نادروستەکانی ڕێبەرانی جولانەوەکان بکەم و یان بەسەریاندا باز بدەم و هەلەکانیان بۆ پینەو پەڕۆ بکەم، بە ناهەق کەسیش ناکەمە پالەوانی مەیدانەکەو کەسیش بە ناهەق تاوانبار ناکەم، چونکە ڕاپەڕینەکانی کوردستان دوو لاپەرەیان هەبووە، لاپەڕەیەکیان بە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی و لەخۆبردوویی بەشێك لە ڕێبەرانی کورد پڕکراوەتەوەو لاپەڕەکەی تریشیان بەخۆ بەدەستەوە دان و خۆبەستنەوە بە سیاسەتی داگیرکەران و لادان لەڕێبازی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەو سەرەنجام بەخیانەت پڕکراوەتەوە و بەسەر ڕێبەرانی حیزبەکاندا شکاوەتەوە، هەر بۆیەش باسکردنیان پێویستیەکی مێژووییە نەك بۆ شکاندن و بێ حورمەتی پێکردنیان.

# قۆناغی یەکەم

## گۆڕانکاریە سیاسیەکانی دنیا و کۆماری کوردستان

لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهان دا دەوڵەتە زل هێزەکان، وەك ئەمریکاو شۆرەوی و ئینگلیستان هێزەکانی خۆیان لە باشورو باکوری ئێرانداجێگیر کردو بەشێك لە خاکی ئێرانیان داگیرکرد. دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێرانیش تەسلیم بە ئیرادەی ئەوان بوو، بەهۆی ئەو ڕوداو ئاڵوگۆڕانە ساڵی ١٩٤٦کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد دا بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد دامەزرا. بەهۆی ئەوە کە زۆر لەمێژوونووسان باسی چۆنیەتی دامەزران و ڕوخانی کۆماریان کردوە من لەو باسە خۆم دەبوێرم و لە هەر شوێنێك کە پێویست نەبێ باسی لێوە ناکەم و تەنیا بیرەوەریەکانی خۆم دەنووسم و دەگێڕمەوە.

بەدروست بوونی کۆماری کوردستان مەلا مستەفای بارزانی کە یەکێك لەفەرماندە بەناوبانگ و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عیراق بووە دێتە نێو کۆماری کوردستان و ئەرکی نەتەوەیی و شۆڕشگێری خۆی لە دەوڵەتی کۆماری کوردستاندا وەك سەرکردەیەکی لێهاتوو بەجێ دەگەیەنێ و بەیەکێك لە گەورەترین فەرماندە نیزامیەکانی پێشمەرگەی کوردستان دیاری دەکرێت. بەدوای ڕوخانی کۆماردا ناوبراو کە دەیەوێت بەخۆی و ئەو هێزەی لەگەڵیدا دەبێت بچێتە وڵاتی شۆرەوی، بە گوێرەی قسەی کەسانێك کە لە کۆماردا بەشدار بوون دەگێڕنەوە کە بارزانی داوای لە پێشەوا کردووە کە خۆی تەسلیم بە ڕژێمی شا نەکاو لەگەڵ ناوبراو بچێتە وولاتی سۆڤیەت، پێشەوا لە وەڵامدا بە بارزانی دەڵێ:" من دەمهەوێ خۆم فیدای کوردستان بکەم و بە کوشتنی من ئەو ڕق و قینەی دوژمنان دابمرکێتەوە" هەر بۆیەش ئاڵای کوردستان بە بارزانی دەسپێرێ. دواتر کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی دەست پێ کرد لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشدا، بارزانی وەك ڕێبەری گشتی جولانەوەی گەلی کورد هاتە ناسین، بەلام ناوبراو دوایی کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران دامەزراند، بەگرتنی ئەندامانی حیزبی دیموکرات و کوشتنیان و دانەوەیان بە ڕژێمی شا نەیتوانی وەك پێویست هەڵگری ئەو ئامانەتە بێت کە پێشەوا قازی مەحەمەد پێی سپاردبوو نە لە بەرامبەر ئەو

بڕیارەی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتیشدا خۆی بە بەرپرس زانی، بارزانی بەژێرپێنانی ئەو دوو دیاردە نەتەوەیی و مێژووییانە. وردە وردە لە خۆشەویستی و گەورەیی خۆی لە نێو کۆمەلانی خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کەم دەکردەوەو نەیتوانی ئەو رسالەتە بەجێ بگەیەنی. بەلام بەم کەموکوریانەیەوە ناوبراو وەك گەورەترین ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە لایەن دۆست و دوژمنانەوە هاتۆتە ناسین و ئۆتۆنۆمیشی بۆ کوردان بە دەولەتی عیراق سەلماند.

## دەورانی مندالی و گێرانەوەی چەند ڕوداوێك لە زمان باوکم.

هەر لە سەرەتای ژیانی منالیم و تا ئیستاش کە ئەو دیوانە دەنووسم لە ژیانی دەربەدەری و ئاوارەیی و دوورە وولاتی و زیندان و پیشمەرگایەتیدا ژیانم بردۆتە سەر و تەنانەت نەمتوانیوە تەنیا سالیکیش لە شوینی لەدایك بوونم بچمە قوتابخانە و وەك هەموو منالیك ژیانی ئاساییم هەبیت. دوای ڕوداوەکانی خەرمانانی ١٩٤١ بۆ بەدبەختی هەر لەسەرەتای سالەکانی (١٩٤٢-١٩٤٣)بەهۆی هاتنەوەی بنکەو بارەگاکانی ڕژیمی ڕەزاشاو جیگیربوونی ژاندارم لە شاری سەردەشت و پەیوەندی گرتنی ئاغاکانی میراودەلی لە کوردستانی عیراقەوە بەو ڕژیمە، بە مەبەستی دەست بەسەر داگرتنی ناوچەی سەردەشت بە پشتیوانی لیکردنی ڕژیمی ڕەزاشا،جیگاو شوینی ژیانمان پی لەق دەکری و ئاوارەی هەندەران دەبین. بەشیك لە دەرەبەگەکانی پشدەر توانیان تا ماوەیەك بەشیك لە گوندەکان داگیربکەن و بە بەهانەی کرینی چەند زەوییەك دەسەلاتی خۆیان بۆ ماوەیەك بەسەر خەلکی زەحمەتکیشی ئەو ناوچانەدا بسەپینن. کە تا ئیستاش چەند بنەمالەیەك لە عەشیرەتی میراودەلی لە ناوچەی ئالانی سەردەشت ماونەوە، بەلام ئەو دەسەلاتەیان نەماوە کە پیشتر لەزەمانی بنەمالەی پەهلەویدا هەیان بووە. بەو هۆیەوە باوکم لەگەل چەند بنەمالەیەکدا کە بەربەرەکانی لەگەل دەسەلاتی ڕژیمی ڕەزا شاو خۆسەپاندنی ئاغا میراودەلیەکان دەکەن، ئاوارەی ناوچەی مەهاباد دەبن و لە هەر دییە چەند بنەمالەیەك جیگیر دەکرین. بنەمالەی ئیمە لە گوندی بەیرەم نزیك شاری مەهاباد کە ئەو کات لە دەستی کاکە سواری ئەحمەدی گولاو یاغادا دەبی و ناوبراویش لە دژی ڕژیمی ڕەزاشا دەبی و لەگەل عەجەمە تورکەکانیش کیشەیان دەبیت، لەوی دەمینینەوە. کاکە سوار پیاویکی نیشتمان

پەروەر بووە و هەمیشە لەگەل عەجەمان لە شەر و تیک هەلچووندا بووە، تەنانەت کە لە شەری هەورازە بریندار بووە باوکم وەك کۆلکە دکتۆریکی کوردان چاکی کردۆتەوە، بەو هۆیەوە زۆری یارمەتی بە بنەمالەی ئیمە کردووە تەنانەت گوندی بەرەجۆ کە ملکی خۆی بووە بە باوکمی سپاردووە، ئیستا ئەو بنەمالەیە لە گوندەکانی بەیرەم و بەرەجۆ نەماون و بەهۆی دەسەلاتی رژیمی پاشایەتی ئەو گوندانە کەوتوونەتە دەستی عەجەمە تورکەکان. بنەمالەی کاکە سوار کە دوو کوریان بە ناوی حەمەدەمین و بایز هەبوو، دواتر لە گوندی بیهەنگوینی مەنگورایەتی دەژین، ئیمەش دوای دوو سال گەراینەوە مەلبەندی سەردەشت و گوندی خۆمان بیورانی خواری و ئاغاکانیش نەیانتوانی دەست بەسەر مال و ملکی خەلك دا بگرن، تەنها لە چەند گوندیك ئەو کارەیان کرد، ئەویش لەبەر هەژاری و فەقیری و بی دەسەلاتی خەلکی گوندەکان و دانیشتوانی مەلبەندی سەردەشت بوو کە دیفاعیان لەخۆیان نەدەکرد. خەلکی مەلبەندی سەردەشت دوو جار چەوساوەتەوە، بیجگە لە زولم و زۆری رژیمی شا، ئاغا میراو دەلیەکانیش جار جار کە دەرفەتیان دینا لە دەسەلاتی عەجەمان کەلکیان وەردەگرت و دەسەلاتی خۆیان بەسەر زەحمەتکیشانی ناوچەی سەردەشتدا دەسەپاند جا چەندی بۆیان دەلوا دریخیان نەدەکردو چاوی تەماحیان بریبووە خەلکی ئەو ناوچەیە. دوای گەرانەوەمان بۆ سەر جیگاو شوینی خۆمان، سالیك زیاتر تیپەری نەکرد دیسان بەهۆی فشاری رژیمی پاشایەتیدا باوکم(رۆستەم موحەمەد پوور) لەگەل مام شیخ عەبدولا و چەند کەسیکی تر لە خزمان لە ناوەراستی سالی (١٩٤٣)ریگای شاخیان هەلبژاردو لە دەولەت هەلگەرانەوە و ملیان بۆ ویستەکانی رژیم رانەکیشا کە دەیهەویست پاسگا لە گوندەکانی دەوروبەری شاری سەردەشت دابمەزرینی هەروەها بەرنامەی سەربازگرتن لەسەر خەلکی ئەو مەلبەندە بەریوەبەرن. ئەوان تا نزیك بە یەك دوو سال توانیان لە گوندەکانی سویسنایەتی خۆیان رابگرن و لەهەر گوندو ناوچەیەك کە رژیم دەیەویست پاسگای لی دامەزرینی خەلکیان لی هاندەدان و هیرشیان دەکردە سەر ژاندارمەکان و تیك هەلچوونی چەکدارانە رووی دەدا، کە سەرەنجام لەو تیك هەلچوون و شەرانەدا (٢)کەس کە یەکیکیان مامم بە ناوی ئەحمەد مەحەمەد پور و ئەوی تر ئامۆزای باوکم بە ناوی برایم هەمزەیی شەهید دەبن. لەو شەرانەشدا زیاتر لە (٢٠)ژاندارم دەکوژرین و دەسکەوتیکی زۆر دەکەویتە

دەستی هێزە چەکدارە کوردەکان. دواتر کە دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماریان دەباتە سەر ناچار دەبن دەچنە کوردستانی گەرمین لە لای هەباس ئاغای مەحمود ئاغا کە یەکێکە لەو کەسانەی لەشەر لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لە دەربەندی ڕانییە بە پشتیوانی شۆڕشی شێخ مەحمود چەندین داستانی قارەمانانەی خلقاندبوو دەمێنیتەوە. پێشتر باوکم و شێخ عەبدولا پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی شێخ مەحمود داو بە ناوی (عەریبەکانی ئێران) ناوێر دەکرێن. لەولاشەوە عەجەم مەیدانیان بۆ بەتاڵ دەبێت و بە ڕەوشێکی زۆر خەراپ و دوژمنکارانەوە دژی کوردەکان دەجولێنەوە، لەو سەردەمەشدا ڕژێم دەیزانی کە مەیدانەکە ئاوەڵەیە بۆ یەکەم جار پاسگای ژاندارمە لەچەند گوندێك دادەمەزرێنی کە گوندی بێورانی خواریش یەکێك لەو گوندانە دەبێت کە پاسگای ژاندەرمی لێ دادەمەزرێنن. چەند کەسێکیش لەو گوندانە بەسەرباز دەگرن، لەو نێوەدا کەسێك بەناوی خدرە گلینە کە هەر خزمی خۆمان دەبێت بۆ جاسوسی کردن بەسەر خەڵکەکەوە هاتوچۆی پاسگاو لای عەجەمان دەکات و وەك خەفییە بەسەریانەوە دەبێت، چەند جارێك لە لایەن باوکم و مام شێخ عەولاوە ئاگادار دەکرێت کە ئەو کارانە نەکات بەڵام گوێ بە قسەی ئەوان ناداو بەهێندیان ناگرێ، تا سەرەنجام یەکێك لە خزمانی خۆمان بە ناوی ئەحمەد عەزیز ئێوارەیەك خۆی لەگەڵ ڕێکدەخاو لە گەڵی دەچێتە پاسگا. ئەحمەد بە تەواوی بۆی دەردەکەوی ئەوا خدرە گلینیە خەریکی جاسوسی کردنە بەسەر خەڵکی خۆمانەوە. هەر لە گەڕانەوەدا بۆ ماڵی خۆیان لە کۆڵانێکدا بە خەنجەر خدر دەکوژێت و خۆی دەگەیەنێتە لای مام ڕۆستەم و مام شێخ عەولا، ئیتر لەو کات بەدواوە کەس نەیدەوێرا بە ئاشکرا جاسوسی بۆ ڕژێم بکات و خەڵك توشی زیندان و دەربەدەری بکا. کوشتنی خدر گلینە بۆ خەڵك بوو بە عیبرەت، جاسوسی و دووزمانی بەسەر خەڵکەوە نەدەکرا، لەو ماوەیەشدا مام شێخ عەولاو مام ڕۆستەم کەچەند کەسێکیان لەگەڵدا دەبن زۆر جار دەگەڕانەوە ناو خەڵك و لە مەڵبەندی سەردەشت دەیانهەویست هێزێك پێك بێنن کە لانی کەم بتوانن بەرگری لە دانانی پاسگاکان بکەن لە گوندەکاندا، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوون هەتا لە ساڵی ١٩٤٥دا بەهۆی شەڕی دووەمی جیهانی کە هاوپەیمانانی ئەمریکا و شورەوی پەلاماری ئێران دەدەن و ئەرتەشی سوری سۆڤیەت لە باکورو ئینگلیزەکان لە باشوری ئێرانەوە هێرش دەکەنە سەر

ڕژێمی شاو ئێران داگیر دەکەن و دوایش کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، ئەوانیش دەگەڕێنەوە کوردستان و لەگەڵ تاقمێك لە خەڵکی مەڵبەندی سەردەشت دەبنە پێشمەرگەی دیموکرات و چەکی پێشمەرگایەتی لەشان دەکەن. لەو کاتەشدا هێندێك لە قولە ئاغاو کوێخاکانی ناوچەی سەردەشت وەك مام حەسەنی بێزیلی حەمەی قادرئاغای مەلا شێخ بە دژی خەلك و کۆماری کوردستان چەکی جاشایەتی هەڵدەگرن و بە کردەوە دەبنە چاو ساغی هێزەکانی داگیرکەر لە شەر دژی پێشمەرگەدا. کۆماری کوردستان بەهۆی پەیوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر وە تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمارە، وەك کۆماری دیموکراتیکی کوردستان نێودێر کرا، دواتر بەهۆی پێك هاتن و رێکەوتنی زلهێزەکان و قەرارو مەدار لەگەڵ رژێمی شاهەنشاهی و سەفەری پیشەوا بۆ سۆڤیەت، ناوی کۆماری کوردستان کرا بە کۆماری خودموختاری کوردستان، لەو کاتەشدا فەرماندەی پێشمەرگە لە ناوچەی سەردەشت ماوەیەك زیرۆ بەگ دیاری کرابوو، دواتریش مەلا مستەفای بارزانی وەك یەکێك لە فەرماندە گەورەکانی کۆماری کوردستان دەوری چالاکانەی دەبێ. بە دروست بوونی کۆمار و حیزبی دیموکرات خەلکی کوردستان هیواو ئومێدی گەورەیان بۆ پەیدابیوو لە هەموو لایەکیشەوە خەلك بەرەو شاری مەهاباد دەچوون و دەبوونە پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا ئێمەش وەك بنەماڵە هەناسەیەکمان هاتەوە بەر و بە هاتنەوەی باوکم ژیانەکەمان ئال و گۆڕێکی بەسەردا هاتوو بۆ ماوەیەك بوژاینەوە. بەلام بەداخەوە تەمەنی کۆمار زۆر کورت بوو، بە لەناوچوونی کۆمار خەڵکی کوردستان بە تەواوی تەزیەبار بوون و جارێکی دیکەش گەلی کورد کەوتەوە بن دەسەلاتی ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران. دوای روخانی کۆمار جارێکی دیکەش لە ساڵی (١٩٤٦)هەتا ناوەراستی ساڵی (١٩٤٨) ئاوارەی شاخ و دۆڵ و چیاکانی کوردستان بووینەوە، دەستەیەك لە پێشمەرگەو چەکدارانی سەر بە کۆمار کە ژمارەی بنەماڵەکان (٢٠)و ژمارەی چەکدارەکانیش نزیك بە(٨٠)کەس دەبوون، لەسەر سنوری دوو بەشی باشوورو رۆژهەلاتی کوردستان و گوندەکانی نزیك سنوری هاوبەش ژیانمان تێپەر دەکرد. ژیانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەش بەهۆی وەرگرتنی گومرگ لە سنور، شەکە زەکات لە خەلکی مەلبەندی سەردەشتەوە بەهۆی یارمەتی ئەو خەلکە دابین دەکراو بەرێوە دەچوو. لەو ماوەیەدا عەجەم و جاشەکان بۆیان نەبوو لە شارو

گوندەکانی دەوروبەری شار دەرکەون، تەنانەت جاشەکان نەیان دەویرا لە گوندەکانی بیزیلەو مەلا شیخ و دەوروبەری خۆیان دوور بکەونەوە و شەوانە بمیننەوە. رژێمیش نەیدەویست ئەو مەسەلەیە گەورە بکاتەوە، لە هێرش کردن و شەرکردن لەگەڵ ئەو هێزە کە پاشماوەی کۆمار بوون بەتەواوی لە تێکهەڵچوون خۆیان دەبوارد. رژێم ترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر شەر بکات لەگەڵیاندا رەنگە مەسەلەکە گەورە ببێتەوە و دیسان سەرهەڵدان و شۆرش دەست پێ بکاتەوە، سەرەنجام رژێم کەوتە پیلان دارشتن و لە ریگای بەناو ووتوویژەوە توانی بۆ ماوەیەك وەزعەکە رابگری، هەتا هەست و خوستی پاشماوەی کۆمار تەواو دەبی و جۆش و خرۆشی خەلك دادەمرکێتەوە، بەم شێوەیە ریککەوتن لە نێوان رژێم و ئەو دەستە چەکدارەدا کرا، کە ئەو کۆمەلە چەکدارە بۆ پاریزگاری سنور واتە پاسەوانی لە سنور و وەرگرتنی گومرگ و مالیات دیاری کران و عەجەم هەقی دەست تێوەردانیان لە کاروباری هاتووچۆی خەلك بۆ کوردستانی گەرمین و گومرگ وەرگرتن و تەنانەت کیشە کۆمەلایەتیەکانی گوندەکانی نزیك سنوردا نەبوو، ئەو وەزعە بۆ ماوەی یەك سال و نیو بەردەوام بوو، هەتا لە ریکەوتی ٥-١-١٩٤٨دا لە موچەی دوکانان پشتی بیورانی خواری ئەو چەکدارە کوردانە لە گەل مەئموورانی دەولەت بەناوی میوانداری و وتوویژکردن دوو ئەفسەری سەر بە رژێمی شا بەناوەکانی سەروان (سیمتانی) و سەروان (مستوفی) کە هەردووکیان کورد بوون، کۆدەبنەوەو فریوی پلانی ئەوان دەخۆن و لە سەر هێندیك خال پێکدین. بە فیل بەرپرسانی ئەو تاقمە چەکدارە کەباوکم، کویخا حوسین محمود نژادو مام شیخ عبدوللا دەبن، بەناوی دەعوەت باوکم (رۆستەم محمد پوور) و کویخا حوسین لەگەل خۆیان دەبەنە شاری سەردەشت و لە وی لە جیاتی دەعوەت و ریز لیگرتن دەیان خەنە زیندان و بە دیلی رەوانەی شاری مهابات دەکرین و بۆ ماوەی دووسال واتە هەتا سالی (١٩٥٠) لە زیندانی ژاندرمەی مهابات دەمیننەوە. چەکدارەکانی تریش بەشیکیان خۆیان تەسلیم بە رژێم دەکەنەوە، مام وەتمان بۆ ئەوەی بەزیندویی نەکەویتە بەردەستی عەجەمان خۆی دەکوژیت. مام شیخ عەولاش بەچەند کەسیکەوە ئاوارە دەبن و دەچنە باشوری کوردستان تا سەرەنجام لە سالی(١٩٥٧)دا ناوبراو لەگەل کەسیك بەناوی مەحەمەد دەرویش مەحمود لە گوندی هیرۆی باشوری کوردستان لەلایەن پۆلیسی دەولەتی عیراقەوە

لەسەردەمی دەولەتی مەلیکیدا لە مالی ئەحمەد زیرین بە پیلانی خۆفرۆشان دەستگیر دەکرین، دەست بەستە تەحویل بە ڕژیمی ئیران دەدرینەوە و لە زیندانی دەریادا لە شاری ورمی تا هەشت سال دەمیننەوە، بەم شیوەیە کۆتایی بە ئەو دەورانەش دیت. لەو ماوەیەدا من خەریکی دەرس خویندن بووم، بەداخەوە لە دیی ئیمەش مەدرەسە نەبوو ڕژیم دوژمنایەتی خۆی لەو بارەشەوە لەگەل تایفەی ئیمە و خەلکی بیورانی خواری نیشاندەدا، گوندیک کە زیاتر (٢٠٠)مال دەبوو ماف ئەوەی نەبوو کە قوتابخانەی هەبیت، بەم شیوەیە نزیك بە پینج، شەش سال هاتووچۆی بیورانی سەریم دەکردو دەچوومە خویندنگە، خویندنی سەرەتاییم لەوی تەواو کردو زۆر جار لە مالی مامۆستاکەم بە ناوی عبدولخالق دەمامەوە. ناوبراو پیاویکی نیشتمان پەروەر بوو زۆری زەحمەت لەگەل قوتابیەکان دەکیشاو لە شاری سەردەشت کە چوومە قۆناغی ناوەندی هەر لە مالی ناوبراو لە سەردەشت دەمامەوە. ئەو مامۆستایانەی لە دەبیرستان دەرسیان پی دەگوتم بە ئاغای ڕەزا زادەو ئاغای عەبدالی ناوبانگیان هەبوو، سوپاسی هەموو لایەکیان دەکەم کە زۆریان زەحمەت لەگەل کیشام بەتایبەتی ئاغای نەدیمی و بنەمالەکەی دایە فاتم کە وەك کوریکی خۆی حیسابی بۆ دەکردم و پیمەوە ماندوو بوو، قەت چاکەو پیاوەتی ئەو بنەمالەیە لەبیر ناکەم، کەماوەی هەشت سال نیوەی ژیانی مندالی و دەورانی خویندنم لە مالی ئەوان بردۆتە سەر.

ئەو باسە بەجی دیلم و دەچمەوە سەر دەنگ و باسی مام ڕۆستەم و کویخا حوسین محمود نژاد لە بەندیخانەی ژاندرمەری، یا شارەبانی مەهاباد. ناوبراوان دوو سال لە زیندانی ڕژیم دا ماونەوەو دوای تەواوکردنی حوکمی زیندان لە (٢٠-٥-١٩٥٠)دا بە تەواوکردنی حوکمەکەیان لە زیندان دینە دەرو ئازاد دەبن. ئۆخەی جاریکی دیکەش بەخیوکەر و سەرپەرشتی بنەمالەکەمان کە باوکم بوو هاتەوە لامان و هەموو لایەکمان دلخۆش بووین و خەلکی مەلبەندی سەردەشت بەشی سویسنایەتی و گەورکایەتی دەستە دەستەو کۆمەل کۆمەل بۆ بەخیرهاتنەوەی باوکم و کویخا حوسین رویان دەکردە گوندی ئیمەو پیخۆشحالی خۆیان لە ئازادبوونیان دەردەبری. ئەو هەستەی خەلك پشتیوانی کردن لە خەبات و تیکۆشانی ئەوان بوو. هەر لەو سەردان و دیدارانەدا ئاگام لی بوو باوکم قورئانیکی لەناو چەند بەرگی پەڕۆدا

لە تەنیشت خۆی دانابوو، لە هەر کەسێکی رادیبایە پێی دەگوت وەرە ببە بە ئەندامی حیزبی دیموکرات و بەو قورئانە سوێندی دەدان کە هیچ کات خیانەت بە حیزب و میللەت نەکەن. دواتر کابرایەکی یەك چاومان لێ پەیدا بوو لەگەڵ باوکم و کوێخا ئۆمەر و ڕیشسپی و پیاوە بەناوبانگەکانی مەلبەندی سەردەشت دەستیان بە سرت و خورت کرد و باسی کۆمار و کوردایەتی و حیزبایەتیان دەکرد، دوایی دەرکەوت کە ئەو کابرا کوێرە مەلا باقی ناوبوو خەلکی ناوچەی سنە بوو کە لە دەورانی کۆماردا هاتۆتە مەلبەندی سەردەشت و لە گوندی وشترمل نزیك بە شاری سەردەشت ماوەتەوە، کاروباری حیزبایەتی دەکرد. ناوبراو وەك بەرپرسی ناوچەی سەردەشت لە لایەن کۆمیتەی کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دیاری کرابوو و تێکۆشەرێکی بەناوبانگی حیزب بوو. دوایی لە شۆرشی ئەیلولدا بەهۆی نەخۆشی مالئاوایی لە گەلەکەی کرد.

تا نزیك بە حەوت ساڵ ژیانەکەمان بەو ڕەواڵە بەردەوام بوو، باوکم زۆر جار پێی دەگووتم رۆڵە نابی بلییت شوێنم کوێر بێتەوە و میراتم بۆ خەلك بێت. ئەمنیش پێم وابوو مەبەستی باوکم ئەوەبوو کە ئەو ملك و باغەی هەیەتی بۆ منی بەجێ دیلی و بە میرات بۆم دەگەرێتەوە و دەبی سەرپەرشتی باشی لێ بکەم و پێی رابگەم و نەیەلم کوێر بێتەوە!؟ نەخێر دیتم مەبەستی باوکم شتێکی دیکە بوو، ئەویش کوردایەتی، حیزبایەتی و شاخ و زیندان بوو کە وەك خەت و ڕێباز نیشانی منی داو بە میرات بۆ منی بەجێ هێشت. منیش ئامۆژگاریەکانی ئەوم لە گوێ گرتن و بەهەمان ڕێبازدا رۆیشتم تا لە ساڵی ١٣٣٥ دا بەهۆی باوکم و مەلا باقی ئەو شانازیەم پێدراو هاتمە ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەستم کرد بە خەبات و تێکۆشان. لەو رۆژە بە دواوە چەندین دەورانی سەخت و پڕ لە کوێرەوەری و زیندان و دەربەدەری، نەبوونی و برسیایەتیم بریوە، لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتی سەختی و دشواری حزبی دیموکراتی کوردستاندا ئەرکی نیشتمانی خۆم بە هەر کەم و کوڕیکی کە بووبێتم بەجێ گەیاندووە. هەر لە سەرەتای هاتنم بۆ ناو ریزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان بەهۆی هەل و مەرجی پێویست، وەك هاوکاری کادر دیاری کرام و لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی حزبدا کە لە مەلبەندی سەردەشت دەگێران بەشدار بووم، تەنانەت ئەگەر کادرەکان یان بەرپرسانی حزب لە مەهاباد و شوێنەکانی دیکەوە

دەهاتن جگە لەوەی لەگەلیان کۆدەبوومەوە تا دەگەیشتنە کوردستانی گەرمینیش رینوینی و هاوکاریم دەکردن. ئەوانەی ناوەکانم لە بیر ماون ئەو کەسانە بوون بەریزان: مستەفای سولتانیان، جەلیل گادانی، هاشم حسین زادە، ئەحمەد تۆفیق، هاشمم ئەقەالتلاب، سمایلی قاسملو، بەحر علوم، ئەسعەد خودایاری و چەند کەسیکی دیکەش هاتوچۆیان دەکردین کە ناوەکانم لەیاد نەماون. هاوکارەکانم ئەو کات لە مەلبەندی سەردەشت حمەی حاجی سەعید، عەبدولا شافعی، یوسف سنەیی، غەفور ئیبراهیمی، حسینی سەید زادە، سمایلی ئیسماعیل زادە، خالق شافعی، حەمەدەمین حەسەن پوور، مەلا خدری ساردکە، حەسەنی حەسەن نژاد، کویخا ئەمەر قەلەرەشی، باوکم (رۆستەم محمد پوور)و مەلا باقی بوون. سەید تاهیر و شیخ مەحەمەدیش لە ناوچەی رەبەت و گەورکایەتی. هەر یەکیك لەو کەسانە بەرپرسایەتیان هەبوو لە ناوچەکانی سەر بە شارستانی سەردەشتدا و شانە و ریکخستنەکانیان بەریوە دەبرد. لەهەر گوندیکدا چەند شانەو هەستەی حیزبی تیدا دامەزرابوون کە بەرپرسی راستەوخۆیان هەبوو. لەو کاتەدا حزبی دیموکرات لە نفوزی کویخا ئەمەر، کویخا حوسینی قولەسویرو، رۆستەم مەحەمەد پوور، کویخا عەولای ئەسپەمیزە،کویخا عەولای سورە چۆم، حاجی عەلی هاوارسیمان، عەلی برایمەسور و حاجی حەسەنی میرشیخی حەیدەر بۆ زیندووکردنەوەی حزب کەلکی وەردەگرت. ئەوانە کەسانیك بوون لە مەلبەندی سەردەشت ناسراوبوون و جیگای موتمانەی خەلکی ئەو مەلبەندەو حیزب بوون.

# قۆناغی دووهەم

چاوپێداخشـاندنێک بـە کـارو تێکۆشـانی کۆمیتـەی کـاتی حـیزب لـە ساڵەکانی(١٩٤٧-١٩٥٩). هەڵسەنگاندنێک لەسەر کۆنگرەی یەکەمی ئەو حیزبە و زیندومانەوەی حیزبی دیموکرات، درێژەدان بە خەبات و ئاماژەیەک بە چۆنیەتی رووداوەکانی ئەو سەردەمە.

ڕاستە سەبارەت بە دروست بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێکهێنانی کۆماری کوردستان و ڕوخانی ئەو کۆمارە، زۆر نووسەر و ئەدیب و مێژوونووس بە شێوەی جۆراو جۆر بابەتەکانیان نوسیوەو باسیان لەسەر کردون و پێویست بە پێداچوونەوە ناکات، چونکە ئەوەی بینووسم و بیڵێم گێرانەوەیە و لە زمان فلان و فیسارەوەیە، بەڵام ئەوەی بۆ من و، ئەندامانی حیزب و ڕەنگە بۆ بەشێک لە خەڵکی کوردستانیش زۆر گرینگ بێت، گرتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزبە. چونکە دروست بوونی حیزبی دیموکرات و پێکهاتنی کۆمار و ڕوخانی کۆمارەکە زۆر باس کراوە. ئەوەی ڕاست بێت تا ئێستاش وەک پێویست روون نەکراوەتەوە کە کۆنگرەی یەکەمی حیزب لە چ ڕۆژێک و بە چ شێوەیەک گیراوە. بەپێی سەرچاوەکان لەسەر کۆنگرەی یەکەم بۆچوونی جیاواز هەیە، هێندێک کەس ئەو کۆبوونەوە ناو دەنێن کۆنگرەی یەکەم کە ناوی ژێکاف گۆڕاوەو بۆتە حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەشێکیش پێیان وایە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار لە لایەن پێشەوا قازیەوە لە مەیدانی چوارچرا، وەک کۆنگرەی یەکەمی حیزب دێتە ژماردن. هێندێک لەو کەسانەی کە دوای ڕوخانی کۆمار لە ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەزی ١٩٤٦دا بۆ زیندووکردنەوەی حزب خەباتیان کردووە و تێکۆشاون، کۆبوونەوەی دە پازدە کەسی خۆیان لە پایزی ١٩٤٦ دا بە کۆنگرەی یەکەمی حزب دادەنێن. بەڵام من پێم وایە و هەر دەبی واشبێت. لەبەرئەوەی کۆنگرە هێندێک دیاردەی تایبەت بە خۆی هەیە، وەک گۆڕانکاری لە حزبدا و دانی چەندین بڕیاری گرینگ کە ئالوگۆڕی سیاسی و ستراتیژی و تەشکیلاتی بەدواوە بێت، ئەویش تەنیا لەو قۆناغەدا کە حزبی دیموکرات خەباتی تێدا کردووە. لە گۆڕانی ناوی حزب لە ژێکافەوە بۆتە حزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٦دا، بە پێی بەرنامەو پێڕەوی هەر حزبێک و بە پێی ئسولی

تەشکیلاتی، هەر ئەو رۆژە دەبیتە یەکەم کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان، چونکە ئەوە میژووی حزبیکەو گۆرانکاری تیدا پیك هاتووە، ناوی حزب لە ژیکافەوە بۆتە حزبی دیموکرات، بەم جۆرە کۆنگرەی یەکەم دیاری دەکریت.

هەروەك لە قۆناغی یەکەمدا باسم کردووە، لە سالی ١٩٥٦بەهۆی باوکم رۆستەم محەمەد پوور و مەلا باقی کە ئەودەم بەرپرسی یەکەمی حزب بوو لە مەلبەندی سەردەشت، هاتمە نیو ریزی حزبی دیموکراتی کوردستان و دەستم بە خەبات و تیکۆشان کردو لە باری تەشکیلاتی و تەبلیغایەتیەوە لەناو کۆمەلانی خەلکدا ئەرکی حزبیم بەجی گەیاند، تا سالی ١٣٣٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٥٨ی میلادی کە عەبدولکەریم قاسم لە عیراق شۆرشی کردو دام و دەزگاکانی رژیمی پاشایەتی لە عیراق رامالی و تیکیەوەپیچاو دەولەتیکی نیوە دیموکراتیك و نیشتمانی دامەزراند، حزبە سیاسیەکانی عیراق بە گشتی و حزبی شوعی و پارتی دیموکرات بە تایبەتی کارو تیکۆشانی خۆیان بەئاشکرا ئەنجام دەدا. گرینگی شۆرشی عیراق لەوەدا بوو هەر بە هاتنە سەرکارو دامەزراندنی حکومەت، یەکەم هەنگاوی پەیمانی بەغدا کە لە سالی ١٩٥٥دا لە نیوان داگیرکەرانی کوردستان و زلهیزەکانی خاوەن دەسەلاتدا دژی میللەتی کورد پیك هاتبوو، هەلوەشاندەوە. بەهەلوەشاندنەوەی ئەو پەیمانەو دابین کردنی هیندیك ئازادی و دیموکراسی بۆ خەلکی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، دەولەتی ئیران بەهاوکاری دەولەتی ئەمریکاو تورکیە کەوتنە پیلان دارشتن بۆ لەناوبردنی شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کە عەبدالکەریم قاسم ریبەری دەکرد. لەلایەن ئاغاو دەرەبەگەکانی کوردستانەوە بەنیوی شۆرشی کوردستان بەلام لە راستیدا دژی جوتیاران و زەحمەتکیشانی کوردستان، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ روخانی دەولەتی قاسم و گەرانەوەی دەسەلاتی رژیمی پاشایەتی یان رژیمیکی لە شیوەی ئەو رژیمە دابمەزرینن کە دژی ئازادی و دیموکراسی بی و لە هەمان کاتیشدا دوژمنی میللەتی کوردیش بیت شۆرشیك هاتە ئاراوە. بەم شیوەیە شۆرشیك بە نیوی شۆرشی کورد سەری هەلداو بەگژ دەولەتی قاسمیاندا کردو دەرەبەگەکان داوایان لە بارزانی کرد کە تازە لە شۆرەوی گەرابۆوە کە بەغدا بەجی بیلیت. لەوکاتەدا دەولەتی قاسم وەك ریبەری گەلی کورد حیسابی بۆ بارزانی دەکردو خەلکی کوردیش هەر وایان دەناسی. بەهۆی داوای دەرەبەگەکان و هیندیك کەسایەتی سیاسی، بارزانی بەغدای

بەجی هێشت و وەك ڕێبەری شۆڕشی کورد بوو بە پێشەنگ و ئالا هەڵگری خەباتی سیاسی و چەکداری خەڵکی کوردستان. بەهاتنی بارزانی بۆ کوردستان کۆمەڵانی خەڵك پۆل پۆل و دەستە دەستە بە ئاغاو کاسبکارو زەحمەتکێشەوە لە دەوری شۆڕش کۆبوونەوە و زەمینەی ڕوخانی دەوڵەتی قاسم کە بەرنامەی ئەمریکاو ئێران و تورکیە بوو پێکهات. لەلایەکی دیکەشەوە دیار نەبوو داخوا دەوڵەتی قاسمیش تا چ ڕادەیەك باوەری بە ماف چارەنوسی خەڵکی کوردستان هەیەو چی بۆ کوردان جی بەجی دەکات، بەلام دوایی دەرکەوت کە ئەویش هیچی بۆ کوردان پێنەبوو، هەر بۆیەش ئەو شۆڕشە لە چوارچێوەی عەشیرەتی هاتە دەرو سیستماتیك وەك شۆڕشێکی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی شکلی گرت چاك یان خراپ ڕەوتی شۆرشگێری خۆی گیرا. لەو کاتەشدا نووسەر وەك نیوە پەیوەندیەك لەلایەن حزبەوە بۆ پەیوەندی گرتن لەگەل پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شوعی عێراق لە سنوری سەردەشت بۆ قەلادزەو ڕانیە دیاری کرابووم. بەشێك لە بەرپرسان و کادرەکان کە هاتوچۆی باشوری کوردستانیان دەکرد لەگەلیان دەچووم و لە گەڕانەوەشدا پێشوازیم لی دەکردن و دەمگەیاندنەوە شوێنی کارو تێکۆشانی خۆیان. ئەو کەسانەی کە مەسئولی حزبەکان بوون لە قەلادزی دەبوو ئێمەش لەگەل وان پەیوەندیمان هەبی، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کاك عەولای مام ئەحمەدو عەلی مام ڕەزا، لەلایەن شیوعیەکانەوە کاك زاهیر ڕەسام ( زاهیری وەستا ڕەشید)بوون لەگەل ناوبراوان کۆدەبووینەوە و لەرێگای ئەوانەوە پەیوەندی بە پارتی و حزبی شیوعیەوە دەگیرا. لەراستیدا بەروخانی رژیمی پاشایەتی لە عیراق، حزبەکان تێکۆشانی خۆیان پەرە پێدەداو جوتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بوژابونەوە و بە ئاشکرا دژی دەرەبەگەکان کە خەڵکی کوردستانیان دەچەوساندەوە خەباتیان دەکردو دەوڵەتی قاسمیش پشتیوانی لی دەکردن، تەنانەت بەشێك لە ئاغاوات و دەرەبەگەکان لە دەستی جوتیاران لە کوردستان هەلاتن و پەنایان بردە بەر رژیمی شای ئێران و لەوی گیرسانەوە، کە لەلایەن رژیمەوە یارمەتی دران و بەگژ زەحمەتکێشانی کوردستانیاندا کردنەوە. شەری ئاغاو جوتیارانی باشور لە سالی ۱۹۵۹لە گوندەکانی دیلومیتکە یەکێك لە پیلانەکانی رژیمی شاو ساواك بوو بۆ یەکتر بەکوشتدانی رۆلەکانی کوردو دروست کردنی ناکۆکی لە نیوان جوتیاران و خاوەن

مولکاندا، لە لایەکی دیکەشەوە حزبی دیموکراتیش لەو کاتەدا گروتینیکی زیاتری پێدراو کادر و ئەندامانی حیزب کارو تێکۆشانی خۆیان زیاتر پەرە پێدەدا. دەتوانم بلێم تەشکیلاتی حزب بە شێوەیەك گەشەی کرد کە با ئاشکرا هەمووومان دەمانتوانی لە نێو کۆمەلانی خەلکدا تەبلیغات لە دژی ناعەدالەتی و زولم و زۆری ڕژیمی شا بکەین، کۆبوونەوەکانی حزبیمان بگرین و سیاسەتی حزب بەرینە ناو خەلك، ڕۆژنامەو نووسراوەکانی حزب بلاو بکەینەوەو بەلگەی یارمەتی بدەینە خەلك و یارمەتیان بۆ حزب لێوەرگرین. هەر لە سالی ١٩٤٦دا واتە دوای ڕوخانی کۆمار تا سالەکانی ١٩٥٨-١٩٥٩ و دواتریش ڕێبەری کاتی حزبی دیموکراتی کوردستان لەو کەسانە پێکهاتبوو کە لە کۆبوونەوەی چەند کەسیدا هەلبژێردرابوون. هیچکام لەو کەسانە لە کۆنفرانس و کۆنگرەی حزبیدا کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەلنەبژێردرابوون. بە پێی قسەی ئەو کەسانەی کە بۆ خۆیان لە کۆمیتەکەدا بوون بەشداران ئەو کەسانە بوون: ١- غەنی بلوریان ٢-عەزیزی یوسفی، ٣ سلیمانی موعینی (فایق) ٤- عەبدوللای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) ٥- هاشم ئەقەللی تولاب (قادر شەریف)٦- ئەسعەد خودایاری، ٧ -دکتۆر قاسملو، ڕەحمەتی شەریعەتی هەروەها دکتۆر عەلی مەولەوی وەك موشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکرین. بە پێی سەرچاوەکان و بۆ خۆشم لە نزیکەوە لەگەل زۆربەی ئەو کەسانە پەیوەندیم هەبووەو ئاشنا بووم، بۆیانگێراومەوە، دکتۆر قاسملو لەو ماوەیەدا بە ڕەسمی ئەندامی حزبی دیموکرات نەبووە، بەلام لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی ڕێبەریدا بەشداری کردووەو وەك نوێنەری حزبی توودە پەیوەندی حزبی دیموکراتی بە حزبی توودەوە گرێدراوە. دیارە ئەو کات هەر کەسێك لە حزبی توودەدا مەسئولیەتی بووبێت بێ ئەملاو ئەولا ئەندامی حزبی دیموکرات بووە و چوارچێوەو معیارێك لە گۆڕێدا نەبووە و بە پێچەوانەی بەرنامەو پێرەوی حزب ڕەفتار کراوە. هەر بەو هەقە ئەو هاوڕێیانە دوای گەڕانەوەی دکتۆر قاسملو لە چکوسلواکیا بۆ ئێران ناوبراو وەك نوێنەری حزبی توودەی ئێران لە کۆبوونەوەکانی حزبی دیموکراتدا زۆربەی پێشنیارەکانی ئەو کەلە بۆچوون و فکریەتی حزبی توودە سەرچاوەیان گرتبوو بوونە بڕیار. ناوبراو لە سالی ١٩٥٥ دا ویستوویەتی ببێتە ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە لە کۆبوونەوەیەکی حزبیدا کە لە مالی سەدیقی ئەنجیری لە تاران دەبەسترێت

بەشداری دەکات و قەول دەدات کە پەیوەندی خۆی بە حزبی توودەوە بپسێنێ. بەڵام دواتر بە قسەی زۆربەی ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون دەیانگووت: بە پێچەوانەی بڕیاری حزب و قەولی خۆی کە بە حزبی دابوو لە تاران لە ماڵی خۆی لە گەڵ کیانوری و حیکمەت جوو کە ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی و دەفتەری سیاسی حزبی توودە دەبن کۆدەبێتەوەو ئەنجامی کۆبوونەوەکەی حزبی دیموکرات دەداتەوە ئەوان!! لەو پەیوەندیەدا بەوەبەرچاوگرتنی گیرانی دکتور قاسملو لە لایەن ساواکەوە کە لە دەفتەری حزبی توودەرا دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٩٥٧دا دەستگیر دەکرێت و لەگەڵ سمایلی قاسملو لە زیندانی ڕژیم دەکرێن. دواتر بەڵێنی هاوکاری بە ساواك دەدەن و لە زیندان ئازاد دەکرێن، پاشان دەچنە باشووری کوردستان لەوێ دکتور قاسملو کە وەزعەکەی بە دل نابی و لە لایەکی دیکەشەوە ئەحمەد تۆفیق بەشێك لە برادەرانی پارتی دژایەتی دەکەن، دەچێتە دەرەوەی وولات و سمایلی قاسملوش لە عێراق بەجێدیلێ. بەقسەی سمایل قاسملو کە لە زیندان دەیگێڕایەوە دەیگووت: من لە رقی دکتور قاسملو و احمد تۆفیق خیانەتم لە حزب و گەلەکەم کردووە: کەوابوو قسەکانی سمایل قاسملو وا دەگەیەنن کە دکتور قاسملو و ئەحمەد تۆفیق زەمینەی خیانەتیان لە سمایلدا پێکهیناوە، هەر بۆیەش دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران حیزبی دیموکرات دەیتوانی سمایلی قاسملو بانگ بکاو لە سەر چۆنیەتی ئەو خیانەتەی کردویەتی لێکۆلینەوەی لەسەر بکریت و ئاشکرا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندین جار لە لایەن چەند کەسیکەوە ئەو داوایە لە ریبەریی ئەو کاتی حیزب کرا و پێشنیاری بانگ کردنی سمایل درا بە حزب، بەڵام بەداخەوە ریبەرایەتی حزب خۆی لەو مەسەلەیە بواردو قسەی کەسی بە هێند نەگرتوو خستیانە پشتگوی. ئیستاش کە ئیستایە بە تەواوی ئەو وەزعە بۆ حیزب و خەلکی کوردستان روون نەکراوەتەوە لەو پەیوەندیەدا روون نیە کە دکتۆر قاسملوش تا چ رادەیەك تەئسیری لەسەر سمایلی قاسملو هەبووە، لەو خیانەتەش کە سمایل کردوویەتی ناتوانین بەهیچ شێوەیەك دکتۆر قسملو و ئەحمەد تۆفیق بە شەریکە جورمی سمایل ناوبەرین و بیناسینین. لەسەر کۆمیتەی کاتی حزب لەو کاتەو لەو قۆناغەدا دواتریش زۆر شتی بابەتی جۆراوجۆر نووسراوەو گوتراون، یان بە چاك یان بە خراپ باسیان کراوە. بە هەموو کەموکوریەکەوە کە ئەو کۆمیتەیە بوویەتی بە بۆچوونی خۆم خەبات و

تێکۆشانی ئەوان ناکرێت بەرچاو نەگیرێت و زەحمەت و تێکۆشانی ئەوان ڕێزی بۆ دانەنرێت و کەم و کوڕیەکانیشیان دەست نیشان نەکرێن و لە چاکەو خراپییەکانیان خەلکی کوردستان ئاگادار نەکرێنەوە. لە هەمووی گرینگ تر ئەوە بووە کە ئەو کۆمیتەیە حیزبی دیموکراتی زیندوو ڕاگرتووە و ڕێبازی پێشەوا کوێر نەکراوەتەوە. ئەو وەزعەی کە لەرابردوودا لە نێو حیزبدا پێکهاتبوو بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی مەرکەزێکی ڕێك و پێك کە هەلبژێردراوی ئەندامی حزب نەبووە، هەر کامیش لەوانە بۆچوونی جیا لە یەکتریان هەبووەو لە باری فکر و عەقیدەشەوە یەکیان نەگرتۆتەوە و هەر یەکێك لەوانە هاتووە دەسەلاتی بەدەستەوە گرتووە و چەند کەسێکی بەشێوەی فراکسیۆن بازی و کوتلە سازکردن لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و ناوی لە خۆی ناوە حزب و بەناوی کۆنگرەو کۆنفرانسی حزب بۆچوون و فکری خۆیان بەسەر حزبدا سەپاندووە، کە هەتا ئەو دوایانەش ئەو ڕەوتە ناشیرینە کە دیاری کۆمیتەی کاتی حزبە بە میرات بۆ ڕێبەرانی حیزب بەجی مابوو، لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا هەر جارەو بە شێوەیەك خۆی نواندووە. ڕەنگ و ڕوخساری ئەو ڕەوتە ناشیرینە بە مێژووی پڕ لە کارەساتی خەباتی ٥٣ سالەی حزبی دیموکراتەوە نوساوە وەك دیاردەیەکی ناحەزو غەیرە دیموکراتیك لە مێژوودا تۆمار کراوە، بەمجۆرە دەتوانین بلێین ئەندامانی ڕیبەریی حزبی هەر لە کۆنەوە و تا ئیستاش دوو لاپەرەیان لە مێژووی حزبدا پڕ کردۆتەوە، یەکێکیان بە خەبات و تێکۆشین، ئەوی تریان بە مل نەدان بە دیموکراسی و ڕیزنەگرتن لە بیروبۆچوونی ئەندامانی حزب بووە، هەروەك ئەحمەد تۆفیق کە لە باشووری کوردستان خۆی وەك بەرپرسی یەکەمی حزب ناساندبوو کە لە ئاخریشدا هەروای بۆ چووەسەر و تەنانەت لە کۆنگرەی دووشدا نەزەرو بۆچوونی خۆی بەسەر کۆنگرەدا سەپاند، ناوبراو زۆر بریاری نادروستی بە ناوی کۆنگرەو بەناوی حزب دەرهەق بە ئەندامانی حزب و کۆماری کوردستان بلاوی کردنەوە. بەداخەوە جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە کە ئەو دیاردە ناحەزەی کۆمیتەی کاتی لە کۆنگرەی دووەمەوە تا کۆنگرەکانی نۆو دە لەناو ڕیزەکانی حزبدا برەوی هەبووە و لە لایەن بەرپرسانی یەکەمەوە لە هەر کۆنگرەیەکدا بەشێوەیەك ڕوخساری دزێوی خۆی نیشانداوە کە شەهید دوکتور قاسملوش لەو چوارچێوە دەرنەچوو. کەسانی بیر تەسك و هەلپەرستیش پشتیوانیان لەو ڕەوتە

کردووە، وەك سیستمیك بەسەر حزبدا سەپێندراوە. ئەو شێوە خۆسەپاندنە بەسەر حزب و خەلکدا لە باری تەشکیلاتی و یەکبوونی ریزەکانی حزب و خەلکدا زەرەرو زیانیکی زۆری لە قەوارەی حزب و جولانەوەی رزگاریخوازی خەلکی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئیران داوە. بەم جۆرە هەر لە سالەکانی ١٩٥٧ هەتا ١٩٨٨ حزبی دیموکراتی کوردستان دەست خۆشی ئەو تاقەبوون کە لە پیناو سەپاندنی دەسەلاتی خۆیاندا حزبیان بەرەو نەمان و لیکهەلوەشان بردبوو، ئیستاش کە ئیستایە نیشانەو ئاکاری کارە خەراپەکانی ئەوان بە جەستەی حزبەوە دیارە، کە لە جیگای خۆیاندا باسیان دەکەم و میراتگرانی ئەم ریبازە چەوتە دەناسینم.

# قۆناغی سی یەم

## خیانەتی سمایلی قاسملو و پەلاماری ساواك بۆ سەر حزبی دیموکرات

خیانەتی سمایلی قاسملو لە سالی ۱۹۵۷ دا کەبوو بە هۆی پەلاماری رژیمی شاو ساواك بۆ سەر ریکخراوەکانی حزب لە سالی ۱۹۵۹دا، زەربەیەکی گورج برو لەناکاو بوو کە وەپەیکەری حزبی دیموکراتی کوردستان کەوت. پیویستە ئەوەش بگوتریت کە سمایل پیش ئەوەی دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملو لە داوی ساواك بکەویت، ناوبراو جاریکی دیکەش لەلایەن ساواکەوە گیراوەو بە قەول پیدانی هاوکاری لەگەل ساواکدا لەگەل دوکتور قاسملو ئازاد دەکرین و دەچنە کوردستانی عیراق و لە لایەن ئەحمەد تۆفیقەوە ئەو کات کە خۆی وەك نەفەری یەکەم لە حزبدا بەخەلك ناساندبوو، ماوەیەك دەمینیتەوە. دواتر لە لایەن احمد تۆفیقەوە سمایلی قاسملو دەکریتە بازرەسی تەشکیلاتی حزب و بۆ بەسەرکردنەوەی ریکخراوەکان دەگەریتەوە کوردستانی ئیران. لەیەکەم سەفەریدا بۆ کوردستان لەگەل زۆربەی ریکخراو و شانەکانی حزب لە نزیکەوە کۆدەبیتەوە و ئەندامانی حزب بە تەواوی و بە وردی دەناسی و لەو بەشەدا تا ماوەی دوو سال کاری خۆی دریژە پیدەدات. لە لایەکی دیکەشەوە دوکتور قاسملو کە لەگەل ناوبراو دەچنە کوردستانی عیراق و لەویوە سەفەری ئوروپا دەکاو سمایل بەجیدیلی. بەو هۆیەوە سمایل هەم لە دوکتور قاسملو و هەم لە حزب دل گران دەبی چونکە پیشتر گوایە قەولیان پیداوە کە بۆ دریژەپیدانی خویندن بینیرنە دەرەوەی ولات. ئەو مەسەلەیە سمایل دل سارد دەکاو بەرەو خیانەتی رادەکیشی تا لە مانگی رەشەمەی سالی ۱۳۳۷دا لە ناوچەی بانە لە نزیك گوندی نەمەشیر لە لایەن بە کریگیراوان رەحمانخان و حەمەخانی ئەحمەدیەوە بە پلانی ساواك دەستگیر دەکری، تەحویل بە ساواکی شاری بانە دەدریت. ناوبراو بە پیی مەسئولیەتیك کە لە حزبدا بوویەتی و بەشیکی زۆری ئەندامانی حزبی ناسیوە هەر دەسبەجی ئیعتراف دەکاو هەموو ریکخراوەکانی حزب و ئەو ئەندامانەی کە ناسیونی بە ساواکیان دەناسینی. زۆری نەخایاند دوای پینج شەش مانگ خەبەری دەسگیربوونی ناوبراو لە نیو هەموو ئۆرگانەکانی حزبیدا بلاوبۆوەو ئەندامانی حزب کەوتنە مەترسی، بۆ روون بوونەوەی ئەو بارودۆخە بەرپرسانی ئۆرگانەکان لەگەل

کۆمیتەی بەڕیوەبەرایەتی کاتی حزب پەیوەندی دەگرن و ئەوان لە وەلامدا دەلین سمایل وەك پۆلا لە بەرابەر ساواکدا راوەستاوەو بەرگری دەکا!! ئەو وەلامە هیندیك مەترسی لەسەر ئەندامانی حزب کەم کردەوە، بەلام دوایی دەرکەوت کە ناوبراو نەك هەر پۆلا نەبووە بەلکو ریویی تەواویش دەرنەچووە و بە تەواوی خۆی بەدەستەوە داوە. بەم هۆیەوە لە خەزەلوەری ۱۹۵۸دا پەلاماری ساواك بۆ سەر کوردستان دەست پیدەکات و لە ماوەی شەو و رۆژیکدا نزیك بە سەدو پەنجا کەس لە ئەندامانی تیکۆشەرو ئاکتیڤی حزب دەستگیر دەکرین، بەشیکیش لە هاوڕییان ئاوارەی کوردستانی عیراق دەبن. لە رۆژی ۸ی خەزەلوەری ۱۹۵۸دا بەرەبەیانیکی زوو هیشتا دۆست و دوژمن لەیەکتر ئاشکرا نەببوون، بەدەنگی سەگوەری گوندەکەمان لە خەو راپەرین. ئیمەش ویرای خەلکی دییەکەمان زانیمان کە سەربازو بەکریگیراوانی رژیمی شا لە دەوروبەر و ناو گوندا سەنگەریان گرتووە، بۆ ماوەیەك هەست و خوستی ئەوانمان لەژیر چاوەدیریدا بوو. دایکم روحی شاد گووتی" ئەوە عەجەمن و دەبی کی دیسان دوزمانی کردبیت و چیان لەو خەلکە بویت،" دایکم چووە بەر دەرگاو بە پەلە گەرایەوە و گووتی،" یاخوا خیربی خۆ دەوری مالی ئیمەیان گرتووە و لەبەر دەرگا خۆیان مەلوس داوە!؟" من و باوکم زانیمان داوەکە بۆ ئیمەیە، بە پەلە هەرچی بەلگەیەکی حزبیمان لە لا هەبوو سووتاندمان ویستمان لە کەلینیکەوە خۆمان دەرباز بکەین، بەلام هەر چواردەورمان گیرابوو هەر لەو کاتەشدا چەند چەکداریکی سەر بە ساواك لە دەرگایاندا و هاتنە ژوورەوەو لولەی تفەنگەکانیان کردە سینگی من و باوکم و دەستگیریان کردین و بە پەلە بەرەو شاری سەردەشتیان بردین. لە زیندانی دژبانی ئەو شارەدا لەگەل کۆمەلیك لە هاوڕییانی حزبی یەکمان گرتەوە، دەتگووت بۆ کۆبوونەوەی حزبی بانگ کراوین، ژمارەمان بوو بە ۱۲کەس کە بریتی بوون لە: مەلا خدر عەباسی ساردکە، سەید تاهیر حوسین، شیخ مەحەمەد، حەسەن دەشتی حەمەدەمین حەسەن پوور، ئیسماعیل ئیسماعیل زادە غەفوری ئیبراهیم حسین شافعی یوسفی سنەیی، رۆستەمی مەحەمەد پوور خدر مەحەمەد پوور، خالەمەری قەلەرەشی. بەمجۆرە دوای چەند سەعاتیك بە ماشینی سەر بەتالی سەربازی بەدەست و چاو بەستراوی لەسەردەشتەوە بەرەو شاری مەهاباد راگویز کراین، لەویش لەگەل چەند کەسیك لە ئەندامانی حزب خەلکی مەهاباد و دەوروبەر کە گیرابوون یەکمان گرتەوە.

ورده ورده ژمارەمان لە پەنجا کەس تێپەڕی دەکرد. بەیانی ڕۆژی دواتر لە چەند ماشینی قەفەزدار سواریان کردین و بۆ شاری تەوریز بردیانین، ماوەی ١٨ ڕۆژ لە زیندانی تەوریز ڕاگیراین، لێپرسینەوە دەستی پێ کرد، تاك تاك و دوو دوو بەرەو ژوورەکانی ئەشکەنجە بانگ دەکراین، بەشێوەی جۆراو جۆرو بە بێحورمەتی پێکردن ئەوەی لە دەستیان هات کردیان. هەر لە هەڵاوەسین و شەلاخ لێدان و شەق تێهەڵدان را بگرە هەتا داخکردن و سووتاندنی لەش، هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان لەسەر ئەندامانی حزبی دیموکرات تاقی دەکردەوە. شتێکی کە زۆر منی نارەحەت کرد ئەوەبوو لەبەر چاوی من بەربوونە گیانی باوکم بە شەق و لێدانێکی دڕندانە کە ئێستا ئەو دیمەنە جەرگبڕە دێتەوە بەرچاوم، وەك گرییەك لە ناخمدا ماوەتەوە زامەکانم دەکولێنیتەوە. شەوێك منیان بردە ناو ژوورێکی تاکە کەسی دیتم کابرایەکی سوری چاو کاڵی موو زەرد کە دەتگوت لە ڕەگەزی ڕووسەکانە، لەوی کەوتبوو، جەستەی لە خوێندا شەلال ببوو. لێمپرسی ئەتۆ کێی گوتی غەنی بلوریانم. پێشتر ناوی غەنیم بیستبو ناوبراو بەڕووی زگیدا ڕاکشابوو تەواوی بەدەنی برین بوو. ئەو شەوە نانێك کە پێیاندابن پێکەوە خواردمان هەر یەکە کەرتێکمان بەرکەوت، بەڵام ئەو نەیدەتوانی تەنانەت نانەکەش بخوات. منیان بۆیە بردە ئەو ژوورە کە بزانم خۆڕاگرتن و ئیعتراف نەکردن ئەوەی پێوەیە. بەهەر حاڵ منیش لەو ڕەحمەتەی ڕژێمی شاو ساواك بێبەش نەبووم، هەرچەند ویستم وەك نەخوێندەوار بەناوی شوانێك خۆم نیشان بدەم و خۆم بناسێنم کەڵکی نەبوو سمایل قاسملو باشی بە ساواك ناساندبووین. لەماوەی ئەو ١٨ڕۆژەدا هەرکاممان بە نۆرەی خۆی ئەشکەنجە دراین و تەنانەت دەرەجەدارێك بە نێوی ڕەجەبی خەڵکی سنە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو، جگە لەوە چەند کەسێکی دیکەش تووشی نەخۆشی بوون لە زیندان بە نەخۆشی مانەوە و دواتر شەهید بوون. دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بە فڕۆکە بەرەو تاران ڕاگوێزراین و خۆمان لەو شوێنە بینیەوە کە پێیان دەگووت "قزلقەلعە" ئەو شوێنەی کە قەسابخانەی ڕژێم بوو. پێشتریش ئەفسەرانی توودەو ئازادیخوازانی تری ئێرانیش هەر لەوی ئەشکەنجە درابوون، لە ژوورێکی ٢٠ میتریدا نزیك بەهەشتا کەس دەژیاین، شەوانەو ڕۆژانە ئەشکەنجە بەردەوام بوو، تەنانەت خەوو خواردن نەمابوو، هەلومەرجێکی ترسناك و پڕ لە خۆفیان بۆ پێکهێنابووین، جار هەبوو بە نیوەشەوان ڕاستیان دەکردینەوە و

راکیشی ژووری ئەشکەنجەیان دەکردین. هەر کەس دەگەرایەوە ژووری زیندان ئەوەندە ئەشکەنجە درابوو کە خۆی بەسەر پیوە رانەدەگرت لەناو پەتۆیەکدا فرییان دەدایەوە ژووری. بەم شیوەیە دەورانی لیپرسینەوە و ئەشکەنجە رەوتی خۆی بردە سەر و تا سەرەنجام بە دوو دەستە دابەش کراین، بەشیک بۆ زیندانی دژبان و بەشیکی تریش بۆ زیندانی قەسر قاجار راگویزراین. ئەنجامەکانی دادگای سەرەتایی و دادگای پیداچوونەوە و ناکۆکیەکانی ناو زیندان. وەزعی زیندانیان لە بەندیخانەی قەسری قاجاردا تا رادەیەك گۆری. جار جار چوونە دەرو قەدەم لیدانیك لە حەساری ناو زیندان یان لە سالۆنی بەندەکان دەکرا. هەفتەی جاریك دەیانبردینە حەمامی نیو بەندیخانەکە، هەناسەیەکمان هاتە بەر. بەندیەکان زۆر بەیەکەوە تەبا بوون و ئەوانی دەولەمەند کە پولیکیان هەبوو یارمەتی بی پولەکانیان دەدا، خواردنەکەش هیندیك لە خواردنی بەندیخانەی قزلقەلعە باشتر بوو، هەموومان پیکەوە ژیانیکی کۆمۆنیمان پیکهینابوو. تا ئەوکاتیش چاوپیکەوتن لەگەل کەسوکارو دۆستان قەدەغەبوو. تا نزیك بە سال و نیویك کەس نەیدەزانی لە چ شاریك و لە چ زیندانیکدا بەند کراوین، شوینمان دیار نەبوو چارەنووسیشمان هەروا. تەنیا چەند کەسی توانیان لە ریگای ئەفسەرانی حزبی توودەوە بە دەرەوەی زیندان پەیوەندی بگرن و کەسوکاری خۆیان لە حالی خۆیان و ئیمەش ئاگادار بکەنەوە. هەر لەو کاتەشدا دادگای روالەتیان بۆ پیکهینایین، ئەو دادگایە دادگایەکی سەربازی بوو بە فەرمانی مەحەمەد رەزا پەهلەوی و ساواك و سەرپەرشتی سەرلەشکر ئەزمودە کە لە پیاوکوژەکانی دەرباری شا بوو پیکهات. دادگا بە نهینی دەست بەکاربوو، پاریزەرەکان بە روالەت بۆ دیفاع لە تاوانبار دیاری کرابوون، بەلام لە راستیدا سەرۆکی دادگاو داوەر و پاریزەر و هەموویان بریاری شاو ساواکیان بەریوە دەبرد، هیچ کام لەوانە سەبارەت بە مەحکوم کردنی ئیمە جیا لە یەکتر بیریان نەدەکردەوە و بە قازانجی مانەوە و زیاتر سەپاندنی دەسەلاتی شاو ساواك بریاریان دەدا. بۆ دادگایی کردنی زیندانیەکان ئیمەیان بە چوار دەستە دابەشکردبوو. دەستەی یەکەم و دووەم لە زیندانی دژبانی تاران را دەبرانە دادگا، حوکمی دادگا بۆ دەستەی یەکەم لە ئیعدام هەتا دە سال بوو کە چوار کەس بەو ناوانە حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپیندرا، عەزیز یوسف، غەنی بلوریان، رەحمەتی شەریعەتی، سمایل قاسملوو، لە دادگای تەجدید نەزەریش جگە لە سمایل

قاسملوو حوکمی ئەوانی تر تەئید کراوە. هەموو ڕۆژی چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە حوکمەکەیان لەسەر بەڕیوەبەرن، بەلام لەلایەك بەهۆی فشاری هیندیك لە دەولەتان و ڕیکخراوەکانی دیفاع لە ماڤ مرۆڤ و ئـازادیخوازانی دونیا لـە لایـەکی دیکەشـەوە بەهۆی لەدایك بوونـی وەلی عـەهدی کوری شـا، یـەك دەرەجـە تـەخفیفیان پیـدراو لـە ئیعدامەوە کرانە زیندانی هەتا هەتایە. بۆ دەستەی دووەم و سێیەم و چوارەم هیندیك تەخفیف قایل بوون و دادگا لە حوکمی ئەبەدیەوە هەتا پینج سال زیندانیان بەسەردا برین و لە دادگای پیداچوونەوەدا بەیەك دەرەجە تەخفیف حوکمەکەیان کەم کردەوە. بەم جۆرە دادگای سەرەتایی کە زیاتر لە سالیکی خایاند کۆتایی پیهات. کە دیارە ئەم کارە ماهییەتی دادگاو ڕژیمی سەلتەنەتی ساواك بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئیران و دونیا زیـاتر ئاشـکرا بـوو. ئـەوجار چـاوەڕوانی ئاکـامی دادگـای تـەجدید نـەزەرمان دەکـردو لـەو نیوەشدا ناکۆکیەکانی نیـوان ئـەندامانی حـزب زیـاتر زەق دەبـۆوە. ئـەو ناکۆکیانە دەکری بلیین لە دوو بۆچونی جیاوازو دژ بە یەك سەرچاوەیان دەگرت، کە هـەر لایەنە بە بیرو باوەرو بۆچوونیـك تـەیار کرابـوون و دژایـەتی یـەکتریان دەکـرد. ئەوەی ڕاست بیت هەتا برادەرانی دەستەی یەکەم لە زیندانی دژبان ڕا نەهاتبوونـەوە زیندانی قەسر هیچ ناکۆکیەك و دووبەرایەتیەك لە نیوانیاندا نەبیبوو، بەداخەوە عەزیز یوسف و غەنی بلوریان لە دروست بوونـی ئـەو ناکۆکیانـەدا دەوری یەکـەمیان هـەبوو، ئەوان لە زیندانیشدا دەوری خراپەو تیکدەرانـەی ڕیزەکانی حزبیان دەگیراو بەناوی ئایدۆلۆژیـــەتی مارکســـیتی و لینیســـتیەوە یـــەککرتوویی زیندانیـــەکانیان لیکهەلوەشاندبوو دەیانویست باوەر و ئایدۆلۆژیـەتی حزبـی تـوودە بەسـەر ئەندامانی حزبـی دیموکراتـدا بسـەپینن و حزبـی دیموکراتیـش بـەو ڕیبـازەدا ڕاکیـش بکـەن، هـەروەك پیشتر ئەو کارەیـان کردبـوو، زۆربـەی زیندانیـەکانیش لەگـەل ئـەو خـەت و ڕیبازە نەدەهاتنەوەو بە ئاشکرا دژایەتیان دەکرد. یەکیك لەو کەسانەی کە بە تـەواوی شـارەزایی دیـالیکتیك و فەلسـەفەی مارکســی و لینینســتەوە هــەبوو دوکتــۆر عــەلی مەولـەوی بـوو. نـاوبراو نـەچووە ژیـر تەئسـیری سیاسـەتی حزبـی تـوودەو لەگـەلیان نەدەگونجاو دژایەتی دەکردن. زۆربەی ئەندامانی حزب لەناو زینداندا لەگەل بۆچوون و فکری دوکتـۆر عـەلی مەولـەوی دەهاتنـەوە کـە نـاوبراو لـە لایـەن غـەنی بلوریـان و ئەفسەرانی توودە بەسەر دەستەی لاوازو دۆڕاوەکـان لـە سیاسـەتدا ناسرابوو!! تـەنیا

چەند کەسیك لە لاوەکان کە هیشتا ئەزمونیان لە خەبات بەدەست نەهینابوو پەیرەویان لە بۆچوونەکانی غەنی و هاوبیرەکانی دەکرد، ئەوان کە لە قامکی دەستان تینەدەپەڕین، دوایەش کە لە زیندان ئازادبوون نە بۆ حزبی دیموکرات و نە بۆ گەلی کورد خیریان نەدایەوەو فیدای سیاسەتی چەوتی حزبی توودە بوون، کە غەنی باسی شۆڕشگیری ئەوانی دەکرد و بە قارەمانیش ناوی دەبردن بەلام هەموویان وەك خۆی دەرچوون.

غەنی بلوریان لە کتیبی ئالەکۆکدا لە لاپەرە ٢٣٩ باسی قارەمانیتی سمایل قاسملوو دەکات و دەلی: "ناوبراو ئینسانیکی میهرەبان و نەجیب بوو ئەو هەرگیز لە زینداندا سەری بۆ دوژمن و جاسوسی کردن بۆ ساواك نزم نەکردو لە کاتی گیرانی دا زۆر گەنج و کەم ئەزموون بوو هیچی لە سیاسەت نەدەزانی!؟" سەیر ئەوەیە سماعیل کە هیچی لە سیاسەت نەدەزانی چۆن کرابوو بە بازرەسی تەشکیلاتی و هەموو ئەندامەکانی حزبی پی ناسیندرابوو، ئەوجا ناوبراو هیچ شتیك نەمابوو کە بۆ دوژمن ئەنجام نەدات، کاتیك زۆربەی تەشکیلاتی حزبی بە دوژمن واتە ساواك ناساندبوو، ئەوەی گیراو کەوتە دەستی ساواك باقی ئەندامانی حزب ئاوارەی هەندەران بوون دەبوو سمایل لەوە زیاتر چیکات!؟ کە غەنی پیی وایە ئەنجامی نەداوەو بە شان و بالیشی هەلدەلی و خیانەتەکەی پاساو دەدات!! بەلام خەلکانی دلسۆز بە حزبی دیموکرات بە ترسنۆك و لاوازو بەشیکیش بە جاسووس لە قەلەم دەدا!

غەنی لە ئالەکۆکدا زۆر بی ئینسافانە باسی "ڕۆستەم مەحەمەد پوور خال هۆمەر" دەکات لە لاپەرە ١١٥ دیری ١١و١٢دا دەلی" هۆمەر پاشای جەنگەل و مام ڕۆستەم لە عەشیرەتی سویسنی چەتەی سەردەمی ڕەزا شا بوون، ئەوان لە ناوچەکانی مەنگور، مامەش، گەورك، سویسنایەتی ناوچەی سەردەشت ناسراوو ناوداربوون و جوتیاران یارمەتیان پیدەکردن و لە بەرامبەر حوکومەتدا دەیانپاراستن، ئیمەش ئەوانمان لەگەل خۆمان دەخست، بەم جۆرە جوتیاران پشتی حزبیان دەگرت" غەنی بۆ پاساودانی قسەکانی خۆی دەلی :" ئەو چەتانە دژی خەلك نەبوون" غەنی بیخەبەرە لەوەی کە لە کۆنەوە لە نیو کورداندا، وشەی چەتە بۆ کەسانیك بەکارهینراوە کە ریگرو پیاوکوژ بوون، نەك بۆ کەسانی شۆڕشگیری وەك خال هۆمەر و مام ڕۆستەم کە بە دریژایی

تەمەنیان دژی داگیرکەرانی کوردستان و دەسەلاتدارانی سەردەم خەباتیان کردووە و بۆ زیندووکردنەوەی حزب بە هەموو تواناوە هەولی خۆیانداوە. ئەوان خۆشەویست و جێگای موتمانەی خەلکی ناوچەش بوون. لە حالیکدا غەنی ئەو دوو کەسەی باش ناسیوەو لە زیندانیشدا خزمەتی تایبەتی بەو دوو کەسە کردووە، تەنانەت زۆر جار کە من کوری مام رۆستەم بووم، وەك غەنی نەمدەتوانی بە باوکم رابگەم، کە لە حەمامدا بە دەستی خۆی ئەوانی دەشت و، کیسەی لی دەدان، ریزی لیدەگرتن و ئەمنیش لیی مەمنوون دەبووم، ئیستاش لەو بارەوە هەر لیی مەمنوونم. ئەو دوو کەسە نەك هەر لە رۆژهەلاتی کوردستان بەلکو لە باشووریش ناسراوبوون و نفوزی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لەنیو خەلکی کوردستاندا وەك شۆرشگیر ناوبانگیان هەبوو و بە دریژایی تەمەنیان سەریان بۆ دوژمنان شۆر نەکرد ئەوان نزیکەی ٦٠سال لە پیناو ئازادی و رزگاری گەلی کورددا دریژەیان بە خەبات داوە. بە پیی بارودۆخی ئەوکاتی کوردستان و رادەی زانیاری سیاسی و پلەی خویندەواری ئەوان لەو قۆناغەدا هەر ئەوەیان لی چاوەروان دەکرا کە ئەنجامیان داوە، لە هەموو شتیك گرینگتر ئەوەبوو کە ئەو دووانە لە زینداندا خیانەتیان بە گەلەکەیان نەکردووە و بەسەربەرزی سەریان ناوەتەوە. دوکتور عەلی مەولەویش کە غەنی بی ئینسافانە بە ئینسانی ترسنۆك و لاواز ناوی بردووە، یەکیك لەو کەسانە بوو کە زۆربەی ئەندامانی حزبی لەنیو زینداندا بارهیناو لە باری سیاسیەوە پیی گەیاندن. کە ئیستاش ئەو کەسانە شۆرشگیری راستەقینەی گەلی کوردن کە چەندین سالە لە مەیدانی خەباتدا دریژە بە تیکۆشان دەدەن. لەباری دەرمانیشەوە ناوبراو گەورەترین خزمەتی بە ئەندامانی حزبی کردو لەناو زینداندا فیری کاری دەرمانی کردن، کە دواتر لەنیو حزب و شۆرشدا ئەوانە خیریان بۆ گەلەکەیان دایەوە. دوکتور عەلی مەولەوی لەسەر حزب و میللەتی کورد نزیك بە ٧سال لە زیندانی رژیمی شادا مایەوە، لەلایەن شەخسی مەلا مستەفا بارزانیەوە بۆ ئازادبوونی لە زیندانی رژیمی شا پولیك تەرخان کرا. راستە دوکتور عەلی دوای شۆرشی ئیران نەهاتە ناو حزب و شۆرش، بەلام ئەویش هەر بەهۆی ریگا نەدان بەناوبراو لەلایەن چەند کەسانیکەوە بوو کە پیشتر لەگەل دوکتۆر عەلی ناکۆك

بوون و ریگای پینەدرا بە کردەوە لە بزووتنەوەدا بەشداری بکا. تاوانەکانی غەنی دەرهەق بە ئەندامانی حزب و خەلکی کوردستان ئەگەر بمانەوی باسی بکەین دەبی کتیبیکی گەورە بنوسین، بەلام من لەوە زیاتر باسی ناکەم و لەو هەموو زەحمەت و کویرەوەریە کە کیشاویەتی و بەناو بۆ حزبی دیموکرات و میللەتی کورد بووە سوپاسی ئەو بەشەی دەکەم.

## زیندان و فیرگە

وەزعی زیندان بۆ هیندیك کەس وەك زانستگە بوو، هەم دەتتوانی شت فیربی، هەم دەتتوانی خەلك بناسی و خۆشت بناسی. من بەش بە حالی خۆم سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لە زینداندا خۆیان پەروەردە کردو خەلکیان پەروەردە کرد، نەچوونە ژیر تەئسیری دوژمنان، خۆیان نەبەستەوە بە فلان حزب و فیسارە کەوسەوە بەلکوو لە زیندانیشدا خزمەتی خەلکیان دەکرد. یەکیك لەوانە کاك جەلیل گادانی بوو کە لە باری پیگەیاندنی ئەندامانی حزب و دەرس پیگووتن و بارهینانی ئەواندا دەوری چالاکانەی بینی. زۆر بە زیندانیەکانەوە ماندوو بوو، تەنانەت ئەگەر پولیکیشی بۆ دەهات بەشی فەقیرانی لیدەدا. من لیرەدا زۆر سوپاسی دەکەم کە لەگەل هەموومان زۆری زەحمەت کیشاوە و وەك مامۆستایەك دەرسی پیگووتوین، لەلایەکی دیکەشەوە بە هەق خۆی لە ناکۆکیەکانی ناو زیندان تیهەلنەقوتاندو نەچووە نیو بەرەی دولایەنی موخالف بەیەکتر. کاك جەلیل هەرچەندە تیکەلاو بە ئەفسەرانی توودە بوو، بەلام سیاسەتی حزبی توودەشی لەهەموو باریکەوە پی دروست نەبوو. ئەگەر شتیکیشی دەکرد هەر لە پیناو یەکگرتن و برایەتیدا بوو، بە قازانجی حزب باسەکانی دینایە گۆری، بە هەر کەموکوریەکەوە کە پیشتر بوبیتی ناوبراو لە زینداندا هەم بەرامبەر بە رژیم هەم لە بەرامبەر بەندیەکاندا مەسئولانە دەجولایەوە. چەند کەسیکیش کە بوونە نەجاتدانی خۆیان جاسوسیان بەسەر زیندانیەکاندا دەکرد دیاربوون، وەك حاجی حەمە سالح و عەبدولای سامبەگی و چەند کەسیکی دیکەی لەو بابەتانە، ئەو جۆرە کەسانەش هەر باوەریان بە حزبی دیموکرات و تیکۆشان نەبوو، هیندیکیش لەوان بەسالدا چوەکان و ئەوانی مال و مندالیان زۆربوون، لەبەر ئەوەی کە سەرپەرشتی مالیان نەبوو. بەخاتری ئازادبوونیان لە شامگاو سبح گادا

بەشداریان دەکردو لە جیاتی ئەوەی دوعا بۆ شا بکەن جنێویان پێدەدا. دوایەش کە لە زیندان ئازاد بوون زۆربەیان بە گەل و حزبەکەیان وەفادار دەمانەوە. بەساڵداچووەکان کە تەمەنیان لە سەرووی ۷۰ساڵ بوو و لە دادگای تەجدید نەزەردا بە دوو ساڵ حوکم دران، ئازاد بوون. ئەوانەش بریتی بوون لە کاک مەحەمەد قادری، ڕۆستەم مەحەمەد پوور. مام عەبدوڵا سعید. خالە ئومەری قەڵەرەش. مام ڕەحمان و چەند کەسێکی تر. ئەمنیش کە ماوەی ئەو دوو ساڵە خزمەتی ئەو پیرانەم دەکرد ئیتر حەسامەوە و ئەوجار خەریکی خوێندن بووم. لەولاشەوە بنەماڵەکەمان کە سێ خوشکم سەرپەرشتیان دەکردو کاریان دەکرد. بە ئازادبوونی باوکم هیچ زەحمەتیکیان لەسەر کەم نەبووە، هەردەبوو خەریکی کار کردن بن چونکە هەم باوکم پیر بوو و توانای نەمابوو هەم برایەکیشم هەبوو لەوان جیابۆوە. بەمجۆرە ئەوان سێ چوار ساڵ بەخێوکردنی بنەماڵەکەمانیان لەسەر شان بوو. زۆریان زەحمەت کێشاو یارمەتی ئیمەشیان دەدا. بەداخەوە حزب هیچ هاوکاریەکی بنەماڵەی زیندانیەکانی نەدەکردو لە کەسیان نەدەپرسیەوە. لەو کاتەشدا کاک ئەحمەد تۆفیق وەك بەرپرسی یەکەمی حزب لە باشوری کوردستان خەریکی کارو تێکۆشان بوون، بەلام سەبارەت بە یارمەتی بنەماڵەی زیندانیەکان هەلویستیان لە خۆیان نیشان نەدابوو. لە دەستەو گروپەکانی دیکەش چەند کەسانیك بە ماوەی ئەو چەند ساڵە کە لە زینداندا ڕاگیرابوون حوکمی دادگایان لەسەر دراو ئازادکران. ئەوانیش بریتی بوون لە کاك سەید حسن هاشمی. کاك خەلیل گادانی. کاك حەسەن ڕستگارو چەند کەسێکی تر. دوای ئەوە ئیمەش لەگەل دوکتور عەلی مەولەوی لە یەك ژوردا پێکەوە دەژیاین کە فیری دەرزی لیدان و برین پێچانی دەکردین. زۆرمان پێوە ماندوو بوو لە هەموو باریکەوە چەند کەسێکی پێگەیاند. ئەو کەسانەش دوایی کە ئازاد بوون توانیان هەم خزمەتی خەلك و شۆڕش بکەن و هەم خزمەتی خۆیان و بەو هۆیەوە ژیانی بنەماڵەکانیان دابین بکەن. کە خۆم یەکێك لەو کەسانە بووم کە زیاتر لە هەشت ساڵ لە شۆڕشی بارزانیدا بەرپرسایەتی نەخۆشخانەم پێ سپێرابوو و ئەرکی پێشمەرگایەتیم لەو بەشەدا بەجێ گەیاند. لە کلاسی دوکتور عەلی مەولەویدا ئەو کەسانە بەشدار بوون کاك حەسەنی ڕستگار. کاك سەید ڕەسولی دەهقان. کاك سەید حسن هاشمی، سەدیقی علائی، قاقای کەریمی و نووسەری ئەم دێرانەو چەند

کەسیکی تریش بەشداریان کرد کە ناوەکانم لەبیر نەماون. بەم شیوەیە زیندان بۆ مەمانان ببوو بە قوتابخانە، تا لە ئاخری سالی ١٩٦٢ دا زیندانەکەم تەواو کردو لەگەل حسین شافعی لە زیندان ئازاد کراین و گەراینەوە شوینی خۆمان. ئەوەی کە قەت لە بیرم ناچیتەوە ئەو چەند رۆژە بوو کە ئازاد کرام و لە پاشان گەرامەوە سەردەشت، باشم لە بیرە من و کاك حسین شافعی ئەو رۆژە بەیەکەوە بۆ یەکەم جار بە ئازادی لە شاری تاران چەند شەو و رۆژ ماینەوە، ئیمە لە زیندانیش پیکەوە تەباو یەك بووین و یەکترمان خۆشدەویست. رۆژی ئازادبونمان عەبدولای شافعی کە برا گەورەی حسین بوو بۆ پیشوازی ئیمە هاتبۆ تاران لە بەر دەرگای زیندان چاوەریمان بوو، هەر کە گەیشتینە بەر دەرگا لەگەل کاك عەبدولا یەکترمان لەباوەش گرت، لە هەمان کاتیشدا چاوم بە دوای خۆماندا دەگیرا، دوای سی چوار سال ئیتر سەرەنیزەی ژاندارم و سەربازەکانی رژیمی "شا"مان لە دوای خۆمان بەدی نەکرد، هەناسەیەکمان هەلکیشاو گوتمان جا فایدەی چی زۆر کەسی کە خۆشمان ویستون و خۆشمدەوین لە زنداندا بەجیماون، بیرم لە ژیانی ئەوان دەکردەوە، بەهەر حال لەگەل کاك عەبدولا شافعی چەند رۆژیك لە تاران ماینەوە. سوپاسی کاك عەولا و بنەمالەکەیان دەکەم کە زۆری زەحمەت بۆ کیشاین، بنەمالەی شافعیەکان یەکیك لە بنەمالە گەورەو دەولەمەندەکانی شاری سەردەشت بوون، لەهەمان کاتیشدا بنەمالەیەکی نیشتمانپەروەر و شۆرشگیر بوون، کە ئیستاش ئەو بنەمالەیە وەك بنەمالەیەکی پاك، گەورەو سادق لەسەردەشت ناسراون. کاك عەبدولا بۆ خۆشی یەکیك لە ئەندامانی تیکۆشەری حزب بوو کە لە رۆژانی تەنگانەدا لە تیکۆشانی خۆی بەردەوام دەبوو، دەوری چالاکانەی خۆی دەبینی. دوای ئازادبوونمان تارانمان بەجی هیشت و گەیشتینە شاری مهاباد، لە مهاباد لە لایەن کاك خەلیل گادانی، کاك حەسەن رستگارو کاك سەید حەسەن هاشمی کە پیشتر لە زیندان ئازادببون وەرگیراین و دوو سی شەو لە لای خۆیان هیشتیانینەوە و بەبۆنەی ئازادبوونی ئیمە ئەو چەند شەوە هەر جارە لە مالیك میوانداریمان لی دەکرا. لە لایەکی دیکەشەوە کاك مەحەمەدی ماملیی هونەرمەندی بەناوبانگ و خۆشەویستی کورد، دانیشتنەکانی زیاتر دەرازاندەوە، سوپاسی ئەو هاورییانەش دەکەم کە پیمانەوە ماندوو بوون. بەتایبەتی

کاک خەلیل گادانی یادی بەخێر کە ئێستا نەماوە و هەروەها کاک سەید حەسەن هاشمی کە شەو و ڕۆژ بەجێیان نەدەهێشتین و میوانداریەکی باشیان لێ کردین.

شاری مەهابادمان بەجێهیشت و ئێوارە درەنگانێک گەیشتینەوە شاری سەردەشت، بە ئەرکی خۆم دەزانی سەردانی بنەماڵەی هاوڕێکانم بکەم کە لە زیندانی ڕژێمدا بەجێم هێشتبوون و خەبەری ساغ و سەلامەتی ئەوان واتە حەمەدەمین حەسەن پوور، ئسماعیل ئیسماعیل زادە، یوسفی سنەو غەفور ئیبراهیم بدەمە بنەماڵەکەیان. پاشان ویستم لە ماڵی کاک غەفور ئیبراهیم لە خزمەت سەید زادەی دایکی غەفوردا بمێنمەوە، چونکە وەک دایکێک بۆ من و ئەو برادەرانەی بەیەکەوە کارمان دەکرد بە بێ جیاوازی خزمەتی هەموو لایەکمانی کردبوو، دەبوو ئێمەش ئەرکی خۆمان بەجێبگەیەنین، لە ڕاستیشدا ئەو بنەماڵەیە تا ئێستا پاک و سادق ماونەتەوە بە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر ناسراون. بەلام بەداخەوە ئەو فرسەتەم پێنەدرا لە خزمەتیدا وەمێنم، شەپۆلی خەلکی گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت و بیوران گەیشتە ناو شارو بەرەو بیوران کەوتینە ڕێ کە لەنێو شەپۆلی شادی ئەو خەلکەدا ڕێگای سەعاتێکمان بەپێنج سەعات بڕی. ئەوەی بۆ من زۆر گرنگ بوو ئەوەبوو کە ئەو خەلکە جاران کەمتر هەستیان بەوە دەکرد کە چ کەسانێک لە خزمەت گەل و وولاتدا بوون و لە پێناو ئازادی گەلەکەیان دەچنە زیندان، دیتم نەخێر وانیە خراپی لێ حالی ببووم، دەرکەوت کە خەلکی کورد خزمەتەکانی پێشمەرگەی خۆیان ناسیوە و هەر بۆیە بەو شەوە بە دەیان چراو فانۆسەوە ڕێگا دەبڕن و بۆ بەخێرهێنانەوەی پێشمەرگەی گەلی خۆیان بەرەو شار دێن. لەگەل بنەماڵەکەمان پێ بەیەکتر شاد بووینەوە، هەر ئەو شەوەش دووبارە پەیمانم لەگەل گەلەکەم تازە کردەوە کە وەفادار بە ڕێبازی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی گەلی کورد بمێنمەوە شانازیش بە بوونی ئەندامییەتی خۆم دەکەم لە حزبی دیموکراتدا، کە بۆ ئازادی گەلی کورد تێکۆشاوە و خەباتم کردووە.

# قۆناغی چوارەم

## بەرەو کوردستانی گەرمین و بزوتنەوەی کورد لەو بەشەدا

هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد بزوتنەوەی کوردستانی گەرمین بەهۆی ئاغاو دەرەبەگەکانی کوردستان کە بە هاتنە سەرکاری قاسم زەنگی خەتەریان بە گوی گەیشتبوو هەلگیرساو پارتی و بارزانیش تیوەرگران، جلەوی شۆرشیان بەدەستەوە گرت و دواتریش بەشیك لەدەرەبەگەکان کەوتنە سەنگەری دژایەتی کردنی شۆرش و پارتی.

بەم شیوەیە بزوتنەوەی باشور بە ریبەرایەتی بارزانی کە لە سالەکانی ١٩٦٠،١٩٦١ دا دەستی پیکرد بوو بە مایەی دلخۆشی زۆربەی خەلکی کوردستان، بە تایبەتی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حزبی دیموکرات جیگای هیواو ئومیدیکی زۆر بوو. ئیمە کە تامەزرۆی ئازادی و تینووی سەربەستی بووین، هەمووی سی چوار مانگی نەخایاند دوای ئازادبونمان لە زیندان خەریکی زیندووکردنەوەی ریکخراوەکانی حزبی بووین و شانەکان بە شیوەی سی کەسی و هەستەکان بە شیوەی تاکە کەس لە نیو خەلکدا زیندوو کرانەوە. لەو کاتەشدا لە لایەن ساواکەوە بە توندی لە ژیر چاوەدیریدا بووین، تەنانەت هاتوچۆکردنمان بۆ گوند و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەبوو بە نهینی بی. لە لایەکی دیکەشەوە جۆش و خرۆشی شۆرش و پیشمەرگایەتی بەوپەری خۆی گەیشتبوو، نە بۆ خۆمان دەمانتوانی ئەو هەستە لە خۆماندا کزو کەم بکەینەوە نە ئەو جۆرەی ئیمە دەمانەویست حزبایەتی بکەین بۆمان دەکراو دەلوا. تا سەرەنجام لەیەکەم رۆژەکانی نەورۆزی ١٩٦٣ دا ریگای چوونمان بۆ باشوری کوردستان گرتە بەر، کالەی غەریبیمان لە شاری قەلادزیی شاری میوان دۆستان و غەریب پەروەراندا کردەوە. لەو بەینەشدا دەستەیەکی تر لە هاورییان لە شاری مهاباد کاك حەسەن رستگار، مەلا رەسول پیشنماز، کاك حسین مەدەنی و چەند کەسیکی دیکە لە ناوچەکانی دیکەوە گەیشتنە شاری قەلادزیی ناوچەی پشدەر. پاشان سەلاحی موهتەدی، مەحەمەدی ئیلخانی زادە عمر نیگلی و مەلا رەحمان و چەند کەسیکی تر لە ناوچەکانی بۆکان و هەورامان، مەریوان و سنەی پیوە زیاد بوون. هیندیکمان لە شاری قەلادزی یەکترمان گرتەوە، بە خۆرایی نالیم شاری غەریبان بوو، زۆربەی ئەو کەسانەمان لە قەلادزەو گوندەکانی پشدەر بۆ

ماوەیەکی دوور و درێژ ژیانمان بردۆتە سەر، ئەو ماوەی کە لەویش ماینەوە هیچ کات هەستمان بە غەریبایەتی نەدەکرد، بەتایبەت چەند بنەمالەیەك وەك بەڕێزان حەمەدەمین ئاغای گربداغ، مام حەسەنی خانمی لە قەلادزێ، بنەمالەی محەمودی حاجی ئاغا لە هیرۆ بنەمالەی باپیر ئاغا لە نورەدین و خزمانی مەرەسەنە، هەر یەکێك لەو بنەمالانە بۆ ئیمە ببوون بە بنکەو بارەگای حزبی لە وەخت و بیوەختدا لەماڵەکانیاندا دەماینەوە و ڕێزیان لێ دەگرتین، بەم هۆیەوە سوپاسی هەموو ئەو بنەماڵانە دەکەم کە هەمیشە بە لوتف و محبەتەوە یارمەتیان پێدەکردین و پارێزگاریان لێ دەکردین و لە کاتی تەنگانەدا فریامان دەکەوتن.

هەر دوای ئیمە زۆری نەخایاند دەستەیەك لە لاوەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەك کاك حەمەدەمینی سراجی، ئیسماعیل شەریف زادە، سالاری حەیدەری و مەمەندی قازی و دواتریش حەسەنی قازی و چەند کەسیکی دیکە کە هەستی شۆڕشگیریان پالی پێوە نابوون، پیمانەوە زیاد بوون. هەر لەو کاتەشدا بەهۆی نامەو ڕاسپاردە کاك ئەحمەد تۆفیق و سولیيمانی موعینی مان لە هاتنی خۆمان بۆ ناوچەی پشدەر ئاگادار کردەوە، ئەودەم ئەحمەد بەرپرسی یەکەمی حزبی دیموکرات بوو لە شۆڕشی بارزانیشدا بەکردەوە هاوکاری دەکردن، دەتوانم بلیم ئەو ئەکات ناوبراو نزیکترین کەس بوو بە بارزانی و لە ناو شۆڕشدا ناسرابوو، لە هەموو لایەکەوە ڕیزی تایبەتی لێ دەگیرا. دوای نزیك بەیەك مانگ چەند پێشمەرگەیەکی میزەر سور هاتن کە پیمان وابوو ئەوانە بارزانین، نەخیر دەرکەوت کە ئەوانەش پیشمەرگەی ڕۆژهەلات بوون بەلام جەمەدانەی سوریان لەسەر نابوو. دوو کەس لەوانە بە قدۆ و ڤەیماس بانگ دەکران، بەم شیوەیە لەگەل ئەواندا بەرەو ناوچەی بارزان و بادینان وەریکەوتین، بەسەر چەندین کەمین و بنکەی سەربازی ڕژیمی عیراقدا تیپەڕین و خۆمان گەیاندە گوندەکانی خەلان، بلێ و بارزان. لەوێ لە لایەن ئەحمەد تۆفیق و کاك فایقەوە وەرگیراین و بۆ یەکەم جار چەکی پیشمەرگایەتیمان لە بەهاری سالی ١٩٦٣ دا کردە شان و ژیانی شارو گوندمان وەلا ناو ژیانی شاخ و شۆڕشمان گرتە بەر. لەو کاتدا شەڕیکی سەخت لە نیوان شۆڕشگیرانی کوردستان و دەولەتی عیراقدا هەبوو، هیرش بە دوا هیرشدا دەکرایە سەر پێشمەرگەو سەنگەرەکانیان بۆمب باران دەکران، هەردوو دەولەتی داگیرکەری عیراق و سوریا شان بە شانی یەکتر کەوتبوونە

گیان و وزەی گەلی کورد، لەسەر لەناوبردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کۆك بوون و ساخ ببوونەوە. لەو دەمەشدا عەبدوالرەحمان عارف و عەبدوالسلام لەسەر کار بوون و حکومەتیان دەکرد. ئیمەش دەبوو لەو کاتەدا دەوری چالاکانەی خۆمان نیشان بدەین و هەر رۆژە لە شاخ و ئەشکەوت و دۆلیکی کوردستان بە دوای بارەگای بارزانیدا دەگەراین و لەهەر شوینیك بارەگای بارزانی لیبایە دەبوو ئیمەش لەوی باین. لەو کاتەدا دەفتەری سیاسی پارتی کە مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتیری بوو، هیزیان نەنارد بۆ پشتیوانی بارزانی کاتیك کە ئەوان لەشەر دابوون دژی عیراق و سوریا، هەلویستیان لە خۆیان نیشان نەدەدا؟! جا نازانم ئەو کارەی دەفتەری سیاسی پارتی لە کەمتەرخەمی بوو یان هەر وایان بریار دابوو کە هاوکاری هیزەکانی بارزانی نەکەن. لە چیاکانی شیرین و پیریس شەرەکە بەوپەری خۆی گەیشتبوو هیزەکانی بارزانی لەو مەلبەندانەدا دلیرانە دژی داگیرکەران و جاشە خۆفرۆشەکان بەربەکانیان دەکرد، لەو پەلامارانەدا فەرماندەیی شەرەکە لە دەستی شەخسی بارزانی دا بوو کە لە نزیکەوە سەرپەرشتی جەبهەکانی دەکرد، بۆ ئەو مەبەستە لە زیی بادینان پەریەوە و لە ناو کلپەی شەردا سەنگەری گرت، لە ئاسمان و زەویەوە ئاگر و ئاسن بەسەر پیشمەرگەدا دەباری، لەو هیرشەدا داگیرکەران سەرکەوتوو نەبوون، هەرچەند زیاتر لە ٥٠ پیشمەرگە شەهید بوون، بەلام دیسان سەرکەوتن هەر بۆ پیشمەرگە بوو. کاك ئەحمەد تۆفیقیش لەگەل چەند پیشمەرگەیەك لە ناوچەی شەرەکە لەگەل بارزانی دابوون بە کردەوەش لە شەرەکاندا بەشداریان دەکرد. ناوبراو پیاویکی ئازاو نەترس بوو، کورد گوتەنی پیاوی رۆژی لیقەومان بوو. دواتر هیندیك شەرەکە ئارام بۆوە، مامۆستا هەژارو مەلا باقی دەیانەویست بچنە لای بارزانی، منیش لەگەل ئەواندا چوومە لای کاك ئەحمەد تۆفیق لە پشتی گوندی بلی ی بارزانەوە، بە سواری کەلەك لە زیی بادینان پەرینەوە، لە کاتی پەرینەوەدا هەژار گوتی" ئەوجارە بکەوینە ناو ئاوەکە ئیتر هەرگیز سواری کەلەك نابینەوە" چونکە چۆمەکە ئەوەندە زۆر بوو کەسمان نەجاتمان نەدەبوو، کەلەکەکەش لە مەشکەو کوندە هەلبەسترابوو جیگای باوەرپیکردن نەبوو. بەو حالە گەیشتینە بارەگای بارزانی لە چیای پیریس و شیرین کە کەوتوونەتە نیوان ناوچەی بارزان و ئاکری، بەسەر هەردوو ناوچەدا دەروانی. رژیمەکانی تورکیەو ئیرانیش کە هیزەکانی خۆیان لە هەر چوار لاوە لە سنوری

باشوری کوردستان مۆل دابوو لەسەر لەناوبردنی شۆرشی کورد کوك بوون. بەو نیازەی کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی شۆرشگیرانی کورد بدەن و لەناویان بەرن. بۆ پیشگیری لەو پەلامارە چوار قۆلیە دەبوو سەرکردایەتی شۆرش دژی ئەو پیلانە شومەی ئەوان هەلویست بگریت. ئەوە یەکەم جاریش نەبوو کە داگیرکەرانی کوردستان دژی گەلی کورد بەرەیەك پیکدینن و بۆ لەناوبردنی شۆرشەکان پیلان بگیرن، بەلکو میژوو شاهیدی ئەو راستیانەیە کە دەولەتانی عەرەب و تورك و فارس بە دریژایی تەمەنی دەسەلاتیان، خۆیان بەسەر کورددا سەپاندووەو هەلویستی دوژمنکارانەی خۆیان نیشان داوە. بۆ ئەو مەبەستە بارزانی داوای لە ئەحمەد تۆفیق کرد کە کەسیك لە کادرەکانی حزبی دیموکراتی پی بناسینی بۆ ئەنجامدانی کاریکی تایبەت، کە دەبی بە پەلە سەفەریك بکات بۆ تاران و بچیتە بالیۆزخانەی سۆڤیەت لەسەر داوای بارزانی و کاك ئەحمەد بۆ ئەو سەفەرە ئەمن دیاری کرام. ئەگەرچی منیش ئەوەندە شارەزای ئەو شوینانە نەبووم، بەلام لەگەل ئەوەشدا بە دلەوە ئامادەگی خۆم بۆ ئەو سەفەرە دەربری و قبولم کرد. ئەو سەفەرە دەبوو لە ریگای نهینیەوە بکریت، بۆ رینوینی کردن پیویستیم بە چەند کەسیکی شارەزاو جیگای باوەر هەبوو، ئەو کارانەش بە کەسانیك دەکرا کە زانیاری و هۆشیاری تەواویان هەبیت و لە سیاسەت و کاری نهینی و دیپلۆماسیدا شارەزا بن، بۆ ئەو مەبەستە لە لایەن کاك ئەحمەدەوە کاك سەدیقی ئەنجیریم پی ناسینرا کە لە تاران دەژیا، کاتیش حەساس بوو، چارەنووسی شۆرش و کورد لە خەتەر دابوو، دوژمنان لە هەموو لایەکەوە دەوری شۆرشیان تەنیبوو بە مەبەستی لەناوبردن و توانەوەی شۆرش. ئەوەبوو لە ئاخرین مانگی بەهاری ١٩٦٣ دا ئەو ئامانەی بارزانی کە بۆ بالیۆزخانەی شورەوی نوسیبوونی وەرمگرتن و لە ناوچەی بارزانەوە بەرەو حاجی ئۆمەران کەوتمە ری، بۆ شارەزایش کاك مەلا باقی و عەبدولنستانی تا سنوور هاوسەفەرم بوون. لە سنوور ناوبراوانم بەجی هیشت، گەیشتمە گوندی دەلاوانی ناوچەی پیرانشار لە مالی سالح لاجانی کە ئەوکات ناوبراو ئاوارە نەببوو مامەوە ماوەی چوار رۆژ لە مالی ئەوان نەخۆش کەوتم کە کەمە دوکتوریەکەی خۆم فریام کەوت، چاك بوومەوە و چوومە شاری مهاباد. بە پیی ئەو ناونیشانانەی پیمدرابوو چوومە مالی دوکتۆر عەبدولای مەولەوی، لەویشەوە بۆ تەوریز. شەویك لە لای چەند قوتابیەك مامەوە کە

یەکێك لەوان حەسەنی ئەیوبی بوو پێم وایە ئەو کەسە دوای مامۆستا گۆران دەرچوو کە بەرپرسی بەشی قەزایی حزب بوو. ڕۆژی دواتر گەیشتینە تاران و لەگەڵ سدیق ئەنجیری نامەکانی بارزانیمان دا بە باڵیۆزخانەی شورەوی. (١٨) ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی نامەکان لە تاران مامەوە، لەو فرسەتەشدا گەلێك پرسیارم لەکاك سدیق کردن دەربارەی کۆمیتەی کاتی زۆر شتی بۆ باسکردم کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان پێدەکەم. هەروەها لە ڕێگای عەبدوڵای مەولەویەوە پەیوەندیم لەگەڵ دوکتۆر عەلی مەولەوی گرت کە لە زیندانی ڕژێمی شادا بوو، دەربارەی ئەوە قسەمان کرد بەڵکو بەهۆی پولەوە لە زیندان ئازادی بکەین. دەرکەوت کە بە بەرتیل دان بە ساواك و دانی ٥٠ هەزار تمەن کە ئەوکات یەکجار زۆر بوو، ساواك ئازادی بکات. کە هەر واشبوو، ئەو کارەش یەکێك لە مەئموریەتەکانم بوو کە دەبوو ئەنجامی بدەم، واتە ئەو پوولە بە برای دوکتۆر مەولەوی بدەم بۆ ئەوەی خەریکی ئەو کارە بێ. دیارە پوولەکە لەلایەن بارزانیەوە درابوو. دوای ئەو چەند ڕۆژە وەلامەکەم وەرگرتەوە، لە لایەن باڵیۆزخانەوە ئاگادار کرام کە بگەڕێمەوە بۆ لای بارزانی. گوتیان وەلامەکان لە مەرکەزەوە دەدرێتەوە بە مەرکەز، واتە لە ئیتحادی شورەوی بۆ سەرکردایەتی بارزانی. وەڵامی یەکیەتی سۆڤیەتیی هەرەشەو ئولتیماتۆمێك بوو کە لە لایەن دەولەتی شورەویەوە درایە دەولەتەکانی ئێران، تورکیەو سوریا کە هەرچی زووتر هێزەکانیان لە سنوری عێراق بکیشنەوە، ئەگینا دەولەتی شورەوی لە بەرامبەر ئەواندا بێدەنگ نابێت. بەو هۆیەوە لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا داگیرکەرانی کوردستان پاشەکشەیان بە هێزەکانیان کردو سنورەکانیان بەجێهیشت، ئەو جارەیان پیلانە چوار قۆلیەکەی ئەوان سەری نەگرت. دوایە ڕژێمی شا لە ڕێگای دۆستایەتی و هاوکاری کردن بە شۆڕش خۆی خزاندە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەو بە فێڵ و درۆ خۆیان لە بارزانی نزیك کردەوە، چارەنوسی شۆڕشیان بەرەو ئاسۆیەکی تاریك ڕاکێشا، کە هەموو کەس دەزانی و دوایە دەگەینە سەر ئەو باسە.

بەم جۆرە من لە سەفەرەکەم سەرکەوتوانە گەرامەوە کوردستان و لە لای کاك ئەحمەد تۆفیق ڕاپۆرتی سەفەرەکەم دایەوە بە بارزانی، دیاری و بەخششی بارزانی بۆ من ئەو کات یەك دەمانچەو قەلەم پارکیریك بوو، کە لە لایەن کاك فایقی ڕەحمەتیەوە پێمدرا، دواتر (٢٠٠)دیناریش وەك یارمەتی پێم گەیشت، هەر لەو سەفەرەشدا

هیندیك دوربینی چاو و دوربینی عەکاسی کە لە لایەن ئەندامانی حزبەوە وەك یارمەتی بۆ حزب لەگەل خۆم هینابوون، تەحویل بە بارەگای بارزانی دران و بۆ پیشمەرگە لە بەرەکانی شەر کەلکیان لی وەرگیرا. ئەو سەفەرەی من لە روانگەی شۆرش و حزبەوە بە کاریکی باش دانراو بە قازانجی شۆرش و گەلی کورد تەواو بوو، بەلام چونکە من لەو سەفەرەدا لە لای هاوریانی حزبی چ لە تاران چ لە مهاباد، بەتایبەتی لە لای کاك سدیقی ئەنجیری لە تاران و کاك ئەمیری قازی لە مهاباد، لەسەر وەزعی تەشکیلاتی حزب و شیوەی هەلسوکەوتی کاك ئەحمەد بەرامبەر بە کادرو پیشمەرگەکانی حزب، هیندیك دووابووم و رەخنەم لە کارەکانی کاك ئەحمەد گرتبوو، خیرخوایەکیش بۆ نیشاندانی نیاز پاکی خۆی لە بەرامبەر کاك ئەحمەد دا، هەموو ئەو قسانەو هیندیك بە زیادەوەش بۆ کاك ئەحمەدی نووسیبوون و نامەکەش هەر بۆ خۆم هینابووم و تەحویلی ئەوم دابوو! پاشان ئەو برادەرە لە نزیکەوە کاك ئەحمەدی لە من باشتر دەناسی، لەگەل ئەوەش کە کاك ئەحمەد هەمیشە ریزی لە من دەگرت و نەیدەهیشت بچمە ریزی مخالیفانی خۆی، هەر لەو سەردەمەشدا ناکۆکیەکان بە شیوەی سرت و خورت و پسکە پسك دەستی پی کردبوو. تا لە بەهاری ١٩٦٤ دا بەهۆی فشاری هیندیك لە هاوریانی حزبی دوو بنکەی سەرەکی بەنیوی حزبی دیموکرات کرانەوە. یەکیان لە گوندی سونیی سنوری سەردەشت قەلادزە کە ماوەیەك مەلا سەید رەشیدی لی بەرپرس بوو، ئەوەی تر لە حاجی ئۆمەران کە کاك سەعید کویستانی کارەکانی حزبی لەو بنکە را ئەنجام دەدا. بە کردنەوەی ئەو دوو بنکەیە هیندیك کار کران و کادرەکان بەشیکیان گەرانەوە رۆژهەلات و تیکۆشانی خۆیان دەست پیکرد، ئەو دوو بنکەیە لەسەر سنور بۆ پەیوەندی گرتن بە کوردستانی ژیر دەسەلاتی ئیران و ئەنجامدانی کاروباری حزبی بە قازانج بوو، خەلکیکی زۆر لە کوردستانەوە دەهاتن و پەیوەندیان دادەمەزراندو بەشیکیان هەر نەدەگەرانەوەو دەبوونە پیشمەرگە. رۆژ بە رۆژ رەوشی حزب گۆرانی بەسەردا دەهات و گەشەی دەکرد، لە ژیرەوەش ناکۆکی و دووبەرەکی بە شیوەی تەبلیغاتی ناسالم دژ بە یەکتر لەناوخۆی حزبدا پەرەی دەستاند. هیندیك کەسانی غەیرە حزبی هاتبوون کە خەبات بکەن لە حزبی دیموکراتدا کە ئەوانە لە دروست بوونی ناکۆکیەکانی نیو حزبی دیموکرات نەخشی خەراپیان هەبوو. ئەو کەسانە بریتی بوون لە کاك سەلاحی

موهتەدی، محمدی ئیلخانی زادە بەناوی نهینی " مستەفا" و کاوە، عومەر نگلی، مەلارەحمان و مەلا عومەر و چەند کەسیکی دیکەش لەو بابەتانە. دواتر چۆنیەتی دژایەتی ئەوان لەگەل حزبی دیموکراتدا زیاتر پەرەی گرت بەلام ئەو جەماعەتە لە هیچ بواریکدا سەرکەوتوو نەبوون.

## دروست بوونی کۆمەلەی رزگاری

## ئاکامەکەی ولیکدابرانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان...

بەداخەوە سالی ١٩٦٤ بوو بە سالی لیکدابران و ناکۆکی نیوان ئەندامانی حیزبی دیموکرات و ئەو کەسانەی خۆیان بە سمپاتیک ی حیزبی دیموکرات دەزانی. لە لایەکی دیکەشەوە لیکترازانی ریزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە تایبەتی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەل بارزانی، ببونە دوو بەشی جیا لەیەکتر. مەکتەبی سیاسی ئەو کات مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتیری پارتی بوو کە هەلویستیان گرت و بە قەولی خۆیان دژی تاکرەوی و دیکتاتۆری بارزانی ئەو کارەیان ئەنجامدا. بەلام لەراستیدا هەموو ناکۆکیەکانی نیوان پارتی و بارزانی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلات بوو لەنیو پارتی و جولانەوەدا، کە دوایش بە جیابوونەوەی بەشیك لە پارتی لە سەرکردایەتی بارزانی ئەو راستیە بە باشی دەرکەوت، هەروەك دروست بوونی کۆمەلەی رزگاری لەلایەن سەلاحی موهتەدی، محمدی ئیلخانیزادە، عومەر نگلی و مەلا رەحمان چەند مەلای دیکەی کەم خویندەوار کە لە بن بالی حزبی دیموکرات قوت ببوونەوەو دژی حزبی دیموکرات کەوتنە جموجۆل و بەنیوی موخالیفە لەگەل ئەحمەد تۆفیق ئەوەی شتی خراپ بوو دەرهەق بە حزبی دیموکراتیان کرد. ئەو کۆمەلە بۆ ماوەیەك لە کوردستان لە ژیر ئەو ناوە کاریان دەکردو بەناو لە دژی شاو ساواك خەباتیان دەکرد. بەلام لە راستیدا دژی حزبی دیموکرات کەوتنە تەبلیغات، دەیان بوختانیان بە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو کاتی حزب دەکرد، تەنانەت کەمتر باسی رژیمی شاو ساواکیان دەکرد. بەداخەوە ئەوانە گەورەبوونەوەی خۆیان لە چکۆلەکردنەوەی حزبی دیموکراتدا بەدی دەکرد. هەروەك ئیستاش ئەو کەسانە هەمان بۆچونیان هەیە. سەرەنجام نەیانتوانی لەنیو خەلکی کوردستاندا پەرە بە نفوزی خۆیان بدەن، چونکە کۆمەلەی رزگاری ئەوکات لە

باری سیاسیەوە بە قازانجی کورد پیك نەهاتبوو، بەلکو بۆ ناکۆکی و دووبەرەکایەتی ساز کرابوو و رەنگی سیاسی لی درابوو. ئەو کۆمەلە زیاتر لە نفوزی دەرەبەگەکان و عەشیرەتەکانی کوردستان لە هەردوو بەشی کوردستانی گەرمین و کویستان و کەسانی سەر بە رژیم و ساواك دژ بە حزبی دیموکرات و میللەتی کورد کەلکیان وەردەگرت. دیارە تا ماوەیەکیش هەندیك خەلکی ساویلکەو کۆلکە مەلای نەخویندەوار لەکوردستان هاوکاری ئەو کۆمەلەیان دەکرد. بۆ پەیوەندی گرتن لەگەل دەولەتی عیراق لە ریگای موخالفانی حزب و ئەحمەد تۆفیقەوە توانیان پەیوەندی خۆیان دابمەزرینن، کە ئەوکات مامۆستا عبدالرحمان زەبیحی " مامۆستا عولەما" ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بوو، ئەو بەشەی لە بارزانی جیاببۆوە، لە ریگای ناوبراو و چەند کەسیکی ترەوە بۆ ئەو مەبەستە کەلکیان وەردەگرت، بەلام پتر مامۆستا زەبیحی لەم بارەوە نەخشی خراپی هەبوو و بەم ناوە دژایەتی خۆی لەگەل حزبی دیموکرات دریژە پیدەدا. مەکتەبی سیاسی دابراو لە بارزانی واتە مامۆستا برایم ئەحمەدو مام جەلال دەوری باشیان نەبوو، لەو پەیوەندیەدا پشتیوانیان لە کۆمەلەی بەناو رزگاری دەکرد.

هەروەك باسمان کرد سەرکردایەتی پارتی ببوو بە دوو بەش، مەکتەبی سیاسی بنکەو بارەگایان لەناوچەی ماوەت و کیوەرەش دامەزراندبوو، ناکۆکی ئەو دوو لایە کە زۆر پیشتر ریشەی داکوتابوو، رۆژ بە رۆژ زیاتر پەرەی دەستاند، بەلام ئەوکات دژایەتیەکە هەر بەشیوەی راگەیاندن سەرو گویلاکی یەکتریان دەکوتا. ئیدی ئەوجار مەسەلەکە تەقیەوە و بە ئاشکرا لەناو ریزەکانی شۆرشدا ئەو دوو لایەنە دژ بە یەکتر راوەستان، دواتر بەگژ یەکتر داچوون. ئاکامەکەی بە زیانی گەلی کورد تەواو بوو. ئەو کیشەو ناکۆکیانە سەرچاوەیان دەگەرایەوە بۆ سەر بەدەستەوە گرتنی دەسەلات کە لە نیو هەردوو لادا ئەو هەستە زۆر بەهیز بوو، با ئەو راستیەش نەشارینەوە کاك ئەحمەد تۆفیق لە دروست بوونی ناکۆکی نیوان ئەو دوو لایەدا دەوری ناشۆرشگیرانەی گیرا، کە هیچ پەیوەندیەکی بە حزبی دیموکراتەوە نەبوو، لە جیاتی ئەوەی دوو قسەی باش بکات و نەهیلی ناکۆکیەکانی ئەوان پەرەبستینن، بەداخەوە بۆ خۆی بوو بە پووشوو و ئاگرەکەی خۆشتر کرد. ناکۆکی پارتی و بارزانی لە خۆوە دروست نەببوو، لە لایەك هیندیك لە شیخ و دەرەبەگەکانی کوردستان خۆیان

خزاندبوو بن بالی بارزانی و دوژمنیان لەنیوان هەردوو لادا دەکرد، بە قسە پشتیوانی خۆیان بۆ بارزانی رادەگەیاند، لەولاشەوە پشتیوانیان لە قسەی مام جەلال و پارتیەکەی دەکرد. کاک ئەحمەد تۆفیقیش بەناهەق دژایەتی پارتی و پشتیوانی بارزانی دەکرد، جگە لەوەی هەردوو لا تووشی مل بەرزیی و سەرەرۆیی ببوون لە پیناوی دەسەلاتدا، بەلکوو لەسەر ووتویژ لەگەل عیراقیشدا کۆك نەبوون و هەردوو لای بە قسە فریو دەدان و هەلی دەخەلەتاندن و فیلیان لەیەکتر دەکرد. دەولەتی عیراقیش هەر دوو لای بە قسە فریودەدان و بەگژ یەکتری دا دەکردن. کە سەرەنجام هەردوو لا بەلایەکی گەورەیان بەسەر پارتی و میللەتی کورد داهینا، ئیستاش کە ئیستایە ئاسەواری ئەو ناکۆکیانە بە جەستەی گەلی کوردو هەردوو لایەنەوە دیارەو بەردەوامیش کیشەکانیان دووپات و چەند پات کراونەتەوە و دەکرینەوەو مەعلومیش نییە چارەسەری یەکجاریان بۆ بدۆزنەوە.

## چونەوەی کادرەکانی حزب بۆ کاری تەشکیلاتی و سەرهەلدانی ناکۆکی

لە سالی ١٩٦٤دا قۆناغیکی پر لە کیشەو جەنجال پیکهات بۆ حزبی دیموکرات. بەهۆی دامەزراندنی بنکەکانی حزب لە گوندەکانی سونی و حاجی ئۆمەران، هیندیك زەمینەی کارکردن لەنیو خەلکدا بۆ کادرەکان پیکهاتبوو. ناکۆکیەکانی نیوان ئەندامان و کادرەکانی حزب لەگەل کاك ئەحمەدو هاوبیرەکانی وردە وردە شکلی دەگرت، نامۆیی و دوردۆنگی بەشیوەی جۆراو جۆر لە هەردوو لادا خۆی دەنواند. کارو تیکۆشانی حزبی لەو قۆناغەدا دەبوو رەوتی خۆی بپیوی و کادرەکان بچنەوە نیو خەلك، بەم جۆرە بەشیك لە کادرەکانی حزبی گەرانەوە بۆ کوردستانی ژیر دەستی ئیران. کاك فایق لەگەل دەستەیەك لە کادرو پیشمەرگەکان بۆ ناوچەی مهابادو مەنگورایەتی، کاك سەعید کویستانی لەگەل چەند کادرو پیشمەرگەیەك بەرەو ناوچەکانی پیرانشاو نەغەدەو ئیمەش وەك کادر و ریبوار وەك هاوکاری کادر بۆ مەلبەندی سەردەشت دیاری کراین.

هەروەك پیشتر باسم کرد کە بریار بوو دوکتور عەلی مەولەوی بە پولیك لە زیندان ئازاد بکری بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن کاك ئەحمەدەوە پوولیکم پیدرا کە هەمووی دۆلار بوو کە بارزانی دابووی بە کاك ئەحمەد بۆ نەجاتی دوکتور عەلی مەولەوی لە زیندان.

بۆ گەیاندنی ئەو پولە لەگەل فەتاح برای کاك هەباسی خەلکی ماسوی، چووینە مەهاباد، لەوی بەهۆی مالی عەلی شەوقیەوە دوکتور عەبدلا مەولەویم پەیدا کردو هەروەك پیشتر باسم کرد پولەکەم پیداو گەرامەوە مەلبەندی سەردەشت. دوکتور عەلی بەو پولانە لە زیندان ئازاد کرا بەلام پیشتر کە قەرار بوو بیتەوە ناو حزب، دوایی و تا ئیستاش نەهاتەوە ریزی حزبی دیموکرات و ناو شۆرشی بارزانی. ئەویش هەر باوەری بە هاوکاری لەگەل ئەحمەد تۆفیق نەبوو. لەولاشەوە بەهۆی مەسئولیەتیك كە لە لایەن حزبەوە پیم سپیردابوو، دەبوو لە ماوەیەکی کەمدا تەشکیلاتی مەلبەندی سەردەشت زیندو بکریتەوە کە دوای پەلاماری سالی ١٩٥٩ لەلایەن ساواك و رژیمی شاوە لیکهەلوەشابوو. هەر لەو گەرانەوەدا سەردانی کۆمیتەی میراوەم کرد کە کاك فایق دایمەزراندبوو، ئەندامانی کۆمیتە کە ئەو کەسانە بوون مەلا نەجمەدین لاجانی، عەزیز ئەحمەد، عەزیزی سەلیم ئاغا کە دواتر هەرسیکیان لەلایەن ساواکەوە دەستگیر کران و ماوەی چەند سالیك لە زیندانی رژیمی شادا مانەوە. عەزیز ئەحمەد یەکیك لەو کەسانە بوو کە دواتر لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە تەسلیم بە رژیمی شا کرایەوە، بەلام تەمەنی کەمبوو ئیعدام نەکراو پاشان لە زیندان ئازاد کرا. لە گوندەکانی مام کاوەو داوداوەش کۆمیتەیەکی سی کەسیمان لە حاجی محمد و حاجی رەسول و مەلا برایم پیکهینا. بۆ گرتنی پەیوەندی خەلك بە حزبەوە لە سنورەوە بۆ گوندی سونی ئەوان دەوری باشیان هەبوو و کارو تیکۆشانی خۆیان لەو ناوچەیە ئەنجام دەدا. کە بەداخەوە ئەوانیش دواتر کەوتنە داوی ساواکەوە کە دوای دوو سال زیندانی کیشان ئازاد کران و هاتنە باشوری کوردستان. هەر لەو سەفەرەشدا کاك مەلا ئەحمەدی خالەیی کە ئەوکات لە حوجرەی فەقییان دەرسی دەخویند، بۆ شارەزایی و ناسینی خەلك لەگەلمان کەوت، ناوبراو زۆری هاوکاری کردین، دەوری شۆرشگیرانەی خۆی بینی کە تا ئیستاش بەکردەوە لەمەیدانی تیکۆشاندا ماوەتەوە.

ئەوکات کۆمیتەی سەردەشت بەهۆی نفوزی حزبی توودەوە لەق و لۆق ببوو، هیندیك لە برادەران بەلای حزبی توودە داشکابوونەوە. بۆ بەهیزکردنی کۆمیتەی سەردەشت پیویستیمان بە چەند کۆمیتە ناوچە هەبوو کە دەبوو کارەکانی تەشکیلاتی و راگەیاندن لە ناوچەکەدا ئەنجام بدەن. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیمان

گرت بەماموٚستا مەلا عەبدولای حەسەن زادە کە ئەو کات مەلای دیی شیوەسەل بوو ئیستاش کە من ئەو بیرەوەریانە دەنووسم ناوبراو سکرتیری حزبی دیموکراتی کوردستانە. ماموٚستا هەر ئەو کات پییەوە دیار بوو کە لە دواروٚژدا دەتوانی دەوری گرنگی هەبیت لە حزبی دیموکراتدا، بە هاوکاری ناوبراو کوٚمیتەیەکمان دامەزراند بەنیوی کوٚمیتەی ''دمچوٚم''، دوو روٚژ لە موچەی چەکوٚ و روٚژی دواتر لەسەر چوٚمی کەلوی کوٚبوینەوە ئەو کەسانە بوٚ کوٚمیتەکە دیاری کران، عەبدولا حەسەن زادە، مەلا رەسوو بیشاسپ، حاجی حمە خانی بیشاسپ. بەرپرسایەتی ئەو کوٚمیتەیە خرایە سەر شانی ماموٚستا عەبدولا حەسەن زادە. باشم لە بیرە ماموٚستا ئەو روٚژە گوتی'' ئەوە یەکەمجارە لە حزبی دیموکراتدا بەرپرسایەتی وەردەگرم''. دواتر بەرەو ناوچەی رەبەت و گەورکایەتی کەوتینە ری، لەویش بە دوای کوٚنە هاورییانی حزبیدا دەگەراین. ماموٚستا مەلا خدری سارکی تازە لە زیندان ئازاد کرابوو، هیشتا هەر لە ژیر چاوەدیری دوژمن دابوو بەلام بەو حالەش ناوبراو ئازایانە حازر بە هاوکاری بوو و کوٚمیتەیەکمان بە نیوی کوٚمیتەی زمزیران لەو کەسانە پیکهینا. ماموٚستا مەلا خدر عەباسی، شیخ محمد حسینی، فەقی هەمزە کە قوتابی ماموٚستا مەلا خدر بوو. مەلا خدر عەباس یەکیك لە تیکوٚشەرە بەناوبانگەکانی حزبی دیموکرات بوو مەسئولیەتی کوٚمیتەی پی سپیردرا، ئەو کوٚمیتەیەش کارو تیکوٚشانی خوٚی دەست پیکردەوە. ماموٚستا مەلا خدر نەك هەر بەرپرسی ئەو کوٚمیتەیە بوو بەلکو رینوینی هەموومانی دەکرد لە کاروباری سیاسی و تەشکیلاتی دا.

کوٚمیتەی سەردەشتیش لەو کەسانە پیك هاتبوون کە دوویان تازە لە زیندان ئازاد ببوون، ئەو کەسانەش بریتی بوون لە حەمەدەمین حەسەن پوور، ئیسماعیل زادە، محمد قادر زادە. ئەو کات کاك کەریم حەدادیش کاری لەگەلدا دەکردن کە دواتر هاتە کوردستانی گەرمین و لە قەلادزی گیرسایەوە. لەو کاتەدا کوٚمیتەی شار تیکوٚشانی بەرچاویان هەبوو جیگای بروای خەلکی سەردەشت بوون، بەهوٚی ئەوەی کە رابردوویەکی پاکیان هەبوو زوٚربەی خەلك خوٚشی دەویستن. لەو کاتەشدا ئەوان تازە لە زیندان ئازاد ببوون خەلك گویرایەلی قسەکانی ئەوان بوون هەرچەند ساواك چاوەدیریەکی زوٚری خستبوونە سەر بەلام ئەوان نەترسانە کاری خوٚیان دەکرد، محمد قادر زادەش لەناو شاردا بوٚ هاندانی خەلك دەوری بەرچاوی هەبوو، زوٚربەی

کارەکان ئەو ئەنجامی دەدان. لە ناوچەی بلفەتیش کۆمیتەیەک دروست کرا، ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە مەلا سەید رەشید حسین، فەقی پیرۆت، حەمە مام حەسەن لە بیورانی سەرو قادر عبدالخالق. کەریمی حاجی عەلی هاوار سیمان، حاجی حەسەن میر شیخ هەیدەر. ئەو کۆمیتەیەش کارو تیکۆشانی خۆی دەست پیکرد. بەداخەوە دواتر مەلا سەید رەشید لە لایەن ساواکەوە دەستگیرکراو بۆ ماوەی دوو سال لە زینداندا ماویەوە، پاشان لە گوندی "دەشتیو"ی سەر بە قەلادزە بەدەستی خائینیک کە بەکریگیراوی ساواک بوو شەهید کرا. لە ناوچەی دەرماناوا و قازان کۆمیتەیەک لەو کەسانە دیاری کرا، مەلا محمدی ئەسپە میزە، کویخا عەبدولا دیوانە، کویخا حسین قولە سویرو، محمد خەلکی فەقی سیمان و حاجی عەولا بیران، ئەو کۆمیتەیەش کاری خۆی دەست پیکرد.

ئەوجار بەرەو ناوچەی ئالان رۆیشتین. بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە لە شاری سەردەشت دوور بوو و لە باری جوگرافی و سروشتیەوە تایبەتمەندی خۆی هەبوو و ناوچەیەکی تا رادەیەک سەربەخۆ بوو کە چەند چین و تویژی جیا لەیەکی تیدا دەژیت، هەروەها بۆ دوارۆژی حزبیش بە گرینگ لە قەلەم دەدرا، هەر بۆیە بریارماندا دوو کۆمیتە لەو ناوچەیەدا دامەزرینین. یەکەم کۆمیتە لە گوندی بیژوی بوو کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە مەلا ئەبوبکر شەریعەت پەنا، خدر عەبدالی، عمر خەیات کە جار جار پیمان دەگوت "عمر خەیام" چونکە ناوبراو لاسای خەیامی دەکردەوەو لەگەل بابەتەکانی تیکەلاو ببوو. ئەوان بۆ خۆیان کارەکەیان لە نیوان خۆیاندا دابەش کرد، ئەو کۆمیتەیە ناوی لینرا کۆمیتەی "هومل" کە نیوی کیویکی بەرزە لەو ناوچەیەدا. دواتر لە دەوروبەری گوندەکانی بیتوش و ئەشکانیش، ئەو کەسانە وەک کۆمیتەی حزب دیاری کران، وەک قازی عەولای بیتوشی، حاجی محمدی ئەشکان، حاجی برایمی هەرزنی، ئەو دوو کۆمیتە لە ناوچەی ئالان زۆر جیگای ئومید بوون بۆ حزب و تیکۆشانی بەرچاویان هەبوو. تا حزبی دیموکرات تووشی لیکترازان نەببوو ئەوان راپۆرتی کارو تیکۆشانی خۆیان لە ریگای منەوە دەناردەوە بۆ ریبەری حزب، کە ئەوکات ئەحمەدو کاک فایق بوون.

ئەو گەشتە بۆ من و بەشیک لە هاورییان جیگای دلخۆشی بوو، جیگای هیواو ئومیدیک بوو بۆ بوژانەوەی حزبی دیموکرات. جا رەنگبی لە ناوچەکانی دیکەش کە

من ئاگاداریم بەسەر تێکۆشانی ئەواندا نەبووە، ئەوانیش توانیبیتیان سەرکەوتوانەتر کارەکانیان ئەنجام بدەن. دوای نزیك بەیەك مانگ و نیو گەڕاینەوە بنکەکانی خۆمان لە سونی و حاجی ئۆمەران. بەداخەوە لەو هەلومەرجەدا لەبەر تاك ڕەوی و سەرەڕۆیی کاك ئەحمەد تۆفیق و خۆ بەگەورە زانینی ناوبراو لە لایەك و لەلایەکی دیکەشەوە مل نەدانی ئەندامان و کادرەکانی حزب بە فەرمانی ناوبراو، هەروەها کەم ئەزموونی بەشێك لە کادرو ئەندامانی حزب ئەوەندەی دیکەش ڕیزەکانی حزبی لێکهەلوەشاندبوو، ناکۆکیەکان لەناو حزبدا بەوپەڕی خۆیان گەیشتبوون. چەند کەسانێك بە نهێنی لەناو حزبدا کۆمیتەی جیا لە حزبیان پێکهێنابوو، ئەو کەسانەش بریتی بوون لە کاك حوسێنی مەدەنی، کاك سەعید کوێستانی، کاك قادر شەریف، دواتریش کاك حەسەن "ڕستگار"ی پیوە زیاد بوو، کە دواتر کۆمیتەی ساغکەرەوەی لێدەرچوو. ئەو کۆمیتەیە لەناو حزبدا کاری دەکرد، بەشێك لە کادرو پێشمەرگەکان لایەنگیریان لەو کۆمیتەیە دەکرد، بەلام بەهۆی کەسانێك کاك ئەحمەد و کاك فایق لە بوونی ئەو کۆمیتەیە ئاگادار کرابوون کە شتێك بەو ناوە لە ئارادایەو هەڕەشە لە دەسەلاتی ئەوان دەکات، هەربۆیەش کاك ئەحمەد بێبەزەیانە کەوتە بەربەرەکانی لەگەل ئەواندا و بەنیوی ئەوەی کە ئەوانە پەیوەندیان بە مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلالەوە هەیە، لەلای بارزانی دوو زمانی لێدەکردن و، ڕۆژێك چەند کەسێك لە بارزانیەکان و چەند پێشمەرگەیەکی کاك ئەحمەد پەلاماری هاوڕێیانیانداو لە گوندی سونی دەستگیریان کردن و چەك کران. بەداخەوە هەتا ئەو دوایانەش ئەگەر ئەندامان یان کادرەکان ڕەخنەیەکیان لە ڕێبەرایەتی حزب گرتووە، ڕێبەران قەت حازر نەبوون لە ڕێگای مەنتق و وتوویژەوە باس و لێکۆلینەوە لەسەر ناکۆکیەکان بکەن و چارەسەریان بکەن، بەلکوو بە هەموو شێوەیەك کە بۆیان لواوە موخالیفانی خۆیان سەرکوت کردوەو لەناویان بردوون، هەروەك ئەسعەد خوایاری کە لە ڕێگای سونی قەلازدی بە پیلانی کاك ئەحمەد تیرۆر کراو دواتریش کاك سەدیقی ئەنجیری لە چۆمان و ناوچەی بالەکایەتی هەر ئەوەی بەسەرهات و چەندین ڕوداوی لەوانە دلتەزینترو داخدارتر بەهۆی دیکتاتۆری ڕێبەرەکان و مل نەدانیان بۆ دیموکراسی و ڕێزدانەنان بۆ نەزەر و بۆچوونەکانی جیا لە بۆچوونی خۆیان لە حزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتۆتە پێش. بەم شێوەیە زۆربەی نارازیان لە کاك ئەحمەدو کاك فایق کە

پەیوەندیشیان بە کۆمیتەی ساغکەرەوە نەبووبی لە باری تەشکیلاتیەوە. لە شاری قەلادزە یەکمان گرتەوە، تا ماوەیەك بۆ دابین کردنی ژیانمان هەر کەسەمان خەریکی کارکردن بووین لە کریکاری را بگرە هەتا دوکانداری، کاك سەید حەسەنی هاشمی و مەلا رسول پیشنماز دوکانی بالتۆ فرۆشیان هەبوو، ئەمنیش لە دوکانی ئەواندا هیندیك رادیۆم دانابوون بۆ فرۆشتن. من و حەسەنی قازی لە ژوریکدا پیکەوە بووین، دوکانی کاك مەلا رەسول و کاك سەید حەسەن ببوو بە بنکەی نارازیان لە ئەحمەد تۆفیق. خەلکی شاری قەلادزی ببوون بە پشت و پەنای ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و لە زۆر بواردا هاوکاریان دەکردین. لەو کاتەدا مەلا مستەفا بارزانی بەهیزیکی زۆرەوە هاتە ناوچەی رانیەو پشدەر ئیمەش وامان بە باش زانی بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانی خۆمان لەگەل کاك ئەحمەد، داوا لە بارزانی بکەین ببیتە حەکەم و ریگا چارەیەك بدۆزیتەوە تا بتوانین پیکەوە دریژە بە تیکۆشان بدەین. بۆ ئەو مەبەستە ئەم چەند کەسانە دیاری کران کاك حەسەن رستگار، کاك حسین مەدەنی، کاك سەعید کویستانی، خدر محمد پوور"نووسەر". مەلا رسول پیشنماز، مامەندی قازی و یەك دوو برادەری دیکەش کە ناوەکانم لەبیر نەماون. بەمجۆرە لە شارۆچکەی سەنگەسەر کە ئەوکات بنکەیەکی حزبیشی لیبوو، دیداری بارزانیمان کرد. دوای ماوەیەك کە یەك یەکی ئیمە قسەی خۆمان کرد کاك ئەحمەد و کاك فایقیش وەلامی ئیمەیان دایەوە. بارزانی لەکاتی گوی راگرتن لە قسەکانی هەردوو لامان خەریکی تاشینی داریکی باریك بوو. دوای قسەکانی هەردوو لامان، بارزانی وەك ریبەری جولانەوەی کورد هاتە دەنگ و لە جیاتی ئەوەی ویست و داخوازیەکانی ئیمە هەلسەنگینی و ریگا چارەیەك بۆ کیشەکان بدوزیتەوە، بەداخەوە بە پیچەوانەی ئەو چاوەروانیەی ئیمە بە هەرەشە و گورەشە لی کردنەوە داکۆکی لە کاك ئەحمەد کردو وەلامیکی توندی ئیمەی دایەوە. سەرنج راکیش ئەوەبوو کە لەسەر بەکارهینانی ووشەی مامۆستا بە بارزانی کە کاك سەعید کویستانی لە نیوانی قسەکانیدا دەیگوتوو دووپاتی دەکردەوە، کاك سەعید زیندانی کراو ئیمەش بە دلی شکاوەوە کە هیندیك سەرزەنشتی کردین گەراینەوە قەلادزی. دیارە پیشتر کاك ئەحمەد لەسەر وەزعی ئیمە بارزانی خراپ حالی کردبوو، تۆمەتی جەلالی بوونی لیدابووین، ئەوکاتیش بارزانی دژی ئەوان بوو. ئەوانیش دژی بارزانی هەلویستیان

گرتبوو، لە حالیکدا ئیمە تا ئەو کات هیچ پەیوەندیمان بە مام جەلال و مامۆستا برایم ئەحمەدەوە نەگرتبوو. دوای چەند رۆژیک کە جیژنی قوربان یان رەمەزان هات برادەران نامەیەکیان بۆ بارزانی نووسیبوو داوای ئازادکردنی کاك سەعیدیان کردبوو مامەندی قازی نامەکەی گەیاندە بارزانی و کاك سەعید ئازاد کرا. بارزانی کە دەیزانی وەزعی ژیانمان زۆر خراپە بە نیوی جەژنانە پولیکی بۆ ناردین، ئەو پولە هەرچەند زۆر کەم بوو بەلام بۆ ئیمەی نەدار جیگای خۆی گرت و هیندیك بووژاینەوە.

هەر چۆنیك بوو لە قەلادزە ژوریکمان لە عەولای مامە لاوە وەرگرت و هەم تییدا دەژیاین و هەم کۆبوونەوەشمان تیدا دەگرت. رۆژ بە رۆژ ژمارەی نارازیان لە ئەحمەد تۆفیق زیادی دەکرد کە بەشیکیان دەهاتنە لای ئیمە یان بۆ خۆیان خەریکی ژیان دەبوون. کاك ئسماعیل شەریف زادەو کاك حەمەدەمین سیراجی هەر لە قەلادزی دەژیان و دژی ئەحمەد تۆفیق تەبلیغاتیان دەکرد، بەلام ئەوان پەیوەندیەکی ئەوتۆی تەشکیلاتیان بە برادەرانی کۆمیتەی ساغکەرەوە نەبوو. من ئەو کات مەئموریەتم پیدرا کە سەردانیکی مەلبەندی سەردەشت بکەم چونکە پیشتر شوینی کارو تیکۆشانی من بوو، کە چوومەوە هیندیك چەك و پولم لە خزمانی خۆم وەرگرت و لەگەل سی چوار پیشمەرگە سەردانی بەشیك لە کۆمیتەکانم کرد کە پیشتر بۆ خۆم پیکهنەریان بووم و لەسەر بەشیك لە گیروگرفتەکانی نیوخۆی حزب و هەلویستی کاك ئەحمەد بەرامبەر بە ئەندامانی حزب قسەم بۆ کردن، ئەو وەزعە بۆ ئەوان زۆر ناخۆش بوو، لەلایەك منیان وەك بەرپرسی حزب لەو ناوە دەناسی و پەیوەندیەکانیان لە ریگای منەوە بە حزبەوە بەسترابوو، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی چەند پیشمەرگە لەلایەن کاك ئەحمەدەوە ئاگادار کرابوون کە هاوکاری ئیمە نەکەن. بەلام ئەوان لەگەل ئەوەشدا یارمەتیەکی باشیان پیکردین و هەلویستی کۆمیتەی ساغکەرەوەیان بە دروست زانی. دوای چەند رۆژیك کە کارەکانم تەواو بوو، گەرامەوە قەلازدی و بەو یارمەتیەی کە وەرمگرتبوو بۆ ماوەیەك بووژاینەوە. لەولاش کاك ئەحمەد کە خەبەری سەفەری منی پیدەگات زۆر نارەحەت دەبی، چونکە کاك ئەحمەد لە ریگای چەند کەسیکەوە لەناوچەکە تەئیدی ئەویان دەکرد بە نامە ئاگادار کرابوو، کە من لەم سەفەرەدا هەلویستی خراپی کاك ئەحمەدم بەرامبەر بە ئەندامانی حزب بە خراپ لە قاو داوەو هەلسوکەوتەکانی ئەوم بە خراپ زانیوە. بەو هۆیە کاك ئەحمەد زیاتر لە

جاران دەیویست بە هەر شێوەیەك بۆی بلوێ من لە هاوڕێیان جیا بکاتەوەو بەلای خۆیدا ڕاکێشم بکات. بۆ ئەو مەبەستە کاك حەمەدی ڕەش کە خەزوری کاك فایق بوو پێی ڕاگەیاندم کە لە مالی حاجی کاکەلای شۆڕی لە قەلادزە لە نزیکەوە دیداریکی کاك ئەحمەد و کاك فایق بکەم. ویستم بە قسەی کاك حمەدی ڕەش نەکەم بەلام زۆری قسە کردو ناچار لەگەل ناوبراو چوومە لای ئەوان. کاك ئەحمەد تۆفیق زۆر بە حورمەتەوە بەخێرهاتنی کردم. کە بۆ خۆم ئەو چاوەڕوانییەم لە کاك ئەحمەد نەبوو. بەلام لە ئەنجامی ووتوویژدا نەگەیشتینە ئاکامیك بە قازانجی ئەو بێت هەر بۆیە لەگەلم بەشەر هات ئەگەر چەند خزمیکی خۆم لەگەلدا نەبایە. بێگومان تووشی کیشەیەك و هەلایکی زۆر دەبووم لەگەل ناوبراودا. قسەشی ئەوەبوو کە من واز لەو جەماعەتە بە قسەی کاك ئەحمەد بەزیوانە بینم و چارەنووسی خۆم لەگەل چارەنووسی ئەوان تێکەل نەکەم. کە مەبەستی کۆمیتەی ساغکەرەوە بوو. بەتایبەتیش کە چاوی بەو ڕەسیدە کەوت کە بە ئیمزای کاك قادر شەریف و کاك مەلا حەسەن ڕستگار پێم بوو. یەکسەر خۆی سور کردەوە و دابەزیە سەر من و ئەوان و زۆر قسەی ناشیرینی کردن، بەلام منیش وەلامی قسەکانی ئەوم دایەوە، کورد گوتەنی" جەوابی تەحەی پەحەیە" هەردەبوو بەو جۆرەش وەلامی بدەمەوە، ئەمن چوومە دەری و زۆرم گلەیی لە حەمەدی ڕەش کرد کە من لەبەر حورمەتی ئەو چووم بۆ لای ئەحمەد تۆفیق، ئەگینا من و ئەو تازە پساندبوومان. دیاربوو دواتر کاك حمەدی ڕەش گلەیی لە کاك ئەحمەد کردبوو. بۆیە بەیانی دیسان بە تەکلیفی کاك فایق و کاك حمەدی ڕەش چوومە کۆبوونەوەی حزبی کە لە گوندی سونێ بەسترا، کاك ئەحمەد بە ئامادەبوونی هەموویان داوای لێبووردنی کردو گوتی" من ئەعسابم نەخۆشەو دەبێ لێم ببووری" بەم جۆرە لەگەل کاك ئەحمەد ئاشت بووینەوە، لەکاتێکدا لەگەل کۆمیتەی ساغکەرەوەشم کار دەکرد بەرامبەر بە من تێبینی خراپی نەبوو.

سەیر ئەوەیە تا ئیستا جارێك لە جاران ڕێبەرانی حزب و جولانەوەکانی کوردستان بە گشتی و سکرتێرەکانی حیزبی دیموکرات بە تایبەتی هەولی ئەوەیان نەداوە کە دەسەلات لە ڕێگای زانیاری سیاسی و زانستی و وەرگرتنی دەنگی خەلکەوە وەدەست بینن، هەر بە زۆرو بە کوتلە بازی خۆیان بەسەر حزبەکان و

خەلکدا سەپاندوە، من پیم وایە گەورەترین دەسەلات بۆ هەر ئینسانیك بە زانست و هۆشیاری سیاسیەوە گریدراوە نەك زەبرو زەنگ، فراکسیۆن دروست کردن و بە زۆر خۆبەسەر خەلك و گەلدا سەپاندن، کە بە داخەوە ئەو شیوە خۆسەپاندنە سیستماتیك لەنیو حزبەکان و بزوتنەوەکانی کوردستاندا وەك دیاردەیەکی ناشیرین سەقامگیر بووە، گەورەترین زیانی لە میللەتی کورد داوە، هەر وەك لە کۆمیتەی ساغکەرەوەشدا کەسانی لەو جۆرەی تیدا بوون کە حزبیان لە خۆیاندا دەبینی، هیشتا بە دەسەلات نەگەیشتبوون بەلام بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات دژایەتی یەکتریان دەکرد.

لەو سەروبەندانەدا بوو کاك سەدیق ئەنجیری و کاك ئەمیری قازی هاتنە کوردستان و ناو شۆرش. بۆ ماوەیەك لەگەل کاك ئەحمەد حزبایەتیان دریژە پیدا. لەو نیوەدا هیوایەك بۆ نارازیان پەیدابوو کە ئەوان بەلکو بتوانن هیندیك پیش لەسەرەرۆی و تاك رەویی کاك ئەحمەد بگرن و هەمووەمان و موخالیفانیش ئارام بکەنەوەو بەیەکەوە لە ژیر رینوینی یەك ریبەریی دا پەرە بە خەبات و تیکۆشان بدەین، بەلام هەولی ئەوانیش بی ئاکام مایەوە.

رۆژیك کاك سەدیق ئەنجیری لەگەل کاك فایق هاتنە قەلادزە، منیش کە لە تاران میوانی کاك سدیق ببووم یەکترمان دەناسی، دەبوو میواندارییەکی فەقیرانەیان بۆ بکەم، بە بۆنەی ئەو دانیشتنەوە کاك مەلا رەسول پیشنمازو چەند هاورییەکی تریشم بۆ دلخۆشی ئەوان بانگ کردن لە دەوری یەك کۆبووینەوە. باسی کردەوەکانی کاك ئەحمەد تۆفیقمان بۆ کاك سدیق گیرایەوە کە بەرامبەر ئەندامانی حزب ئەنجامی دابوو. کاك سدیق زۆری رەخنە لە کاك فایق گرت کە لەو ئاستەدا هاوکاری کاك ئەحمەدی کردوە. کاك فایق ئەوەندە نارەحەت بوو کە گورگور ئاوی بە چاوان دا دەهاتە خوارو گوتی" شەرمەندەی هەموو ئەندامانی حزبم کە نەمتوانیوە وەك ئەندامیکی حزب دیفاع لە ئەوان بکەم، ئیستا لۆمەی خۆم دەکەم کە شەریکی ئەو تاوانەم کە ئەحمەد تۆفیق دەرهەق بە ئەندامانی حزب ئەنجامی داون"، ئیتر لەو کاتەوە کاك فایق بۆچوونەکانی گۆرانیان بەسەرداهات، بەلام بە کردەوە حازر نەبوو لەگەل کاك ئەحمەد بیپسینی، چونکە کاك ئەحمەد بەهۆی ئەوەی کە بارزانی پشتیوانی لیدەکرد، دەسەلاتی یەکەم بوو لە حزبداو کاك فایقیش لەکاك ئەحمەد دەترسا. بۆ زۆر کاری خراپیش کە هاوکاری کاك ئەحمەدی دەکرد هەر لەبەر ترسان

بوو، چونکە کاك فایق لە هەموو ئەندامانی حیزبی چاکتر کاك ئەحمەدی دەناسی و ئاگای لەهەلسوکەوتەکانی ناوبراو بوو بەرامبەر بە کادرو پیشمەرگەکانی حزب. ئەگینا کاك فایق مرۆڤیکی شۆرشگیر بوو، ئاستی ووشیاری سیاسی لە پلەیەکی بەرزدا بوو، لەناو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا جیگای خۆی کردبۆوە. زۆربەی ئەندامانی حزب خۆشیان دەویست و بروایان پیی بوو، نەمر سدیقی ئەنجیری زۆریشی هەولدەدا کە ناکۆکیەکانی نیوان ئەندامانی حزب و کاك ئەحمەد چارەسەر بکات و هەموو ئەندامانی حزب لە ریزەکانی دیموکراتدا کۆ بکاتەوە، کە بەداخەوە لەو کارەیدا سەرکەوتوو نەبوو، دواتریش وەك باس دەکرا گۆیا هەر بە پلانی کاك ئەحمەد لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە بە پلانی ساواك شەهید کراو قاتلەکە سەید حسن برازای ئەحمەد تۆفیق بوو، خۆی تەسلیم بە رژیمی ئیران کردەوە.

# قۆناغی پێنجەم

## کۆمیتەی ساخکەرەوەو کۆنگرەی دووەمی حزبی دیموکرات

لە بەهاری ١٩٦٤ دا کۆمیتەی ساخکەرەوە پێک هات و ئەندامەکانی بریتی بوون لەو کەسانە قادر شەریف، حەسەن رستگار، حوسین مەدەنی، سەعید کویستانی، کە دواتریش مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی پێوە زیاد بوو. ئەو کۆمیتەیە و ئیمەش وەک کادرو پێشمەرگە تا ماوەیەک لە شاری قەلادزی ماینەوە و دواتر بەهۆی فشارێک کە لە لایەن کاک ئەحمەدەوە خرایە سەرمان بەرەو ناوچەی ماوەت وەری کەوتین و لە گوندی مالومەی نزیک کاریزە بنکەمان کردەوە. ئەوکات مەکتەبی سیاسی پارتیش کە لە بارزانی جیاببوونەوە لە دەوری ئەو گوندە بنکەو بارەگایان دانابوو، هێندێک یارمەتی چوکەیان پێداین و لە باری ژیانیشەوە کەم تا کورتێک پیمان رادەگەیشتن. هاتوچۆکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شۆرش درێژەی هەبوو. لەگەل کاک حەسەن رستگارو کاک مەلا رەسول بەرەو قەلادزە سەفەرمان دەکردو چەند رۆژو شەوێک لە مالی دۆستان دەماینەوە. خۆمان تێکەل بە کیشەکانی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی نەکردبوو و زۆریشمان پێناخۆش بوو کە ناکۆکیان هەبوو. هێزەکانی پارتی و بارزانی دژی یەکتر تەبلیغاتی جۆراو جۆریان دەکرد. کۆنگرەی شەشی پارتیش بە سەرکردایەتی بارزانی بەسترابوو هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە جیا لە بالی بارزانی بوون، لەو کۆنگرەیەدا دەرکران و بە خائنی گەل و وولات ناسینران!؟ بەدانی ئەو بریارە لە لایەن کۆنگرەی شەشی پارتیەوە ناکۆکیەکان زەقتر بوونەوەو وەزعەکە بەرەو شەرو پێکدادان چوو، لەو ناوەشدا دەبوو کۆمیتەی ساخکەرەوە بەلایەکدا بشکیتەوە، کە بەخۆشیەوە لە ناکۆکی نیوان دوو بالی پارتیدا بی لایەن خۆیان نیشانداو دژی هیچ کامیان نەجولانەوە.

لەو کاتەدا دەنگۆ هەبوو کە کاک ئەحمەد تۆفیق دەیەوی کۆنگرە بگریت. ئەو خەبەرە بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە و کادرو ئەندامانی حزب جیگای ئومید بوو کە لە کۆنگرەدا کیشەکان چارەسەر بکرین . بەلام بەداخەوە هیچکام لە هاورییانی کۆمیتەی ساخکەرەوە ریگایان پینەدرا بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، نەک هەر ئەوان بەلکو هیچکام لە نارازیان نەیانتوانی بەشداری کۆنگرە بن.

## بەرەو کۆنگرەی دووەمی حزبی دیموکرات

کۆنگـرەی دووی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان نـە بەوەبـەرچاوگرتنی پـیرەو پرۆگرام و نـە بـە پیی ئـسولی دیموکراسـی پیك هـاتبوو. نوینـەرانی کۆنگـرە لەلایـەن ئـەندامانی حزبـەوە دەنگیـان پینـەدرابوو و هـەلبژیردراوی ئۆرگانـەکان و شـانە و ریکخراوەکانی حزبی نەبوون. بەلکو بەهۆی تاقمیك کەس کە لە تەئیدی کاك ئەحمەددا حزبایەتیان دەکرد بانگهیشت کرابوون. ئەو کات بـەهۆی ناکۆکی نیـوان کۆمیتـەی ساخکەرەوە و کـاك ئەحمـەد ریزەکـانی حـزب لیکـترازابوون. رەنگـە کەسـانی ئـەوتۆ بەشداری کۆنگرە بووبن کە تا ئەو کات ئەندامی حزب نەبووبن. هـەروەك لـە کۆنگـرەی چواریشدا ئەم هەلەیە دووبارە کرایەوەو لە راستیدا لە کۆنگرەیـەکی ئـاوادا چاوەروان نەدەکرا ناکۆکیەکانی نیو خۆی حزب چارەسەر بکرین ، دواتر دەرکەوت کە نـەك هـەر کیشەکان چارەسەر نەکران بەلکو ناکۆکیەکان زیاتر زەقبوونەوە، هەر کەسیك تـەئیدی کاك ئەحمـەدی نەکردبایە بـەلادەرو خـائین بـە حـزب دەناسـرا، لـەو کۆنگرەیـەدا زۆر بریاری نادروست دران، کە دەگەل ریبازو سیاسـەتی حزبـی دیموکراتـدا نـەدەگونجان. کاك سدیق ئەنجیری، ئەمیری قازی، کاك فایق و هاورییانـی تریش نەیانتوانی پیش لە سـەرەرۆیی کـاك ئەحمـەد بگـرن. بـە هەسـت کـردن بـە گرتـنی کۆنگـرەی دوو لـە سەرماوەزی ١٩٦٤ دا ئیمە دەستەیەك لە کادرو پیشمەرگەکانی حزب لەگەل کۆمیتەی سـاخکەرەوە بـەرەو شـوینی کۆنگـرە کەوتینـە ری، بـەلام بەداخـەوە لـە لایـەن پیشمەرگەکانی پاراستنی کۆنگرە پیشمان پیگیراو سەنگەریان لیگرتین. ئیجازەیان بە هاورییان نەدا بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، هیندیك لە هاورییانی ئیمەش بە تایبـەتی مەلا رەسول پیشنماز سەنگەری لە ئەوان گرتەوە، ئەو سەنگەر گرتنەوەیە بوو بـەهۆی ئەوەی کە ئەحمەد تۆفیق کردیـە بەهانـە ریگـا بـەو برادەرانـە نـەدات کـە بەشـداری کۆنگرە بکەن، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو سەنگەر گرتنە هەر بۆ خۆنواندن بوو، ئـەگینا شەر لەگەل ئەحمەد تۆفیق بە مانای شەر لەگەل پارتی و بارزانی بـوو، کـە ئـەوەش لـە توانـای ئیمـەدا نـەبوو نـە دروستیش بـوو. بـەمجۆرە برادەرانـی کۆمیتـەی سـاغکەرەوە گەرانەوە بۆ قەلادزێ. لـەو چەند کەسانە تـەنیا من لـە لایـەن کـاك ئەحمـەد تۆفیقەوەو بەشدارانی کۆنگرە ئیجازەم پیدرا بەشداری لە کۆنگرەدا بکەم، ئـەویش بـەهۆی داوای

نوێنەران کە زۆربەیان لە نزیکەوە منیان دەناسی و لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی هێندێك کاری گرنگ و بەرچاو کە بۆ حزب و شۆڕشم ئەنجامدابوو وەك چوونە تاران و پەیامی بارزانیم گەیاند بە سەفارەتی شۆڕەوی، لەسەر داواو بڕوای زۆربەی بەشداران کە بە منیان هەبوو چوومە سالۆنی کۆنگرە. ئەو کات نە کاك ئەحمەد کەسیکی وەك منی لە مەلبەندی سەردەشت دەست دەکەوت کاری حزبی پێبکات و نە ئەندامانی حزبیش لەو ناوچەیە وازیان لەمن دینا، هەروەها جیاکردنەوەی منیش لە هاوڕییانم کە لە باری نفوزی عەشیرەتیەوە ناسیاویەك کە من لە نێو خەلکی باشووردا هەم بوو بۆ کاك ئەحمەد گرنگ بوو. بەم شیوەیە ئیجازەم پیدرا چارەگە سەعاتیك قسە بکەم برادەرانی کۆمیتەی ساخکەرەوەش کە بۆ خۆم لەگەلیاندا بووم دەبوو وەك خائین بەحزبیان بناسینم، بەلام بە پیچەوانەی بڕیاری کاك ئەحمەد، دوای خۆناساندن و بەخیرهاتنی نوینەران، بۆ پشتیوانی لە برادەرانی کۆمیتەی ساخکەرەوەو ئەندامانی حزب داوام لە بەشداران کردو گوتم" لە ریگای دوورەوە هاتوون و بیگومان دەشتانهەوی کیشەکانی حزب چارەسەر بکەن. چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیش بەبی بەشداری کردنی ئەو برادەرانە کە نەیانهیشت بینە کۆنگرە چارەسەر ناکرین. هەر لەو قسانەدا بووم کە کاك ئەحمەد بە دەنگی بەرزەوە گوتی" ئەتۆ نوینەری ئەوان نیت قسەی خۆت بکە"!؟ ئەمنیش گوتم کاك ئەحمەد ئیجازەم پیبدە بەردەوام بم لە قسەکانی خۆم، دەستم پیکردەوە گوتم" کەوابوو هەموو ئیمە و ئەو خەلکەش کە لیرەیە نوینەری هەموو ئەندامانی حزب نین. کەوابوو کۆنگرە شەرعییەتی لەچی دایە؟! بەم شیوەیە کۆتاییم بە قسەکانی خۆم هیناو کۆنگرە کارەکانی خۆی دەست پیکرد، لەسەر هیندیك بڕیار کیشە لەنیوان کاك سدیقی ئەنجیری و کاك ئەحمەد دا هاتە گۆری، لەراستیدا ئەگەرچی لە کۆنگرەدا کەسانیکی سیاسی و خاوەن ئەزموون بەشدار بوون، بەلام لە ترسی کاك ئەحمەد کە نەکا بە کەلك وەرگرتن لە دەسەلاتی بارزانی رەفتاری غەیرە ئسولی حزبیان دەگەلدا بکات، کەس نەیدەویرا بڕیارە نادروستەکان رەت بکاتەوە، متەقیان لی نەدەهات، بەتایبەتی، کاك فایق و مەلا رەشید کە دەبوو دەوری بەرچاویان هەبیت، دەستیان بە کلاوی خۆیانەوە گرتبوو با نەیبات. بەشیکیش لە نوینەران هەروەك گویگر هاتبوونە کۆنگرە، تاقمیکیش کە ئالقە بە گویی کاك ئەحمەد بوون هەر زوو ئەشەدوبیلایان بۆ قسەکانی ئەو دەگوت، بەلام

لەگەڵ ئەوەشدا هێندێك کار کران کە لەو کاتەدا بۆ حزبی دیموکرات بە قازانج تەواو بوون، وەك دارشتن و پەسەندکردنی پیرەو و پرۆگرامی حزب و هەڵبژاردنی کۆمیتە ناوەندی بەشیوەی دیموکراتیك و ریز گرتن لە دەنگدان، کە نوینەران توانیان دەنگی خۆیان بدەن بەو کەسانەی کە بۆ خۆیان پییان باش بوون، دەتوانم بلیم تا رادەیەکیش دیاردە دیموکراسیەکان بەرچاوبوون لانی کەم دەنگدانەکان باش لەقەلەم دەدران. لەلایەکی تریشەوە ووشەی "ئیران" کە وەکو پاشکۆ بە حزبەوە نوسابوو لابراو بوو بە حزبی دیموکراتی کوردستان. بەم شیوەیە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی دیاری کران جا رەنگە کەسانیك بووبنە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی کە نە پیشتر لەگەلیاندا باس کرابوو و نە خۆشیان ویستویانە ببنە کۆمیتە ناوەندی حزبی دیموکرات، ئەو کارەش تەنیا بۆ ئەوە کرا کە کاك ئەحمەد بەناو کۆمیتە ناوەندیەك دیاری بکات کە لە باری سیاسی و تەشکیلاتیەوە کەسانی خاوەن شەخسیەت و کەسایەتی ناوداری سیاسی تیدا بیت، کە لە روانگەی خەلکەوە وا نیشان بدات کە کۆنگرە لە کەش و هەوایەکی تەواو ئازادو دیموکراتدا ئەنجام دراوە. ئەو کردەوەیەی ناوبراو بۆ شاردنەوە و پینەکردنی کردەوە نادیموکراتیەکانی خۆی بوو . هەموو ئەو کارانەی کاك ئەحمەد تەنیا بۆ سەپاندنی دەسەلاتی خۆی بوو بەسەر حزبدا، هەر ئەو کات لە باری بیرو بۆچوون و تیروانین لە ئاستی دەرەوەو سیاسەتی نیو نەتەوەییەوە ناوبراو دەیەویست دەست پیشخەری بکاو خۆی لە ئەمریکا نزیك کردبۆوە، دژی کۆمۆنیزم دەجولایەوە. هیندیك کەس بەلینی کارکردنیان لە حزبدا دابوو، بەلام لەگەل کاك ئەحمەد نەیاندەتوانی کار بکەن، یەکیك لەوان دوکتور عەلی مەولەوی بوو کە بەهۆی کردەوە نادیموکراتیەکانی کاك ئەحمەد ئیستعفای لە حزبی دیموکرات دابوو، نامەی ئیستعفاکەی دوکتور من لە زیندانرا هینام و تەحویلی بارزانیم دابوو، قسەکەشی ئەوەبوو کە بە هیچ جۆر ناتوانی لەگەل کاك ئەحمەد کار بکات ئەوەش نمونەیەك بوو کە حزبی دیموکرات ئەوکات بارزانی بە ریبەری گشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەناسی. کۆمیتە ناوەندی لەو کەسانە پیك هاتبوو. ١- ئەحمەد تۆفیق٢- ئەمیری قازی٣-سلیمان موعینی٤-مەلا سەید رەشید حسین٥- سدیق ئەنجیری ٦-باپیر"نەحۆ"٧- مەلا رەحیم وەردی ٨-غەنی بلوریان لە زیندان٩-

عەزیزی یوسفی لە زیندان ١٠- دوکتۆر عەلی مەولەوی لە زیندان ١١- دوکتور ڕەحیمی قازی لە دەرەوەی وولات١٢-حەبیب وەرزیر١٣- سەید کامیل زەنبیل ١٤- ەبدوالرحمان شەرەفکەندی"هەژار" ١٥- سەنناری مامەدی. ئەو کەسانەش وەك کۆمیتەی چاودیری و پشکنین دیاری کران، ١- مەلا نەجمەدین لاجانی٢- مەلا قادر لاچینی٣- مەلا کەریم سەردە کۆسانی٤-سەید تەها پیر ئیمامی٥- عەبدولای مەولەوی٦- عەبدولای موعینی٧- ڕەئوف خەیات٨- ڕەشەی قاچاخچی ٩-مستەفا ئیسحاق لە تاران١٠- سەید ڕەسول دهقان.

بەهۆی بارینی بەفرو سەرمای زۆرەوە لە کویستانەکانی سنوور هاتینە خواری و لەناو مزگەوتی گوندی سونی دوا بریارەکانی کۆنگرە دران و کۆتایی بە کۆنگرە هات. هەروەك باسمان کرد ئەو کۆنگرەیەش بەو قەوارەو کەیفییەتەوە کە هەیبوو نەك هەر نەیتوانی کیشەکانی ناوخۆی حزب چارەسەر بکات، بەلکو لەناو خۆشیاندا دووبەرەکایەتی لەسەر بەدەستەوەگرتنی دەسەلات و سەرەرۆیی کاك ئەحمەد سەری هەلداو هەر کەسەو بیروبۆچوونی خۆی هەبوو بەتەواوی کاری تەشکیلاتی حزب فەرامۆش کرا، وردە وردە لیکترازان، تەنانەت کۆبوونەوەکانی کۆمیتە ناوەندیش بە شیوەی چەند کەسی بەریوە دەچوون.

## تیکۆشانی کۆمیتەی ساخکەرەوە لە کوردستانی ژیر دەسەلاتی ئیران.

لەو ماوەدا بەهۆی وتوویژ ریبەرانی شۆرش لەگەل دەولەتی عیراق شەری نیوان شۆرشگیرانی کورد و هیزەکانی دەولەتی عیراق ئارام ببۆوە، پیشتر لەسەر لامەرکەزی هیندیك وتوویژ کرابوو بەلام نەگەیشتبوونە ئەنجام. کۆمیتەی ساخکەرەوە دەبوو کادرەکان بگەرینیتەوە ناو خەلك و دریژە بە خەبات بدەن. هەر بۆیە لە بەهاری ١٩٦٥دا لەسەر بریاری کۆمیتەی ساخکەرەوە بۆ کاری تەشکیلاتی گەراینەوە رۆژهەلاتی کوردستان. لەم سەفەرەدا ناوی مەلا ئەحمەدی شلماشی " ئاوارە"م بیستبوو کە لە مەلبەندی سەردەشت لە دژی رژیمی شا لەناو خەلکدا تەبلیغات دەکات، هەولمدا ناوبراو ببینم، لە ریگای خدری عەبدالی و مەلا ئەبوبەکر شەریعەت پەناوە لە گوندی بیژویی ناوچەی ئالانی سەردەشت توانیم مەلا ئاوارە پەیدا بکەم. ئاوارە ئینسانیکی زاناو شۆرشگیر بوو، بەلام تا ئەو کات پەیوەندی بە حزبی

دیموکراتەوە نەگرتبوو، هەر لەگەل ماموّستا برایم ئەحمەد و پارتی کاری کردبوو. لە فرسەتیکدا هیندیك باسی کارو تیکوّشانی حزبی و وەزعی کوّمیتەی ساخکەرەوە و کاك ئەحمەدم بوّ کرد، هەر بەنیو هینانی کاك ئەحمەد نارەحەت بوو گووتی'' ئەو کابرایە بەراستی نەخشی خراپی هەیە لە نیوان پارتی و بارزانیدا، جگە لەوەش وەك باسی دەکەن لەنیو حزبیشدا دیکتاتوّرەو خوّشەویستی ئەندامانی حزب نییە کەواتە دەبیت کوّمیتەی ساخکەرەوە بەهیز بکریت'' بەم جوّرە پیکەوە گەشتیکی سیاسی و تەشکیلاتیمان بەناوچەکانی سەردەشتدا دەست پیکرد، بەیاننامەی کوّمیتەی ساخکەرەوە کە لەسەر هەلەکانی احمد توّفیق نووسرابوو دەبوو بگاتە دەستی خەلکی، هەروەها مەوجوودیەتی کوّمیتەی ساخکەرەوەشی تیدا راگەیەنرابوو، لەناو خەلکدا بلاومان دەکردەوە.

محمود ئاغای شلماش کە جاسوسی بوّ ساواك دەکردو خەلکی ناوچەی ئازار دەدا، بەتایبەتی بنەمالەی ئاوارە کە زوّری فشار بوّ هینابوون. لەمالی خوّیدا دەستگیرمان کردو دوای ئەوەی ئاموّژگاری و هەرەشەمان لی کرد بوّ ئەوەی واز لە جاسوسی و خوّفروّشی بینی ئازادمان کرد. ئەگەرچی ناوبراو قەولی بە ئیمە دا کە ئیتر جاسوسی نەکات، بەلام هەر کە ئازاد بوو چوو بوو لە سەردەشت پەیوەندی بە ساواکەوە گرتبوّوە. لەو سەفەرەدا ئاوارە لەشیوەی کاری تەشکیلاتی و شانە بەندی شارەزایی پەیدا کردو پیکەوە گەراینەوە ناوچەی ماوەت و راپوّرتی کارو تیکوّشانی خوّمان دایەوە بە کوّمیتەی ساخکەرەوە و ئاوارەم بەهاورییان ناساند، هەموو لایەکمان خوّشحال بووین کەوا تیکوّشەریکی وەك ئاوارە لە بەهاری ١٩٦٥دا بەریزی حزبی دیموکراتی کوردستان کوّمیتەی ساخکەرەوە زیاد بوو. دیارە پیشتر ئاوارە وەك مروّڤیکی شوّرشگیر لەناو خەلکدا لەناوچەی سەردەشت ناوبانگی هەبوو، شەهیدبوونی ئاوارە زیانیکی گەورە بوو بوّ حزبی دیموکرات و گەلی کورد بەگشتی.

لەو کاتەدا کوّمیتەی ساخکەرەوە دوو بنکەی هەبوو یەکیك لە گوندی مالومەو ئەوی تریان لە گوندەکانی سەراو میراوە لە نزیك سنوری بانە. لەباری دابین کردنی ژیان و پیداویستیەکانەوە مەکتەبی سیاسی پارتی هاوکاری دەکردین، هیندیك چەك و تەقەمەنیان پیدابووین. بەشیك لە ئەندامانی کوّمیتەی ساخکەرەوە بوّ راپەراندنی کارەکان پەیوەندیان بە پارتیەوە گرتبوو. لە بنکەکان دەمانەوە و جارجاریش بە

نووسین و خوێندنەوە خۆیان خەریك دەکرد. بەلام کۆمیتەی ساخکەرەوە بەو کەیفییەتە و بە پێی ئەو وەزعیەتە پەرش و بلاویەی کە حزبی دیموکرات هەیبوو نەیدەتوانی وەلامدەری ئەو قۆناغەی خەبات و تێکۆشانی حزبی دیموکرات بێ. چونکە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە ئەو کات لە سیاسەت کردندا کرچ و کال بوون و خۆیان پێنەگەیاندبوو بێجگە لەوە بەداخەوە لەگەل یەکتریش ڕاست نەبوون.

## پەلاماری هێزەکانی بارزانی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە بەهاری ١٩٦٥دا بەهۆی شەری نیوان دوو سەرکردایەتی پارتی و بارزانی کۆمیتەی ساخکەرەوەش بنکەکانی خۆی گواستەوە بۆ گوندی گرگاشی نزیك سنوری ئالانی سەردەشت. هاوکات بۆ زیاتر پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی و خۆناساندن جاریکی دیکەش گەراینەوە ناو خەلك. ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە و کادرو پێشمەرگەکان بەچەند دەستەیەك دابەش بووین. کاك حەسەن ڕستگار لەگەل چەند کادرو پێشمەرگەیەك بۆ ناوچەی مهابادو مەنگورایەتی، کاك سەعید کوێستانی لەگەل تاقمیك لە کادرو پێشمەرگە بۆ ناوچەی سەقزو بۆکان، کاك حسین مەدەنی و ئاوارەو خدر محمد پوور"نووسەر" و تاقمیك لە پێشمەرگە بۆ ناوچەی سەردەشت، گەورکایەتی، ڕەبەت و بەشیك لە ناوچەی مەنگورایەتی دیاری کران. بەم شیوەیە هەموومان گەیشتینە شوینی خۆمان و دەست بەکاربووین. لەمەلبەندی سەردەشت کە پیشتریش من کارم تیدا کردبوو، دیسان ئەرکی دروست کردن و دامەزراندنی شانەو شانەبەندی بەمن سپیردرایەوە. ئیمە ناوچەی ئالان و باسکی کۆلەسەو دەرماناوامان تەواو کردو بەرەو ناوچەی بیوران و بنیو خەلیف رۆیشتین، ئاوارە لەگەل دوو سێ پیشمەرگە لە گوندی "ترشیان" نزیك مارەغان لیمان جودابوونەوە، گوتی:" لە گوندی شلماش کارم هەیە" دواتر لەگەل کاك قادر شەریف و کاك سەعید کویستانی یەکیان گرتبۆوەو لەناوچەی بانەو دەوروبەری گوندی شلماش و ورچەك دەمیننەوە. کاك حسین مەدەنی لە پشتی بیورانی خواری بۆ سەردانیك لە هیندیك خزمان و دۆستانی خۆی روی لە سەردەشت کردو گوتی" دوای سی رۆژ دەگەریمەوە لاتان".

کەسیکم بەنیوی برایمی کاکی خزمی خۆمان لەگەلدا نارد بیبا بۆ لای کاك حسینی سەیزادە لە سەردەشت کە لە لای ئەو بوو بە میوان، ئیمەش لەگەل خەلیل شەوباش و سەید فەتاح کە بە داخەوە دواتر شەهید کران دەگەل چەند پیشمەرگەیەك کارەکانی حزبیمان ئەنجام دان. هەفتەیەکی پیچوو کاك حسین مەدەنی نەگەرایەوە لامان دوایە بەداخەوە دەرکەوت کە بەبی ئەوەی بە ئیمە رابگەیەنی کە چاوەروانی نەکەین خۆی تەسلیم بە رژیمی شا کردەوە و لە شاری مهاباد و تاران سەری دەرهینا!!؟ هەتا دوای روخانی رژیمی شاو دەستپیکردنەوەی شۆرشی کوردان لە پیشدا لە دەفتەری مامۆستا مەلا شیخ عیزەدین و دواتریش لە نیو حزبی دیموکراتدا یەکترمان بینیەوە. بەم شیوەیە کۆمیتەی ساخکەرەوە دەست بەکاربوو. کەوتبووینە سەر گەرو سەرگەرمی کارو تیکۆشانی خۆمان بووین لەناو خەلکی خۆماندا، لەراستی دا خەلکیش هاوکاری تەواوی دەکردین. لەولاشەوە بارزانی پەلاماری بردە سەر بنکەو بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی پارتی لەناوچەکانی شاربازیرو ماوەت و کیوەرەش. لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی لەو کاتەدا دیفاعیکی ئەوتۆیان لە خۆیان نەکردو بەبی بەرگری زۆربەی ناوچەکانیان بۆ هیزەکانی بارزانی بەجیهیشت، تەنانەت ویستیان نەچنە ئیران و ژیر دەستی رژیمی شا ویستیان لە سنورەکان بمیننەوە بەلکو بتوانن لەگەل بارزانی بگەنە ئەنجامیك، بەلام ئەو هەولەی ئەوان بی سوود بوو، لە سورکیویش پەلاماردران ناچار هاتنە کوردستانی ژیر دەسەلاتی رژیمی شا، لە ناوچەکانی بانەو سەردەشت و بۆ ماوەیەك هەر چۆنیك بوو خۆیان راگرت و لەویش هەولیاندا کە لەگەل بارزانی پیك بین و خۆیان تەسلیم بە ئیران نەکەن بەلام دادی نەدا.

ئەو حەرەکەتەی بارزانی بەرامبەر بە مەکتەبی سیاسی پارتی و کردەوەی مام جەلال و مامۆستا برایم احمد،پیاوە ناودارەکانی کورد لەو کاتەدا زیانیکی گەورەی لە میللەتی کورد دا، ئەویش ئەوەبوو کە سەرکردەکانی کوردستان فیری خۆبەستنەوە بە دوژمنانی گەلی کورد بوون، کە دواتر بارزانی بۆ خۆشی لە داوی شاو ساواك کەوت و ئەنجامەکەی بەچاوی خۆی بینی. ئەگەر هەردوو لا باوەریان بەئازادی و دیموکراسی هەبایە بیگومان دەیانتوانی پیکەوە دریژە بە خەبات بدەن، ئەو ناکۆکیەی ئەوان جگە لەو دیاردە ناحەزە، شۆرشی کوردستانیشی لە روانگەی نیو نەتەوەییەوە لە ئیعتبار خست و لە لایەن داگیرکەرانیشەوە ئەو سام و هەیبەتەی نەما

کە هەیبوو، بەم جۆرە ناکۆکی کەوتە ناو ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان کە دەکرا ناکۆکیەکان بەشیوەی دیالۆگی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن و نەگاتە ئەو ئاستەی کە ڕیزەکانی خەڵکی کوردستانیش بگریتەوە. هەر لەو کاتەوە واتە لە ساڵی ١٩٦٥ هەتا ئیستاش کە ساڵی ١٩٩٨ واتە ٣٣ ساڵە ئەو ناکۆکیە لە نیوان ئەو دوو لایەنە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند و بە یادگاریکی ڕەش بۆ خەڵکی کوردستان بەجی ماوە و لە هەر قۆناغەو لە ژیر چەند ناویکدا دژایەتی یەکتریان کردوەو ماڵ ویرانی و خەسارەکەی بۆ خەڵکی کورد بۆتە دیاری. لەو نیوەشدا دوژمنانیش بەسەر گەلی کورددا سەرکەوتنیان بەدەست هینا.

هەروەك باسمان کرد بە هاتنی پارتی "جەلالیەکان"بۆ ئیران هیزەکانی ئەرتەشی شا چوار دەوریان دابوون و دەیانویست هیزەکانی پیشمەرگەی سەر بە مام جەلال و برایم ئەحمەد لە داو بخەن، هەتا تەسلیم بە ڕژیمی شا بن و چەکەکانیان تەحویل بدەن. ئەوان هەر نەیاندەویست بچنە ئیران بەلکوو لە هەولدابوون هەر چۆنیك بیت لەگەل بارزانی ریك بکەون و بگەرینەوە ناو شۆرش. بە هاتنی پارتی بۆ ئیران کۆمیتەی ساخکەرەوەش بنکەو بارەگاکانی هەلوەشاو پشتیوانیەکی کە هەیانبوو نەما. هەروەك باسم کرد ئیمە لە کوردستانی ژیر دەستی ئیران خەریکی کارو تیکۆشان بووین، نەشدەکرا بەرامبەر بەو وەزعەی بەسەر پارتی دا هاتبوو بیدەنگ دانیشین و چاوەروانی قەزاو قەدەر بین، دەبوو فکریك بۆ حالی خۆمان بکەینەوە، هەریەك لە ئیمە دەبوو بۆ دۆزینەوەی ریگایەکی ئوسولی هەولی خۆمان بدەین. لەو کاتەدا من بەبی مەشوەرەتی برادەرانی کۆمیتەی ساخکەرەوە سەردانیکی مەکتەبی سیاسی پارتیم کرد لە گوندی بیتووشی ئالان، لە نزیکەوە لەگەل کاك عمر دەبابەو چەند برادەریکی ریبەری پارتی دانیشتم و مەشوەرەتم پیکردن. بوونی ئیمە دەگەل ئەواندا نەدەگونجاو نەشمان دەویست لەگەل ئەواندا بمینینەوە چونکە ئەوان تەسلیم بە ڕژیمی شا دەبوون. بریارماندا بگەریینەوە باشوری کوردستان و ناو شۆرشی بارزانی. هیندیك چەك و چۆلیشیان پیداین و دواتر لەگەل برادەرانی پارتی مالاواییمان لیك کردو گەراینەوە سنوری بازار لەویشەوە بەرەو گوندی هیرۆی باشوری کوردستان، کە ئەو کات مەلا مستەفا بۆ خۆی لەو گوندە بوو لە نزیکەوە سەرپەرشتی شەرەکانی دەکرد لەگەل مەکتەبی سیاسی. ناوبراو میوانی حاجی

مەحمود ئاغای هیرۆ بوو، لە ڕیگای مەلا باقی کە کۆنە هاوریی حزبیم بوو، چۆ لای بارزانی و داوای کرد کە هەموو برادەرانی کۆمیتەی ساخکەرەوە دەیانەوی بگەرینەوە ناو شۆرش و ژیر دەسەلاتی ئەوان، دیارە وەك گوتم بەبی مەشوەرەتی برادەران ئەو کارەم کرد، بەلام نامەم بۆیان نووسیبوو، وەلامەکەم وەرنەگرتبۆوە. بەم جۆرە لە لایەن بارزانی شوینی دانیشتنمان لە رانیە بۆ دیاری کراو نامەیەکی بۆ مەلا عەولای بارزانی نووسی کە لە لای خۆی بمانحەوینیتەوە. تا ماوەیەك میوانی بارەگای بارزانی بووین.

ئەمنیش گەرامەوە سنورو نامەیەکم بۆ هاورییانی بەرپرس لە کۆمیتەی ساخکەرەوە نووسی و ئاگادارم کردن کە بارزانی شوینی لە رانیە بۆ دیاری کردوین و ئەوانەی کە دەیانەوی بگەرینەوە بۆ ناو شۆرش لە رانیە خۆیان بە مەلا عەولا بارزانی بناسینن. بەم جۆرە من لەگەل سەید فەتاح و خەلیل شەوباش و چوار پیشمەرگە کە پیکەوە بووین گەراینەوە رانیەو لە بنکەی پاریزگاری لە بارزانی کە بەرپرسەکەی مەلا عەولا بوو جیگیر کراین. زۆری نەخایاند کاك حەسەن رستگار و کاك مامەندی قازی و کاك مەلا رەسول پیشنماز لەگەل تاقمیك پیشمەرگە لە سنوری حاجی ئۆمەرانەوە گەرانەوە رانیە، بەلام لەلایەن هیزەکانی بارزانیەوە چەك کرابوون. کاك قادر شەیف، کاك سەعید کویستانی و ئاوارەش نزیك بە سالیك دواتر گەرانەوە بۆ باشوری کوردستان. بەم شیوەیە تا ماوەیەك هەمومان لەو بنکەیە دەژیاین هەتا دواتر خانوویەکیان بۆ گرتین و لە شاری رانیە ماینەوە. لەراستیدا ئەو ماوەیە لە لایەن بەرپرسانی شۆرشەوە زۆرمان ریز لیگیرا. دواتر کاك حەسەنی قازی، سمایلی شەریف زادەو ئەحمەد ئاغای سیسیرو زۆربەی نارازیان لەکاك ئەحمەد لە رانیە کۆبوونەوە.

پیویستە لیرە ئامارە بەچەند خالیکی گرینگ بکەین و راستیەکان ئاشکرا بکەین. ناکۆکیەکانی نیوان ئەحمەد تۆفیق و کۆمیتەی ساخکەرەوە و کەسانی دیکەش کە پیشتر لەگەل ئەحمەد تۆفیق ناکۆك بوون، لەسەر ئەوە نەبوو کە کامیان باوەری بە مارکسیزم و لنینیزم هەیەو کامیان ناسیۆنالستی بەرچاو تەنگی نەتەوەین. راستە ئەحمەد تۆفیق مرۆڤیکی دیکتاتۆر و سەرەرۆ بوو و دەیویست خۆی بەسەر حزبدا بسەپینی، بەلام بەشیك لەو هاورییانە خۆیان لەکاك ئەحمەد بە رادیکالتر دەزانی و داوای سەقامگیربوونی دیموکراسیان دەکرد لە ریزەکانی حزبدا، بەلام لە دواییدا کە

خۆیان دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت بەشیوەیەکی دیکە ویستیان خۆیان بەسەر حزبدا بسەپینن. کەوابوو ناکۆکیەکانی نیوان ئەندامانی حزب زۆرتر شەری دەسەلات بوو، هەروەك لە نیو کۆمیتەی ساخکەرەوەشدا لە نیوان کاك حەسەنی رستگار و کاك قادر شەریفدا کە هەردوو لاش لایەنگری خۆیان هەبوون سەری هەلدا، بەلام بەهۆی ئەوەی کۆمیتەی ساخکەرەوە بە دەسەلات نەگەیشت ئەو ناکۆکیەش زەق نەبۆوە.

با بزانین کۆمیتەی ساخکەرەوە و ئاکامەکەی چی بەسەر هات، ئەو سی برادەرەی کۆمیتەی ساخکەرەوە کە لە رۆژهەلاتی کوردستان خۆیان پەنا دابوو واتە کاك قادر شەریف، کاك سەعید کویستانی و ئاوارە، بەهۆی کاك مەلا حەسەن رستگار، کاك سدیق ئەنجیری و سلیمانی موعینی هاتنەوە کوردستانی ژیر دەسەلاتی شۆرشی بارزانی پاشان برادەرانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوون بە مشاوری کۆمیتە مەرکەزی حزب کە هەلبژیردراوی کۆنگرەی دووەمی حزب بوون. ئەو یەکگرتنەوەیە لە بەهاری ١٩٦٦دا کرا. ئەو کات کاك حسینی مەدەنی خۆی تەسلیم بە رژیمی شا کردبۆوە لەو یەکگرتنەوە ئاگادار نەبوو. بەم جۆرە کۆتایی بە ژیانی سیاسی و تیکۆشانی کۆمیتەی ساخکەرەوە هات و چوونەوە پال حزبی دیموکراتی کوردستان. با ئەوەش بگوتری ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بە هەموو کەم و کورییەکەوە کە هەیانبوو وەك هیندیك کەسی تر حزبیان بەجی نەهیشت و بەربەرەکانی خۆیان لەگەل ئەحمەد تۆفیق کردو نەبەزین و بەرامبەر بە دوژمنانیش راوەستان. بەشیك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب هەلبژیردراوی کۆنگرەی دووهەم دوای ماوەیەك بۆ بنبرکردنی ناکۆکیەکانی نیوان ئەندامانی حزب و لە دەوری یەك کۆکردنەوەی ئەندامان بە هەق نەخشی باشیان هەبوو، لە پیش هەموویانەوە کاك سدیق ئەنجیری بوو کە سادقانە بۆ ئەو مەبەستە تیدەکۆشا. تا ماوەیەك ئەو رەوتە بە هیندیك گیروگرفتی سیاسی ناوخۆیی و لاوەکیەوە پەرەی پیدرا. زۆربەی کادرو ئەندامانی حزب لە ناوچەکانی قەلادزەو سەنگەسەر کۆبوونەوە و دەژیان. هەر کەسەشمان خەریکی کاریك بووین و لە دەوری یەکتر کۆدەبووینەوەو باسی گیروگرفتە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی نیو خۆمان دەکردو ئەوەی هەمان بوو بەیەکەوە دەمانخوارد. ئەو وەزعە بەو شیوەیە بەردەوام بوو، دیارە ژیانی هەموو لایەکمان خراپ بوو، ئەگەر نانی شەومان هەبا دەمانگوت بۆ بەیانی خوا گەورەیە!؟ دۆستان و خزمانی قەلادزی و

ناوچەی پشدەر زۆریان هاوکاری دەکردین. لەو ماوەشدا کە لە شاری قەلادزێ دەژیاین زۆریان یارمەتی پیدەکردین، ئیمە هیچ بیرەوەری تالمان لە خەلکی قەلادزێ نەبوو و نیە، هەر لەو سالانەشدا تاك تاك و جووت جووت خەلك لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە دەهاتن و ژمارەمان لە زیاد بوون دابوو، مامۆستا مەلاخدری سارکەیی یەکیك لەو کەسانە بوو بۆ ماوەیەك هاتە باشوور و لە لای شیخ حسینی بۆسکین مایەوە، دواتر کە تیگەیشت حزبایەتیەك لە گۆریدایە کە کەس خەتی کەس ناخوینیتەوە و شۆرشی باشوریش بەلای رژیمی شاو ساواکدا شکاوەتەوە، ناوبراو گەرایەوە رۆژهەلاتی کوردستان و خۆی تەسلیم بە رژیمی شا کردەوە. ناوبراو لەو ماوەشدا جگە لەوەی کە ساغ مایەوەو خۆی راگرت، لە باری تەبلیغاتیشەوە لە نیو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا دەوری شۆرشگیرانەو مەسئولانەی خۆی دەبینی. بەداخەوە لە کۆنەوە تا ئیستاش کە من ئەو پەرتووکە دەنووسم سکرتیرەکانی حیزب ماکەی ناکۆکی نیوان ئەندامانی حیزب بوون و هەن.

# قۆناغی شەشەم

## پەیوەندییەکانی سەرکردایەتی پارتی و ڕژێمی شای ئێران.

ساڵی ١٩٦٦ سەرەتای دامەزراندنی پەیوەندی نێوان ڕژێمی شای ئێران و خۆگریدانی شۆڕش بە سازمانی سیای ئەمریکاو ساواك بوو. ئەو پەیوەندییەی نێوان پارتی و ساواك و ئەمریکا، لە چوارچێوەی دیبلۆماسیەت و بەرژەوەندی گەلی کوردا نەبوو، بەلکو بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی ئەو دوو دەوڵەتە بوو. هێندێك چەك و چۆل و پولیان دەدا بە شۆڕش، بەلام دوارۆژێکی تاڵی بۆ کوردان بەدواوە بوو. لەو کاتەشدا سەرکردایەتی پارتی و بارزانی لەناوچەی باڵەکایەتی، چۆمان و حاجی ئۆمەران بنکەو بارەگای خۆیان لێ دامەزراندبوو. هێواش هێواش ژیانی شۆڕشگێرانی کوردستان گۆڕانی بەسەردا هات، لە جێگای ژیانی شۆڕشگێری ئەوجار ژیانی سەرمایەداری و خۆشگوزەرانی هاتە ئاراوە. ئەو شێوە ژیانە تا دەهات زیاتر پەرەی دەستاند، دوێنێ بە نانی ڕەق و ساوەرو دۆی خەلکی و تفەنگی دەستی خۆیان شۆڕشیان دەکردو قارەمانانە بەگژ دوژمندا دەچوونەوە و سەرکەوتنیان بەدەست دینا، بەلام ئەمڕۆ بە دارشتنی تەرح و پلانی داگیرکەران بەنان و چەکی دوژمنان شۆڕشیان دەکردو تێدەشکان. دەستیان کرد بە وەرگرتنی خۆراك و چەکی وەك ئاربیجی و تۆپ و کاتیۆشا!! بێگومان وەرگرتنی ئەو ئیمکاناتە لە ڕژێمی شا، هەروا ئاسان نەبوو و نرخی دەویست. دەبوو لە بەرامبەر وەرگرتنی هەر شتێك لەوان بەشێك لە نیازەکانی ڕژێمی شا لە لایەن شۆڕشی باشوورەوە دابین بکرێت، کە ئەو شێوازە دواتریش لە شۆڕشی باشوردا ڕەسمیەتی پێدرا، کە بە داخەوە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون بە قوربانی ئەو سات و سەودایەی کە لە نێوان ڕیبەرانی بزوتنەوەی باشورو ڕژێمی شادا مۆرکرابوو. بۆ یەکەم جار گرتن و تەحویل دانەوەی مەلا ڕەحیم وردی، مەشهور بە مەلا ئەحمەد، لە سنوری بانە بە ڕژێمی شا لە لایەن سەدیقە فەندی فەرماندەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دواتریش شەهیدکردنی کاك سدیقی ئەنجیری و تیرۆرکردنی قادر شەریف بە پلانی شاو ساواك، هەروەها ڕاونان و گرتنی کادرو ئەندامانی حزب لەلایەن پارتیەوە و تەسلیم کردنەوەیان بە ڕژێمی ئێران. کە هەرگیز بە فکری هیچ یەك لە ئەندامانی حزبی

دیموکراتدا نەدەهات کە ڕۆژێک پارتی ئاوا نامەسئولانە بکەویتە ژێر تەئسیری سیاسەتی شاو ساواك کە هیچ کوردیك چاوەروانیەکی ئەوتۆی لە پارتی و بارزانی نەبوو. ئەو وەزعەی باشوری کوردستان بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەندامانی حزب دەست لەسەر دەست دانەنیشن و ناچارن بوون کۆمیتەی شۆرشگیر پیکبینن و لە بیوەختدا شۆرش دەست پیبکەن کە زیانەکەی لە دەستکەوتەکانی پتر بوو.

## کۆمیتەی شۆرشگیر، حزبی دیموکرات و هەلویستی پارتی و شۆرش

کۆمیتەی شۆرشگیر لە سالی ۱۹٦۷دا دامەزراو بەهۆی فشاری شۆرشی باشوور بۆ سەر ئەندامانی حزب، راپەرینی سالەکانی ۱۹٦۷و ۱۹٦۸دەستی پی کرد ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریف زادە، ئەحمەدی شلماشی "ئاوارە"، سەعید کویستانی، سەننارى مامەدی، مەلا عەوڵا سەرباز، سالار هەیدەری، فایق موعینی کە دواتر پییانەوە زیاد بوو. بەشیك لەو هاورییانەی کە ئەو راپەرینەیان لەو هەلومەرجەدا بە باش نەدەزانی حازر نەبوون بەشداری تیدا بکەن، چونکە بە وەبەرچاوگرتنی وەزعی حزب و شۆرش لە کوردستاندا ئەوکات نە لە باری سیاسی و نە لە باری تەشکیلاتیەوە زەمینە بۆ راپەرین پیك نەهاتبوو. لەلایەکی دیکەشەوە بەشیك لە ئەندامانی کۆمیتەی شۆرشگیر بەو هەموو دلسۆزیەی کە هەیان بوو، بەلام ئەزمونیکی ئەوتۆیان نەبوو نە لە باری سیاسی نە لە باری نیزامیەوە، نەیانتوانی وەك پیویست ریبەری ئەو راپەرینە بکەن. هیندیك لەوان هەر کە زانیان وەزعی شۆرش بەرەو باشی ناچیت، مەیدانەکەیان بەجی هیشت. لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی پارتی بە ئیرانەوە کۆسپیکی گەورە بوو لەسەر ریگای خەباتی کۆمیتەی شۆرشگیر. هەروەها ئەو قەوارەیەی کە دارژابوو بە نیوی کۆمیتەی شۆرشگیر، وەلامدەری ئەو وەزعە نەبوو و نەیاندەتوانی لە باری پەیوەندی دیپلۆماسیەوە بە هیندیك لە وولات و حزبەکانی کوردستانەوە پشتیوانیەت بۆ خۆیان پەیدا بکەن. لەو پەیوەندیە دا هیندیك هەولیان دا هەر وەك کاك حەمەدەمین سیراجی مەئموریەتی پیسپیرا کە لە ریگای حزبی شیوعی عیراقەوە پەیوەندی بە سەرانی حزبی توودەی ئیرانەوە بگریت، بەلکو بتوانریت هیندیك کۆمەك بە کۆمیتەی شۆرشگیر بکریت. بەلام هەولەکانی ناوبراو بی ئاکام مایەوە، کە دوایە بۆ خۆشی

ناگەڕێتەوە لای هاوڕێیان و لە لای حزبی شیوعی دەمێنێتەوە. بەشەهیدبوونی سمایل شەریف زادە لە ناوچەی بانە کە بەهۆی خیانەتی کوێخا شەریف کە پێشمەرگە دەبێت کاک سمایل لە داوی دوژمن دەکەوێت، کاک حەمەدەمین سیراجی توانای شۆڕش و خۆراگرتنی نامێنی و بەناوی مەئموریەتی حزبی خۆی دەرباز دەکات و شۆڕشەکە بەسەر کاک فایق و هاوڕێیانی دیکە بەجێدیلی!!!؟ مەلا ڕەسول پێشنمازیش کە عەولای موعینی بریندار دەبی دەیهێنێتە کوردستانی عێراق و ئەویش ناگەڕێتەوە لای برادەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێر بەلکوو تا ماوەیەك لە مالی شیخ لەتیف حەفیدی دەمێنێتەوە.

لەو کاتەشدا ئەرتەش و جاشە خۆفرۆشەکانی ئێران لە هەموو لایەکەوە پەلاماری شۆڕشگێرانی کوردیان دەداو لە پشتەوەش را هێزەکانی پارتی و بارزانی سنورەکانیان دەگرت و مەیدانیان لێوە تەنگ هەلدینان و ڕێگای پاشەکشەیان بۆ کوردستانی عیراق نەبوو. بەم شێوەیە شەڕێکی قورس بەسەر پێشمەرگەدا دەسەپی، ئەوانیش بۆ پارێزگاری لە خۆیان چەندین داستانی قارەمانانەی وەك: شەڕەکانی پشتی کاژی، ئاغەلان، سەرشیو دۆلی مەنگوڕایەتیان لە مێژووی خەباتی چەکداری کۆمیتەی شۆڕشگێردا تۆمار کرد. لەو شەڕەدا چەند کەسی لە ئەرتەش و جاشەکان دەکوژرێن، یەکێك لە جاشەکان هەلمەتی قادری خائین دەبی کە پێشتر پێشمەرگە بوو. دواتر هێزەکانی پێشمەرگە دەکەونە نێوان دوو بەش. لەلایەن ئەرتەشی ئێران و هێزەکانی پارتیەوە گەمارۆ دەدرێن و ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی شۆڕشگێرانی ڕۆژهەلات بەرەو خراپی دەچوو. بەهەست پێکردن بە وەزعی خراپی هاوڕێیانی کۆمیتەی شۆڕشگێر، ئەوانەی کە لە ژێر دەسەلاتی بارزانی و پارتی مابووینەوە بە داواکردن لە بارزانی و موافەقەتی ناوبراو بۆ گەڕانەوەی هاوڕێیانی کۆمیتەی شۆڕشگێر، نامەیەك لە لایەن کاك حەسەنی ڕستگار و کاك ئەمیری قازی نووسرابوو منیش نامەکەم گەیاند بە دەستی کاك فایق لە سنورەکانی هەردوو بەشی کوردستان واتە لە کێوە بەرزەکانی باژار، زەردەلالەو جەمالدین، ئەوانم لەوی دۆزیەوە و نامەکەم پێدان. باسێکی زۆر لەسەر وەزعی شۆڕش و ئەو هەلو مەرجە خراپەی کە ئەوان تێیدا شۆڕش دەکەن کرا. ئەوان حازر نەبوون بۆ ژێر دەسەلاتی پارتی و بارزانی بگەڕێنەوە، هەر لەو کاتەشدا داوایان لە من کرد کە نەگەڕێمەوە و لەگەل ئەوان بمێنمەوە. من ئەو ڕاپەڕینەم لەو

کاتەدا هەرگیز بە باش نەدەزانی هەر بۆیەش پێشتر حازر نەبووم هاوکاریان بکەم. دیسانیش وەلامی رەتم دانەوە، وەلامی نامەکەشم بۆ کاک حەسەن هینایەوە. لە نامەکەدا کاک فایق ئیشارە بەوە دەکات کە لە ترسی پارتی ئاویرن بریاری گەرانەوە بدەن بۆ ژیر دەسەلاتی شۆرش. ئەو شۆرشە لە روانگەی زۆربەی ئەندامانی حزبەوە بە شەریکی خۆکوژی چاوی لیدەکرا، شەریك بوو کە دەیان رۆلەی تیدا شەهید بوون، کەسانی وەك سمایل شەریف زادە، ئاوارە، سلیمان موعەینی، عبدالله موعینی، مینە شەم، سالح لاجانی و دەیان تیکۆشەری دیکە. کە بەهۆی فشاری پارتی ریگای راپەرینیان هەلبژاردبوو. لە لایەکی دیکەش ساوایی و بی ئەزموونی ئەندامانی کۆمیتەی شۆرشگیر هۆیەکی دیکەی ئەو کارەساتە چاوەروان نەکراوە بوو. کۆمیتەی شۆرشگیر گویرایەلی ئامۆژگاریەکانی دۆستان و ئەندامانی حزب نەبوون، سەرەنجام بە شەهیدبوونی باشترین ئەندامانی کۆمیتەی شۆرشگیر و رۆلەکانی گەلی کورد کۆتایی بە تەمەنی ئەو راپەرینە هات کە سەروەریی و سەرفرازی خۆیان لە میژووی پر کارەساتی گەلی کوردو حزبی دیموکراتدا تۆمار کرد. ئەو راپەرینەش بەهەر کەم و کوریەکەوە کە هەیبوو، بە یەکیك لە پیرۆزترین لە راپەرینەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دادەنری.

بەو پییە لە زستانی ١٩٦٧ دا کاک فایق بە مەئموریەتی حزبی دەچیتە کوردستانی ژیر دەسەلاتی عیراقەوە، لە ریگای حزبی شیوعی عیراقەوە دەچیتە بەغداو لەگەل بەرپرسی یەکەمی حزبی توودە دوکتور رادمنیش کۆدەبیتەوە و داوای یارمەتیان لیدەکات. ئەو هەوالانە لە لایەن ئەندامان و کادرەکانی سەر بە کۆمیتەی شۆرشگیر گوتراون و بلاوبوونەوە. هەروەها دەگەل حزبی شیوعیش کۆبوونەوەیەك دەکەن، بە پیی قسەی چەند کەسانیك کە ئاگاداری چۆنیەتی پەیوەندییەکان بوون، گوایە لە کۆبوونەوەی حزبی توودەدا دوکتور قاسملوش وەك نوینەری حزبی توودە بەشدار دەبیت و دەلیت" حزبی دیموکرات بە ریبەری کۆمیتەی شۆرشگیر بەرەو دیاری کردنی ریبازی کۆمونیستی هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئەو مەبەستە تیبکۆشن" لە کۆبوونەوەکەدا کاک کەریم حسامی و کاک حەمەدەمین سیراجی بەشدار دەبن، ئەوە قسەی ئەو کەسانەیە کە بۆ خۆیان لە کۆبوونەوەکەدا بوون. ئەوانیش گوایە لە باری فکریەوە لایەنگری حزبی توودە بوون و تا دوای انقلابی ئیران خۆیان بە کۆمەنیست

دەزانی، بەلام ئەوان نەك هەر نەیانتوانی سەرنجی حزبی توودە بۆ لای ڕاپەرینی چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێری حزبی دیموکرات ڕابکێشن. بەداخەوە بۆ خۆشیان بوونە گوی لە مستی حزبی توودەو ئاکامەکەی لە پێناوی حزبی توودەی ئێراندا تووشی سەرلێشێواوی بوون کە لە کوردستان و میللەتی کورد تەریك مانەوە، دواتر لە جولانەوەی کوردستانیش دا نەخشی خەراپەیان دەگێرا بەتایبەتی مامە غەنی و کاك حەمەدەمین سیراجی. کۆمیتەی شۆڕشگێر کە بو خویان لە پێك هینانیدا نەخشیان دەبیت بە قەزاو قەدەری دەسپێرن و بەجێی دیلن. کاك فایقیش دەگەڕێتەوە بۆ سلیمانی لە گەرانەوەیدا لە داوی قالە تەگەرانی و سەدیقە فەندی قاتلی میرزا ئەحمەد دەکەویت و دەیگرن و تەحویلی سەرکردایەتی پارتی دەدەن. بەداخەوە ئەوانیش شەهیدی دەکەن و لەگەل خەلیل شەوباش تەرمی پیرۆزیان تەسلیم بە ڕژیمی شاو ساواك دەکەنەوە، دواتریش سالح لاجانی کە یەکێك لە بەرپرسانی نیزامی کۆمیتەی شۆڕشگیر دەبیت لەگەل چەند کەسیکی تر بە دەستووری سەرکردایەتی دەگیرین و تەسلیم بە ڕژیمی شا دەکرین و ئیعدام دەکرین. هەرچەند ئەوانە بۆ خۆ تەسلیم کردن گەڕابوونەوە باشوور لەگەل ئەوەشدا هەر تەحویل بە ئیران درانەوە. باقی هاورییان هەر کەسەو بە شیوەیەك لە کون و کەلینیاندا خۆیان شاردبۆوە. حەسۆ میرخانیش وەك فەرماندەی هیزی کاوە جیگای ژاندارمەی ڕژیمی شای گرتبۆوە، هەتا ئەو کات مەرزەوانی بۆ ڕژیمی شا دەکردو دواتریش بە شیوەی جۆراوجۆر کەوتنە گیانی شۆڕشگیرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان. بەلام حەسۆ کەسی لە ئەندامانی حزب نەکوشت و تەحویل بە ئیرانی نەدانەوە.

منیش بۆ خۆ پەنا دان لە دەستی حەسۆ و داروودەستەکەی لە گوندی نورەدین لەژیر بالی ئاغاکانی میراودەلی بەتایبەتی بابکر ئاغای باپیر ئاغاو کورانی باپیر ئاغا بە گشتی خەریکی دەرزی لیدان و خۆ بەخیوکردن بووم. کاك حەسەنی ڕستگاریش لە سلیمانی لە دانیشتگا دەرسی دەخویند، مامۆستا عەبدوللای حەسەن زادە، کاك حەسەنی قازی، مەلا ڕەسول پیشنماز، سەید ڕەسول دەهقان، مەلا خدر دۆلەگەرمی و مەلا عەزیز ئەحمەدی لە شاری قەلادزی و دەوروبەری سەنگەسەر خەریکی خۆ بەخیوکردن بوون. کاك سەید ڕەسول و کاك ئەمیر بەخۆ نزیك کردنەوە لە مەسئولینی پارتی بەتایبەتی لەگەل کاك حەسۆ هیندیك باشتر لە ئیمە وەزعی خۆیان ڕاگرتبوو.

هەموومان دەستمان بە کڵاوی خۆمانەوە گرتبوو با نەیبات. هەروەك باسمان کرد ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێر ئەوانەی مەیدانیان بەجێنەهێشتبوو هەموویان شەهید بوون، مەلا ئاوارەش لەگەڵ محمد دیوالی لە گوندی "دیوالان"ی ناوچەی سەردەشت گیران و لە شاری سەردەشت بەرەبەیانیك لە لایەن جەللادانی ڕژێمی شاوە ئیعدام کران و بوونە قوربانی گەل و نیشتمان. پێشمەرگەکانی ئەو ڕاپەرینەش بەشێکیان گەرانەوە باشوری کوردستان و پەیوەندیان بە مام جەلالەوە گرت کە دواتر گەرانەوە ریزەکانی حزبی دیموکرات. "قادر شەریف"یش لە سلیمانی تیرۆر کرا. تەنیا یەك دوو کەس نەبی ئەندامانی بەریوەبەری کۆمیتەی شۆڕشگێر هەموویان شەهید بوون، یادیان پیرۆز بی.

# قۆناغی حەوتەم

## کۆنفرانسی دووەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گۆڕانکاریەکانی نێو بزوتنەوەی باشوری کوردستان

بەگەڕانەوەی مام جەلال و تاقمەکەی بۆ باشوری کوردستان و ناو شۆڕش، گۆڕانکاری تازە لە نێوخۆدا دروست بوون. لە ساڵی ١٩٦٦دا کە پێشتر بەشێك لە شۆڕشگێرانی باشور بەهۆی ناکۆکیان لەگەڵ بارزانی چوبونە ئێران و لە هەمەدان ماوەیەك مابوونەوە، گەڕانەوە ناو شۆڕش و بەشێك لەوان لە لایەن پارتی و بارزانیەوە بەرپرسیایەتیان پێ سپێردرایەوەو تێکۆشانی خۆیان دەست پێکردەوە. گەڕانەوەی مام جەلال و لایەنگرانی مایەی دڵخۆشی خەڵکی کورد بوو. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشووی پارتی کەمتر لە لایەن بارزانیەوە کاریان پێ سپێردرایەوە. مام جەلال هەروا بێکار مابۆوە لە دۆڵی گەڵالەو چۆمان و دواتر لە لای هەباس ئاغای مەمەند ئاغا مایەوە و دوایەش کە گوایە هەستیان بە مەترسی کردووە کە نەکا بارزانی پەلاماریان بدات ڕێگای خۆ تەحویل دان بە ڕژێمی عیراق هەڵدەبژێرن. تا لە ساڵی ١٩٦٦ دا هێزەکانی سەر بە مام جەلال لە هەموو ئەو ناوچانەی کە تێکۆشانیان تیدا دەکرد، بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەولەتی عیراق بەنێوی هەلویست گرتن پالیان بە هێزەکانی دوژمن داو کەوتنە داوی ڕژێمی عیراق و لە بەکرەجۆ کۆکرانەوە و ئەوەی نەدەبوو ڕوویدا!! بەداخەوە لە سەنگەری شۆڕشگێریەوە، کەوتنە سەنگەری دژی شۆڕش. چوونی مام جەلال و دەستەو تاقمەکەی بۆ لای ڕژێمی عیراق ئالۆزیەکی زۆری خستە ناو کۆمەلانی خەلکی باشوری کوردستان و شۆڕش و بزوتنەوەی کوردستانی بەرەو لاوازی کیشاو لە بواری سیاسی و سەربازییەوە زەبرێکی گەورەبوو وە بزوتنەوەی کوردستان کەوت. لەو قۆناغەدا نە مام جەلال و نە بارزانی وەك دوو ڕێبەری ئەو دوو بالە لە بەرامبەر بزوتنەوەی کوردستاندا ژیرانە مەسئولانە هەلویستی مەنتیقیان نەگرتە بەر. ناوی جەلالی و مەلایی بۆ یەکەم جار بوو بە قسەی سەر زمانی خەلکی کوردستان. هەردوو لاش بە پشتیوانی خەلکی کوردستان پشت ئەستور بوون و هەردوو لاش بۆ سەرکوتی یەکتر لە ئیمکاناتی دوژمنان کەلکیان وەردەگرت. بەم شیوەیە ڕیزەکانی خەلك لیکدابران و دوژمنایەتی و ناکۆکیەکان پەرەیان ستاند کە ئەو ناکۆکیانە تایفەو عەشیرەتەکان، ڕۆشنبیران،

کارمەندان و تەنانەت بنەماڵەکانی کوردیشی گرتەوە. ئەو هەڵویستەی ئەو کاتی مام جەلال و مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی بەنیوی بەشیك لە پارتی و شۆرش، لە روانگەی ریکخستنی سیاسیەوە رەنگە بە کاریکی نادروست نەزانریت، هەروەك لەنیو بزوتنەوەو ریکخراوەکانی دونیادا بەهۆی بۆچوونی جیاواز روویداوە. بەلام ئەو هەلویستەی ئەوان چونکە بە چوونە پال دوژمنی کورد و بە پشتیوانی راستەوخۆی دەولەتی عیراق دژایەتی بەشەکەی دیکەیان دەکرد کە بەریبەری بارزانی بەریوە دەچوو زۆر گران بەسەر مام جەلال و تاقمەکەیدا شکایەوە. لەئەنجامدا بۆخۆشیان ئاکامی هەلەکانی خۆیان دیت و شۆرشی کوردیش بوو بە قوربانی ئەو هەلە گەورەیەی مام جەلال و مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی. ئەو کردەوەی ئەوان لە لایەن بەشیك خەلکی کوردستانیشەوە بە کاریکی خراپ و ناشۆرشگیرانە لە قەلەم دراو بۆ یەکەم جار نیوی جاشایەتیان بەسەردا برا. لەلایەکی دیکەشەوە ناکریت هەموو ئەو هەلەو تاوانانە بە تەنیا بە حیسابی مام جەلال و دەوروبەرەکەی دابنریت. بارزانیش تووشی سەرلیشیواوی ببوو و بەرەو تاکرەوی دەچوو. ئەو لەگەل بۆچوونی جیا لە بۆچوونی خۆی هەلی نەدەکرد. بیگومان بارزانی و سەرکردایەتی پارتیش لەو پەیوەندیەدا دووچاری هەلە بوون کە حازر نەبوون ناکۆکیەکانی نیوانیان بە شیوەی دیالۆگی سیاسی و باس لەسەرکردنیان چارەسەر بکەن. جگە لەوەش خۆ فەرزکردنی بارزانی و سەپاندنی دەسەلاتی خۆی بەسەر ئەواندا، هاندەریك بوو بۆ ئەوەی مام جەلال و جەماعەتەکەی مەشروعیەتیك بە هەلەکانی خۆیان بدەن کە بەرامبەر بە میللەتی کورد کردیان. ئەوان قبوولی ئەو شیوە دەسەلاتەیان نەدەکرد کە گوایە بارزانی بەزۆر خۆی بەسەردا فەرز کردوون، چارەنووسی گەلی کوردیش لەژیر دەستی ئەو دوو لایەنە دابوو کە ببووە قوربانی پاوانخوازی ئەوان. هەروەك ئیستا کە ئەوان لە دیاریکردنی چارەنوسی کورد دا بریاردەرن بەلام هەلویستەکەیان لەو کاتەدا بەو شیوەیەی کە کردیان و چوونە پال دوژمن، کاریکی هەلە بوو و گرانیان لەسەر تەواو بوو، بی ئەوەی بیانەوی ناوی جاشی ٦٦یان بەسەردا برا کە ئیستاش وەك خالیکی رەش لەسەر میژووی خەبات و تیکۆشانی مام جەلال و تاقمەکەیدا ماوەتەوە. بەلام بە هەموو ئەو کەموکوریانەوە مام جەلال لە دروستکردنەوەی شۆرشی نوی و کۆندا رۆلی کاریگەری هەبووەو وەك یەکیك لە سەرکردە خاوەن ئەزموونەکانی کورد هاتۆتە ناسین.

با ئەوەش لەبیر نەکەین کە مام جەلال لەولاوە لەگەل دەولەتی عیراق لەسەر چ بنەمایەك ریککەوت و چی بۆ کورد دابین کردووە هەتا خەلکی کوردستان پشتیوانی لیبکات؟ لە راستیدا دەبی بلیم ئەوکات نیوەی خەلکی کوردستان پشتیوانیان لە مام جەلال دەکردو پییان وابوو مام جەلال بە خۆرایی نەچۆتە پال دەولەتی عیراق. خەلك چاوەروانی حوکمی زاتی یان لانی کەم لامەرکەزی بوون، کە مام جەلال بۆیان بەدیاری دینی و ئیتر دەحەسینەوە! خەلکی کوردستان لە پیشەوە زۆر دلخۆش بوون و پییان وابوو هیواو ئومیدیك بۆ کوردان پەیدا بووە. هەر بەو چاوەروانیەشەوە بەشیك لە خەلکەکە لە دەوری مام جەلال کۆبوونەوەو چاوەروانی ئاسۆیەکی رونیان دەکرد بەلام بەداخەوە دەرکەوت کە هیچ کام لەوانە لە گۆریدا نەبوون، ئەگەر رژیمیش باسیکی لەو جۆرەی لەگەل کردبن هەر بۆ هەلخەلەتاندن بووە. رژیم هیچی لە هەمبانەدا نەبوو بۆ کورد، دیاری ئەو کاتی مام جەلالیش بۆ گەلی کورد، بیجگە لەوەی کە چەندین رۆلەی تیکۆشەر تیدا چوون و بە لاریدا راکیشان و جاشایەتی لەنیو کوردا رەسمیەتی پیدراو جیگای خۆی گرت، هیچی تری بەدواوە نەبوو. دوای ئەو هەموو دەردەسەری و دلسۆزی و فیداکاریەی کە بۆ رژیمی عیراقیان کرد، لە سالی ١٩٧٠دا هەموو هیزەکانی مام جەلال بە بی حورمەتی لە لایەن رژیمەوە چەك کران و کورد گووتەنی" هاتنەوە سەر باوەشینی هەویر" ئیستاش کە ئیستایە هەر دوو لا هەلەکانیان بە هەلە چارەسەر دەکەن. دەلین میژوو دووبارە نابیتەوە، بەلام لەسەر کوردەکانی باشور بەتایبەتی لەسەر پارتی و یەکیەتی چەند بارەش بۆتەوە!؟ خوا بکا وا نەبی.

لەم قۆناغەدا دەولەتی عیراق مەبەستی کورد بە کورد بە کوشتدان بوو کە یارمەتی مام جەلالی دەکرد. لەو لاشەوە سەرکردایەتی پارتی و بارزانی بە خۆبەستنەوە بە سیاسەتی رژیمی شاو ساواکی ئیران، بەوەرگرتنی هیندیك چەك و یارمەتی هەمەجۆر، کەوتە گیانی هیزەکانی مام جەلال و شەرەکە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە تەنانەت لە نیو بەشیك لە بنەمالەکانی خەلکی کوردستانیشدا دوژمنایەتیەکە ریشەی داکوتاو پەرەی ستاندو ریزەکانی خەلك بەتەواوی لیکدابران. بەو هۆیەو چەند هۆکاریکی تریش، دەولەتی عیراق بەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی خەلکی کوردستاندا سەرکەوتنی وەدەست هینا، ئەو دوو سەرکردایەتیەش لە

تیداچوون و مال ویرانی خۆیان و خەلکی کوردستان بەولاوە چیتریان دەست نەکەوت. کورد گووتەنی" کاله درا هیچیان پی نەبرا".

ئەو باسە بەجیدیلین و دەچینە سەر باسی حزبی دیموکرات و پەرش و بلاوی حزب له باشوری کوردستان.

بەدوای کۆنفرانسی دووەمی حزبی دیموکراتدا تیکۆشانی ئەندامانی حزبی زیاتر پەرە دەستینی و هیندیك کەوتینە سەر گەر. دواتر له سالی ١٩٦٩ دا ئەحمەد تۆفیق له سنوری ئیران دوور خرابۆوە و لەگوندی کانی ماسی خەریکی ژیانی خۆی بوو و نەیدەتوانی هات و چۆی ناوچەکانی تری ژیر دەسەلاتی شۆرش بکات، بەو هۆیەوە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی کۆنگرەی دوو نەیاندەتوانی پیکەوە کۆوەبن. پیشتریش چەند ئەندامیکی کۆمیتە ناوەندی شەهید کرابوون، ژمارەی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی کەم ببۆوە. کاك سدیق ئەنجیری بەهۆی پلانیکی ساواك بە دەستی سەید حەسەن برازای ئەحمەد تۆفیق شەهید کرابوو، سەید حەسەن دوای ئەو جینایەتە، گەرایەوە بۆ ئیران و خۆی تەسلیم بە ساواك کردەوە. کاك فایەق کە ئەندامی ئەسلی کۆمیتەی ناوەندی بوو شەهید کرابوو. مشاویرو جیگیرەکانیش هیندیکیان شەهید کرابوون هیندیکیشیان تەحویل بە رژیمی شا درابوونەوە. کاك سەعید کویستانی کە ئەندامی کۆمیتەی شۆرشگیر بوو پیشتریش مشاویری کۆمیتەی ناوەندی بوو، بەهۆی بارودۆخە نالەبارەکە گەرابۆوە رۆژهەلات و خۆی تەسلیم بە رژیم کردبۆوە، لەبەر هەموو ئەو هۆیانە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی زۆر کەم مابوونەوە. بۆ ئەوەی حزبی دیموکرات لەوەزیاتر لیك هەلنەوەشی، هیندیك لە برادەرانی کۆمیتە ناوەندی بە هاوکاری بەشیك لە کادرەکان و ئەندامانی حزب وەك ماموستا مەلا عەولا حەسەن زادە، کاك حەسەن رستگار، ئەمیر قازی و مەلا سەید رەشید حسینی بە هاوکاری کادرەکان کەوتینە فکری پیکهینانی کۆنفراسی دوو. ئەو کۆنفرانسە لە ئاخری مانگی بەهاری ١٩٦٩ دا لە نزیك گوندەکانی بەستەو مارەدوی لە بناری زنجیرە چیاکانی قەندیل لەناو نزاریکدا گیرا، بەداخەوە لە بیرم نەماوە ژمارەی بەشداران لەو کۆنفرانسەدا چەند بوون. ئەوەی لەبیرم بیت ئەو هاورییانە کە لە کۆمیتەی شۆرشگیردا بەشداریان کردبوو، لە بەکرەجۆ لە بن بالی مام جەلال دابوون و نەدەویران بینە ژیر دەسەلاتی شۆرش. بەشیکیش لە ئەندامانی حزب لە

باشووری کوردستان دەژیان ئاگادار نەکرابوون، بەلام بەو حالەش کۆنفرانس کارەکانی خۆی ئەنجامدان. کۆمیتەی ناوەندی بەهێز کرایەوە و هێندێك بریاری دان کە بە قازانجی حزب بوون. یەکێك لەو بریارانە کۆکردنەوەی ئەندامانی حزبی لە دەوری یەکتر بوو، بەم جۆرە راپەرینەکانی سالی ١٩٦٨-١٩٦٧ وەك بەشێك لە خەبات و تێکۆشانی حزبی دیموکراتی کوردستان دانراو بە قۆناغێك لە ژیانی سیاسی و چەکداری لە مێژووی حزبدا تۆمار کرا. هەروەها باسی ئەوەش کرا کە دەبی شۆرشی باشور بپارێزین و کارێك نەکەین ببێتە هۆی نارەزایەتی بارزانی. هەر لەو کۆنفرانسەشدا کاك ئەحمەد تۆفیق بە نووسینی نامەیەك بۆ کۆنفرانس ئیستعفای خۆی لە ئەندامەتی کۆمیتە ناوەندی حزب راگەیاندبوو، بەلام پێم وابێت لە کۆنفرانسدا لیی قەبوول نەکرابوو، دواتر کۆمیتەی ناوەندی ئیستعفاکەی لی قەبول کردبوو. ئەوکات حزب لە هەموو لایەکەوە، لەوپەری بی دەرەتانی دا بوو، هەروەها ئەمنیەتی ئەندامانیشی هەر لە مەترسی دابوو.

ئەو کۆنفرانسە بۆ زیندووکردنەوەی حزب و پاراستنی قەوارەی حزبی لە باری تەشکیلاتی و سیاسیەوە لەوکاتدا سەرکەوتنێك بوو بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان. بەشدارانی کۆنفرانس کە بەشێکیان زانیاری سیاسیان لە رادەو پلەیەکی باش دابوو، بەلام بەو حالەش ئەوکات لەنێو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا نەناسرابوون و حیسابێکی ئەوتۆیان لەسەر نەدەکرا، بە هەول و تێکۆشانی خۆیان لە گەورەیی حزبی دیموکرات وردە وردە لەناو خەلك و حزبدا جێگای خۆیان کردەوە، کە تا ئێستاش چەند کەسێك لەوان نەخشی بەرچاوی چاك و خراپیان هەیە لە جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا بەگشتی و لە حزبی دیموکراتدا بەتایبەتی. لەلایەکی دیکەشەوە چەند کەسانی واش هەبوون کە بەشداری کۆنفرانس بوون، پلەی خوێندەواری و رادەی هۆشیاری سیاسیان زۆر لە خواری بوو، بەلام لانی کەم زانیان چ کەسانێك بۆ ئەو دەبن کە ببنە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و جێگای متمانە بن، دەنگیان پێدان و بە رێبەری خۆیان هەلیان بژاردن، کاك مەلا حەسەن رستگار، کاك عەبدولا حەسەن زادەو مامۆستا هێمن "هێمنی شاعیر" بە کۆمیتەی ناوەندی حزبەوە زیاد کران، کە بە خۆشیەوە دوو کەس لەوانە واتە کاك حەسەن رستگارو کاك مەلا عەبدولا حەسەن زادە لە نێو حزبدا ماونەوەو لەناو حزبدا رۆلی چاك و خراپیان

هەبووە. ئاوبراوان لەو قۆناغە سەخت و دژوارەدا ماونەوە و هاوڕێیانی خۆیان بەجێ نەهێشتووە. لە پتەوکردن و یەکگرتنی ڕیزەکانی گەلدا ئەوکات دەوری چالاکانەیان دەبینی.

بەداخەوە دوای انقلاب مامۆستا هێمن فریوی دەستەی سەر بە حزبی توودەی خواردو حزبی دیموکراتی بەجێهێشت، لە لایەن چەند کەسێکیش لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندیەوە دژایەتی دەکرا لە دواییدا بەهۆی نەخۆشی مالاوایی لە گەلی کورد کرد، رۆحی شاد.

ڕاستە مامۆستا هێمن فریوی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری خوارد کە سەر بە حزبی توودەی ئێران بوون و لە ڕوانگەی ئەندامانی حزبەوە لە گەورەیی خۆی کەم کردەوە، بەلام مامۆستا هێمن بەهۆی شاکارە هونەرییەکانی و هەلبەستە بەنرخەکانیەوە هەرگیز لە یادی هیچ کوردیکی نیشتمان پەروەر و ئەدەب دۆست ناچێتەوە. ئەو لە دل و دەروونی هەموو کوردیکدا جێگای خۆی کردۆتەوە و دەژی.

بەم جۆرە کۆتایی بە کۆنفرانس هات و کۆمیتە ناوەندیش بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆی دەست بەکار بوو. بەدوای تەواوبوونی کۆنفرانسدا خەبەری نەخۆشی باوکم پیگەیشت، بە مەبەستی سەردان سەفەریکم کرد بۆ رۆژهەلاتی کوردستان و چوومەوە بیورانی سەردەشت. دوای دوو سی رۆژ گەرامەوە قەلادزی کە لە لایەن ڕەسول مەمەند کە ئەو کات بەرپرسی ناوچە بوو لە پارتیدا بانگ کرام و ئاوبراو لەگەل هێندیك بی حورمەتیدا پیی ڕاگەیاندم: کە جاریکی تر بە هیچ شیوەیەك هەقم نیە بچمەوە رۆژهەلاتی کوردستان. تەنانەت گوتی هەقت نیە بچیە گوندەکانی سەر سنوریش!؟ جاری واش بوو حەسۆ فەرماندەی هێزی کاوە لە بازاری قەلادزە بە بەرچاوی خەلکەوە بە بیحورمەتی بانگی دەکردین!، بەدەنگی بەرزو قسەی ناشیرینەوە هەرەشەو گورەشەی لیدەکردین. ئەوان بۆ خۆ شیرین کردن لە لای ڕژیمی شا هەموو پرینسیپەکانی ئینسانی و نەتەوەییان دەخستە ژیر پێ. ئەگەر سکالایەکمان لە لای هاوڕێیانی کۆمیتە ناوەندی لەو بارەوە کردبایە، بەداخەوە ئەوانیش دەسەلاتیان نەبوو، چونکە لە لایەن بەرپرسانی شۆرشەوە بە هەند نەدەگیران و ڕیزیان لی نەدەگرتن. تەنانەت یەکیکی وەك کاك ئەمیر قازی و کاك سەید ڕەسول دیهقان کە ئیمە پیمان وابوو بە خۆنزیك کردنەوە لە بەرپرسانی شۆرش

دەتوانن قسەیەکی خێر بۆ ئەندامانی حزب بکەن، لەبەر ئەوەی کە حەسۆ میرخان بە قسەی نەدەکردن ئەوانیش کەمتر تەکلیفیان دەکرد. با ئەو ڕاستیەش نەشارینەوە کە حەسۆی میرخان بەو هەموو زمان شریەو تورەو تۆسنیەی کە هەیبوو، دەستی نەچۆ نێو خوێنی ئەندامانی حزبی دیموکرات و کەسیکیش لە ئەندامانی حزب بە فرمانی ناوبراو تەسلیم بە ڕژیمی شاو ساواک نەکرایەوە. دەلێن برینی خەنجەر ساریژ دەبیتەوە، بەلام برینی زمان چاك نابیتەوە. حەسۆ ئەوەندە زمان شرو جنیودەر بوو کە قسەکانی لە برینی خەنجەر کاریگەر تر بوو.

## دەورانی پەنابەریم لە لای دەولەتی عیراق و مانەوەم لە بەغدا.

هەروەك پیشتر باسمان کرد بەهۆی فشاری بەریوەبەرایەتی پارتی دیموکرات بۆ سەر ئەندامانی حزب، ئەمنیەتی گیانیمان لە مەترسی دابوو، دەبوو فکریك بۆ خۆمان بکەین. ئەو هەلویستەی ریبەرانی بزوتنەوەی باشوور دیار نەبوو هەتا کەنگی دەرهەق بە ئەندامانی حزبی دیموکرات بەردەوام دەبیت. شۆرش رۆژ لەگەل رۆژ لە دەولەتی شاو و ساواك نیزیکتر دەبۆوە بەو پیپەش مەترسی زیاتر دەکەوتە سەر ئەندامانی حزب. هەر لەو کاتەشدا دەنگۆ هەبوو کاك ئەحمەد تۆفیق لەگەل مەلا سەید رەشید حسینی لەکانی ماسیەوە رایکردووە و خۆی تەحویل بە دەولەتی عیراق داوە. ئەو خەبەرە وەراست گەرا و لە ناو حزب و خەلکی کوردستاندا دەنگی دایەوە. بە چوونی کاك ئەحمەد بۆ لای دەولەتی عیراق زەنگی خەتەر زیاتر بوو. چونکە کاك ئەحمەد تەنیا کەسیك بوو لە هەموو ئەندامانی حزب زیاتر لە بارزانی نزیك بوو، کاتیك زانیمان ئەحمەد تۆفیق بەو هەموو خزمەتەی کە بە شۆرشی پارتی کردبووی دیسان گیانی لە مەترسی دایەو هەلدیت، ئیمەش بە وەبەرچاوگرتنی ئەو وەزعە هەلویستی نابەجیی ریبەرانی شۆرش لە ریگەی "بابەکر پشدەریەوە، بابەکر محمود ئاغای هیرۆ" پەیوەندیمان بە دەولەتی عیراقەوە گرت و لەریگای ناوبراو وەك پەنابەری سیاسی لەلای دەولەتی عیراق قەبول کراین، لە رۆژەکانی یەکەمی مانگی سەرماوەزی ١٩٧٠ دا خۆمان تەحویلی عیراق دا. کەسیکیش بەنیوی مەلا سەید رەشید کە لە زیندانی رژیمی شا دابوو بەلام دوایی بە زەمانەت ئازاد کرابوو بەسەردان هاتبۆوە باشووری کوردستان بۆ لای مال و مندالەکەی، بەیەکەوە چووینە

لای دەولەتی عیراق بووینە پەنابەری سیاسی بۆ ماوەی سال و نیویک لەبەغدا ژیانی پەنابەریمان بەسەرد برد. مەلا سەید رەشید پیشتر ئەندامی حزب و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەیەك بوو لە شارستانی سەردەشت، لەهەمان کاتیشدا دۆستیکی نزیکی خۆشم بوو. ناوبراو بەداخەوە دواتر لە ناوچەی پشدەر بەدەستی تیرۆریستەکانی رژیمی شا شەهید کرا. لەو کاتەشدا شاری قەلادزی کەوتبووە دەستی هیزەکانی عیراق و مام جەلال، دەولەتی عیراق و لایەنگرانی مام جەلال پیکەوە حکومەتیان بەریوە دەبرد. بابەکر ئاغاش قائیمقامی شاری قەلادزی بوو، لایەنگرانی مام جەلال خەریکی کاروباری تەشکیلاتی خۆیان بوون. رژیمی عیراق بە تاکتیکیك لە هیندیك ئۆرگانی دەولەتی دا کەسانی سەر بە مام جەلالی دامەزراندبوو مەسئولیەتی دابوونی، بەلام هەمە کارە هەر دەولەتی عیراق بوو. جار جار باسی حوکمی زاتی دەکرا، بەلام بە کردەوە شتیك لە گۆریدا نەبوو، دەسەلات هەر بە دەولەتی عیراق بوو، ئەمن و ئیستیخبارات لە هەموو ئەو ناوچانە هەبوو کە لەژیر دەسەلاتی دەولەتی عیراق دا بوو. خەبەریك لە ئۆتۆنۆمی لامەرکەزی بۆ کوردان لە گۆریدا نەبوو لەو قۆناغەدا هیزەکانی مام جەلال شان بەشان هیزەکانی دەولەتی عیراق توانیان چەند ناوچەیەکی رزگارکراو لەژیر دەسەلاتی شۆرشگیرانی کوردستان دەربینن و دەسەلاتی رژیمی تیدا زیندوو بکەنەوە. دوژمنایەتی جەلالی و مەلایی ئەو کات ئاوا ناوبانگیان دەرکردبوو، رۆژ بە رۆژ قوولتر دەبۆوە ریزەکانی خەلکی کوردستان زیاتر لیکدەترازان پلانی دوژمنان زیاتر لەسەر کوردان بەریوە دەچوو بەرنامەی لەنیوبردنی شۆرشیان باشتر دادەرشت. بەشیکیش لە کادرو پیشمەرگەکانی حزبی دیموکرات واتە پاشماوەی کۆمیتەی شۆرشگیر لەگەل بالی پارتی جەلالیەکان لە بەکرەجۆ هاتبوونە قەلادزی بەناو خەریکی کاروباری سیاسی و تەشکیلاتی بوون لە کوردستانی ژیر دەسەلاتی ئیراندا، بەلام بەهۆی ئەوەی گوندەکانی نزیك سنووری قەلادزی بەدەست هیزەکانی بارزانی یەوە بوون ئەو هاورییانە نەیاندەتوانی بچنە ناو خەلکی خۆیان. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو هاورییانە لە باری سیاسیەوە زانیاریەکی ئەوتۆیان نەبوو، نەیانتوانی وەك بەشیکی چکۆلەش لە حزبدا نەخشیان هەبیت. دیارە دواتر گەرانەوە ناو حزبی دیموکراتی کوردستان. ئیمە ئەو کات واتە سالی ١٩٧٠ کە لە بەغدا لەلای دەولەتی عیراق وەك پەنابەری

سیاسی وەرگیرابووین، شوێنی ژیانمان بۆ دیاری کرابوو خەریکی کاروبارەکانی خۆمان لەو پەیوەندیە دابووین. ڕۆژێک لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق لە ئیدارەی( مەکتەب شئون الاجئین) لەناکاو لەگەل کاک ئەحمەد تۆفیق و مەلا سەید ڕەشید حسینی نیودیر بە مەلا سەید ڕەشید سەقزی یەکترمان بینی کاک ئەحمەد واقی ورما و وتی بەخیربین. برادەرانی حزب کە لەژێر دەسەلاتی شۆرش دا بوون بەهۆی وەزعی شۆرشەوە کە ریبەرانی شۆرش پەیوەندیان لەگەل شاو ساواک زیاتر دەبوو، بەهۆی وەزعی شۆرشەوە کە ریبەرانی شۆرش نەیاندەتوانی بۆ کاروباری سیاسی و تەشکیلاتی حزبی بگەرینەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بۆیە هەر کەسە هەولی دەدا لەریگای خۆیەوە لە بەرپرسانی شۆرش نزیک بیتەوە، بەلام بەم حالەش لە مەترسیدا ژیانیان دەبردە سەر، کۆمیتە ناوەندی هەلبژیردراوی کۆنگرەی دوو و کۆنفرانسی دوو بەیەکەوە بە پیی ئەو هەلومەرجەی کە تییدا بوون جار جار کۆدەبوونەوەو چاوەروانی ئال و گۆرەکانی کوردستانیان دەکرد کە بەسەر بزوتنەوەی باشوردا بیت، تا بەلکوو ئەوانیش بتوانن خۆیان و حزبیش لەو قەیرانە سیاسی و تەشکیلاتیە رزگار بکەن. سەرانسەری سالی ۱۹۷۰ دەنگۆ هەبوو کە سەرکردایەتی پارتی و دەولەتی عیراق ریک دەکەون. ئەو خەبەرە دوایە راست دەرچوو، لە مارسی ۱۹۷۰ دا هەردوو لا بەئاشکرا کەوتنە وتوویژکردن، کە ئاکامەکەی بەیانی ۱۱ی ئازار بوو کە ئیستاش بە خالی وەرچەرخان لە میژووی کوردستانی باشووردا لە قەلەم دەدری. بەلام نییەت خراپی دەولەتی عیراق رووپەرەکانی هەلگیرایەوە.

# قۆناغی هەشتەم

## بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠

به راگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و بە رەسمی ناسینی مافی گەلی کورد لە لایەن دەوڵەتی ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك کۆماری عیراقەوە شادی و خۆشی سەرانسەری کوردستانی گرتەوەو هیواو ئومێدیك بۆ گەلی کورد پەیدا بوو. سەبارەت بە راگەیاندنی ئەو بەیانە کە کۆبوونەوەیەکی گشتی لە شاری بەغدا لە گۆرەپانی تەحریر بە بەشداری ئەحمەد حەسەن بەکر لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوەو بەریزان دوکتۆر محمود عوسمان ئیدریس و مەسعود بارزانی لەلایەن شۆرش و خەلکی کوردستانەوە پیك هات. زیاتر لە پینج سەد هەزار کەس لە کوردو عەرەب لەو مەیدانە کۆببوونەوە. بۆ یەکەم جار سەرۆك کۆماریکی عیراق بە وتاریکی گرنگ بەیانە میژوویەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی پیشکەش بە گەلی کوردو عەرەب کردو پەیوەندی برایەتی کوردو عەرەب دوای ئەو هەموو کوشتن و مالویرانییەی کە بەسەر هەردوو گەل دا هاتبوو تازە کردەوە. بە راگەیاندنی ئەو بەیانە جۆش و خرۆشیك لەناو ئەو خەلکەدا پەیدا بوو، لە هەموو لایەك کوردو عەرەب دەستیان خستە ناو دەستی یەکتر و هەلپەرکەو گۆرانی دەستی پیکرد، پیخۆشحالی خۆیان دەردەبری. راگەیەنراوەکە راستەوخۆ لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی عیراقەوە بلاو کرایەوە و دەیان رۆژنامەوان و هەوال نیر وینە و فیلمیان لی هەلدەگرت و لە دنیای دەرەوەدا دەنگی دایەوە. گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان دوای چەندین ساڵ ژیردەستی و شۆرش و خەبات بە بەشیك لە ئامانجە سەرەتاییەکانی خۆی گەیشت. دوا بە دوای وتاری ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك کۆماری عیراق لەلایەن شۆرش و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، دوکتور مەحمود عوسمان لە وەلامی ئەوەدا وتاریکی بەنرخی پیشکەش بە بەشداران کرد، سوپاسی حزبی بەعسی سۆسیالیستی و دەوڵەتی عیراق و شەخسی ئەحمەد حەسەن بەکری کرد، کە سەبارەت بە رەسمی ناسینی مافی گەلی کورد هەنگاویکی گەورە هاویژراو هیواداری دەربری کە بە زووترین کات بەندەکانی بەیانی ١١ی ئازار جیبەجی بکرین و گەلی کورد و عەرەب پیکەوە لە ولاتیکی یەکگرتوو و تەواو دیموکراتدا ژیان بکەن و بەرامبەر بە هەر پیلانیکی دوژمنان

هەردوو گەلی کوردو عەرەب لەیەك سەنگەردا بمیننەوە. ئەو ڕۆژە لە مێژووی جولانەوەی کورد دا جیگای خۆی گرت و خەلکی کوردستانیش بەوە دلخۆش بوون کەوا بەشیك لە مافەکانیان لە لایەن دەولەتی عیراقەوە دابین کراوە. لەو ڕۆژە مێژوویەدا ئیمەش لەگەل کاك ئەحمەد، مەلا سەید ڕەشیدەکان و چەند کەسیکی دیکە بەشداریمان لەو ری و ڕەسمەدا کرد. ئیمە لە هەموو کەس زیاتر پیی خۆشحال بووین و هیواو ئومیدی زۆرمان بۆ پەیدا ببوو، پیمان وابوو تازە بەشیك لە گەلی کورد رزگار بووە. بەلام بەداخەوە دوای تیپەربوونی ماوەیەك بەسەر ڕاگەیاندنی بەیانەکەدا، نە لە لایەن دەولەتی عیراقەوە بۆ جیبەجی کردنی خالەکان کار کراو نە لە لایەن ریبەرانی شۆرشەوە وەك پیویست نیاز پاکی نیشاندرا. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی پلانی شاو ساواك و گوی بیستی ریبەرانی بزوتنەوەی کوردستان لە فەرمانی شای ئیرانەوە، هەروەها ڕاست نەبوونی دەولەتی عیراق بەرامبەر بە کوردو نفوزی ئاژاوەگیری و شۆفار لە هەردوو لادا، ئەو دەسکەوتە گەورەیە بە پلانی شاو ساواك لە کیس گەلی کورد چوو. لەگەل ئەوەش کە ئەو ماوەیە هەردوو لا تەبلیغاتی دژی یەکتریان دەکردو پەیوەندیەکانیان بە نیوەچلی تا دوو سی سالیك راکیشا. لەو ماوەیەدا لە هەموو شارەکانی کوردستان بنکەو بارەگای پارتی دامەزرابوون و لە شاری بەغدادیش لقی "پینج" ی پارتی لی کرابۆوە. وەزیرە کوردەکان بە دەولەتی مەرکەزیەوە زیاد کران.

ئەو بارودۆخە لەسەر یەك بە قازانجی هەموو خەلکی کوردستان بوو بە هەر چوار پارچەکەیەوە، دیارە لەو دەرفەتەدا دەولەتی عیراقیش خەریکی خۆریکخستنەوەو پیلان گیران بوو. ئیمە وەك حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دلمان خۆش بوو و گووتمان تازە لە گرتن، ڕاونان و تەحویل دانەوە بە رژیمی شا لە لایەن پارتیەوە رزگارمان بووەو دەتوانین لە کوردستانی باشوور خەبات و تیکۆشانی خۆمان دریژە پی بدەین و دەگەریینەوە نیو شوین و کاری تیکۆشانی خۆمان. بەلام بەداخەوە بۆچوونەکەی ئیمە دروست دەرنەچوو. لەو سەردەمەدا لقی پینجی پارتی هاتە بەغداو لەسەر شەقامی ئەبو نەواس بارەگای کردەوە، ئیمەش لەگەل کاك ئەحمەدو سەید ڕەشیدەکان جار جار بەدزیەوە هاتوچۆمان دەکردن. ئەوجار ئەحمەد تۆفیق نامەو راسپاردەکانی خۆی لە ریگای لقی پینجی پارتیەوە دەگەیاندە دەستی بارزانی و کاك ئیدریس. ئەوکات کاك ئیدریس لە ناو پارتیدا لە بەشی پاراستن دا بەرپرسی یەکەم

بوو، هەروەها لە باری دیپلۆماسیشەوە لەگەڵ ئەمن و ئیستخبارات و سازمانی سیای ئەمریکا دوای بارزانی دەوری سەرەکی هەبوو. دیارە ئەو کات کەسانی دیکە لەناو شۆڕشدا بە ڕواڵەت بەرپرسیاریەتی ئەو بەشەیان پێدرابوو، بەڵام لە ڕاستیدا کاک ئیدریس لەم بارەوە هەمە کارە بوو.

لەولاشەوە وەزعی ئیران هێندێک ئاڵۆز ببوو، ژنراڵ تەیموری بەختیار کە پێشتر سەرۆکی سازمانی ئەمنیەتی ئیران بوو رایکردبوو بۆ عیراق لە لای دەولەتی عیراق گیرسابۆوە. ناوبراو وەك سەرۆك دەولەتێك حیسابی بۆ دەکراو دەولەتی عیراق زۆر ریزی دەگرت. بەختیار هەموو ئیمکاناتیکی لە لایەن دەولەتی عیراقەوە بۆ دابین کرابوو، توانیبووی هێندێك خەلکی عەشایر و راکردو لە ئیران و کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. کەسانی وەك محمود بەگ، حەمید بەگ و چەند کەسانیکی دیکەی لەو بابەتانە کە شوێنیان بۆ حەوانەوە نەبوو پالیان وە بەختیار دابوو. ئەو کەسانەش لە نزیك سنورەکانی ئیران و لە شارەکانی سەید سادق و هەلەبجە نیشتەجی کرابوون و بنکەو بارەگایان بۆ دامەزرابوو. بە قسەی بەختیار دەبوو رژیمی شا برۆخی و بۆ خۆی دەولەتێك دابمەزرینی و ئیران لە ژێر دەسەلاتی ئەمریکا دەربینیت!؟ رۆژێك لە لایەن ئیستخباراتی عیراقەوە ئاگادار کرامەوە کە لە نزیکەوە ژنرال بەختیار ببینم، بۆ ئەو مەبەستە لەگەل خۆیاندا بردیانم بۆ لای بەختیار کە پێشتر زەمینە بۆ ئەو چاوپیکەوتنە پێك هاتبوو. بە هێندێك قسەو باس و ئالوگۆری نەزەر دەربارەی ئیران و روخانی رژیمی شا، ئەو رۆژە کۆتاییمان بە دانیشتنەکەمان هینا. دواتر کاتم بۆ دیاری کرا کە جاریکی دیکەش تەیموور بەختیار ببینمەوە، ئەو دانیشتنەمان لە زستانی سالی ١٩٧٠دا بوو. دوای گەرانەوەم بۆ ووتێل کاك ئەحمەد تەلەیفونی بۆ کردم و گوتی" ئەری مالت خەراپ نەبیت ئەوە لە کوێی، لە بەیانیەوە چەند جارم زەنگ بۆ لیدای هەر وەلامت نەدامەوە، دیارنی؟ دەمەوی بیمە لات، ئیستا دیم لە مال دەرمەچۆ". زۆری نەخایاند ناوبراو هات و منیش چاوپیکەوتنی خۆم و بەختیارم بۆ باس کرد. بە گیرانەوەی ئەو باسە کاك ئەحمەد لە لایەك رەنگی هەلبزرکاو لە لایەکی دیکەشەوە هێندێك پێخۆشحالی خۆی دەربری و گوتی" خۆزگە پێش ئەوەی دەچووی ئەو مەسەلەیەت لەگەل من باس دەکرد بۆ ئەوەی لانی کەم هێندێك رینوینیم دابایەی" گوتم نەچووە بچێت دووبارە دەچمەوە لای بەختیار ئەگەر

شتێکت هەیە فەرموو پێم بڵێ، گوتی لە زمان خۆتەوە بە بەختیار بڵێ" ئەگەر بتەوی رژێمی شا بڕوخێنی و بۆ خۆت دەسەلات بەدەستەوە بگریت، پێویستە پێشتر لەگەڵ ڕێبەرانی حزبی دیموکرات یەکتر ببینن و لەسەر مەبناو ئەساسێک تەوافق بکەن، کە دوارۆژ توشی شەر و تێکهەلچوون نەبن. چونکە دوژمنانی هەردوو لا ئەو فرسەتەیان پێبدرێت لە ناکۆکی نێوانمان کەلک وەربگرن و نەیەلن ئەو حکومەتەی کە تۆ دەتەوی دایمەزرێنی پێک بێت". بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و گوتی" وە دەبی لەگەل پارتی و بارزانی کە ئێستا لەگەل دەولەتی عیراق رێککەوتوون پەیوەندی بگری و بە ئەنجامێک بگەن کە نەبنە کۆسپ لەسەر رێگای سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا، بۆ ئەو مەبەستەش منی پێ بناسێنە کە تەنیا کەسێک بتوانی ئەو دوو کارە بکات لەو قۆناغەدا ئەمن دەتوانم نەخشی بەرچاوم هەبێت". واتە کاک ئەحمەد هەم لە لایەن حزبی دیموکراتەوە هەم لە لایەن بارزانیشەوە نوێنەر بێت. سەیر ئەوەبوو کاک ئەحمەد هێشتا بەختیاری نەبینیبوو قەولی جۆراو جۆری بەمن دەداو دەیگوت" لە بزوتنەوەی سەرتاسەری ئێراندا بە دەسەلاتت دەگەیەنم"! بەم شێوەیە جارێکی دیکەش لەگەل بەختیاردا لە بەهاری سالی ١٩٧٠ دا دانیشتنمان کردەوە، لە ئاکامی دانیشتنەکەدا تێگەیشتم کە بەختیار تەنیا دەیەویست لە نفوزی من لە کوردستان و ناو خەلکدا بە قازانجی خۆی کەلک وەربگرێت و بمکاتە هاوکاری خۆی. ئەگینا ئەگەرچی دەلێن گۆیە بە رەگەز بۆ خۆشی کورد بووە، بەلام زەرەیەک هەستی کوردایەتیم لە ناوبراودا بەدی نەکردو هیچی لە کەشکۆلیدا نەبوو بۆ میللەتی کورد. بەناوهێنانی ئەحمەد تۆفیق، بەختیار هێندێک مات بوو و پاشان گووتی" احمد تۆفیق نوکر امریکا است و از طریق سازمان سیا به سازمان امنیت ایران مربوط می شود. ما هرگز حاضر نیستیم با ایشان ارتباط داشته باشیم، نه مسئله اقلیتهای ایران خارج از چهارچوب قانون اساسی ایران در مرحلئه اول قابل ذکر است". بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی خۆی و ئیشارەی بە شۆڕشی بارزانی کردو گوتی" نهضت کردهای عراق تحت رهبری ملا مصطفي بارزانی وابستگی به امریکا دارد، از طرف دیگر این نهضت تحت فرماندهی شاه و ساواك ایران رهبری می شود که بهیچ وجه ما حاضر به همکاری و ارتباط با انهانیستیم". تەیمور لەسەر مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، پێی وابوو هەموو نەتەوەو کەمە نەتەوەییەکانی ئێران

لە لایەن رژیمی شا دەچەوسینرینەوە و ئامانج لە روخانی رژیم ئەوەیە کە دەولەتیکی دیموکراتیك دابمەزرینن، گەلی کوردیش وەك هەموو کەمایەتیەکانی دیکەی ئیران لە چوارچیوەی قانوونی گشتی ئیراندا بە ئازادی بژین. گوتی" ما ملت ایران زیر ستم دیکتاتوری شاه خائن از تمام ازادیهای دموکراتیك محروم هستیم، بیگانگان تمام سرمایئه کشورمانرا بیغما میبرند، ویا بوسیلئه افراد درباری و وابستگان شاه به بانکهای خارجی نقل میشود به نفع خانواده پهلوی پس انداز میشود، باید ملت ایران همەباهم متحد شویم، تا بتوانیم ملت و کشورمان را از دست این گرگ جلاد خلقهای ایران نجات دهیم".

ئەوە نەزەرو بۆچوونی ژەنرال تەیموری بەختیار بوو لەسەر میللەتی کورد بەگشتی و شۆرشی بارزانی و شەخسی احمد تۆفیق بەتایبەتی. من ناوەرۆکی قسەکانی ناوبراوم کە لە زمان خۆی بیستومە، گیراومەتەوە و باسم کردووە. لیرەدا دەردەکەوی کە بە گۆرانی سیستمی سیاسی، هیچ گۆرانیك لە بیری شوینیزمی فارس دا پیك نایەت. ئیدی من دواتر بەختیارم نەبینیەوە، هەتا رۆژیك خەبەر بلاوبۆوە. کە تەیموری بەختیار بەدەستی یەکیك لە هاوکارەکانی نیزیکی خۆی لە کاتی راوە حەیواندا لە دەرەوەی شاری بەغدا کوژراوە و کابراش هەلاتۆتەوە بۆ ئیران. من و کاك ئەحمەد تۆفیق بە رەوالی پیشوومان ئیواران پیاسەمان دەکردو لە بەغدا لە شەقامی ئەبو نەواس بۆ ماسی خواردن یەکمان دەگرتەوە، زۆر جاریش بەدەم سیاسەت کردنەوە قسەی خۆشمان دەکرد و بیرەوەریەکانمان وەرد دەدانەوە. ئەو قسانەی کە بەختیار سەبارەت بە کورد بە گشتی و حزبی دیموکرات بەتایبەتی کردبووی، بەشیکم بۆ کاك ئەحمەد گیرایەوە، ئەوەی راست بیت نەدەویرام هەموو قسەکان وەك خۆی کە بەختیار گووتبووی بە نسبەت کاك ئەحمەدەوە بۆی بگیرمەوە، بەلام ئیشارەیەکم هەر پیدەکردن. بە بیستنی ئەو قسانە رەنگی سورهەلگەراو گوتی:" ئەو بیشەرەفە دەستی بە خوینی کوردان سوورە، ئەوکات کە ئیوە لە ئیران زیندانی کرابوون، ناوبراو سەرۆکی سازمانی ئەمنیەتی ئیران بوو، ئەوەندەی خیانەت بە گەلی کوردو حزبی دیموکرات کردووە رووی نیە لەگەل مەمانان دابنیشیت". ئەوەی کە بۆ من زۆر گرنگ بوو لەو نیوەدا بۆچوونی هەردووکیان بە نسبەت یەکتر بوو لە پەیوەندی لەگەل ئەمریکابوونی کاك ئەحمەد تۆفیق شتیکم دەست کەوت، چونکە

بەختیار کە پێشتر ڕەئیسی سازمانی ئەمنیەتی ئێران بووە، لەسەر زۆر شتی لەو بابەتە ئاگادارییی هەبوو، دواتریش بەهۆی نفوزی خۆی لەنێو سازمانی ئەمنیەتدا زۆر خەبەراتی جۆراو جۆری پێدراوە. دەرکەوت کە هەردووکیان شت لەسەر یەکتر دەڵێن و باسی یەکتر دەکەن. ڕاستیان کردووە و بوختانیان بە یەکتر نەکردووە. پەیوەندی کاک احمد بە ئەمریکاوە ڕاست دەرچوو. کە دواییش کاک ئەحمەد هەر لەو پەیوەندیەدا چەند شتیکی دیکەی لەو بابەتە، وەك پەیوەندی بە بارزانی و چەند کەسایەتی دیکەی سیاسی کورد کە لە ڕوانگەی دەولەتی عیراقەوە بە جاسوسی ئسرائیل و سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا ناسرابوو لە پەیوەندی دابوو. هەر بۆیە ناوبراو لە لایەن ڕژیمی عیراقەوە گیراو شەهیدکرا. دواتر لەسەر قسەکانی بەختیار سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق ئەمن هێندێك شتم دەست کەوت. بە پێی هەلسوکەوتەکانی کاك ئەحمەد وا دیار بوو سەرۆکاریکی نیزیکی بە دەزگا جاسووسیەکانی ئەمریکاوە هەبووبێ، چونکە لەگەل کەسانی دەسەلاتدار تیکەلاو بوو. ئەو ماوەی کە لە بەغدا پەنابەری سیاسی بووین دۆستایەتیەکمان هەبوو و بەردەوام بەیەکەوە دەگەڕاین، ناوبراو لە دلپاکی من سەبارەت بە خۆی شکی نەبوو، تا ئەو ڕۆژەش کە بەیەکەوە بووین کاریکم نەکرد کە بە زیانی تەواو بێ. دژی ئەو کەسانەش کە ئەو خۆشی نەدەویستن ئەمن هەلویستی خراپم نیشان نەدەداو بە چاوی ئەو سەیرم نەدەکردن، خۆشم تیکەلاوی ئەو کارانە نەدەکرد کە ئەو دەیکردن. هەر بۆیەش متمانەیەکی زۆری پێدەکردم. چەند جاریك پێکەوە هاتوچۆی ئیدارەی ئەمنی عامی عیراقمان دەکرد، من لە سکرتاریەتی مودیر دادەنیشتم ناوبراویش دەچوو بۆ لای مودیر. ئەو کات کابرایەك بە نێوی ناظم گوزار ڕەئیسی سازمانی ئەمنیەتی عیراق بوو. وا دیار بوو لە باری سیاسیەوە سەر و کاریکیان پێکەوە هەبوو پلانیکیان بەدەستەوە بوو دژی دەولەتی عیراق، کە من نەمدەزانی مەسەلە چییە. کاك ئەحمەد هەمیشە دەیگوت کاکی برا دەبێ زۆر ووشیار بیت نابێ کەس بەو هاتوچۆیەی ئیمە بزانیت، نابێ پارتی و بارزانی ئەوە بزانن. ئەگینا ئیعتبارمان لە لای ئەوان نامینێ!!؟دوایش دەرکەوت کە لەو بارەوە دەوری خۆی دەبینی. ڕاستە کاك ئەحمەد پێشتر وازی لە ئەندامیتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکرات هینابوو و ئیستعفای دابوو، بەلام دیسانیش لە لای دەولەتی عیراق وەك کەسی یەکەمی حزبی

دیموکرات خۆی ناساندبوو، خوارزاکانی خۆی و حمە سەعید هەورامی و مەلا سەید ڕەشید حسینی و لەو کەسانەی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە. کاک ئەحمەد کە زانی ئیمە لە ڕێگای بابکر پشدەریەوە کاروباری پەنابەریمان بۆ جێ بەجێ کراوە، گەلیکی پیناخۆش بوو، چونکە ناوبراو وەك سکرتیری حزبی دیموکرات خۆی ناساندبوو و ئیمەش هەروەك کادر و ئەندامی حزبی دیموکرات خۆمان ناساندبوو. بەلام باسی ناوبراومان نەکردبوو کە سکرتیری حزبی دیموکراتە و پەیوەندیمان لەگەلدا هەیە. هەر بۆیەش کاك ئەحمەد ئەو شیوە خۆناساندنەی ئیمەی پی باش نەبوو، بەهەر حال لەگەل کاك ئەحمەد جاریکی دیکەش یەکترمان گرتەوە و زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە بووین. بەلام شتیکی کە بۆ ئەو زۆر گرنگ بوو، ئەوەبوو دەیگوت" ئەتۆ چۆنە لەگەل بابەکر ئاغای پشدەر کە پیاویکی ناسراو و جیگای متمانەی دەولەتی عیراقە و زۆر کاریشی بە قسە دەکەن، ئەوەندە نزیکایەتیت هەیە" کاك ئەحمەد نەیدەزانی ئیمە لەگەل تایفەی میراودەلی لە پشدەر بەهۆی سنوری هاوبەش و هاتوچۆی بەردەوام، لە کۆنەوە پیکەوە تیکەلاویمان هەبووەو زۆر جار لە لای یەکتر گیرساوینەوە و دۆستایەتیمان هەیە. بابەکر ئاغاش جار جار بە تەلەیفوون بانگی دەکردم و دەچوومە لای لە هوتیلی " جەبهەت النهر" لەسەر شەتی بەغداد بیرەوەریەکانی ڕۆژانەمان بۆ یەکتر دەگیرایەوە. کاك ئەحمەدیش دەیەویست لەگەل بابەکر پشدەری پەیوەندی هەبیت بەلام کاك بابەکر ئەو تیکەلاویەی پی خۆش نەبوو!؟

لەو ماوەیەدا پەیوەندی من و کاك ئەحمەد ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشتر دەبوو، چونکە ئەو کات پیکەوە سیاسەتمان نەدەکرد، هەرچەندە ئەو بۆ خۆی دەیهەویست کەسانی وەك من لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەلام هەموومان لەسەر کاك ئەحمەد تاقیکردنەوەمان هەبوو، هەرچەند دەیهەویست جاریکی دیکەش ببیتەوە سکرتیر و هەمەکارە لە حزبدا، بەلام ئەو جارەیان سەری نەگرت و بەرنامەکانی هەلوەشایەوە. ئیوارەیەك کە پیکەوە دەچووینە ئەبوو نەواس خۆمان لەگەل گیرانەوەی هیندیك لە بیرەوەری خەریك دەکرد، چەند نهینیەکی خۆی لەلام درکاند و گوتی: " ئەمن لەسەر موافەقەی بارزانی هاتوومە بەغداو لەلای دەولەتی عیراق بووم بە پەنابەر" پاشان گوتی:" کلیلی ڕزگاری گەلی کورد لە کوردستانی ئیران لە دەستی مندایە!؟ لەهەر شوینیك بژیم و بمینمەوە هەر قوتابی بارزانیم" ڕاستیشی دەکرد هەمیشە لە ڕیگای نامە

نووسین بۆ کاک ئیدریس بارزانی، دلسۆزی و وەفاداری خۆی بەرامبەر بە بارزانی دەردەبڕی و دووپاتی دەکردەوە. بەلام لە رستەی" کلیلی رزگاری گەلی کورد لە گیرفانی من دایە" حالی نەبووم مەبەستی چییە!؟ دواتر بە زیاتر لیك نزیك بوونەوە و پەیوەندی و سەردانی چەند شوینیك و دیتنی چەند کەسیکی مەسئول لە دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخباراتی دەولەتی عیراق، هەروەها نەزەرو بۆچوونی تەیمور بەختیار کە ئەوکات لە لای دەولەتی عیراق پەنابەر بوو. سەبارەت بە کاك ئەحمەد تۆفیق و ئیشارە بە پەیوەندی ناوبراو بە ئەمریکاو سازمانی سیاوە، زۆر شتم بۆ روون بۆوە.

لەسەرەتای بەهاری ۱۹۷۰دا رۆژیك رۆژنامەی هاوکاریم کری کە بە زمانی کوردی لە بەغدا دەردەچوو. لە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکەدا وتاریك لە ژیر ناوی( هاوکاری بەخیرهاتنی دوکتور قاسملو دەکات) سەرنجی راکیشام کە بەخەتیکی گەورە نووسرابوو. ئەمنیش ئەوەی راست بیت زۆرم پیخۆش بوو کە کوردیکی رۆژهەلات ئاوا ریزی لیدەگیریت، بە تەلەیفوون بە کاك ئەحمەدم گوت کە دوکتور قاسملو هاتۆتە بەغدا ئەویش نەیزانیبوو، هات بۆ لای من و ووتارەکەی خویندەوە، پییەوە دیار بوو کە پیی ناخۆشە دوکتور قاسملو گەراوەتەوە عیراق و کوردستان، چونکە لە سالەکانی رابردوودا کیشەو ناکۆکی ئەو دوو کەسە لەسەر بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە نیو حزبدا بە ئەوپەری خۆی گەیشتبوو، بە چەشنیك لە سیبەری یەکتر دەرەوینەوە. شەری ئەوان بۆ دەسەلات بوو، شەری دوو بۆچوونی جیاواز لە یەکتر بوو. بیری تووەدەی و ئانتی تووەدەیی لە هەردووکیاندا بەهیز بوو. ئەحمەد تۆفیق ناسیۆنالیستیکی بەرچاوتەنگ و نەتەوەیی و دوکتۆر قاسملوش ئەوکات چەپ و مارکسیستیکی تۆخ بوو. وەك ئاگر و بەنزین دژی یەك بوون.

هەتا رۆژیك لە ئەبونەواس لەگەل کاك ئەحمەد پیاسەمان دەکردو سەرگەرمی قسەی خۆمان بووین، لە ناکاو کاك ئەمیری قازی و مامۆستا هیمن و کابرایەکی دیکە کە من نەمدەناسی وەبەرچاوم کەوتن. گوتم ئەوە کاك ئەمیر و مامۆستا هیمن دیارن لەو لایە قەدەم لیدەدەن، کابرایەکیان دەگەلدایە کە من نایناسم. کاك ئەحمەد هیندیك ورد بۆوە و تەماشای کردن و گوتی" ئەی خۆ ئەوە رەحمانە کویرە!؟ ئەمنیش پرسیم رەحمانە کویر کییە!؟ گوتی ئەو هەتیوە ساواکیە، رەحمان قاسملو کە رۆژنامەی هاوکاری بە ملی شکاوی بەخیرهاتنی کردووە کە ئەوە ناوەرۆکی قسەکانی ئەحمەد

بوو لەسەر قاسملو، ئەحمەد گوتی: "وا دیارە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی هاوکاری ڕەحمان قاسملویان نەناسیوەو نازانن چۆن خۆی بە ساواك فرۆشتووە، ئەگینا هەرگیز ئەو کارەیان نەدەکرد. دەبێ وەزعی ناوبراویان بۆ ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە غەڵەتی وا نەکەن". لەڕاستیدا ئەو قسانەی کاك ئەحمەدم پێ ناخۆش بوو کە دەرهەق بە دوکتۆر قاسملوی دەکردن، بەڵام هیچم نەگوت، چونکە ئەوان هەردووکیان ئەندامی کۆمیتەی کاتی حزب بوون. لە ساڵەکانی ١٩٥٧ و دواتریش باشتریان یەکتر دەناسی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕەحمەتیان بۆ دەنێرم چونکە زەحمەتێکی زۆریان بۆ کوردان کێشاوە، هەرچەندە هەتا ئەوان لە مەیداندا بوون دەسەڵاتیان هەبوو، حزبی دیموکرات یەکگرتوویی بە خۆیەوە نەدیت. چەندەیان خێر بۆ حزب و گەلەکەیان هەبوو ئەوەندەش ئاژاوەو ناکۆکیان لە ڕیزەکانی حزبی دیموکراتدا پێك هێنابوو. کە ئێستاش بەدنەی ئەو حیزبە بەدەست ناکۆکی نێوخۆییەوە دەناڵێنێ. با بێمەوە سەر باسەکە. کاك ئەحمەد لەگەڵ مەلا سەید ڕەشیدو خوارزاکانی خۆی نێوانیان خۆش نەبوو هاتوچۆی یەکتریان نەدەکرد. دەوڵەتی عیراق خانویەکی باشی دابوو بە کاك ئەحمەد کە سەگەکەی پارێزگاری لێدەکرد لە هاتوچۆکانماندا لەگەڵ ناوبراو زۆر جار باسی ناکۆکیەکانی ساڵەکانی ١٩٦٤ دواتریشی دەکردو دەیگوت" دەستی بێگانەمان لە نێو دابوو بۆیە نەماندەتوانی یەکگرتوو بین. ئیشارەی بە ئاژاوەگێڕی چەند کەسێك لە هاوڕێیانی حزبی دەکرد، دەیگوت لە دەورانی کۆمیتەی کاتیشدا بەهۆی هەبوونی نفوزی حزبی توودە لە نێو ئێمەدا، ئەوکاتیش هەر نەمانتوانی سادقانە بەیەکەوە کار بکەین. چونکە مامەغەنی، کاك عەزیز و دوکتۆر قاسملو، سدیق خاتەمی و هاشم حەسەن زادە حزبی دیموکراتیان بەلای حزبی توودەدا ڕاکێش دەکرد، هەروەك چەند کەسانێکی دیکەش لەو دواییانەدا وەك قادر شەریف، سەعید کوێستانی، حەمەدەمین سیراجی و حوسێن مەدەنی خراپیان بیر دەکردەوە و خاوەنی ئەو فکر و بۆچوونانە بوون و نەیاندەهێشت حزبی دیموکرات بکەوێتە سەر ڕەوتی خەباتی میللی دیموکراتیك و بە ڕێبازێکی نەتەوەییدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان ڕۆڵی شۆڕشگێڕی خۆی بگێڕێ و حزب یەکگرتوویی بەخۆیەوە ببینێت. ئەوە قسەکانی کاك ئەحمەد بوو سەبارەت بەو هاوڕێیانە. لە ڕاستیدا ئەحمەد تۆفیق بە

هەموو عەیبێکەوە کە هەیبوو، مرۆڤێکی نەتەوە پەرست و ئازاو نەترس و ماندوو نەناس بوو. هەرچی لە دەستی هاتبایە بۆ ڕزگاری گەلی کورد دەیکرد، دژایەتی هەموو بیرو بۆچوونێکی ئەو کەسانەی دەکرد کە حزبی دیموکراتیان بەولاو بەولا گرێدەدا، لە هەمانکاتیشدا مرۆڤێکی سەرەڕۆ بوو و بۆ پاراستنی پلەو پایەی خۆی زۆر کاری نارەواشی دەکردن. ئەو پێیوابوو کە گەلی کورد لە دۆستایەتی لەگەڵ ئۆردوگای سۆسیالیستی و بەرەی کۆمۆنیزم لە جیهاندا زیانی پێگەیشتووە، زۆرتر لایەنگری لە سیاسەت و هەڵویستی ئەمریکا دەکردو پێی وابوو کورد دەبێ بە پشتیوانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا درێژە بە خەباتی خۆی بداو لە دوارۆژیشدا هەر ئەمریکا دەبێتە پشتیوانی ڕاستەقینەی خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان. بەلاّم بە ناحەق هێندێك کەس کە مێژووی حزبیان نووسیوە ناوبراویان وەك مرۆڤێکی بێ کەڵك لە نێو حزبدا ناساندووە. بە پێچەوانەوە ئەحمەد تۆفیق بە هەموو عەیبەکانیەوە ناڵێم زاناترین سیاسی، بەلاّم یەکێك لە ئازاترین و هەڵسوورترین ڕێبەرانی حزبی دیموکرات بووە. بەهەرحاڵ دەورانی پەنابەریم لەلای دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کاك ئەحمەد تۆفیقدا بردە سەر بۆ ماوەی یەك ساڵ و نیو لە بەغدا ماینەوە لەو ماوەشدا لە نهێنیەکانی کاك ئەحمەد تا ڕادەیەك ئاگادار بووم. لەو کاتەدا هاوڕێیانی حزبیمان بەهۆی وتوویژ لە نێوان بارزانی و دەوڵەتی عێراقدا دەیانتوانی هاتووچۆی بەغدا بکەن، ڕۆژێك ئەمیری قازیم دیت و پێی گووتم" کاکی برا، ئەوا وورده وورده وەزعی کوردستان گۆڕانی بەسەردا دێت و حوکمە زاتیەکە دەچەسپێ و ئێمەش وەك حزبی دیموکراتی کوردستان زەمینەی تێکۆشانمان لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان بۆ پێکدێت و دەبێ تەکانێك بە خۆمان بدەین و، لە دەوری یەکتر کۆببینەوە، بۆ ئەو مەبەستە داوات لێدەکەم تۆش بگەڕێیەوە کوردستانی ژێر دەسەلاّتی شۆڕش و لای هاوڕێیان و نامەیەکیشت بۆ دەنوسم بۆ کاك ئیدریس و کاك حەسۆ کە ئیتر فلاّن و فیسار نەتوانن بەربینگت پێبگرن و نارەحەتت بکەن. دوای هێندێك باس و وتوویژ لەسەر وەزعی حزب و گەڕانەوەی خۆم بۆ لای هاوڕێیان، داوای کاك ئەمیرم قبوڵ کرد، هەردەبوو قەبوڵیشی بکەم چونکە بەڕاستی ئەوکات کەش و هەوای کوردستان گۆڕابوو، وەکو پێشوو فشار لەسەر ئەندامانی حزب نەمابوو، چونکە لەو کاتەدا پارتی نیازی بە ئێران و ڕژێمی شا کەم ببۆوە. بیر لەوە دەکرایەوە کە ڕێبەرانی حزب بۆ بەهێزکردنی

ڕێکخراوەکان لەنێو خەڵکی خۆماندا دەست بەکاربن. بەڕێوەبەرانی شۆڕش هێندێک بەخۆیاندا هاتبوونەوە لە کردەوەکانی ڕابردوویان کە سەبارەت بە ئەندامانی حزبی دیموکرات کردبوویان پەشیمانیان دەردەبڕی و دەیانویست بە کردەوەی چاک کردەوە خراپەکانیان پاک بکەنەوە. بەم شێوەیە کاک ئەمیر نامەکەی بۆ کاک ئیدریس بارزانی نوسی و منیش ئیجازەیەکم لە وەزارەتی نێوخۆی دەوڵەتی عیراق لە مکتب شئون لاجئین وەرگرت و بە بەهانەی سەردان لە ماڵ و منداڵم کە لە شاری قەڵادزێ دەژیان، گەڕامەوە کوردستان و ژێر دەسەڵاتی شۆڕش. بەم جۆرە دەورانی پەنابەریم لە لای دەوڵەتی عێراق کۆتایی پێهات. لە گەڕانەوەمدا لە سلێمانی تووشی کاک ڕەسوڵ مامەندو کاک کەریم حەدادی خۆمان بووم، کاک ڕەسوڵ کە چاوی پێکەوتم ئەو ڕۆژەی بیرهاتەوە کە بانگی کردبووم بۆ ناوچەی قەڵادزێ و لەسەر چوونەوەم بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڕەشەی لێکردبووم. بەو هۆیەوە گووتی دەبێ ئەندامانی حزبی دیموکرات بمانبوورن کە ئێمە هەڵوێستمان بەرامبەریان خەراپ بووە!؟ ئەو قسەیەی کاک ڕەسوڵ بۆنی ئەوەی لێ دەهات کە ڕێبەرایەتی پارتی و بزووتنەوەی باشووری کوردستان بە تەواوی بەرامبەر بە ئەندامانی حزبی دیموکرات هەڵوێستیان گۆڕاوە، زۆرم پێخۆش بوو کە ئیتر مەترسی گرتن، کوشتن و تەسلیم کردنەوە نەماوە. بەڵام لەملاوە کاک کەریم حەداد لە جێگای چاک و چۆنی هێندێک پلاری تێگرتم، منیش هەر ئەوەندەم وەڵام دایەوە گوتم کاکی خۆم تۆش باش دەناسم و خۆشم!؟ هێندێک لێم توڕە بوو یەکترمان بەجێهێشت. بەرەو سەرکردایەتی پارتی و بارزانی وەڕێکەوتم، گەیشتمە ناوچەی گەڵاڵەو چۆمان. نامەکەی کاک ئەمیرم گەیاندە دەستی کاک ئیدریس بارزانی و ئەویش نامەیەکی بۆ حەسۆ میرخان نووسی کە ئیدی نابێ برادەرانی حزبی دیموکرات نارەحەت بکەن و پێویستە پارێزگاریان لێبکرێت. لە بەستەستێن کە بنکەی هێزی کاوەی لێ بوو، نامەکەی کاک ئیدریسم دایە دەستی کاک حەسۆ، گوتی" بەخێربێیت، بەڵام حەقت نیە لە قەڵادزێ و پشدەر دانیشی!؟ ناوچەی مەرگەم بۆ دیاری کراو لە گوندی کانیتوو دەرمانگایەکم کردەوە و خەریکی کاروباری دەرمانی بووم لەولاشەوە لەگەڵ هاوڕێیانی حزبی جارجار لەسەر گیروگرفتەکانی نێوخۆی حزب کۆدەبووینەوە ڕۆژێك بۆ هێندێك کاری تایبەتی خۆم چوومە لای (قایمقایم)ی قەڵادزێ کە لە لایەن شۆڕشەوە دیاری کرابوو. لە ژوری قایمقام کە هاتمە دەر لە

لایەن دوو پۆلیسی عەرەب دەستگیرکرام و خرامە زیندان! دوایی بە کەفالەت و تەکلیفی قایمقام بە زەمانەتی ١٠٠ هەزار دینار ئازاد کرام کە مەحمودی قالە پاڵەوان زەمانەتەکەی کردم. منیش چووم نامەی مەکتەبی سیاسی پارتی بێنم و ئەو وەختی کەفالەتەکە وەربگرمەوە و بە یەکجاری لەو وەزعە نەجاتیم بێت. چوومە چۆمان لای دوکتۆر مەحمود عوسمان و کێشەکەم بۆ گێڕایەوە، گوتی ئێمە شەرمەندەی برادەرانی حزبی دیموکراتین، جگە لەوەی کە خزمەتمان پێنەکردن تەنانەت زۆر کردەوەی خراپمان دەرهەق ئەنجام داون، پاشان نامەیەکی بە نێوی مەکتەبی سیاسی بە مۆری مەکتەب بۆ لیژنەی ناوچەی قەلادزێ نووسی. لە نامەکەدا دەڵێ: " بە زوترین کات کێشەکەی بۆ جێبەجێ بکەن و ئیزن مەدەن ئەمن و ئیستخبارات لەبەرچاوی ئێوە کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستانی بگرن و لە زیندانیان بکەن، نامەکەم دا بە دەستی کاک ڕەسوڵ مەمەند کە ئەوکات بەرپرسی ناوچەی قەلادزێ بوو. هەر ئەو ڕۆژەش کاک ئەمیری قازی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی حزبی لە ماڵی ئێمە بوون لە قەلادزێ و مەشوەرەتم لەگەڵدا کردن، ئەوانیش موافق بوون کە بچمە ناوچەو نامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی بدەم بە بەرپرسانی پارتی لە قەلادزێ. بۆ بەدبەختی کە چووم کاک حەسۆ میرخانیش لەوێ بوو، نامەکەیان خوێندەوەو محمودە کوردەش کە بەشی پاراستن بوو لەگەڵیاندا ناردم بۆ دایرەی ئەمن کە کەفالەتەکە وەربگرینەوە. هەر کە چووینە ژوری مدیری ئەمن محمود کوردە لەگەڵ مدیرەکە دوو سێ قسەیان بە عەرەبی کردو منی تەحویل بە ئەوانداو گەڕایەوە. لەوێ بە بێ لێپرسین زیندانی کرام و لە ١٠-٣-١٩٧١ بە ماشێنێکی سەر بەتاڵ بەرەو بەغدایان بردم، لەوێ لە زیندانی ئەمنی عام خۆم بینیەوە، بۆ ماوەی پێنج مانگ لە زیندان ڕاگیرام و دوای لێکۆڵینەوە چەند وێنەیەکیان لێهەڵگرتم، پاشان بەرەو شاری باقوبەو خانەقین بەڕێ کرام. دوو شەو لە زیندانی خانەقین مامەوە، زۆر نیگەران بووم کە نەکا تەسلیم بە ئێران بکرێمەوە. بۆ بەیانی دەرەنگانێك بانگیان کردم بۆ دەفتەری مدیری شورطە پێیان گوتم" ئەتۆ ئیخراج و ئیبعادی" واتە دوور دەخرێیەوە بەڵام تەسلیم بە ڕژێمی ئێران ناکرێیەوە. بە بیستنی ئەو خەبەرە هێندێك بوژامەوە و هاتمەوە سەر حاڵ. نزیك بانگی شێوان هەوا بوڵێڵە ببوو، دوو نایب زابطي شورطە بردیانم هەتا سنوری ئێران و دوور لە پاسگای سنووری ئێران( خوسرەویە) ڕۆیشتین و لەوێوە ڕێگای

دەربازبوون لە سنوریان پیشاندام و وتیان ئەو ریگایە پایەگاو کەمینی دەولەتی ئیرانی تیدا نیە، یەکیك لە زابتەکان کە کورد بوو رینوینی کردم کە فەرماندەیەکی شۆرش لەو ناوچەیە، وتی" ئەگەر ناتەوی بچیتەوە ئیران خۆت بە ئەو بناسینە". لەسەر رینوینی ناوبراو خۆم گەیاندە ئەو شوینەی کە پیشمەرگەی پارتی و بارزانی لیبوون، فەرماندە هیزەکەیان کاك جەمۆ ناویك بوو، پیاویکی زۆر سادق و وەفادار بە شۆرش و کوردایەتی بوو، ناوبراو لە برادەرانی کوردی فەیلی خەلکی خانەقین بوو. لە هەمان کاتیشدا کوردی رۆژهەلاتی زۆر خۆشدەویست. زۆری یارمەتی پیکردم بە ماشینی خۆی گەیاندمیەوە سلیمانی لای کاك فاخر حەمەد ئاغای میرگەسور، کە ئەوکات بەرپرسی لقی ٤ی پارتی بوو لە سلیمانی. بەهەرحال ئەو شەوەی کە لە خانەقین دەرچووم بیرم دەکردەوە کە زۆر ماندویی، برسیتی، سەرماو بێ خەویم بە خۆمەوە بینی بوو، توشی نارەحەتیەکی زۆر ببووم، بەلام لەگەل ئەوەشدا بۆ من زۆر خۆش بوو کە تەسلیمی ئیران نەکرامەوە و نەکەوتمەوە دەستی دوو رژیمی داگیرکەری کوردستان واتە رژیمەکانی عیراق و ئیران، هەر لەو کاتەشدا لە دەستی حەسۆ میرخان و محمودە کوردەی بەرپرسی پاراستنی پارتی لە قەلادزی نەجاتیم بوو. هەر لە لقی چوار کە کاك حسین فەیسەلیش ئەندامی لق و دۆستی پیشووی خۆم بوو، ناوبراو کوردی رۆژهەلات و ئەندامانی حزبی دیموکراتی خۆش دەویست، چەندی لە دەستی هاتبا هاوکاری دەکردین. زۆری هاوکاری کردم سوپاسی دەکەم. لەو کاتەشدا مام حەسەنی خانمێ کە خەزورم بوو لەگەل کاك خدری کوری کە بەدوای پیشوینی مندا هاتبوونە بەغداو خانەقین دلنیا ببوون و زانیبوویان کە لە زیندانی عیراقدا نەماوم و بەرەو ئیران بردوویانم، پییان وادەبیت کە تەسلیمی ئیران کراومەوە، ئەوانیش زۆر نیگەران دەبن، دەگەرینەوە سلیمانی بۆ ئەوەی کە بە لق رابگەیەنن و بەسەرهاتی من بۆ ئەوان بگیرنەوە، بەنارەحەتیەوە هاتنە ژوری لقی چوارو دیتیان من لە لای کاك فاخر و کاك حسین فەیلی دانیشتووم قسەی گەورە دەکەم و بەسەرهاتی خۆمیان بۆ دەگیرمەوە. بە دیتنی من گەشانەوە و گوتیان هەتیوە، پیمان وابوو یان لە زیندانی رژیمی شاو ساواکدا گیرت خواردووە یان ئیعدام کراوی...... لەگەل ئەوانیش بەیەك شادبووینەوە.

دەڵێن مار گەزیدە لە خشپەی قوڕی دەترسێ، ڕاستە، نەمدەوێرا بچمەوە ژێر دەسەڵاتی حەسۆمیرخان و مەحمودە کوردەی بەشی پاراستنی پارتی لە قەڵادزە. ئەوان منیان بە ئەمن و ئیستخباراتی عیراق فرۆشتبوو. بۆ ماوەی پێنج مانگ لە سلێیمانی و سیتەك لە ماڵی شێخ لەتیفی ڕەحمەتی کوڕی شێخ مەحمودی نەمر مامەوە، لەو کاتەشدا مامۆستا هەمزە عەبدوڵا کە مەترسی لە پارتی و دەوڵەتی عیراق هەبوو، لە ماڵی شێخ دەژیا، ڕۆژانە پێکەوە دەچووینە باغی شێخ سەبری لە گوندی سیتەك و جارجاریش لەگەڵ کاوەی کوڕی شێخ لەتیف دەچووینە سلێیمانی، چەند شەوێك لەوێ دەماینەوە و دۆست و ئاشنایانمان دەدیت، زۆربەی ڕۆژەکانیش لەگەڵ شێخ کاوە ڕاوەماسیمان دەکرد، لەو ماوەیەدا بەداخەوە شێخ لەتیف تووشی نەخۆشی دڵ ببوو سەفەری کرد بۆ لەندەن و هەر بەو نەخۆشیەش لە ساڵی ١٩٧١دا کۆچی دوایی کرد و گەل و نیشتمانی بەجێ هێشت. مردنی ئەو ئێمەی خستە پەژارەوە و زۆربەی خەڵکی کوردستان بۆی تازیەبار بوون. ڕۆحی شادو جێگای بەهەشت بێ. بنەماڵەی شێخ مەحمود هەمیشە جێگای حەوانەوەی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوون، هەروەك بارزانیش ماوەیەك لەماڵیان ماوەتەوە، سەدان تێکۆشەری گەلی کورد لە کاتی دەربەدەریدا لەماڵی ئەوان گیرساونەوە، ڕێزیان لێگیراوە لە پەنای ئەوان پێگەیشتوون و هاتوونە مەیدانی خەبات. لێرەدا پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو بنەماڵە گەورەیە دەکەم کە لە هەموو قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا نەخشی گرینگیان هەبووە و تەنانەت بە خاتری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیش شەڕی کوردیان نەکردووەو خۆیان بەسەر گەلی کورد دا نەسەپاندووە. ڕۆژێکیش خیانەتیان بە میللەتەکەیان نەکردو نەبوونە نۆکەرو داردەستی دوژمنان. سوپاسی حەلاوەخانیش دەکەم کە لەو ماوەدا وەك خوشکێکی گەورە زۆری خزمەت پێکردین و پێمانەوە ماندوو بوو. بەداخەوە دواتر کاوەی کوڕی تاقانەی شێخ لەتیف لە شۆڕشی نوێدا بەهۆی سەرما لە کوێستانەکانی قەندیل گیانی لەدەست داو بوو بە شەهیدی ڕێگای ئازادی گەل و وڵات، ڕۆحی شادبێ، ئەویش زۆرمان پێوە ماندوو بوو، ئێستا کە من ئەو بیرەوەریانە دەنووسم کوڕێکی شێخ کاوە بەناوی شێخ مەحمود لە وەزارەتی حکومەتی هەرێمدا پلەی وەزیری هەیەو هیوادارم لە داهاتووشدا نەیەڵێ جێگای شێخی گەورە و بنەماڵەکەی کوێر بێتەوە. بەڵکوو وەك هەمیشە لەسەر ڕێگای شێخی

ئەمر و بنەماڵەکەیان بمێنێتەوە. باسی گەورەیی و شۆڕشگێڕی ئەو بنەماڵەیە بەوەبەندە تەواو نابێت، چەندی باسی قارەمانێتی و نیشتمان پەروەری ئەو بنەماڵەیە بکەین هێشتا کەمە، بەڵام ئەوە باسێکی دیکەیەو لێی دەگەڕێین.

دواتر بەهۆی کاک فاخر و کاک حسین فەیلی کە بەرپرسی لقی چوار بوون لە سلێیمانی، نەخۆشخانەیەکیان لە گوندی سەرگەڵ و هەڵەدن بۆ کردمەوە، ماوەی نزیك بە ساڵێك لەوێ کارم کردو لە خزمەت شۆڕش و گەلدا ئەرکی خۆم بەڕێوە دەبرد، لەهەمان کات لەگەڵ حزبی دیموکراتیشدا لە پەیوەندی دابووم، دوای ماوەیەك گەڕامەوە قەڵادزە و لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ، کاك کەریم حەداد، مەلا عەزیز ئەحمەد و مەلا خدر دۆلەگەرمی کۆمیتەیەکمان بەنێوی کۆمیتەی سەردەشت پێکهێناو درێژەمان بە تێکۆشانی خۆمان دایەوە. لەو کاتەدا حسێن فەیلی کرا بە بەرپرسی ناوچەی دوکان و زۆری هاوکاری کردم.

## کۆنفرانسی سێیەمی حزبی دیموکراتی کوردستان.

پێش گرتنی کۆنفرانسی سێیەم هەروەك باسمان کرد دوکتور قاسملو لە ئەورووپا گەڕابۆوە عیراق و هاتەوە ڕیزی حزبی دیموکرات و لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دوو دەستیان بە تێکۆشان کرد. ئەندامانی حزبی بە هاتنەوەی دوکتۆر قاسملو بۆ ناو حزب دڵخۆش بوون، هەر پێش کۆنفرانس حزب هێندێك بووژایەوە و ڕۆژنامەی کوردستان دەردەچوو پەیوەندی کادرەکان بە کوردستانەوە دامەزرابۆوە. هێندێك تەشکیلات لە چەند ناوچەیەکی کوردستان زیندوو کرابۆوە، بەڵام تا ئەوکاتیش هەر دەبوو کادرەکان بە نهێنی بگەڕێنەوە کوردستان بۆ ناو خەڵکی خۆمان. دوای دیاری کردنی نوێنەران لە لایەن حزب کە لە کوردستانی باشور دەژیان، کۆنفرانسی سێیەم لە بەهاری ۱۳۵۰ی هەتاوی بەرامبەر بە ۱۹۷۱ی زاینی لە شاری کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر دەبەسترێت. ئەو کۆنفرانسەش هەروەك کۆنفرانسەکانی دیکە کەموکوڕی خۆی دەبێت، نوێنەرانی ئۆرگانەکانی حزبی لە ناوەوەی کوردستان بانگ نەکرابوون و لە باری تەشکیلاتیەوە وەك پێویست مەشروعیەتی پێنەدرابوو، بەڵام لە بواری سیاسی و پلەی زانیاری بەشداران ئەو کۆنفرانسە لەگەڵ کۆنفرانسەکانی پێشتر فەرقی هەبووەو بڕیاری

باشتریشی تێدا درابوو. وەك پەسند کردنی بەرنامەو ئەساسنامەی حزب و گۆڕانێك لە دروشم و تاکتیکەکانی حزبدا، هەڵبژاردنی کۆمیتە ناوەندیەکی هێندێك بەهێزترو باشتر لە کۆمیتە ناوەندیەکانی پێشوو، کە بەهۆی چەند کەسێك لەو کۆمیتەیەدا ئەوکات دەکرا لەناو خەڵکی کوردستاندا بەگشتی و هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتی حیسابێکیان لەسەر بکرێت، هەرچەند لەنێو کۆمیتە ناوەندی دا هێندێك کەسی دیکە هەڵبژێردرابوون کە شایەنی ئەو پلەو پایە نەبوون، بۆ نمونە کابرایەکی نەخوێندەواری ناسیاسی وەك کەریم حەداد. بەشداران لە ڕووی زانیاری سیاسیەوە نەیانتوانیبوو وەك پێویست دەنگ بە کەسانێك بدەن کە شیاوی ئەو بەرپرسیایەتیە بن، بەهۆی جیاوازی فکری و نزمی ئاستی زانیاری سیاسی چەند کەسێك لەوانە ئەو کۆنفرانسە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و پارتیە سیاسیەکانی کوردستاندا هەبوو بەتایبەتی بە زیانی حزبی دیموکراتی کوردستان تەواو بوو. بڕیارێکی دیکەی لەوە خراپتر کە لەو کۆنفرانسەدا درابوو زیادکردنی وشەی" ئێران" بە حزبی دیموکراتی کوردستانەوە بوو، کە لە کۆنگرەی دووی حزبی دیموکراتدا لابرابوو، بەلام لەویٚ وەك کلکێك پێوەی نووسایەوە. ئەو ناوە یان ئەو دروشمە لەهەر بارێکەوە لێکدانەوەی لەسەر بکرێت بە قازانجی گەلی کوردو حزبی دیموکرات نیە، بەڵکو زیاتر بیری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان ئالۆز دەکات، لەباری سیاسی و جوگراف و کلتوریەوە مێژووی گەلی کورد دەشێوێنیٚ، لە ڕوانگەی نێو نەتەوەییشەوە لە ماهیەت و هوویەتی گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ کەم دەکاتەوە. ئەو دروشمە هەر لە کۆنەوە حزبی توودەی ئێران بەسەر حزبی دیموکرات دا سەپاندبووی. جا ڕەنگە ئێستاش هێندێك کەس لەناو حزبدا پێیان وابێت کە ئەو دروشمە وەك تاکتیك بەقازانجی گەلی کوردە، بەلام من لەو باوەڕە دام نەوەك تاکتیك و نەوەك ستراتیژیەت کۆمەك بە چارەسەری کێشەی کورد ناکات و لە دواڕۆژدا گران بەسەر میللەتی کوردا دەشکێتەوە. گرێدانی هەر بەشێك لە بەشەکانی کوردستان بە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرو دابەش کردووە زیان بە بەرژەوەندی گەلی کورد دەگەیەنیٚ، کە ئەوەش چەشنێك حاشا کردنە لە نیشتمانی کوردان و چکۆڵەکردنەوەی کەسایەتی مرۆڤی کوردە. هەروەك سکرتێرەکانی حیزب شانازی بە ئێرانی بوونی خۆیان دەکەن نەك بە کورد بوون؟!

بۆ مێژوو زیاتر ڕونکردنەوەی خوێنەران و نەوەکانی دوارۆژ، ئەو کەسانەی کە ئەوکات و ئێستاش ئەم فەرمایشانە دەخەنە ڕوو و باوەڕیان بە ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلی کورد نەبوو و نییە، بەڵکو حزبیان بەلای حزبی توودەدا ڕادەکێشاوەو زۆرتر بەلای سیاسەتی حزبی توودەدا دەشکانەوە. ئەوانە بوون: ١- کاک کەریم حیسامی٢- کاک حەمەدەمین سیراجی٣- کاک دوکتور قاسملو بە دەرەجەی یەکەم چەند کادرو ئەندامی دیکەی حزبیش لە تەئیدی ئەوانەدا تێدەکۆشان. دوکتۆر قاسملو لە باری وشیاری سیاسییەوە بەسەر ئەوانی ترەوە هەبوو، ناوبراو زۆری نەخایاند گۆرانی بەسەردا هات و بە پەلە گەڕایەوە بوو بە سۆسیال دیموکرات، هەڵوێستی خۆی گۆڕی و حزبی بەرەو ئەو خەتە ڕاکێش کرد. بەڵام لەباری تەشکیلاتیەوە زیان بە قەوارەی حزب کەوت و وەرچەرخانێکی گەورەشی لە حزبدا پێك هێنا کە لە جێگای خۆیدا باسی دەکەم. بەهەر حاڵ بۆ کۆمیتە ناوەندی ئەو کەسانە هەڵبژێردران" ١- دوکتور قاسملو٢- عەبدوڵا حەسەن زادە ٣- حەسەن ڕستگار ٤- کەریم حسامی ٥- سەید ڕەسوڵ دەهقان ٦-حەمەدەمین سیراجی ٧- ئەمیر قازی ٨- مامۆستا هێمن ٩- ڕەسوڵ پێشنماز ١٠- کەریم حەداد ١١- قادر وەردی. ئەندامانی دەفتەری سیاسیش لەو کەسانە پێك هاتبوون:١- دوکتور قاسملو وەك سکرتێر ٢- عەبدوڵا حەسەن زادە ٣- کەریم حیسامی ٤-حەمەدەمین سیراجی ٥- مامۆستا هێمن. لەگەڵ هەر کەموکوڕی و جیاوازیە فکریەکان و بەهۆی بونی کەسانی کەم خوێندەوارو نائاگا، لەگەڵ ئەوەش کۆمیتەی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی سێ بۆ لە دەوری یەك کۆکردنەوەی ئەندامانی حزب و داڕشتنەوەی قەوارەیەکی هێندێك باش و ڕێك و پێك لە ناوەوەو لە دەرەوەدا، هێندێك حزبی بوژاندەوە. پێشتر کە کاك ئەحمەد تۆفیق کوێخایەتی بەسەر حزبدا دەکردو بەتەنیا بۆ خۆی بڕیار دەر بوو، ئیتر ئەو جارە ئەو شێوە کوێخایەتیە تا کۆنگرەی چوار لە بەین چوو. تا ماوەیەك وەك حزبێکی سەربەخۆ و بڕیاردەر لە لایەن حزبەکانی تری ڕۆژهەلات و باشورەوە حیسابی لەسەر دەکرا، کەس نەیدەتوانی نەزەرو بۆچوونی چەوتی خۆی بەزۆر بەسەر ئەندامانی حزبدا بسەپێنێ، بەتایبەتی لە لایەن پارتی و بارزانیشەوە بە چاوێکی تر سەیر دەکراو ببوو بە حزبێکی سەربەخۆ. لەبەرامبەر هەر ڕوداوێکدا بە پێی هەل و مەرج هەڵوێستی دەگرت. هەموو حزبەکان لەسەر شەخسی دوکتۆر

قاسملو حیسابێکی تایبەتیان دەکرد، وەك سیاسەتمەدارێکی گەورەی کورد ناسرابوو. لەولاشەوە ئەحمەد تۆفیق بەهۆی هێندێك کەس و بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی کاك ئیدریس بارزانی، دەستەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی هان دەدا کە بەناو دژی دوکتور قاسملو کاریان دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا دژی حزبی دیموکرات تەبلیغاتیان دەکردو لە گوندی بۆڵێی ناوچەی ناودەشت بناری قەندیل بنکەیان بۆ کرابۆوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کەسانێکی وایان دەگەڵ نەبوون کە ئاستی هۆشیاری سیاسیان لەسەرێ بێت و لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ناسراو بن، ئەو برادەرانە نەیانتوانی دژایەتی حزبی دیموکرات بکەن، بەڵام لە ژێر ئەو ناوەدا ماوەیەك خۆیان بە شۆڕشی باشوور بەخێو کرد، تازەش کار لە کار ترازابوو خەڵکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران و حزبە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەو کۆمیتە ناوەندیەی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی سێیان بەسەرکردایەتی حزب دەناسی. کاك ئەحمەد تۆفیق بەهۆی ناکۆکیەك کە پێشتر لەگەڵ دوکتور قاسملو هەیبوو، حازر بە هاوکاری لەگەڵ ئەو کۆمیتە ناوەندیە نەبوو کە دوکتور سکرتێری بوو، لە لایەکی دیکەشەوە کاك کەریم حسامی و کاك حەمەدەمین سیراجی بۆ ئەحمەد تۆفیق قابیلی قەبوول نەبوون، دواتر ئەحمەد تۆفیقیش لە لایەن ئەو کۆمیتە ناوەندیەوە دەرکراو بۆ ماوەیەك کۆتایی بە هەڵاو هەنگامە هات لە ڕیزەکانی حزبدا. گۆڕانکاریەك لە سیستمی کاروتێکۆشانی حزبدا پێك هات. حزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەری ئەو کۆمیتە ناوەندیە لە باشوری کوردستان بە وەبەرچاوگرتنی گۆڕانی سیستمی تەشکیلاتی درێژەی بە کارو تێکۆشانی خۆیدا. تا ئەو کات حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی یەکی ئاوا ڕێك و پێکی بەخۆیەوە نەدیبوو، کە دوکتور قاسملوش سکرتێری بوو. لەو هەل و مەرجەدا کە ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی عیراق و شۆڕشدا لەگۆڕێدا بوو، هێندێك زەمینە بۆ کارو تێکۆشان بۆ حزبی دیموکرات پێك هاتبوو، جارجار کادرەکانی بۆ کاری تەشکیلاتی دەگەڕانەوە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، لە ساڵی ١٩٧٣ دا مەلا قادر وردی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزب بۆ کارو تێکۆشان چۆبۆوە ڕۆژهەڵات لە ناو شاری بانە بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕژێمی شا شەهید کرا و هاوڕێیەکیش بە نێوی مەحەمەد بە بریندااری بە دیل گیراو دواتر ئیعدام کرا.

هەروەها خانەخوێکەشیان گرت و ئیعدامیان کرد. مەلا قادرو هاوڕێکانی بە خوێنی گەشیان سەربەرزی و گەورەیی خۆیان لە حزبی دیموکراتدا سەلماند.

ئەو کۆمیتە ناوەندیە بەو کەیفیەتەوە کە هەیبوو بە پێی ئەو هەل و مەرجەی کە بۆی هاتبۆ پێش بە وەبەرچاو گرتنی ئاشتی نێوان دەوڵەتی عیراق و بزوتنەوەی کوردستان وەك پێویست بۆ زیندووکردنەوەی حزبی دیموکرات لە نێو کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان نەیتوانی نەخشی بەرچاوی هەبێت. تەنیا لە ناوچە سنوریەکانی ڕۆژهەلات لە نزیك باشور کاری حزبی تا رادەیەك تێیدا زیندوو کرابۆوە. ئەو ماوەش ئەمن لە ناوچەی خۆشناوەتی لە گوندەکانی شێریێ و بالیسان و مەلەکان دەرمانگایەکی شۆڕشم بەڕێوە دەبرد. لەگەڵ هاوڕێیانی حزبیش لە پەیوەندی دابووم. بۆ کۆبوونەوەکانی حزبی دەچوومە سەنگەسەر و قەلادزەو کۆیە. بەلام ئەرکی پێشمەرگایەتیم لە نێو پارتی دیموکراتدا لە نەخۆشخانەیەك بۆ سێ هێز دیاری کرابوو، هێزی بیتوێن، سەفین و دەشتی هەولێر. دەبوو لە مانگدا ١١ ڕۆژ لەگەڵ پێشمەرگە لە شاخ بام و لەگەڵ ئەوان لە سەنگەردا بام. بە بریندارەکان ڕاگەیشتبام. بەتایبەت لە زینوەتیرو و تەبکی حەمەدەغای کە ئێستاش لە نێوان پارتی و یەکیەتیدا بۆتە عەرزی موقەدەس و سەدان ڕۆڵەی کوردیان تێدا بەیەك بەکوشتدا. ئەوکات عەلی شەعبان فەرماندە هێزی بێتواتەو حسن ئاب بەشی پاراستن و(تانجۆ) ئەمیر بەتالیۆین بوون.

# قۆناغی نۆیەم

## کۆنگرەی سێیەمی حزبی دیموکرات و هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان.

دوای کۆنفرانسی سێیەم کە هێندێك گۆڕانکاری لەنێو حزبی دیموکراتدا پێك هاتبوو، تەشکیلاتی حزبی لە ناوەوە و لە دەرەوە هێندێك بەرەو بووژانەوە دەچوو، لە زۆر بارەوە حزب هێندێك سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، بەڵام ئەو چوونە پێش و گۆڕانکاریانە بۆ حزب زۆر کەم بوون. بۆ زیاتر پەرەپێدانی خەبات و تێکۆشان لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دەبوو ڕێبەری حزب لە فکری پێك هێنانی کۆنگرەی سێیەم دا بێت، هەل و مەرجەکەش بۆ گرتنی کۆنگرە لەبار بوو، چ لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا و چ لە ناو دەوڵەتی عێراقدا دەکرا بە شێوەیەکی لەبارتر لە جاران ئەو کۆنگرەیە بگیرێت. ئەوەی بۆ هەموو لایەکمان زۆر گرینگ بوو لەو قۆناغەدا، یەك پارچەیی و یەکیەتی ڕیزەکانی حزب بوو، ئەویش هەر لە کۆنفرانسی سێیەمەوە زەمینەی بۆ خۆش کرابوو. زۆربەی ئەندامانی حزب ئەوانەی لە باشووری کوردستان بوین لە دەوری ڕێبەریەك کە هەڵبژێردراوی ئەو کۆنفرانسە بوو کۆببووینەوە. بەم جۆرە دوای چەندین ساڵ کێشە، ئاڵۆزی، دووبەرەکایەتی و خۆفەرزکردنی هێندێك لە هاوڕێیانی کۆمیتە مەرکەزی بەسەر حزبدا، دەورانێکی پڕ مەترسی و تەنانەت ڕەشە کوژی و بەرچەسپ لێدانی ناو و ناتۆرەوە و تاوانبارکردنی ئەندامانی حزب بە جاسوسی، بەسەر حزبدا تێپەڕ ببوو. بەخۆشیەوە بەشێکی زۆری ئەندامانی چالاك و بەرچاو لە حزبدا کە خاوەنی خەباتێکی دوورو درێژ بوون و لە دەورانێکی ئەستەمدا لە زیندان و دەربەدەری ژیانیان دەبردە سەر لە کۆنگرەدا بەشدار بوون.

منیش لەلایەن کاك کەریم حسامی ئاگادار کرامەوە کە وەك نوێنەر بۆ کۆنگرە دیاری کراوم، دەبێ ئامادەبم بچمە بەغدا، بەم شێوەیە من و چەند هاوڕێیەکی دیکە وەك مەلا خدر دۆڵەگەرمی و مەلا عەزیز ئەحمەدی و چەند کەسێکی دیکە لەگەڵ کاك کەریم حسامی چووین بۆ بەغدا. کۆنگرە لە ڕێکەوتی ٢٢-٩-١٩٧٣دا لە شاری بەغدا پایتەختی عێراق بەسترا. بەشدارانی کۆنگرە بریتی بوون لە ٤٩ کەس کە بە حیساب نوێنەری ڕێکخراوەکانی حزبی بوون. بەشی زۆری نوێنەران لە باشوری کوردستان

دەژیاین، سێ کەس بەو ناوانە لە ئەوروپا گەڕابوونەوە: سوڵتان وتمیشی، مەحەمەد موهتەدی و دوکتور حەسەن شەتەوی. دیارە ئەو سێ کەسە لە درێژخایەندا خێریان بۆ حزب نەدایەوەو گەڕانەوە ئەوروپا. دوو کەسیش لە ناوەوەی کوردستان بە نێوی حەمە ڕەسوڵ حەسەن پورو مەلا سەلام نەجنەیی هاتبوون. بەداخەوە لەو کۆنگرەیەشدا نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حزبی لە ناوەوەی کوردستان ڕا نەهاتبوون لەم بارەوە کۆنگرە کەموکوڕی زۆری پێوە دیار بوو. بۆ حزبێکی وەك حزبی دیموکرات لەو هەل و مەرجەدا ژمارەی نوێنەران زۆر کەم بوون، بەو حاڵەش کۆنگرە کارەکانی خۆی کرد. یەکەم کاری کۆنگرە دەبوو ئەوە بێ کە کار و تێکۆشانی کۆمیتە مەرکەزی بخاتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام کۆنگرەی دووەم تەوەرەیەکی دیکەی باسەکانی کۆنگرەی سێیەم بوو. سەرەتای باسەکەمەمان لەسەر ئەوە دامەزرا کە ئەو کۆنگرەیە چ کۆنگرەیەك دەبێت، دوکتور قاسملو پێشنیاری کرد کە دەبێ ئەو کۆنگرەیە کۆنگرەی دووەم بێت، چونکە کۆنگرەی دوو بەلای ئەوەوە مەشروعیەتی نەبوو!؟ ڕاستە لە کۆنگرەی دوودا دیموکراسی وەبەرچاو نەگیرابوو و زۆر بڕیاری نادروستیش درابوون. بەڵام بەوەبەرچاوگرتنی زیاتر لە دووسەدو بیست نوێنەری ئەندامانی حزب کە لەو کۆنگرەیەدا بەشداریان کردبوو، ناکرێ لەبەرئەوەی کە ئەحمەد تۆفیق بەناوی کۆنگرە چەند خاڵێکی لە بڕیارەکاندا گونجاندبوو و بەسەر بەشداراندا سەپێندرابوو، مێژووی حزب بشێوێنرێت و حورمەت بۆ ئەو هەموو ئەندامانەی حزب دانەنرێت. بۆیە وای لێهات کە بە زۆربەی دەنگ و بە لابردنی چەند بڕیارێکی کۆنگرەی دوو، کۆنگرەی دوو مەشروعیەتی پێدراو ئێمەش کۆنگرەی سێمان گرت. ئەو کۆنگرەیە لە باری کەیفیەتەوە لە ڕادەیەکی سەروتر داو لە فەزایەکی هێندێك دیموکراتی تردا گیراو کەس نەیتوانی نەزەرو بۆچوونی خۆی بەزۆر بەسەر بەشدارانی کۆنگرەدا بسەپێنێ و لە ژێرەوە هەڕەشەو گوڕەشە لە ئەندامانی بەشدار بکات!؟ کە پێشتر لە کۆنگرەی دووەمدا ڕوویدابوو، شتێکی دیکەی کە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا، ڕازاندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتە ناوەندی بوو کە دەتگوت ئەو کۆمیتە ناوەندیە توانیویەتی سەدی سەد ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بداو کەموکوڕیەك لە کارەکانیدا نیە، بە شێوەیەکی جوان خرابوونە سەر کاغەزو بۆ بەشداران خوێندرایەوەو پەسندیش کرا!؟

باس و لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرەو دووان لەسەر بابەتە جۆربەجۆرەکانی خەباتی چەندین ساڵەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕابردوودا جێگای سەرنج بوون، کە لە کرداردا ئەو جۆرە کارانە نەکرابوون و هەر لە چوارچێوەی خەون و خەیاڵدا مابوونەوە، بەڵام لە لایەن دوکتور قاسملۆوە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا داڕێژرابوون، کە سەرنجی هەموو بەشدارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. هەروەها دارشتنی گەڵاڵەیەکی تازەو پێشکەوتن خوازانە وەك بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆی حزبی دیموکراتی کوردستان ئامادە کرابوو و کەوتە دەستی بەشداران کە بیخوێننەوەو نەزەرو بۆچوونی خۆیان لەو پەیوەندیەدا دەربڕن. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی پێشوو ئاستی زانیاری و هۆشیاری سیاسی چەند کەسانێك لە بەشدارانی کۆنگرە لە پلەیەکی بەرزدا بوو. بەهۆی بەشداربوونی دوکتور قاسملو و چەند کەسێکی دیکە کە لە ئەوروپاوە هاتبوونەوە، کۆنگرە لە باری سیاسیەوە ڕەنگێکی نوێی بە خۆوە گرتبوو. باسی ئەحمەد تۆفیق لە کۆنگرەدا هاتە گۆڕێ و داوا لە کۆمیتە ناوەندی کرا کە ئەحمەد تۆفیق ئەگەر بۆ دادگایی کردنیش با دەبوو لە کۆنگرەدا ئامادەبێ، بەڵام ئەوکات ئەحمەد تۆفیق لە زیندانی عیراقدا بوو نەدەکرا بێتە کۆنگرە. لەم بارەوە دوکتور قاسملو ڕەخنەی لە ئەندامانی حزب گرت کە پێشتر لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کاریان کردوەو نەیانتوانیوە پێش لەسەرەڕۆیی و دیکتاتۆریەتی ناوبراو بگرن کە بۆ خۆشی دوایی دووچاری ئەو تاکڕەویە بوو. کاك حەسەن ڕستگار لە وەڵامی قسەکانی دوکتوردا گوتی" قوربان جەنابت دەبێ گلەیی لە خۆت بکەی کە نەتتوانیوە بەربەرەکانی لەگەڵدا بکەی و مەیدانت بەجێهێشتبوو و هەڵاتبوویە دەرەوەی وڵات، ئەم کادرو پێشمەرگانە لانی کەم مەیدانەکەیان بەجێ نەهێشتووەو ئەوەندەی بۆیان لواوە بەربەرەکانی خۆیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کردوەو دژی کردەوە نادروستەکانی ڕاوەستاون". پاشان گوتی" ئەگەر بۆچوونت ئەوە بێت لەسەر ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە ئێستا جەنابیشت و ئەوانی لەدەرەوەش ڕا هاتوونەوە، ئەوا لە سایەی خەبات و تێکۆشانی ئەو کادرو ئەندامانەی حزبدایە، ئەوە جەنابت خراپی لێ حاڵی بووی". ڕستگار بەردەوام بوو و گوتی" مادام ئاوا بیر دەکەیەوە پێویستە هەر لە ئێستاوە ساکەکەت بە کۆڵدا بدەیت و بگەڕێیەوە بۆ ئەوروپا!؟ هەر لەو کاتەوە ناکۆکی نێوان دوکتور و مەلا حەسەن ڕیشەی داکوتا هەتا لە کۆنگرەی هەشتی حزبدا

تەقیەوە و زیانی بە حزبی دیموکرات و گەلی کورد گەیاندو خۆشیان سەرکەوتوو نەبوون.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرەی سێیەم لە ڕوانگەی زۆربەی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان و ئێران و عیراقەوە لە هەموو بارێکەوە خالی وەرچەرخان بوو لە مێژووی حزبی دیموکراتدا وەك قۆناغێك لە خەبات و تێکۆشانی حزبدا جێگای خۆی گرت و تۆمار کرا. لەو کۆنگرەیەدا دوکتور قاسملو وەك سکرتێری حزب دیاری کرایەوە و تا ماوەیەکیش لە دوای کۆنگرە نەخشی بەرچاوی هەبوو لە نێو حزبدا، لەولاش هێزە سیاسیەکان حیسابیان لەسەر دەکردو حزب کەوتبۆ سەر ڕێبازێکی هێندێك پێشکەوتنخوازانە و وەك حزبێکی شۆڕشگێڕ لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانیدا لەناو کۆمەلانی خەلکی کوردستان شکلی گرت و ڕیشەی زیاتری داکوتاو خەلکی لە دەور کۆ ببۆوە. ئەو کۆنگرەیە لە هەموو بارێکەوە کارەکانی لە ڕابردوو باشتر دەچوونە پێش. بڕیارەکان دوای هەلسەنگاندنێکی باش تەئید دەکران، بەرنامەو پێڕەوی نێو خۆی حزب ئەو جارە بە تێبینی و لێ وردبوونەوەی کەسانی زاناتر و شارەزاتر لە سیاسەتدا پەسەند دەکراو زۆر خالی گرینگی دیکەی پێوە زیاد کران، گۆڕانکاریەك لە شێوەی کارو تێکۆشانی حزبدا پێك هات و ئەندامانی حزبیش بە بوونی دوکتور قاسملو وەك سکرتێر دلخۆش بوون. دوایین کاری کۆنگرە هەلبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بوو کە پازدە کەس بەم ناوانە بوون"١- دوکتور قاسملو٢- عەبدولا حەسەن زادە ٣- دوکتور حەسەن شەتەوی٤- ئەمیر قازی ٥- کەریم حیسامی ٦- مامۆستا هێمن "شاعر"٧- دوکتور سولتان وتمیشی ٨- مەحەمەد موهتەدی ٩- هاشم کەریمی ١٠-ڕەسول پێشنماز ١١- حەمە ڕەسول حەسەن پوور ١٢- کەریم حەداد ١٣- حەمەدەمین سیراجی ١٤-مەلا سەلام ١٥- سمایل حاجی" مەلا سمایل". بەداخەوە لە کۆنگرەی سێیەمیشدا جارێکی دیکە بەهۆی دۆستایەتی و کوتلەبازی پەیوەندی خزمایەتی نێوان ئەندامانی کۆنگرەو بیر تەسکی چەند هاوڕێیەك کەسانێك دەنگیان پێدرا کە لە خەت و ڕێبازی حزبدا نەبوون. لەلایەکی دیکەشەوە چەند کەسێکی تر دەنگیان درایە کە لە ڕاستیدا شیاوی ئەو پلەو پایە نەبوون چونکە پلەی زانیاری سیاسیان زۆر لە خوارێ بوو و لە نێو خەلکی کوردستاندا نەناسرا بوون و دواتریش دەرکەوت کە بوونی ئەو کەسانە لە نێو

حزبی دیموکراتدا بە قازانج تەواو نەبوو. ئەو هەڵەیەی کە لە کۆنفرانسی سێدا کرابوو ئەزمونێکی لێوەرنەگیراو لە کۆنگرەی سێیەمیشدا دووپات کرایەوە!؟ بەهەرحاڵ بۆ دەفتەری سیاسیش لە لایەن کۆمیتە ناوەندیەوە ئەو کەسانە دیاری کران :١- دوکتور قاسملو وەك سکرتێر ٢- مامۆستا عەبدولا حەسەن زادە ٣-دوکتور سوڵتان وتمیشی ٤-حەمەدەمین سیراجی ٥- کەریم حیسامی. بەم شێوەیە کۆنگرە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێناو حزبی دیموکراتی کوردستان کەوتە سەر ڕەوتێکی تازە لە خەبات و تێکۆشان. حزب چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری دپلۆماسیدا لە ئاستێکی بەرزدا تا ماوەیەك دەچۆ پێش و کارو ئەرکەکان ئەنجام دەدران و ڕەوتی خۆیان بە هێندێك کەم و کوڕیەوە دەپێوا. ئەو برادەرانەی کە لە ئەوروپاوە بۆ کۆنگرە گەڕابوونەوە جگە لە دوکتور حەسەن کە کاری تایبەتی دەکردو ماوەیەك لەبەغدا مایەوە، ئەوانی تر گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان و کارێکی ئەوتۆیان بۆ حزب ئەنجام نەدا. لەم لاشەوە بزوتنەوەی باشووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عیراق لەسەر دیاری کردنی چوارچێوەی سنووری حوکمی زاتی و دانانی یاسایەك لە هەرێمی خودموختاردا نەگەیشتبوونە ئەنجام و کۆبوونەوەکانیان ئاکامی باشیان نەبوو. دەوڵەتی عیراق واتە حزبی بەعس بە نیەتێکی باش و سادقانە نەهاتە پێش و نەشی هەویست ئەو حوکمی زاتیەی کە بۆ خۆی دانی پێداناوە بە ئاکامێك بگات. لە لایەکی دیکەشەوە خۆبەستنەوەی پارتی بە سازمانی سیای ئەمریکاو دەزگا جاسوسیەکانی ئەو دەوڵەتە و بێ وەفایی ئەمریکاییەکان و پیلانی ساواك و شای ئێران، ڕەوتی ئاشتی لە نێوان هەردوو لادا بەرەو لاوازی ڕاکێش دەکردو فەلەج بوو.

لەهەمان کاتدا وتووێژ لە نێوان شۆڕش و دەوڵەتی عیراقدا پێکهاتبوو ڕەوتەکەی بە تەواوی فەلەج کردبوو. ڕێبەرانی شۆڕش تووشی هەواو سەرکێشی ببوون و لە کەوڵی خۆیاندا نەمابوون. ئەوان لە خەڵکی کوردستان دابڕابوون و تەریك مابوونەوە، پرس و ڕایان بە پارتە سیاسیەکان و کەسایەتیە سیاسیەکان نەدەکرد. هەروەها سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردستان دەستی هەر لە ژێر بەردی ڕژێمی شاو ساواکدا مابۆوەو پەیوەندیەکانی پارتی و بارزانی لەگەڵ ڕژێمی شا زیاتر پەرەی ساندبوو. ئەوان ببوونە کارتی دەستی دوژمنانی کوردو بە قازانجی خۆیان یاریان پێدەکردن و کەڵکیان لێوەردەگرتن. دەوڵەتی ئەمریکاش بۆ بەرژەوەندی خۆی لە ڕۆژهەلاتی

نێوەڕاست هێندێك بەڵێنی بە درۆی پێدابوون، بەڵام وادەو بەڵێنەکان نەخرانە سەر کاغەزو وەکو مەدرەکێکی زیندوو نەدرابوونە دەستی سەرکردەکانی بزوتنەوەی کوردستان. شای ئێران و ساواك بەو کارتە توانیان زۆربەی ویستەکانی خۆیان لە دەوڵەتی عیراق وەربگرن، هیچ کام لەو دوو سەرکردایەتیەی شۆڕش و عیراق باوەڕ و متمانەیان بە یەکتر نەبوو. لە ١١ی مارسی ١٩٧٤ دا لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە قانوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕاگەیەنرا، بەڵام ئەو قانوونە کە دەوڵەتی عیراق بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی حوکمی زاتی پەسندی کردبوو پارتی و بارزانی پێی ڕازی نەبوون. بەرە بەرە زەمینەی شەڕکردن لە نێوان هەردوو لادا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێز دەبوو، لە ڕاستیدا کاربەدەستانی ڕژێمی ئێرانیش لەو بەینەدا بە دانی قەول و پەیمانی بە درۆ بە ڕێبەرانی بزوتنەوەی کوردستان، ئەوەندەی دیکەش سەرکردەکانی شۆڕشیان لە ئاشتی دوور دەخستەوە و بەرەو جەهەنەمی شەڕو چارەنووسی نادیاریان ڕاکێشان. لەو ڕێگایەوە ڕژێمی شا توانی پلانە گڵاوەکانی خۆی دژ بە گەلی کورد لە کەولی دۆستایەتیدا ئەنجام بداو سەرکردەکانی شۆڕشی فریودان و جارێکی دیکەش شەڕو تێکهەڵچوونەکان لە نێوان شۆڕشگێرانی کوردستان و هێزەکانی دەوڵەتی عیراقدا بە شێوەیەکی پان و بەرین و توندو تیژتر دەستی پێکردەوە، ئەو پەیمانەی کە لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا بۆ ئۆتۆنۆمی لە نێوان شۆڕش و دەوڵەتی عراقدا مۆرکرابوو، هەر لەسەر کاغەز مایەوە. دەوڵەتی عیراق بەدرۆ ئەو ماوە کوردی خافڵاند. لەلایەکی دیکەشەوە سەرکردایەتی بزوتنەوە لەم بارەوە بە تەنیا بڕیاردەر نەبوون. دەبوو ڕژێمی شاو ساواك بڕیار بدەن!؟ کە بە داخەوە دواتریش بە کردەوە ئاکامەکەی بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوت. ئەو سیاسەتەی ڕژێمی شاو ساواك بەرامبەر بە شۆڕشی کوردستان سیاسەتێکی گورچکبڕو مەترسیدار بوو کە تیرەکەی وە پەیکەری جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان کەوت. تا سەرەنجام شەڕێکیماڵوێرانکەر لەسەرانسەری کوردستان دەستی پێکردەوە، تا ئاکامەکەی بە تێداچوونی شۆڕشی کوردو زیانی گەلی کورد تەواو بوو. ئەو یارمەتیەی ڕژێمی شا بە شۆڕشی کوردستان هەر بۆ ماوەیەکی کورت و بۆ گەرمکردنی کورەی شەڕەکەو هەڵگیرسانەوەی بوو، بە مەبەستی ئەوەی کە بتوانن داواکانی خۆیان زیاتر بەسەر دەوڵەتی عیراقدا بسەپێنن و کوردیش لەناو بەرن. لەو شەڕانەی دوایدا بەهۆی چەکی

دژی هەواییەکانی ڕژێمی ئێران، چەند فڕۆکەیەکی بۆمب هاوێژی دەوڵەتی عێراق کە دەیانەویست سەرکردایەتی شۆڕش بۆمب باران بکەن کەوتنە خوارەوە. هەر لەو کاتەشدا لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بانگەوازێك بۆ خەڵکی کوردستان کرا کە بەرەو سنورەکانی ئێران وەڕێ کەون. خەڵکی کوردستان ئەو بانگەوازەی قۆستەوە و دەستە دەستە خۆیان گەیاندە ئێران و لە ئۆردوگاکاندا جێگیر کران. لەو کاتەشدا حزبی دیموکرات زۆری هەوڵ دابوو کە دەوڵەتی عیراق و سەرکردایەتی شۆڕش بگەنە یەك، بەتایبەتی دوکتۆر قاسملو لەم بارەوە نەخشی گرینگی دەبێت. بە داخەوە سودی نەبوو. لەو ناوەدا حزبی دیموکرات لە حاڵەتی بێ لایەنیدا مایەوە، بەلاّم لە دڵەوە شەڕەکەیان پێناخۆش بوو چونکە بە ئاکام گەیشتنی ووتووێژ و ڕزگاربوونی ئەو بەشە، بنچینەی ڕزگاربوونی هەموو گەلی کورد بوو. لەو کاتەدا بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی حزب لە ژێر دەسەلاّتی دەوڵەتی عیراقدا مابوونەوە و لە بەغدا دەژیان. بەشێکیش لەگەڵ زۆربەی کادرو ئەندامەکانی حزب لە ناوچەی ڕزگارکراودا مابووینەوە، پەیوەندیمان لەگەڵ برادەرانی بەغدا نەپسابوو. چەند برادەرێکی کۆمیتە ناوەندی کە لە دەرەوە هاتبوونەوە عیراق هەر کە هەستیان بە مەترسی کرد بە بیانووی مەئموریەت بەرەو ئەوروپا گەڕانەوە، ئەو هاوڕێیانەی کۆمیتە ناوەندی کە هەمیشە پیاوی ئەو مەیدانە بوون بە جێیان هێشتین و تەنانەت بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمیتە ناوەندیش نەدەگەڕانەوە، بەتایبەت سکرتێرو هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی جگە لە مامۆستا عەبدولا حەسەن زادە زۆربەیان حزبیان بەجێهێشت. کادرو ئەندامانی حزب لەو کاتەدا بە پێی سیاسەتی دیاری کراوی ڕێبەری لە بەرامبەر دەوڵەتی عیراق و شۆڕشدا هەڵوێستی بێلایەنیان هەبوو، هەرچەند لە ناخی خۆماندا بۆ کوردو شۆڕش دڵمان لێی دەدا، بەلاّم بە شێوەی چەکداری لەو قۆناغەدا بەشداریمان نەکرد، تەنیا لە ڕێگای هاوکاری کردنی دەرمانی و هێنانە گۆڕی ئەو باسانەی کە بە قازانجی مانەوەی شۆڕشی کوردستان بوون بەشداریمان دەکرد. ئێمە لە لایەن شۆڕشەوە وەرنەگیراین و وەلاّمیان نەدرایەوە، لەو قۆناغەدا حزب لە هەموو لایەکەوە فشاری لەسەر بوو نەیدەتوانی کادرو پێشمەرگە بنێرێتەوە بۆ ڕۆژهەلاّت کە خەبات و تێکۆشان بکەن. چونکە لە باری سیاسیەوە بەهۆی بوونی پەیوەندی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمی شا، حیزب لە بواری تەشکیلاتیەوە لەناو

خەڵکی کوردستان زەمینەی ئەوەمان بۆ پێک نەهاتبوو کە بتوانین لە ناویاندا بمێنینەوە. ڕێبەرایەتی پارتی و بارزانیش هەروا گوێ بیستی ڕژێمی شا بوون. هەر چۆنێک بوو ڕێبەری هێندێک بڕیاری باشی دا و هەڵەی ساڵەکانی ١٩٦٨و ١٩٦٩ی دووبارە نەکردەوە کە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ کردیان و تێدا چوون. لە ساڵی ١٣٥٣ دا بەرامبەر بە ١٩٧٤ ڕێبەری حزب تووشی سەرلێشیواوی ئەوتۆ نەبوو کە نەتوانێ بڕیاری دروست بدات و لەبەرامبەر ئەو وەزعە مەسئولانە هەڵوێست گیراو حزب بە هیچ لایەکدا نەشکایەوە. لەو کاتەشدا دەنگۆ بڵاو ببۆوە کە پەیمانی شومی ئەلجەزایر لە ئارادایەو دەوڵەتی ئێران و عیراق بە نێوبڕی کردنی دەوڵەتی ئەلجەزائیر لە لایەن هەواری بۆمیدیەن کۆبوونەوەکانی نێوانیان پێك هات. دەوڵەتی ئەمریکاش کە پێشتر ئاگاداری ئەو ڕێکەوتنە بوو لەسەر دیاری کردنی خەتی سنوری خلیجی فارس ڕێکەوتن و پەیمانی دوو قۆڵی نێوان ئێران و عیراق بە ئیمزای هەر دوو لا گەیشت و مۆر کرا. بەشێك لە خەلیجی فارس کە پێشتر لە ژێر دەستی عیراقدا بوو درا بە ڕژێمی شا و عیراق پاشەکشەی بە هێزەکانی خۆی کرد لە سنوری شط العرب دوورکەوتەوە. سەرکردایەتی پارتی و بارزانیش بە بیستنی ئەو خەبەرە لە بەرامبەر ئەو پیلانەی داگیرکەرانی کوردستان کە یەکێك لەوان بە دۆست و پشتیوانی خۆیان دەزانی، هەڵوێستی سیاسی و نیزامی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەدا مەتەقیان لە خۆیان بڕیبوو، شۆڕش و گەلی کوردیان بە قەزاو قەدەر سپارد، تەنیا هەوڵێکی ئەوان بۆ بەگژداچونەوەی ئەو پلانە دوو قۆڵیەیی ئێران و عیراق، ئەوەبوو کە داوایان لە دەوڵەتی عیراق کرد کە کێشەکانیان لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر بکەن!؟ بەلاّم دەوڵەتی عیراق کە تازە ئیمتیازی خۆی دابوو بە ئێران ئەو داوایەی ئەوانی ڕەت کردەوە، چونکە ئەو کارە دەبوو لە کاتی خۆیدا کرابایە تازە درەنگ بوو. بەداخەوە زۆربەی ڕێبەرانی کورد دوای ڕوداوی خراپ بڕیاری دروست دەدەن، لێرەدا دەردەکەوێت کە سەرکردایەتی شۆڕش لە باشور هیچ بڕیارێك لە ئیرادەی خۆیانەوە سەرچاوەی نەگرتووە نەشدەوێران خۆیان لە ژێر قەیدو بەندی شاو ساواك دەرباز بکەن. لەولاشەوە دەوڵەتی عیراق بە ئیمکاناتێکی زۆری نیزامیەوە هێرشی بۆ سەر باشوور دەست پێکردبوو، شۆڕشگێڕانی کوردستانیش بەربەرەکانیەکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەدا. بۆ خۆش کردنی شەڕەکەش دەوڵەتی ئێران لە سنورەکانەوە

هێندێك تۆپ باران و کاتۆشا بارانی بنکەو بارەگاکانی دەوڵەتی عێراقی دەکرد. شەڕێکی ماڵ وێرانکەریان بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند، لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە کوردستان کرا بە مەیدانی شەڕو پێکدادان و ڕۆڵەکانی گەلی کوردی تێدا لەناوچوون. لە لایەکی دیکەشەوە کەم ئەزموونی، خۆش باوەڕی، لێ نەهاتوویی بەشێك لە ڕێبەرانی شۆڕش بە گشتی و خۆ بەزۆر زانی، لاساری و گوێ نەدان بە پێشنیارو داواکانی خەڵکی کوردستان و کەسایەتیە سیاسیەکان بەتایبەتی و سیاسەتی چەوتی ئەوان لەم قۆناغەدا بەرامبەر بە چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عیراق لە ڕێگای ئاشتیەوە ئەو ئاکامەی بەدواوە بوو کە ڕوخانی شۆڕش بوو. جگە لەوەش کە زیانێکی گەورەی لە میللەتی کورد دابوو و بوو بەهۆی تێداچوونی شۆڕش و بۆ خۆشیان سزای هەڵەکانی خۆیان بینیّ و بوونە قوربانی هەڵەکانی خۆیان!؟بەم جۆرە ڕێکەوتننامەی ئەلجەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥دا بە یەکێك لە ڕۆژە تاڵەکانی مێژووی گەلی کورد ناسێنراو پەیمانی شومی ئەلجەزائیر و بەیەك گەیشتنی دەوڵەتی شاو دەوڵەتی عیراق بە نێوبژی کردنی دەوڵەتی ئەلجەزائیر کە پێشتر بەردی ئازادیان بۆ گەلانی ژێر دەست لە سنگی خۆیان دەدا ئیمزا کراو بزوتنەوەی باشوور بە ڕێبەری بارزانی لە ڕێکەوتی" ٢٠ی مارسی ١٩٧٥دا لە دواکۆبونەوەی بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاری ئاش بەتاڵ درا. لەو هەل و مەرجەدا نە سەرکردایەتی پارتی نە مام جەلال و حزبەکانی تری کوردستان هیچکامیان نەیانتوانی جڵەوی شۆڕش بەدەستەوە بگرن و درێژە بە تێکۆشانی چەکدارانە بدەن و نەهێڵن شۆڕشەکە دامرکێتەوە. کەس خۆی لە شۆڕش و کورد بە بەرپرس نەزانی. بەم جۆرە بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەو بەشەی کوردستاندا کۆتایی بە خەباتی چەکدارانە هاتبوو، جارێکی دیکەش دەرکەوت کە دەوڵەتەکانی تورك، فارس و عەرەب وەك شوێنیزمی نەتەوەیی بەهەر ئیدەئۆلۆژییەکەوە کە بوویانە دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی گەلی کورد بوون و بەنێوی هاوکاری و پشتیوانی لە شۆڕشەکان خەنجەریان لە پشتی بزوتنەوەی کوردستان داوە. هەر کامێك لەوانە کە دەسەلاّتیان هەبووە ڕاستەوخۆ دوژمنایەتی گەلی کوردیان کردووە. هەروەك باسمان کرد ئەو ماوەش کە من لە ناوچەی خۆشناوەتی نەخۆشخانەی شۆڕشم بەڕێوە دەبرد، بۆ وەرگرتنی یارمەتی کادرەکانی نەخۆشخانەو پێداویستیەکانی چووبوومە

سەرکردایەتی پارتی و لە نزیکەوە ئاگاداری یەکەم ڕاگەیاندنی بڵاوەپێکردنی شۆڕش بووم کە لە لایەن بارزانی و مەکتەبی سیاسییەوە بە کادرو پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان ڕاگەیەنراو بە جارێك ورەی پێشمەرگە و خەڵکیان دابەزاند. بەداخەوە لەو کاتەشدا ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و لێپرسراوانی شۆڕش لە هەموو کەس زیاتر ورەیان دابەزیبوو دەستیان لە کراس هێنابۆ دەر، وەك هەیکەلی بێگیانیان بەسەر هاتبوو. هەر کام لەوان بۆ خۆدەربازکردن بەرەو ئێران ڕەویان دەکرد. بەگوێی خۆم بیستم کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و ئەندامەکانی سەرکردایەتی دەیانگوت" خەڵکینە شۆڕش تەواو بوو هەر کەس لە خۆی بەرپرسە، بە کام ڕێگادا دەچیٚ و بۆ کویٚ دەچیٚ!؟"دەیانگوت و دووبارەیان دەکردەوە کە بارزانی بڕیاری کۆتایی هێنانی شۆڕشی داوە، دەڵیٚ ناتوانین بەبیٚ پشتیوان لەگەڵ چوار دەوڵەت شەڕ بکەین، دیسان لە زمان بارزانییەوە ڕاگەیەنرا کە هێزەکانی پێشمەرگە و ئەندامانی پارتی ئەوەی پێخۆشە با خۆی تەحویل بە دەوڵەتی عیراق بداتەوە، ئەوانی دیکەش ئەگەر دەیانەویٚ بەرەو ئێران بچن ئازادن. لە زمان بارزانییەوە ئاگاداری پێشمەرگە کرا کە هەموو عەمبارەکانی تەقەمەنی و کەلوپەلی پێشمەرگایەتی بتەقێننەوە و بییان سووتێنن. هەڵاو هەنگامەیەك پێك هاتبوو، دەتگووت ڕۆژی حەشرە کەس کەسی نەدەناسیەوە، کەسیش لە فکری کەس دانەبوو، شیرازەی هەموو شتێك لێکترازابوو هەر کەس چۆنی پێخۆشبایە وای دەکرد. کەس خۆی بە بەرپرسی شۆڕش و پارتی نەدەزانی. گوێم لێبوو بەشێك لە بەرپرسانی پێشمەرگە و تەنانەت پێشمەرگەکانیش بە دەنگی بەرزو بەقین و ڕقەوە بە چاوی پڕ لە گریان و خۆزی دەرونیانەوە دەیانگووت" ئێمە چەکەکانمان دانانێین و شۆڕشی خۆمان درێژە پێدەدەین، کیٚ بەزیو و ترسنۆکە، ڕێگا ئاواڵەیە با بچنە باوەشی دوژمنانی گەلی کوردو لە جەهەنەمی شاو بەعسدا خۆیان بسووتێنن". تەنانەت گوێم لێبوو کاك عەبدولخالق کە بەرپرسایەتی لە بەشی بەڕێوەبردنی ڕادیۆدا هەبوو دەیگوت من هەرگیز کوردستان بەجیٚ نایەڵم و هەر لەگەڵ پێشمەرگە لە چیا بەرزەکانی کوردستاندا سەربەرزانە دەبیٚ لە پێناو ئازادی گەلەکەمدا بمرم و دەنگی زوڵاڵی پێشمەرگەی کوردستان بگەیەنمە گوێی هاونیشتیمانانم و دەزگای ڕادیۆکەش بە کۆڵم دا دەدەم و لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستاندا دەمێنمەوە، دژی داگیرکەرانی

وولآت خەبات دەکەم. هەر لەو کاتەشدا فرمێسکی لە چاوان قەتیس مابوون و بە هەنیسك و گریانەوە ناڕەزایەتی خۆی لە بلاوەپێکردنی شۆڕش دەردەبڕی و دەیگوت" خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ چوو، ڕێبەرانی پارتی کوردیان بە برنج و ڕۆنی شا پەسەند فرۆشت"، دەیان قسەی هەق و ڕەق و ناشیرینی بەڕێبەرانی بزوتنەوە دەگوت و لە ناخی خۆیدا دەسووتاو خۆی دەخواردەوە، لەولاشەوە سەدان پێشمەرگەو هەزاران پیاو و ژن و مندالْ گەورەو بچوك شین و هاواریان دەکرد، دەنگی ئەوان گوێی ئەرزو ئاسمانی کەڕ کردبوو تەنانەت سروشتیش ڕەنگی ماتەمینی لێ نیشتبوو. زۆربەی شۆڕشگێڕانی کورد کەوتنە ژێر سێبەری شومی دوو ڕژێمی داگیرکەری وەك بەعسی عیراق و شای خائینی ئێران. ئای ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکی ڕەش و داخدار بوو لە مێژووی میللەتی کوردا. داگیرکەرانی کورد چ بەلآیەکیان بەسەر گەلی کورد هێنا، ڕێبەرانی کوردیش چەندە گوێ لەمستی دوژمنان بوون، لە داوی ڕژێمی شاو ساواك کەوتن و بۆ هێندێك ئیمکاناتی مادی هەرەسیان بە شۆڕش هێنا. ئەو ڕۆژە ڕۆژێك بوو کە چەند کادرو پێشمەرگەی پارتی بەدەستی خۆیان خۆیان کوشت و ئاگریان لە مالْ و ناو مالْی خۆیان بەردا. هەزاران تفەنگ و قۆمپارەو کەل و پەلی شەڕو تەقەمەنی سووتێنراو لە ناو ئەشکەوتەکانی کوردستاندا تێدا چوون. هەموو خەلْکی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر ڕەش پۆش بوون و شادی و خۆشیان لەخۆیان حەرام کردبوو. مرۆڤەکان لێو بەبار بوون دەستە وەستان و بێ سەرکردەو بێ ڕێبەر لە چارەنووسێکی نادیاردا مابوونەوە. هێزەکانی ڕژێمی عیراق هەموو ئەو ناوچانەی کە پێشتر لەژێر دەسەلآتی شۆڕشدا بوو گرتنیەوە. بەلآم ئەزمونێك لەم هەموو بەسەرهاتە تالآنە وەرنەگیراو شۆڕشی نوێ کەوتەوە ژێر بالْی ڕەشی داگیرکەرانی کوردستان و ئەوەی دەبوو ڕێبەرانی کورد نەیکەن کردیان.

ئەمنیش لەگەلْ خێزانم خوداحافیزیمان لە دوکتور حشمەت یادگار کرد کە لە شۆڕش دا پێکەوە کاری دەرمانیمان دەکرد، ئەو بەرەو ئێران ڕۆیشت و ئێمەش بەرەو چارەنوسی نادیار. بەم جۆرە منیش لەگەلْ خێزانم لە شارۆچکەی چۆمان مالْمان دانابوو بۆ پشودان و حەسانەوە لێی دەماینەوە، مالْەکەمان بەجێ هێشت و بەساکی شانمان و مەهابادی کچمەوە خۆمان گەیاندە گوندی ئاش قوْلْکەی پشت ئاشانی بناری قەندیل کە بنکەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ بوو. لە مالْی

مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە کە ئەو کات سەید ڕەسوڵ دەهقان و چەند هاوڕێیەکی دیکە لەوێ دەژیان، بۆ ماوەی نزیک بەیەك مانگ لەوێ ماینەوە، سوپاسی مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادەو خێزانی دەکەم کە لەو ماوەیەدا زۆریان زەحمەت بۆ کێشاین و زۆرمان پێوە ماندوو بوون. هەروەك باسمان کرد هاوڕێیانی حزبیمان کە بە هۆی شەڕو تێك هەڵچوونەکانی نێوان شۆڕش و دەوڵەتی عیراق لەو ناوە خۆیان پەنا دابوو، بەشێکیش لە کۆمیتە ناوەندی حزب لەوێ دەژیان. لەگەڵ چەند کادرو پێشمەرگەی حزب لەو ناوە گیرسابوونەوەو چاوەڕوانی دواڕۆژی شۆڕشیان دەکرد تا بزانن چی لێ شین دەبێتەوە، بەشێکیش لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی کۆمیتە ناوەندی وەك کاك کەریم حیسامی و کاك حەمەدەمین سیراجی لە بەغدا مابوونەوە، چاوەڕوانی ئاکامی شۆڕش بوون کە بزانن ئەگەر ئاکامێکی باشی نەبێت ئەوانیش بەلایەکدا خۆیان دەرباز بکەن و بگەڕێنەوە ئەوروپا. هەروەك دوکتور قاسملو و برادەرانی دیکەش ئەو کارەیان کردبوو، بە لێدانی زەنگی خەتەر خۆیان گەیاندەوە ئەوروپا، ئەوانیش دواتر ئەو ڕێگایەیان گرتە بەر جارێکی دیکەش حزبی دیموکرات وەك هەمیشە بەسەر ئەو هاوڕێیانە بەجێما کە هەمیشە لە مەیدان بوون، بەم جۆرە شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەو کەسانی فرسەت تەڵەب لە حزبدا لێك جیادەکرێتەوە و ئەوروپانشینەکانیش تا ڕاپەرینی گەلانی ئێران و سەرکەوتنی سەرانسەری نەگەڕانەوە ئێران، دواتریش کە گەڕانەوە بوونەوە هەمەکارەو کوێخای حزب. لە ئاکامدا بەڵای زۆر گەورەیان بەسەر حزب هێناو تەنانەت کادرو پێشمەرگەی حزبی دیموکراتیان بەیەك بە کوشتدان کە لە جێگای خۆیدا باسی کێشە نێوخۆیی و لاوەکیەکان دەکەم.

## تێڕوانین و هەڵسەنگاندنێك لەسەر خۆناسینی کورد،
## کورد لە ئاستی نێو نەتەوەییداو نەبوونی هوویەتی میللی.

دوژمنانی گەلی کورد وەك هەمیشە یا لە بەرگی دۆستایەتی کردن لەگەڵ گەلی کورد و ڕێبەرانی شۆڕش، یان بە دارشتنی پلانی جۆراوجۆر و گەلەکۆیی کردن لە میللەتی کورد، توانیویانە زۆربەی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان تێك بشکێنن و ڕێبەرەکانیان لە داو بخەن و لە ناویان بەرن!؟ زۆر جاریش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان وەك کارتی قومار کەڵکیان لە ڕێبەرانی کورد وەرگرتووە. ئەو ڕاستیەش حاشا هەڵنەگرەو کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات بەڵام بەداخەوە بەشێك لە ڕێبەرانی کورد ووشیارانە هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەکاندا هەوڵی ئەوەیان داوە کە چۆن بتوانن ڕیزەکانی خۆیان لەگەڵ ڕیزەکانی داگیرکەرانی کوردستان یەك بخەن و سیاسەتی خۆیان ببەستنەوە بە سیاسەتی داگیرکەرانەوەو ویستی داگیرکەران جێبەجێ بکەن، مێژوو شاهیدی ڕووداوەکانە، هەمیشە بەشێك لە ڕێبەرانی کورد لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکبگرن و بەرەیەك پێك بێنن، بەپێچەوانەوە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان ڕێکدەکەون و پەیمان ئیمزا دەکەن. نمونەش زۆرن بەڵام جێگای ئەو باسە نیە، ئەو ڕەوشە تا ئێستاش لە نێو حزبەکانی باشور بەردەوامەو مەعلومیش نیە هەتا کەنگێ ئەو ڕەواڵە بەردەوام دەبێت. هەر کاتێك داگیرکەران لە بەرژەوەندیان دا بووبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان شەڕیان پێکردوون و پێیان ڕاگرتوون، لەوەش خراپتر بەگژ یەکتریان داکردوون. بەداخەوە وەك ڕواڵەتێکی سونەتی لە نێو بزوتنەوەی کوردستاندا ئەو ڕەوشە پەرەی ستاندوەو ڕیشەی داکوتاوە بەتایبەتی لە باشوری کوردستان، تەنانەت مرۆڤە ڕوناکبیر، سیاسەتمەدارەکان و ڕێبەرانی بزوتنەوەش ئاگاهانە سیاسەتی دوژمنانیان لەسەر گەلی خۆیان بەڕێوە بردووە، لەبەر بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و دەسەڵاتی خۆیان بەرژەوەندی گشتی میللەتی کوردیان وەلا ناوە، لە هەموو تێکشکان و بەسەرهاتەکانی بزوتنەوەی کوردستاندا ئەزمونێکی ئەوتۆیان وەرنەگرتووە. بارودۆخی کوردستان و مێژووی ئاڵۆزی نەتەوەی کورد و دابەشکردنی نیشتمانی کوردان لە لایەن داگیرکەرانەوە بەشێکی کەم لە قەڵەم دراوە و زۆر جاریش بۆ خۆیان

ئەو ڕەوتەیان پەرە پێداوە، لە تەئیدی داگیرکەرانی کوردستان و بە قازانجی ئەوان لە بەرامبەر یەکتردا هەڵوێستیان گرتووە، کوردستانیان کردۆتە چەند بەش و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە، هەرکات بمانەوێ بە وردی هەڵسەنگاندنێکی زانستی سیاسیانە لەسەر کردەوەکانی بەشێك لە ڕێبەرانی بزوتنەوەی کوردستان بکەین، بەهۆی لێکۆڵینەوەکان ڕاستیەکان بۆ هەموو نەوەکانی دواڕۆژی گەلی کورد دەردەکەون، هەر بۆیە پێویستە لێکدانەوەکان یەك لایەنە نەکرێن، هەردوو ڕوی ڕێبەرەکان بخرێتە ژێر تیشکی ڕووناکی و هەڵسەنگاندنیان لەسەر بکرێت، کارە باش و خراپەکانیان لێك جیابکرێتەوە. ڕاستە مەلا مستەفا کەم و کورپەکی یەکجار زۆری هەبوو لە ئاستی سیاسی و ووشیاریەوە لەو ئاستەدا نەبوو کە بتوانێ بەتەنیا بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان بکات، ئەوەی کە بارزانی بەو پلەیە گەیاندبوو تێکۆشانی بێ پسانەوەی خۆی لە ماوەی چەندین ساڵدا بوو لەو ڕێگایەشەوە ئەزمونێکی زۆری وەدەست هێنابوو. بەڵام لەبواری هۆشیاری سیاسیەوە بە پێی ئەو بەرپرسایەتیەی پێی سپێردرابوو بە تەنیا نەیتوانی وەك پێویست ئەرکەکانی سەر شانی ئەنجام بدات و لە بەرامبەریاندا وەڵامدەربێت، نەشی دەتوانی لەوەی کە هەیە زیاتر لەوە بێت، چونکە نە قسەی کەسی قەبووڵ دەکرد نە پرس و ڕاشی بە کەس هەبوو، هەر بۆیەش توشی ئەو ڕۆژە ڕەشە بوو هەرەسی بە شۆڕش هێنا، بە پێچەوانەی هەموو ڕێبەرانی دونیا کە دەبێ موشاوریەتی تایبەت بە خۆیان هەبێت و مەشوەرەتیان پێبکات بەڵام ناوبراو نە ئەو کارەی دەکرد و نە باوەڕیشی بە موشاورێتی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا زۆری بەسەر ڕێبەرانی بزوتنەوەی باشور کە دوای خۆی جڵەوی شۆڕشیان بەدەستەوە گرتووە هەبووە، بارزانی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرێکی بەناوبانگی کوردان بوو، چ لەناوخۆی کوردستان و چ لە ڕوانگەی نێو نەتەوەییەوە لە ئاستێکی بەرزدا ناسرابوو، وەك ڕێبەرێکی لێوەشاوە و پارتیزانێکی هوشیارو چالاك حیسابی لەسەر دەکراو کوردیشی بە دونیا ناساند. هەموو دوژمنانی کوردی لێ دەترسان و ئێستاش نمونەی کەمە لەنێو کورداندا. بارزانی بە درێژایی تەمەنی جارێك لە جاران بە شێوەی ڕاستەوخۆ خیانەتی لە گەلەکەی نەکرد، شان بە شانی داگیرکەرانی کوردستان دژی میللەتی کوردو جوڵانەوەکانی کوردستان نەچۆ ناو سەنگەری خیانەت، تا لە ساڵی ١٩٧٩ دا بەهۆی

نەخۆشی ماڵاوایی لە گەلەکەی کرد، وەفادار بە گەل و نیشتمان مایەوە، ڕۆحی شاد بێت. بارزانی ئەوەی کردی و بۆ دوژمنانی ئەنجامدا لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ ڕزگاری گەلەکەی بووە، هەر بەو جۆرەو بۆ ئەو مەبەستەش دەکەوێتە داوی سازمانی سیایی ئەمریکاو موسادی ئیسرائیل و ڕژێمی شاو ساواکی ئێران و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرتبوو، پێش ئەویش کەسانی وەك ماموستا برایم ئەحمەد لەنێو پارتیدا بە ئەنجامدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو شوێنانەو خۆگرێدان بە دەزگا جاسوسیەکان هەبوو ناڕاستەوخۆ بارزانیش لەو خەتە کەوتبوو، لەم بارەشەوە هەردولا واتا سەرکردایەتی بارزانی و دەفتەری سیاسی جیا لە بارزانی دەکەونە پێشبڕکێ و بارزانیش سنورێك بۆ پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕژێمی شاو ساواك دیاری ناکات، بێ ئەوەی ویستی خۆی بێت دەکرێتە داردەستی شاو ساواك و فریوی ئەوان دەخوات لە ئەنجامدا توشی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەبێت کە بەسەر خۆی و میللەتی کورد هات. لە هەموو شتێك خراپتر ئەوەبوو هەر بڕیارێك کە بارزانی بیدابا بێ ئەملاو ئەولا لەلایەن خەڵکی وەفادار بەخۆیەوە بەڕێوە دەچوون و ڕەخنەی لێنەدەگیرا. هەربۆیەش ناکرێت هاوکارەکانی بارزانی بە بێ تاوان بناسرێن، بەتایبەتی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و سەرکردایەتی پارتی بە گشتی، لە هەڵەکانی بارزانیدا بەشداربوون و بەپێی بەرپرسایەتیەك کە هەیان بووە لە چاکەو خراپەکان شەریکن. بارزانی زۆر جار دەیگووت" کوردم هەر هەموو خۆش دەوێن، کوردەکانی ئێران چاوی ڕاستەمن و کوردەکانی عیراقیش چاوی چەپ، بەڵام ئەگەر یەکێك لە چاوەکانم تووشی نەخۆشی ببێت دەست بەجێ دەریدێنم بۆ ئەوەی چاوەکەی ترم نەخۆشیەکە نەگرێتەوە!؟" ئەو قسەیەی بارزانی هوشدارێك بوو بە ئەندامانی حزبی دیموکرات کە هیچ چەشنە جولانەوەیەکی سیاسی و نیزامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆیان نیشان نەدەن. بەڵام ئێمەش وەك حیزبی دیموکرات پابەندی بڕیارەکانی شۆڕش و بارزانی بووین هەر بۆیە هەموو لا زەرەرمان کرد. بارزانی بە تەنیا بەرگەی پلانەکانی شاو ساواکی نەدەگرت و نەیدەتوانی لە بەرامبەر ئەواندا هەڵوێستی بەجێ و سیاسیانە بگرێتە بەر و لە تاکتیك و پلانەکانی ئەوان خۆی و شۆڕش بپارێزێت، بەلانی کەم خۆی دەرباز بکات. لەلایەکی دیکەشەوە بارزانی دوژمنانی کوردی باش نەناسیبوو هەر بۆیە لە داویان کەوت و هەرچی پێیان گووت بەڕێوەی برد، دوکتۆر قاسملوش بەو هەموو

زانایییەوە لە داوی عەجەمان کەوتن و شەهید کراو بووە فیدای هەڵەو خۆشباوەڕی و کەم تەجروبەی خۆیان و شەهید کران. ئێستاش پیاوە هۆشمەندەکانی کوردستان، ڕێبەرانی بزوتنەوە و سەرکردەکانی حزبەکان کە لە دوای بارزانی و هاوکاتیش لەگەڵ بارزانی جڵەوی بەشێك لە شۆڕشیان بەدەستەوە بوو دواتریش شۆڕشی نوێیان دامەزراندەوە، لەئاکامدا لە بارزانی زیاتر کوردو نیشتمانی کوردانیان بەرەو هەڵدێران و نەمان بردووە بەتایبەتی مام جەلال و کاك مەسعود وەك دوو سیاسەتمەدار و ڕێبەری ئێستای گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان. ئەگەرچی هەل و مەرجەکە بۆ کورد لە بارودۆخی باشتردا دەچێتە پێش و قۆناغی سەرکەوتن نزیك دەبێتەوە، ئەوان دوای نزیك بە ٣٠ ساڵ شۆڕش، ڕاپەڕینەکانی کوردستانیان چەواشە کردووەو لە چارەنووسێکی نادیاریاندا هێشتۆتەوە، هەڵەکان هەر بە هەڵە وەڵام دەدرێنەوە و مێژوو چەند بارە دەبێتەوە، بەتایبەتی مام جەلال کە خەڵك چاوەڕوانیەکی زۆریان لێ هەبوو کەچی بۆ پاراستنی کورسیەکەی خۆی دژایەتی لەگەڵ زۆربەی حزبەکانی کوردستاندا دەکرد. ڕاستە بارزانی فریوی شاو ساواکی خواردبوو بە قسەی کەسی نەدەکرد، ئەدی ئەوانەی دوای بارزانی هاتن و درێژەیان بە ڕێبازەکەیدا چ ناوێکیان لێدەنرێت!؟ ڕاستە بارزانی هێندیك تەنگژەی سیاسی خستبۆ سەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات، بەڵام ئەوەی لە پێش هەموو کەسدا بارزانی فێری خۆگرێدان بە ساواك و ڕژێمی شای ئێران کرد هەر ئەو کەسانە بوون کە ساڵەهای ساڵ لەسەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دژایەتی بارزانیان دەکرد، مێژوو شاهیدی هەڵەکانی ڕێبەرانی کوردستانە و مێژوونوسانیش بەزەییان بەکەسدا نایەت، هۆکارێکی دیکەی کە خەڵکی کوردستانی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا هێشتەوە، پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، ئەویش ووشیار نەبوونەوەو بەخۆدانەچوونەوەی ڕێبەرانی حزبەکانی دەسەڵاتدارە لە کوردستاندا کە دوای ئەو هەموو کارەسات و تێکشان و بەسەرهاتە داخدارانەدا، بەیەك بەکوشتدان و بەفیڕۆدانی خوێنی شەهیدان هەمیشە ئاش بەتاڵیان بە ئاشبەتاڵ وەڵام داوەتەوە، یان شۆڕشیان لە ئاستێکی لاوازدا ڕاگرتووە و کوردیان لە چارەنوسێکی نادیاردا هێشتۆتەوە، ئەم ڕەوشە وەك خاڵێکی دزێو بە مێژووی بزووتنەوەکانی کوردستانەوە دەمێنێتەوە. لەم بارەوە هەموو حیزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان ڕەخنەیان لەسەرە.

# قۆناغی دەیەم

هەروەك لە قۆناغی نۆیەمدا باسی تەواوبوونی بزوتنەوەی چەکدارانەی باشوری کوردستانم کرد کە لە ساڵی ١٣٥٤ دا بەرامبەر بە ساڵی ١٩٧٥ی میلادی کۆتایی پێهات، حزبی دیموکراتی کوردستانیش بەهۆی ڕوخانی ئەو شۆڕشە پێی نایە قۆناغێکی دیکەی پڕ لە مەترسی و تاریکی، لە چارەنوسێکی نادیاردا مایەوە، بەشی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی، کادرەکان و ئەندامانی حزب کە پێشتر لەژێر دەسەلاتی شۆڕشدا دەژیان و بەشێکیش لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە لە بەغدا دەژیان لە حاڵەتی بیلا تەکلیفیدا مابوونەوە، دوای ماوەیەکی کورت چەند برادەرێکی دەفتەری سیاسی کە زەنگی خەتەریان گوێ لێدەبێت و دەزانن بزوتنەوەی باشور بەرەو ڕوخان دەچێ بە پێی ڕەواڵی پێشویان کورد گووتەنی" جێگای مەردان سەر تەندووره." دەچنەوە ئەوروپا، دوکتۆر قاسملوش وەك سکرتێری حزب کە دەبێ بۆ نەجاتی حزب لەو بوحرانە سیاسیەی کە تێیکەوتووە نەخشی هەبێت، لەگەڵ کۆمیتە ناوەندی کۆببنەوە و ڕێگا چارەیەك بدۆزنەوە، ناوبراویش دەچێتەوە ئەوروپا بۆ لای ماڵ و منداڵەکانی، کاك کەریم حیسامی وەك جێگری خۆی دەناسێنێ. ناوبراویش بۆ ماوەیەك بۆ هەڵسوڕانی کارەکانی حزبی و پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمیتە ناوەندی دەمێنێتەوە، دواتر ناوبراویش کە هیچی لەدەست نایەو ناتوانێ کارێك بۆ حزب بکات، حزب لە حاڵەتی بێ تەکلیفیدا بە جێ دەهێڵێ و برادەران بە قەزاو قەدەر دەسپێرێ، بەنێوی کۆبوونەوە دەگەڵ دوکتور قاسملو دەچێتە ئەوروپاو خەریکی ژیانی خۆی دەبێت و بەکردەوە لە مەیدانی خەبات نامێنێ، ئەوانەی مەیدانەکەیان بەجێ نەهێشت وەك هەمیشە لە ڕۆژە تاڵەکانی خەباتدا لەگەڵ کادرو ئەندامەکان دەمێننەوە و لە ژێر ترس و خەتەردا خەبات دەکەن، بریتین لەو کەسانە: کاك حەسەن ڕستگار، کاك هاشم کەریمی، عەبدوڵا حەسەن زادە، کاك مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، کاك سەید ڕەسوڵ دەهقان، مامۆستا هێمنی شاعیر، کاك کەریم حەداد، ئەوروپانشینەکانیش دوکتور قاسملو، کاك کەریم حیسامی، کاك ئەمیر قازی، دوکتور سوڵتان، حەسەن شەتەوی و مەحەمەد موهتەدی دەبن. ئەو هاوڕێیانەش کە لە ئەوروپا دەژیان کارێکی ئەوتۆیان بۆ حزب ئەنجام نەدا کە لانی

ئەو شێوە ژیانەو هاتوچۆکردنی ساواك بۆ من قابیلی تەحەمول نەبوو، ساواك وای نیشان دەدا کە من بە ویستی خۆم هاموشۆی ئەوان دەکەم، بۆ ئەوەی تا سەرەنجام وەك شکایەت نامەیەکم بۆ دەرباری شا نووسی و ئیشارەم بە لێبوردنی شا کردو وەزعی خۆم لە نامەکەدا ڕوون کردەوە، لە ڕێگای چەند دۆستێکی خۆمەوە ناردم بۆ تاران، دوای چەند ڕۆژێك لە ئیدارەی ئیتلاعات پێیان ڕاگەیاندم" لەهەر شوێنێك کە بۆ خۆت پێت خۆشە دەتوانی ژیانی ئاسایی خۆت بەریە سەر" ئیتر لە دەستی ساواك ڕزگارم بوو خەریکی کاسپی خۆم بووم. ئەو کاتیش کەسێك بە نێوی سەروان خاتمی ڕەئیسی ساواکی سەردەشت بوو، دوو جێگیریش بە نێوی عەبدولرەحمان جەفایی خەڵکی مەهاباد و ئازەری خەڵکی تەورێز هاوکاری بوون، ئەو دوو کەسە لەو جینایەتکارانەی سەردەمی ڕژێمی شا بوون، دوای ئینقلاب هەردووکیان کەوتنە بەر دەستی خەڵك و جەفاییم لە زیندانی شارەبانی مەهابادا دیتەوە، پێمگووت" چی بچێنن ئەوە دەدورنەوە." شتێکی کە جێگای سەرنج بوو لە ساڵەکانی ١٣٥٥ ڕا هەتا ئینقلاب، ئیدارەی ئیتلاعات و ساواك هەڵوێستیان بەرامبەر بە کەسانی سیاسی وەك ساڵەکانی پێشتر نەمابوو هێندێك گۆڕان بەسەر سیاسەتی ڕژێمدا هاتبوو، پێشتر کەسانێك کە دژی ئەوان بوون هەروا ئاسان وازیان لێنەدەهێنان، بەتایبەتی بەرامبەر بە ئەندام و لایەنگرانی حزبی دیموکرات زۆر توند بوون و سیاسەتێکی خەشینیان هەبوو. بەلاّم ئەو شێوە سیاسەت و هەڵسوکەوتەیان بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، لەلایەکی دیکەشەوە هێندێك ئیمتیاز بەخەڵك درابوو دەوڵەت بەناو خەریك بوو فەزایەکی دیموکراتیك پێك بێنن بۆ ئەوەی زیاتر درێژە بە دەسەلاّتی شومی خۆیان بدەن، ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی ڕژێم لە ساڵی ١٣٥٥دا شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و بۆ گەلی کورد بەتایبەتی. لەو کاتەدا هێندێك گۆڕانی تریش بەدی دەکرا، ئەویش ئەوەبوو پێشتر کارکردن لە ئیدارەکان تەنیا بۆ وابەستەکانی سەر بە ڕژێم بوو، ئەو کەسانەی کە ڕۆژێك بە نێوی سیاسەت کردن چوبانایە زیندان و کەیفەریان هەبایە کاریان نەدەدرایە و دەبوو بەلای ڕژێمدا بشکێنەوە، بەلاّم وا دیار بوو ئەو سیاسەتەی ڕژێم لەو بارەشەوە گۆڕدرابوو، دواتر ئەو یاسایە دەستی تێوەردرابوو ڕژێم دەیەویست هەموو کەس خەریکی کارکردن بێت بەم جۆرە خەڵکی سەر گەرم دەکرد، بەتەواوی سیستەمی دەوڵەتی لە باری خەڵك

گەڕایەوە گۆڕابوو کارو ژیانیان بۆ هەموو کەس لەبەرچاو دەگرت بەشێك لە نیازە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵك دیاری کرابوو، هەر بۆیەش نزیك بە پەنجا کەس لە مامۆستایان کە لە ئەرکی مامۆستایەتیدا بێبەش کرابوون لە سنوری شاری سەردەشت، بە بەشداری کردنیان لە دەورەیەکی ڕەوشی تەدریسیدا و شێوەی وانە گووتنەوە. بە نێوی "پەیکار بابی سەوادی" کرانە مامۆستاو ئێمەش یەکێك لەو کەسانە بووین کە کراین بە مامۆستای قوتابخانە. ئەو شێوە ڕەفتارەی ڕژێمی شا بەرامبەر بە خەڵکی ئێران ئەوەی دەگەیاند کە ئێران بەرەو سیستمێکی نوێ دەچێتە پێش و هەنگاو هەڵدەگرێ. هەروەها چەندین کاری دیکەشی ئەنجام دان، وەك دانانی شیرکەتە تەعاونیەکان، بانکەکانی کەشاوەرزی، پوڵ بە قەرزدان بە جوتیاران و بە قیس پێفرۆشتنی ماشێن و تراکتۆر و ئەو بابەتانە، لەسەر یەك ئەو کۆمەك و هاوکاریانەی ڕژێم ببوو بە پشتیوانیەك بۆ خەڵکی فەقیر و زەحمەتکێشانی ئێران بە گشتی و کوردیش بەتایبەتی، لەم ڕێگایەوە بەشێك لە نیازەکانی ژیانی خەڵکی دابین کرابوون. لەهەمان کاتیشدا حقوقی کارمەندان و کارگێران زیاد کرابوو و ئەهمیەتێکی زۆر بە دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن درابوو. وانەکان بە زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا بەگشتی دەگوترایەوە و گەورە ساڵانیش دەبو ئجبارەن بخوێنن و بۆ زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان مامۆستا دیاری کرابوون، بەنێوی سوپای دانش لە جێگای خزمەتی سەربازی دەرسیان دەگووتەوە. جگە لەوانەش ئیدارەی کەشاوەرزی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بونیادنانی ڕەزو باغات لەسەرتاسەری ئێراندا وەخۆکەوتبوون و دەست بەکاربببوون، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئەو شێوازە کارە گەشەی دەکرد، ئەوانە هەموو بە قازانجی خەڵك تەواو بوون، بەرەبەرەش ژیانی شارستانیەتی دێهاتیەکانیشی دەگرتەوە و خەڵك زیاتر چاوی دەکرایەوە، بەرق، جادەو ئاوی لولەکێشی بەرنامە ڕێژەی بۆ دەکرا. لەو کاتەشدا بارودۆخی سیاسی ئێران گۆڕابوو زەمینە بۆ تێکۆشانی حزبە سیاسیەکان خۆش دەبوو، دوای ڕوخانی شۆڕشی باشووری کوردستان و کۆمیتەی شۆڕشگێر شتێك بە نێوی تەشکیلاتی حزبی دیموکراتی کوردستان بەشێوەی ڕێکخستن لە ئارادا نەمابوو، بۆ ئەو مەبەستەش نە ئەو هاوڕێیانەی کە لە باشوور مابوونەوە ئیمکانی گەڕانەوەیان دەبێ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە لە ناوەوەش تەشکیلاتێك بە شێوەی ڕێکخستن لەگۆڕێدا بوو. بەڵام

خەڵکی کوردستان بە جۆش و خرۆشێکەوە لە ئاهەنگ، مراسیم شایی و شیندا بە ئاشکرا هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی خۆیان دەردەبڕی و ناڕەزایەتیان لە ڕژێم نیشان دەدا، بەم هۆیەوە ئێمەش هێواش هێواش لەناو کۆنە هاوڕێیانی حزبیداو کەسانی جێگای موتمانە بۆ پێکهێنانەوەی تەشکیلاتی نوێ و ڕێکخستنەوەی شانەو هەستەکانی حزب، سەر لەنوێ تێکۆشانی خۆمان دەست پێکردەوە، جاران کە مەڵبەندی سەردەشت شوێنی تێکۆشانم بوو، ئەو جارەیان بە هاوکاری چەند برادەرێکی وەك غەفور هەمزەیی، عەبدوڵا ئیقدام و عوسمان نیسڕاری لە بانەو چەند کەسانێکی تر لە شارەکانی بۆکان و سەقز بە شێوەی تەبلیغاتی و پێکهێنانی هەستە دەست بەکاربووینەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕەبەت و گەورکایەتی لەگەڵ کۆنە هاوڕێیانی پێشومان مامۆستا مەلا خدر عەباسی، کاکە سەن دەشتی، شێخ محمدو سەید تاهیر و چەند کەسانێکی دیکە توانیمان هێندێك لەناو خەڵکدا کار بکەین و سەرنجی خەڵك بۆ لای حزبی دیموکراتی کوردستان ڕابکێشینەوە، شانەو هەستەکانی حزب زیندوو بکەینەوە، مامۆستا مەلا خدری ساردکەیی یەکێك لە تێکۆشەرە بەناوبانگەکانی گەلی کورد بوو کە لە ساڵەکانی ١٣٥٥دا تا ئینقلابی گەلانی ئێران واتە ١٣٥٧ لە ڕیزەکانی حزبی دیموکراتدا درێژەی بە کارو تێکۆشاندا، لە پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی لە ڕیزەکانی حزبدا نەخشی بەرچاوی هەبوو، مامۆستا پیاوێکی ماندوو نەناس، زاناو نەترس و شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی گەلی کورد بوو، ناوبراو لە ساڵی ١٣٣٧ دا لە لایەن ساواکەوە لەگەڵ هاوڕێیان دەستگیر کرابوو ماوەی چوار ساڵان لە زیندانی ڕژێمی شادا مابۆوە، دوای تەواوکردنی حوکمی زیندانیەکەی دەچێتە باشوری کوردستان بەنێوی حزبی دیموکراتی کوردستان درێژە بە خەبات دەدات، بەڵام بەهۆی بێ سەرەو بەری وەزعی حزب کە ئەوکات ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حزب بوو ناتوانێ بەو شێوەیە حزبایەتی بکات و دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوێ درێژە بە تێکۆشان دەدات. ناوبراو بە درێژایی تەمەنی سەری بۆ دوژمنانی کورد شۆڕ نەکردو لە پێناوی ڕزگاری گەلەکەی تا دوای ئینقلاب لە حزبی دیموکراتدا درێژەی بە خەباتدا، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی کە لە لایەن هێندێك کەسانی بەرچاو تەنگ لە نێو حزبدا مەیدانی لێبەرتەسك دەکرێتەوە دەچێتە ناو سازمانی خەباتی ئیسلامی کوردستان، دواتریش وەك سکرتێری بەشێك لەو سازمانە

تێکۆشانی خۆی ئیدامە پێدەدات، تا لە ساڵی ١٣٧٦ دا لە ئەوروپا لە وڵاتی نۆرویژ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە ماڵاوایی لە گەلەکەی کرد، لە ژیانیدا بەسەربەستی ژیاو ڕوحی شاد بێت.

لە ساڵەکانی ١٣٥٥ و ١٣٥٦ دا خەڵکی کوردستان گڕوتینێکی هاتەوە بەر، زەبرو زەنگی ڕژێمی شا کەم ببۆوە، جۆش و خرۆشی کوردایەتی و حزبایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ لەنێو خەڵکدا زیاتر بەهێز دەبوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی حزب و کادرەکان ئەو هەلە وەك پێویست نەقۆزرایەوە، نەتوانرا بە شێوەی ڕێکخستن و شانەو شانەبەندی لەنێو خەڵکدا هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵبگیرێت. خەڵکەکە لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا کە کەنگێ حزب دێتەوە کاتیان تێپەڕ دەکرد، زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئێستاش ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبن ئەو کات لە کوردستان دەژیان بە قەولی خۆیان حزبی بوون بەڵام هیچکام لەوانە هەڵوێستیان لە خۆیان نیشان نەدا. هێزە چەپەکانی کوردستانیش کە ئەو کات بە تەواوی نێویان لەسەر خۆیان دانەنابوو زیاتر گرێدراو بوون بە یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە، خۆیان ساخ نەکردبۆوە کە چین و چیان دەوێت، لە حاڵەتی پرش و بڵاویدا مابوونەوەو بەرنامەیەکی ئەوتۆیان دانەڕشتبوو کە ویست و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا بەدی بکرێت و ئامانجەکانیان دەست نیشان بکرێن، بەو هۆیەوە تا ساڵی ١٣٥٧ سەرەتای خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی ئێران و بەشێك لە خەڵکی کوردستان لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا بوون، خۆیان دەخواردەوە، نەیاندەتوانی ئەو هەستەی کە هەیانە دەریبڕن بە کردەوە بێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان لە حاڵەتی سەرلێشێویدا مابوونەوە، چونکە ئەوکات حزبی دیموکرات بریتی بوون لەو چەند کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژیان بە ناوی حیزبی دیموکرات مەرکەزیەتێکی دیکە لە ئارادا نەبوو هەتا خەڵك لە دەوری کۆبێتەوە، بەڵام ئەوکات لە زۆربەی شارو گوندەکاندا بەهۆی کەسانی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەرو بەشێك لە ئەندامانی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا تەبلیغات دەکراو لەسەر زوڵم و زۆری ڕێژیمی شاو ڕونکردنەوەی مافە نەتەوایەتیەکانیان قسەیان بۆ دەکراو خەڵك دەویرا بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بەرامبەر بەو ڕژێمە نیشان بدەن، هەر وەك بە کردەوە لە ئینقلاب دا ئەو خەڵکانە نەقشی شۆڕشگێڕانەی خۆیان گێڕاو بەشداریان لەو ڕاپەڕینەدا کرد، لەو هەل و مەرجەشدا هەرچەندە هەوڵم دا کە هێندێك خۆم لە سیاسەت کردن بپارێزم و

دووره پەرێز بمێنمەوە و نەهێنیکاری بکەم بەلاّم ئیمکانی ئەو خۆ دوورگرتن و خۆ پاراستنەم بۆ نەدەلوا، لە لایەکەوە هەستەکە زیاتر هانی دەدام و لە لایەکی دیکەشەوە لە لایان خەڵکەوە ناسرابووم و شۆڕشگێڕانی کوردستانی عیراق دەستە دەستە و تاقم تاقم دەهاتنە لام و دەبوو هاوکاریشیان بکەم. بەم هۆیەوە نەمدەتوانی لە خەڵکی کوردستان جیابمەوە و ئەو هەستە لە خۆم دا کەم بکەمەوە و پەیوەندیم پێیانەوە نەمێنێ هەرگیز نەشمدەویست ئەو کارە بکەم. ئەوانەی کوردستانیشیان بەجێ هێشتبوو و لە ئوروپا دەژیان و لە خەڵك و نیشتمان دابڕابوون و نەیان دەتوانی پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان تازە بکەنەوە و ڕیزەکانی حیزب ڕێك بخەنەوە، ناویان لەنێو کۆمەلاّنی خەڵکدا کوێر ببۆوە، ئەوانەی لە عیراقیش مابوونەوە دەسەلاّتیان نەبوو و لە ژێر چاوەدێری عیراق بوون لە ئۆردوگاکان دەست بەسەر مابوونەوە، دوایەش کە هەموو لایەك گەڕانەوە بوونە هەمە کارە لە حیزبدا. دوژمنان پێیان وابوو بە لەناوچوونی بزوتنەوەی کوردستانی عیراق تازە ئیتر کورد ناتوانێ جارێکی دیکە سەربزێوی بکاتەوە و دیفاع لە مافەکانی خۆی بکات، بە پێچەوانەی بۆچوونی داگیرکەران هەر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥دا هاوکات لەگەڵ ڕوخانی شۆڕشی ئەیلول یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دامەزرابوو ئیعلامی مەوجودیەتی خۆیان لە ڕاگەیەندراوێکدا بلاّوکردبۆوە و لە دەرەوەی ولاّت کۆبونەوەکانی خۆیان دەگرتن، لە فکری شۆڕشێکی نوێدا بوون، دەنگی دروست بوونی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە گوێی دۆست و دوژمنان دەگات، بە بیستنی پێکهاتنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان خەڵکی کورد سەر لەنوێ بیرو هەستی کوردایەتی شۆڕشیان زیندوو دەبێتەوەو دڵخۆش دەبن، لەلایەکی دیکەشەوە پاشماوەی شۆڕشی ئەیلول لەژێر نێوی قیادەمؤقەتەدا سەر لەنوێ خەریکی خۆسازدانەوە و ڕێکخستنەوە دەبن، هەروەك باسم کرد کە منیش بەهۆی ناسراوەتییەك کە لە ناو خەڵکی کوردستاندا هەم بوو بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، بەهەست بە مەسئولیەت کردنم لە بەرامبەر گەلی کورد نەمدەتوانی نە خۆم لە سیاسەت جیابکەمەوەو نە سیاسەتیش لە من جیادەبۆوە و نە خەڵکە شۆڕشگێڕەکەش وازیان لێدێنام. ئەوەبوو کە دەستەیەك لە تێکۆشەرانی باشووری کوردستان لە سنوری هەردوو بەشی کوردستان بەدوویاندا ناردم، نەشدەکرا بە قسەیانەوە نەچم هەموویان دۆستی نزیك و ڕۆژی تەنگانەم بوون، ئەوانە ژان و دەردی گەلەکەیان هەست پێکردبوو و ڕاپەڕیبوون، ئەو کاسەنەش بریتی

بوون لە ١-حاجی حەمەدەمین ئاغا گربداغ ٢- شێخ سەدرەدین برازای شێخ حوسێنی بۆسکێن ٣- عەباس مەحمود ئاغای چۆمخڕکە و چەند کەسێکی دیکە، ئەوان داوایان کرد کە سەفەرێك بکەم بۆ تاران و بچمە لای کاك ئیدریس و کاك مسعود بارزانی و ویست و داخوازیەکانی ئەوان بگەیەنم بە ئەوان، کە لە فکری ڕاپەرینێکی نوێ دابوون و دەیانەویست ڕاپەرینەکە بەسەرکردایەتی پارتی و بارزانی بیت، بۆ ئەو مەبەستەش قەولی هاوکاریم پێدان و لە سالی ١٩٧٧دا چوومە تاران لە ڕێگای ڕەئیس حەمەدەمین بەگ و عەولا ئاغای پشدەرەوە کە هەردووکیان خۆشەویستی بارزانی و جێگای موتمانەی هەردوو لابوون و داواو پێشنیارەکانی ئەوانم گەیاندە دەستی کاك ئیدریس و کاك مەسعود لە نزیکەوە هەموو مەسەلەکانم بۆ باس کردن و کاك ئیدریس پێشوازی لە ویست و داخوازییەکانی ئەوان کردو قەولی هەموو جۆرە یارمەتییەکی پێ دان. دیارە هەر لەو سەردەمەش دا بوو کە قیادەی مووەقەتە هێندێك مەفرەزەی ناردبوونەوە کوردستان و خەریکی سازکردنەوەی شۆڕش بوون. بە تایبەتی لە سالی ١٩٧٦ دا شۆڕشێکی نوێ بە بیرێکی نوێترەوە لە کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان بە ڕێبەرایەتی قیادە مووەقەتەو یەکیەتی نیشتمانی و سۆسیالیستەکان و حیزبی شیوعی هەڵگیرسایەوە و لە بەرابەر ئەو هەموو جینایەتانەی دەوڵەتی عیراق دا ڕاوەستان. دوژمنانی کورد ئەو ڕاستیەیان بۆ دەرکەوت کە هەتا زوڵم و زۆری و ناعەدالەتی بمێنێ شۆڕش و ڕاپەرین هەر بەردەوام دەبێ. لە ساڵی ١٩٧٧دا بە ئاشکرا پێشمەرگەکانی کوردستان لە سنورەکانی سەردەشت قەڵادزە، خانە، حاجی ئۆمەران، شنۆ.. ڕەواندوز، بانەو سلێمانی دەستە دەستە لە چیا سەربەزەکانی کوردستان سەربەرزانە شۆڕشیان درێژە پێ دا. بەم جۆرە پێشمەرگەکانی کوردستان بە تایبەتی ی.ن.ك و قیادە مووەقەتە سەربەرزانە چالاکیان ئەنجام دەدا. لەو لاشەوە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی ناوچە سنوریەکان بۆ پێراگەیشتن بە شۆڕشگێڕانی کورد و دابین کردنی ژیانیان قۆڵی کوردایەتیان هەڵماڵی و شەو و ڕۆژ لە خزمەت پێشمەرگەدا بوون و بەشداربونی خۆیان لە شۆڕشی نوێدا بە کردەوە سەلماند. بەم شێوەیە جارێکی دیکەش دەنگ و ڕەنگی پێشمەرگە هیواو ئومێدێکیان بۆ گەلی کورد زیندوو کردەوە. ئەو شۆڕشە نوێیە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، بەلام بە داخەوە سەر لەنوێ ناکۆکی

نێوان ئەو دوو هێزە کە جاران بە نێوی "جەلالی" و "مەلایی" نێوبانگیان دەرکردبوو، ئەو جارەیان بەنێوی شەڕی قیادە مووەقەتەو ی.ن.ك دەستی پێکردەوە.

ئەو شەڕە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند، دوژمنایەتیەکەیان زیاتر قووڵ دەبۆوە، تەنانەت شەڕەکە حزبی سۆسیالست و حزبی شیوعیشی گرتەوە و کەوتە قۆناغێکی پڕ لە مەترسی. دەبوو هەموو هێزەکان لە دوو بەرەدا شەڕ بکەن شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی عیراق و لە لایەکی دیکەشەوە شەڕی نێو خۆیی. ئەو شەڕە نێوخۆیە هیواو ئومێدی خەڵکی کوردستانی زۆر کەم کردەوە. سەرکردایەتی هەردوو لا وەك هەمیشە لە پێناوی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات زیاتر لەسەر شەڕو پێکدادان سووربوون، کە ئەنجامەکەی خەساراتێکی زۆری گیانی و ماڵ وێرانی پتری پێوە بوو. هەرچەندە شۆڕشەکە لە ئیرادەو بۆچوون و هەست بە مەسئولیەت کردنی ڕێبەرانی حزبەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام بە داخەوە دوایی هەموو هەوڵەکانیان لە پێناو خۆسەپاندن بەسەر خەڵکداو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بوو. هەردوو لاش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نفوزی خۆیان هەبوو، بەم جۆرە ناکۆکیەکانی نێوان ئەوان ڕیزەکانی خەڵکی کوردستانیشی دەگرتەوە. هیچ کام لەوان لە ناکۆکی و دووبەرەکایەتی پێشوویان ئەزمونیان وەرنەگرتبوو، کوردستان ببوو بە مەیدانی دەستەبەندی و ململانێی ئەو چەند سەرکردایەتیانەو نەیاندەتوانی هەل و مەرجێکی دیموکراتیك پێك بێنن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە. تەنانەت بۆ لێدانی یەکتر گەلە کۆییان دەکردو بە هاوکاری داگیرکەرانی کوردستان بۆ لەناوبردنی یەکتر پلانی جۆربەجۆریان دادەڕشت. ساڵی ۱۹۷۷ بوو بە ساڵی نەگبەتی کوردان، یەکیەتی نیشتمانی و قیادەموقەتە جارێکی دیکەش دەستیان خستەوە خوێنی یەکتر و دەیان ڕۆڵەی کوردیان بەیەك بەکوشتدا، لەولاشەوە ڕژێمی شا هەموو سنورەکانی لە یەکیەتی نیشتمانی تەنی بوو. پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی بە ئاشکرا نەیاندەتوانی بێنە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵات و لە باری ژیان و پێداویستیەکانیان لە تەنگانەدا بوون. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرچەند بۆیان لوابا هاوکاریان دەکردن و ئازوقەو خواردەمەنیان دەگەیاندە دەستیان، لەو کاتەشدا سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی لە خڕیی ناوزەنگ بنکەو بارەگای دانابوو. ئێمە دەستەیەك لە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندیمان لەگەڵ مام جەلال و بەشێك لە بەرپرسانی یەکیەتی نیشتمانی و حزبی سۆسیالیست هەبوو،

لە جموجوڵی لەشکری ئێران و پیلانەکانی ڕژێمی شا بە گوێرەی زانیاری خۆمان ئاگادارمان دەکردن و بەشێوەیەك شوێنی حەوانەوەمان بۆ دیاری دەکردن، کە لە داوی ئەرتەش و ژاندارم نەکەون، لەگەڵ ئەوەش بە داخەوە چەند پێشمەرگەیەکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە لایەن ئەو ڕژێمەوە لەگوندی نیشکۆلان گیران و ئیعدام کران. هەروەها زۆر جاریش کوێرانە سنورەکان تۆپباران دەکران و ڕێگای هاتوچۆکانی پێشمەرگە لە ژێر چاوەدێری ڕژێمی شادا بوون. کادرەکانی کۆمەڵەو بزوتنەوە بە نێوی سەربەخۆیی گەلی کورد لە نێو سۆسیالستەکاندا بە نهێنی شەوانە هاتوچۆی ئێمەیان دەکرد. بێورانی خواریٚ و نێشکۆلان ببوون بە مەکۆی حەوانەوەو شوێنی کادرو تێکۆشەرانی ئەوان و لە وێوە ڕێنوێنی دەکران بۆ گەیشتنیان بە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەلات. پەیوەندیەکانی ئێمە و ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵ پێشتر و ئەو کاتە کە من لە باشوری کوردستان بووم لەگەڵ زۆربەی بەرپرسانی یەکیەتی و حزبەکانی دیکەی کوردستان دۆستایەتی و نیزیکایەتیمان هەبوو، یا لانی کەم یەکترمان دەناسی یان لە لایەن دۆستانەوە پێمان دەناسێنران. هەر بۆیەش زیاتر کادرو پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی و هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی باشوری کوردستان هاتوچۆیان دەکردین. ئەو کەسانەی کە زۆر لە وەخت و بێوەختدا دەهاتنە لامان و هاتوچۆیان هەبوو ئەوانە بوون: مەحەمەد سوڵتان کادری کۆمەڵە لەنێو یەکیەتیدا، جەماڵی عەلی باپیر کادری کۆمەڵە، قادر خەبات کادری کۆمەڵە، مامۆستا سەعید کادری کۆمەڵە، ڕەسوڵ مەمەند ئەندامی سەرکردایەتی سۆسیالیست، حاجی، حاجی برایم ئەندامی سەرکردایەتی سۆسیالیست، جەلالی حاجی حسێن بەرپرسی پارتی سەربەخۆی کوردستان، قادری مامەند ئاغا. حاجی حەمەدەمین ئاغای گرێداغ، عەباس محمود ئاغا سەر بە یەکیەتی نیشتمانی. هەروەها چەندین کادرو پێشمەرگەی تریشیان دەگەڵدا بوون. خەڵکی ناوچەی سەردەشت بە گشتی و بێورانی خواریٚ بەتایبەتی لە هەموو قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتی چەکدارانەی هێزەکانی باشوری کوردستان لە هەموو بارێکەوە نەخشی بەرچاویان هەبووەو ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان بەئەنجام گەیاندووە. زۆربەی هێزە شۆڕشگێڕەکان لەو ناوچەیە گیرساونەوە و لە وێرا درێژەیان بە خەبات داوە. جا ڕەنگبیٚ لە ناوچەکانی دیکەی سەر سنوری کوردستانی ئێران هەر بەو شێوەیە هاوکاریان کرابیٚ کە ئێمە ئاگادار نەبووین. ساڵی ١٩٧٨ هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بۆ هێنانی چەك لە

سوریاوە بۆ کوردستان بەرەو خاکورك ناوچەی سێ سنوری ئێران، عیراق و تورکیا دەکەونە ڕێ و داگیرکەرانی کوردستانیش لە سێ لاوە بەهێزێکی زۆرەوە بە هەموو جۆرە چەکێکی گەورە و بچوك پەلاماری هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی دەدەن و لەسەر لەناوبردنی شۆڕشی کورد هەرسێ دەوڵەت کۆك دەبن. هاوکات پێکەوە لە هەموو لاوە پەلامار دەبەنە سەر پێشمەرگەکان و زەبرێکی قورس و داخدار لە هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی دەدەن. دواتریش لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٨ دا کارەساتی دڵتەزێنی هەکاری کە قیادەمۆقەتە گوایا بە هاوکاری عەشیرەتە کوردەکانی ترکیە بەرامبەر بە یەکیەتی نیشتمانی ئەنجامیاندا، ئەوەندەی دیکەش دوژمنایەتی نێوان یەکیەتی نیشتمانی و قیادەمۆقەتەو خەڵکی کوردستان قوڵتر بۆوە، دواتر کارەساتی پشت ئاشان لە ساڵی ١٩٨٢ دابوو کە یەکیەتی نیشتمانی پەلاماری دایە سەر حزبەکانی کوردستان و عیراق، واتە بەرەی جووت بە مەبەستی ئەوەی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا بکات، ئەو کارەساتەش لە مێژووی پڕ شورەیی ژیان و خەباتی چەندین ساڵەی یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەو دوو تاوانە گەورەیە تۆمار کراوە و برینێکی قوڵی لە جەستەی میللەتی کورد کردوە، کە هەرگیز لە یادی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی گەلی کورد ناچێتەوە. لەو دوو تێك هەڵچوونەدا زیاتر لە ٢٠٠ کادرو پێشمەرگە و ئەندامی سەرکردایەتی هەردوولا بەتایبەتی چەند ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەك عەلی عەسکەری و دوکتور خالید لەناوچوون. بەو دوو کارەساتە کە پارتی و یەکیەتی دەرهەق بە یەکتر و شۆڕشگێڕانی کوردستان ئەنجامیان دا سەر لەنوێ زام و برینە کۆنەکانی جەستەی خەڵکی کوردستانیان کولاندەوە و سەدان بنەماڵەی شۆڕشگێڕی کوردیان تازیەبار کرد. دوژمنایەتیەکە هەموو ڕیزەکانی خەڵك و حزبەکانی کوردستانیشی گرتەوە و زیانێکی گەورەی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا. دواتریش کارەساتی قەندیل کە لە ساڵی ١٩٨٢ دا بوو بەهۆی کوژرانی حەسۆ میرخان و زیاتر لە(١٠٠) پێشمەرگەی پارتی، دیاردەیەکی دزێوی دیکەی خۆکوژی پارتی و یەکیەتی نیشتمانی کوردستانە. تا پێکهێنانی بەرەی کوردستانیش ئەو ڕەوشە دزێوە لەنێو بزوتنەوەی باشوردا وەك سیستمێك هەر مایەوە، بەداخەوە دواتر ئەو ڕەوشە لەنێو هێزەکانی کوردستاندا لە سوونەت تێپەڕیبوو و ببوو بە داب وەك سەرەتان لە جەستەی شۆڕشەکانی کوردستاندا ڕیشەی داکوتاو کوردستانی

ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە. تا ئێستاش حزبەکان چارەسەری ئەو دیاردە ناڵەبارو ماڵوێران کەرەیان نەکردوە. هەر ساڵەو هەر مانگە بە پلانی داگیرکەران کارەساتی لەوە گەورەتر و داخدارتر دەخولقێنن کە جگە لە زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی، لە ڕوانگەی نێو نەتەوەییشەوە زەبری لە بایەخ و کەرامەتی کورد و کوردستان داوە، هەر بۆیە کە لە ئاستی نێو نەتەوەیی دا چارەنووس و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد، بە هێند ناگرێ. هەتا ئێستا گەلێك هەلومەرجی لەبار بۆ کوردان پێکهاتووە کە بتوانن بە بەشێك لە مافەکانیان بگەن، بەڵام لە سایەی دووبەرەکایەتی، هەلەکان لەدەست چوون و کورد بە ئاکامێك نەگەیشتووە، بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلول. وەك پێشتر باسم کرد ئێمەش دەستەیەك لە ئەندام و لایەنگرانی حزب بە هیمەت و یارمەتی دۆستانی خۆمان لە نێو یەکیەتی و هێزەکانی دیکەی باشوری کوردستان توانیمان تایپێکی دەست و هێندێك چەك و تەقەمەنی بۆ کاتی پێویست پەیدا بکەین و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی حزبیمان زیاتر کەوتینە گەڕو ڕۆژنامەیەکی دوو لاپەڕەییمان بە نێوی "دیسان خەبات"تا سێ ژمارە نووسی و لەناو خەڵکدا بڵاوکردنەوە، ئەو ڕۆژنامەیە وەرزانە دەردەچوو، ئەو وتارانە کە لەناو ڕۆژنامەکەدا دەنووسران بەشێکیان مێژوری گەلی کورد بوون کە لە کتێبی شەرەفنامە کەڵکمان وەردەگرت، بەشێکیش لە باری تەبلیغاتیەوە لە قاودانی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێمی شاو بۆ هاندانی خەڵکی کوردستان بوو. چەند ژمارەیەکمان لەو ڕۆژنامانە لە ئارشیوی تایبەتی خۆماندا هەڵگرتبوون بەداخەوە لە کاتی پەلاماری ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا بۆ سەر ناوچەی بێوران و بڵفەت کەوتنە دەستی پاسداران و جاشە خۆفرۆشەکان و لەگەڵ ماڵەکەمان بە تاڵان بران. بەشێك لە وتاری ڕۆژنامەکە کە بۆ خۆم دەمنووسین و چەند هاوڕێیەکی حزبیش هاوکاریان دەکردم کە کەریم حاجی عەلی هاوار سێمان لەسەردەشت. لە ڕۆژنامەکەدا پشتیوانی خۆمان لە خۆپیشاندانەکان دەردەبڕی کە دژی ڕژێمی شا بەڕێوە دەچوون. لەو کاتەشدا ڕژێمی شا بۆ پشتگیری لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکان هەڵوێستی توندی دەگرت و چەند جار لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سەردەشتەوە بانگ کرام، لەگەڵ هێندێك هەڕەشەو ئامۆژگاری، کە من خۆم تێکەڵاوی ئەو وەزعە نەکەم کە زۆر جار بەهۆی داوای شۆرای شار و لە ڕێگای حاجی محمد قادر زادە کە بۆ خۆی ئەندامی شۆرا بوو پێشتریش ئەندامی حزبی دیموکرات بوو، ئازاد دەکرام و دووبارە درێژەم بە کارو تێکۆشانی خۆم دەدایەوە. لە هەمان کاتیشدا لەسەرەتاوە

ڕژێم نەیدەویست مەسەلەی خۆپیشاندانەکان گەورە بکاتەوە ئەگینا بەهۆی کەسانی سەر بە ساواک و ئیتلاعات ئەوان باشیان دەزانی کە پەیوەندی مەمانان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی باشور لە چ ئاستێکدایە، بۆ ئەو مەبەستە ڕژێم کەسانی خۆی دەنارده نێو یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بە نێوی هاوکاری شۆڕش جاسوسیان بۆ ڕژێمی شا دەکرد. ڕژێم لەسەرەمەرگدا بوو کەچی هێشتا کەسانی سەر بە ڕژێم و ساواک هەر خەریکی جاسوسی کردن بوون. ئەو کەسانەش کەم نەبوون بەلاّم لەهەر شارو گوندێکی کوردستاندا بەرچاو و ناسرابوون. کە دواتریش بەلای ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شکانەوە، ئەوەی پێشتر بۆ ڕژێمی شایان دەکرد ئەوجار بۆ ڕژێمی ئاخوندەکان گوێ لە مست و فەرمان بەربوون. بەتایبەتی لە ناوچەی سەردەشت کەسانی وەك مەلا خدرە کەچەڵی بناوێ و لەو بابەتانە.

پێشتر باسی شۆڕشی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانم کرد، ئاماژەم بە چۆنیەتی خەبات و تێکۆشانی ئەوان کرد لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانداو هاوکاری خەڵکی ڕۆژهەلاّتی کوردستان بە شۆڕشگێڕانی باشور بە گشتی و یەکیەتی نیشتمانی بەتایبەتی. خەڵکی ڕۆژهەلاّتی کوردستان دلخۆشبوون بەوەی کە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە دەسەلات بگاو ببێتە پشتیوان و یارمەتیدەری ئەوان. بەلاّم پێشینان درۆ نەبووە کە گووتویانە" نەت کوژم چاکەت نادەمەوە" کە یەکیەتی نیشتمانیش وای کرد، لە جێگای چاکە دەستی کرد بە کوشتنی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات و ئەوانی تر. دەڵێن" ئاش ئەگەر فێری میستن بوو، هەر دەیمیسێ" واتە خووگرتن دەبێتە موعتاد بوون". ئەو بەندە ڕاستەو لە ڕاست یەکیەتی نیشتمانیدا وەڕاست گەڕا ئەوان دواتر بە کردەوە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیان ئاوەڵە کرد کە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان تیرۆر ئەنجام بدەن. لەگەڵ ئەو هەموو یارمەتی و پشتیوانیەی خەڵکی ڕۆژهەلاّتی کوردستان بە شۆڕشگێڕانی باشور، ڕۆژێك لە پڕ ئەحمەد نستانی و کەریم نستانی دوو تێکۆشەری لە مێژینەی حزبی دیموکرات کە لە باشوری کوردستان لە پشتی گوندی هەڵشۆ نزیك سنوری هاوبەشی ئەو دوو بەشەی کوردستان دەژیان لە لایەن فەقێ قادر کوڕی ساڵحی دەرویش قادرەوە کە پێشمەرگەیەکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو دەستگیر دەکرین و تەحویل بە ڕژێمی شا دەدرێنەوە، ناوبراوان تا ڕوخانی ڕژێمی شا لە ژێر حوکمی ئیعدامدا لە زیندانی دەریای ورمێدا دەمێننەوە، یەکیەتی نیشتمانیش هەرچەند کە

دەیزانی کێ ئەو کارەی کردووە بەڵام دەستی لە فەقێ قادری خائین نەدا. بۆ یەکەم جار یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کوردی ڕۆژهەڵاتی تەسلیم بە ڕژێمی شا کردەوە و بەمجۆرە لەو خەتە کەوتن کە پێشتر پارتی تێیکەوبتوو. لە ئەنجامدا یەکیەتی نیشتمانی کوردستانیش کە خەڵك بە گشتی کیسەیان بۆ هەڵدروبوون و وەك شۆڕشگێرانی ڕاستەقینەی خۆیانیان تەماشا دەکردن و هیوایان پێ بوون. بە پێچەوانەوە کەوتنە ژێر تەئەسیری سیاسەتی چەوتی داگیرکەرانی کوردستان و بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان دەرهەق بە گەلی کورد لەو بەشەو حزبی دیموکرات نیشاندا. دواتر لە ساڵەکانی ١٩٩٣ بەدواوە تیرۆریستەکان لە بن باڵی یەکیەتی دەیان ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی میللەتی کوردو حزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستانیان شەهید کردو دەست خۆشانەیان پێ لە ڕژێمی ئاخووندەکان وەرگرت کە دەستخۆشانەکەش پارەو چەك بوون بۆ شەڕی نێوخۆیی بەکاریان دێنا. لێرەدا دەچینە سەر باسێکی دیکە. ڕۆژێك پێش نیوەڕۆ دوو ئەفسەری ئیتلاعاتی شا لە شاری سەردەشتەوە هاتنە گوندەکەمان و لە ماڵی ئێمەیان دەپرسی. دیتم پیاوێکی خزمی خۆمان بە نێوی حاجی سێمان کە خەریکی کشتوکاڵ بوو داوای لێ دەکەن کە ماڵی ئێمەیان نیشان بدات"، ئەویش مەترسی ئەوەی هەر لە دڵدا دەبێت کە نەکا دیسان ئێمە بگرن و بۆ زیندانمان بەرن، هەوڵدەدا کە خۆی بپارێزێ و بیانخافڵێنێ تا من ئاگادار دەکا، بەڵام سودی نابێ و وە پێش خۆی دەدەن هەتا ماڵی ئێمە. ئەوەی ڕاستی بێت منیش هەر پێم وابوو دەیانەوێ بمگرن و بمنێرنە زیندان، بەڵام زۆر نەدەترسام چونکە لە هێندێك شار دەنگی ناڕەزایەتی خەڵك دژی ڕژێم بەرز ببۆوە، ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕ و ڕاپەرین دەچوو، لەلایەکی دیکەشەوە بە لێکدانەوەی خۆم ئەو دوو ئەفسەرە بە دوودەمانچەوە بۆ ئەوە نەدەبوو فکری ئەوتۆیان هەبێ، ئەگەر بمویستبایە دەمتوانی لەگەڵیان نەچم و خۆم دەرباز بکەم. ئەفسەرەکان گووتیان" کارێکمان بۆ هاتۆتە پێش و دەوڵەت تۆی دیاری کردووە، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە پێویستە لەگەڵماندا بێیت بۆ سەردەشت و لەوێ لەگەڵت باس دەکەین". گووتیان" مەقامی سەرەوەتر داوای تۆی کردووە ئێمە نازانین بۆ چییە". ئەو جار پێم وابوو بە فێڵ دەیانەوێ لەداوم بخەن، بەڵام وانەبوو، دەڵێن" مار گەزیدە لە خشپەی قوڕی دەرەوێتەوە". ئەویش ڕاستە، بەهەرحاڵ لەگەڵیاندا چوومە شار، لەوێ لە ئیدارەی ڕوکنی دوو زۆریان ڕێز لێ گرتم و دڵنیابووم کە بۆ گرتن و شتی وا بانگ نەکراوم.

گووتیان مەترسەو دەوڵەت بۆ کارێکی خۆی کە خێری کوردانی تێدایە تۆی داوا کردووە بۆ تاران؟! دیار بوو پێشتر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئیدارەی ئیتلاعات باس کرابوو ئەوان دەستوری سەری خۆیان بەڕێوە دەبرد. لەگەڵ ئەو دوو ئەفسەرە کە پێم وایە یەکێکیان ناوی سروان زاهیری، خەڵکی سنەو بەرپرسی ئیتلاعاتی خاریجی بوو، بە هیلکۆپتیر لە ورمێوە بردیانم بۆ تاران، لە ساختمانێکی بەرزی چەند قات دا خۆم بینییەوە، دوای حەسانەوە و نان خواردن سێ ئەفسەری دەرباری شا هاتنە لام و هێندێك پرسیاریان لەسەر ڕابردووی خۆم و ئەو ماوەیەی کە لە عیراق بووم لێ کردم، هەروەها لەسەر بابکر پشدەری کە لە کابینەی عیراقدا وەزیر بوو.. چەندین پرسیاریان لێکردم، دیاربوو دەیانزانی کە پێشتر من لە عیراق لەگەڵ ناوبراو نزیکایەتیم هەبووە، بەتایبەت ئەو ماوەی کە لە بەغدا پەنابەری دەوڵەتی عیراق بووم، بە وەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندیەی من لەگەڵ ناوبراو منیان بۆ پەیوەندی گرتنی خۆیان لەگەڵ ئەودا دیاری کردبوو. ئەوەی پێویست بوو لەگەڵ من باسیان کرد و سەبارەت بە چوونم بۆ عیراق و دیتنی بابکر ئاغا لەگەڵم دوان، بەم جۆرە ئاگادار کرام کە دەبێ لە نزیکەوە بابکر ئاغا پشدەری ببینم و پەیوەندی پێوە بگرم. لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ئاگاداری بکەم کە دەوڵەتی ئێران دەیەوێ هێزی سێیەم لە کوردستانی عیراق دژی دەوڵەتی بەعسی عیراق پێکبێنێ، بۆ ئەو مەبەستەش بابکر پشدەری بە کەسێکی لەبارو باش و ناسراو دەزانی. گووتیان جارێ نامەی بۆ نانووسین بەڵام تۆ لە زمان ئێمەوە پێی ڕابگەیەنە" ئێمە وەك دەوڵەتی شاهەنشاهی حازرین هەموو جۆرە هاوکاریەکی پێویستی بکەین، بەمەرجێك ڕاپەڕێت و هەڵوێست بگرێت، بە پێی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکانی ئێمە بچێتە پێش، بە مانای ئەوەی سیاسەتی ئێمە بە قازانجی خۆی و کوردەکان بەڕێوە بەرێت!" گووتیان زوو وەڵامەکەمان بۆ وەربگرەوە و لە ئاکامی سەفەرەکەت ئاگادارمان بکەوە، با داخوازیەکانی خۆی بەنوسراو بۆ ئێمە بنووسێت و بۆمان بنێرێت. لە قسەکانی خۆیاندا هێندێك پلاریان تێگرتم و گووتیان" دەزانین ئەتۆش ئەو سەفەرەت پێ خۆشە، دۆست و ڕەفیقانی خۆت دەبینیەوە". بەم قسانەیان دەیانەویست منەتیشم بەسەردا بکەن، منیش لە وەڵامدا گووتم ئەمن وازم لە سیاسەت هێناوە ئەوە ئێوەن وازم لێنایەنن و دەتانهەوێ بە قازانجی خۆتان سیاسەتم پێ بکەن، منەتیشم لەسەر دەکەن و تانەم لێدەدەن، ئەگەر پێشم بە خواری دانا ئەوا پیاوەکانی ساواك لەسەردەشت دەگەنە سەرم و نایەڵن کاسبی خۆشم بکەم.

بەم جۆرە دوای دوو سێ ڕۆژان گەڕامەوە سەردەشت و لە فکری سەفەرەکەمدا بووم، ئەوکات وەزعی هاتوچۆکردن بۆ باشوری کوردستان زۆر زەحمەت بوو، دەوڵەتی عیراق هەموو سنورەکانی تەنیبوو و زۆربەی گوندەکانی نزیك سنور ڕاگوێزرابوون. ناوچەکان و دێیەکانی سەر سنور وەك ناوچەی موحەڕەمە ڕاگەیەنرابوون. بەهەر حاڵ بەهۆی دۆستان و شۆڕشگێڕانی باشور توانیم بچمە ناوچەی پشدەر و لە گوندی نورەدین لە ڕێگای خدری مام حەسەنی خانم کە ئامۆزام بوو، ڕەفیقی بابکر ئاغاش بوو، لەوێ نامەیەکم بۆ بابکر ئاغا نووسی و ناردم بۆ بەغدا، لە نامەکەدا مەسەلەکانم بۆ باس نەکرد، بەڵکو بە کاك خدرم گووت کە کارەکەم چییەو داواکەی ڕژێمی" شام" بۆ باس کردو لەو بارەشەوە نەزەری خۆم ڕاگەیاند. سەبارەت بە هەڵوێستی ڕژێمی شا بەرامبەر بە کوردان و شۆڕشی مەلا مستەفا کە چۆنیان لێکهەڵوەشاند، ئاشبەتاڵیان بە شۆڕشی کورد کرد هێندێك شتی لەو بابەتەم وەبیر بابکر ئاغا هێنایەوە و زۆر کردەوەی خراپی ساواکم دەرهەق بە کوردان باس کرد. دوای چەند ڕۆژێك وەڵامەکەم لە لایەن کاك بابکر پشدەریەوە وەرگرتەوە کە بە چەند جوملەی پڕ ماناو کورت وەڵامی دەوڵەتی ئێرانی دابۆوە، گووتبووی" چەندیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی وەفا هەبوو بۆ منیش هەر ئەوەندەیان دەبێت، ئەگەر دەشیان هەوێ خزمەتی گەلی کورد بکەن لە ئێرانیش کورد هەیە، لە کوردستانی عیراقیش خەڵکی شۆڕشگێڕ هەیە کە ئێستا بە کردەوە لە مەیدانی خەباتدا تێدەکۆشن با هاوکاری ئەوان بکەن، سوپاسی منیشی کردبوو کە لەو بارەوە زەحمەتم کێشابوو، بەم جۆرە وەڵامەکەم وەرگرتەوە و لە ڕێگای ئیدارەی ڕوکنێ دووی سەردەشتەوە دامەوە بە تاران. ئیتر دەوڵەتی ئێران باسی ئەو مەسەلەی لەگەڵ من نەکردەوەو پشتیوانی خۆی لە بنەماڵەی بارزانی و قیادەمۆقەتە دووبارە کردەوە. بەهۆی ئەو سەفەرەمەوە ئیدی حەسامەوە و لە ژێر چاوەدێری ساواکدا نەمام.

# قۆناغی یازدەهەم

## ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و سەردەمێکی نوێی خەبات..

لە زستانی ١٩٧٧ لە ئێراندا ئاڵوگۆڕەکان و ڕاپەڕینە جەماوەریەکان بۆ یەکەم جار لە شارەکانی تاران، قوم و تەوریز سەریان هەڵداو دواتریش زۆربەی شارو شارۆچکەکان و تەنانەت گوندەکانیشی گرتەوە. بەم شێوەیە قۆناغێکی تازەی خەبات لە دژی ڕژێمی شا بە شێوەی سیستماتیك شکڵی دەگرت. ڕژێم بە هەموو جۆرە ئیمکاناتێکی نیزامی کەوتە گیانی کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی خەڵکی ئێران و کوشتاری بە کۆمەڵ لە شارەکانی تاران و قوم دەستی پێکرد لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕاپەڕینەکان زیاتر ناوچەکانی ئێرانیان دەگرتەوە. لەو کاتەدا خەڵکی کوردستانیش وەك هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران هەستی شۆڕشگێڕیان جوڵاو بەهۆی کۆنە ئەندام و لایەنگرانی حزبی دیموکرات و کەسایەتیە سیاسی یەکان و نیشتمان پەروەران و هۆگرانی ڕێگای ئازادی و دیموکراسی تەبلیغاتێکی توندوتیژیان دژی ڕژێمی شا دەستی پێکردبوو. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وێڕای گەلانی دیکەی ئێران لە خۆپیشاندانە جەماوەریەکاندا بەشداریان دەکردو نەخشی گرنگیان هەبوو. هەر لەو سەردەمەدا چەند کەسانێك کە پێشتر حزبی بوون بەبێ پەیوەندی گرتن بە کۆمیتەی ناوەندی حزب کە هێشتا لە عیراق و ئوروپا دەژیان لە ناوچەکانی کوردستاندا بەنێوی حزبی دیموکراتی کوردستان لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداربوون و دروشمی جۆربەجۆری شۆڕشگێڕیان لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە. گەورەیی حزبی دیموکرات لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە لەوەدا بەدی نەدەکرا کە چونکە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی لە نێو خۆدا نابینن ئەو حزبە چکۆڵە دەبێتەوە، بەڵکو گەورەیی ئەو حزبە لەبەرنامەی ئامانجە گشتیەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە. کۆماری کوردستان ببوو بە ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی خەڵك گەلی کوردیش وەفادار بە ڕێبازی پێشەوا مابۆوەو ئاوات و ئارەزوەکانیان لەبەرنامەی ئەو حزبەدا بەدی دەکرد. ژمارەی ئەو کەسانەش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوون و پێکەوە لەسەر دارشتنی دروشمەکان و بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکان باس و ووتوێژیان دەکرد، تەنانەت جگە لە شۆراکان لە شارەکانیشدا چەند کۆمیتەیەکی هاوبەش لە ڕێکخراوە سیاسیەکان

دامەزرابوو. لە شاری سەردەشت کۆمیتەیەك پێك هاتبوو بۆ سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکان و لەکاتی پێویستدا بەشێوەی چەکدارانە دیفاعیان لە خەڵك دەکرد. ئەندامانی کۆمیتە بریتی بوون لە ١- غەفور ئیبراهیم٢- یوسف سنەیی٣- کەریم حاجی عەلی٤- عەبدوڵا شافعی٥- خدر محمد پوور"نووسەر"، کە هەموویان پێشتر ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکرات بوون. ئەو کۆمیتەیە زۆرتر پەیوەندی بە هێزەکانی باشووری کوردستانەوە هەبوو بە تایبەتی یەکیەتی نیشتمانی و حزبی سۆسیالستەوە، لەم بارەوە زۆر هەنگاوی گرنگیان نا وەك ووشیارکردنەوەی خەڵك بە لەبەرچاوگرتنی مافەکانی گەلی کورد لە حکومەتی داهاتووی ئێرانداو هەروەها خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان لە سەردەمی کۆمارو قۆناغەکانی دیکەی تێکۆشانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕوون دەکردەوە. لەم بارەوە حاجی محمد قادر زادەو محمد ئەمین حەسەن پوور لەگەڵ تاقمیك لە لاوەکانی سەردەشت و تێکۆشەرانی حزبی نەخشی گرنگیان هەبوو هەر وەك لە خۆپیشاندانەکاندا بۆ ناساندنی حزبی دیموکرات تێدەکۆشان. لەو کاتەدا بۆ پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندەران پێویستیمان بە چەك و چۆڵ هەبوو کە ئەویش لە لایەن یەکیەتی نیشتمانی و حزبی سۆسیالیستەوە دابین کرابوون. ئەو کۆمیتەیە لەو بارەوە بەرپرسیار بوو لە هەڵسوڕاندنی کارەکان و پەیوەندی گرتن بە حزبەکانی باشووری کوردستانەوە، بەم شێوەیە توانیمان چەند کەسێك لە ئەندام و لایەنگرانی حزب بۆ پشتیوانی کردن لە ڕاپەڕینەکان چەکدار بکەین. لەگەڵ پەرەسەندنی ڕاپەڕینەکان ڕژێم دەستی خستە خوێنی کوردو لە شاری سەردەشت دوو لاوی کوردی بە نێوی خدری فەقێ ئەحمەدی عەزیزی خەڵکی بێورانی خواریَ و محمدی حاجی ئۆمەر ناوبانگ بە محمدیان خەڵکی سەردەشت شەهید کران. لە بانەش ئەحمەدی ئەحمەدی و چەند کەسێکی دیکە بوونە قوربانی ڕێگای ڕاپەڕین. دیارە ڕاپەرین و خۆپیشاندان لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بەردەوام بوو و گەلی کوردیش وەك هەموو گەلانی دیکەی ئێران لە ڕاپەڕیندا بوونی خۆیان سەلماند. کۆمیتەی بەرگری ئێمە لەگەڵ چەند چەکدارێك بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان بەرامبەر بە دوژمنان سەنگەریان دەگرت و تەقەیان لە هێزەکانی ڕژێم دەکردەوە. بەهۆی ئەو پەیوەندیەش کە پێشتر لەگەڵ کاك غەفور هەمزەیی و

عەبدولا ئیقدامی هەمان بوو لە زۆربەی خۆپیشاندانی ڕاپەڕینەکانی شاری بانەدا بەشداریمان دەکرد.

لەو لاشەوە بۆ پێکهێنان و دامەزراندنەوەی هەستەو ڕێکخراوەکانی حزبی دیموکرات لە لایەن ئەندامە کۆنەکانیەوە تا ڕادەیەکی باش شانەو شانەبەندی کرایەوە و پەیوەندیەکانمان تازە کردنەوە. لە ناوچەی ڕەبەت بەهۆی هاوکاری ماموستا مەلا خدر عەباسی و کاك حەسەن دەشتی و شێخ مەحەمەد حسێنی کە پێشتر هەموویان لەسەر حزب زیندانی کرابوون هێندێك تەشکیلات بوژایەوە. لە سوێسنایەتی و لە شاری سەردەشت ئەو کارانە کرابوون و خەڵك ووردە ووردە لە دەوری حزبەکەی خۆیان کۆدەبوونەوە و چاوەڕوانی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و کادرەکانیان دەکرد. بەلام لە ڕاستیدا ئەو تەشکیلاتەش وەلامدەری ئەو قۆناغەی خەباتی حزبی دیموکرات نەبوو تا لە زستانی ١٩٧٨دا هێندێك لە هاوڕێیانی کۆمیتە ناوەندی و کادرەکان کە لە عیراق دەژیان بە نهێنی دەگەڕێنەوە ناوچەی مەهابادو مەنگوڕایەتی و پیرانشارو پەیوەندی بە خەڵکەوە دەگرن، ئەو کەسانەش کاك مەلا عەبدولا حەسەن زادەو کاك سەید ڕەسول دەهقان و چەند کادرێك دەبن، ئەو خەبەرە بۆ ئەندام و لایەنگرانی حزبی دیموکرات دڵخۆشکەر بوو، دواتریش بەرە بەرە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی کە لە ئوروپا دەژیان غیرەتیان وەبەر خۆیان ناو لە ڕێگای عیراقەوە گەڕانەوە ئێران و کوردستان و هاتنەوە ناو خەڵکی ڕاپەڕیوی خۆیان و خەریکی دامەزراندنی تەشکیلات و کاری سیاسی و تەبلیغاتی بوون. بەلام هێندە درەنگ گەڕانەوە کە نەیانتوانی لە ڕاپەریندا نەخشی گرنگیان هەبێت، تەنانەت وەك خەڵکی ئاسایی کوردستانیش بەشداریان لە ڕاپەرینە جەماوەریەکاندا نەکرد. لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵك کە تینووی ئازادی بوون بە ئیمان بە ڕێبازی حزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان وەفاداری خۆیان نیشان داو پۆل پۆل و دەستە دەستە خۆیان بە کادرو ئەندامانی حزب دەناساند. خەڵکی کوردستان بە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و هێنانە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراتی لە ئێراندا و دیاری کردنی مافی گەلی کورد کە وەلامدەری ویست و داخوازیەکانی گەلی کوردی بێت و هەموو ئازادیە سیاسی و کۆمەلایەتەکانیان دابین بکرێن درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دا، وەك هەموو گەلانی ئێران سەدان ڕۆڵەی

نەتەوەی کورد بریندارو شەهید بوون و لە پێناوی ئازادی و دیموکراسیدا گیانی خۆیان فیدا کرد. لەو قۆناغەدا ڕوداو و ئاڵوگۆڕەکان ئەوەندە بە خێرایی دەچوونە پێش کە شۆڕاکان و دەستەی پێکهێنانی خۆپیشاندانەکان فریا نەدەکەوتن کە کات و شوێن بۆ خۆپیشاندانەکان دیاری بکەن، لە گوند و شار هەر کەس لە ژوری خۆی دەهاتە دەرێ بە ژن و پیاو گەورە و بچووکەوە بە گوتنی دروشمی بڕوخێ ڕژێمی شا بەرەو شەقامەکان و گۆڕەپانەکانی شارەکان دەکەوتنە رێ و نارەزایی خۆیان دەردەبڕی. بەم شێوەیە تا دەهات جۆش و خرۆشی خەڵکی وەزاڵە هاتوو زیاتر دەبوو، ترسی زیاتری دەخستە دڵی شاپەرستان و ساواکیەکان. ڕوانگەی دەوڵەتانی جیهان گوێزرایەوە سەر ئێران و لە هەموو دەزگا تەبلیغاتی و ڕۆژنامەکانی دونیادا ڕاگەیاندنی دەنگو باسەکان و ڕاپەرینەکانی خەڵکی ئێران ببوو بە باسی ڕۆژ. ڕاپەرینەکان لە ڕوانگەی نێو نەتەوەییەوە بایەخێکی زۆریان پێدەدرا، تەنانەت ئەو وولاتانەی کە دۆست و هاوپەیمانی ئێرانیش بوون ڕوخانی ئەو ڕژێمەیان پێناخۆش نەبوو، ئەگەرچی ئەو ڕاپەرینانە زیانی لە بەرژەوەندیەکانی وولاتانی وەك ئەمریکاو ئیسرائیل و تورکیەش دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەك لەوانە متەقیان لێوە نەهات. شای خائین نە بە ڕاگەیاندنی حکومەتی نیزامی، نە بە ئیمتیازدان بە کارمەندان و موچە خۆران، نە بە باسکردنی عەدالەت و ئازادی و دیموکراسی نەیتوانی کۆمەلانی ڕاپەریوی خەڵك هەڵفریوێنێ و گڕو قینیان دامرکێنێتەوە، نەیانتوانی لەوە زیاتر درێژە بە دەسەڵاتی شومی خۆیان بدەن و ئیمکانی پاراستنی تاج و تەختی پاشایەتی پەنجا ساڵەی بنەماڵەی پەهلەوی لە ووزەو توانای هێزە چەکدارەکانی ڕژێمدا نەمابوو، نەك هەر ئەوە بەڵکوو وردە وردە ئەوانیش دەهاتنە ریزی خەڵك. لە مانگی بەفرانباری ۱۹۷۸ دا شا بە نێوی چارەسەرکردنی نەخۆشی چوو بۆ دەرەوەی وڵات و ئێرانی بۆ هەمیشە بەجێهێشت. خەڵك ئەوکات دەیانگووت" شا هەڵات و نایەتەوە". بەڵام پێش ڕۆیشتنی خۆی بەهۆی بنەماڵەو دەست و پێوەندەکانی خۆی سەروەت و سامانێکی زۆری گەلانی ئێرانی لەگەڵ خۆی برد. وەك دەڵێ" شای خائین بڕۆ بەغدا نیوەی ڕێیەت بێت"، شا دەوڵەتی بەسەر بەختیاردا بەجێهێشت بەڵام بەختیاریش لە پشتیوانی سوپا بێبەش مایەوە و نەیتوانی حکومەت بکات، کابینەی بەختیار لە ڕوانگەی قانونیەوە ئیعتباری خۆی لەدەست دابوو ڕاپەرینەکان زیاتر

پـەرەیان دەسـتاندو دام و دەزگاکـانی دەوڵـەت کۆدەکرانـەوە و دەسـتیان بەسـەردا دەگیرا. دوژمنانی ئازادی ئێرانیان بەجێدەهێشت و هەڵدەهاتن، یان خۆیان تەسلیم بە شۆڕشگێڕان دەکرد. لەولاشەوە جگە لە شۆراکانی شارو دێ ئۆرگانێکی دیکەی وەك دەوڵەت یان هێزێکی ئەوتۆ پێك نەهاتبوو، کە جێگای ئۆرگانەکانی ڕژێم بگرێتەوە. ئەنجوومەن و شۆراکان بوون ئەوانیش لە باری سیاسی و زانیاریەوە لە پلەیەکی نزمدا بوون، نەیاندەتوانی جێگای دەوڵەت پڕ بکەنەوە، بەڵکوو هەر خەریکی دزی و ڕاوڕوت و تالانکردنی دەزگاکانی دەوڵەتی بوون. زۆر کەس لەو نێوەدا دەوڵەمەند بوون، هەر کەس بیتوانیبا چەند کەسانێك وە دوای خۆی بدات ئەو دەوڵەت بوو. تا گەڕانەوەی خۆمەینی کەس بەرنامەی بۆ حکومەت کردن و دەسەڵات بەدەستەوە گرتن نەبوو، هیچ لایەنێك بایەخی بە دوارۆژی ئێران و شێوەی دیاری کردنی سیستمی حکومەتێك نەدا کە لە پاشەڕۆژدا وەلامدەری ویست و داخوازیەکانی خەڵك بێت، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئەو کات لە گوێی گادا خەوتبوون، تەنانەت لە بیری ئەوەشدا نەبوون کە دەبێ کێ حکومەت بکات، چریکە فیدایەکان و موجاهیدینی خەڵکیش لەو بارەوە هەڵوێستیان لە خۆیان نیشان نەدا.

## گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتی بازرگان.

دوا بە دوای ڕۆیشتنی شا زۆری نەخایاند لە مانگی ناوەڕاستی زستان واتە ١١ی بەفرانباری ساڵی ١٩٧٨ خومەینی لە فەرەنساوە گەڕایەوە ئێران و لەگەڵ پێشوازی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بەرەو ڕوو بوو. وێنەو عەکسی خومەینی لەسەرانسەری ئێران بە کوردستانیشەوە لە هەموو مزگەوت، دانشگا، ئیدارە، شەقام و گۆڕەپانەکانی شارو دێکاندا هەڵواسراو ڕێزی تایبەتی لێگیرا، گەلانی ئێران بە گەڕانەوەی خومەینی پێخۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی و وەك ڕێبەری شۆڕش ناویان لێ دەبرد. باشم لەبیرە کابرایەکی نەخوێندەوار بە نێوی مام حەسەن مەنشور بە " حەسەنە خوار" خەڵکی بێورانی خواریێ کە لە ڕواڵەتدا پیاوێکی ئاقڵ و سیاسی دیار نەبوو، بەلام لە ڕاستیدا زۆرزان و ژیر بوو، زۆریش قسەخۆش بوو گووتی" یەعنی خەڵکی ئێران شۆڕشی کردو شای ڕوخاندو ئەو کابرا ڕیشدارەی بە نێوی خومەینی لە خاریج هێنایەوە و دەیانەوێ لە جێگای شای دانێن حکومەت بکات"!؟ درێژەی داو گووتی" خەڵکینە قسەکانی منتان لەبیر بێت و هەڵیگرن بۆ دواڕۆژ، لە پێشدا قوڕ بەسەری ئەو میللەتەی ئەو شەیتانەی ڕێبەر دەبێت، ئەو کابرایە خۆشی و بەختەوەری خەڵکی ئێرانی لە ناو چاواندا بەدی ناکرێ و زۆرتر وەك دەجاڵ دەچێت، کە خەڵك بە درۆو خوڕافات وەدوای خۆی دەدات"، قسەکانی بەوە کۆتایی هات" ئەو شەیتانە قاتڵی سەری کوردانە"، ئەوە ناوەڕۆکی قسەکانی مام حەسەن بوو لەسەر خومەینی. کابرایەکی نەخوێندەوار لە یەکەم ڕۆژەکانی گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران ئەوە بۆچوونی بوو، بەلام ڕێبەرانی حزب، سازمانەکانی دیکەی کوردستانی ئێران و کەسایەتیە سیاسیەکان بە گشتی بە پێچەوانەوە کیسەیان بۆ هەڵدروبوو بە شان و باڵیان هەڵدەگووت و تەنانەت بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان بە گژ میللەتی کوردو هێزە شۆڕشگێڕەکاندا هاتن. محمد مەهدی بوو بە شەیتانی گەلانی ئێران بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی. بەهەر حاڵ دوای ڕوخانی شا تەنیا هێزێکی وەك ئەلترناتیڤ لە جێگای ڕژێمی شا، ئاخوندەکان بوون، کە پێشتر بەرنامەی خۆیان داڕشتبوو هەمیشە دەیانگووت کە شا ڕوخا دەبێ جمهوری ئیسلامی لە جێگای ئەو دابمەزرێت، هەر ئەوانیش توانیان دەست بەسەر شۆڕشەکەدا بگرن و بە کەیفی خۆیان بە پێی باوەڕی کۆنەپەرستانەیان دژی گەلانی ئێران و گەلی کورد جێگای

خۆیان گرت. لەو ناوەدا بەشێکیش لە حزب و سازمانە چەپەکانی ئێران بوون بە بڵند گۆو داردەستی ئاخوندەکان، پشتیوانی ڕاستەوخۆیان بەکردەوە لە ڕژێمی ئیسلامی دەکرد بەتایبەتی حزبی توودە. ئاخوندەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات موهەندیس بازرگان کە یەکێك لە تێکۆشەران و سیاسەتمەدارانی جەبهەی میللی ئێران و ناودارترین کەس بوو ئەوکات لە ئێراندا، ناوبراویان قۆستەوە و کردیان بە سەرۆك وەزیر. کابینەی خۆی پێکهێنا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بەم شێوەیە تۆماری دوو هەزار و پێنسەد ساڵەی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێراندا پێچرایەوە. ئاخوندەکان بە دامەزراندنی کابینەی بازرگان توانیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، لەجێگای ئازادی، دیموکراسی و دابین کردنی بەرابەری بۆ گەلانی ئێران. فرمێسك، خوێن، ئیعدامی ئازادیخوازان بە کۆمەڵ و برسیەتییان بە دیاری هێنا، وەڵامی هەرچەشنە داخوازیەکی گەلانی ئێران لە لایەن ئەو ڕژێمە بە گوللەو تۆپ و بۆمبارانکردن دەدرایەوە. بەتایبەتی گەلی کورد کەوتە بەر شاڵاوی هێرشی درندانەی ئەو ڕژێمە، زوڵم و زۆری ڕژێمی ئاخوندەکان بەرامبەر بە گەلی کورد سەدان بەرابەر لە ڕژێمی شا زیاتر بوو. بەنێوی ئیسلام گەورەترین جینایەتیان خوڵقاند، گەلی کوردیان لە هەموو دەسکەوتێکی شۆڕش بێبەش کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاڵوگۆڕە لەو هەل و مەرجەی کە پێشتر گەلی کورد تێیدا بوو بە قازانجی میللەتی کوردو حزبی دیموکرات بوو، بەو هۆیەوە گەلی کوردو حزبی دیموکرات پێیان نایە قۆناغێکی نوێی خەبات و تێکۆشان. جارێکی دیکەش گەلی و کوردو حزبی دیموکرات بۆ بەرگری کردن لە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان لەگەڵ خەباتی سەخت و خوێناویدا بەرەو ڕوو بوونەوە. ئێران کرایە جەهەنەمێك کە ٢٠ ساڵە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی تێیدا دەسوتێن ئاخوندەکانیش بە کەیفی خۆیان سەروەت و سامانی خەڵك دەدزن و بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان و دامەزراندنی بنکەو بونیادی ئیسلامی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەکاری دەهێنن، باندی تیرۆرستی دژ بە ئازادیخوازانی ئێرانیان پێکهێناوە و کورد گووتەنی خەڵکی ئێران"سەد خۆزگەیان بە کفن دزەکەی دوێنێ!" ئەو حزب و سازمانە سیاسیانەی کە سڵاوەتیان لە دیداری خومەینی لێدەدا، بۆ خۆیان لە هەموو شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان زیاتر بوونە قوربانی و خۆراکی شەڕو فیدای بڕیاری نادروستی ڕێبەرانی حزبەکانیان.

# قۆناغی دوازدەهەم

## بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان و خۆپیشاندانی حزبی دیموکرات

هاوکات لەگەڵ خۆسەپاندنی ئاخوندەکان بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا، حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خۆناساندن و نیشاندانی هێزی خۆی، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ دا خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی بانگ کرد بۆ شاری مهابادو میتینگێکی پەنجا هەزار کەسی پێکهێنا لە ئەندام و لایەنگرانی خۆی و حزبەکانی دی ئێرانی و کوردستانی کە لەو میتینگەدا بەشدار بوون، دوکتور قاسملو وەك سکرتێری حزب پەیامی حزبی بۆ خەڵك خوێندەوەو داوای لە ئاخوندەکان کرد کە مەسەلەی کورد نەخەنە پشت گوێ، ڕێگا چارەی ئاشتیانەی بۆ بگرنە بەر، گەلی کوردیش بەتایبەتی لە دەوری شۆڕش کۆببنەوە و دەسکەوتەکانی بپارێزن. بەداخەوە ڕژێم گوێ ڕایەڵی هیچ چەشنە داخوازیەکی حزبی دیموکرات و گەلی کورد نەبوو. وەلامی هەر چەشنە داخوازیەکی کوردیان بە گوللەو تۆپ دایەوە، گەلی کورد کە وەك هەموو گەلانی یەکەی ئێران لە شۆڕشدا شەهیدو قوربانی دابوو لەهەموو دەستکەوتێکی شۆڕش بێبەش کراو لە ئەنجامدا شەڕێکیماڵوێرانکەریان بەسەر میللەتی کورددا سەپاند کە بەداخەوە تا ئێستاش بەردەوامە. حزبی دیموکرات بۆ بەرگری کردن لە ئازادی، دیموکراسی، مەوجودیەتی گەلی کوردی و وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی ئەو گەلە زوڵم لێکراوە، بە ناچار بڕیاری بەرگری و بەربەرەکانی لەبەرامبەر دوژمنان دا. لە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستان ئەو بڕیارە بەڕێوە چوو، هەروەها بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵکی کوردستان و جێبەجێ کردنی کێشەو ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان شۆراکانی دامەزراندن کە زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەن شۆراکانەوە جێبەجێ دەکران. ئەوکات ڕێبەرانی حزبی دیموکرات بڕیاری دابوو کە دەبێ لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی حزبی دابمەزرێن بۆ ڕێکخستن و لە دەوری یەك کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێبکۆشن و هەروەها بۆ زیاتر ناساندنی حزب و سەلماندنی بوونی میللەتی کورد خۆپیشاندان بکرێن. لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئەو بڕیارە بەڕێوە چوو و خۆپیشاندانەکان سەرکەوتووانە ئەنجام دەدران. بەلام بەداخەوە لە شاری نەغەدە

خۆپیشاندان و میتینگی حزبی دیموکراتی کوردستان کە بە شێوەیەکی چەکدارانە و بە بەشداری هەزاران پێشمەرگە بەڕێوە چوو، لەوەش خراپتر ئەو میتینگە لە ناوچەی تورک نشینی نەغەدە گیرا، بوو بە هۆی دروست بوونی شەڕێکی خوێناوی و کارەساتێکی دڵتەزێن بۆ هەردوو لا. بەهۆی ئەوەی کە تورکەکانی ئازەری لە لایەن ڕژیمەکانی پاشایەتی بۆ کەم کردنەوەی نفوزی کوردان لە نەغەدە خزێندرابوون. لەبەر ئەوەی نەغەدە لە چاو هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان هێندێک وەزعی تایبەتمەند بە خۆی هەبوو، کە دەبوو بە وەبەرچاوگرتنی ئەو وەزعە خۆپیشاندان لەو شارەدا بە تێبینیەکی زیاترەوە ئەنجام بدرێت. بەڵام لە ڕووی نەزانی هێندێک لە بەرپرسانی حزب بە تایبەتی موهەندیس حاجی ئەحمەد و هاوکارەکانی لە شاری نەغەدە کە شارەزایی تەواویان لە وەزعی ئەو هێزەی دوژمن بوو هێزی دوژمن خۆی گەیاندە شارو شان بە شانی تورکەکان کەوتنە گیانی گەلی کوردو کوشتارێکی زۆر لە هەردوو لادا کرا. خەڵك دەربەدەر بوون و پێشمەرگە ئەو شارەی بەجێهێشت. ئێمەش گەڕاینەوە ناو شاری مهاباد و لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی ماوەی یەك مانگ لەسەر گردی غەزالی، ڕێگای مهاباد ورمێ بۆ پێش گرتن لە هێرشی ڕژێم لە سەنگەرداماینەوە. دواتریش لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی کۆمیتەیەکی نیزامی بە نێوی شۆرای نزامی دامەزرا، کە ئەندامەکانی ئەو کەسانە بوون: ١- مەلا محمد جوانڕۆیی٢- مەلا ڕەسوڵ پێشنماز٣- سەید ڕەسوڵ دەهقان٤-کاك ڕەحمان٥- خدر محمد پوور"نووسەر". کۆمیتەی نیزامی حزب بۆ کارەکانی بەشی نیزامی دەست بەکاربوو و کۆبوونەوەی خۆی گرت. لەو کاتەدا مەترسی ئەوەش دەکرا کە ڕژێم پەلامار بێنێتە سەر کوردستان بەتایبەت شاری مهاباد کە ڕێبەرانی زۆربەی حزبەکانی لێ بوو. یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی نیزامی هاوکات لەگەڵ پەلاماری ڕژێم بۆ سەر کوردستان پێکهات و کاك حەمەدەمین سیراجی لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە دیاری کرابوو کە لەگەڵ کۆمیتە کۆبوونەوە بکات و دوای باس و لێکۆڵینەوە و داڕشتنی بەرنامە بۆ بەرگری کردن لە هێرش و پەلامارەکانی دوژمن دیاری کردنی بەرپرسایەتی، دابەشکردنی کارەکانی نیزامی و ڕێکخستنی پێشمەرگە بۆ بەرەکان، کاك حەمەدەمین سیراجی کە چاوەڕوانیمان لێ دەکرد لەم بارەوە چ پێشنیارێکی بە کەڵکی هەیە، ناوبراو بەزەردە خەندەیەکەوە گووتی" پێم سەیرە ئەو قسانە دەکەن،

پێشمەرگەی چی و جەبهەی چی و شەڕی چی!؟" درێژەی بە قسەکانی خۆیداو گووتی" گەلانی ئێران شۆڕشیان کردو ڕژێمی شایان ڕوخاند، ئێستا ئەو حکومەتەی کە دەبێ لە جێگای ڕژێمی شا دەسەلات بەدەستەوە بگرێت بە تەواوی تەسبیت نەبووە وا دیارە ئێمەی حزبی دیموکرات دەمانەوێ بیڕوخێنین!؟" دووبارەی کردەوە و گووتی" ئێمە دەبێ چەکەکانمان لەولا دانێین و لە ڕێگای سیاسی و وتووێژەوە کێشەکانی خۆمان لەگەڵ دەوڵەت چارەسەر بکەین. بەڕاستی ئێمەش پێمان وابوو کە کاک حەمەدەمین نەزەری دەفتەری سیاسیە بە ئێمە ڕادەگەیەنێ. کاک حەمەدەمین لەو بارەوە لە ئێمەی باشتر دەزانی کە ئەو ڕژێمە بە کردەوە و بە نیەتی باشەوە حازر نیەو نابێ گفتوگۆ لەگەڵ حزبی دیموکرات و میللەتی کورد بکات، چونکە پێشتر لەو بارەوە تاقیکرابۆوە، نوێنەرانی دەوڵەت هاتبوونە کوردستان و لە مهاباد خەڵکێکیان چاو پێکەوتبوو، بۆ فریودانی خەڵکەکە هێندێك قسەیان کردبوو بەلام لە ئەساسدا بە دەستی خالی هاتبوون و هیچیان بۆ کورد پێ نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە هەر نەیاندەویست لەگەڵ حزبی دیموکرات دانیشتن بکەن کە نوێنەری زۆربەی خەڵکی کوردستان بوو. دیار بوو هەر ئەو کات و پێشتریش حزبی توودەی ئێران شوێنی لەسەر کاک حەمەدەمین و هاوبیرەکانی دانابوو، بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هەر ئەو کات سلاویان لە دیداری خۆمەینی لێدەدا، بەهەر حاڵ ئەو شێوە قسەکردنەی کاک حەمەدەمینمان لەگەڵ دەفتەری سیاسی و شەخسی دوکتور قاسملو باس کرد، دەفتەری سیاسی دژی ئەو شێوە بیروبۆچوونەی کاک حەمەدەمین بوون. کۆمیتەی نیزامی لەسەر ڕێنوێنی دوکتۆر قاسملو دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، ئێمەش لەگەڵ ئەو پەنجا پێشمەرگە کە لە مەڵبەندی سەردەشتەوە هاتبووین گەڕاینەوە سەردەشت، بەرپرسایەتی ئەو پێشمەرگانە کە زۆربەیان ئەندام و لایەنگری حزب بوون و دەستەیەکیش بۆ ڕێگای میان دواو مەهاباد ئەرکی خۆیان بەرێوە دەبرد ئەو کەسانە بوون: شەهید حەمەدەمین مەلا عەزیز، بابەکر مامە شێخ، کوێخا برایم ئێران نژاد، کە هەرکام لەوان بەرپرسی تیمێك لە پێشمەرگەکان بوون.

ئەوکات حزبی دیموکرات لە باری تەشکیلاتی، سیاسی و نیزامیەوە لاواز بوو، بەشێوەی ڕێکخستن هێزەکان ڕێك نەخرابوون بەڵکو زۆرتر بە شێوەی هێزی چەکدار، سیستمی عەشیرەتی وە پەیوەندی ناوچەیی پێکهاتبوون، هەر ڕۆژە چەند چەکدارێك

دەهاتنە جەبهەکان و دەگەڕانەوە. دواتریش سەرگورد عەباسی مەسئولیەتی شورای نیزامی حزبی پێسپێردراو هێندێك گۆڕان بەسەر شێوەی پێشمەرگایەتیدا هات، هێزەکان ڕێکخران، پێشمەرگەو خەڵك ڕیزەکانیان بۆ دیاری کراو بەشی پێشمەرگە وەك هێزێکی ڕێك و پێك شکڵی گرت. لەو کاتەدا حزب دەبوو لە فکری ئەوەشدا بێت کە بۆ ڕۆژی خۆی ناوچەی سەردەشت کە لە باری بەرگری و بەردەوام بوونی شۆڕشی چەکداری گرنگی خۆی هەبوو و لە دوا ڕۆژیشدا بۆ بنکەی ڕێبەری حزب شوێنێکی گونجاو بوو، زۆر زیاتر بەهێزی بکات و لە باری نیزامی و تەشکیلاتیەوە ڕێکی بخات و گرنگی پێ بدا. بۆ ئەو مەبەستە کاك حەسەن ڕستگار وەك بەرپرسی تەشکیلاتی و نیزامی مەڵبەندی سەردەشت لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە دیاری کرا. ناوبراو لە پێکهێنانی تەشکیلاتێکی نوێ و ڕێکخستنی پێشمەرگەدا دەوری چالاکانەی خۆی بینی. توانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری حزب کۆبکاتەوە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی ئەو مەڵبەندە پەیوەندی نزیکی دامەزراندو لە دڵی خەڵکدا جێگای خۆی کردەوە. هەر ئەو خۆشەویستیەی کاك حەسەنی ڕستگار لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بوو بە هۆی پتەوبوونی ڕیزەکانی حزب لەو مەڵبەندەدا. هەر لەو کاتەشدا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پێشمەرگایەتی کۆمیتەیەکی نیزامی دیاری کرا ئەندامەکانی ئەو کەسانە بوون:١- کاك ئەحمەد نستانی٢- شەهید میرزا عەولا نێشکۆڵان٣- خدر محمد پوور"نووسەر"٤- کاك حەسەنیش سەرپەرشتی هەردوو بەشەکەی دەکرد. کۆمیتەی نیزامی وەك بناغەی ڕێکخراوەیی بەشی پێشمەرگە لەو مەڵبەندە دەست بەکار بوو. ئەو کات کاك حەسەن لە ڕوانگەی خەڵکی مەڵبەندی سەردەشتەوە بە مرۆڤێکی ئارام و سادق و تێگەیشتوو ناسرابوو هەر بەو ناوەش ناوبانگی دەرکردە، زۆر کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بە دوو قسەی جەفەنگ و کورت کۆتایی پێدێناو خەڵك و پێشمەرگەش بە قسەیان دەکرد. پێشتر دەمانگووت کاك حەسەن تەمبەڵە بەڵام ئەو کات تەمبەڵیشی پێوە دیار نەبوو، هەروەها لەگەڵ کاربەدەستانی ڕژێمیش هەڵسوکەوتی مەسئولانەو لە جێی خۆیدا دەگرت. دیارە مەلا حەسەنیش وەك هەموو ڕێبەرانی حزبی دیموکرات عەیب و کەم و کوڕی خۆی هەیە هیچ مرۆڤێکیش لە زاتی خۆیدا بێ عەب نابێت، بەڵام لە و قۆناغەدا بەرپرسانە کارو تێکۆشانی خۆی دریژە پێدا. ئیتر هێزی چەکداریش بە نێوی پێشمەرگە ڕێکخراو کارەکان دابەش کران. بەم

شێوە، کاک ئەحمەد نستانی فەرماندەی بەشی پێشمەرگە لە ڕەبەت و زمزیران و جێگرەکەی عەبدولنستانی بوو. شەهید میرزا عەولا لە ناوچەی ئالان لقی شەهید سمایلی سەلیمی، خدر محمد پوور"نووسەر" سوێسنایەتی و سەردەشت و دەوروبەری شاری سەردەشت، بۆ کۆبوونەوەکانیش لە بنکەی فەرماندەیی کە لە ناو شاری سەردەشت لەگەڵ بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان لە خانووی ڕەحمانی جەفایی" ساواکی" لە دەوری یەك کۆدەبووینەوە. ساڵ و نیوێك بەو شێوەیە کارەکان بەڕێوە دەچوون. ئەوکات حزب یارمەتی نەدەدا بە پێشمەرگە تەنیا جارێك لە دەفتەری سیاسیەوە بڕێك یارمەتی بە پێشمەرگە کرا، دەنا دەبوو هەموو پێشمەرگەکانی حزب بە چەك و خەرجی خۆیان ئەرکی شۆڕش بەجێ بگەیەنن. ئەو دەم هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان ئەو کەسانە بوون: مەلا خدر دۆڵەگەرمی، عەزیز ئەحمەد، شەهید لەتیف نەقشبەندی، بەشی قەزایش مەلا حسێن فردەوسی دیاری کرابوو. ئەندامانی کۆمیتەی شارستێن ئەو کەسانە بوون: شەهید فەقێ عەلی، فەقێ عەولا قەلەڕەشی و خالید حەفیدی، دیارە وەك هەمیشە ئەندامانی کۆمیتەی نزامیش لە کۆبوونەوەکاندا بەشداربوون. لەو کاتەشدا دەستە دەستە لاوەکان لە شارو دێوە دەهاتن و پەیوەندیان لەگەڵ کۆمیتە شارستان و بەشی پێشمەرگە دەگرت. لەو ماوەشدا شەڕ لە نێوان حزبی دیموکرات و ڕژێم دا بە شێوەی هێرش و پەلاماردان لە ئارادا بوو، هەم ڕژێم خەریکی خۆقایم کردن بوو بۆ حکومەت کردن، هەم حزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەی کورد وەك کۆمەڵەو چریکەکانی فیدایی ڕێکخراوی کوردستان خەریکی خۆئامادەکردن بوون. دیارە شتێکیش بە ناوی دەفتەری مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین هەبوو کە خۆی و چەند پێشمەرگەیەك بوون لەگەڵ دوو کادری کۆمەڵە، کە هەتا ئەوکاتیش بۆ شوێن ونکە و بەفەرمانی کۆمەڵە لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدیندا مابوونەوە. هەموو لایەك لە باری سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامیەوە لاواز بوون تەنیا هێزێك کە حسابی لەسەر دەکرا حزبی دیموکرات بوو، کۆمەڵەش توانیبووی لەنێو لاواندا نفوز بکات و تەشکیلاتی خۆی دامەزرێنێ و لە نەکاو بوو بە هێز.

ڕۆژێك لەناکاو کاك دوکتور قاسملو، کاك عەبدلا حەسەن زادە، کاك ئەمیر قازی کە دەفتەری سیاسی حزب بوون لە مهابادەوە هاتنە سەردەشت، لەگەڵ کاك حەسەن ڕستگار و کۆمیتە نیزامی کۆبوونەوە و پاشان پێیان ڕاگەیاندین کە کاك فەتاح کاویان

وەك بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و کاك فەتاح باساوێ وەك بەرپرسی کۆمیتەی نیزامی دیاریکراون!؟

ئەو شێوە ئاڵوگۆڕە لەناکاوە ئێمەی لە حاڵەتی دوڕدۆنگیدا ڕاگرت و گووتمان دەبێ چ کارێکی خراپ لە چوارچێوەی کۆمیتەی شارستاندا کرابێ کەوا بە پەلە ئەو ئاڵوگۆڕە پێکدێنن!؟ بەهەر حاڵ بە پێی سانترالیزمی دیموکراتیك بێ لێکۆڵینەوە قەبوڵمان کرد، تەسلیمی ئیرادەو بۆچوونی دەفتەری سیاسی بووین و دەشمان زانی ئەو هەویرە زۆر ئاو هەڵدەگرێ. دەمانزانی کە ئەو دوو کەسە ناتوانن وەلامدەری کاری تەشکیلاتی و نیزامی سەردەشت بن کە دواتر هەروا دەرچوو. ئێمە هەڵوێستی ئاوا نادیموکراتانەو نامەسئولانەمان لە دوکتور قاسملو و دەفتەری سیاسیدا کەمتر بەدی کردبوو. لەم لاشەوە کاك حەسەن ڕستگار لەسەر ئەو شێوە ئاڵوگۆڕە دواو ناڕەزایی خۆی دەربڕی. کاك ئەمیر قازیش بە توندی وەلامی کاك حەسەنی دایەوە کاك دوکتور و مامۆستاش بە ناهەق پشتیوانیان لە کاك ئەمیر کرد. بەلام بە پێی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حزب ئەو بڕیارە بڕیارێکی نادروست و غەیرە تەشکیلاتی بوو. هێندێك دیاردەی ئاغا سالاری تێدا دەکەوتە بەرچاو، دواتر دەرکەوت هیچ کام لەو دوو برادەرانە هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراویان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان بەدەستەوە نەبوو لە ئەنجامدا بۆ خۆیان ئیعترافیان کرد کە پیاوی ئەو مەیدانە نین و گەڕانەوە دەفتەری سیاسی و ئێمەش وەك پێشوو درێژەمان بە کارەکانی خۆمان دایەوە تا ساڵێك دواتریش بەم شێوەیە کۆمیتەی شارستان بەڕێوە چوو کە تا ئێستاش حزبی دیموکرات لەو قەوارە تەشکیلاتیە سیاسی و نیزامیە کەڵك وەردەگرێ. هەر لەو ساڵەشدا زیندانی حزب لە گوندی دۆڵەتوێی کوردستانی ئێران لە لایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی دەوڵەتی عیراقەوە بۆمباران کرا، کە چەند کەسێك لە زیندانیەکان و تەنانەت پێشمەرگەی حزبی دیموکراتیش شەهید کران، ئەوەش تاوانێك بوو کە ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە حزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستانی ئێران کردی.

## شەڕی ئاغا مەنگوڕەکان لەگەڵ حزب

ئاغا مەنگوڕەکان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و خۆزل کردن چەکو چۆڵیان لە ئاخووند حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ وەرگرتبوو. ئەو چەکانە بۆ دژایەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ حزبی دیموکرات و میللەتی کورد بوو، ئاغاکان فریوی حەسەنی و ڕژێمیان خواردبوو و کەوتبوونە ژێر تەئسیری قسەکانی حەسەنی و دژایەتی حزبیان دەکرد. ڕێبەری حزبیش هەوڵی خۆیدا کە لە ڕێگای وتووێژ و قسەکردنەوە قەناعەت بە ئاغاکان بێنێ و نەیەڵن ببنە داردەستی دوژمن، بەڵام ئەو هەوڵە سودی نەبوو. ڕێبەری حزب بە پەلە بڕیاری لێدانی ئاغاکانیدا، کە دەبوو لەوە زیاتر هەوڵیان لەگەڵ دابان بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان. دوژمنایەتی کردنی ئاغاکان لەگەڵ حزبی دیموکرات و میللەتی کورد لە دواڕۆژدا شوێنی خراپی لەسەر ڕەوتی پەیوەندی حزب و ئاغاکان دانا کە تا ئێستاش ئەوان لە سەنگەری دوژمنایەتی گەلی کورددا ماونەوە و پشتیوانی لە ئاخوندەکان دەکەن، ئەوەبوو بە هۆی پەلاماردانی حزب بۆ سەر ئاغاکان و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو شوێنەکانیان لێگرتن و بنکەو بارەگاکانیان لە لایەن حزبەوە لێ گیران، چەند کەسیان لێ کوژران، حزبیش بە دانی چەند شەهیدی وەك مەلا علی پێشنماز بەسەر ئاغاکاندا سەرکەوت. ئەو کارەی حزب بەرامبەر بە ئاغاکان لەو کاتەدا بە زیانی حزب تەواو بوو. لەو پەیوەندیە دا کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بە کۆمیتەی نیزامیشەوە بۆ سەرکوت کردنی ئاغاکانی ناوچەی نەڵێنی پیرانشار بەرەو گوندەکانی سۆستان و گاکەش لە پردی قەڵاتاسیان پەڕینەوە. کاك حەسەن مەسئولیەتی هێزەکانی لەسەر شان بوو، بە خۆشیەوە لەو بەرەیەدا بەهۆی هەڵوێستی نەرم و مەسئولانەی هەموو لایەك تێکهەڵچوون و ڕوداوی داغدار نەهاتنە پێش. بە گفتوگۆ ئاغاکان تەسلیم بە حزب بوون و بەشێکیان بوون بە پێشمەرگە، کێشەکە لەو ناوچەیە بەم شێوەیە کۆتایی پێهات و بەشێك لەو چەکو چۆڵەی لە ڕژێمیان وەرگرتبوو تەحویل بە حزب دران.

## دەست بەسەر داگرتنی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی لە شارەکانی کوردستاندا.

کاتێك حزبی دیموکرات ماهییەتی ئاخوندەکانی بۆ ڕوون بۆوە و زانی کە ئاخوندەکان بۆ کورد هیچیان لە باراندا نیە، یان ناینهەوێ کێشەی کورد لەڕێگای ووتوویژو ئاشتیەوە چارەسەر بکەن، بەڵکوو بە پێچەوانە هەر ڕۆژە پلانێك بە دژی گەلی کورد دادەڕێژن، بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی پادگانەکانی دا و لەزۆربەی شارەکاندا ئەو بڕیارە بەڕێوە چوو. ئێمەش لەناوچەی سەردەشت بۆ ئەو مەبەستە دەست بەکاربوین. کاتێك چوینە ناو پادگان و گورهانی سەردەشت دیتمان لەلایەن شۆراکانەوە هەموو عەمبارەکان تالان کرابوون و هەرچی شتی بەکەڵك بوو دزرابوون. هێندێك شتی کە لێمابوو لەلایەن حزبەوە ڕاگوێزرا. لەو بەینەشدا لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە سەردار ئەحمەد کە بە ئەسڵ خەڵکی بێوان بوو بەڵام لە کوردستانی عیراق ژیابوو و نە ئەندامی حزب بوو، نە باوەڕیشی بەحزب هەبوو، وەك فەرماندە هێزی پێشمەرگە نێردرایە سەردەشت و تا ماوەیەك کردیان بە بەرپرسی کۆمیتە نیزامی. ناوبرا کە شیاوی ئەو پلەو پایانە بوو لەمەسئولیەتەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو. دوای ئەوە کاك کەریم حەداد وەك فەرماندەی هێزی موعەینی لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە دیاری کرا، ناوبراویش تا نزیك بەساڵێك ئەرکی حزبی لەو بەشەدا بەپێی تواناو لێهاتووی خۆی ئەنجامدا. بەڵام ناوبراو نە لە باری سیاسی و نە لە باری نیزامیشەوە هیچ شارەزاییەکی نەبوو. بۆ بەدبەختی هەر کەسێك کەدەفتەری سیاسی دەینارد بۆ سەرپەرشتی کارەکانی بەشی پێشمەرگە توانای هەڵسوڕانی کارەکانی ئەو بەشەی نەبوو، نەیاندەتوانی لەژێر باری ئەو مەسئولیەتە بێنە دەر، چونکە هیچکام لەوان شارەزاییان لەبەشەدا نەبوو. خەتایەکە هی دەفتەری سیاسی بوو، لەهەمووش خراپتر ئەوە بوو لەو بارەوە دەفتەری سیاسی لەگەڵ کۆمیتەی شارستانی سەردەشت مەشوەرەتی نەدەکرد. دوابەدوای کاك کەریم شۆڕش ئەحمەد لەلایەن دەفتەری سیارسی نێردرا کە ئەو کەلێنانە پڕ بکاتەوە و کردیانە فەرماندە هێز. ناوبراویش بۆ ماوەیەك هێندێك هەڵسوڕداسوڕی کرد. بەڵام ئەویش هەر ئەوەندەی لەتوانادا بوو کەدەیکرد، سەرنجام ناوبراو بەهێندێك وردە دزی و لەناوبردنی چەك وتەقەمەنی، هێزی موعەینی بەجێهێشت. لەسەر یەك کاك کەریم حەداد بە نەخوێندەواری بەسەر ئەو دوو کەسەی دیکەوەی هەبوو کە لانیکەم حزبی بوو بڕیارەکانی حزبی بەڕێوە دەبرد.

# قۆناغی سێزدەهەم

## شەڕی پاوەو سنەو هاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی دەوڵەتی کاتی بۆ مەهاباد.

هێندێك دەگەڕێینەوە سەر بارودۆخی کوردستان و هەڵسوکەوتی ئاخوندەکان بەرامبەر بە گەلی کورد لەسەردەمی حکومەتی کاتیدا. دوای ئەوەی هەر چەشنە هەوڵدانێك لەگەڵ ڕژێمی ئاخوندەکان بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بێ ئاکام مایەوە خەڵکی کوردستان دەستیان بە مان گرتن کرد. بۆ یەکەم جار بە بەهانەی ئەوەی کە خەڵکی شاری پاوە مانیان گرت و داوای مافە نەتەوایەتیەکانی خۆیان دەکرد. ئاخوندەکان بەو بیانوویە لە ناوەڕاستی ساڵی ۱۹۷۹دا شەڕیان لەو شارە هەڵگیرساند، لەلایەکی دیکەشەوە کۆنە ساواکییەکانی سەر بە پالیزبان و عەشیرەتی قەڵغانی سالاری جاف کە بەکرێگیراوی دەوڵەتی عیراق بوون دەیانەویست وەزعەکە زیاتر بشێوێنن، بۆ ئەوەی نەیەڵن کورد بە ئاکامێك بگات شەڕیان دەست پێکرد. بەو بەهانەوە ڕژێمی ئاخوندەکان چەندین کەسیان لە خەڵکی پاوە شەهید کردو خەڵکێکی زۆریشیان بەدیل گرتن، کە دواتر لە شاری سنە دەستە دەستە ئیعدام کران. بەدوای ئەو کارەساتەدا زۆری نەخایاند کە ئەرتەشی دژی گەلی کە پاشماوەی ڕژێمی شا بوون، لە شاری سنەش بە پیلانی ئاخوندەکان کەوتنە گیانی خەڵکی کوردستان ڕوحمیان بە خەڵکی ئەو شارەدا نەهات و ڕق و کینی خۆیان بە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەو شارە ڕشت و شاریان لەخوێندا شەلاڵ کرد. ئەو کارەساتە کە بە نەورۆزی خوێناوی بەناوبانگە لە مانگی خاکەلێوەی ۱۹۷۹ دا ڕوویدا کە نزیك بە پێنج سەد کەس بوونە قوربانی و سەدانیش بریندار کران. یەکەم دیاری ئاخوندەکان بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و شاری سنەش بەتایبەتی ئەو جینایەتە بوو کە خولقاندیان. بەم جۆرە ماهیەتی ڕەگەزپەرستی دەوڵەتی فارس و کۆنەپەرستی ئاخوندەکان جارێکی دیکەش بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بوو. پێویستە ئاماژەیەکیش بە هەڵوێستی حزب و سازمانە چەپەکانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوەکانی دیکەی نامەسئول لە کوردستانی ئێران بکەین کە بە فیتی هێندێك لە ناحەزانی ئەو کاتی حزبی دیموکرات وەك صلاح موهتەدی و مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین حسێنی و چەند کەسانی تری لەو بابەتە لەگەڵ هێزە چەپەکان دژایەتی حزبیان دەکرد. هەر یەکێك لەو هێزانە بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە نەخشی خراپیان هەبوو کە بەهۆی پەیوەندی ئەوان لەگەڵ سازمانی کۆمەڵەو

چریکەکان ڕاستەوخۆ دەستیان لە کاروباری کوردستانی ئێران وەردەدا. ئەویش یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو!؟ کە بەداخەوە ئەو هەڵوێستەی ئەوان لەو قۆناغەدا بە زیانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەواو بوو. حزبی دیموکراتیش لەو شەڕەدا بەهۆی بوونی ئەو ڕێکخراوانە نەیتوانی دەوری چالاکانەی خۆی وەك پێویست بنوێنێ. هەر لەو کاتەشدا ڕژێم بۆ ئارامکردنەوەی وەزعی شارو خۆقایم کردنی زیاتر و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی خۆی، هەیئەتێکی دەنێرێتە شاری سنەو لەگەڵ نوێنەری ئەو ڕێکخراوانە دادەنیشن. بەو پلانە پادگانی سنە کە لەگەمارۆی خەڵکدا بوو ڕزگار کراو نەك هەر سەرکەوتن بەدەست نەهات بەڵکو خەڵکێکی زۆریش تێدا چوون و شەهید بوون. لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو هەموو پلانانەی ئاخوندەکان، حزبی دیموکرات لەو کاتەدا بۆ جێبەجێ کردنی کێشەی کورد لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژەوە نوێنەرانی خۆی دەنارده لای خومەینی و داوای ئاشتی، برایەتی و یەکگرتوویی گەلانی ئێرانی دەکرد و پشتیوانی لە شۆڕش و لە خومەینی ڕادەگەیاند. بەڵام بەداخەوە سوودی نەبوو دوایەش بە کردەوە دەرکەوت کە ئەو ڕژێمە حازر نیە دان بە کەمترین مافەکانی خەڵکی کوردستاندا بنێ و هەر کات ویستبێتی وتووێژ لەگەڵ حزب بکات یان بۆ خۆ قایم کردن بووە یان پلانێکی دیکەی لە پشت سەرەوە بووە. هەروەك بە کردەوە بە شەهید کردنی دوکتور قاسملو ئەو ڕاستیەیان سەلماند. لەلایەکی دیکەشەوە هاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی دەوڵەتی کاتی بۆ مهاباد لە ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٧٩دا کە داریوشی فروهەر سەرپەرشتی دەکرد بە پێی هەڵسوکەوتێك کە هەیانبووە نەیانویستووە لەگەڵ نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان کە حزبی دیموکراتە دانیشتن بکەن. بەڵکوو تەنیا بۆ هەڵسەنگاندنی وەزعی کوردستان هاتبوون. جگە لەوەش بۆ ناکۆکی خستنە ناو ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ هێندێك مەلاو خەڵکی نامەسئول و خاوەن نفوس کۆدەبوونەوەو بە دانی هێندێك بەڵێنی بەدرۆ کە لە لایەن شەخسی خومەینیەوە پێشنیار کرابوون دەیانەویست خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیەك دڵخۆش بکەن. دیارە ئەو هەیئەتە دەسەڵاتی پێ نەدرابوو نەیدەتوانی بڕیاردەر بێ. دواتریش لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانیش دانیشتن دەکەن کە حزبی دیموکراتیش تێیدا بەشدار دەبێ، داواکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەو هەیئەتەوە دەدرێنە نوێنەرایەتی دەوڵەتی کاتی. بەڵام ئەو دانیشتن و وتووێژەش لەگەڵ ڕژێمی ئاخوندەکان ئاکامێکی بەدواوە نەبوو.

# ڕیفراندۆم

دوابەدوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە لایەن ئاخوندەکانەوە موهەندیس بازرگان وەك سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی کاتی بۆ ماوەیەك دیاری کراو کاروبارەکانی بەڕێوە دەبردن، بەڵام سیستەم و قەوارەی دەوڵەتێکی پێوە دیار نەبوو. خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوەکانی جیا لە نەتەوەی فارس بە تایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمی شا چاوەڕوانی پێکهێنانی دەوڵەتێك بوون کە ویست و داخوازی یە سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیەکانیان تێدا جێ بەجێ بکرێن و مافەکانیان دابین بکرێن ، کە ئەویش لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتیکی نیشتمانی دا خۆیان دەگرتەوە. خەڵك چاوەڕوانی هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی ئەوتۆیان دەکرد کە قەرەبووی ئەو هەموو ناعەدالەتی، بەدبەختی و زوڵم و زۆری یەی کە ڕژێمی شا کردبووی بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەلانی خەڵکی ئێران هەر بە ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم واتە ڕاپرسیاری گشتی لە خەڵك کە لە لایەن دەوڵەتەوە ڕاگەیەنرا بەتەواوی پشتیوانی خۆیان لەو ڕیفراندۆمە ڕاگەیاند. بەداخەوە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن نوقەیان لێوە نەهات و بەشێکیش لە هێزە چەپەکان ببوونە بڵندگۆی ئاخوندەکان. هێزە چەپەکان باشیان دەزانی کە ئاخوندەکان گورگن لە پێستی مەڕدا دەیانەوێ لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە ئایدیۆلۆژیەتی کۆنەپەرستانەی خۆیان بەسەر گەلانی ئێراندا بسەپێنن، بەڵام ئەوان ئەودەم بەشێکیان لەگوێی گادا خەوتبوون و بەشێکیش بە فیتی سۆڤیەت بۆ خومەینی هەڵدەپەڕین. ئاخوندەکان بۆ مەبەستی ڕیفراندۆم لە ڕۆژی ١٠ی خاکە لێوەی ١٩٧٩دا بەرنامەی کاری خۆیان دەستپێکردو هەڵبژاردن لە سەرانسەری ئێراندا بە شێوەی دەنگدان هاتە گۆڕێ، ئەو بەناو ڕیفراندۆمە هەر لە شێوەکەی ڕا دیار بوو کە دیکتاتۆریەتی تۆخ و بێ ئەملاو ئەولایە. لە بەرنامەی دەنگداندا هاتبوو: کۆماری ئیسلامی، ئا یان نا؟ هەموو کەس دەبوو وەڵام بداتەوە. ئەوە تەنیا ئەلترناتیڤ بوو بۆ خەڵك. خەڵك دەرەتانی هەڵبژاردنی شتێکی دیکەیان نەبوو. ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش نەیانتوانی بۆچوونەکانی خۆیان لەم بارە دەربڕن و کۆمەلانی خەڵکی ئێران لەو پەیوەندییەدا وشیار بکەنەوە. بەڵام حزبی دیموکراتی کوردستان کە دەیزانی ئاخوندەکان چ شێوە دەوڵەتێك هەڵدەبژێرن و دیاری دەکەن، هەروەها

دەشی زانی ئەو حکومەتە لە بەرژەوەندی گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی نیەو نابێ، بەم هۆیەوە لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕیفراندۆمی لەکوردستاندا تەحریم کرد. کە ئەو هەڵوێستە یەکێك لە سیاسی ترین و ژیرانەترین هەڵوێستەکانی مێژوویی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە هەتا ئەوەدەمی درابوو. ئێستا پاش بیست و یەك ساڵ هەموو ئەو کەسانەو ئەو حزب و ڕێکخراوانە کە هەڵوێستی حزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کوردیان بەرامبەر بە ڕیفراندۆمی ئاخوندی مەحکوم کرد، بە لەدەست دانی هەست و نەستیان لەلایەن ڕژێمی ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامیەوە، دروستی و ژیری ڕێبەرایەتی ئەوەدەمی حزبی دیموکرات و کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیان بۆ دەرکەوتووە. بە پێی ئەو ڕاگەیەنراوە بەخۆشی یەوە زۆربەی خەڵکی کوردستان پەیڕەویان لە بڕیاری حزب کردو لە هەڵبژاردندا بەشداریان نەکردو دەنگیان بە جمهوری ئیسلامی نەدا. بەڵام گەلانی دیکەی ئێران لەبەر ناوریایی ڕێبەرایەتی هێزە سیاسیەکان و بەشێکیش لەبەر بیروباوەڕی مەزهەبی شیعە، بەزۆربەی دەنگ کۆماری ئیسلامیان هەڵبژاردو بەدەستی خۆیان خەنجەریان لە پشتی خۆیان دا. دواتر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەنگی هەر چەشنە داخوازییەکی گەلانی ئێرانیان خنکاندو وەڵامی داواکانیان بە ئاگرو ئاسن دانەوە. لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێست و دوژمنایەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە گەلی کورد دەبێ بڵێین کە شوینزمی فارس و تورك و عەرەب بەهەر ئایدۆلۆژی و مەرامێکەوە کە هەیانە جگە لەچەند کەسایەتی سیاسی و ئازادیخواز هەر کات کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دوژمنایەتی خۆیان بەرامبەر بە گەلی کورد نیشان داوە و بەکردەوە ماهییەتی شوێنستانەی خۆیان سەلماندووە. هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە بەرامبەر گەلی کورددا لەو چوارچێوە دەرنەچوو، بەوەبەرچاوگرتنی ئەو ئەسلە پێویستە گەلی کورد لە هەموو قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی خۆیدا لە پێش هەموو شتێکەوە دوژمنانی خۆی بناسێت و بیانناسێنێ. لە تاکتیك و پلانەکانی ئەوان خۆی بپارێزێ. کەوابوو پێویستە نەتەوەی کورد بە یەکگرتوویی مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بەدەست بێنێت. لەو هەل و مەرجانە کە ڕژێم بەتەواوی بەدەسەڵات نەگەیشتبوو، نە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و نە حزبەکانی کوردستان بە کردەوە حازر نەبوون لەبەرەیەکی

یەکگرتوودا کۆببنەوە و تەحەمولی بۆچوونەکانی یەکتر بکەن. هەر بۆیە ڕژێمی ئیسلامی بەتەواوی بەسەر شۆڕشدا خۆی سەپاندو تا ئێستاش بەکەیفی خۆی ئەسپی خۆی تاو دەدا. لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی کاتی و ڕیفراندۆمیش ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتە دژایەتی گەلی کوردو پەلامارو شالاوی درندانەی خۆی جارێکی دیکەش بۆ سەر کوردستان دووبارە کردەوە. بەشێك لەو حزبە سیاسی و بەناو شۆڕشگێڕانەش کە هێندێکیان دژایەتی ڕژێمی "شا"یان دەکرد، ببوونە داردەستی ڕژێم و ئاخوندەکان بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرتن. لەپێش هەموویانەوە حزبی توودەیی ئێران و چریکە فیداییەکانی ئەکسەریەت، ببوونە کەوا سووری پێش لەشکری ئیسلام و شان بەشانی ئەرتەش و سوپای پاسداران کەوتنە وزەو گیانی میللەتی کوردو هەر لایەنە بەشێوەیەك لە کوردستاندا بەتایبەتی سەنگەریان لە حزبی دیموکرات دەگرت و دژایەتی خۆیان لەبەرامبەر شۆڕشگێڕانی کورددا نیشان دەدا. بەڵام سەرئەنجام خۆیان سەریان تێدا چوو و ئابڕوی سیاسیان بە ئاوەڕۆدا کرا و مۆری خیانەتیان بە ناوچەوانەوە لکا.

هەڵگیرسانەوەی شەڕ بۆ جاری دووەم لەشاری سنە لە بەهاری ١٩٨٠دا دیارە بە پێی نەخشەی دارێژراوی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام بە فیتی هێندێك حزبی نامەسئول کەدنەی کۆمەڵەیان دەدا دەستی پێکردەوە. کۆمەڵە ئەوکات حزبی دیموکراتی بە نۆکەری بەعس و دەوڵەتی عیراقی بە نوێنەری چینی سەرمایەدار ناودەبردو هەرواشی بە خەڵك دەناساندو خۆشی بە دڵسۆزی گەلی کورددا دەنا!؟ کۆمەڵە لە ئاستی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە لە شاری سنە نەخشی خراپیان هەبوو، کە بوو بەهۆی کوشت و کوشتارێکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوان و بێ دیفاعی ئەو شارە، بەڵام دواتریش کۆمەڵە بۆخۆیان بوونە کاسەی لە ئاش گەرمتر پاڵیان وەدەوڵەتی عیراق داو ئەوەی کە بۆ حزبی دیموکراتیان بەتاوان دەزانی بۆ خۆیان بە ڕەوا دەبینی!؟ هەروەها بۆ هەموو حزب و سازمانەکانی ئێران و کوردستانیش ئەو پەیوەندییە لەگەڵ دەوڵەتی عیراق مەشروعیەتی پێدرا. هەروەها باسمان کرد ئەو شەڕە لە سنە زەرەرو زیانێکی زۆری بە خەڵك گەیاند، ئەو شەڕە کە بە شەڕی ٢٦ ڕۆژەی سنە ناوی دەرکردووە، یەکێك لە حەماسی ترین و نالەبارترین

تێکهەڵچوونەکانی خەڵکی کوردستان و ڕژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بوو. لە ماوەی چوار هەفتە هێزەکانی ئەرتەش و پازدار لە زەوی و هەواوە بە سارۆخ و تۆپ و خومپارە، لە چوار قوڕنەی شارەوە ئاگریان باراندو خەڵکی بێ دیفاعیان قەلاچۆ کرد. دیارە هێزی پێشمەرگەش بە هاوکاری خەڵکەکە بەربەرەکانیەکی گەورەیان کرد و زەبری گورچ و بڕیان لە داگیرکەران دا. بەلاّم لە ئاخیردا بۆ پێشگرتن لە زیانی گیانی و مالّی خەڵکی، شەڕەکەیان بۆ دەرەوەی شار گواستەوە. لەو ٢٦ ڕۆژەدا بە پێی ئاماری حاشاهەڵنەگر ٢٨٥ کەس کە ژن و منداڵ و پیرو لاو شەهید بوون و بەهەزارانیش بریندار بوون. ڕژێمی ئیسلامی دوای داگیرکردنی سنە، دیارە وەك هەمیشە دەستی بە کوشتاری زیاتر کردو سەدان کەسی گرت و یا هەر لە جێدا ئیعدامی دەکردن یان لە زیندانەکاندا لەژێر ئەشکەنجەو ئازار گیانی لێ ئەستاندن. بەم جۆرە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەو حەرەکەتەی کە پەلاماری گەلی کوردی موسوڵمانی دا، ئیسلامی بوونی خۆی بە دونیای ئیسلام و غەیرە ئیسلام سەلماند.

با بگەڕێینەوە سەر شەری سێ مانگە. دوابەدوای پەلاماری سەر شاری سنەو هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان، پەیامی خومەینی لە پایزی ١٩٧٩دا سەبارەت بە لابردنی ستەمی میللی لەسەر گەلی کوردو ناسینی ماف نەتەوایەتی گەلی کورد ڕاگەیەنرا. ئەو پەیامەی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان دڵخۆشکەر بوو. حزبی دیموکراتیش بە دڵێکی ئاوەلاّ، پڕ لە ئارەزوو سادقانە پێشوازی لە پەیامەکە کردو هەموو هەوڵەکانی خۆی لە ڕێگای بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد خستە گەڕ بەلاّم بەداخەوە ئەوجارەش هەم هەواڵەکانی حزب لەو بوارەدا بێ ئاکام مانەوە. هەرچەندە سکرتێری حزب دوکتور قاسملوی نەمر لە کۆبوونەوەیەکی گشتی خەڵکدا لە شاری مهاباد وەلاّمی موسبەتدی بە پەیامی خومەینی دایەوە بە ووشەی لەببەیك پێشوازی لە پەیامەکە کرد، لەگەڵ ئەوەش ڕژێم شەڕێکی دیکەیماڵوێرانکەری دژ بە گەلی کورد ڕاگەیاندەوەو هێرش و پەلامارە دڕندەکانی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان دەست پێکردەوە. بەهەر حاڵ بەدوای شەڕی سنەو پەرەگرتنی شەڕ بەتایبەتی لە ناوچەکانی دوور لە شارەکاندا لە سەرانسەری کوردستان، ڕێبەری حزب بۆ دیفاع لە ئازادی و دیموکراسی و دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و پاراستنی مەوجودیەتی گەلی کورد بێ هەڵوێست نەمایەوە، بەرامبەر بە هێرش و پەلامارەکان

قورس و قایم ڕاوەستا و ڕۆڵی گرنگی خۆی بینی. بۆ ئەو مەبەستەش بەشی پێشمەرگە کەوتنە خۆڕێکخستن و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دژی سوپای داگیرکەر ڕاوەستان و چالاکیەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەیان دەستاند. خەڵکی کوردستان بەگشتی و شۆڕاکان بەتایبەتی بۆ یارمەتی پێکردن بە هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا ئەرکی نیشتمانی خۆیان بەجێ دەگەیاند. هەر لەو کاتەشدا یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە ئاشکراو بە کردەوە پشتیوانی خۆیان لە حزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو بەشە ڕاگەیاند ڕۆژ بە ڕۆژیش پەیوەندی نێوان ئەو دوو حزبە لە ئاستێکی بەرزتردا پەرەی دەستاند، بۆ ئەو مەبەستە دوو تیم لە پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی بە بەرپرسایەتی قادر مەمەند ئاغای نورەدین و شێخ سەدرەدینی شێخ حەسەنی سندۆلان بۆ هاوکاری پێشمەرگەکانی حزب لە ناوچەی سەردەشت بەنێوی هێزی پشتیوان دیاری کران و نزیك بە پازدە ڕۆژ لەسەر ڕێگای بانەو سەردەشت مانەوە و منیش لە لایەن حزبەوە بە پەنجا پێشمەرگەوە لەو شوێنە ئەرکی پاراستنی ڕێگای سەردەشت و بانەمان بەڕێوە دەبرد لەو ماوەدا چەند تێکهەڵچوونێك ڕویداو هێندێك چالاکی کران. دواتر دوژمن بە هێزێکی کۆك و پەرداخ بە چەکی جۆراو جۆرەوە لە بانەوە بەرەو سەردەشت بەڕێکەوت، شەڕێکی سەخت لەنێوان هێزەکانی ڕژێم و پێشمەرگەکانی کوردستاندا دەستی پێکرد کە بوو بەهۆی شەهیدبوونی چەند پێشمەرگەی حزبی دیموکرات و تێداچوونی دەیان پاسدارو ئەرتەشی و سووتاندنی چەندین ماشێن و کەلوپەلی دیکەی ڕژێم. ئەو هێرشەی ڕژێم بۆ ماوەی سێ مانگ لە بەرزاییەکانی دارساوێن پێشی لێ گیراو ئەرتەش و پاسدار نەیتوانی بەرەو شاری سەردەشت بێنە پێش و لە گەمارۆی پێشمەرگەدا مایەوە. لەو شەڕانەدا چەند پێشمەرگە شەهید بوو کە عەلی حەمەی مینە و حەمەی مام برایم کە خەڵکی بێورانی خوارێن دوو شەهیدی سەربەرزی ئەو شەڕانەن. تا ئەوکاتیش کاك کەریم حەداد هەر فەرماندە هێزی موعەینی بوو. لە دوورەوە تەماشای بەرەکانی شەڕی دەکردو خەریکی چەپ و گوپ بوو. نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە شۆڕاکان بە گشتی و شۆڕاکانی مەڵبەندی سەردەشت بەتایبەتی لەو هێرش و پەلامارانەدا هاوکارییەکی بەرچاوی هێزی پێشمەرگەیان کرد کە خۆراك و پێویستیان بۆ دابین دەکرد.

# قۆناغی چواردەهەم

## شەڕی سێ مانگەو فتوای جهاد لە لایەن خومەینیەوە دژی گەلی کورد

ئەو هێرشانەی ڕژێم بۆ کوردستان لە هاوینی ١٩٧٩دا بەنێوی شەڕی سێ مانگە نێودێر کران. پێش دەست پێکردنی ئەو هێرش و پەلامارانە خومەینی پەیامی شۆمی خۆی بەنێو جهاد لەدژی گەلی زوڵم لێکراوی کورد ڕاگەیاندو هێرش بەدوای هێرشدا دەکرایە سەر ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان. ئەو شەڕ و هێرشە لە شاری پاوەوە دەستی پێکردو جەلادی ئەودەمی کۆماری ئیسلامی بەناوی خەلخالی، بە ئیعدامی مێرد منداڵانی ناوچەی پاوە، ویستی هاوکات لەگەڵ پەلاماری ئەرتەش و پاسدار، خەڵك چاوترسێن بکات. بەدوای شەڕی پاوە و هاوکات لەگەڵ ئەودا پەلاماری شاری سنە دراو پاش داگیرکردنی ئەو شارە لە سەرەتای شەڕی سێ مانگەدا، خەلخالی بە دەیان لاوی کوردی سنەیی گوللە باران کرد کە لەنێو ئەواندا تەنانەت کەسی بریندار هەبوون کە لەسەر عەرز ڕاکشابوون و هەر بەو چەشنە ئیعدام کران. هەر ئەوەندە ئەو ڕەسمانەی کە لەو جینایەتە سامناکەدا هەڵگیرابوون، لە تەواوی دونیادا بڵاوبوونەوە. بەرەوپێشچوونی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی درێژەی هەبوو، بەدوای سنە، سەقز کەوتە بەر پەلامارو دوایە بۆکان و لە ئاخریشدا مەهاباد بوو کە پێی ئەرتەش و پاسداری گەیشتێ. دیارە ئەو دڕندەیی و جینایەتانە کە لە شارەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەتی لە سنە کرابوو، ڕژێم نەیتوانی لە مەهابادیش بیکا، هەرچەند کە بەدڵ پێی خۆش بوو مەهاباد لە تووڕەکە بکا. مەهاباد ناوەندی کۆماری کوردستان بووە و ناوەندی شۆڕش و جووڵانەوەش سەمیشە یەکەم نیشانە و ئامانجی دوژمنانە. بێجگە لەوە ناوەند و شوێنی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەهاباد بوو و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش هەر لە سەردناوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بە چەشنێك زەبر لە حیزبی دیموکرات و ڕێبەرایەتیەکەی بوەشێنێ. بەهەرحاڵ هێرش و پەلامار بۆ سەر شاری مەهاباد کە شوێنی دانیشتنی ڕێبەری ڕێبەرایەتی حزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستان بوو دەستی پێکرد. دەفتەری سیاسی حزب بۆ ئەوەی شەر نەکەوێتە ناو شار ڕێگای شاخی گرتە بەرو بۆ بەرگری کردن شاری بەجێهێشت. هێزو ڕێکخراوەکانی دیکەش کە

سەرکردایەتیەکەیان لەناو شاردا بوو. چونکە لە فکری خۆدەرباز کردندا بوون بە بێ تەقە ئەوانیش شار بەجێدێڵن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزە داگیرکەرەکان و سوپای پاسدارانی ڕژێم پێش ئەوەی بگەنە شاری مهاباد ڕق و قینی خۆیان بە خەڵکی قارنەو قەلاتان دەڕێژن و نزیك بە(٧٠)کەس لە ژن و منداڵ و پیرو جوان شەهید دەکەن و ئەو گوندانە لە خوێندا شەلاڵ دەکەن. بە گرتنەوەی شاری مهاباد لەلایەن ڕژێمەوە ورەی پێشمەرگەکانی کوردستان دێتە خوار و دەستە دەستە و پۆل پۆل خەڵك و پێشمەرگە بەرەو ناوچەکانی سەردەشت، بانەیرانشار و تا دەچێتەوە مەریوان و هەورامان دەڕۆن و بەشێکیشیان تا کوردستانی عیراق ئاوریان نەدایەوە. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوی شەهید هاتە سەردەشت و لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا کە بە بەشداری هەزاران کەس پێکهاتبوو قسەی بۆ خەڵکەکە کرد و ڕایگەیاند، کە حزبی دیموکرات بۆ دیفاع لە مافەکانی گەلی کوردو بۆ ئازادی و دیموکراسی خەباتی چەکدارانەی خۆی بە شێوەی پارتیزانی دژی ڕژێمی ئیسلامی ئێران درێژە پێدەدات، خەڵکی دڵنیا کرد کە حزبی دیموکرات هەرگیز تەسلیمی داگیرکەران نابێ و سەر بۆ ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە شۆڕ ناکات. ئەو قسانەی دکتور قاسملو جێگای پێخۆشحاڵی خەڵکەکە بوون و بەچەپلە لێدان و بژی حزبی دیموکرات وەلامی قسەکانی ئەویان دایەوە. لەگەڵ ئەو هەلاتەدا بەشێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەرەو سنوری کوردستانی عیراق لە دۆڵی پشکاو جێگیر بوون. دکتۆر قاسملو و کاك ئەمیر قازی لەوێوە بۆ ڕێکخستنەوەی بارەگاکانی حزبی لەناو شارەکەدا نەمابوون بەلام پێشمەرگە هەر لە شاردا مابوون. لەو هەلومەرجەدا لەشکری ٢٤ی سنە داوای لە حزبی دیموکرات کرد کە دەیانەوێ بە تەلەیفۆن لەگەڵ دوکتور قاسملو قسە بکەن، منیش بۆ ئاگادارکردنی دوکتور قاسملو چومە گوندی بەردەپان، مەسەلەکەم بۆ باس کردو گوتی'' من ئەو مەسئولیەتە بە تۆ دەسپێرم بزانە دەڵێن چی''، منیش لەگەڵ مەلا سیروان حەفیدی گەڕاینەوە شارو بە تەلەیفون پەیوەندیمان بە لەشکری ٢٤وە گرت، ئەوان پێیانوابوو کە لەگەڵ دوکتور قسە دەکەن، بەرنامەو پیلانیان داڕشتبوو دەیانەویست بەچەند فڕۆکە هێرش بکەنە سەر تەلەیفۆنخانەی سەردەشت و بۆمب بارانی بکەن، بەلام کە تێگەیشتن دوکتور قاسملو نەهاتبوو، ئەو کارەیان نەکرد. ئێمەش دوای قسەو گفتوگۆ گەڕاینەوە بۆ لای دوکتور قاسملو. لەگەڵ دابەزینی ئارتەش لە شاری

سەردەشت هێزەکانی ڕژێم کە ماوەی سێ مانگ بوو لە دارساوێن پێشیان لێگیرابوو، هاتنە ناو شار. لە شەڕی داگیرکردنەوەی سەردەشتدا دوو پێشمەرگە بەنێوەکانی پیرۆت محمد پوور خەڵکی سەردەشت و شۆڕش کە خەڵکی مەهاباد بوو شەهید بوون. لەو شەڕانەدا ڕژێم فڕۆکەی جەنگیشی بەکارهێنا، بەڵام ئەوەی ڕاست بێت لە هیچ لایەك بەرگریەکی ئەوتۆ نەکرا خەڵك لە هەموو سنورەکانەوە بەرەو باشوری کوردستان وەڕێکەوتن دوایی زۆربەیان گەڕانەوە و بەشێکیشیان لە ئۆردوگاکانی دەوڵەتی عیراقدا جێگیر کران، کە نزیك بە دەهەزار بنەماڵە ڕەوانەی ئۆردوگای ڕۆمادیە لە جنوبی عیراق کران، کە بەشێکیان لەدرێژەی چەند ساڵدا بەهۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەنێردرانە ئوروپا بەڵام تا ئێستاش چەند هەزار بنەماڵەیەك لە ڕۆمادیە ماونەوە و لە هەل و مەرجێکی یەکجار نامرۆڤانەدا دەژین.

## سەرهەڵدانی جاشایەتی لە کوردستانی ئێراندا

هاوکات لەگەڵ شەری سێ مانگەو ئەو هەلات هەلاتەدا هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامی مەیدانیان بۆ چۆڵ دەبێ و لە شارو ناوچەکانی کوردستاندا بنکەو بارەگا دادەمەزرێنن، بەتایبەتی لە موکریان و مەهاباد، جگە لە جاشە مەنگوڕەکان کاربەدەستانی ڕژێم چەند کەسێکی ساویلکەو کۆنە ساواکی دەکەنە جاش و بەگژ پێشمەرگەو خەڵکی کوردستانیاندا دەکەن. مەڵبەندی سەردەشتیش جیا لە ناوچەکانی دیکە نابێت و ئەو کەسانەش لەو مەڵبەندە چەکی جاشەتی هەڵدەگرن: مینە بێتوشی، محمد مەلا علی، محمدی کاك قادر، مینە مەلا، حەمەی میرزا خدروساڵحی کوڕی، قادری نێوچوانی، ئەحمەدی فایقی، حەمە شەیدای، عوسمان و خالید زورەیی، خدری عەزیزی کوێخا، حوسێنی قادر اغای شندرە، ڕەحمان و حوسێنی حاجی هەمزەی نەلاس، مەلا خدر گۆڕانگان، حوسێن و حەمەخان کوڕانی برایم ئاغا، حەمەی قادر ئاغاو هەموو بنەماڵەکەیان، کەریم ترشی و مستەفا گروێسی. ڕەحمان خەمان مەولانی، خدری برایمە ڕەشی بێوران، مام جەمال و حەسەن مارەغانی، عەزیزە گروێی کانبی، عەولاغای گوێزیلە، خالید موسا زادە بەرپرسی بەشی ئتلاعات، مەلا خدرە کەچەڵی بناوێ، یوسفی حەیاکی، حەمە مەلا، تالە، مەحەمەدی عەبدال، هەمزە، شەمام، سمایل نازدار، ڕەسوڵی ئەمینیان خەڵکی بێژو ئالان و لەگەڵ

هێندێك دەرەبەگی گەورکایەتی دواتریش چەند کەسێك کە کادرو پێشمەرگەی حزب بوون لە ژێر تەئسیری خزمەکانیاندا خۆیان تەسلیم بە ڕژێم کردەوە وەك محمدی حاجی ڕەسولْ، سمایل عەلی بەسیْ، عەولاْی وەستا خدری کانیە زەرد، برایم حەمە قادری بنێوخەلێف، وەتمان هەمزە، سالْح شەریف" شەپۆل" ، حەسەن پزشکی، حەسەن شێخی و برایم حاجی ئەحمەد لە ژێرەوە تەماس بە ڕژێمەوە دەگرن و لەنێو پێشمەرگەدا نەخشی خراپیان دەبێت. دواتریش کۆمەلێك کادرو پێشمەرگە خۆیان تەسلیم بە ڕژێم کردەوە، بەلاْم نەبوونە داردەستی ڕژێم ئەوانە خەریکی کاسبی خۆیان بوون. چەند کەسێکیش وەك مۆرەی ڕژێم بە عەقیدەی ئیسلامیەوە تەبلیغاتیان بۆ ڕژێم دەکردو پەرەیان بەو ئیدیۆلۆژیەتە دەدا، ئەوانەش بە دەرەجەی یەکەم بریتی بوون لە: حاجی سەعید نوری مەسئولی بەسیجی عەشایری، عەولاْ کەڕی حاجی ڕەسولْی شای جان، حەمەی حاجی قاسم و چەند کەسێکی دیکەی لەو بابەتە. جگە لەوانەش بەشێك لە شۆراکانی کوردستان کە پێشتر بە پێشنیازی حزب لە لایەن خەلْکەوە دەنگیان پێدرابوو و چەند کەسێکیش لەوانە لە ژێر نێوی ئەنجامدانی ئەرکی شۆرایەتیدا تێکەلْ بە دەزگاکانی ڕژێم دەبن و بە پێچەوانەی ئەرکی خۆیان دەبنە ئالْقە بە گوێی ڕژێم و سیاسەتی ئەوانە لەسەر خەلْکی کوردستان بەڕێوە دەبەن. ئەوانەش لە تەحویلدانەوەی پێشمەرگە دا بیْ تەئسیر نەبوون. دوای چەند ڕۆژ تێپەڕبوون بەسەر ئەو ڕووداوانەدا کۆڕەوەکە تەواو بوو و بارودۆخەکە لەبار بۆوەو خەلْك و پێشمەرگە بەخۆیاندا هاتنەوە. هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە پێش هەموویانەوە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات خۆیان ڕێکخستەوەو بە بەرنامەو تاکتیکی تازەترەوە گەڕانەوە ناوچەکان و چالاکیەکان دەست پێکرانەوەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئاوەدان بوونەوە. شەڕی مالْ بە مالْ و کوچە بە کوچە دەستی پێکردەوە و ئێمەش لەگەلْ چەند هاوڕێی بەشی پێشمەرگەو تەشکیلاتی وەك مەلا برایم دۆلْەگەرمی و سیروان حەفیدی و خدر ئازەری و فەقیْ مەحمود قولەسوێرو یەکمان گرتەوە. یەکەم پەلامارمان بۆ سەر پایەگاکانی دەوروبەری سەردەشت دەست پێکرد لە هەموو لایەکەوە دوژمن کەوتە بەر هەلْمەت و پەلاماری پێشمەرگەو تا بەیانی شاریش لە کۆنترۆلْی پێشمەرگەدا مایەوە. خەلْکی شاری سەردەشتیش بە کردنەوەی دەرگاکانیان و بژی حزبی دیموکرات پشتیوانی خۆیان لە پێشمەرگەو حزبی

دیموکرات نیشاندا. لەو پەلامارەدا فەرماندەیەکی پاسداران و چەند پاسدارێک کوژران و ئێمەش بە دوو برینداردەوە گەڕاینەوە شوێنەکانی خۆمان و لە دەوروبەری شار بەرامبەر بە هێزەکانی دوژمن لە گردی قوچ و گردی عەوزەو میرشێخ حەیدەر سەنگەرمان گرت و تا ماوەی چەند مانگێک شیواشان و بێزیلەش لەژێر کۆنترۆلی پێشمەرگەدا مانەوە. بەرپرسایەتی ئەو پێشمەرگانەش هەر بە ئەو کەسانە بوون کە پێشتر ناوم هێنان. لەلایەکی دیکەشەوە هێزەکانی ڕژێم لە پیرانشارو سەردەشتەوە هێرشی خۆیان بۆ سەر پێشمەرگە دەست پێکرد، هێزیکی گەورەی سوپای داگیرکەر لە تەنگی گرژاڵ دەکەوێتە کەمینی پێشمەرگەو زەربەیەکی قورس لەو هێزە دەدرێ و چەندین کەلاکی دوژمن لە مەیدانی شەڕ دەکەوێ و کەلوپەلی شەڕ وەک ماشێن لە مەیدانی شەڕەکە بەجێ دەمێنێ. فەرماندەی ئەو چالاکیە کاک مالا حەسەن شیوە سەڵی دەبێت کە سێ چوار پێشمەرگە دەبن. بەداخەوە لەو چالاکیەدا جەلال میراوەیی کادری حزب لە لایەن هێزەکانی پاسدارەوە گیراو دواتر ئیعدامیان کرد. لە ماوەی شەڕی سێ مانگەدا بەم جۆرە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەوتنەوە بەردەستی پێشمەرگە. هەر لەو کاتەشدا پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سەردەشت بۆ دەست بەسەر داگرتنی پادگانی شار لەهەموو لایەکەوە هێرشیان دەکردە سەر دوژمن و شار لە کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو تەنانەت ڕێگای هاتوچۆی پایەگاکانیش بەستراو دوژمن لە هەموو لایەکەوە وەتەنگ هاتبوون. ئەوە بوو دوژمن لەڕێگای پیاو ماقوڵانی شارەوە لەگەڵ بەشێک لە بەرپرسانی پێشمەرگە دەکەوێتە وتووێژو بەداخەوە بڕادەرانی بەرپرس بەبێ ئەوەی مەشوەرەت بە دەستەو پەلەکانی دیکە بکەن ڕێگا دەدەن کە ئازوقە بگاتە پایەگاکانی دوژمن، لەو کاتەدا ماشێنێکی پڕ لە پاسدارو ئەرتەشی بەمەبەستی چون بۆ پادگان، لەپایەگای پشتی شێوە برایمە دێنە خوار، لە لایەن پێشمەرگەکانی حزبەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گولەو حەوت پاسدار دەکوژرێن و پێنجیش بەدیل دەگیرێن. بەداخەوە لەو شەڕەدا کاک سەلیم کادیری حزب و مام حەسەن ڕەشە هەرێمی پێشمەرگەی حزب شەهید دەبن. هەر لەو کاتەدا داریوشی فورهەر کەدەیەویست لە پادگان بنیشێتەوە، بۆ ئەوە هاتبوو چارەسەرێک بۆ هێزە تێکشکاوەکانی ڕژێم بدۆزێتەوە لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە تەقە لە هەلیکۆپتەرەکە کرا، ئەو تەقە لێکردنە بوو بەهۆی ئەوە کە ڕژێم لە هەواو زەمینەوە

هێرش بەرێتە سەر شارو ئێمەش بەمەجبووری شارمان بەجێهێشت. لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا پێشمەرگە نفوسی کردبۆوە نێو شارەکان و دوژمن تەنگی پێهەڵچنرابوو. بەهۆی ئەو فشارەوە ڕژێم کەوتەوە پلان دارشتن و بەنێوی وتووویژ کردن بەلام لەڕاستیدا بۆ فریودان و هەڵخەڵەتاندنی حزبە شۆڕشگێڕەکان، دیسان هەیئەتێکی دیکە بە سەرپەرشتی داریوشی فروهەرو بەشداری سەباغیان و مهەندیس سەحاجی لەپایزی ١٩٧٩دا هاتنە ناوچەی سەردەشت و لە گوندی بێورانی خواریّ دابەزین و میوانداریان لێکراو بۆ کۆبونەوە لەگەلّ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان لە گوندی نێشکۆلان کۆبونەوە. بەرهەمی ئەو کۆبونەوەش هەروەك کۆبونەوەکانی پێشوو بوو، یان دەبوو ڕژێم تەسلیمی ئیرادەی خەڵك و حزبەکان بیّ یان بۆ فریودان ڕێگای وتوویژ بگرێتە بەر. بەلام لە هەموو شتێك سەیرتر ئەوەبوو لەو کۆبوونەوەدا جگە لەوەی نوێنەری حزبی دیموکراتی تێدا بەشدار نەکرابوو، کە هێزی سەرەکی لە کوردستاندا بوو بەڵکو هێندێك ڕێکخراو و حزب و کەسایەتی لەو کۆبوونەوەدا بەشدار دەبن کە کەمتر پەیوەندیان بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو بەشەدا دەبێت! بەتایبەتی نوێنەری یەکیەتی نیشتمانی لە لایەك و سەلاحی موهتەدی لە لایەکی دیکەوە کە هیچ مەسئولیەتێکی لە نێو حزبەکانی کوردستاندا نابێت لەو کۆبوونەوەدا بەشدار دەبن. مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینیش لەژێر تەئسیری ئەواندا باسی بەشداربوونی نوێنەری حزبی دیموکرات ناکات، لە حالێکدا هەموو لایەکیشیان باشیان دەزانی کە بەبیّ بەشداربوونی حزبی دیموکرات لە هەیئەتی نوێنەرایەتیدا ئەو کۆبوونەوەی وتوویژانە کەمترین نرخیان نابیّ. هاتنی ئەو هەیئەتە بۆ کوردستان بە قازانجی گەلی کورد نەبوو تەنیا بۆ خۆڕێکخستنەوەی هێزەکانی ڕژێم بوو، بەو هۆیەوە لە سەرانسەری کوردستاندا شەڕ ڕاگیراو خومەینیش کە پێشتر غەزای لە دژی گەلی موسوڵمانی کورد ڕاگەیاندبوو ئەوجارە کە زانی هێزەکانی لە بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتوو نابن، بە مەجبووری لە ئاخرین مانگی پایزی ١٩٧٩دا لە پەیامێکدا ڕایگەیاند کە خەڵکی کوردو هێزەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران لە جێگای ئەوەی یەکتر بکوژن، بالولەی تفەنگەکانیان بکەنە سنگی دوژمنانی هاوبەش، قەولیشی دابوو کە گیروگرفتە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای دیالۆگ و

ئاشتیەوە چارەسەر بکات. بە ڕاگەیاندنی ئەو پەیامەی خومەینی سەرکردایەتی حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی و ئێرانی بەشێکیان گەڕانەوە شاری سابلاغ و ڕێبەری حزبی دیموکراتیش بنکەو بارەگای دەفتەری سیاسی لەو شارەدا دامەزراندەوە، جارێکی دیکەش دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان لە حزب و ڕێکخراو و کەسایەتیە سیاسییەکان پێکهێنەرایەوە کە ئەمانە بوون: مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی وەك سەرپەرشت، حزبی دیموکرات وەك قسەکەری هەیئەت و کۆمەڵەو چریکەکانی خەڵکی ئێران لقی کوردستان وەك ئەندام دیاری کران. لەو ماوەشدا نوێنەرانی دەوڵەت هاتوچۆی کوردستانیان دەکردو وەزعی کوردستانیان هەڵدەسەنگاندو لەگەڵ کەسانی ناوداری کورددا چاوپێکەوتنیان دەکرد؟! لە ڕاستیدا ڕژێم نەیدەویست کێشەی کورد لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکات ئەگینا دەیزانی دەبێ لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستاندا کۆبێتەوە. بەهەرحاڵ وەزعی نە شەڕ نە ئاشتی سێ چوار مانگێکی خایاند. نوێنەرانی دەوڵەت لەگەڵ هەیئەت دانەدەنیشتن بە بەهانەی ئەوەی کۆمەڵەو چریکەکانیان قەبوڵ نەبوو. بە پێی سەرچاوەکان و قسەی بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەری حزب دواتر لەسەر گەلاڵەی خودگەدانی کە لە لایەن حزبی توودەوە پێشنیار کرابوو، لە لایەن هاوبیرەکانی خۆیانەوە لە نێو حزبی دیموکراتدا، ئەو گەلاڵەیە دەگاتە دەستی ڕێبەری حزب، ڕێبەریی حزبیش قەبوڵی ناکاو حازر نابێ لەسەر ئەو گەلاڵەیە باس و وتووێژ بکات. ئەوجار حزبی دیموکرات ویستەکانی خەڵکی کوردستانی لە هەشت خاڵدا گونجاندن و تەسلیم بە نوێنەرانی دەوڵەتیان کردن. بەلام ڕژێم ئەو گەلاڵەیەش قەبوڵ ناکاو هاتوچۆو دانیشتنەکان ئاکامێکیان نابێ. لە ڕاستیدا دەردەکەوێ کە ڕژێمی ئێران نە پێشترو نە ئەو کات و دواتریش و ئێستاش نەکەم نە زۆر باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کورد نەبووە و نابێت و ئەزموونەکانیش ئەوەیان نیشان داوە. چونکە دابینکردنی ماف بۆ گەلێکی ژێردەستە لە چوارچێوەی یاسای دەوڵەتێکی دیموکراسیدا جێ بەجێ دەبێت نەك لە لایەن ڕژێمێکی کۆنەپەرستی دژ بە ئازادی.

## دروست بوونی حیزبی ڕزگاری و جموجۆڵی چەکدارانەی کاك عەلی قازی

دوا بەدوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری ئاخوندەکان و بە دەستەوەگرتنی دەسەلاّت لە ئێران دا جۆش و خرۆشی ڕاپەرین و سازکردنی ڕێکخراوە و حزب لە ناو خەڵکی کوردستان دا پەرەی دەستاند، هەرچەند کەسێك لەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و خەریکی پێکهێنانی دەستەو تاقم دەبوون. دەوڵەتی عیراقیش لەو کاتەدا بۆ پەرەپێدانی نفوزی خۆی لە کوردستانی ئێراندا حازر بوو بە چەك و دراو یارمەتی بە خەڵکانێك بکا کە دەبنە گوێ لەمستی خۆی و بەرژەوەندیەکانی بەرێوە دەبەن، ئەو جۆرە کەسانەش لە کوردستان کەم نەبوون. هەمیشە لەکاتی وتووێژکردنی حزبی دیموکرات لەگەڵ ڕژێمی ئاخوندەکاندا، کەسانی سەر بە عیراق بە مەبەستی تێکدانی پرۆسەی ئاشتی شەڕیان هەڵدەگیرساندەوە. لە لایەکی دیکەشەوە چەند گرووپی سیاسی بە نێوی جۆراو جۆر سەریان هەڵدەداو دەکەوتنە دژایەتی حزبی دیموکرات، یەکێك لەوانە حزبی ڕزگاری بە ڕێبەری شێخ عوسمانی بیارە بوو کە لە گوندی دووڕو دادەنیشت. ناوبراو لەگەڵ چەند سەرۆك عەشیرەت و لەگەڵ هەندێك دەروێش و خەلیفەی خۆی لە جنوبی کوردستان دەستیان بە پێکهێنانی هێزی چەکدار کردو لەلایەن دەوڵەتی عیراقیشەوە یارمەتیان پێدەکرا. دیارە دواتر کۆمەڵە هێرشیان کردنە سەر و بێ ئەوەی بەرگرییەکی ئەوتۆ لە خۆیان نیشان بدەن بەشێکیان چەککران و بەرپرسەکانیان هەلاّتن بۆ لای دەوڵەتی عیراق و کۆتایی بە تەمەنی حزبی ڕزگاری هات.

لەلایەکی دیکەشەوە بە پێی ئەو هەل و مەرجە کە خولقابوو، بارودۆخی کوردستان بۆ ڕاپەرین و شۆڕش ئامادەبوو. بەم هۆیەوە عەلی قازی کوڕی قازی محمدی نەمر بە پشتیوانی دەوڵەتی عیراق هێزێکی چەکداری پێکهێناو گەڕایەوە کوردستانی بندەستی ئێران و لە لایەن حزبی دیموکراتەوە پەلاماری درایە سەر و هێزەکانی چەککران و بۆ خۆشی دەستگیر کراو تا ماوەیەك لە زیندانی حزبدا مایەوە. عەلی قازی کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لە کوردستان و خەڵك دابڕابوو نە خەڵك ئەوی باش دەناسی و نە ئەویش خەڵك ناس بوو. کەسانی وەك مەلا قادر زوران و پیرۆت ئاغای بنێوخەڵف و حەمەی قادر ئاغای مەلا شێخ کە پێشتر لە زەمانی شادا ساواکی

بوون کربونیە موشاویری خۆی، یا پیاوی وەك سەرداری حاجی ئەحمەد هەرمێی دەمڕاستی بوو، هەر بۆیە بە ئاکامێك نەگەیشت. ناوبراو دواتر لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە خرایە زیندان و دوای چەند ساڵێك ئازاد کراو گەرایەوە ئەورووپا. لەهەمان کاتدا چەند کەسێکی دیکەی وەك سمکۆی عەلیاریش کە ئەفسەرێکی دەورانی ڕژێمی شا بوو ماوەیەك لە نێو حزبی دیموکراتدا مایەوە و دواتریش لەگەڵ دەوڵەتی عیراق پەیوەندی گرت، بۆ ئەوەی شۆڕشێك دەست پێ بکات بەڵام لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو.

## هەڵوێستی ڕێکخراوە چەپەکان لە بەرابەر حزبی دیموکراتدا.

جگە لەو دەستەو تاقمو و کەسانەی کە باسم کردن، چەند سازمان و گورووپی دیکەش وەك کۆمەڵە، چریکە فیداییەکانی لقی کوردستان، ڕایی کارگەرو پەیکاربێ وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردستان دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە حیزبی دیموکرات نیشان دەدا، لە کوردستاندا خۆیان بە خانەخوێ دەزانی و حزبیش بە میوان! بەمجۆرە دەیانەویست لە هەموو بارێکەوە وەك حزبی دیموکرات لەلایەن دۆست و دوژمنانەوە حسابیان بۆ بکرێ. بەداخەوە مامۆستا مەلا شێخ عزەدینی حوسێنیش لەژێر تەئسیری تەبلیغاتی چەپەکان و بەتایبەتی کۆمەڵەدا دژایەتی حزبی دیموکراتی دەکرد. ئەو حزب و ڕێکخراوانە بێجگە لە کۆمەڵە هیچ کامیان لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا نەماونەوەو ئەوە حیزبی دیموکرات بوو کە وەك پێشڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا درێژەی بە خەبات دا. سەیر ئەوەیە هەر حیزبێك یا ڕێکخراوەیەك چ ئەوکات و پێشترو چ تا ئێستاش کە لە کوردستان یا لە دەرەوەی وڵاتیش دامەزران، تەنانەت ئەگەر هەر لە سێ چوار کەسیش پێکهاتبن، لە پێشدا نوکی پەلاماریان بۆ سەر حیزبی دیموکراتە و باسی دوژمنایەتی میللەتی کورد کەمتر دەکەن. ئەوانە گەورەبوونەوەی خۆیان لە چوك کردنەوەی حزبی دیموکرات دا دەبینن، هەر وەك کۆمەڵەش نامەسئولانە، بە پشتیوانی هەندێك حزبی نامەسئولی دیکە لە کوردستانی ئێران و بە فیتی چەند کۆنە دەرەبەگێکی قین لە دڵ بەرامبەر بە حزبی دیموکراتی کوردستان وەك سەڵاحی موهتەدی کە هەمیشە چرا سەوزی بۆ دوژمنانی حزبی دیموکرات و گەلی کورد لێداوە ڕۆڵی خەراپیان هەبوو و حیزبی دیموکرات بەوەبەرچاوگرتنی مەسئولیەتێك کە لە بەرابەر خەڵکی کوردستاندا

هەیەتی بێدەنگ نەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە پلانی ئاخوندەکان بەهۆی عەواملی نفوزی لە نێو حزب و کۆمەڵەدا دوژمنایەتیەکەی زیاتر کردو ئەم دوو ڕێکخراوە دەستیان خستە نێو خوێنی یەکتر و بەرژەوەندی گشتی گەلی کورد فیدای بڕیاری نادروستی ڕێبەریی هەردوو لابوو. شەڕی نێوان کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات یەکێک لە ناحەزترین دیاردەکانی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەلات بوو کە ئێستاش وەك پەڵەیەکی شەرم هێنەر بەنێوچاوانی هەردووك لا دیارە. بەلام هەزاران شۆڕشگێڕ سەریان تێدا چوو، دڵی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان شکاو دوژمنانی گەلی کورد پێی شادو شوکور بوون. هۆی ئەو شەڕانەش ئەوەبوو کە نە حزبی دیموکرات کۆمەڵەی وەك ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ و نوێنەری چینی زەحمەتکێش دەناسی، نە کۆمەڵەش حزبی دیموکراتی بە ڕێبەری جوولانەوەی خەڵکی کوردستان قەبوڵ بوو!؟ ئەو دوژمنایەتی و ناکۆکیانە تا ساڵی ١٣٦٧ بە شێوەی گشتی ریزەکانی هەردوو لای تەنیبۆوە، کە دواتر بەهۆی لێکدابڕانی ڕیزەکانی حزبی دیموکرات، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕاگەیاندنی مەوجودیەتی خۆیدا، ئاگربڕی لەگەڵ کۆمەڵە ڕاگەیاندو لەگەڵ ئەو بەشەی حزبدا کۆتایی بە شەری خۆکوژی هێنا کە ئەوە باسێکی دیکەیەو لە شوێنی خۆیدا ئامارەی پێ دەکەم. بەهۆی شەڕە کۆمەڵە و دیموکرات بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان ئاشکرا بوو کە ڕێبەرانی حزب و کۆمەڵە چەندە نامەسئولانە جوولانەوە و لەهەمان کاتیشدا چەندە باوەڕیان بە ئازادی و دیموکراسی و بەرژەوەندیی گەلی کورد هەبووە. سەرەنجام دەرکەوت کە شەڕ بۆ کورسی و پووڵ و پارەیە نەك لە پێناو ئازادی و دیموکراتییەتدا.

# قۆناغی پازدەهەم

## کۆنگرەی چوار و هەڵەی تەشکیلاتی ڕێبەرایەتی حزب و ئاکامەکەی

دوای شەڕی سێ مانگە و گەڕانەوەی حزبەکان بۆ ناو شارەکان ئەو دەرفەتە بۆ حزبی دیموکرات پێکهات کە کۆنگرەی چوارەمی خۆی ببەستێ و تێکۆشانی خۆی لەسەرانسەری کوردستاندا زیاتر پەرەپێبدا. لەگەڵ گرتنی کۆنفەرانسەکان و دیاری کردنی نوێنەران بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەدا ڕێبەری ئەوکاتی حزب بە دانی بڕیارێکی نادروست و ژێرپێنانی پێڕەو و پرۆگرامی نێو خۆی حزب. کەسانێکی بۆ کۆنگرە بانگهێشت کردبوو کە تا ئەو کات پەیوەندی ڕێکخراوەییان بە حزبەوە نەگرتبوو، تەنانەت بەشێك لەوان کەمتر باوەریان بەخەتوو ڕێبازی حزب هەبووە. ئەو هەڵەیەی کە ڕێبەریی حیزب کردی، دوایی گران بەسەر حزبدا شکایەوەو ئاکامی خراپیشی بەدواوە هەبوو. یەکێك لە هەڵەکان ئەوەبوو کە بە دەگمەن کادری خاوەن خەبات و ئەزموون دەنگیان پێدرابوو، کۆنگرەی چوار لە کاتێکدا بەسترا کە دەوڵەتی موهەندیس بازرگان لەسەر کار بوو، بەنی سەدریش بەسەر کۆماری ڕژێمی ئاخوەندەکان دیاری کرابوو بەڵام کەمتر دەسەڵاتیان پێدرابوو، دەبوو هەر ئاخوندەکان بڕیار دەربڕن. لەو سەردەمەدا لە کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ۱۳۵۸ دا کۆنگرەی چوارەمی حزب بە بەشداری ۳۱۰ کەس دەبەسترێ کە بەشێك لە نوێنەران ئەندامی حزب نابن!!؟ بە پێی بەرنامە و پێڕەوی حزب کە دەبوو لانی کەم سێ مانگ هەتا شەش مانگ لە ژێر چاوەدێری تەشکیلاتی حزبدا بمێننەوە وە هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە دەبنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لانی کەم دەبوایە دوو ساڵ ئەندامی حزب بوبن و لە حزبدا تێکۆشانی بەرچاویان هەبوبێ، بەڵام بە پێچەوانەی بەرنامەی پێڕەوی حزب کەسانێك وەك نوێنەر بۆ کۆنگرە بانگکرابوون کە هەتا سێ چوار مانگ پێش کۆنگرە دژی حزب تەبلیغاتیان دەکرد، بۆ نمونە دروشمی "دیموکرات و قییادە ڕەنجی کوردیان بە با دا" لە شاری نەغەدە درابوو بە خۆپیشاندەران دەگوتراو دووپات دەکرایەوە. کەسانی وەك کاك مستەفا هیجری و ڕەحمان کەریمی و چەند کەسێکی تری لەو جۆرە. ئەو کەسانەش لە کۆنگرەدا دەنگییان پێدرابوو و ببوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب؟!! وە هەروەها ڕێبەری حزب پێش گرتنی کۆنگرەی

چوار نەیتوانی ڕیزی ئەو کەسانەی کە لە نێو حزب دا فکرەو بۆچوونی جیا لە حزبیان هەیە لە ریزەکانی حزب دا دەستیان کورت بکاتەوە، وە پێش لە گێرەشێوێنی ئەوان بگریّ. لەڕاستیدا دەتوانم بڵێم کە کۆنگرەی چوار لە چوار لایەنی جیا لەیەك و دژ بەیەك پێکهێنرابوو، هەر کامیش لە ئەوان بە گوێرەی نفوزێك کە لە نێو حزبدا هەیان بوو لە کۆنگرەدا دەنگیان هێنایەوە و بوونە ئەندامی ڕێبەری حزب. لایەنی یەکەم ئەو کەسانە بوون کە ساڵەهای ساڵ ئالا هەڵگری خەبات و تێکۆشانی حزبی دیموکرات بوون وەك دکتۆر قاسملو، جەلیل گادانی، حەسەن ڕستگار، فەتاح کاویان، ئەمیر قازی، سەعید کوێستانی، عەبدولا حەسەن زادە، هاشم کەریمی، مستەفا شلماشی، ڕەسولْ پێشنوماز، حەسەن شیوە سەڵی، سەید ڕەسولْ دهقان وە هێمن ی شاعر. لایەنی دووەم کەسانێك بوون کە هەر بە نێو لە حزبی دیموکراتدا تێدەکۆشان ئەگینا وابەستە بە حزبی تودەی ئێران بوون و ئایدۆلۆژیەتی خۆیان بەسەر ئەندامانی حزبدا دەسەپاند بە دەرەجەی یەکەم مامەغەی بولوریان، دوکتور ڕەحیم قازی، کاك کەریم حیسامی، کاك حەمەدەمین سیراجی، فاروق کەیخسرەوی، ئەحمەد عەزیزی، ڕەحمان کەریمی، نەوید موعەینی، فەوزییەی قازی وە هەروەها چەند کەسێتی تر. پێویستە بگوترێ کاك کەریم حیسامی و کاك حەمەدەمین سیراجی هەرچەند لایەنگری حزبی توودە بوون، لە بەلاڕێدابردنی ئەندامانی حزبدا نەخشی خەراپیان هەبوو بەلام لەو کۆنگرەیەدا دەنگیان نەهێنایەوە، دەلیلی بەهێزبوونی تاقمی سەر بە حزبی تودە لە نێو ریزەکانی حزب دا لە دەرەجەی یەکەمدا پشتیوانی کردنی دکتۆر قاسملوو بوو لەو تاقمە، چونکە بۆ خۆشی تا کۆنگرەی سێهەمی حزب، ئاڵقەی پەیوەندی حزبی دیموکرات بە حزبی تودەی ئێرانەوە بوو. لایەنی سێهەم ئەو کەسانە بوون کە هەتا پێش کۆنگرە نەببونە ئەندامی حزب وەك، دکتۆر سەعید شەرەفکەندی، کاك مستەفا هیجری، دکتۆر خسرەوی، موهەندیس ئاریایی، سەوران ئەفشین، قادر شەهاب، عەلی حسێنیان، قادر عەبدی، سەعید سوڵتانیان، سەرهەنگ رەبیعی، مەحەمەد پوور ئازەرو چەند کەسێکی تر. ئەو تاقمە بەهۆی هەل و مەرجی لەباری سیاسی بەتازەگی هاتبوونە نێو حزبی دیموکرات و بەپێی ئوسولی تەشکیلاتی ئەوکات بۆ ئەوە نەدەبوون ببنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. تاقمی چوارەم کە پێشتر زەحمەتیان لە حزبدا کێشابوو بۆ ماوەیەك لە تەشکیلاتدا دابڕابوون وەك، کاك حسین مەدەنی،

حەسەن شەرەفی، عەزیز ماملێ، ڕەحمان حاجی ئەحمەدی، سدیق قەوی پەنجەو تەها عەتیقی. ئەو تاقمەش دەبنە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی و بەشێك لە ئەوان خێریان بۆ حزب دایەوە. بەلاّم لەسەر یەك بەرهەمی ئەو کۆنگرەیە غەیری لێکدابڕانی ڕیزەکانی حزب و پرشوو بلاّوی و هاڵۆزی و دووبەرەکایەتی نەبێ ئاکامێکی باشی بەدواوە نەبوو و حیزب و کوردیش زیانی پێگەیشت.

## ڕوداوە تاڵەکانی دوای کۆنگرەی چوار.

بەدوای کۆنگرەی چوارەمی حزبدا چەند ڕوداوی چاوەڕوان نەکراو سەریان هەڵداو هاتنە دەرێ، یەکێك لەوان شەڕی تاقمی حەوت کەسی کە بە فیتی حزبی توودەی ئێران و پلانی ئاخوندەکان داڕژابوو، لە ئاخرین مانگی زستانی ١٣٥٨ ئەو تاقمە بە ڕێبەری غەنی بولوریان هاتە ئاراوە، ئەو پلانەی ڕژێم لە باری تەشکیلاتی و نیزامیەوە زیانێکی گەورەو بەرچاوی لە قەوارەی حزبی دیموکراتدا، چەندین کادرو پێشمەرگەی ئەو حزبە بە لای ئەو تاقمەدا شکاندەوەو لە حزب هەڵگەرانەوە، بە پشتیوانی حزبی توودەو شان بە شانی هێزەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران شەڕێکی خوێناوی و خائینانەیان لە دژی حزبی دیموکرات و گەلی کورد دەست پێکرد کە سەرەنجام بە تێداچوونی خۆیان و حزبی توودە تەواو بوو، زیانێکی گەورەشی لە حزبی دیموکرات دا. دواتریش پاشەڕۆکی ئەو تاقمەو لەگەڵ حزبی توودەو چریکە فیدایەکانی ئەکسەریەت شان بە شانی ڕژێم پەلاماری کوردستانیاندا، چەند کەسێکیش لەو تاقمە کە لە ڕیزەکانی حزبدا مابوونەوە لە ژێرەوە خەریکی ئاژاوەگێڕی بوون لە نێو ڕیزەکانی حزبدا، لە لایەکی دیکەشەوە شەڕی نێوان کۆمەڵەو حزب ئاستەنگێکی گەورەی بە بار هێنابوو، بەو هۆیەوە گەورەترین زیان لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد دراو سەدان ڕۆڵەی تێکۆشەری گەلی کورد لە هەموو لایەك بوونە قوربانی هەڵەو سەرەڕۆی و پاوەنخوازی ڕێبەرەکانی هەردولا. چەند کەسێکیش بە هۆی نفوزی لاوەکی لە نێو کۆمەڵەدا کە هیچ پەیوەندی تەشکیلاتیان بە کۆمەڵەوە نەبوو تەنیا بە مەبەست دژایەتی کردنی حزبی دیموکرات تەئسیری خراپیان لە هەڵگیرسانی شەڕەکەدا هەبوو بە ئاشکرا کۆمەڵەیان دژی حزبی دیموکرات هان دەدا. بەتایبەتی کاك صلاح موهتەدی و بنەماڵەکەیان کە پێشتر کۆمەڵەی ڕزگاریان دژی حزبی

دیموکرات پێکهێنابوو تێشیدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوجارەیان لە نێو کۆمەڵەدا بە نێوی کۆمەڵە دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە حزبی دیموکرات دووپات کردەوە. هەروەها مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێن کە وەك ڕێبەری مەزهەبی لە نێو خەڵکی کوردستاندا ناوبانگی دەرکردبوو بە دەگمەن قسەی باشی دەرهەق بە حزبی دیموکرات دەکرد، لە جێگای ئەوەی کە بێلایەنی خۆی نیشان بداو سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و سادقانە نێوبژیکەر بێت، بەداخەوە بە قسەی چەند کەسێك لە ناحەزانی حزبی دیموکرات کە ئەوکات دژایەتی حزبیان دەکردو بەلای کۆمەڵەدا شکابۆوەو لە خۆشکردنی ئاگری شەڕەکەدا نەخشی خراپی دەگێڕا، هەر ئەو هەڵوێستەی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە کە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا لە نفوزی خۆی کەم بکاتەوە، هەتا مامۆستا، وشیار بۆوەو بەخۆیدا هاتەوەو حزبی ناسی و زانی کە دژایەتی کردن لەگەڵ حزبی دیموکرات بە مانای دژایەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستانە ئیتر کار لە کار ترازابوو دەوری بەسەر چووبوو، بەمجۆرە ناوبراویش نەیتوانی دەوری مەسئولیەتی خۆی بگێڕێ و لەجوڵانەوەدا نەخشی ڕێبەری هەبێ.

## شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عیراق

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران دەوڵەتی عیراق دەیزانی کە ئەو ڕژێمە لە دوارۆژدا دوژمنایەتی لەگەڵدا دەکاو بەرنامەی بۆ ڕوخانی دادەرێژێ، دەوڵەتی عیراقیش دەست پێشخەری کردو پەیمانی شوومی ئەلجەزائیری کە بەشێك لە خاك و ئاوی عیراقی دابوو بە ڕژێمی شاو شۆڕشی کوردی پێ لەناو بردبوو، ئەو پەیمانەی هەڵوەشاندەوەو لە ڕوانگەی دەوڵەتی عیراق ئیتعتباری نەما، شط العرب گەرایەوە سەر خاکی عیراق، دواتریش لە ناوەڕاستی ساڵی ١٣٥٩دا بە هێزیکی زۆرەوە بە ئیمکاناتێکی تەواوی نیزامیەوە لە چەند لاوە پەلامار و هێرشی خۆی بۆ سەر خاکی ئێران دەست پێکرد، لە یەکەم پەلاماردا ئەرتەشی عیراق توانی بەشێك لە خاکی ئێران لە جنوبی کوردستان داگیر بکات ڕۆژ بە ڕۆژیش شەڕەکە گەورەتر و گەرمتر دەبوو، هێزەکانی هەردوو لا بە شێوەیەکی بێ ڕوحمانە بۆ ماوەی هەشت ساڵ کەوتنە گیانی یەکتر و گەورەترین زیانیان بەیەك گەیاند، لە باری ئابوریشەوە گەورەترین زیان وە هەردوو وولات کەوت، ئەوەی ڕاست بێ بە هەڵوەشاندنەوەی

پەیمانی ئەلجەزائیر لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە ڕژێمی ئێران کەوتبۆ خۆ و خەریکی پێکهێنانی بونیادی ئیسلامی و دامەزراندنی بنکەی جاسوسی لە نێو شیعەکانی کەربەلاو نەجەفدا بوو، دەیەویست دەوڵەتی عیراق بروخێنێ و دەوڵەتێکی وەك خۆی لە باری عەقیدەتی و کۆنەپەرستیەوە لە ژێر فرمانی خۆیدا لە عیراق دابمەزرێنێ، دەوڵەتی عیراقیش ئەو ڕاستیەیی باش دەزانی کە ڕژێمی ئێران بە دەسەڵاتی تەواو بگات بەرنامەی بۆ ڕوخانی هەیە، هەر بۆیە ئاوا کتوپڕ پەلاماری دایە سەر، لە ئەنجامی شەری ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەدا کە ڕژێمی ئێران نەیتوانی بەسەر دەوڵەتی عیراقدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ دوای هەشت ساڵ خومەینی قاپە ژەهرەکەی خواردەوەو بە ناچاری تەسلیم بە سوڵح بوو، دەوڵەتی عیراقیش دووبارە بە ئیمتیازدان بەشێك لە خلیج و شط العرب و هێندێك دورگەی دیکەی دا بە ئێران و کۆتایی بەشەڕی هەشت ساڵە هات، هەزاران کەس تێدا چوون و هەزارانیش بوونە ئەسیر لە هەردوو لا، دوواتر گۆڕدرانەوە. ئەو هەموو تاوانانەی ئەو دوو ڕژێمە کە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامیاندا چاوپۆشیان لێکردو پێکهاتن. تاوانی هەڵەبجە، بانە، بالیسان و سەردەشت لە کوردستاندا، لە ڕێکەوتن نامەی ئەو دوو ڕژێمەدا باسیان لێنەکراو خرانە پشت گوێ. بەمجۆرە زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجەو دوو هەزار شەهیدی بانە، سەردەشت و بێوران، سەدو پەنجا شەهیدی بالیسان و خۆشناوەتی، وەك گەورەترین جینایەت بوو بە کارنامەو پێناسەی ئەو دوو ڕژێمەو لە دنیاشدا دەنگی دایەوە، بەڵام بەداخەوە هیچکام لە وڵاتانی دەرەوەش تەنانەت سازمانی دیفاع لە مافی مرۆڤ و ئازادیخوازانی دونیا لە بەرامبەر ئەو جینایەتانەدا مەتەقیان لێوە نەهات، بەڵام دواتر کە دەوڵەتی عیراق هێرشی کردە سەر کوێت و ئەو وڵاتەی داگیر کرد، هەموو دونیا وەدەنگ هاتن، چونکە بەرژەوەندی خۆیان کەوتبۆ مەترسی و گەلەکۆیەیان لە عیراق کرد، بەزۆر لە کوێتیان وەدەرناو دەنگی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی لەگەڵدا بوو بەڵام چ لە رابردوو چ ئێستاش هەموو ئەو تاوان و جینایەتانەی کە چوار ڕژێمی داگیرکەری کوردستان دەرهەق بە چل ملیۆن کورد ئەنجامی دەدەن، هیچ کام لەو دەوڵەتانە حازر نەبوون و نین بە کردەوە پشتیوانی لە خەباتی ئازادیخوازی کورد بکەن و پێش لە خولقاندنی ئەو جینایەتانە بگرن کە ڕژێمەکانی تورك، عەرەب و فارس بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامی دەدەن، هاوکاتیش لەگەڵ پەلامارەکانی دەوڵەتی عیراق بۆ سەر ئێران موجاهیدینی خەڵکی

ئێران بە نێوی ئەرتەشی ڕەهایی بەخشی ئێران، هێرش و پەلاماری خۆیان بۆ سەر ڕژێمی ئێران دەست پێکرد، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانیان لە جنوبی ئێران و کوردستانەوە تا دەگاتە کرماشان لە نفوزی پاسداران و بەکرێگیراوانی ڕژێمی ئاخوندەکانی پاك بکەنەوە، سەدان و هەزاران پاسدار کوژران و بەدیل گیران، کەرەسەیەکی زۆری چەك و تەقەمەنی کەوتە دەستی موجاهیدینی خەڵك ڕژێمیش پەلامارەکانی خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی موجاهیدین دەست پێکردەوە، دەوڵەتی عیراقیش لەو هێرشەی ڕژێمدا پشتیوانی لە موجاهیدین ناکات و هێزەکانی ئەرتەشی ڕەهایی بەخشی ئێران تێکدەشکێ. گەلی کورد لەو شەرەدا قوربانیەکی زۆریدا هەردوو بەشی کوردستان ببوو بە مەیدانی شەری ئەو دوو دەوڵەتە، بە داخەوە حزبەکانی کوردستانی عیراقیش بەتایبەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان نائاگایانە بە وە پێشکەوتنی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران نەخشی خراپیان گێرا لە کوشتنی خەڵکی کوردستان و وێران کردنی نیشتمانی کوردان بەگشتی و کیمیایی بارانی هەڵەبجە بەتایبەتی، بەم جۆرەو دوای تەواوبوونی شەر دەوڵەتی ئێران داوای خەسارەتی شەڕی هەشت ساڵەی لە عیراق کرد بەڵام دەوڵەتی عیراق نەچۆ ژێر ئەو داوایەی ئێران، تا لە ساڵی ١٩٩١ دا بەهۆی پەلاماری دەوڵەتی عیراق بۆ سەر وولاتی کوێت، لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە پەلامار درایە سەر عیراق و لە کوێت وەدەرنرا، لە هەموو لایەکەوە کەوتە ژێر فشاری ئەو دەوڵەتانە، بەهۆی ئەو شەرەوە نزیك بە دوو سەدو پەنجا فرۆکەی عیراقی ڕایانکردو چونە ئێران، وەختێك شەڕەکە تەواو بوو عیراق داوای لە ئێران کرد کە فرۆکەکان بگێڕێتەوە، بەڵام دەوڵەتی ئێران لە جێگای خەساراتی شەڕی هەشت ساڵە دەستی بەسەرداگرتن، تا ئێستاش ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا ماوەتەوە، هەر لەو ماوەیەشدا کوردەکانیش بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆیان ڕاپەرین و بەشێك لە کوردستانی عیراقیان ڕزگار کرد. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو خەسارەتەی لە هیچ لایەکەوە زیانەکانی میلەتی کورد قەرەبوو نەکرانەوە.

## بەرەو کۆنگرەی پێنجەم و کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت

دوابەدوای ئەو زنجیرە ڕوداوانە کە نزیک بە دوو سێ ساڵی خایاند دەبوو کۆنگرەی پێنجەمی حزبیش ببەسترێ، لەو کاتەشدا شەر لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو بەکرێگیراوانی ڕژێم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند، لەولاشەوە قیادە مۆقەتەکە بە پلانی ڕژێم و بە بەهانەی دەرهێنانەوەی جەنازەی هەمیشە زیندوی بارزانی و هێنانی خاڵی هەشت، شان بە شانی ڕژێمی ئاخوندەکان کەوتنە گیانی گەلی کوردو جارێکی دیکەش بە کردەوە وەفاداری خۆیان بۆ عەجەمان و ڕژێمی خومەینی دووبارە کردەوە، ئەوان پێشتریش بەرهەمی دۆستایەتی پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ ڕژێمی شادا تاقیکردبۆوەو ئاکامەکەشیان وەرگرتبۆوە، بەڵام دیسانیش شانسی خۆیان لەگەڵ ڕژێمی خومەینی تاقیکردەوەو ڕژێمیش ئەو هەلەی قۆستەوە، ئەوەندەی دیکەش هانی دان و بەگژ حزبی دیموکراتیدا کردن. قیادە مۆقەتە بۆ هەڵگیرسانی ئەو شەرە بەهانەیەکی دیکەشی هەبوو کە ئەویش ئەو خاڵە بوو لە لایەن کۆمەڵەو حزبە چەپەکانەوە پێشنیار کرابوو لە خاڵی هەشتدا گونجێنەرابوو کە دەبێت قیادەمۆتەقە لە ئێران بچێتە دەر، وەك پێشنیاریش درابوو بەنوێنەرانی ڕژێم، بەداخەوە ڕێبەری حزبی دیموکراتیش بێ ئەوەی هەڵسەنگاندنێك لەسەر ئەو خاڵە بکات و لە جیاتی ئەوەی ڕەتی بکاتەوە تەئیدی دەکاو دەچێتە ژێر تەئسیری حزبە چەپەکان، ئەو مەسەلەش لە دڵی ڕێبەرانی قیادە مۆقەتەدا ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو بۆ هەڵگیرسانی شەڕەکە، لە ڕۆژێکی وا دەگەڕان کە هەلیان بۆ ڕێکەوێ ودەستی خۆیان لە حزب بوەشێنن، هەروەك ئەو کارەیان کرد، دیارە ڕێبەری حزبیش لە گونجاندنی ئەو خاڵەدا بێ گوناح نەبوو چونکە ئەو خاڵە هیچ پەیوەندیەکی بە مەسەلەی وتووێژەوە نەبوو، لە جێگای ئەوە کە حزب لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا شوێنیان بۆ دابین بکاو پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی قیادە مۆقەتە بکا لە کوردستانی عیراقدا، بە پێچەوانە بۆ دەرکردنیان موافق دەبێ، بەداخەوە لە ئاکامی ئەو شەرەدا جگە لە قوڵکردنەوەی دوژمنایەتی لە نێو ئەو دوو هێزەو گەلی کوردا زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بۆ گەلی کورد بەدواوە بوو، بەشێکیش لە نیازەکانی داگیرکەرانی کوردستان هاتنەدی، بەخۆشیەوە شەڕەکە دواتر کۆتایی پێهات. بەڵام کاریگەری خەراپی لە پەیوەندیەکانی ئەو دوو حیزبە دانا.

## عەمەلیاتی هەڵۆ

ئەفسەرێکی زەمانی شا بە نێوی سەرەنگ قادری و دەرەجە دارێك بە نێوی حەمیدی گەوهەری لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە ناردرابوونە مەڵبەندی سەردەشت، بۆ ئەوەی زەربە لە ڕژێم بدەن، ناوی ئەو زەربەو عەمەلیاتە نرا "هەڵۆ". بۆ ئەو مەبەستە بەناو تۆپخانەی حزب وەکار کەوت و لەژێر ڕێنوێنی ناوبراوان پادگانی سەردەشت و پایەگاکانی تری دوژمن لە دەوروبەری شار کەوتنە بەر ڕەهێڵەی تۆپخانە بەلام هەتا تۆپێك لە بنکەیەکی ڕژێم دەدرا، دە گوولەش وە ماڵ و دووکانی خەڵك دەکەوت!؟ حزبیش بۆ ئەو چالاکیانە ئیمکاناتێکی هەمە لایەنەی دیاری کردبوو بە حیساب تۆپخانەی شۆڕش وەکار کەوتووە! بەلام هەموو ئەو چالاکیانە بەقەد یەکجار لەو دەزگاو تۆپەی کە بەدەست فەقێ عەولاوە بوو زیانی لە بنکەو بارەگاکانی ڕژێم نەداو ئاکامێکی باشی بەدواوە نەبوو. سەیر ئەوەبوو برادەرانی بەرپرس لە تۆپخانەی شۆڕش دەیانگووت نابێ لە سەنگەرەکانی ئەرتەش بدرێت، تەنیا دەبێ لە سەنگەری پاسدارو بەسیجەکان بدرێت!؟ لە ئەنجامدا ئەو عەمەلیاتەش سەرکەوتوو نەبوو. هەروەها لە باری سیاسیەوە بە زیانی حزب تەواو بوو.

## کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت

لە هاوینی ١٩٨٠دا لە گوندی واوان کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بەسترا.

ئەندامانی کۆمیتەی شارستان وە نوێنەران بۆ کۆنگرەی پێنجەم هەڵبژێرران کە ئەو کەسانە بوون: مەلا خدر دۆلەگەرمی، لەتیف نەقشبەندی، ئەحمەد نستانی، فەقێ عەولای قەلەرەشی، سیروان حەفیدی، مەلا عەزیز ئەحمەد، خدر مەحەمەد پوور"نووسەر"، مستەفا شەمامی، ڕەحیم قادری و هومایون ئەردەلان و هەروەها کاك حەسەن ڕستگار، کاك حەسەن شیوەسەلی و کەریم حەداد وەك بەرپرسی تەشکیلات و پێشمەرگە لە گەڵدابوون. هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانیش لەو چەند کەسانە پێکهاتبوون و باقی ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بەرپرسایەتی ڕێکخراوە ناوچەکانیان بە ئەستۆوە بوو. لەو کاتەشدا لەسەرتاسەری کوردستاندا لە چوارچێوەی تەشکیلات و هێزی پێشمەرگەدا کۆنفرانسەکان بەڕێوە چوون.

## کۆنگرەی پێنجەمی حزبی دیموکراتی کوردستان( کۆنگرەی شەهیدان

کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چوار لەکاتێکدا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی دا کە تاقمی حەوت کەسی سەر بە حزبی تودەی ئێران بە پشتیوانی ڕژێمی ئاخوندەکان گورزی خۆیان لە پەیکەری حزبی دیموکرات و جولانەوە دابوو. لەلایەکی دیکەشەوە شەڕو پێکدادان لەگەڵ ڕژێم هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتبوەوەو هێزەکانی ڕژێم بە پاڵەپشتی سەدان تانك و فڕۆکەو چەکی جۆراو جۆر پەلاماری خۆیان بۆ سەر کوردستان دەست پێکردبوو، کۆنفرانسەکانی حزب لەژێر ئاگری شەڕدا بەسترابوون و نوێنەران بۆ کۆنگرە دیاری کرابوون. ڕێبەریی حزب بەوەبەر چاوگرتنی ڕوداوەکانی پاش کۆنگرەی چوار هێندێك بەخۆیاندا هاتبوونەوەو لە هەڵەکانی پێشویان ئەزمونێکیان بەدەست هێنابوو ئەو کۆنگرە بەتێبینێکی زیاترەوە بڕیاری گرتنی درابوو کەسانی سیفەت تودەیی لە کۆنفرانسەکاندا دەنگیان نەهێنابۆوە، کەسانێك کە بۆچونی جیا لە بەرنامەو ئەساسنامەی حزبیان هەبوایە کەمتر ڕێگایان پێدرابوو خۆیان بخزێننە نێو کۆنگرە. بۆ نمونە کاك کەریم حیسامی کە هەڵگری بیری تودەیستی بوو نەیتوانی لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بێ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دیسان بەهۆی ئاژاوەگێری چەند کەسێك کە لە ڕیزەکانی حزبدا مابونەوە وەك نوێنەری کۆنگرەش بەشداری کۆنگرە بوون. لەلایەکی دیکەشەوە چەند کەسێك بەخۆ نیزیککردنەوە لە دوکتور قاسملو و دکتور سەعید لەو کۆنگرەیەدا وەك جێگرو موشاویر دیاری کران کە شیاوی ئەو پلەو پایە نەبوون. بەهەر حاڵ کۆنگرە لە سەرماوەزی ۱۹۸۱دا لە گوندی شیوەجۆی ناوچەی سەردەشت کە ئەوکات سەرکردایەتی حزب لەو ناوە بوو گیرا. ئەو کۆنگرە تەنها کۆنگرەیەك بوو کە کەمتر گیروگرفتی نێو خۆی بۆ پێکهات و دیموکراسیەکە هەندێك بەرچاو گیرابوو! بە قسە بە پێی بەرنامەو ئەساس نامە بەڕێوە دەچوو. هەر لەو کۆنگرەشدا دروشمی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەك بڕیار گونجێندراو دەنگی پێدرا، لەو کاتەوە ئەو دروشمە وەك یەکێك لە دروشمەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێی خۆی گرت، بەلام بەداخەوە ئەو دروشمە بەکردەوە لە لایەن ڕێبەریی حزبەوە بەڕێوە نەچوو!! زۆر جار حزب لە پێناو

وتوویژ لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا گەورەترین زیانی لە باری سیاسی و گیانییەوە لێکەوتووە کە لەجێگای خۆیدا باسیان دەکەم. هەرچۆنێك بێ کۆنگرەی پێنجەم بەهەر کەموکوڕییەکەوە کە هەیبوو توانی ڕێبەریەکی باشتر لە کۆنگرەی چوار هەڵبژێرێ و لانی کەم بەشێك ئەندامانی ڕێبەریی لە بۆچوون و بیرکردنەوەدا سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کورد یەکیان دەگرتەوە و لەسەر زۆربەی خاڵە گرینگەکان لەو پەیوەندیەدا پێکەوە کۆك بوون. دوکتۆر قاسملوی ڕەحمەتیش لەو کۆنگرەدا بەهەق بە بیرێکی فراوانترو هەست بە مەسئولیەت کردنی زیاترەوە لە بەرابەر حزب و جولانەوەدا هەڵوێستی دروستی هەبوو، پێشنیاری زۆر بەکەڵکو بە سودی دەدانە کۆنگرە، دیاردەکانی دیموکراسی هەندێك بەرچاو دەگیران و ئسوڵ و پرنسیپەکان ڕەوتی خۆیان دەپێواو کۆسپ و لەمپەڕیان نەدەخرایە سەر ڕێگا. هەموو ئەندامانی کۆنگرە بەوە دڵخۆش بوون کە دوکتۆر قاسملو گوێڕایەڵی پێشنیارەکانی ئەندامانی حزب بوو. بەلاّم لە دواییدا وا دەرنەچوو بەم جۆرە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی زۆربەی ئەو کەسانە هەڵبژێران کە پێشتر لە ڕێبەری حزب دابوون، چەند کەسێکیش پێیانەوە زیاد کران. تا نزیکبونەوەی کۆنگرەی شەشەم کەمتر ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی ڕێبەریی حزبدا هەست پێدەکرا. لە ڕاستیدا بۆ یەکەمجار یەکیەتی و هاودەنگی ئەندامانی ڕێبەری بوو بە هۆی پتەوبونی ریزەکانی حزب. لەو نێوەدا بەرنامەو ئەساسنامەی حزب ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا نەکرا کە شیاوی باسکردن بێ. دوای تەواوبوونی کۆنگرە نوێنەران گەرانەوە سەر شوێنی کارو تێکۆشانی خۆیان، بەلاّم بە داخەوە چەند رۆژێك دوای کۆنگرە یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بەنێوی ئەحمەد جاویدفەر'' هەژار'' کە فەرماندەی هێزی پێشەوا بوو لە ناوچەی بانە شەهید کراو بەخوێنی خۆی مێژووی حزبی دیموکراتی زیاتر ڕەنگین کرد.

## ئاڵووگۆڕەکانی پێش کۆنگرە و دوای کۆنگرەی پێنجەم

لەو سەردەمەدا لە مەڵبەندی سەردەشت هەندێك ئاڵوگۆڕ پێکهاتن. لە جێگای کاك حەسەن رستگار، موهەندیس ئاریایی لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە دیاری کراو بوو بە بەرپرسی تەشکیلاتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت. شۆڕش ئەحمەدیش کە دەرەجەدارێکی زەمانی ڕژێمی شا بوو، وەك فەرماندەی هێزی موعەیینی جێگای کاك کەریم حەدادی گرتبۆوە. موهەندیس ئاریایی مرۆڤێکی چالاك و لێبراو و هەڵسوڕ بوو. زۆری هەوڵ دەدا کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت دا پێکبێنێ و تەکانێك بەکاری تەشکیلاتی بدات. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەباری تەشکیلاتیەوە شارەزایی تەواوی نەبوو لەناو خەڵکیشدا نەناسرابوو ئەو جۆرەی کە حزب دەیویست و بۆ خۆشی لە بەرنامەی دا هەیبوو سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. تەنها کارێکی کە زۆر جێگای شانازی بوو کردی، وەدەرنانی کەسانی کۆنە ساواکی لە نێو کۆمیتەی شارستان و ڕیزەکانی حزبدا بوو، بەو کارەی کە ئەنجامی دا سەرنجی خەڵك و ئەندامانی حزبی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بۆ نمونە مەحەمەد زارعی ناسراو بە مەحەمەدی حاجی ڕەسول گەورك، یەکێك لەو کەسانە بوو کە لە زەمانی شادا مۆرەیەکی هەڵسوڕاوی ساواك بوو. ناوبراو بەهۆی پشتیوانی لێکردنی بە ناحەقی هەندێك لە هاوڕێیانی حزبی توانیبوی لە کۆنفرانسی حزبدا دەنگ بێنێتەوە و ببوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستان و نەقشی ئاژاوەگێڕی و فیتنەی دەگێڕا، کە لە کۆمیتەی شارستان وەدەرنراو درایە دەفتەری سیاسی، دەفتەری سیاسیش لە جیاتی ئەوەی لەسەری بکۆڵێتەوە، وەك فەرماندە هێز ناردیە ناوچەی نەغەدە!؟. دواتریش وەك جێگری هێزی موعەیینی گێڕایانەوە سەردەشت، کەبەداخەوە ناوبراو بە هۆی داڕشتنی پیلانی جۆراو جۆرو پشتیوانی لێکردنی بەشێك لەپێشمەرگەکانی هێز توانی تاماوەیەك نەخشەی ئاژاوەگێڕی خۆی ببینێ، تا سەرئەنجام خەیانەتەکەی لێ ئاشکرا بوو و لەو هێزە وەدەر نرا.

شۆڕش ئەحمەدیش کەوەك فەرماندە هێز لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە نێردرابوو بەهۆی خوو و ڕەوشتی سەربازیی و جووڵانەوەی وەك فەرماندەیەك بەسەر پێشمەرگەدا لە کارەکەی سەرکەوتو نەبوو. ئەوەبوو لەلایەن کۆمیتەی شارستانەوە

نێردرایەوە بۆ ڕێبەرایەتی حزب. ناوبراو باوەڕیشی بە خەت و ڕێبازی حزب نەبوو. دواتریش خۆی تەسلیم بەڕژێم کردەوە. بەداخەوە دەفتەری سیاسی حزب دوای ڕۆیشتنی ڕستگار لەمبارەوە بەتێبینیەوە بڕیاری نەدەدا، کەسانێکی دەنارد بۆ بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی موعەیینی کە وەك پێویست نە لەباری سیاسی و تەشکیلاتیەوە، نە لەباری نیزامیشەوە شیاوی ئەو پلەو پایە نەبوون. لەو کاتەشدا دەفتەری سیاسی لەشیوەجۆی ناوچەی ڕەبەت جێگیر ببوون کە بەشێك لەکاروباری ئەوانیش دەکەوتە سەرشانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت. دوا بەدوای شۆڕش ئەحمەد کاك حەسەن شیوەسەڵی مەسئولیەتی ئەو هێزەی پێ سپێردرا. لەماوەیەکی کورتدا توانی هێزەکە ڕێك و پێك بکات. ئەوجار ئیتر هێزی موعەیینی وەك هێزێکی چالاك و ڕێك و پێك شکڵی گرتوو چۆ قالبی خۆیەوەو چالاکیەکانی پێشمەرگەی ئەو هێزە یەك بەدوای یەکدا بەمێژوی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە زیاد دەکران. مەڵبەندی سەردەشت بوو بەمەڵبەندی قارەمانان و گۆڕەپانی شەڕو گۆڕستانی ئەرتەش و پاسدارانی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران. ئێستاش کە ئێستایە هەموو چیا سەربەرزەکان و جادەو خڕو دۆڵەکانی ئەو مەڵبەندە شاهیدی سەرکەوتن و خولقاندنی حەماسەی قارەمانان و شۆڕشگێڕانی حزبی دیموکرات و هێزی موعەیینی و پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ و زمزیرانن، پێشمەرگەکانیش قوتابی قوتابخانەی ئەو هێزەن کە کاك حەسەن شیوەسەلی پێی گەیاندن و باری هێنان. لەو هێزەدا دەیان فەرماندەی تێکۆشەری حزبەکەمان وەك فەقێ عەلی، پیرەباب، فەقێ عەولا، حسین شەمامی، عەولای مام ئاغا، حەمەدەمین مەلا عەزیز، حەمە عەزیز، ڕەسوی برای حەمە عەزیز، عەلیە سورەی مام فەقێ پیرۆت مەحەمەد پوور، حەسەن مینە، فەقێ ڕەسوڵ بیشاسپی و چەندین پێشمەرگەی قارەمان شەهید کران و لە پێناو ئازادی و خودموختاری و دیموکراسیدا بە سەربەرزی سەریان نایەوە. هەر لەو بەینەدا بوو کە ئەمن لەلایەن کۆمیتەی شارستانی سەردەشتەوە وەك بەرپرسی ناوچەی ئالان کە ناوەندی کێشەو هەلای حزب لەگەڵ کۆمەڵە بوو دیاری کرام کە دیارە لەگەڵ زۆر گیروگرفتی لاوەکی ڕووبەڕوو بووم. ئەوکات کاك ئەبوبەکر ڕاد پێش من مەسئولی ئەو ناوچەیە بوو. ناوبراو گەڕایەوە دەفتەری سیاسی وەك بەرپرسی تەشکیلات درایە پیرانشاو تا ماوەیەك ئەرکی حزبی

سەرکەوتوانە لەو ناوچەیە بەڕێوە بردو لەکارەکانیشیدا سەرکەوتوو بوو، هەرچەندە هێندێك لە کەسانی بیر تەسك لە پیرانشار هاوکاری پێویستی ناوبراویان نەدەکرد. بەلأم بەهۆی هاوکاری کاك برایم لاجانی و چەند کادرێکی تر توانی کارەکانی حزب ئەنجام بدات.

لە بەهاری ١٩٨٠ دا بەهۆی گێچەڵی کۆمەڵە. کۆمیتەی ناوچەی ئالان توشی زۆر گیروگرفت بوو. مەلا شیخ رەئوف کە هەمو لایەکمان چاوەروانی چاکەمان لێدەکرد، بە پێی ئەو شەخسیەتەی کە لەباو باپیرانی بۆی بەجێمابوو دەبوو دەوری نێوبژیوکەری هەبێ، بەداخەوە دەوری ئاژاوەگێری دەبینێ و بۆ ڕەزایەتی ڕژێم پشتیوانی لە کۆمەڵە دەکردو ماڵەکەی کردبوو بە سەنگەری کۆمەڵە دژ بە حزبی دیموکرات. کردەوەی شێخ رەئوف زۆری لە گەورەیی بنەماڵەی شێخە ئەمین دابەزاندو نەیتوانی وەك میراتگری ئەو بنەماڵەیە بمێنێتەوەو سەرەنجام بەخۆنزیککردنەوە لە جمهوری ئیسلامی، دوای مەلاحەمەدی عەزیمی کە بەدەستی کۆمەڵە کوژرا شێخ کرا بە ئیمام جومعەی شاری سەردەشت، ناوبراو بە ئاشکرا خەڵکی لە دژی حزبی دیموکرات هاندەدا و خەریکی فیتنەو ئاژاوەگێران بوو و تۆوی دوبەرەکایەتی لە نێوان حزب و کۆمەڵەدا دەچاند. لەڕاستیدا ئەو کاتیش کۆمەڵە لەناوچەی ئالان نفوزی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەوانەی کە کۆمەڵە بوون حازر نەدەبوون زەکات و گومرگ بدەنە حزب و حزبەکانیش هەر بەو شێوە، لەهەر ناوچەیەك حزب دەسەلاتی تەواوی هەبایە پێشی کوێخایەتی کۆمەڵەی دەگرت و کۆمەڵەش هەروا دەجوولایەوە. لەو کاتەشدا کۆنە هاوکارم عەبدولا ئیقدامی کە لە نێو چریکە فیداکان و حزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا بۆ ماوەیەك تێکۆشابوو بە تەواوی بۆ هیچ لایەك ساغ نەبوبۆوە. ناوبراو لە گوندی بێژوێی ناوچەی ئالان بەرپرسی کۆمەڵە بوو، کۆمیتەی ناوچەی ئالانیش بنکەو بارەگای هەر لەو گوندەدا بوو. بەرەبەیانییەك کۆمەڵە بە هێزێکی ١٥٠کەسیەوە هەرچوار دەوری گوندو بنکەی حزبیان دابوو، دەیانهەویست دەست بەسەر کۆمیتەی ناوچەی حزبدا بگرن، ئێمەش ژمارەی کادرو پێشمەرگەمان لە بیست کەس تێپەر نەدەکرد. ئەوان خۆیان بۆ ئەو هێرشە ئامادە کردبوو لە شوێنەکانی دیکەوە هێزیان هێنابوو. ئێمە لە ڕێگای ماموستا مەلا ساڵحەوە هەوڵماندا کە لەگەڵ کۆمەڵە دانیشین و لەسەر ناکۆکیەکان گفتوگۆ بکەین، بەلأم ئەوان هەر سور بوون لەسەر ئەوەی کە دەست

بەسەر کۆمیتەی حزبدا بگرن و پەلامارەکانی خۆیان زیاتر بەرەو ڕێکخراوی حیزب نزیك دەکردەوە. ماڵی شێخ ڕەئوف کە لە بەرامبەر ڕێکخراوی حزب بوو قەنناسەو دۆشکەی کۆمەڵە لەسەر پەنجەرە و ماڵی شێخ ڕەئوف دامەزرێنرابوون، هەر ئانێك چاوەڕوانی ڕووداوەکە بووین. ئێمە کە مخالیفی تێکهەڵچون بووین بە مەجبوری بەهۆی منداڵێك بەنێوی عومەری شەریفی توانیمان گوندەکانی ئالان ئاگادار بکەین کە هێزی بەرگری و ئەندامانی حزب بەهانامانەوە هاتن و لە ماوەی یەك سەعات دا هەموو سەنگەرەکانی کۆمەڵەیان لە دەوروبەری دێ بەبێ تەقە پاککردەوە. کۆمەڵە کە توانای بەربەرەکانیان لەگەڵ حزب نەما، ئەوجار هاواریان بۆ مامۆستا مەلا ساڵح برد کە پێشتر هیچ پێشنیارێکی ناوبراویان بۆ ئاشتی قەبوڵ نەبوو. ئێمەش لەسەر داوای مامۆستا مەلا ساڵح کۆتاییمان بە کێشەکە هێناو هێزەکانی خۆمان کێشانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ئەو شێوە هەڵوێست و ئاکارەی ڕێکخراوی حزب بەرامبەر بە کۆمەڵە بوو بە هۆی ئەوە کە بەشێك لە خەڵکی ناوچەی ئالان و دانیشتوانی گوندی بێژوێ کە پێشتر کۆمەڵە بوون وازیان لە کۆمەڵە هێنا. هەر لەو بەینەدا بوو کە موهەندیس ئاریایی وەك بەرپرسی تەشکیلاتی سەردەشت و کاك ئەبوبەکر هیدایەت وەك ئەندامی کۆمسیۆنی تەشکیلات بۆ گرتنی کۆنفرانسی ناوچەی ئالان هاتنە گوندی بێژوێ و نوێنەرانی ئەندامانی حزب بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگ کران. بە پێی دەنگ ئەو کەسانە بۆ ئەندامی ڕێکخراو هەڵبژێردران: ئەبوبەکر شەریعەت پەنا، عەبدوڵا پوور مونەوەرە، میرزا خدر گرویس، خدر مامەند اغا، سەعید ئیمامی، میرزا عەولا بێتوشی، حەمەدەمین مرادیان، حەسەن مینایی و چەسەنی شێخی. منیش وەك بەرپرسی ڕێکخراو لەو کۆنفرانسەدا دەنگم پێ درایەوە ئەو هاوڕێیانە بێجگە لە حەسەن شێخی هەموویان بە دڵ گەرمی بە ئیمان بە ڕێبازی حزب بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدا. دواتریش ئاهەنگی ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٨١ بە بەشداری نوێنەری بەشێك لە حزبەکانی کوردستان و خەڵکی ئەو ناوچەیە بەڕێوە چوو پەیامی حزبی دیموکرات لە لایەن بەرپرسی ناوچەوە"نووسەر" ڕاگەیەنراو پەیامی نوێنەرانی حزبی شوعی و یەکیەتی نیشتمانی خوێندرایەوە.

ناوچەی ئالان لە باری ستراتیژی و ژیۆپۆلۆتیکییەوە چەند دیاردەی تایبەت بە خۆی هەیە. بەهۆی زێی کەلوێ کە بەوێدا تێپەر دەبێ سنورەکانی ناوچەی ماوەت و شینکایەتی کوردستانی عێراق لەگەڵ ئەو ناوچەیە لەیەك جیا دەکاتەوە. لە ڕۆژئاواشەوە ناوچەی ئالان شاقەلێکی لەگەڵ ناوچەی قەلادزەو پشدەر یەکیان گرتۆتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە زنجیرە کێوەکانی هوملو زەرتك ناوچەکەیان لە باوەشی خۆیان گرتووە و لە شاری سەردەشت دابراوە. خەڵکی ئەو ناوچەیە لە باری کەلتورو فەرمانگەوە لەگەڵ ناوچەی قەلادزەو شینکایەتی کوردستانی عیراق یەك دەگرنەوە. هەر بۆیە زۆربەی خەڵکی کوردستانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٨٠ لە ژێر فشاری دەوڵەتی عیراق ڕایان کردو پەنایان بۆ کوردستانی ئیران هێنا، لەو ناوچەیە گیرسانەوە. لە ڕاستیدا خەڵکی کوردستانی ئێران بەگشتی و ناوچەی ئالان و سوێسنایەتی بەتایبەتی بۆ پێراگەیشتن و ڕێزگرتن لە ئاوارەکانی کوردستانی عیراق ئەرکی نەتەوەیی خۆیان بەجێ دەگەیاند. بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی حزب و شۆراکانی کوردستان لەم بارەوە نەخشی گرنگیان هەبوو. ئاوارەکانیش لە زۆربەی کۆڕو کۆبونەوەکانی حزبدا بەشداریان دەکرد ئەوان هەستیان بە غەریبی خۆیان نەدەکردو حزب و خەڵکیش وەك بێگانە چاوی لێ نەدەکردن. ئەو یەکگرتن و پێکەوە ژیانەی کۆمەلانی خەڵکی دوو بەشی کوردستان دڵی شۆڕشگێڕانی خۆش کردبوو هەر لەو کاتەشدا یەکێتی نیشتمانی وەك هێزی پشتیوان بە کردەوە هاوکاری حزبی دیموکراتی دەکرد. بەداخەوە قیادە مووەقەتە هەروا لە ژێر تەئسیری ڕژێمی ئاخوندەکاندا شەڕیان لەگەڵ حزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان درێژە پێ دەدا. هەر دوای ڕوخانی ڕژێمی شا و ئازادبوونی ناوچەکانی کوردستانی ئێران، حزبی شیوعی عیراقیش بەشێك لە سەرکردایەتیەکەی خۆیان لە ناوچەی ئالان نزیك دێی دولکان دامەزراندبوو کە بەرپرسەکەیان بە نێوی ئەبو سەرباز واتە ئەحمەدی بانی خێلانی مەسئولیەتی ئەو بنکەی بە ئەستۆوە بوو، ئێمەش وەك حزبی دیموکرات بە پێی ڕەواڵی پێشومان کە پەیوەندییەکی زۆر لە مێژینەمان لەگەڵ ئەواندا هەبوو هەرچی لەدەستمان هاتبا هاوکاری و یارمەتی ئەوانمان دەکرد، هاتوچۆ و سەردانەکانیش بەردەوام بوون. دیارە وەك هەمیشە دوژمنانی گەلی کورد کەوتنە دارشتنی پیلانێکی نوێی دیکە، بەهۆی چەند کەسی ناسادق لە هەردووبەشی

کوردستان بەنێوی ئەوەی گۆیا قیادە موەقەتە هاتونە ناوچەی ئالان و میوانی حزبی شیوعی عیراقن خەڵکێکی زۆر کۆدەکەنەوەو لە چەند لاوە گەمارۆی بنکەکانی حزبی شیوعی دەدەن. ئەو خەبەرە بەهۆی ئەندامانی حزب گەیشتە ڕێکخراوی ئالان منیش وەك بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ چەند کادرو پێشمەرگەدا خۆمان گەیاندە ئەو شوێنەو ڕاستەوخۆ چوینە ناو بنکەکانی حزبی شیوعی و لە نزیکەوە لە مەسەلەکەمان کۆڵیەوە، دەرکەوت کە حاجی مەحمودی گەورە دێ سەر بەقیادە موەقەتە میوانی ئەوان دەبێ و بەرەو کوردستانی عیراق دەگەڕێتەوە. پێش ئەوەی بڵاوە بەخەڵکەکە بکەین ئەوانمان دەرباز کردو تا لەچۆمی گەورە پەڕینەوە بۆ ناوچەی ماوەت پێشمەرگەی حزبمان لەگەڵ ناردن، ئەو هەڵوێستەی ئێمە لەو کاتەدا بوو بەهۆی ڕێخۆشکردنێك بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی نێوان حزب و قیادە موەقەتە. ئەوجار بۆ ڕونبوونەوەی ئەو خەڵکەی کە سەنگەریان لە حزبی شیوعی گرتبوو هەموومان بانگ کردن بۆ ناو گوندی دولکان و لە مزگەوت قسەمان بۆ کردن و داوامان لێکردن کە هەردوولا واتە کوردەکانی کوردستانی ئێران و عیراق لولەی تفەنگەکانیان بەرەو سینگی دوژمنانی خۆیان بکەنەوەو یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن و بە بێ ئاگاداری حزب بە قسەی کەسانی ناسادق هەڵوێستی ئاوا نادروست نەگرنەوە، دوایە دەرکەوت کە ئەوپیلانە بە هۆی حەسەنی شێخی کە ئەو کات ئەندامی ڕێکخراوی ئالان بوو لەگەڵ چەند سیخوری سەر بەدەوڵەتی عیراق داڕژابوو. هەروەك چۆن دوژمنانی کورد تەرمی مەلا مستەفا بارزانیان لە گۆڕ دەرهێنابۆوەو بە نێوی حزبی دیموکرات تەواوبوو، ئەو جارەش بۆ دروستکردنی دوژمنایەتی لە نێوان حزبی دیموکرات و حزبی شیوعیدا ئەو پیلانەیان بە کارهێنابوو بەڵام بەخۆشیەوە سەرکەوتوو نەبوون. دواتر حەسەنی شێخی سەزای بۆ دیاری کرا مسئولیەتی لێ ئەستێنراو لەگەڵ ڕونکردنەوەیەکدا درا بە کۆمیتەی شارستان کەچی بەداخەوە کۆمیتەی شارستان چاوپۆشی لە تاوانەکەی کرد!؟

## چوونی حزب بۆ نێو شۆرای بەرگری نیشتمانی

هەر لەساڵی ١٩٨١بوو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەچونی بۆ نێو شۆرای نیشتمانی بەرگری و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ سازمانی موجاهیدهینی خەڵکی ئێران بە گونجاندن و قبوڵکردنی ماف خودموختاری بۆ خەڵکی کوردستان لەبەرنامەی دەوڵەتی کاتی کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامی ئێراندا، دەسکەوتێکی مێژوویی بەدەست هێنا. بەتایبەتی ئەو هەنگاوە بۆ بەهێزبوونی بەرەی ئازادیخوزان و نیشتمان پەروەران بەگشتی و بەتایبەتی بۆ حزب و ڕێکخراوەکانی ئێرانی و کوردستانی دیاردەیەکی مێژووی ئەو سەردەمەی خەبات و تێکۆشانی حزبی دیموکرات بوو. لەولاشەوە تەئسیرێکی باش و بەرچاوی هەبوو بۆ بەهێزکردنی بەرەی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی و دژی دیکتاتۆریەتی ئاخوندە دەسەلاتدارەکان. ئەو یەکگرتنەی حزبی دیموکرات و موجاهیدینی خەڵك لەباری سیاسیشەوە لەروانگەی نێو نەتەوەییدا رەنگدانەوەی باشی هەبوو. پێویسە ئەوەش بگوترێ کە پێش چوونی حزب بۆ نێو شۆرای بەرگری، ڕێکخراوی موجاهیدین بەهێزێکی تەواوەوە هاتنە کوردستان و لەلایەن حزبەوە شوێن و جێگای حەوانەوەیان بۆ دیاری کراو لەهەموو بارێکەوە هاوکاریان دەکرا. تەنانەت لەهەر شارو گوندێك کە بارەگای حزبی دیموکراتی تێدا بایە، ئەوان وەك بنکەو بارەگای خۆیان لە هەموو ئیمکاناتێکی حزبی کەڵکیان وەردەگرت و خەریکی ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان دەبوون. ئەو یەکگرتنە بە قازانجی هەردووك لا تەواو بوو هەر وەك بەپێچەوانەشەوە هاتنەدەری حزب لە شۆرا بە زیانی هەردوولا تەواو بوو و لەو نێوەش ڕژێمی خومەینی حاکمیەتی خۆی بەسەر خەڵکدا بەهێزتر کرد.

دوابەدوای کۆنگرەی پێنج کە موهەندیس ئاریایی بوو بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ناوبراو گەرایەوە دەفتەری سیاسی و کاك سەعید کوێستانی لە ساڵی ١٩٨٢دا بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتی پێ سپێرا. بە هاتنی کاك سەعیدو ڕۆیشتنی موهەندیس ئاریایی گۆرانێکی ئەوتۆ لە تەشکیلاتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتدا پێك نەهات. قەوارەی تەشکیلاتیەکەی هەر ئەوەبوو کە پێشتر لە لایەن حەسەنی ڕستگار وەك بەرپرسی تەشکیلات و بەشێك لە

کادرەکانی لەمێژینەو خاوەن ئەزمونی ئەو حزبە وەك لەتیف نەقشبەندی، مەلا عەزیز ئەحمەد، مەلا خدر دۆڵە گەرمی، سیروان حەفید، فەتاح باساوەیی، فەقێ عەولا قەلەرەش، فەقێ عەلی نێوچوانی، من و چەند کادرێکی دیکەی سەر بە کۆمیتەی شارستان وەك ڕەحیم شیوەی، ڕەحیم قادری، عومەر ڕاد، ڕەحمان مەحەمەدی و چەند کادرێکی دیکەی تەشکیلاتی کە لە ناوچەکانی سەر بە کۆمیتەی شارستاندا تێدەکۆشان بناغەی داڕژابوو. بەشی نیزامیش ئەو کەسانە سەرپەرشتیان دەکرد: حەسەن شیوەسەڵی وەك فەرماندە هێز، ئەحمەد نستانی وەك فەرماندە لق و عەبدول نستانی دواتریش شەهید فەقێ عەولا، حوسێن شەمامی لە ناوچەی ڕەبەت، هەروەها شەهیدان پیرەباب، میرزا عەولای نیشکۆلان و فەقێ ڕەسولْ بیشاسپی لە فەرماندە لێوەشاوەکانی هێزی بە هێزی بەشەهید موعەینی بوون. ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانیش هەر بەشێك لەو کەسانە بوون کە پێشتر لەگەڵ حەسەن رستگاردا هاوکاریان دەکرد. مەسئول ناوچەکانیش ئەو کەسانە بوون: ڕەبەت مستەفا شەمامی، میراوا هومایون ئەردەلان، هۆمل و بازار سیروانی حەفیدی، ئالان ڕەحیمی قادری، بنەوخەلەف و مەزرا فەقێ عەولا قەلەرەشی و کۆمیتەی بلفەت لە بێوران ماوەیەك زاهیر قادر و دواتر ڕەحیم شیوەیی دیاری کرابوون. جگە لەوانەش هەر ناوچەیەك چەند کادری تەشکیلاتی کاروباری ڕێکخراوەییان ئەنجام دەدان. بەداخەوە بەشێك لە بەرپرسانی ناوچەکان هەتا سەر لەگەڵ حزب نەمانەوە یان خۆیان تەحویل بە ڕژێم دایەوە یان بەشێك لەوان چونە ئەورویا. لەنێو ئەوانەدا چەند کەسانی وەك سەید ئەحمەد حسێن و سەعید مەمەند بەنێو لایەنگیری لە بیری پێشکەوتنخوازی بەڵام لە ڕاستیدا بۆ گێرەشێوێنی لە نێو کادرو پێشمەرگەدا نەخشی خراپیان هەبوو. بنەماڵەی حەدادەکانیش بێ پسانەوە دژایەتی کاك مەلا حسن شێوەسەڵیان دەکرد. بەداخەوە کاك سەعید کوێستانیش لەبەرامبەر کردەوەکانی ئەواندا بێ هەڵوێست بوو. بەم جۆرە تا نیزیك بە دوو ساڵ سەعید کوێستانی وەك بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لەو مەڵبەندە مایەوە و ئیدامەی بە تێکۆشانی خۆی دا.

# قۆناغی شازدەهەم

## مانگی دیفاع لە ئازادی و مەجودییەتی گەلی کورد

هاوکات لەگەڵ بڕیاری پەلاماری دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی بۆ سەر کوردستان لە ساڵی ۱۹۸۲ دا، ڕێبەریی حزبی دیموکراتیش ڕایگەیاند کە هەموو ئیمکاناتێك بۆ شەڕو دیفاع لە مەوجودییەتی گەلی کورد پێویستە وەگەر بخرێت و هەموو خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەو پەلامارە دڕندانەی ڕژێمدا دەبێ بەرگری بکەن و هەموو توانایی خۆیان بۆ بەرگری لە خۆیان بەکاربێنن و بە هەموو توانایانەوە یارمەتی پێشمەرگە بدەن. ڕێژیمی ئاخوندەکان لەو پەلامارانەدا بۆ سەر کوردستان تەنانەت بەزەییان بە ژن و منداڵیشدا نەدەهاتەوە، بێجگە لەو تاوانەی کە لە گوندەکانی قارنەو قەلاتان ئەنجامیان دابوو. لە دێیەکانی قەرەگۆل و سەرچناریش بە کوشتنی نیزیك بە ۳۰ کەس لە خەڵکی بێ دیفاع، تاوانێکی دیکەشیان بە مێژووی ڕەشی خۆیان زیاد کرد. هەر لەو پەلامارەدا ڕێژم چەند جینایەتی دیکەی لەو بابەتەی لە کوردستاندا خوڵقاند. هەر بەو بۆنەشەوە حیزب لە ڕاگەیاندراوێکدا، داوای لە هەموو نیشتمان پەروەرو ئازادیخواز و حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێرانی و کوردستانی کرد، کە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە و دژی دوژمنانی ئاشتی و ئازادی لە سەنگەری بەربەرەکانی دا یەکگرتوویی خۆیان بسەلمێنن. بەخۆشیەوە لە لایەن یەکیەتی نیشتمانیەوە لە ساڵی ۱۹۸۲ بە کردەوە وەلامی ڕاگەیاندنەکەی حیزبی دیموکرات درایەوە و پێشمەرگەکانی یەکیەتی شان بەشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران دا دژی پەلامارەکانی ئاخوندەکان سەنگەریان گرت و لەو پێناوەشدا چەند شەهیدو برینداریان دا. بەو هۆیەوە هیواو ئومێدێك بۆ خەڵکی کوردستان پەیدا ببوو و بەو یەکگرتنە دڵخۆش بوون، هەر لەو پەیوەندیەدا چەند ستادی هاوبەش لەو دوو حیزبە پێك هاتن، کە ئەو کەسانە سەرپەرشتیان دەکرد لە لایەن یەکیەتی نیشتمانیەوە: ملازم عومەر، عەلی بچکۆل، قادر مەمەند ئاغاو شێخ سەدرەدین، لەلایەن حیزبی دیموکراتیشەوە: مەلا حەسەن شیوەسەلی، ئەحمەد نستانی و مەلا عەزیز ئەحمەد و من دیاری کرابووین. بەم جۆرە هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی و حزبی دیموکرات و هێزی بەرگری میللی لەیەك ڕیزدا کۆکرانەوە و بەیەکەوە چەندین پەلاماری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان تێکشکاند. لە ناوچەی

ئاڵوەتان و دمچۆم و ڕەبەت چەند داستانی قارەمانانەیان تۆمار کردو سەرکەوتنی زۆریش لە بەرەکانی شەردا بەدەست هێنرا، بە تایبەتی لە گوندی بناوێ ی نیزیك سەردەشت زەربەیەکی قورسیان لە پەیکەری هێزەکانی ڕژێم دا. کە کەلاکی دەیان پاسدارو بەکرێگیراو لە مەیدانی شەرەکەدا بەجێمان. بەداخەوە لەو شەڕو تێکهەڵچوونانەدا فەرماندەی لێهاتوی پێشمەرگە پیرەباب شەهید کرا. لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی قیادە موەقەتە شان بە شانی داگیرکەران پەلاماریان دێنایە سەر کوردستان. هەر لەو پەلامارانەدا هێزی بەرگری میللی و دێنشینان و شوراکان بەیارمەتی پێکردن و هاوکاری لەگەڵ پێشمەرگەدا لە هەموو بارێکەوە بەرامبەر بزوتنەوەی کوردستان دڵسۆزی خۆیان نیشان دەدا، کەچی بەداخەوە توێژی ڕۆشەنبیر و دەوڵەمەندەکانی کوردستان لەو قۆناغەدا نەیانتوانی یان نەیاندەویست بەشداربوونی خۆیان لە شۆڕشدا بسەلمێنن و بزوتنەوەی کورد دەوڵەمەنتر بکەن. لەو کاتەش دا کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بنکەو بارەگای خۆی لە دێی کاژێ دامەزراندبوو، کادیرەکانی کۆمیتەی شارستان بە هەموو بەشەکانیەوە لە سەنگەری پێشمەرگایەتی دا ئەرکی پێسپێردراوی خۆیان بەجێ دەگەیاند، بە تایبەتی مامۆستایان و بەشی دەرمانی لەو ماوەدا نەقشی گرینگیان هەبوو. لەو سەردەمەدا دەفتەری سیاسی حیزب لە گوندی شیوەجۆی سەر بە ناوچەی ڕەبەت بوو، بەم هۆیەوە دەبوو کۆمیتەی شارستان بەشێك لە کارەکانی ئەوانیش جێ بەجێ بکەن. هەر لەو ساڵەدا کوردەکانی سەر بە کوردستانی تورکیە هاتبوونە ئەو ناوچەیەو بەناوی حیزبی سۆسیالیست تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدەداو تا ماوەیەك میوانی حیزب بوون و حیزبیش لە هەموو بارێکەوە پێیان ڕادەگەیشت. بێجگە لە هێزە سیاسیەکانی کوردستانی عیراق خەڵکەکەی لەژێر باری زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس دا ڕایانکردبوو پەنایان بۆ کوردستانی ئێران هێنابوو زۆربەیان لە مەڵبەندی سەردەشت مابوونەوە، بەو هۆیەوە گیروگرفتێکی زۆر بۆ کۆمیتەی شارستان پێك هاتبوو و دەبوو بە هەموو لایەك ڕابگەین. هاوکات کۆمیتەی شارستان گوازرابۆوە بۆ گوندی گرژاڵ، سەعید کۆیستانیش وەك بەرپرسی تەشکیلات لەو ماوەدا مەسئولانە لەسەرپەرشتی کردنی کارەکان دا نەقشی گرینگی دەگێڕا. دواتر بەهۆی شالاوە بەربلاوەکانی هێزەکانی ڕێژیم، بنکەی دەفتەری سیاسی لە شیوەجۆوە گوزرایەوە بۆ ناوچەی ئالان، هێزەکانی پێشمەرگەش پاشەکشەیان پێدەکرا، کۆمیتەی شارستانیش بەرەو گوندەکانی ئاغەلان و بنەوخەلەف گوازرایەوە. لەو

کاتـەدا بـەهۆی دەسـتێوەردانی دەفتـەری سیاسـی لـە کاروبـاری کۆمیتـەی شارسـتانی سەردەشت دا کە پێشتر لـە کۆنفرانسی موسولاّندا کردبوویـان، ئەو کۆمیتەیـە نـەیدەتوانی بـەو کەیفیەتـە کـە هەیـەتی بـە تـەواوی وەلاّمـدەری ئەرکـەکانی شـۆڕش بێـت، هـەر بۆیـە کۆمیتـەی شارستان لەسەر موافقـەی دەفتـەری سیاسـی بڕیـاری کۆنفرانسـی داو لـە ڕۆژی ٢٥ی ڕێبـەندانی ١٩٨٢ دا بـە بەشـداری ئـەندامانی حـزب ئـەو کۆنفرانسـە بەسـترا، بـەپێی دەنگ پێدان ئەو کەسانە بۆ کۆمیتـەی شارستان هـەڵبژێران: لـەتیف نەقشبەندی، مەلا خدر دۆڵەگەرمی، حسین حەداد، ئەحمەد حوسێنی، عـەزیزی ئەحمـەدی، ڕەحیم شیوەیی، ساڵح شـەریفی، ڕەحیـم قـادری، سـەعید مەمـەندی، هومـایون ئـەردەلاّن، خـدر مەحەمـەد پوور"نووسەر" و ڕەحمان مەحەمەدی، مـەلا مەحەمـەد مراد ڕەسولّ، فـەقێ عـەولاّ قەڵـەڕەش و مـەلا سمایل حـاجیش وەك مشاویر دیاری کرا بـەلاّم لـە لایـەن کۆمسـیۆنی تەشـکیلاتەوە ڕەت کرایـەوە. دوای تـەواو بوونـی کۆنفرانس بـەمجۆرەی خـوارەوە کارەکـان دابـەش کـران: هەیئـەتی ئیجرایی لـەتیف نەقژبەندی، خدر دۆڵەگـەرمی، ئەحمـەد حوسـێن، مـن و هـەروەها کـاك سـەعید کوێسـتانی و کـاك حەسـەن شیوەسـەڵی پێکـهاتبوو، مەسـئولی کۆمیتـە ناوچـەکانیش لـەو کەسـانە دیـاری کـران: ڕەبـەت سـەعید مەمـەندی، هۆمـایون ئـەردەلاّن میراوە، ئالان مـەلا مەحەمەدی مراد ڕەسولّی، هومـل و بـاژار ڕەحمـان مەحەمـەدی، مـەزراو بنێوخـەلیف حـاجی حوسـێنی حـەداد، باسـکی کولەسـە ڕەحیـم شـیوەیی، گۆڕمووسـا شـەپۆل. ئـەو کادرانـەی سەر بـە کۆمیتـەی شارسـتان بوون بریـتی بوون لـە: سـەید حەسـەن حوسێن، یوسف مونسـەریف، مـەلا ڕەحیم و حەسـەن لۆمـانی، مـەلا حسێن و برایم زیـوەی، فـەتاح باسـاوەیی، عومـەر ڕاد، حەسـەن مینـایی، عـەبدولاّی ئـێران نـژاد، فـەقێ مـەحمود، حەسەن پزشکی، ساڵح بێتووشی، خدر شاتی، عەبدولاّ ئیختیـاری، مـەلا خـدر مـام کـاوە، مـەلا ئەحمـەد خاڵـەیی، مەنسـور حـەداد و جگـە لەوانـەش چـەند کـادرێکی دیکـە وەك مامۆسـتایانی شـۆڕش کارەکانیـان بـەڕێوە دەبـرد. لـەو کاتەشـدا مامۆسـتا گـۆران وەك بەرپرسـی بەشـی قـەزایی حـزب لـە گونـدی وەردێ بنکەیـەکی بـۆ دانرابـوو، خـەریکی ئەنجامدانی کاروبـاری قـەزایی و جێبـەجێ کردنـی کێشـە کۆمەلاّیەتیـەکان بـوو. نـاوبراویش لـەو مـاوەدا هێندێك گیروگرفتی بـۆ کۆمیتـەی شارسـتان پێکـهێنابوو، بـەبێ پرسـی بەشـی کۆمەلاّیـەتی کۆمیتـەی شارسـتان تـەداخولی هـەموو جـۆرە کێشـە کۆمەلاّیەتیـەکانی دەکـرد. دیارە لـە لایـەن دەفتـەری سیاسیەوە پشتیوانی لێ دەکرا. ئەو وەزعـە تـا ماوەیـەك درێـژەی

کێشاو بەلاچوونی مامۆستا گۆران لەو ناوچەیە کۆتایی بە ئالۆزییەکان هات و لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە کێشە کۆمەڵایەتییەکان جێ بەجێ دەکران کە نووسەر بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەو بەشە بوو. مەلا ئەحمەد خاڵەیش وەك بەشی قەزایی سەر بە بەشی کۆمەڵایەتی بوو. لەلایەکی دیکەشەوە هەر ڕۆژە لە ناوچەیەك خەبەری ڕووداوێك بۆ هەیئەتی هیجرایی دەهاتەوە، زاهیر قادری کە بەرپرسی بڵفەت بوو لە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمدا لەلایەن حزبەوە دەستگیر کراو لە حزب وەدەر نرا. ساڵح شەریفی "شەپۆل"بەرپرسی گۆر مووسا بەهۆی خواردنی پول و پارەی حیزب و گوێ نەدان بە کاری حزبی لەو مەسئولیەتەی کە پێی سپێردرابوو لابراو دواتریش لە ژێرەوە پەیوەندی بە ڕژێمەوە گرت. سەعید مەمەند وەك بەرپرسی ڕەبەت کە نە بۆ خۆی باوەڕی بە حیزب هەبوو نە خەڵك و پێشمەرگەش هاوکاریان دەکرد لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو گەڕایەوە کۆمیتەی شارستان، ڕەحیمی شیوەیش لە باسکی کوڵەسە بەهۆی دەست تێوەردانی مۆرەکانی ڕژێم لە کاروباری ئەو ناوچەیەدا و نفوزی کەسانی وەك عەزیزە گروێی جاش و مینە مەلای خۆفرۆش هەر ڕۆژە پلانێکیان بۆ دادەڕشت، ناوبراویش بە تەنیا نەیدەتوانی پیلانەکانی ڕژێم پوچەڵ بکاتەوە. بەو هۆیەوە لەسەر ڕەزامەندی هەیئەتی هیجرایی گەڕایەوە کۆمیتەی شارستان. ناوبراو جگە لەوەی کە کادرێکی هەڵسوڕ و بە توانا بوو، لەکاری نیزامیشدا لێهاتوو بوو هەمیشە لە تێکهەڵچوونەکاندا لە ڕیزی پێشەوەی پێشمەرگەدا بوو. ئەو کۆمیتە ناوچانەش سەرکەوتووانە ئەرکەکانی حزبیان بە هێندێك کەم و کوڕیەوە بەڕێوە دەبرد، مەلا مەحەمەد مراد ڕەسوڵ لە ئالان، ڕەحمان مەحەمەد لە باژار، حاجی حوسین حەداد لە مەزرا، هومایەتی ئەردەلان لە میراوە لە لاوە سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد. ئەو وەزعە تا ماوەیەك بەو شێوەیە چۆ پێش و تا سەرەنجام بە هێندێك ئالوگۆر و دەستێوەردانی هەیئەتی هیجرایی کارەکان گەڕانەوە سەر دۆخی پێشوویان. لەو کاتەدا دوژمنان لە هەموو لایەکەوە پەلاماری بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگەیان دەداو یەکیەتی نیشتمانیش بە کردەوە دژی هێزەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە مەیداندا مابوونەوە .شەڕێکی خەست و توند لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەردەوام بوو، لەو شەڕانەدا چەند پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی و حزبی دیموکرات لە یەك سەنگەردا خوێنیان ڕژاو شەهید کران. لەگەڵ ئەو پەلامارانەدا ڕژێمی ئاخوندەکان بە دانی وەعدەو وەعیدێکی زۆر بەسەرکردایەتی قیادەمۆتەقە زیاتر ڕاکێشی

بەرەکانی شەڕی دەکردن و دژی حزبی دیموکرات هانی دەدان. بەم هۆیەوە زەرەو زیانێکی زۆری گیان و ماڵی لە هەردوو لا کەوت. لەو هەل و مەرجەدا خەڵکی کوردستان چەندی بۆیان لوابا هاوکاری ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان دەکردو لە هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراقدا ئەرکی نیشتمانی خۆیان بەجێ دەگەیاند. بە خۆشییەوە لەو قۆناغەدا شەڕو تێکهەڵچوون لەگەڵ کۆمەڵەدا لە گۆڕێدا نەبوو هەموو هێزەکانی کوردستان بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆیان لەشەڕەکاندا بەشدارییان دەکرد. هەروەها هێزی بەرگری میللیش بە کردەوە دڵسۆزی خۆیان لە مەیدانی شەڕو پێکدادانەکاندا بە خوێنی خۆیان بەرامبەر بە گەل و نیشتمان نیشانداو سێ شەهیدی سەربەرزی گوندی بنێوخەلێف بەناوەکانی محمد سۆفی برایم و محمد کوڕی حەسەن قوربانی و برایەکەی خدر. نیشاندەری ئەو ڕاستییەن. بەمجۆرە هێزەکانی ڕژێم بە هاوکاری قیادە مۆقەتەو جاشە خۆفرۆشەکانی نێوخۆی وڵات و بە دانی خەسارو زیانی زۆر توانی بەشێك لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان بگرێتەوە. ئەو شەڕە نزیك بە یەك ساڵی خایاند و جاشەکانی پەیڕەوانی حیزبی توودەش کە لە مەیدانی شەڕ تێکشکابوون ئەوجار بە شێوەی تەبلیغاتی دژایەتی حیزبی دیموکراتیان دەکرد. بەرە بەرە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەربەرەکانی بە شێوەی پارتیزانی شکڵی گرت و قۆناغێکی نوێ لە مەیدانی خەباتدا کرایەوە، لەو ناوەشدا هێزی بە هێزی شەهید موعینی بە فەرماندەیی حەسەنی شیوەسەڵی لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمناندا نەخشی گرینگیان دەگێڕاو دەیان داستانی قارەمانەتی وەك شەڕی تەنگی گرژاڵیان لەسەر جادەو چیاکانی مەنبەندی سەردەشتدا لە مێژووی پڕ لە سەروەری حیزبی دیموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەیاندا تۆمار کرد. جێی خۆیەتی کە لە مێژووی حیزبی دیموکرات چەندین لاپەڕەی زێڕینی بۆ تەرخان بکرێت. لەو پێناوەشدا چەندین کادرو پێشمەرگە شەهید کران. وەك ڕەسوڵ خەبات، خەلیل زاهیر، عەولا سدیق، ناسر ئازەری، مەلا خدر کانیە زەردێ و عەلی بەردەسوری و دەیان کادرو پێشمەرگەی دیکەی حیزبی دیموکرات.

## هەڵوێستی جاشەکانی دەوڵەتی عیراق بەرامبەر بە کاسبکارانی کوردستانی ئێران

لەو سەروبەندەدا بەهۆی پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان هێندێك مەیدانەکە بە خەڵك و پێشمەرگە بەرتەسك کرانەوە، بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگە لە چیاو دۆڵەکاندا مابوونەوە، کاسبکارانیش لە هەردوو بەشی کوردستان هەر لە دەوروبەری پێشمەرگەو لە ژێر تۆپبارانی دوژمناندا دوکان و بازاری خۆیان دانابوو، کڕین و فرۆشتنی زۆر لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عیراق دەسپێکرابوو، لە ماوەی ئەو چوار پێنج ساڵەدا هاتوچۆکان لەو دیوو لەودیو بۆ ئاڵوگۆڕی کەل و پەل و کڕین و فرۆشتنی ماڵات درێژەی هەبوو. لەو نێوەدا خەڵکێکی زۆر دەوڵەمەند بوون و خەڵکێکی زۆریش سەریان تێدا چوو، جگە لەوەی کە کاسبکاران لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان لە سنورەکان دەکوژران و بەدیل دەگیران، لە ئۆردوگاکانی ژاراوەو بەستەستێن و سەنگەسەر و جاشاواو قەلادزەو دەوروبەری، خەڵکێکی زۆر لە کاسبکارانی کوردستانی ئێران لە لایەن جاشەکان و سەرۆك جاشەکانی سەر بە دەوڵەتی عیراق دەکوژران و یان بە نێوی پاسدار دەستگیریان دەکردن و بە دەوڵەتی عیراقیان دەفرۆشتن و سەروەت و سامانەکەشیان دەست بەسەردا دەگرتن. بەتایبەتی ئەو سەرۆك جاشانەی لەو پەیوەندیەدا دەوری ناپیاوانەو خیانەتکارانەی خۆیان دەبینی، لە سەنگەسەر فەتاحی برایم ئاغاو تاقمەیەك لە جاشەکانی هەباسی بایزی بالۆغا، لە بەستەستێن حەمەی مەلا شەریف و هێندێك لە جەماعەتی پەڕۆیەکان، لە ژاراوە حەمە چکۆڵ و جەماعەتەکەی، لە قەلادزە حوسێنی حەمەسوور و جاشەکانی، ڕەسوڵی مونەزەمە و جاشەکانی، بابکری وسوو و جاشەکانی، ملازم مەحمود و جاشەکانی، مەحەمەدی بەسەچۆڵ و چەند جاشێکی تری لەو بابەتە گەورەترین تاوانیان بەرامبەر بە کاسبکارانی کوردی ئێرانی ئەنجام دەدان. لە دوایشدا کە خەڵکی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا ڕاپەرین و دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت هەرکام لەو جاشانە خۆیان گرێدا بە حزب و ڕێکخراوەیەکەوە و بە شێوەیەکی دیکە بۆ بەدەستهێنانی پوڵ و پارە بوونە پیاوی ڕژێمی ئێران و عیراق و لە بن باڵی ئەو حزبانەدا دەستیان کرد بە کوشتنی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران، بەداخەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی

کوردستانی عێراق هەر لە کۆنەوە هەر کاتێك بەهەر شێوەیەك لە دەسەلاتیان هەبوبێت چ لە کاتی شۆڕش و خەبات و بە نێوی حزبایەتی و چ لە ژێر نێوی جاشایەتی و ئاغایەتیدا ویستویانە دەسەلاتی خۆیان بەسەر کوردەکانی کوردستانی ئێراندا بسەپێنن، یان بۆ بەرژەوەندی داگیرکەران و لە پێناوی وەدەست هێنانی پول و پارەدا خەلکی کوردستانی ئێرانیان کوشتوەو سات و سەودایان پێکردون. ئەو ڕەوشە نامرۆڤایەتیە لە نێو فەرهەنگ و کلتوری ئەواندا وەك سیستم جێی خۆی گرتووەو بەردەوامیش درێژەی پێدەدرێت.

## کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرتاسەری کوردستان

بەهۆی ئەو هەلە مێژوییەی کە بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد ڕەخساو شۆڕشێکی چەکدارانە لە کورستانی ئێراندا سەری هەلدا، حیزبی دیموکراتی کوردستان چەند هەنگاوی گرینگی دیکەشی بۆ زیندومانەوەی کولتور و فەرهەنگی میللەتی کورد هەلێنانەوە. یەکێك لەوانە دامەزراندنی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن بوو. مەلبەندی سەردەشتیش وەك پێشتر باسمان کرد بەهۆی ئەو هێرش و پەلامارانەی دوژمن بۆ سەر ناوچەکانی دەوروبەری شاری سەردەشت هەندێك وەزعەکە ئالۆز ببوو مامۆستایانی شۆڕش لە زۆربەی ئەو دێهاتانەی کە نزیکی شار بوون و وانەکانیان دەگوتنەوە قوتابخەکانیان بەجێ دەهێشت و لە دەوری کۆمیتەی شارستان کۆدەبوونەوەو چاوەروانی ئەوەیان دەکرد کە حزب سەرو سامانێك بەو ئالۆزیە بداتەوە. بۆ ئەو مەبەستە بریارمان دا کە کۆبوونەوەیەکی تایبەت ببەستریّ، لە پایزی ١٩٨٣ دا لە گوندی دۆلەگەرم سەر بە ناوچەی بازار بە بەشداری زیاتر لە شێست مامۆستا و نوێنەری کۆمیتەی شارستان من کە بەرپرسی بەشی کۆمەلایەتی بووم ئەو کۆبوونەوە پێك هات. لەو کۆبوونەوەدا دوبارە مامۆستایان پەیمانیان دووبارە کردەوە و ئامادەیی خۆیان لە بواری فێرکردن و پێگەیاندنی مندالانی کورد ڕاگەیاند. لەلایەن نوێنەری کۆمیتەی شارستانیەوە بەشێك لە داخوازیەکانیان لەبەرچاو گیران و مامۆستایان بەسەر قوتابخانەکاندا دابەش کرانەوە جارێکی دیکەش بەسەرپەرشتی کۆری پەروەردەو فێرکردنی ناوچەکە لە ژێر چاوەدێری بەشی کۆمەلایەتی کۆمیتەی شارستاندا ئەرکەکانی خۆیان بەجێ دەگەیاند. ئەو کتێبانەی

کە لە لایەن کۆڕو فێرکردنی گشتیەوە نوسرابوون و درابوون بە کۆمیتەی شارستان لە قوتابخانەکاندا دەگوترانەوە. لە نێو مامۆستایاندا چەند ئافرەتی وەك مامۆستا سەکینەو نەسرینی حەدادو شوعلە خان و وێڕای مامۆستایانی پیاو وانەکانیان دەگوتنەوە. بەم جۆرە ئەو ساڵەش مامۆستایانیش سەرکەوتوانە درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا. دوای گرتنەوەی ناوچەکان لە لایەن ڕژێمەوە زۆربەی مامۆستایان لە ریزەکانی پێشمەرگەو بەشی تەشکیلاتدا ئەرکی حزبی و نەتەوەیی خۆیان بەجێ دەگەیاند. لەلایەکی دیکەشەوە قانونی سزادانی گشتی لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە پەسەند کرابوو. دەبوو هەموو کۆمیتە شارستانەکان و شۆراکانی کورستان بە پێی ئەو یاسایە کێشە کۆمەڵایەتیەکان جێبەجێ بکەن. لەو کاتەشدا جەلیل گادانی کە سەرپەرشتی کۆمسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی بوو و بەرنامەشی بۆ کارەکانی هەبوو، ئەنجامەکانی کارەکانیشی دەویستەوە هەر بۆیە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لەم بارەوە لەگەڵ زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتی ڕووبەروو دەبوو هەر بۆیەش دەبوو ئیقدامی جدی بکرێت و ئاکامی کارەکانیش بدرێتەوە کۆمسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی.

## کۆبونەوەی دوو قۆڵی مام جەلال و دوکتۆر قاسملوو

دوابەدوای ئەو پەلامارانەی دوژمن بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگە لەسەرانسەری کوردستاندا دەبوو پێشمەرگە بەرنامەی بە رینگاربونەوەیان بەڕوی دوژمندا بگۆڕن. تا ئەوکاتیش یەکیەتی نیشتمانی وەك هێزی پشتیوان بە کردەوە شان بە شانی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لە دژی هێزەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەسەنگەردا مابونەوە، لەو پەیوەندیەدا و بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی درێژ خایەن لە پایزی ۱۹۸۳دا دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ مام جەلال و ملازم عومەر لە گوندی بنێوخەلێف کۆبوونەوەو لەسەر چەند خاڵی گرینگ کە پەیوەندی بەیەکیەتی و هاوخەباتی ئەو دوو حزبە هەیە وتووێژیان کردو رێك کەوتن. ئەو کۆبوونەوەو یەککرتنە گرۆتینێکی تازەی دایەوە بە خەڵکی کوردستان بەگشتی و ئەندام و لایەنگرانی هەردووك لاو پێشمەرگەکانی کوردستان بەتایبەتی. مام جەلال و دوکتۆر قاسملوو وەك دوو ڕێبەری کوردو سکرتێری دوو حزب لەو قۆناغەدا بۆ یەکەمجار

نەخشی گرینگیان لە بزوتنەوەی کوردستاندا بینی و دڵسۆزی و وەفاداری خۆیان بەرابەر بە گەلی کورد بە کردەوە نیشان دا. ئەو یەکگرتنە بوو بە هۆی ئەوە کە حزبەکانی کوردستانی عیراقیش لە بەرەیەکی یەکگرتوودا بەنێوی بەرەی کوردستان کۆببنەوە و کارو تێکۆشانی خۆیان زیاتر پەرە پێبدەن کە بەرهەمی ئەو یەکگرتنە لە ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١دا خۆی نواندو بە ئاکامێك گەیشت و دواتر بە پێچەوانە یەکیەتی نیشتمانی پابەندی هیچ یەك لەم بڕیارانە نەمایەوە. بە ڕێگادان بە تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئەم مێژووە پیرۆزەی سڕیەوە.

## جەژنی ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٨٣ لەگوندی بنەوخەلێف

لەهاوینی ١٩٨٣دا بەهۆی فشاری دوژمن بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ لە گوندی بنەوخەلێف بەرێوە چوو، لەو ئاهەنگەدا مستەفای شلماشی نوێنەری دەفتەری سیاسی بۆ بەشداران قسەی کرد، قسەکانی ناوبراو لەچوارچێوەی سیاسەتی حزب لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی ئێرانی و کوردستانی دابوون. دواتریش لە لایەن کۆمیتەی شارستانی سەردەشتەوە من سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەرکی خەڵك و شۆراکان لە بەرابەر بزوتنەوەی کوردستاندا دوام، هەروەها باسی چالاکیەکانی پێشمەرگەو خۆڕاگری خەڵکی کوردستانم کرد لە بەرابەر هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا. دواتر لە لایەن کۆڕی هونەری حزبەوە ئیقبال حاجی و فەرهاد بابان بەشدار بوون و بە ئاهەنگ و سرودی نەتەوەیی و شۆڕشگێری جێژنەکەیان زیاتر ڕازاندەوە. نوێنەرانی یەکیەتی نیشتمانی و حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عیراق لەو ئاهەنگەدا بەشداریان کردو پەیامی خۆیان خوێندەوە.

## بازاڕەکانی سەر سنوری هەردوو بەشی کوردستان

لەو ماوەدا بێ پسانەوە هێزە خوێنمژەکانی ڕژێمی ئێران هێرش و پەلاماری خۆیان بەسەر ناوچە ڕزگارکراوەکان درێژە پێدەدا، بازاڕەکانی کاسبکارانیش لە قوڵایی ناوچەکانی کوردستاندا بوون بەرەو سنورەکان گوازرابوونەوە، ناوچەی سەردەشتیش زیاتر لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ببوو بە ناوەندی کڕین و فرۆشتن و هاتوچۆکردن بۆ کوردستانی عیراق، جەڵەبی ئاژەڵ و پاتاڵ و ئاڵ و گۆڕی

کالأو خواردن لەو بازاڕانەڕا بە بازارەکانی بەستەستێن، قەلادزێ، سەنگەسەر، تەنانەت هەولێر و سلێمانیش دەگەیشتن. حزبی دیموکراتیش لە زۆربەی سنورەکان بنکەی گومرگی دامەزراندبوو هەموو شتەکان دەبوو گومرگ بکرێن ، بەتایبەتی جەلەبی ئاژەڵ و پاتاڵ گومرگێکی زۆریان خرابۆ سەر. ئەو بنکە گومرگیانە وەك سەرچاوەی داهاتی حزب حسابیان لەسەر دەکرا. ئەو کات ئەگەر حزب بیتوانیبا بە باشی ئەو گومرگانە سەرپەرشتی بکا، کەسانی دەست پاك لەو بەشەدا کاریان پێسپێرابا، بێگومان بەشێکی زۆر لە پێداویستی و نیازەکانی شۆڕشیان دابین کرد، هەر لەو کاتەشدا کۆمیتەی شارستان بۆ وەرگرتنی گومرگ لە بازاڕەکانی قاسمە ڕەش، پشکاو، ئالان و ڕێگا سنوریەکانی دیکە بنکەی گومرگی دانابوو چەند کەسانی وەك عەبە مەلەك، مینە سورە، خدر حەمەدی کوێخای میراوی، عەولأی ئیختیاری و حەسەن محمود و چەند کەسی تری لەو بابەتە لەو شوێنانە وەك بەرپرس دیاری کرابوون. (حاجی حسێن حەداد)یش وەك سەرپەرشتی گشتی تا ماوەیەك دیاری کراو نیوەی داهاتەکانی گومرگی بە گیرفانی خۆی و هاوکارەکانیدا دەکردو بەخێری خۆشیان بەشی حیزبیان لێ دەدا. لەو ماوەدا بەهۆی وەرگرتنی بەڵگەی گومرگ کە لە بەشی ئینتشاراتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت دزەی کردبوو گەیشتبۆ دەستی ئەو کەسانە کە گومرگیان وەردەگرت، ئەو بەڵگانە لە دەفتەری ماڵی حزبدا نەنوسرابوون ئەگەر نوسرابیشن دەفتەری ماڵی سوتێنرا بوو بەو هۆیەوە هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان نەیدەتوانی کارەکانی ئەو بەشە لەژێر چاوەدێردا ڕابگرێت، تەنیا لە چوارچێوەی بەشی ماڵی و ئینتشاراتدا مابۆوە. ئەو بەڵگانە لە بنکە گومرگەکان بە قازانجی ئەوان و چەند کەسێکی دیکە لە برادەرانی بەشی ماڵی و ئینتشارات کەڵکی لێوەردەگیرا. پوڵەکە لە جیاتی ئەوەی بۆ حزب و پێشمەرگە خەرج بکرێت بەشێکی دەچۆ گیرفانی ئەو کەسانە حەیف و مەیل دەکرا، بە داخەوە کاك سەعید کوێستانی وەك بەرپرسی ماڵی و کۆمیتەی شارستان، وەك پێویست لە مەسەلەکانی نەدەکۆڵیەوە و دەیخستنە پاش گوێ، کە لەدواییدا بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو فرت و فێڵانە بێ ناوی هاتە نێو ناوان و بە زیانی خۆی تەواو بوو. پێویستە بگوترێ لەو کاتەشدا سەید ئەحمەد حسێنی بەرپرسی بەشی ئینتشارات بوو کە ناوبراو لە جیاتی ئەوە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو شتانەی لەگەڵدا بکرێ بۆ ئەوەی

بە تەواوی ڕوون بێتەوە کە لە لایەن چ کەسێکەوە ئەو بەڵگانە گەیشتبوونە دەستی ئەو کەسانە کە گومرگ وەردەگرن، لە لایەن کاك سەعیدەوە وەك ئینسانێکی ڕوناکبیر و خوێندەوار بە دەفتەری سیاسی ناسێنرابوو و بە بۆرسی خوێندن نێردرا ئەورووپا. دواتریش عەولاّی ئیختیاری و ئەو کەسانەی تر کە لەسەر گومرگ بوون بە تاوانی دزی ماوەیەك خرانە بەندیخانە پاشان لە حزب دەرکران و ئێستاش ڕوون نەبۆوە کە بەڵگەکان بە چ شێوەیەك گەیشتۆتە دەستی ئەو کەسانەی گومرگیان وەردەگرت.

## پەیوەندیەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عیراق

بەپێی هەل و مەرجی شۆڕش و دابین کردنی بەشێك لە نیازەکانی حزب و هاتوچۆی ئەندامانی سەرکردایەتی بۆ دەرەوەی وڵات، حزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە ساڵەکانی ١٩٧٠وە تاکو ئێستاش بێ پسانەوە پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی بە دەوڵەتی عیراقەوە هەبووە و هەیەتی. ئەو پەیوەندیەی لەسەر حیسابی هیچ یەك لە حزب و ڕێکخراوەکانی تری کوردستان و کەسایەتی دیکە دانەمەزراوە. حزبی دیموکرات لەم بارەوە تاقی کراوەتەوە، هەر بۆیە ئەگەر حزب و ڕێکخراوەکانی بەشەکانی تری کوردستان بیان هەوێ لەسەر ئاستی بەرژەوەندی گەلی کورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە گەلی کورد دەچەوسێننەوە، پەیوەندیان هەبێ مافی بێ ئەولاو ئەولای خۆیانەو دەتوانن پەیوەندیان هەبێ، بەمەرجێك لەسەر حسابی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەبێ. لەم بارەوە پێویستە هەموو حزبەکانی کوردستان بە تایبەتی یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەرس لە حزبی دیموکرات وەربگرن و فێری ئوسولی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماتیك بن لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا. بۆ نمونە بەو هەموو کۆسپ و لەمپەرانەی کە لە لایەن دۆستانەوە خراونە سەر ڕێگای تێکۆشانی حزبی دیموکرات، ئەو حزبە تا ئێستاش هەنگاوێك بەلای دوژمنانی کورد دا نەشکاوەتەوە و سەربەرزانەش درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە، جگە لەوەش توانیویەتی بە ئاشکرا پشتیوانی خۆی بە شێوەی سیاسی لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەربڕێ. لەم بارەوە هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی و حزبەکان بە تایبەتی

شاهیدی هەڵوێستی دروستی حزبی دیموکراتن. بەڵام حزبی دیموکراتیش وەك هەموو حزبەکانی دیکەی کوردستان کەموکوڕی خۆی هەبووە، لەم بوارەشدا بەهۆی دەستێوەردانی کەسانی نامەسئول لە کاروباری پەیوەندیەکاندا هێندێك ڕوداوی خراپ لە نێوخۆی حزبی دیموکراتدا هاتنە گۆڕێ. بۆ وێنە حزبی دیموکرات هەر لە سنوری شنۆ و پیرانشار تا دەگەیشتەوە هەورامان، ڕێگای بەچەند کەسێك لە فەرماندەکانی پێشمەرگەدا بوو کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مخابەراتی دەوڵەتی عیراق پەیوەندی بگرن. دیارە ئەو پەیوەندیە تەنیا بە مەبەستی دابینکردنی نیازەکانی پێشمەرگە بوون، بەڵام بەشێك لە فەرماندە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دەکەوتنە ژێر تەئسیری سیاسەتی دەوڵەتی عیراق و لەم بارەوە هێندێك کاری نادروست بە نێوی حزبی دیموکرات ئەنجام دەدران و هێندێك لەوانە سیاسەتی دەوڵەتی عیراقیان بەڕێوە دەبرد، کە ئەو کردەوانەی ئەوان بە زیانی حزب و شۆڕش تەواو دەبوون. لەولاشەوە چەند کەسێك لە بەشی پەیوەندیەکانی حزب لە سنورەکانی سلێیمانی و قەڵادزە لە جێگای ئەوەی کاری دیپلۆماسی بکەن خەریکی مەعامەلەو قاچاخچیەتی و گۆڕینەوەی پول و پارە بوون، بەتایبەتی لە سنوری سلێمانی و قەڵادزەو شیوەڕەزو سونێ هەر لە سەرەتاوە لە لایەن بەرپرسی پەیوەندییەکان، ئەو ڕەوتە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند. قاچاخچیەتی بوو بە بەشێك لە کارو ئەرکی پێوەندییەکانی حیزب. چەند کەسێك کە لە بەشی پەیوەندیەکان بوون کە تەنیا بە مەبەستی دابین کردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان ئەو مەسئولیەتەیان قەبوڵ کردبوو، زۆر جاریش لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی حیزبیدا ئەو کەسانە دەکەوتنە بەر ڕەخنەی کادرو پێشمەرگەو تەنانەت لێدان و تێهەڵدانیش. جگە لەوەش ئەو کەسانە نە لە باری سیاسی و دیپلۆماسیەوە نە لەباری کۆمەڵایەتیەوە شیاوی ئەو پلەو پایە نەبوون، لە نێو کادرو پێشمەرگەشدا خۆشەویست نەبوون، ڕۆژیش نەبوو کە چەند تراکتۆر ئازوقەو کەلوپەلی تر بە وەرەقەی دەوڵەتی عیراق نەگەیەننە گوندی سونێ و بە قازانجی خۆیان و چەند کەسێکی تر کە لە ئاستی سەرێ پشتیوانیان لێ دەکردن نەیفرۆشن و حەیف و مەیلی نەکەن. کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لەم بارەوە دەفتەری سیاسی چەند جار ئاگادار کردەوە بەڵام نە ڕێبەریی حزب هەڵوێستێکی لەخۆ نیشانداو نە کۆمیتەی شارستانیش دەیتوانی پێش لەو بازرگانانە بگرێت.

بەهەر حاڵ ئەو وەزعە دوو سێ ساڵی خایاندو هەڵای زۆریشی لێ ساز دەبوو زۆر کەس دەوڵەمەند بوون. بەڵام دوکتور قاسملوو پشتی ئەوانی دەگرت. ئەو کەسانەش زۆر بە کەمی خێریان بۆ حزب دایەوە، بەشێکیان خۆیان گەیاندە ئوروپاو هێندێکیشان خۆیان تەسلیم بە ڕژێم کردەوە، چەند کەسیش بە زمان لوسی و نۆکەری بۆ سکرتێرەاکنی حیزب لە حیزبدا ماونەوە. ئەو کەمتەرخەمیە سەبارەت بە پەیوەندیەکان نادروست بوو لە دوایشدا گران بەسەر حزبدا شکایەوە. بۆ نموونە دەرهێنانەوەی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی نەمرکە بە ناحەق حیزب تاوانبار دەکرا، هێنانی ئەفسەرانی دەوڵەتی عیراق بۆ نێو بنکەکانی پێشمەرگەو تۆپبارانی هێندێک شوێنی غەیرە نیزامی لە کوردستانی ئێران لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە، تەئسیری خراپی لەسەر بزوتنەوەی کوردو سیاسەتی حزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێراندا دانا، لە لایەکی دیکەشەوە چەند کەسێك لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا بۆ نانەوەی ئاژاوەی زیاتر و لێکدابرانی ڕیزەکانی خەڵك و پێشمەرگە بەبێ ئاگاداری هێزو تەشکیلاتی حزب لە ناوچەکاندا دەستیان کرد بە ڕەشەکوژی کە ئەو ڕەوشە نە لە باری مرۆڤایەتیەوە نە لە باری شۆڕشگێڕیەوە لەگەڵ بیرو بۆچوونی حزبی دیموکرات یەکیان نەدەگرتەوە، جا ڕەنگە لەو نێوەدا خەڵکی بێ تاوانیش کوژرابن. ئەو هەڵوێستەی بەشی پێشمەرگە جگە لەوەی کە لە ئەرزشی حزبی دێنایە خوارو لە هەیبەت و سامی شۆڕشیشی کەم دەکردەوەو بەڵگەیەکیش دەدرا بە دەستی ڕژێم کە بە قازانجی خۆیان تەبلیغاتی پێوە بکەن. لە مەڵبەندی سەردەشتیش لەنێو هێزی گیاڕەنگدا چەند کەسانی وەك محمد زارعی و سمایلی عەلی بەسێ بەبێ ئاگاداری هێزو تەشکیلات کە دوایی دەرکەوت ئەوانە بۆ دوو ڕژێمی دژی کورد جاسوسیان کردووە و دەستیان کردبوو بە تیرۆرو ڕەشەکوژی خەڵك، بە تێپەڕبوونی زەمان ئەو کەسانە هەم بۆ حزب ناسران و هەم بۆ خەڵك ئاشکرابوون.

## شەڕی کۆمەڵەو حزبی دیموکرات

لە ئاکامی شەڕی نێوان حزب و کۆمەڵەدا کارەساتی ئاژوان لە جنووبی کوردستان و شیمالی کوردستان و چەند ڕووداوی داخداری تر هاتنە ئاراوە. لێرەدا ئاماژەیەك بە چەند ڕووداو دەکەین: هێرشی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاخری ساڵی ١٩٨٣ دا بۆ سەر ناوەندی ئاژوانی حزبی دیموکرات لە جنووبی کوردستان، کە پێشتر لە لایەن بەرپرسانی کۆمەڵەوە پلانی بۆ داڕێژرابوو بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو ئەندامانی حیزب کە لەو ناوەندەدا دەژیان دەستی پێکرد. بۆ یەکەم جار کۆمەڵە توانی گەورەترین زیان لە باری گیانیەوە بە حزبی دیموکرات بگەیەنێ، ئەو هێرشەی کۆمەڵە بۆ سەر حزبی دیموکرات و قەتل و عام کردنی کادرو پێشمەرگەکانی، ئەوەندەی دیکەش دوژمنایەتی هەردوو لای قوڵتر کردەوە. ئەو جار پێشمەرگەکانی هەردوو لا دوژمنی هاوبەشیان لە بیر کردو لە فکری ئەوەدابوون کە چۆن زەربە لەیەکتر بوەشێنن و کارەساتی لەم جۆرە دووپات بکەنەوە. حزبی دیموکراتیش بۆ قەرەبوی زیانەکانی خۆی لە بەرامبەر ئەو هێرشەی کۆمەڵەدا بێدەنگ نەمایەوە و هێزەکانی خۆی کۆکردەوەو پەلاماری دایە سەر سەنگەرەکان و بنکەکانی کۆمەڵە لە جنووب و شیمالی کوردستان و چەند شوێنێکی تر. ئەو هێرشەی حزبی دیموکرات بۆ سەر کۆمەڵە گەورەترین زیانی لە هەردوو لادا چەند کەسانی وەك سەرگورد عەلیارو میرزا عەوڵای نیشکۆڵان لەگەڵ چەند کادرو پێشمەرگەی حزب و دەیان کادرو پێشمەرگەی کۆمەڵە بوونە قوربانی هەڵەی ڕێبەریی هەردوولا. سەیر ئەوە بوو لە دوای هەموو ڕوداوێك سەرکردایەتی حزب و کۆمەڵە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگای ئاشتیەوە پێکەوە کۆدەبوونەوە و لەسەر هێندێك خاڵیش ڕێکدەکەوتن. بەڵام زۆری نەدەخایاند دەتگووت دەستی دوژمن لە ئارادایە، تێکهەڵچوونەکان دووبارەو چەند بارە دەبوونەوە. بێگومان دەستی داگیرکەران لەنێو هەردوو لادا هەبووە هەر بۆیە دانیشتنەکان ئاکامێکی باشیان بەدواوە نەدەبوو، بەمجۆرە ڕێبەرانی حزب و کۆمەڵە وەڵامی هەرچەشنە ڕووداوێکی دڵتەزێنیان بە ڕوداوی دڵتەزێنتر دەدایەوە و هەر بۆیەش دوای کارەساتی ئاژوان هێزەکانی حزبی دیموکرات لە شیمالی کوردستان زیاتر لە پەنجا پێشمەرگەی کۆمەڵەیان لە کیسە خەودا کوشتن. وەڵامی تۆڵە بە تۆڵە

نەك هەر لە نێو حزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا بەڵکو لە نێو هەموو هێزەکانی کوردستاندا کۆسپ و ئاستەنگێکی گەورەیان خستۆتە سەر ڕێگای سەرکەوتنی شۆڕشەکانی گەلی کورد لە کوردستاندا. بەداخەوە ئەو شەڕو تێکهەڵچوونانە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا کەوتنە قۆناغێکی پڕ مەترسی، ڕێبەرانی هەردوو لاش بێباکانە بڕیاری نادروستیان دەدا. خەڵکی کوردستانیش بە گشتی بەو وەزعە نیگەران بوون، داوایان لە هەردوو لای ناکۆك دەکرد کە کێشەکانیان لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیەوە چارەسەر بکەن بە داخەوە هەر دوو لا گوێڕایەڵی داواکانی خەڵکی کوردستان نەدەبوون، ئەو شەرانە جگە لە تێداچوونی دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری گەلی کورد زەرەرو زیانی دیکەشی بە دواوە بوو، کە ئەویش لێکدابڕانی خەڵکی کوردستان لە لایەك و پێخۆشحاڵی دوژمنانی کورد لە لایەکی دیکەوە بوو، هەر لەو کاتەدا دوژمن بە هەلی دەزانی لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دەدایە سەر کوردستان و جار لەگەڵ جاریش مەیدانی تێکۆشان و چالاکی بە هەردوو لا بەرتەسك دەکرایەوە. بڕیارە نادروستەکانی ڕێبەرایەتی هەردوو لاش لە لایەن کادرو پێشمەرگەی هەردوو لاوە بەڕێوە دەچوون، هەروەك لە بەردەسور بێ ئەوەی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بەرنامەی شەڕکردنیان لەگەڵ کۆمەڵەدا هەبووبێت تێکهەڵچوون دروست بوو. کە ئەوەش نیشانەی ناهوشیاری سیاسی کادرو پێشمەرگەکانی هەردوو لا بوو.

بە درێژایی مێژوو نەك هەر حزبی دیموکرات و کۆمەڵە بەڵکو هەموو حزبەکانی کوردستان لە جێگای ئەوەی بۆ پەرەپێدانی نفوزی خۆیان لەنێو خەڵکی کوردستاندا بەشێوەی تەبلیغاتی نفوزی خۆیان زیاد بکەن و تێبکۆشن، بە پێچەوانە لە ڕێگای زۆرە ملێ و شەڕو ئاژاوەوە بەشێوەی چەکداری و کوشتن، ڕقبەرقە و کێبەرکێیانە، بۆ بەدەستەگرتنی دەسەڵات ڕەسمییەتیان بەشەڕ داوەو حازر نەبوون مل بۆ ئیرادەی خەڵك و دەنگدان و هەڵبژاردن بە شێوەی دیموکراتی ڕابکێشن و لە ڕێگای خەڵکەوە دەسەڵات بە دەستەوە بگرن. مل هوڕی و سەرەڕۆیی ڕێبەرانی کورد ماوەی (٣٠)سی ساڵە باڵی بەسەر ئەقڵ و مەنتیقدا کێشاوە و گەلی کوردیان لە چارەنوسێکی نادیاردا هێشتۆتەوە.

## ڕووداوی بەردەسوور لەنێوان حزب و کۆمەڵەدا

بە پێویستم زانی بۆ ڕوون بوونەوەی خوێنەرە بەڕێزەکان ئیشارەیەك بە چۆنیەتی دروستبوونی شەڕو تێکهەڵچوونی نێوان پێشمەرگەکانی حزب و کۆمەڵە لە گوندی بەردەسوور سەر بە ناوچەی سەردەشت بکەم و ڕاستی و چۆنیەتی ڕووداوەکە وەك خۆی بگێڕمەوە. لەو کاتەدا هێزەکانی ڕژێم پەلامار بە دوا پەلامار دەیانکردە سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە، لە دوای ڕوداوی بەردەسوور سەرکردایەتی حزب و کۆمەڵە بۆ ئەوەی پێش لە ڕووداوی دڵتەزێنتر بگرن، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی ڕووداوەکە هەیئەتێك پێکدێنن، لە لایەن حزبەوە حوسێن مەدەنی و من، لەلایەن کۆمەڵەشەوە برایم مینە شەم و برادەرێکی دیکەی سەرکردایەتی کۆمەڵە، لە دەفتەری مەلا شێخ عیزەدین مەلا محمد غەفوری و مەلا حەسەنی نوزهەت زادە، بۆ چاوەدێری کردنی لێکۆڵینەوەکان بەشدار بوون. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە نزیك بە دووسەد کەس لە گوندی بەردەسوور و نێوچوان کرا، دەرکەوت کە بەشێك لە بەرپرسانی پێشمەرگەی حزبی دیموکرات بە بێ ئاگاداری فەرماندە هێز واتە حەسەن شیوەسەڵی و کۆمیتەی شارستان کۆبوونەوەیەك لە گوندی ئاغەلان پێك دێت و لەسەر وەزعی کۆمەڵە کە لەو ناوچەیە گومرگ وەردەگرن، بیروڕا دەگۆڕنەوەو بڕیار دەدەن کە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی حزب بەرپرسایەتی فەقێ ڕەسوڵ بیشاسپی جێگیری هێز بچنە بنکەکانی کۆمەڵە لە نێوچوان و بەردەسوور، بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنن کە ئەوانیش بە پێی ئیمکان و بەگوێرەی ئەو هێزەی کە هەیانە لە ناوچەدا بەشداری لە شەڕەکاندا بکەن. بۆ ئەو مەبەستە فەقێ ڕەسوڵ لەگەڵ دە پێشمەرگەیەك دەچنە گوندی بەردەسوور و ناوبراو لە چاخانەیەکی نزیك گوندەکە پێشمەرگەکانی جێدێڵێ و بۆ خۆی بە چوار پێشمەرگەوە دەچێتە بنکەی کۆمەڵەو لە گەڵیان کۆدەبێتەوەو زۆر دۆستانە لەگەڵیان دەدوێت، بەتایبەتی لەگەڵ حوسێن عەبدالی کە بەرپرسی کۆمەڵە دەبێت مەلەسەکان باس دەکەن، هەر لەو کاتەشدا پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بەنێوی برایم گۆمانی لەبەر دەرگای بنکەی کۆمەڵە بەخدر زورەیی کە بەرپرسی دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی حزبە، دەڵێت" ئەوە جاشەکانی بەعسی عیراق لە چی دەگەڕێن!؟" خدر زورەیش لە

وەلآمدا دەڵێت" هەتیوە عەیبە ئەو قسانە مەکە ئەوە بڕادەران لە ژوورەوە خەریکی قسەکردنن" برایم گۆمانی لە نەکاو تەقە لە خدر دەکاو بریندار دەکات، ناوبراویش بە برینداری تەقە لە برایم دەکاتەوە و ئەویش بریندار دەبێت، لە ژوری بنکەی کۆمەڵەش بە بێ ئەوەی بزانن ئەو تەقە چییەو بۆ چ کراوە بڕادەرانی کۆمەڵە دەستڕێژ لە فەقێ ڕەسوڵ دەکەن کە بە سەختی بریندارو دوای سەعاتێك شەهید دەبێت. پێشمەرگەکانی حزب کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوڕێکانیان دەبن، بە دەنگی تەقەکەوە دەچنە نزیك بنکەی کۆمەڵە، بڕادەرانی کۆمەڵەش کە پێشتر دەوری بنکەو بەرزایەکانی پشتی گوندەکەیان سەنگەر بەندی کردووە و لە سەنگەردا دەبن تەقە لە پێشمەرگەکانی حزب دەکەن، بەم جۆرە شەڕەکە دەست پێدەکات، لە ئاکامی ئەو شەڕەدا لە هەردوو لا حەوت کەس شەهید دەبن، یەکێك لە شەهیدەکانیش حوسێن عەبدالی بەرپرسی کۆمەڵە دەبێت. لە دواییدا پێشمەرگەکانی حزب دەست بەسەر بنکەو بارەگاکانی کۆمەڵەدا دەگرن و نزیك بە ١٥ کەسی کۆمەڵە دەگرن کەدوای دوو سێ ڕۆژ لە لایەن حزبەوە ئازاد کران. بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە ئەو هەیئەتە کردمان دەرکەوت کە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بە مەبەستی شەرکردن لەگەڵ کۆمەڵە نەچوونە گوندەکانی بەردەسوور و نێوچوان، بەلآم هەرچۆنێك بێت ئەو شێوە هەڵسوکەوتە لەو بارودۆخە ئالەبارەدا کە هەردوو لای ناکۆك دژایەتی یەکتریان دەکرد، چاوەڕوانی کارەساتێکی ئاوا داخدار دەکرا. بەمجۆرە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان درایەوە بەدەفتەری سیاسی هەردوو حزب و کۆتایی بەو وەزعە هات و بۆ ماوەیەك شەڕەکانی نێوان حزب و کۆمەڵە ڕاوەستان.

## ئاڵۆزی نێوان بەشێك لە کادرەکانی تەشکیلاتی و بەشی پێشمەرگەدا

دەبێ بڵێم بەداخەوە بەهۆی نفوزی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێو پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگدا تەبلیغات دژی کادرەکانی بەشی تەشکیلات دەستی پێکردبوو. سەرچاوەی ئەو تەبلیغاتەش لە لایەن محمد زارعی و سمایلی عەلی بەسێ و چەند کەسانی سەر بە ئەوان بوو. ئەو هەڵوێستەی ئەوان تا ماوەیەك ڕیزەکانی حزبی ئاڵۆز کردبوو و کادرو پێشمەرگەکانی سەر بە هێز بەرامبەر بە کادرەکانی سەر بە تەشکیلات و کۆمیتەی شارستان دوردۆنگ ببوون، هەر ڕۆژە دژی یەکێك لە

ئـەندامانی هەیئـەتی هیجرایـی تـەبلیغاتی ژەهراویـان درێـژە پێـدەدا، کۆمیتـەی شارستانیش ئەو مەسەلانەی لەگەڵ فەرماندە هێز باس دەکردن، بەڵام هێز تا ماوەیەك هەڵوێستێکی ئەوتۆی بەرامبەر بە ئەوان لە خۆی نیشان نەدەدا، بەڵام دوایی کە بۆی دەرکەوت ئەو کەسانە مۆرەی سەر بە ڕژێمن و لە ناو حزبدا گەرایان ناشتووە، لێیان وەخۆکەوت و دوای ماوەیەك لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی وەدەرنان. بەوەدەرنانی ئەو تاقمە ڕەوتە کە گۆڕانی بەسەردا هات و کادرو پێشمەرگەکانی ئەو دوو بەشە ئەرکی شۆڕشگێڕی خۆیان پێکەوە ئەنجام دەدان و کۆتایی بە ناکۆکیەکان هات. جگە لەوە لە نێوان سەعید کوێستانی و حەسەن شیوەسەڵیدا کە هەردووکیان ئەندامی کۆمیتە بوون لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکان هێندێك ناکۆکیان هەبوو، حەسەن شیوەسەڵی کەمتر بەشداری لە کۆبوونەوەکانی هەیئەتی ئیجرایی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هاودەنگی و یەکگرتووی ڕیزەکانی ئەو دوو بەشە واتە هێزو تەشکیلات زیاتر دەبوو، کارەکان لە چوارچێوەی هەردوو بەشەکەدا ئوسوڵ و پرنسیپەکانی حزبیان دەپاراست، تا ماوەی دوو ساڵ بەم شێوەیە درێژەی کێشا. پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەڵگەنامەکانی جاسوس بوونی محمد زارعی لە ڕوپەرەکانی ئاخری ئەو کتێبەدا دەتوانن بخوێنەوە.

# قۆناغی حەڤدەهەم

## بەرەو کۆنگرەی شەشەم و کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت

هێشتا ڕیزەکانی پێشمەرگەی هێزی گیارەنگ لە مۆرەکانی سەر بە ڕژێم پاك نەکرابوونەوە کە لەپایزی ١٩٨٣ دا هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان بە مەبەستی پێکهێنانی کۆنفرانس کۆبوونەوەی خۆی گرت. بۆ دیاری کردنی کات و شوێنی کۆنفرانس و لێ گیرانەوەی ئەندامانی حزب بۆ کۆنفرانس بەرپرسایەتیەکە خرایە سەر شانی سێ کەس، کاك سەعید کوێستانی و کاك حەسەن شیوەسەڵی و من. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی هەیئەتی بەڕێوەبردنی کۆمیتەی شارستان. ئەو سێ کەسەمان بەیەکەوە کۆبووینەوە و کارەکانمان دابەشکردن. کاك سەعید لێگێڕانەوەی ئەندامانی حزب، کاك حەسەن دیاری کردنی پێشمەرگە بۆ پاریزگاری لە شوێنی گرتنی کۆنفرانس و من تەداروکات و دابین کردنی پێداویستیەکانی کۆنفرانس. شوێنی گرتنی کۆنفرانس گوندی مام کاوێ دیاری کرا، بەمجۆرە هەرسێك کەسمان بۆ ئەنجامدانی کارەکان دەست بەکاربووین و بڕیاریشماندا تا ڕۆژی گرتنی کۆنفرانس جگە لەو سێ کەسە، کەسی تر شوێنی کۆنفرانس نەزانێت. ڕۆژێك لە لایەن کاك حەسەن شیوەسەڵیەوە من و کاك سەعید ئاگادار کراینەوە کە دوژمن شوێنی گرتنی کۆنفرانسی زانیوەو دەبێ شوێنەکە بگۆڕین، چونکە دوژمن بەرنامەی داڕشتووە کە لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنفرانسدا لە ئاسمان و زەویەوە هێرشمان بکەنە سەرو هەموو ئەو گوندەو شوێنی کۆنفرانسەکە بە تۆپ و بۆمبا بسووتینن و ویران بکەن. بەوەرگرتنی ئەو خەبەرە هەرسێکمان کۆبووینەوە و دوردۆنگیمان بۆ پێکهاتبوو بۆ خۆمان لە خۆمان دەپرسی دەبێ کامەمان ئەو نهێنیەی درکاندبێت!؟ خەریکی ئەوە بووین کە یەکتر دادگایی بکەین، لە پڕێك کاك حەسەن شیوەسەڵی گووتی" ئەرێ بابم ئەمن ئەو مەسەلەم لەگەڵ محمەدی حاجی ڕەسوڵ کە جێگری هێزە باس کردووەو مەسئولیەتی پاراستنی شوێنی کۆنفرانسم بە ئەو سپاردووە، جا بۆیە پێموایە هەر ناوبراویش ئاگاداری ڕژێمی کردۆتەوە و شوێنی کۆنفرانسی بۆ ڕژێم ئاشکرا کردووە". دوای یەك دوو ڕۆژ بۆمان دەرکەوت کە محمەدی حاجی ڕەسوڵ لە کەناڵی پەیوەندی خۆیەوە بە ئیتلاعاتی ڕژێم ئەوانی ئاگادار

کـردووە و ڕێنوێنیشـی داونـیٚ کـە بـە چ شـێوەیەك هـێرش بکەنـە سـەر شـوێنی کۆنفرانس. بۆ خۆی بە نێوی ئەوەی کە پارێزگاری لە شوێنی کۆنفرانس دەکات، داوای لە فەرماندە هێز کردبوو کە خۆی و چەند کەسێکی سەر بە خۆی هەرچەند نوێنـەری کۆنفرانس بـوون بەشداری لـە کۆنفرانسـدا نەکـەن، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بـە حیسابی خۆیان باشتر پارێزگاری لە کۆنفرانس بکەن وخۆشیان لە مردن ڕزگار بکەن. هەر ئەو داوایەی ناوبراویش لە کاك حەسـەن نیشانەی ئەوەبوو کـە بەرنامـەی بـۆ لـەناوبردنی بەشدارانی کۆنفرانـس داڕشتبوو. هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا بڕیارمـاندا شوێنی کۆبوونەوە بگۆڕین و شوێنێك بە نێوی خرێ دووبیٚ لە سنوری گوندی سونیٚ و شێنێمان دیاری کردو کۆنفرانسی کۆمیتـەی شارستانمان لـەو شوێنە بەڕێوە برد، ڕۆژی ١٠ی ٩ی ١٩٨٣دا کۆنفرانس بەسترا لە شوێنی دیاریکراودا، لەو کۆنفرانسـەدا جگـە لـە نوێنـەرانی ئۆرگانـەکانی حـزب و کـادرو پێشـمەرگە، نوێنـەری دەفتـەری سیاسیش مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە بەشدار بـوو. لـەو کۆنفرانسـەدا بەهێنانـە گۆڕی نامیلکەی کورتە بـاس کـە لـە لایـەن دوکتـور قاسملووە نوسـرابوو مامۆسـتا عەبدوڵا حەسەن زادەش لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆ کۆنفرانس، موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کرا، کەسانێکیش لەو کۆنفرانسانەدا بەشدار بوون کە کورتە باسیان قەبوڵ نەبوو، چەند کەسێکیش هەر لێی حاڵی نەبوون و نەشیان دەزانـی چ گۆڕانێك لـە خـەت و ڕێبـازی حزبـدا پێـك دێـنیٚ، هـەر بۆیـە لـەو کۆنفرانسـەدا کورتـە بـاس ڕەت کرایەوە. ئەگەر چەند کەسێکیش لە کۆنفرانس دا دەنگیان بە کورتە باس دابیٚ بە لایەنگیری کردن لە نەزەراتی دکتور قاسملوو کورتە باسیان قەبوڵ بوو. بەهـەر حاڵ ئەو باسە هەڵگیرا بۆ کۆنگرەی شەشەم کە باس و لێدوانی زیاتری لەسەر بکریٚ. بەم جۆرە بە هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی کۆمیتـەی شارستان دیاری کردنـی نوێنـەران بـۆ کۆنگـرە و چـەند بـاس لێکۆڵینەوەیـەك لەسـەر ڕاپۆرتـی کۆمیتـەی شارسـتان هـێزی گیارەنگ کۆتایی بە کۆنفرانس هێنراو چەند کادرێکی تازە پێگەیشتووی حزب وەك حەسەن پزشکی، فەقیٚ مەحمود قولەسوێروی و برایم زیوەیی بە کۆمیتـەی شارستان زیاد کران و باقی ئەندامان هـەر ئـەو کەسانە بـوون کـە پێشـتر ئـەندامی کۆمیتـەی شارستان بوون هەیئـەتی ئیجراییـش هـەر ئـەو کەسـانە بـوون کـە پێشـتر کۆمیتـەی شارستانیان بەڕێوە دەبرد.

## کۆنگرەی شەشەم و هەڵاو هەنگامەی کورتەباس

کۆنگرەی شەشەمی حزب لە ڕۆژێکی مێژوویی حزبیدا بڕیاری بەستنی لەسەر درابوو، لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٩٨٣ لە گوندی گەلاڵەی شینکایەتی بەشی کوردستانی عیراق کە ئەو کات سەرکردایەتی حزبی دیموکرات لەو شوێنە بنکە و بارەگای خۆی دامەزراندبوو بە بەشداری ٢٣٠ کەس لە نوێنەرانی ئۆرگانەکانی حزب کە لە هەموو کوردستانرا هاتبوون بەڕێوە چوو. لەو کۆنگرەیەدا بەهۆی هێنانەگۆڕی کورتە باس لە لایەن دوکتور قاسملووی نەمرەوە کە لە سۆسیال دیموکراتەکانی فەرانسە وەرگیرابوو کێشەو هەلایەکی زۆر ساز بوو. زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە کورتەباسیان قەبووڵ نەبوو، بەشێکیش کە قەبووڵیان بوو، پێیان وابوو پێشتر دەبوو کورتە باس لە لایەن ڕێبەریەوە درابایە بە ئۆرگانەکانی حزب و نوێنەرانی کۆنگرە لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر کردبایە و لێی شارەزا بوبان، ئەوجار هاتبایە کۆنگرە. لە ڕاستیدا هەردەبوو وابێ، ئەگەرچی کورتە باس لە ناکاو و بە بێ وەخت هاتە کۆنگرە و نیوە بە زۆر و نیوە بە تکاو لاڵە بەسەر کۆنگرەدا سەپێنرا، لە هەمان کاتیشدا بەرنامەیەکی پێشکەوتنخواز و لە ئاستی نێو نەتەوەییشدا دیاردەیەکی بەرچاو و جێگای سەرنج بوو بۆ گەلی کورد سەبارەت بە دیاریکردنی ئامانجەکانی خۆی گونجاوترین خەت و ڕێباز بوو کە دوکتۆر قاسملو داڕشتبوو، لەو کاتەوە حزبی دیموکرات ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی کردە بناغەی تێکۆشانی خۆی، بەڵام بەداخەوە بەهۆی سەپاندنی کورتە باس لە ئاکامدا ناکۆکی کەوتە نێو ڕیزەکانی حزب و بەشێك لە ئەندامانی هەڵسووڕ و ئۆلگۆی حزب هەر لە ئاستی ڕێبەریدا بگرە هەتا ئۆرگانەکانی خواروش لە حزب چوونە دەرو یان باشتر بڵێین لە حزب وەدەرنران. لە لایەکی دیکەشەوە هێشتا زۆری نەخایاندبوو کە حزبی دیموکرات لە گێچەڵی حزبی تودەو لایەنگرەکانی نەجاتی ببوو کە دووبارە بەشێوەیەکی دیکەو لە ژێر ناوێکی دیکەدا دیاردەی لێك دابڕان و پەرش و بڵاوی باڵی خۆی بەسەر قەوارەو بەدەنەی حزبدا کێشایەوە. کەسانی وەك مستەفا شڵماش، ئەمیر قازی، فەرەیدون متران، تاهر عەلی یار، ڕەحیم ئەمیری و حەمید گەوهەری بە بیانوی جۆراو جۆر لە ژێر ئەو ناوەدا لە حیزب دوورکەوتنەوە، یا لە حزب دەرکران. بە داخەوە کورتە باس ئەو دیاردانەی

بۆ حزب و میللەتی کورد بەدواوە بوو، حزبی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا هێشتەوەو بەو هۆیەوە دیموکراسی لە ڕیزەکانی حزبدا لە جیاتی ئەوەی گەشە بکا بە پێچەوانە تەنگی پێهەڵچنرا و وورده وورده دیکتاتۆری بەشێوەی چەند کەسی و تاکە کەسی لە ئاستی سەرکردایەتیدا سەری هەڵدا کە لە جێگای خۆیدا باسیان دەکەم. ئەو گۆڕان و بەسەرهاتانەش هەموویان لە هەڵەو کەمتەرخەمی ڕێبەریی حزبەوە سەرچاوەیان دەگرت. کە زیاد مەیدان بە شەهید دوکتور قاسملو درابوو. ئەو کەسانەی کە کورتەباسیان قەبوڵ نەبوو بەئاشکرا لەنێو حزبدا دژی داهێنەرانی کورتە باس تەبلیغاتیان دەکرد، چەند کەسێکیش کورتە باسیان قەبووڵ نەبوو بەلاّم بۆ پاراستنی یەکگرتویی ڕیزەکانی حزب ئەرکەکانی خۆیان بەجێدەگەیاندن، بەم جۆرە چەند کەسێك بەناحەق لە حزب دەرکران. بەداخەوە زۆر نەزەر و بۆچونەکانی دکتۆر قاسملو چ بەنوسراو چ بەقسە کە لە کۆبونەوە گشتیەکان و کۆنفراس و کۆنگرەکاندا دەی هێنانە گۆڕێ، جا دروست یا نادروست، لەلایەن چەند کەسانی بەرچاو تەنگ و ناسیاسی لەئاستی ڕێبەری و ئۆرگانەکانی خوارتردا پشتیوانیان لێدەکراو بەسەر هەموو ئەندامانی حزبدا دەسەپێندران کەئەم کارانە حزبی بەرەو لاوازی ڕاکێش دەکردو باڵی دکتاتۆریشیان لە دوکتور قاسملو دەڕواند. بەهەر حاڵ بە پێی ڕەواڵ کۆنگرە بەرنامەکانی کاری خۆی درێژە پێدا، سەیرتر لە هەموو شتێك ئەوەبوو لە هەر کۆنگرەیەکدا هەر کەسێك کە دوکتور قاسملو کاندیدای کردبایە بەبێ وەبەرچاوگرتنی ڕادەی زانیاری و وشیاری سیاسی یا ناسینی کەسایەتی ئەو کەسە لە ڕابوردوی نێو حزبدا و چەندێتی خەبات و چۆنێتی هەڵسوکەوتی ئەو کەسە لەبەرابەر حزب و شۆڕش دا، بەبێ ئەولاو ئەولا دەبوو دەنگی پێ بدرێ. معیاری دوکتور قاسملوش بۆ ئەو کەسانە مەدرەکی خوێندن یان فێربوونی چەند واژەیەکی سیاسی بوون کە دوکتور قاسملویان دەگەیاندە ئەو قەناعەتە کە ئەوانە شیاوی ئەو پلەو پایە دەبن، دەکرانە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی یان جێگرو مشاویر!؟ هەر بەو جۆرە کەسانەش بەربەرەکانیان لەگەڵ کەسانی خاوەن خەبات و ئەزمون پێدەکردن. هەروەك ئێستاش کە من ئەو بیرەوەریانە دەنووسم ئەو ڕەوشە لەنێو حیزبی دیموکراتدا باوی هەیە! هەر بۆیە ئەندامانی ڕێبەریی بە گوێرەی مەسئولیەتەکانیان لە هەڵەکانی دوکتۆر قاسملوودا بەشدار دەبوون و بەشداریشن، ئەو شێوە

هەڵسوکەوتەی دوکتور قاسملوو و بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەریی زۆریان زەربە لە حزب و شۆڕش دەدا. بە داخەوە ئەو ڕەوتە تا شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە نێو حزبی دیموکراتدا درێژەی هەبوو. دوکتور قاسملوو و بەو کردەوانەی زۆری لە گەورەیی و خۆشەویستی خۆی لە ڕوانگەی بەشێك لە ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکانی حزب کەمدەکردەوە و دەکەوتە بەر ڕەخنە و تانەی ئەندامانی حزب کەسانێکیش لە ئاستی ڕێبەریدا بە ئانقەست بۆ چوکەڵە کردنەوەی دوکتور قاسملوو پشتیوانیان لە هەڵەکانی ئەو دەکردو دەستەبازی و فراکسیۆن بازی لە ڕیزەکانی حزبدا بە شێوەی جیا جیاو ناسالم دەستپێکرابوو تەنانەت ئۆرگانەکانی خواروشی گرتبۆوە، بەردەوامیش درێژەی هەیە. پێویستە بگوترێ دوکتور قاسملوو وەك سکرتێر و ڕێبەری حزب هەموو لایەك قەبوڵیان بوو، بەڵام ئەوە بۆ خۆی بوو کە لە ژێر تەئسیری چەند کەسانی ناحاڵی و هەلپەرست لە حزبدا کەوتە دژایەتی کەسانی دڵپاك و خاوەن ئەزمون و ڕق و قینی بەرابەر بە بەشێك لە ئەندامانی ئاکتیڤی حزب لە دڵی خۆیدا ڕادەگرت، تا سەرئەنجام لە دواییدا ڕیزەکانی حزب لێك ترازان و ئاکامەکەی بە زیانی حزب و شۆڕش تەواو بوو. چەند نمونەی دوور لە ئوسوڵ و دیموکراسی لەو کۆنگرەدا دەکەوتنە بەرچاو. یەکێك لەوانە ئەوەبوو، کە کەسێك بە نێوی کاك ئەحمەد نستانی نوێنەری کۆنگرە لەسەر ڕاپۆرتی بەشی ماڵی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە ڕەخنەی هەبوو، گوتی؛ لە ڕاپۆرتەکەدا باسی بەشی ماڵی وەك پێویست نەکراوە و تا ئێستاش کۆنگرە نازانێ حزب چەندی پوڵ هەیەو سەرچاوەی داهاتەکانی حزب لە کوێ هەڵدەقوڵن؟ لەوەڵامدا دوکتۆر قاسملو و گوتی: هەتا ئەمن سکرتێری ئەو حزبە بم نابێ کەس بزانێ چیمان هەیە و لە چ جێگایەك پوڵ وەردەگرین؟!!! ناشهێڵم کادرو پێشمەرگە لەبرسان بمرن. ئەو وەڵامەی دوکتور قاسملوو نە لەگەڵ یاساو قانونی هیچ حزبێکی دیموکرات دەگونجاو تەنانەت لە یاسای دەوڵەتانیشدا کەمتر ئەو شێوە هەڵسوکەوتە دەهاتە بەر چاو! کاك ئەحمەد نستانیش لەسەر قسەکانی ناوبراو درێژەی بە قسەکانی خۆی داو گوتی؛ کاك دوکتۆر گیان، جا ئەگەر ئەو وتەی جەنابت دروست بێ، ئەوا من و هەموو بەرپرسانی حزب لە ناوچەکاندا بۆمان هەیە بە کەیفی خۆمان لە ئیمکاناتی حزب بە هەموو شێوەیەك کەڵك وەرگرین و کەسیش بۆی نییە لێمان بپرسێتەوە! ئەو وەڵامەی دوکتور قاسملوو بۆ کاك ئەحمەد نستانی دروست

دەرچوو چونکە تا بۆ خۆی مابوو کەس نەیدەزانی حزب داهاتی چەندەو لە کوێی پەیدا دەکا. بەو هۆیەوە حزبی دیموکرات لە باریماڵیشەوە زۆری زەرەر پێگەیشت. لەسەر ساجی عەلی دانیشت و هەموو سەروەت و سامانی حیزب کەوتە دەستی خێزانی و چەند کەسێکی جێگای موتمانی خۆی. ئەو کۆنگرەیەش وەك هەموو کۆنگرەکانی دیکەی حزب بەدانی چەند بڕیاری دروست یان نادروست ڕەوالی خۆی بردە سەر. پێش کۆنگرەو هاوکاتیش لەگەڵ کۆنگرە ڕژێم زۆری هەوڵ دا کە نەهێڵێ کۆنگرە ببەسترێت. بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێگای جاسوسەکانی خۆیەوە چەند پیلانی بەکارهێنان کە بەهۆی هوشیاری کادرو پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ و کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ئەو پیلانانە پوچەڵ کرانەوە. بەتایبەتی کاك حەسەن شیوەسەلی وەك فەرماندەهێز بۆ هەڵوەشانەوەی پیلانەکان نەخشی گرینگی هەبوو. دوای ئەوەی کە ڕژێم لە پیلانەکانیدا بۆ تەقاندنەوەی کۆنگرە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوجار لە دورەوە شوێنی کۆنگرەیان دایە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و کاتوشا. ڕژێم پێی وابوو بەمجۆرە دەتوانێ کۆنگرە بلاوە پێبکا کە پێشتریش ئەو کارەی کردبوو بەلام سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا و هەوڵەکانی بێ ئاکام مانەوە. لەم کۆنگرەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە پێی دەنگ پێدان زۆربەیان ئەو کەسانە هەڵبژێرانەوە کە پێشتر ئەندامی کۆمیتە ناوەندی بوون. تا کۆنگرەی حەوت ئەو ڕێبەریە بە دوو بۆچوونی جیاواز لەیەك بە پەرەپێدانی ناکۆکی نێوانیان درێژەیان بە کارەکانی خۆیان دەداو وردە وردە حیزب لاوازو لاوازتر دەبوو. هەر لەو کاتەشدا شەڕی نێوان دەوڵەتی ئێران و عێراق بە ئەوپەری خۆی گەیشتبوو، گەلی کوردیش لە هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراقدا بەهۆی تۆپباران و بۆمبارانی دوژمنانی کورد بۆ سەر خاکی کوردستان ڕۆژ نەبوو کە زەرەرو زیانێکی گیانی و ماڵی پێ نەگات. بەهۆی بۆمباران و کیمیا لێدان لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە لەشارەکانی بانەو سەردەشت و گوندی بێورانی خوارێ زیاتر لە دوو هەزار کەس لە خەڵکی کوردستانی ئێران شەهید کران و زۆر کەسیش بریندار و کەم ئەندام بوون و زیانێکی گەورەی ماڵیشی بە دواوە بوو.، بە دەردی کوردە دەڵێ: بە باو بە بارانێ لە تەمەنی بەفرێ کەم دەبۆوە. لەلایەکی دیکەشەوە هێزە کۆنەپەرستەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو لایەکەوە هێرشیان دەکردە سەر خاکی کوردستان و بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگەیان لە زەوی

و لە ئاسمانەوە تۆپباران و بۆمباران دەکرد، هەر دووک دەوڵەتی داگیرکەر کە بەناو شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد بەلاّم بەکردەوە شەلم کویرم کەس نابویرم، ژن و منداڵی کوردیان دەکوشت و نیشتمانی کوردانیان ویران دەکرد، تەنانەت زۆربەی شارو گوندەکانی سەر سنوری کوردستانی ئێران چۆلکرابوون. بەداخەوە دوای کۆنگرەی شەش دوو فەرماندەی لیوەشاوەی حزب بە نێوی فەقێ عەولاّ فەرماندە هێزی زمزیران و حوسێن شەمامی سەر لقی ئەو هێزە شەهید کران و سەربەرزی خۆیان لە مێژووی حزب و گەلەکەیاندا تۆمار کرد، بەدوای ئەوانیش دا لە ساڵی ١٩٨٤ دا چەند سەرکردەی دیکەی حزب شەهید کران. ڕوحیان شادو ڕێگایان پڕ ڕێبواربێ.

## ئاڵوگۆڕەکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت.

لەنێوان کۆنگرەی پێنج و کۆنگرەی شەش کە کاک سەعید کوێستانی بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتی بەملەوە بوو. لەو بەینەدا ڕەنگە لە چوارچێوەی کۆمیتەی شارستان و هێزی گیارەنگدا کاری باش و خراپ کرابن، کەسیش ناتوانێ کاربکاو کەموکوریشی لە کارەکانیدا نەبێ، ناوبراویش بەری لە کەم و کوڕی نەبوو. لەهەر چاکەو خراپەیەکیشدا هەموو ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان بە فەرماندە هێزیشەوە بە گوێرەی مەسئولیەتەکان بەشدار دەبن. ئەوکات کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بە هۆی بوونی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی و ئێرانی فشارێکی زۆری لەسەر بوو. لەلایەکی دیکەوە دەفتەری سیاسیش بەهۆی دەستتێوەردان لە کارەکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتدا گیروگرفتی زیاتری بۆ پێکهێنابوین. شەڕو پێکدادانیش لە نێوان هێزەکانی ڕژێم و پێشمەرگەدا بەردەوام بوو. ئەوەی کە ئەو ماوە لەگەڵ کاک سەعید هاوکار بووین لەباری دۆستایەتی و ڕەفاقەتیەوە تەنها جارێکیش لەسەر شتی شەخسی نێوان ناخۆشیمان نەبووە، ئەگەر جار جاریش ڕەخنەمان لەیەکتر گرتبێ هەر لەسەر شێوەی کارکردن و بۆچونی جیا جیا سەبارەت بە ئەنجامدانی کارەکانی حزبی بووە تەنانەت کە کاک سەعید پشتیوانی لە هەندێك کەسی وا کردووە کە باوەڕیان بە خەت و ڕێبازی حزب نەبووە، لەو بارەشەوە لەگەڵ کاک سەعید سازاوین و پێشمان لەهەر جۆرە ناکۆکیەك گرتووە. ئەوەی کە لە نوسراوەکەم دا ناوی کەسانێکم زۆر هێناوە

پێکەوە هاوکار بوین و کاك سەعیدیش یەکێك لەو کەسانەیە بۆیە زۆرم باسم کردووە، ئەوەی کە باسیشم کردووە نە بۆ تەعریف بووە و نە بۆ شکانی، بەڵکو ڕاستی ڕووداوەکانم وەك خۆی گێڕاونەوە، جا ئەگەر لێم ڕازی بێ هەر مەمنون دەبم و ئەگەر نارازیش بێ هەر بۆ خۆی برا گەورەیە، چونکە ناوبراویش یەکێك لەو کەسانەیە کە بە درێژایی تەمەنی لە حزبی دیموکراتی کوردستان دا لە قۆناغە سەخت ودژوارەکانی خەباتدا درێژەی بە تێکۆشان داوە، هەر بۆیە پێویستە بەوەبەرچاوگرتنی ئەو ڕابوردوییەی کە هەی بووە بەهەر کەموکوڕیەکەوە لە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستاندا جێگایان دیار بێ. لەو قۆناغەدا کە کاك سەعید بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو شۆڕشی کورد لە کوردستانی ئێران بەسەختترین قۆناغدا تێدەپەڕی. لە لایەك هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە شەڕو ناکۆکی لەگەڵ کۆمەڵەو قیادەموۆقەتە دەیان گیروگرفتی ناوەکی بۆ پێك هێنابوین. جگە لەوانەش گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و ماڵی و پێڕاگەیشتن بە بەرەکانی شەڕو دابین کردنی نیازەکانی پێشمەرگەو جیاوازی فکری ئاستەنگێکی گەورەیان بۆ پێك هێنابووین، لە هەمان کاتیشدا بنەماڵەکانی کادرو پێشمەرگە کە ئاوارەببوون و لە چیاو دۆڵەکانی هەردوو بەشی کوردستاندا مابوونەوە گیروگرفتی زۆریان هەبوون. بەداخەوە نە حزب شوێنی بۆ دیاری دەکردن نە کۆمیتەی شارستانیش دەیتوانی لە شوێنێکی ئەمین بیان حەوێنێتەوە. بەشێك لەو بنەماڵانە لە ژێر تۆپبارانی ڕژێمی ئاخوندەکاندا مابونەوە تەنانەت چەند منداڵی چوکەڵە لە کونە تەیارەو ئەشکەوتەکاندا بە نەخۆشی مردن کە حیزب بە بنەماڵەکان ڕانەگەیشت. کاك سەعید لەو قۆناغەدا سەرپەرشتی کارەکانی دەکردو مەسئولانە بەگوێرەی لێهاتوویی خۆی درێغی نەدەکردو هەوڵی دەدا کارەکان بە باشی بەڕێوە بچن. بەدوای ئەو زنجیرە ڕووداوانەدا کاك سەعید کۆمیتەی شارستانی سەردەشتی بەجێهێشت و بۆ ماوەیەك کرا بە بەرپرسی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەوڵەتی عیراق لە شاری قەڵادزێ. دوای ڕۆیشتنی ناوبراو کاك سەید سەلامی عەزیزی لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە وەك بەرپرسی کۆمیتەی شارستان نێردرایە سەردەشت و لە جێگای کاك سەعید مایەوە. وەرزی زستانیش تەمەنی پڕ لە سەرماو سڕی خۆی تێپەر دەکرد و بەهاری ١٩٨٥ جێگای دەگرتەوە. بەهاتنی کاك سەید سەلام بۆ کۆمیتەی شارستانی سەردەشت

ئاڵوگۆڕێك لە سیستمی تەشكیلاتی حیزب دا پێك نەهات بەڵام بەهۆی گێرانەوەی ناوچەكان لە لایەن هێزەكانی ڕژێمەوە، كۆمیتەی شارستان بڕیاری دا كە بەشێك لە كۆمیتە ناوچەكان تێكەڵ بە یەكتر بكرێن ، بەم جۆرە كۆمیتەی ڕەبەت و گۆڕموسا كران بەیەك و بەناوی كۆمیتەی شارستانی ڕەبەت ناودێركرا و كاك كەمال كەریمی لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە كرا بە بەرپرسی ئەو كۆمیتەیە. بە چونی كاك كەمال بۆ ڕەبەت، ئەو ناوچەیە لە باری تەشكیلاتیەوە بە تەواوی بوژایەوە و هاوكاری و هاوئاهەنگی لەنێوان بەشی تەشكیلات و پێشمەرگەدا زیاتر پەرەی دەستاند. هەر بەو جۆرەش كۆمیتەی میراوە و دمچۆم و بلفەت و بنێوخەلێف كران بە یەك و بەناوی كۆمیتەی گیارەنگ تێكۆشانی خۆیان دەستپێكردو بەرپرسیارێتیەكەشی بە من سپێردرا. كۆمیتەی بازارو باسكی كوڵەسە، كران بە یەك و لەتیف نەقشبەندی بوو بە بەرپرسی. كۆمیتەی ئالانی فەقێ مەحمودی قولەسوێر بەرپرسی بوو. بەم جۆرە كارەكان لە ژێر چاوەدێری هەیئەتی ئیجرایی دا بەڕێوە دەچوون، لەو بەینەدا پێشمەرگەكانی حیزبی دیموكرات سەر بە كۆمیتەی شارستانی پیرانشار بە بەرپرسایەتی عەبدوڵا ئیبراهیم لە زستانی ١٩٨٤دا بۆ كارو تێكۆشان دەچنەوە ناوچە، ئەو ساڵەش بەفرێكی زۆر لە كوێستانەكان باری بوو، لە گەڕانەوەدا پێشمەرگەكانی حیزب لە دەشتی وەزنێ سەر سنوری هەردوو بەشی كوردستان بەفرو سەرمایەكی زۆر یەخەیان پێدەگرێ و پێشمەرگەیەك بەهۆی سەرما شەهید دەبێت و ئەوانی تریش زۆربەیان لەسەرمان هیلاك دەبن و توانای ڕێگا ڕۆیشتنیان نامێنێ و دەشزانن لە گوندی كونەمشكە نیزیك بوونەوە كە بنكەی پێشمەرگەكانی قیادەمووەقەتەی لێ دەبێت. ئەو كاتەش شەر لە نێوان حیزبی دیموكرات و قیادە مووەقەتە بەردەوام دەبێت، پێشمەرگەكان هیچ دەراوێكی ڕونیان نامێنێ یان دەبوو تەسلیمی بەفرو سەرما بن یان خۆیان تەحویلی قیادەمووەقەتە بدەن، لە هەردووك لا هەڕەشەی مەرگیان لێ دەكرا، بەم جۆرە بڕیار دەدەن لەدەست سەرما خۆیان نەجات بدەن و بە جەنازەكەوە خۆیان تەسلیمی قیادە مووەقەتە بكەن و بۆ چارەسەری دواییش خۆیان ئامادە دەكەن و بەرەو ئەو گوندە دێن و جەنازەیەكیشیان پێیە، برادەرانی قیادە بە بێ ئەوەی بیاننناسن بەهانایەوە دەچن و دەگەنە لایان. كاتێك كە لێیان نزیك دەبنەوە دەزانن ئەو كۆمەڵە خەڵكە پێشمەرگەی حیزبی دیموكراتن و

هەمووشیان چەکیان پێیە. بە بێ ئەوەی خۆیان سڵ بکەن باوەش بە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەکەن و بەخێرهاتنیان دەکەن. جەنازەکەیان لێوەردەگرن و لەناو خۆیان دەگرن بۆ ئەوەی لە پایەگاکانی سوپای دوژمندا نەناسرێن. بەو حاڵە دەیانگەیەننە نێو گوندو لە بنکەی خۆیاندا دەیانحەوێننەوە و زۆریان ڕێز لێ دەگرن. پایەگاکانی ڕژێمیش کە ئەو قەرەباڵغیە دەبێنن بە بێسیم پەیوەندی بە برادەرانی قیادە مووەقەتەوە دەگرن و لێیان دەپرسن، ئەو قەرەباڵغیە چییەو کێن!؟ ئەوانیش وەڵامیان دەدەنەوە و دەڵێن" برادەرانی خۆمانن لە کوردستانی عێراق گەڕاونەتەوە". بەم جۆرە برادەرانی قیادە مۆقەتە ئاگاداری سەرکردایەتی خۆیان دەکەن و چۆنیەتی ئەو ڕووداوەیان پێڕادەگەیەنن و بە خۆشیەوە سەرکردایەتی قیادە بەتایبەتی کاک مسعود بارزانی لە وەڵامدا پێیان دەڵێن یارمەتیان پێ بکەن و بە سەلامەتی تەسلیم بە حزبی دیموکراتیان بکەنەوە. ئەوەبوو لەلایەن برادەرانی قیادەوە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ئاگادار کرا، کۆمیتەی شارستانیش بۆ وەرگرتنەوەی ئەو دەستە پێشمەرگە مەئموریەتی ئەو کارەی بە من سپارد کە بەرەبەیانێك لە پشتی گوندی دۆڵەتوو پێشمەرگەکانی حزبمان لە پێشمەرگەکانی قیادەمۆقەتە بە تەرمەکەوە تەحویل وەرگرتنەوە و لەلایەن حزبی دیموکراتیشەوە سوپاسی ئەو هەڵوێستە ئینسانییەو کوردانەمان کردن. بەم جۆرە تەرمەکەمان لەگوندی گۆڕەشێر بە خاك سپاردو برادەرانی قیادەش گەڕانەوە شوێنی خۆیان و پێشمەرگەکانی حزبیش ئەوانەی دەست و لاقیان سەرما بردبوونی ڕەوانەی نەخۆشخانەی حزب کران. ئەو هەڵوێستەی قیادە مووەقەتە بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لەکاتی شەڕدا بە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەو کورد پەروەرانە چاولێدەکرا، هەر ئەو هەڵوێستەو چەند هەوڵێکی تری دۆستانە بوونە هۆی ئەوە کە ڕێگا بۆ ئاشتی و کۆتایی هێنان بە شەڕ خۆشبکرێت، کە بە خۆشیەوە دواتر کۆتایی بە شەڕ هات. هەر لەو ساڵەشدا بوو کە لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە ئۆردوگای پەنابەرانی کوردی عیراقی کە لە کەمپی زێوەی سەر بە شاری شنۆی کوردستانی ئێران نیشتەجێ کرابوون، بۆمباران کرا کە زیاتر لە سەدوپەنجا کەس لە ژن و منداڵ و بچووك و گەورە شەهید و دەیان کەسیش بریندار بوون. دواتر نە دەوڵەتی عیراق و نە ڕژێمی ئێران هیچ چەشنە

هاوکارییەکی ئەو خەڵکانەیان نەکرد کە لەو ئۆردوگایەدا مابوونەوە، تەنیا خەڵکی کوردستانی ئێران بوو کە بە هانایانەوە دەچوون.

هەروەک پێشتر باسمان کرد بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق، ڕژێمی عێراق تەنیا بە بۆمباران کردنی کەمپی زێوە وازی نەهێناو بەشێک لە خەڵکی شارو گوندەکانی نزیک سنوری هەردوو بەشی کوردستان چەندین جار لەگەڵ بۆمبارانی کیمیایی و خوێن تێکەڵاو کرد، کە بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٨٤ دا شاری سەردەشت و بانەو دێهاتەکانی دەوروبەریان بوونە بەنووکی هێرشی کیمایی فڕۆکەکانی دەوڵەتی عێراق و سەدان کەس شەهید بوون و دەیان کەسیش بە بریندارى و فەلەجی مانەوە. خەڵکی شاری سەردەشت لە ترسی بۆمباران و کیمیابارانی دەوڵەتی عیراق پەنایان بۆ گوندەکانی دەوروبەری شار هێنابوو، لەو کاتەشدا کۆمیتەی شارستان بڕیاری دا بۆ هاودەردی لەگەڵ خەڵکە ئاوارەکە لە نزیکەوە کادرەکان لەگەڵیان کۆببنەوە و هاودەردییان لەگەڵدا بکەن. بۆ ئەو مەبەستە دەستەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان تێکەڵاو لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی گیاڕەنگ لە گەشتێکی پان و بەریندا بۆ گوندەکانی نەلاس، شیوەسەڵ، شینوێ و بێزێڵە ئەو ئەرکەیان بەجێ گەیاند. لەو گەشتەدا مەلا خدر دۆڵەگەرمی و من بۆ خەڵکەکە دواین و پەلاماری دەوڵەتی عیراق و ڕژێمی ئێرانمان بۆ سەر شارو دێهاتەکانی کوردستان لە هەردوو بەشدا مەحکوم کرد، خەڵکە ئاوارەکەش بەو هەڵوێستەی حزب دڵخۆش بوون و پشتیوانی خۆیان لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە ڕێبەری حزبی دیموکرات دووبارە کردەوە، هەروەها کادرەکانی بەشی تەشکیلاتیش لەو گەشتەدا لەناوچەکانی خۆیاندا کارو تێکۆشانی خۆیان ئەنجام دەدا. هەر لەو سەفەرەشدا کەسانی گومان لێکراو سەر بە ڕژێم هۆشداریان پێدرا کە دەست لە خیانەت هەڵبگرن و بگەڕێنەوە ڕیزی گەل. بەدوای ئەوەشدا کاک سەید سەلام عەزیزی وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بۆ خۆناساندن بە خەڵک و ناسینی خەڵکەکەو دڵدانەوەی ئەوان گەشتێکی سیاسی لەو مەڵبەندەدا ئەنجام داو لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە ڕووبەڕوو بوو و هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی زیاتر بۆ خەڵک ڕوون دەکردەوەو پشتیوانی حزبی دیموکراتیشی بەوان ڕادەگەیاند. ئەو گەشتەی کاک سەید سەلامیش لەو هەل و مەرجەدا کە هەردوو ڕژێمی ئێران و عێراق پەلاماری خەڵکی کوردستانیان دەدا کاریگەری هەبوو لەسەر

بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکەکە، لە لایەکی دیکەشەوە زنجیرە چالاکیەکانی هێزی بەهێزی گیاڕەنگ و زمزیران کە هەر ڕۆژە داستانێکی قارەمانەتیان لە ژیانی خەباتی خەڵکی کوردستاندا تۆمار دەکرد، ئەوەندەی دیکەش ورەی خەڵکی کوردستانیان بەرزتر دەکردەوە. بۆ نموونە ئەو چالاکیانەی سەر بە جادەی میراوە سەردەشت و پیرانشار میراوە لە نزیک گوندەکانی مووسالان و خدراوا و گوێزیلە کە بوو بەهۆی تێکڕووخانی چەندین بنکەو سەنگەری دوژمن و دەیان کەلاکی بەکرێگیراوان لەمەیدانی شەڕەکەدا کەوت، ئەوەندەی دیکەش خەڵکی کوردستانی دڵخۆش دەکرد و بە کردەوە پشتیوانی خۆیان لە حزبی دیموکرات ڕادەگەیاند. جگە لەو چالاکیانەش دەیان چالاکی دیکەی لەو وێنەش لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی گیاڕەنگ و زمزیرانەوە تۆمار دەکران. هەر بەو جۆرەش لەسەرانسەری کوردستاندا پێشمەرگەکانی حزب لە بەرابەر هێزەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا قارەمانانە درێژەیان بە چالاکیەکانی خۆیان دەدا. دوژمنانی ئازادی و دیموکراتیش شەلم کوێرم کەس نابوێرم وەك هەمیشە دێ و شاخ و چیاکانی کوردستانیان تۆپباران دەکرد، کە هەر جارە دەبوو بەهۆی شەهیدبوونی دەیان خەڵکی بێ تاوان و ژن و منداڵ. هەروەك پێشتر باسمان کرد کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ئاڵوگۆڕێکی لەکۆمیتەی ناوچەکاندا پێکهێنابوو دەبوو هەموو لایەکمان بە ئەرکی پێسپێردراومان هەڵستین، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێکەوتی ١٠ی ١١ی ١٩٨٤ بەرپرسایەتی کۆمیتەی ناوچەی گیاڕەنگم تەحویل وەرگرت و دەست بەکاربووین. بارودۆخی کوردستانیش بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق لە ئاستێکی ترسناك دابوو، پێشمەرگەش بەرە بەرە لە شەڕی جەبهەییەوە شەڕی پارتیزانی دەست پێکردبوو، کۆمیتەی گیاڕەنگ لەگەڵ هێزی گیاڕەنگ لە خڕی نێوزەنگ لە خانوو کۆنەکانی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانیدا دەژیان، تا ساڵێك لەوێرا کارەکانی تەشکیلاتی و تەبلیغاتی ئەنجام دەدران و دەچووینە نێو خەڵك، کادرەکانی کۆمیتە ناوچەش بریتی بوون لە مەلا ڕەحیم لۆمانی، فەتاح باساوەیی، مەنسور حەداد، مەلا حسێن زیوە و حسێن مامەندی وەك کادری تەشکیلاتی کارو تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدەدا، بەرپرسی پێشمەرگەکان محمد حەکیم زادە بوو. هەروەها کاك مەلا عەزیز ئەحمەدیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لەو شوێنە گومرگیان وەردەگرت، هەریەکێك لە کادرەکان

شوێنی کارو تێکۆشانی خۆیان بۆ دیاری کرابوو دەچوونەوە نێو خەڵك. تا پایزی ١٩٨٥ بەهاوکاری هێزی پێشمەرگەی گیارەنگ کارەکان بەڕێوە دەچوون. ئەو ماوە کە کاك سەلام بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بوو بەشی تەشکیلات و پێشمەرگە بە دڵەوە هاوکاری یەکتریان دەکردو ئەو ئاڵۆزیەی کە لەسەردەمی بەرپرسایەتی کاك سەعید کوێستانی دا بەهۆی ئاژاوەگێران پێکهاتبوو و لەگەڵ بەشی پێشمەرگەدا هەبوو کۆتایی پێهاتبوو. لە لایەکی دیکەشەوە خۆفرۆشان و ئاژاوەگێرانیش دەوریان کەم ببۆوە.

هەروەك باسم کرد بەهاتنی کاك سەلام ئاڵوگۆڕێك لەشێوەی کار لەچوارچێوەی کۆمیتەی شارستاندا پێك نەهات. گومرگەکان و بەشی ماڵی کەسانی تریان بۆ دیاری کران و خرانە ژێر چاودێری، بەڵام بەداخەوە بەڵگەکانی گومرگ لە بەشی چاپەمەنی دزەیان دەکردو هێندێك سوئیستفادە دەکرا، بەڵام دوایە بە لاچوونی ئەو کەسانە کە پێشتر لە بەشی ماڵی و گومرگدا بوون هەموو داهاتەکانی حزب بۆ حزب خەرج دەکرا. کاك سەلام بۆ هەم ئاهەنگکردنی کادر و پێشمەرگە لە چوارچێوەی کۆمیتەی شارستان و هێزدا دەوری باشی هەبوو. بەڵام چونکە ناوبراو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب نەبوو نەیدەتوانی لە کارەکانی وەك پێویست سەرکەوتوو بێت، خەتایەکەش لەخۆی نەبوو، ئەوە ڕێبەرایەتی حزب بوو دەبوو بە تێبینیەوە بەرپرس بۆ کۆمیتەی شارستانی سەردەشت دیاری بکات، چونکە لە باری ئسولی تەشکیلاتیەوە ناکرێ کەسێك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبێت بەڵام بەرپرسایەتی بەسەر ئەندامانی کۆمیتە ناوەندیدا هەبێت، هەروەك کاك سەید سەلام بە ڕەواڵەت بەرپرسایەتی بەسەر کاك حەسەن شیوەسەڵیدا هەبوو!؟ بە پێی ئسول بەشی پێشمەرگە بەشێك لە کۆمیتەی شارستانی پێك هێنابوو بەو پێیە کاك سەلامیش بەرپرسی گشتی بوو بەڵام بە پێچەوانەوە کاك حەسەن کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرمەندەی هێز بوو، هەر ئەو دەیتوانی بڕیاردەربێ و هەر ئەویش بڕیار دەر بوو، بەپێی ئسولیش هەردەبوو وابێت بەو پێیە کۆمیتەی شارستان بەشێك لە هێزی پێك هێنابوو، ئەو وەزعە هێندێك گیروگرفتی بۆ کۆمیتەی شارستان خوڵقاندبوو. تەنانەت بۆ گرتنی جەژنی دووی ڕێبەندانی ١٩٨٤ کە لە گوندی گۆرەشێر بەڕێوە چوو گرفتمان بۆ هاتە پێش و کۆمیتەی شارستان نەیتوانیبوو پێداویستیەکانی ئەو جەژنە

دابین بکات و بوو بەهۆی هێندێك کێشە لەنێوان کۆمیتەی شارستان و هێزدا، کە لەم بارەوە حەق بە هێز بوو. بەهەرحاڵ جەژنەکە بە کەم و کورپیەوە ئەو ڕۆژە بەڕێوە چوو. ئەم کەموکورپیانە نیشاندەری ئەوەبوون کە کاك سەید سەلام ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوو نەیدەتوانی کارەکان بە باشی بەڕێوە بەرێت بەلام بەو حالەش تا ماوەیەك ناوبراو توانی لەبەرامبەر هێندێك لە مەسئولیەتەکانیدا نەخشی باشی هەبێت. بەبۆچوونی من ئەو کاتە ڕێبەرایەتی حزب گەورەترین کەم و کوری ئەوەبوو کە کەمتر کاری بە کەسانێك دەسپارد کە لەو بەشەدا شارەزایی تەواویان بوویێ و بتوانن وەلامدەری ئەرکەکانی حزبی بن. بۆ نمونە کاك سەلام لە کاری کۆمەلایەتیدا پسپۆر بوو بەلام لە کاری تەشکیلاتی و نیزامیدا تێی نەدەگەیشت. ئەو هەلانەش دوبارو چەند پاد دەکرانەوە هەموو جارێکیش حزب زیانی تێدا دەکرد. لە کۆبونەوەکانیشدا هەلای لەسەر ساز دەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە جگە لەو کەسانەی کە شایەنی ئەو پلەو پایە نەبوون ڕێبەرایەتی حزب بەهۆی چەند کەسانێکی ناشارەزا لە سیاسەت دا بەربەرەکانی لەگەڵ کەسانی خاوەن ڕاسردوو خەبات و تێکۆشەری گۆڕەپانی لە مێژینەی حزبیان پێ دەکردن و بۆ مەبەستی تایبەتی و پەرەپیدانی دەسەلاتی خۆیان کەلکیان لێ وەردەگرتن، بۆ نمونە کەسانی وەك مەلا سمایل و مەلا قاسملو چەند کەسانی تری لەو بابەتەیان دەکردە لێپرسراوی حزب وەك گۆپاڵ بۆ کوتانی ئینسانی باش، کەلکیان لێ وەردەگرتن. بەداخەوە ئەو ڕەوشە تا کونگرەی هەشت وەك سیستم لە چوارچێوەی حزبدا بەڕێوە دەچوو لەلایەن چەند کەسانێکەوە کە خۆیان خزاندبوو بن باڵی دوکتور قاسملوو گەلاڵە دەکراو دوکتور قاسملوش بێباکانە پەیڕەوی لێ دەکردن. ئەو ڕەوشە لەنێو حیزبدا بۆتە مۆل(مۆد).

# قۆناغی هەژدەهەم

## کارەساتی هەڵەبجەو هاوکاری بەرەی کوردستانی و کۆماری ئیسلامی ئێران

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ لە پڕ دوو فڕۆکەی بۆمب هاوێژی ڕژێمی عیراق شاری قەلادزێیان لەگەڵ فرمێسك و خوێن تێکەڵاو کردو جگە لە سەدو پەنجا شەهید نزیك سێسەد کەسیش بریندار بوون و خەسارەتێکی گەورەی ماڵیش لەو شارە درا. بەڵام نە ئەوکات و نە دواتریش، ڕێکخراوی دیفاع لە ماف مرۆڤ و سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هیچ کام لە دەوڵەتانی دونیاش متەقیان لێوە نەهات. ئەو بێدەنگیەی دونیا لەئاست ئەو تراژدی و کارەساتەدا ئەوەندەی دیکەش دەوڵەتی عیراقیان بەرەو خوڵقاندنی چەند جینایەتی دیکەی لەو بابەتە ڕاکێش کرد، دەوڵەتی عیراق بە تەواوی بەرنامەی لەناوبردن و قڕکردنی گەلی کوردی دارشت. دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئەیلول و ڕاگواستنی شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستان و بە عەرەب کردنی ناوچە کوردنشینەکان دووبارە لە ١٦ئازاری ١٩٨٨ دا جارێکی دیکەش بەهۆی بۆمبارانی کیمیاوی شاری هەڵەبجە گەورەترین جینایەتیان لە مێژووی ڕەشی خۆیاندا تۆمار کرد. تاوانی هەڵەبجە هەستی هەموو مرۆڤایەتی هاروژاند ئەم جینایەتە بوو بەهۆی زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدو بیست هەزار بریندار و دوو هەزار کەسیش هەر بێ سەرو شوێن تێدا چوون. لەپاش شەڕی دووهەمی جیهانی و بەدوای بۆمبارانی ئەتۆمی هێرۆشیماو ناکازاکی لە ژاپۆن لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە تاوانی ئاوا گەورە لە مێژووی هیچ میللەتێکدا ڕووی نەدابوو، هەر بۆیە هەڵەبجە بەحەق ناسناوی هێرۆشیمای کوردستانی پێدرا کە لە شیعرو گۆرانیەکانی ئەم دواییەدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو تاوانە جگە لەوەی کە ماهیەتی ڕژێمی بەعسی عیراقی بۆ دونیا زیاتر ئاشکرا کرد، بوو بەهۆی ئەوەی کە مادەی کیمیایی و بۆمبی ژەهراوی لەسەرتاسەری دونیادا قەدەغە بکرێت. لەم بارەوە بڕیارێکی گشتی نێو دەوڵەتی لەسەردراو دەوڵەتی عیراقیش کەوتە ژێر چاوەدێری نەتەوە یەکگرتووەکان و دەست کرا بە پشکنینی عەمبار زەخیرە کراوەکانی مادەی کیمیایی، تا ئێستاش ئەو ڕەوتە بەردەوامەو دەوڵەتی عیراق لە هەموو بارێکەوە کەوتۆتە ژێر تەنگژەی ئابوری و سیاسی و لە سیاسەتی نێو نەتەوەیی دوور کەوتۆتەوە، کە دواتر بەهۆی پەلاماردان

بۆ سەر وڵاتی کوێت و داگیرکردنی ئەو وڵاتە، کەوتە بەر هێرش و پەلاماری ئەمریکاو هاوپەیمانانی. نابێ لەبیر بچێتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە داگیرکردنی شاری هەڵەبجە بە هاوکاری و تەشکیلاتی بەرەی کوردستانی بەتایبەتی یەکیەتی نیشتمانی، بەشداری خۆی لەو تاوانەدا بەکردەوە نیشانداو ئەو ڕژێمەش بوو بە شەریکە جوورمی بەعسییەکان. هەروەها بەرەی کوردستانی و یەکیەتی نیشتمانی بە وەپێشکەوتنی لەشکری ئێران بۆ سەر شاری هەڵەبجە نەزانانە و نائاگاهانە بەشداری خۆیان لە خولقاندنی ئەو جینایەتەدا سەلماند. لەلایەکی دیکەشەوە کارەساتی هەڵەبجە، بالیسان و قەلادزە. ڕق و کینی خەڵکی کوردستانیان بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس زیاتر قولکردەوە و خەڵکی کوردستان لە دەرفەتێك دەگەڕان کە بتوانن بۆ تۆڵە زەبرێکی قورس و گورچك بڕ لە پەیکەری ئەو ڕژێمە نیگریسە بدەنەوە و تۆڵەی شەهیدانیان بستێننەوە. بەداخەوە ڕێبەرایەتی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش نەوێران ئەو جینایەتەی ڕژێمی بەعس مەحکوم بکەن. ئەوانەی مەحکومیشیان کرد سەزاکەیان لەلایەن بەعسەوە وەرگرتەوە.

## کۆتایی شەڕی قیادە مووەقەتەو حزبی دیموکرات

لە بەهاری ١٩٨٥دا حزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان قۆناغێکی پڕ لە مەترسیان تێپەر کرد. بەهاری ئەو ساڵە باوەشی بۆ شۆڕشێکی نوێ تر کردەوە. ئەوجار هێزەکانی پێشمەرگەی حزب خۆیان بۆ خەباتێکی توندو تیژتر ئامادە دەکرد، هەر لەو ساڵەشدا بوو کە کۆتایی بە شەڕی حزب و قیادە مووەقەتە هێنرا. یەکیەتی نیشتمانیش کە پێشتر دۆست و پشتیوانی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو. کەوتە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران واتە کۆماری ئیسلامی. هەموو لایەکمان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوتبوو باشیشمان دەزانی کە حزبەکانی کوردستانی عیراق لە پەیوەندی لەگەڵ داگیرکەراندا سنورێك بۆ پەیوەندیەکانیان دیاری ناکەن و دەکەونە ژێر کاریگەری سیاسەتی دوژمنانی کورد. هەروەك پێشتر ئەو ڕاستییە بۆ گەلی کورد دەرکەوتووە کە هەرچەشنە نزیکایەتی و دۆستایەتی هێزەکانی کوردستانی عیراق لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا ئەنجامی باشی بەدواوە نەبووە. یەکیەتی نیشتمانیش هەر لە ساڵەکانی ١٩٩٦وە تاقیکراوەتەوە، هەموو لایەکمان

باشمان مام جەلال دەناسی کە بۆ مانەوەی خۆی و دەسەلات بەدەستەوەگرتن لە نێو جولانەوەی کورد لە ڕابردوودا چ بەلایەکی گەورەی بەسەر کوردان هێناوە، جا دەبێ ئەو جارەیان گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حزبە شۆڕشگێڕەکانی چاوەڕوانی چ کارەساتێکی گەورەتر بن!؟ لەولاشەوە قیادە مووەقەتە هەر لە ژێر دەسەلاتی ڕێژیمی ئێراندا مابونەوە بەلام بەخۆشیەوە شەڕی حزب و ئەوان کۆتایی پێ هاتبوو. ڕێبەرانی پارتی لە شۆڕشی ئەیلولدا ئەزموونێکیان وەدەست هێنابوو. هێزەکانی هەردوو لا بە بەرەی کوردستانیشەوە لە کوردستانی عێراقدا دژی ڕژێمی عیراق درێژەیان بەشەڕی چەکداری دەدا، بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقیش زۆربەی هێزەکانی کوردستان توانیبویان هێزەکانی خۆیان بگێڕنەوە کوردستانی عێراق و بنکەو بارەگا لە ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا بکەنەوە. لەو کاتەشدا بەشێك لەسەرکردایەتی بەناوی قیادەمووەقەتە گەڕابوونەوە بادینان و برادۆست و درێژەیان بە خەبات دەداو دژی دەولەتی عێراق شەڕیان دەکرد. ڕژێمی ئێرانیش تا لەگەل دەولەتی عیراق لەشەڕدابوو لە هەموو بارێکەوە یارمەتی بەهەردوو لا دەکردو ئەوانیش بە ئاشکرا شان بەشانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماریان دەدایە سەر هێزەکانی دەولەتی عیراق. سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی ئەوکات لە دەوروبەری گوندەکانی مالومە، گاپێلۆن، هەلەدن و سەرگەلو بنکەو بارەگای خۆیان دامەزراندبوو. دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتیش لە گوندی گەورە دێی نزیك سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی جێگیر ببوون، لەو کاتەدا ئارتەش و پاسدارەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش لەسەر هێزەکانی دەولەتی عیراق هاتوچۆی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانیان دەکردو بۆ ماوەیەکیش لە لای ئەوان دەمانەوەو تەنانەت لەوێڕا لە نێو شاری کەرکوك و دەوروبەری شاردا چالاکی هاوبەشیان ئەنجام دەدان. لەو هات و چۆیەدا پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەگەل پاسدارەکان بۆ حەسانەوە و نان خواردن دەچوونە بنکەو بارەگاکانی حزب و پاسدارەکان هەم نانیان دەخواردو هەمیش دروشمی دژی حزبی دیموکراتیان لە دیواری نەخۆشخانەی حیزب و ژوورەکان دەنوسی!!؟ ئەو کارە دەیسەلمێنێ کە حزبی دیموکرات لە پێناوی بەرژەوەندی گەلی کورددا زۆر شتی لەوە خراپتریشی قەبول کردووە و تەنانەت دەیان شەهیدیشی لەو ڕێگایەدا داوە. لەو قۆناغەدا

پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە کوردستانی عێراقدا دژی دەوڵەتی عێراق درێژەیان بە چالاکیەکانی خۆیان دەداو کەوتبوونە قۆناغێکی توندوتیژی خەبات و هەر ڕۆژە لەناوچەیەک و لەنێو شارو گوندێکدا گەورەترین زەربەیان لە هێزەکانی دەوڵەتی عێراق دەداو سەروەریان لە مێژووی یەکیەتی نیشتمانیدا تۆمار دەکرد. ئەوە هاوکارییەی بەرەی کوردستانی و بەتایبەتی یەکیەتی نیشتمانی لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر شتی بەڵام دیاردەی خراپی بۆ کوردان بەدوادا هات کە بە هیچ جۆرێ پاساو نادرێن و شوێنەواریان پڕ ناکرێتەوە، جگە لە تاوانی هەڵەبجە کە دەوڵەتی عێراق کردی. ئەو ڕژێمە بەهانەی زیاتری دەست کەوت و ئەوجار لە کوردستانی ئێرانیش شاری بانەو سەردەشتیان لەگەڵ خوێن و فرمێسک دووبارە تێکەڵاو کردەوە و بەهۆی فڕۆکەکانی خۆیان بۆمبی کیمیاییان بەسەر خەڵکی کوردستاندا باراند، کە لەو شوێنانە لانی کەم بوو بەهۆی دوو هەزار شەهید، سەدان بریندارو کەم ئەندام و وێرانی چەند شارو گوند، تەنانەت بنکەی سەرکردایەتی کۆمەڵەش لە دۆڵی شاورێی کوردستانی عێراق کە میوانی دەوڵەتی عێراق بوون، تەنها بە تاوانی ئەوەی کە گۆیا سەرکردایەتی کۆمەڵە گووتوویانە دەوڵەتی عێراق بە بۆمبی کیمیایی لە شارەکانی کوردستانی داوە، بەهەمان چەک سەرکردایەتی کۆمەڵە بۆمب باران دەکەن و نزیک بە پەنجا پێشمەرگەیان لێ شەهید دەکەن. ساڵێک بە دوای کارەساتی هەڵەبجەدا واتا لە ٩ی ٦ی ١٩٨٩دا ئۆردوگای پەنابەرە کوردەکانی عێراق لە کەمپی زێوەی کوردستانی ئێران لە لایەن فڕۆکەکانی دەوڵەتی عێراقەوە بۆمب باران دەکرێت کە زیاتر لە سەدو پەنجا کەس ژن و منداڵ و گەورەو بچوک شەهید کران و دەیان کەسیش بریندار بوون. بەم جۆرە تاوانێکی دیکەش بە مێژووی ڕەشی حزبی بەعسی عێراقەوە زیاد بوو. پەیوەندی نێوان یەکیەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران کاردانەوەی خراپی هەبوو لەسەر ڕوداوی دڵتەزێنی هەڵەبجەو ئەوانی تر کە بە پێی دەنگ و باسەکانی ئەو کات و دواتریش لە زمانی خەڵکی هەڵەبجەوە زانراوە کە پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی ڕاستەوخۆ و نائاگاهانە بەبەرچاوی دانیشتوانی خەڵکی شار و گوند بە ئاگاداری پیاو و ژنانی ئەو شارە بە وەپێشکەوتن و ڕێنوێنی کردنی هێزەکانی ڕژێمی ئێران بۆ گرتنی شاری هەڵەبجە ڕێگایان خۆشکردووە بۆ ئەو جینایەتە کە دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامی دا. کارەساتی بۆمبارانی

کیمایی هەڵەبجە، بالیسان، سەردەشت و بانە کە لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە کرا، هەرگیز لە یادی مرۆڤ ناچێتەوە و لە مێژووی مرۆڤدا وەك خاڵێکی نەنگ و پڕ لە شوورەیی بە ناوچەوانی حزبی بەعسەوە دەمێنێتەوە. هەر ئەو هاوکاریە و هاوخەباتیەی یەکیەتی نیشتمانی و ئەوانی تر لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی دەوڵەتی عێراق بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە پرۆسەی ڕاگواستنی شار و گوندە کوردنشینەکانی کوردستانی عیراق بەهێزتر کردو دەوڵەتی عیراق بە دارشتنی پیلانێکی نوێتر و بەرفراوانتر سیاسەتی ژینۆساید و لەناوبردنی میللەتی کوردی پێشتر خست و بە شێوەی توندو تیژتر لە جاران بەرابەر بە گەلی کورد هەڵوێستی گرت و پەرەی بەو سیاسەتە دا و لە شوێنی ژیانی کوردەکان عەرەبی جێگیر دەکردن و کوردەکانی لە شوێنی ژیانی خۆیان وەدەردەنان، هەر لەو کاتەشدا زۆربەی شار و گوندەکانی خاپور و وێران دەکران بەتایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوك و گەرمێن ئەو یاسایەی لەسەر کوردان بەڕێوە دەبرد. هەر کاتێك حزبەکانی کوردستانی عیراق ویستویانە پەیوەندی بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بکەن چوارچێوەو سنوریان بۆ پەیوەندیەکانی خۆیان دیاری نەکردوەو سیاسەتی داگیرکەرانیان لەسەر میللەتی خۆیان بەرێوە بردووە. کە ئەویش لە ڕوی نەزانی بووە.

هەر لە شۆڕشی ئەیلولەوە بگرە کە بارزانی پەیوەندی بە ڕژێمی شاوە گرت. وە مام جەلال لە شۆڕش هەڵگەڕایەوە و پەیوەندی گرت بە دەوڵەتی عیراق و دژی شۆڕش و میللەتی کورد ڕاوەستا، تا ئێستاش کە ئەو دێرانە دەنوسم بەداخەوە ئەو دوو حزبە واتا پارتی و یەکیەتی نەیانتوانیوە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی خۆیاندا بەرامبەر بە دوژمنان پێك بێنن و وەك سوننەت ئەو شێوازە پەیوەندیە لە چوارچێوەی ئەواندا ماوەتەوەو بۆ مانەوەی دەسەلاتی خۆیان هەمیشە لە دەسەلاتی دوژمنان کەڵکیان وەرگرتووە و لەو پێناوەشدا سەدان ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان بوونە فیدای ئەو سیاسەتە چەوتەی ئەوان کە پێی گوشکرابوون، بەتایبەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە ئاشکرا بۆ ڕەزایەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرژەوەندی خۆی ڕێگای دا بە تیرۆریستەکانی ڕژێمی ئێران دەیان ڕۆڵەی حزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زۆر شەهید کردون. دوژمنانی کوردیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان ئەوانیان وەك

کارت هێناون و لەکاتی پێویستدا کەڵکیان لێوەرگرتوون و بەیەکتریان بە کوشت داون. بەڵام لەبەرامبەردا حزبی دیموکرات ئەو شانازیەی لە پێشەوا قازییەوە بۆ جێماوە کە تەنها جارێکیش بە فیتی دوژمنان و بۆ بەرژەوەندی دوژمنان نەچۆتە ژێر تەئسیری داگیرکەران و خوێنی کوردی نەڕشتووە و پەلاماری نەداوەتە سەر شۆڕشی بەشەکانی کوردستان و تەنانەت کوردێکی بەشەکانی تری کوردستان بەدەستی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات خوێنی نەڕژاوە. حزبی دیموکرات لە ماوەی پەنجاو سێ ساڵ خەباتی خۆی دا بەو هەموو کەم و کوڕیانەی کە ڕێبەرایەتیەکەی بویەتی. بەو هەموو هەڕەشەی کە لە لایەن دوژمنانەوە کراوەتە سەری خەیانەتی لە میللەتەکەی نەکردووە و لەو پێناوەشدا زیاتر لە پێنج سەد کادرو پێشمەرگەی خۆی لەدەست داوە. هەر بۆیە پێویستە حزبەکانی کوردستان بەگشتی لە حزبی دیموکراتی کوردستان فێری سیاسەت و ئوسولی پەیوەندی گرتن بە دەوڵەتانی داگیرکەرەوە بن و لەبەرابەر گەلی کورددا هەست بە مەسئولیەتی زیاتر بکەن. هەمیشە بزوتنەوەکانی کوردستان بەهۆی قارەمانەتی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی کوردەوە پەرەیان پێدراوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێك لە ڕێبەرانی حزبەکان شۆڕشیان چەواشە کردووە و لە مەسیری شۆڕشگێڕی خۆیان لاداوە و بەرەو باوەشی داگیرکەران ڕاکێشیان کردووە بەتایبەتی ئەو چەند ساڵەی دوایی کە یەکیەتی نیشتمانی و پارتی لە کوردستانی عیراقدا جڵەوی شۆڕشیان بەدەستەوە گرتووە بە داخەوە نەك هەر خۆیان بەڵکو بەشێك لە میللەتی کوردیان فێری خۆبەدەستەوەدان کردووەو تا ئێستاش ئەو دیاردەیە بەردەوام درێژەی پێدەدرێ. چەند حزبێکیش وەك حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عیراق بە ڕێبەری حەمە حاجی مەحمود کە بۆ ڕزگاری گەلی کورد تێدەکۆشێ، بەڵام بەداخەوە لە کردەوەدا زیاتر باوەڕو ئایدۆلۆژیەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێو خەڵکی کوردستاندا پەرەپێدەدەن و دەیانەوێ سیاسەتی ئەو ڕژێمە لەسەر کورد بەڕێوە بەرن. بەڵام ئەو حزبە تیرۆریست نیەو وەك تیرۆریست نەناسراوە. هەروەها بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق بە پەرەپێدانی ئەو ئایدۆلۆژیەتە و بەگرتن و تەحویل دانەوەی چەند کادرو پێشمەرگەی حزبی دیموکرات بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دەیان جینایەت و خەیانەتی دیکەی لەو بابەتە گوێ لەمستی و نۆکەری و تیرۆریستی خۆیان بۆ ئەو ڕژێمە دەسەلمێنن، کە

کۆماری ئیسلامی ئێرانە. لەڕاستیدا ناکرێ ئەو هەڵوێست و کردەوە ناشۆڕشگێڕانەی بەشێك لە حزبەکانی کوردستانی عێراق باس نەکرێن و دیزە بە دەرخۆنە بکرێن !! بۆیە پێویستە هەردوو ڕووی جوانی و دزێوی ڕێبەرانی کورد نیشان بدرێن و هەڵەو تاوانەکانیان دەست نیشان بکرێن ، تا بەڵکو بەرەی دواڕۆژ وەك ئەزمونێك کەڵکیان لێوەربگرن. هەر بۆیەش بێباکانە باسی زۆر کەسم کردەوە و دەیکەم و هەڵەکانیانم لەقاوداون و بەخاوەنم کردوون. داوای لێبوردنیش لەو کەسانە ناکەم کە تاوانیان کردەوە و من باسم کردوون، تەنیا داوای لێبوردن لە کەسانێك دەکەم کە تاوانیان نەکردووە و لەوانەیە لەلاوە تێوەردرابن. هەروەك چالاکی و فیداکاری شۆڕشگێڕانی کوردستان لەبیر ناکەم و لەم بارەشەوە ئاماژەیەك بە چۆنیەتی هەڵسوکەوت و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ئەوان دەکەم وە ڕوپەڕە زێرنەکانی مێژوی گەلی کورد کە بەقارەمانەتی و لە خۆبردنی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی گەلی کورد پڕ کراوەتەوە باس دەکەم. هەر لەساڵەکانی ١٩٨٤وەو تائێستاش مێژوو شاهیدی خوڵقاندنی داستانی دابان لەدۆڵی سورداش، شەدەڵەو زنجیرە چیاکانی پیرەمەگرون، دۆڵی خۆشناوەتی و بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٥دا دەیان چالاکی دیکەی لەو بابەتەی پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و هێزەکانی دیکەی کوردستان لەدەشتی گەرمێن کە نیشاندەری ئەو ڕاستیەن تا میللەتی کورد پێشمەرگەی ئاوای هەبن مەحاڵە سەری بەرزی بۆ داگیرکەرانی کوردستان نەوی بکات. داستانی دابان و دۆڵی خۆشناوەتی لە مێژووی گەلانی ژێر دەستەو ڕاپەڕیودا کەمتر بینراوە کە شۆڕشگێڕانیان بتوانن چالاکی لەم جۆرە بخولقێنن و داستانی ئاوا گەورە لە مێژووی خەباتی گەلی خۆیاندا تۆمار بکەن. لەو شەڕانەدا پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە ماوەی نزیك بە ٢٤ سەعاتدا توانیان چەندین بنکەی فەرماندەی دەوڵەتی عیراق پەلامار بدەن و دەستیان بەسەردا بگرن و دەیان مەقەڕو فەوج و سیریە و سەدان سەنگەری قورس و قایمی هێزەکانی دەوڵەتی عیراق لە گۆڕەپانی شەڕەکاندا تێکوەربپێچن و بەسەر دوژمنانی میللەتی کوردا بڕوخێنن. ئەو چالاکیانەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دڵی هەموو میللەتی کوردیان خۆشکرد و نەترەو زراوی دوژمنانیشیان برد. هەر بۆیەش ڕژێمی ئێران کە قەرار بوو هاوکات لەگەڵ پەلامارەکانی پێشمەرگەی یەکیەتیدا بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەتی عێراق لە زنجیرە چیاکانی ئەزمەڕو دەوروبەری سلێمانی، کارێزەو

قەلاچۆلان، ئەوانیش لە چوارتاو ماوەتەوە پەلامار بدەنە سەر دەوڵەتی عیراق و دەست بەسەر شاری سلێمانیدا بگرن بەڵام ئێران ئەو کارەی نەکردو خۆی لە شەڕەکە دزیەوە و خیانەتی بە یەکیەتی نیشتمانی کرد. تەنانەت لە دورەوە بە تۆپ و کاتۆشا ناوچەکانی دایە بەر ڕەهێڵەی دەستڕێژو چەندین کەس لە خەڵکی بێ تاوان و تەنانەت پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی شەهید کران. لە هەمان کاتیشدا بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکرات لەو ناوچانەدا ببونە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی یەکیەتی و بە برینداره‌کانیش ڕادەگەیشتن.

## وەزعی خراپی بنەماڵەی کادرو پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات

هەروەك پێشتر باسمان کرد لە ئاخیری ساڵی١٩٨٤ دا بەرپرسایەتی کۆمیتەی گیارەنگم پێ سپێردرا و لە مێرگی زەڵێ و خڕی ناوزەنگ بنکەو بارەگاکانمان دامەزراندبوو. لەو کاتەشدا هەموو ڕۆژێ بێ پسانەوە ئەو ناوچەیە لە لایەن ڕژێمەوە تۆپ باران و کاتوشا باران دەکرا، کەم ڕۆژیش هەبوو شەهید و بریندار نەدەین. کۆمیتەی شارستانی سەردەشتیش لە کونەمار بوو کە لە گردی جاسووسان ڕا دوژمن بەسەریدا زاڵ بوو، ماڵ و منداڵێکی زۆری کادرو پێشمەرگەش لەو ناوەدا مابونەوە دەبوو شەو و ڕۆژ ژن و منداڵ لە کونە تەیارەدا ژیان بەرنە سەر. بەداخەوە ڕێبەری حزبیش لە بەرابەر بنەماڵەکاندا هەستی بە مەسئولیەت نەدەکرد، بەو هۆیەوە زۆر ژن و منداڵ بەهۆی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبوونە خۆراکی مەرگ. لەلایەکی دیکەشەوە کادرو پێشمەرگەکان زۆربەی وەختی خۆیان لە پێناوی پاراستنی بنەماڵەکانیاندا دادەناو وەك پێویست نەیاندەتوانی ئەرکی پێشمەرگایەتی بەجێ بگەیەنن. بڕیاری دەفتەری سیاسیش ئەوەبوو کە بنەماڵەکانی پێشمەرگەش خۆیان تەسلیم بە ڕژێم بکەنەوە، کادرو پێشمەرگەش بەو بڕیارە ڕازی نەدەبوون. بەهەر حاڵ ئەو وەزعە گیروگرفتی زۆری بۆ هەموو پێشمەرگەی حزب بە گشتی و کۆمیتەی شارستان و هێزی گیارەنگ بەتایبەتی پێك هێنابوو. ئەو وەزعە بوو بە هۆی ئەوەی کە وردە وردە پێشمەرگە چەك دانێت و خەریکی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵی خۆی بێت، بەشێك لەوانە خۆیان تەحویل بە ڕژێم دایەوە و بەشێکیش تا ئێستا لە شارەکانی کوردستانی عێراق ماونەوە کە تا ئێستا ژمارەیەك لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە

یەکگرتووەکانەوە ڕەوانەی ئەورووپا کراون. ئەو بێ هەڵوێستەی ڕێبەری حزب لەو کاتەدا زیانی لە شۆڕش دا. لەو لاشەوە پەلامارەکانی ڕژێم بۆ سەر بنکەکانی پێشمەرگە بەردەوام بوو. لە کۆتایی مانگی هاوینی ساڵی ١٩٨٥ دا بەهۆی هێرشی دوژمن بۆ سەر خڕی ناو زەنگ موحەمەدی پەردەدار شەهید کرا، ڕۆژی دواتریش هاوکات لەگەڵ هێرشی دوژمن بۆ سەر ناوچەکە بەهۆی تۆپبارانێکی خەست من و کاک حەسەن شیوەسەڵی بریندار بووین، ژنێکیش بەنێوی ئایشە کە خواردنی بۆ کۆمیتەی گیارەنگ دروست دەکرد شەهید کرا. هەروەها پێشمەرگەیەکیش بە نێوی عەبدوڵا بریندار بوو. بە بریندار بوونی من و کاک حەسەن بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بوو، شەڕیش لە دۆڵی خڕی ناوزەنگ بەردەوام بوو. پێشمەرگەکان ئازایانە بەربەرەکایان لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم دەکرد. لەو کاتەدا فەتاح باساوەیی، مەلا ڕەحیم لۆمانی و مەلا حوسێن زێوەیی کە کادری کۆمیتەی گیارەنگ بوون نەیان دەتوانی ئەرکی بەرپرسایەتی شەڕەکە وەئەستۆی خۆیان بگرن و لە کونە تەیارە نەدەهاتنە دەر. تەنیا دوو کەس بەناوی ڕەسوڵ حاجی شێخە کە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو، یوسف مونسەریف کادری حزب توانیان بەشەهید و بریندارەکان ڕابگەن، دواتریش پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە لەو ناوە بوون بۆ ڕزگارکردنی برینداره‌کان هاوکاری باشیان کردین. بەم جۆرە لەسەر تەختی نەخۆشخانە لە شاری ڕانیە لەگەڵ کاک حەسەن شیوەسەڵی یەکترمان دیتەوە، کاک حەسەن دوای دوو شەو مانەوە لەو نەخۆشخانەیە ڕەوانەی بەغدا کرا، منیش دوای دە ڕۆژ بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی گوێزرامەوە. تا چاک بونەوەم شەش مانگی خایاند. لەو کاتەشدا دەبوو کۆنفرانسەکان بگیرێن و کۆنگرەی حەوتەمی حزب ببەسترێ کە بە داخەوە من لەبەر برینداری نەمتوانی لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتدا بەشداری بکەم، هەربۆیەش لە کۆنگرەی حەوتدا بەشدار نەبووم. بۆیە ئەوەی دەینوسم سەبارەت بەو کۆنگرەیە تەنیا لە زمانی هاوڕێیانی بەشدارەوە بیستوومە. کۆنگرەی حەوتەمی حزب لە نزیک سەرکردایەتی بنکەی دەفتەری سیاسی لە گوندی گەورەدێ ی ناوچەی شارباژێر کە سەر بە شارۆچکەی چوارتای کوردستانی عێراقە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٩٨٥ کە بە ڕۆژی پێشمەرگە ناسراوە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. لەم کۆنگرەیەدا لەسەر

ستراتیژیەت و ئامانجەکانی حزب باس و موناقەشەیەکی ئەوتۆ نەکرابوو، بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حزب کە پەسەندکراوی کۆنگرەی شەش بوو سەر لەنوێ تەئید کرابۆوە. هەروەها دوو مەسەلەی دیکەش باسیان لەسەر کرابوو، یەکەمیان چونی حزب بۆ نێو شۆرای نیشتمانی بەرگری و هاتنەدەریشی لەو شورایەدا کە دوکتۆر قاسملو سەبارەت بەم مەسەلەیە وتبوی " بونی حزبی دیموکرات لە شۆرای نیشتمانیدا بە زیانی حزبی دیموکراتە، هەربۆیە دەمانەوێ لە شۆرا بێینە دەر"؟ سەیر ئەوەیە پێشتر کە حزب چوبۆوە ناو شۆرا، دوکتۆر قاسملو لە هەموو کۆبوونەوەکاندا شانازی پێوە دەکردو بە دەستکەوتێکی گرینگی بۆ کورد لە قەڵەم دەدا. با ئەو ڕاستیەش بڵێین نە بۆچوونی حزب و بۆ نێو شۆرا و نە بۆ هاتنەدەری حزب لە شۆرا پرس و ڕایەکی ئەوتۆ بە ڕێکخراوەکان و ئۆرگانەکانی حزبی نەکرابوو، هەر بۆیەش ڕێبەری حزب تووشی هەڵە بوو وە هاتنەدەری شۆرا خراپ بەسەر حزبدا شکایەوە، هەر بڕیارێکی بەپەلەی ڕێبەری حزب ئاکامی باشی بەدواوە نەبووە، کە لە داهاتودا ئاکامەکەیان دەرکەوتووەو زیانەکانیش قەرەبو نەکراونەتەوە.

مەسەلەی دوهەمیش شەڕی نێوان حزب و کۆمەڵە بوو کە لە لایەن بەشێك لە ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەدا بە کارێکی خراپ دەزانرا و پێیان وابوو کە دەبێ شەڕی کۆمەڵە و حزب تەواو بکرێ و کێشەکان لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێن، بەڵام بەداخەوە ئەو بۆچوونەش لەلایەن شەخسی دوکتۆر قاسملو و زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە ڕەتکراوەتەوەو دواتر چەندین ڕۆڵەی تێکۆشەری وەك حەکیم ڕەزایی کە یەکێك لە مخالیفانی ئەو شەڕە بوو وە ئەندامی سەرکردایەتی حزبیش بوو لە شەڕدا شەهید کرا. هەر کەسێکیش لەنێو حزبدا هەوڵی دابا بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە، مارکی کۆمۆنیستی لێدەدرا و دەکەوتە بەر هێرشی بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەریی یان بە پیاوی ترسنۆك و محافزەکار ناویان دەبرا!! کە لە ڕاستیدا مەسەلەی بۆچونی بیری تودەیستی دوای کۆنگرەی چوار و شەش بە لەناوچوونی تاقمی حەوت کەسی لە ڕیزەکانی حزبدا کۆتایی پێهاتبوو و شتێك بەو ناوە لە ئارادا نەمابوو. هەموو لایەك لەسەر بەڕێوەبردن و پیادەکردنی بەرنامە و پێڕەوی حزب کۆك بوون. شتێکی دیکەی کە هەمیشە لە کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆبونەوەکانی حزبدا ئامارژەی پێدەکرێ و دەڵێن: " فلان کۆنگرە یان فلان کۆنفرانس لەکەش و هەوایەکی تەواو

ئـازاد و دیموکراتـدا بـەڕێوە چـوو و هەمیشـە کێشـەو ناکۆکیـەکان بەشـێوەیەکی دیموکراسیانە چارەسەر کراوون. بەپێچەوانە بۆچونی چەند کەسێك بەسەر زۆربەی ئەندامانداا سەپێنراوە هەروەك لە کۆنگرەی هەشتدا ڕویدا، ئەمەش زیانێکی گەورەی لـەحزبی دیموکـرات و گـەلی کـورد داوە. بـۆ نمونـە پـەرش و بـڵاوی تەشـکیلاتی و دەستەبەزای و فراکسیۆن بازی لە ئاستی ئەندامانی ڕێبەری حیزبدا و هەلپەرستی و بەرچاوتـەنگی سـکرتێرەکانی حـزب زۆر جـار بۆتـە هـۆی پاڵپێوەنـان و دەرکردنـی ئەندامانی حیزب لە حیزب. بەم جۆرە کۆنگرەی حەوت بەهەڵبژاردنەوەی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و دیاری کردنی مشاویرەکان کە زۆربەیان هەر ئەو کەسانەی پێشوو دەبن کۆتایی پێدێ. هەر لەو ساڵەشدا دوکتۆر قاسملو وەك نوێنەری حیزب دەچێتە ئەوروپا و بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالیستی جیهانیدا دەکات کە لەو کاتەدا بۆ حزب سەرکەوتنێکی گەورە بوو لـە ئاسـتی نێـو نەتـەوەییدا. کـە هیـوادارم حـزب بتوانـێ لـە دوارۆژدا خـەباتی گـەلی کـورد لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی نێـو نەتـەوەییدا بناسێنێ و کوردیش بە مافەکانی بگات کە ئەوە ئاواتی هەموو کوردێکە.

# قۆناغی نۆزدەهەم

## پەرەسەندنی ناکۆکی نێوان ئەندامانی ڕێبەریی حزب و گەلێك ڕووداوی تر.

دوا بەدوای کۆنگرەی حەوت، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بنکەی دەفتەری سیاسی و گوندی گەورەدێ دەداتە بەر رەهێڵەی تۆپ و کاتوشاو زۆربەی وەخت ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کادرو پێشمەرگە لە کونە تەیارەکاندا خۆیان پەنا دەدەن. لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی ئێران و عێراق شەڕی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی عیراق ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر توندو تیژی بەخۆوە دەگرت، سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانیش هەر لەو ناوچەیە بوو کە سەرکردایەتی حزبی لێ بوو، بەو هۆیەوە سەرکردایەتی حزب زیاتر کەوتبۆ بەر هێرش و پەلامارەکانی ئەو دوو دەوڵەتە هەر لەو کاتەشدا هێزەکانی حزبی دیموکرات لە ناوچەکانی کوردستاندا پەلامارو هەڵمەتی خۆیان بەشێوەی پارتیزانی بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی ڕژێمی ئێران درێژە پێدەدا. بەداخەوە لە نێوان کۆنگرەی حەوت و هەشت دا چەند فەرماندەو کادری سیاسی و نیزامی حزب بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵەدا شەهید کران. بەهۆی بەرتەسك بوونەوەی ناوچەکە کە لەلایەن ڕژێمی ئێران و عێراقەوە پەلاماری دەکرایە سەر، ڕێبەریی حزب بڕیاری دا کە سەرکردایەتیەکەی بگوێزێتەوە بۆ بناری قەندیل گوندی بۆڵێ، کە ئەو شوێنە لە باری ستراتیژیەتی سیاسی و جوگرافیەوە بە جێگایەکی باش پەسەند کرابوو، بەڵام دیسانیش ڕۆژانە لە لایەن فرۆکەکانی ئێرانەوە سەرکردایەتی حزب بۆمب باران دەکراو تۆپخانەی دوژمن بێ پسانەوە لە کاردابوو، بەو حاڵەش سەرکردایەتی حزب بۆ ماوەی چەند ساڵ لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا ئەمنیش کە بریندار بووم لە ئۆردوگای تووەسوران سەر بە ناوچەی سەنگەسەر دەرمانگایەکم کردبۆوە و بۆ دابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەم کارم تێدا دەکرد، تا شەوێك لە لایەن دوو بەکرێ گیراوی ڕژێمی ئێران بەنێوی برایم ئاغاو برایەکەی کە جاشی حوسێنی حەمەسور ئاغا بوون تەقەم لێکرا بەڵام بە یارمەتی چەند خزمێکم توانیمان برایم ئاغا بەدیل بگرین، دواتر بەهۆی تەکلیفی تایفەی میرئاودەلیان، پیاوانی وەك حەمەی حاجی هەباساغاو حاجی مەحمود ئاغاو ئەحمەدی جوانمێراغا لە تاوانەکەیان بوراین و ئازادمان کردن.

## کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی هەشت

لەو کۆنفرانسەدا دوکتور قاسملو و هاوبیرەکانی بەرنامەی دەرکردنی بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەریی حزب دادەڕێژن، بۆ ئەو مەبەستە لیستی فیکس دێننە کۆنفرانس و لە کۆنفرانسدا ئەو لیستەیە بە زۆربەی دەنگ ڕەتدەکرێتەوە و بەسەر خاوەنەکەیدا دەدرێتەوە. هەروەك لە هەموو حزبێکی دیموکرات و شۆڕشگێڕدا لەنێو ئەندامانی ئەو حزبە فکرەو بیرو بۆچوونی جیا لە یەکتریان هەیەو دەشبێ و هەموو ئەندامانی وەك یەك بیر ناکەنەوە، بێ گومان لە حزبی دیموکراتیشدا لەسەر شێوەی کارکردن مەسئەلە جیاجیاکان بۆچوونی جیاواز هەبووە بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك گرینگتر بووە لەسەر ئامانج و ستراتیژیەکانی حزبدا کۆك بوون و لە دیاری کردنی خەت و ڕێبازدا یەکیان گرتۆتەوە. کێشەو ناکۆکیەکان زۆرتر لەسەر بەدەستەوەگرتنی دەسەلآت بووە، ئەگینا ناکۆکیەکانی نێوان ئەندامانی حزب شتێکی سروشتین و هەر حزبێکیش باس و موناقەشەی سیاسی تێدا نەکرێ و بیرو ڕاکان ئاڵوگۆر نەکرێن ناتوانێ بەسەر گیروگرفتەکانی نێو خۆیدا زاڵ بێ. دەتوانم بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە ئەو دیاردە ناحەزانە لەنێو حزبی دیموکراتدا بە هەڵکەوت نەبووە، بەڵکو هەر لەکۆنەوە دوای ڕوخانی کۆمار و شەهیدبوونی پێشەوا قازی مەحەمەد ئەو ڕەوتە وەك ڕەوشێکی غەیرە دیموکراتیك لەنێو حزبدا بۆتە سوونەت و هەر کامێك لە ڕێبەرانی حزب بۆ سەرکوت کردنی موخالیفاتی خۆیان هەزاران بوختانیان بە کادرو پێشمەرگە کردووە و لەو ڕەوشە کەڵکیان وەرگرتووە، لەو نێوەشدا خەڵکانی گوێ لە مست و هەلپەرست و لە سیاسەتدا پێنەگەیشتوو و تێ نەگەیشتوو دەرفەتەکەیان قۆستۆتەوە و بۆ وەرگرتنی دەسەلآت و پێگەیشتن بە پلەو پایە لە ئسول لایانداوە و پشتیوانی خۆیان لە نەزەرو بۆچوونی غەڵەتی ڕێبەرانی حزب دەربڕیوە، کە لە ئەنجامدا بۆخۆیان جێگای کەسانی شۆڕشگێڕ و خاوەن خەباتیان پڕکردۆتەوە کە ئەو کەسانەش کەم نەبوون لە ناو حزبدا، هەر بۆیە دوکتور قاسملوش بە پشتیوانی ئەم کوتلانەو بە پێشێلکردنی بەرنامە و ئەساس نامەو بەوەبەرچاونەگرتنی بنچینەکانی دیموکراسی، نەخشەی دەرکردنی بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەریی حزب لە کۆنفرانسدا دادەڕێژێ و پێیان ڕادەگەیەنێ و دەڵێ:"ئەو کەسانەی کە ڕووی قسەم تێیانە باش

دەزانن لەگەڵ کێمە پێویستە هەر لە ئێستاوە فکر بۆخۆیان بکەنەوە و بچن لە ئۆردوگاکانی بەستەستێن و سەنگەسەر و قەلادزە خەریکی کاسبی خۆیان بن، دەنا لە کۆنگرەدا حەیسیەتیان دەشکێنم!؟ کە مەبەستی ناوبراو لەو کەسانە دەبێ: حەسەن ڕستگار، نەبی قادری، هاشم کەریمی، ئەبوبەکری ڕاد، جەلیل گادانی، سدیق بابای، عوسمان ڕەحیمی، عەلی کاشف پوور، فەتاح کاویان و چەند برادەرێکی دیکەی کۆمیتەی مەرکەزی کە ئەو کەسانە لەسەر حزبی دیموکرات و گەلی کورد هەرچی بەلایە بەسەریان هاتووە. بەم جۆرە کۆتایی بە کۆنفرانس دێ و نوێنەران بۆ کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن و کاتی بەستنی کۆنگرە دیاری دەکرێ.

## کۆنگرەی هەشت و ڕووداوە تاڵەکانی دوای کۆنگرە

کۆنگرەی هەشتەمی حزب بورکانێکی چاوەڕوان نەکراو بوو لە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا و کاریگەریەکی خراپی لەسەر ڕەوتی بزوتنەوەی میللی خەڵکی کوردستانی ئێران دانا. ئەوەی پێشتر ئامارژەم پێکرد باسەکانی کۆنفرانس و چۆنیەتی دارشتنی بەرنامەو پلان بۆ دەرکردنی بەشێك لە ئەندامانی حزب لە کۆنگرەی هەشتەمدا بوو کە ئاکامەکەی خراپ بەسەر حزبی دیموکرات و گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا شکایەوە، بە ووتەی فارس کە دەڵێن: "از ماست کە بر ما است" ئەو کارەی دوکتور قاسملو بە حیساب بۆ بژارکردنی ریزەکانی حزب بوو کە بە قسەی خۆی بۆ وەلانانی کەسانی تەنبەڵ و بێ کار ئەو بەرنامەیەی دارشتووە، بەلام بە پێچەوانە بوو بەهۆی تێکدان و پرش و بلاوی ڕیزەکانی حزب.

کۆنگرەی هەشتەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەفرانباری ساڵی ١٩٨٧دا لە شاری سلێمانی کوردستانی عیراق بە بەشداری سەدو چل و هەشت کەس لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی حزب دەبەسترێت. ئەو کۆنگرەیە بەبێ بەرنامەو نالەبارترین شێوازی غەیرە دیموکراتیك و بەژێر پێنانی ئسول و پرنسیپەکانی تەشکیلاتی حزب و لە کەش و هەوایەکی ئاڵۆزدا کارەکانی خۆی دەست پێدەکات. بە پێی ڕەواڵ ڕاپۆرتی کۆمیتە ناوەندی لە لایەن دوکتور قاسملووە دەخوێنرێتەوە و باس و لێدوانی لەسەر دەکرێ، دواتر بەهێنانە گۆڕی لیستی فیکس بەشدارانی کۆنگرە دەهاروژێن و زۆربەی نوێنەران لەسەر ئەو لیستە دەکەونە باس و موناقەشە و لیستەکە بە شتێکی زیادەو غەیرە

دیموکراتیک دەزانن، لە هەمان کاتیشدا بە پلانی دەزانن دژ بە بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەری و ڕەتکراوەتەوە لە کۆنگرەدا نەیەتە گۆڕێ و هەموو نوێنەران بۆیان هەبێ ئازادانە خۆیان کاندیدا بکەن یان کاندیدای خۆیان بە کۆنگرە بناسێنن. بەمجۆرە دەتوانن دەنگی خۆیان ئازادانە بە کاندیداتۆرەکان و کەسانی جێگای باوەڕ و متمانەی خۆیان بۆ کۆمیتە ناوەندی بدەن و هەڵبژێرن. بەڵام بە داخەوە لەلایەن شەخسی دوکتور قاسملوی ڕەحمەتی و دکتور سەعیدی هاوبیرییەوە ئەو شێوە هەلبژاردنە کە ڕەوشی هەموو حزبێکی دیموکراتە ڕەت دەکرێتەوە و لیستی فیکس بەزۆرەملێ زەق دەکەنەوە و لە ئەنجامدا بەسەر کۆنگرەیدا دەسەپێنن. کاتێك موخالیفاتی لیستی فیکس دەزانن هەوڵەکانیان بۆ بەتاڵ کردنەوەی لیستەکە بێ ئاکام دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پێش لە ئاڵۆزی و دووبەرەکایەتی بگرن، حەسەن ڕستگار داوا لە دوکتور قاسملو دەکاو دەڵێ" کاك دوکتۆر ئەتۆ باوکی هەموو لایەکمانی و هەموومان تۆمان وەك سکرتێر و براگەورەی خۆمان قەبوڵە، جەنابت خۆت لەو لیستە مەکە بە خاوەن، ئیزن بدە ئێمەش لیستەیەك بدەینە کۆنگرە، ئەو دوو لیستە ڕەئیان پێ بدرێت هەر کام لەو لیستانە دەنگیان هێنایەوە، ئەوا جەنابت هەر سکرتێر و بەرپرسی ئەو حزبە بە". ناوبراو درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێ" یان ئیزنمان پێ بدە کە ئێمەش چەند کەسێك بە لیستەکەوە زیاد بکەین، ئەو کاتەش کێ ڕەئی ئەکسەریەتی هێنایەوە هەر موبارەك بێ و جەنابت هەر سکرتێری ئەو حزبە دەبێ" بەلام بەداخەوە دوکتور قاسملو و داڕێژەرانی لیستی فیکس ئەو داوایە قەبوڵ ناکەن و وەبەرچاوی ناگرن، لە وەڵامدا دوکتور قاسملو دەڵێ" نە لیستی ترمان قەبوڵە و نەکەسیش بە لیستەوە زیاد دەکەین، تەنیا ئەو لیستەیەی کە نووسراوەو ئێستا لەبەردەست دایە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی حزب دیاری دەکات" کاك حەسەن ڕستگار کە تێدەگات گوێ بەداوایەکەی نادەن دەڵێ: " کاك دوکتور حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك کەڵێك وایە ئەگەر قەترە قەترە خوێنی لەبەر بڕوات، ئەوا کەڵ نامێنێ و تێکدەشکێ، تکات لێدەکەم ئەو حزبە چوکەڵە مەکەنەوە و لێکی هەڵمەوەشێنن." ناوبراو درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێ: " ئەمن زۆر بیرەوەری تاڵم لە ڕابردوودا لە نێو حزبی دیموکراتدا چێشتووە، تکات لێدەکەم با جارێکی دیکەش ڕووداوە تاڵەکان دووبارە نەبنەوە". دکتور قاسملوش لە وەڵامدا دەڵێ:" کاك حەسەن لە حزبی دیموکراتدا جێگای کەسانی تەنبەڵ و تەوەزەل و کارنەکەر نەماوە هەر وەك لە کۆنفرانسدا گوتوومە دەبێ ئەو

کەسانە فکری خۆیان بکەنەوە و زووتر حزب بەجێبێڵن ئەگینا خراپیان چاو بەخۆوە دەکەوێت. " ئەو قسانەی سەرەوە مەتنی قسەکانی دوکتور قاسملو و حەسەنی ڕستگار بوون کە لە کۆنگرەدا هاتوونە گۆڕێ، کەس گومانی لەوەدانیە کە دوکتۆر قاسملو پیاوێکی زاناو سیاسەت مەدار بوو لەهەمان کاتیشدا مرۆڤێکی دیکتاتۆر و بەرچاو تەنگ بوو و باوەڕیشی بە ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراتیەت نەبوو. نە بەو جۆرەی کە هێندێك کەس بە ناهەق دوکتور قاسملویان وەك مامۆستای دیموکراسی ناسیوە ڕەنگبێ ناوبراو باوەڕی بە دیموکراسی بووبێت. بەلأم بە قازانجی خۆی چەندەش باوەڕی بە دیموکراسییەت هەبووە، ئەوە شتێکی دیکەیەو جێگای باسە، نەوەك هێندێك کەسیش کە مایەیەکیان بۆ دوکتور قاسملو دانەناوە، هەردوو لا بوختانیان بە دوکتور قاسملو کردووە، ناوبراو نە ئەوەندە دیموکرات بووە و نە هەموو شتێکیشی لەخۆیدا دیتووە، بەڵکو کەسانی دەوروبەری بوون کە باڵی دیکتاتۆریان لە دوکتور قاسملو ڕواندوەو هەرچی بەلاشە بەسەر حزبی دیموکراتیان هێناوە، جا بۆیە پاساودانەوەی هەر تاوانێك و پارسەنگ خستنە سەر هەر تاوانێك هەڵەو تاوانێکی گەورەن بەمجۆرە ئەو کەسانەش کە خۆیان لە بن باڵی دوکتور قاسملو لەنێو لیستەکەدا شاردۆتەوە ڕێوی ئاسایانە گوێ بە زەنگ دەبن و دەنگ ناکەن، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە بەدەرکردنی چەند کەسانی شۆڕشگێڕ و خاوەن ئەزموون، ئەوان جێگایان بگرنەوە و لە حزبدا دەسەلأت بەدەستەوە بگرن، ئەو جۆرە کەسانە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان هەر ڕۆژە ڕەنگێك لە خۆیان دەدەن و بەم شێوەیە لە هەڵبژاردنی ئازادو دەنگدانی دیموکراسیانە پێشگیری دەکرێ و حزب لە قاڵب دەدرێ و چەند کەسانی ئۆپۆرتۆنیست و ناسادق و بێ سەلاحیەت لە حزبدا لە لیستەکەدا جێگای خۆیان دەگرن و دەبنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکرات. بەمجۆرە هەڵەی کۆنگرەی چوار بە شێوەیەکی دیکە لە کۆنگرەی هەشتدا دووبارە دەبێتەوەو ئاکامەکەشی لە ئاکامی کۆنگرەی چوار باشتر نابێ و دەرگا ڕوونەکان دادەخرێن و ڕۆژانێکی ڕەش لە چارەنووسی حزبی دیموکراتدا بەدی دەکرێت. کوردان گوتوویانە " ئەگەر کاسە پڕ بوو لەسەریەوە دەرژێ". بەڵێ کاسە کە پڕ بوو و ئاکامەکەمان بە چاوی خۆمان دیت.

کاتێك هەموو لایەك تێ دەگەن کە دوکتور قاسملو و دوکتور سەعید ماکەی ناکۆکیەکان دەبن و کەسانی ناسادقیش پشتیوانیان لێدەکەن، موخالیفاتی لیستی

فیکسیش دەکەونە خۆو دژی کردەوەی ئەوان ڕادەوەستن. بەوحاڵە حاڵ و هەزار فڕوفێڵ و هەڕەشەو گوڕەشەی دوکتور قاسملو لە بەشداران و قەولدان بە کەسانی ساویلکە، لیستی فیکس یەک دەنگ لە نیوەی دەنگەکان زیاد دێنێتەوە!؟ بەمجۆرە پشتگیری لەوە دەکرێت کە نوێنەران بتوانن بە کەیفی خۆیان ئازادانە دەنگ بدەن و کۆمیتەی ناوەندیەکی جێگای بڕوای خۆیان هەڵبژێرن و مافە دیموکراسیەکانی خۆیان وەدەست بێنن. ئەو شێوە هەڵس و کەوتەی دوکتور قاسملو هەر لە کۆنگرەی هەشتەمدا نەهاتۆتە گۆڕێ بەڵکو زۆر جاری دیکەش کە کارەکان بە کەیفی ئەو نەبوون ناوبراو بە نیوی ئیعتراز لە حزب زویر بووە و لەکۆنگرەو کۆبوونەوەکان چۆتە دەرو نازی بەسەر حزبەوە کردووە، تا وای لێهات بەهۆی مەیدان پێدان لە لایەن ئەندامانی ڕێبەریەوە ناوبراو تووشی سەرەڕۆیی و لەخۆبایی بوون بوو و بەڵایەکی گەورەی بەسەر حزبی دیموکرات و گەلی کورد هێنا، بەداخەوە وای سەر لێشێوا کە بۆخۆشی نەیزانی چۆن لە داوی ڕژێم کەوت و شەهید بوو. دیارە بۆ شوێنە ونکەش چەند کەسێك لە مخالیفینی لیستی فیکس لە لیستەکەدا دەگونجێن و ئەوانیش دەبنە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی، وەك فەتاح کاویان، حوسێن مەدەنی، ئەبوبەکر ڕاد، کەمال کەریمی، جەلیل گادانی، سدیق بابایی و چەند برادەرێکی تر، ئەو هەڵویستەی لایەنگرانی لیستی فیکس وای نیشان دەدا کە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو کەسانەش لە حزب وەلا دەنرێن، هەروەك پێشتریش پیلانی لەو جۆرەیان گەلێك دارشتبوو و زۆر کەس بە ناهەق لە حزب دەرکرابوون، ئەو هاوڕێیانەش کە دەزانن بوونیان لە کۆمیتە ناوەندیدا کاریگەری لەسەر یەکگرتووی ڕیزەکانی حزب نابێ و ناتوانن پێش لە سەرەڕۆیی و تەك ڕەوی هێندێك کەس بگرن ناوەکانی خۆیان لە لیستەکە پاك دەکەنەوە و حازر نابن ببنە ئەندامی کۆمیتە ناوەندیەك کە هەڵبژێردراوی لیستەی فیکس یەکلایەنە بێ، هەر بۆیە دوکتور قاسملو و هاوبیرەکانی بڕیار دەدەن کە بە ئەندامانی پاشەڕۆکی لیستەکە ڕەئی بدەن و کەسانی بێ سەلاحیەت دەبنە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی دیموکرات. ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی لەهەژدە کەسەوە دەبنە بیست و پێنج کەس. هەر بۆیەش هەر بڕیارێك لەلایەن دوکتور قاسملو و دوکتور سەعید بدرابایە بێ ئەولاو ئەولا لە لایەن کۆمیتە ناوەندیەوە بەڕێوە دەچوو، هەر وەك بڕیاری شەڕکردن لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی

شۆڕشگێڕ و درێژەپێدانی شەڕ لەگەڵ کۆمەڵەو چەند کارێکی دیکەی لەو بابەتە. با ئەو ڕاستیەش بڵێین خوا هەڵناگرێت ئەو برادەرانەی کە پێشتر ئەندامی کۆمیتە ناوەندی بوون و دوایە لە حزبی دیموکرات جیابوونەوە بەپێی مەسئولیەتەکانیان لە ئاستی مەیدان پێدان بە دوکتور قاسملو تاوانبارن، چونکە لە تەئیدی بەڕێوەبردنی کارە نادروستەکانی ناوبراودا بێ دەنگ بوون و نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە پێش لە تاکڕەوی دوکتور قاسملو بگرن. هەر بەو جۆرەش کە دەیانتوانی بە تەحریم کردنی کۆنگرەو دەنگ نەدان بە لیستەی فیکس هەڵوێستی لایەنگرانی لیستی فیکس بگۆڕن و کۆنگرە بەجێبێڵن.

بەمجۆرە چارەنووسی حزبی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی جوغزێکی تەسکدا بەرەو دوا رۆژێکی تاریك ڕۆیشت و ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا بەسەر کادرو پێشمەرگەی حزبیان هێنا، بەتایبەتی کاك دوکتور سەعیدو کاك مستەفای هیجری بەدەرەجەی یەکەم ئاگاهانە پشتیوانیان لە کارە غەڵەتەکانی دوکتور قاسملو دەکرد، چەند کەسێکیش سیاسەتی دووڕوویانەیان هەبوو و محافەزەکار و ترسنۆك بوون و بۆ پاراستنی ئەو پلەوپایەی کە هەیانبوو لەنێو حزبدا لەژێرەوە تەئیدی بڕیارە هەڵەکانی دوکتور قاسملویان دەکرد، هەربۆیەش توانیان وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی یان کۆمیتە مەرکەزی بمێننەوە. جگە لەوانەش تاقمەیەك لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و جێگرو مشاویرەکان دەوری ئاژاوە گێڕییان دەبینیٚ و لە بەرامبەر بڕیارە نادروستەکاندا متەقیان لێوە نەهاتووە، کە ئەو جۆرە کەسانەش کەم نەبوون. لەسەر یەك ئەو هەڵوێستەی بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و جێگرو مشاویرەکان ئەوەندەی دیکە دوکتور قاسملویان بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت ڕاکێش کرد و دیاردەو بنچینەکانی دیموکراسیەت لە ڕیزەکانی حزبدا لاوازتر دەبوون و سەرەنجام ئاسەوارێکیان لێ نەماو تەنانەت ئۆرگانەکانی دیکەی حزبیشی دەگرتەوە. بەم هۆیەوە ئەو کەسانەی کە موخالیفی لیستی فیکس دەبن بڕیار دەدەن یەکگرتووی خۆیان بپارێزن و داوای کۆنگرەی نائاسایی بکەن و جارێکی دیکە بە پێی دەنگدانی ئازادو پاراستنی بنچینەکانی دیموکراسی لە ڕیزەکانی حزبدا کۆمیتە ناوەندییەکی قانوونی هەڵبژێرنەوە. ئەو داوایەش کراو لەلایەن کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێردراوی لیستی فیکسەوە ڕەت کرایەوە!؟ سەیر ئەوە دەبێ کەسانێك کە لە ساڵەکانی پاش کۆماری

کوردستانەوە هەتا ١٩٧٩ هەنگاویکیان بۆ حزبی دیموکرات هەڵنەهێناوەتەوە و ڕۆژێك زیندان و دەربەدەریان نەدیوەو بەشێك لەوانەش لە باری فکریەوە سەر بە حزبی توودە بوون و بەشێکیش زیاتر ژیانیان لە ئوروپا و تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بردۆتە سەر کە لە سایەی خەبات و تێکۆشانی ئەو کەسانەی کە دوکتور قاسملو دژایەتی دەکردن لە ساڵی ١٣٥٠ دا دەگەڕێنەوە نێو حزبی دیموکرات و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن و قەتیش حازر نابن لەکاتی تەنگانەدا لەگەڵ ئەندامانی حزب لە مەیدانی تێکۆشاندا بمێننەوە، لەو ئاخیرانەدا خۆیان دەکەن بە خاوەن ماڵ و خاوەن ماڵیش وەك بێگانە چاولێدەکەن!؟ بەشێکیش لەوانە تا کاتی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و گۆڕکردنی ڕژێمی شاو تێکۆشانی بە ئاشکرای حزبی دیموکرات پەیوەندیان بە حزبەوە نەگرتبوو و ئەندامی حزبیش نەبوون، ئەو تاقمە بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەنێو حزبدا بە ناهەق لە کۆنگرەی چواردا دەبنە ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی، ئەوانە بەو کەیفیەتەوە کە بوویانە دەیانەویست ببنە تاقە سوارەی مەیدان و ڕاوڕاوێن بە ئەندامانی حزب بکەن کە بەداخەوە تا ماوەیەکیش لەو کارەدا سەرکەوتوو بوون، لەو هەلومەرجەدا کە کۆنگرەی هەشتی تێدا بەسترا حزبی دیموکرات بەقۆناغێکی گەلێك سەخت و دژواردا تێپەر دەبوو، لە هەموو لایەکەوە کەوتبۆ بەر هێرش و پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، خەباتی سیاسی و چەکداری لە کوردستاندا بەشێوەی ئاشکراو نهێنی درێژەی پێدەدرا، لەو کاتەشدا هەبوونی دوکتور قاسملو بۆ حزبی دیموکرات گرنگی خۆی هەبوو چونکە ناوبراو چ لە بواری نێو نەتەوەیی و چ لە ئاستی ئەو پەیوەندیە نیزیکەی کە لە مێژ بوو، بەحزبی بەعسی عیراقیەوە هەبوو بۆ حزبی دیموکرات شتێکی زەرووڕ و پێویست بوو، بەوەبەرچاوگرتنی ئەو دیاردانەو خۆشەویستیەکی کە دوکتور قاسملو لەنێو بەشێك لە ئەندامانی حزبدا هەیبوو کۆنگرەی هەشتەمی حزب ڕەوتی ئسولی خۆی لەدەستداو مخالیفاتی لیستی فیکس " کورتە باس" نەیاندەویست ناوبراو لە حزب بچێتە دەر، هەر بۆیە لە کۆنگرەی هەشت زەڕبەیەکی گەورە بە پەیکەری حزبی دیموکرات کەوت. بەمجۆرە دوای ئەو هەموو هەلاو هەنگامە کۆتایی بە کۆنگرەی هەشت دەهات و حیزبیش کرا بە قوربانی هەڵەی هەموو لایەکیان.

## بوتەکان تێکدەشکێن و بوت پەرستانیش سەرکۆنە دەکرێن

ڕەوتی مێژوو هەر سات و زەمانێك وەرچەرخانێك بەدوای خۆیدا دێنێ ئەگەر ڕووپەرەکانی مێژووی ئادەمیزاد هەڵدەینەوە و چاوێك بە رابردووی دیکتاتۆرانی ئەم زەمانەدا بخشێنین باشتر بۆمان ئاشکرا دەبێ کە هیچ کام لەو دیکتاتۆرانەی کە هاتوون و لە جیهاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە لە خۆوە قوت نەبوونەوە، هەر کام لەوانە دروستکەرەکانیان خەڵکانێك بوون کە ووشیارانە یان ناووشیارانە لە دەوری کۆبوونەوە و وەك بووت پەرستوویانەو پەیرەویان لێ کردون. یەکێك لەو گەلانەش گەلی کورد بووە، بەداخەوە تا ئێستاش ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەشێوەی سیستم ڕیشەی داکوتاوەو بۆخۆیان بوت بۆ خۆیان دروست دەکەن و دیکتاتۆریەت پێکدێن و هەر بۆ خۆشیان دەبنە سووتەمەنی و چەوساوەی دەستی دیکتاتۆران. هەر بۆیە پێویستە نەك هەر دیکتاتۆر دروست نەکرێت بەڵکو دیکتاتۆرەکانیش تێك بشکێنرێن و خەڵك بتوانێ لەژێر سێبەری عەدالەت و دیموکراسیدا بیرو بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن.

# قۆناغی بیستەم

## جیابوونەوەو تێکۆشانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

## ( ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ )

بەدوای کۆنگرەی هەشتەمدا بەشێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتە ناوەندی پێشووی حزب دەکەونە فکری ئەوە کە بە جۆرێك هەڵوێست بگرن کە زیانی گەورەی بۆ حزب بە دواوە نەبێ. ڕۆژێك کاك جەلیل گادانی، کاك حەسەن ڕستگار، کاك حسێن مەدەنی، کاك ئەبوبەکر ڕادو کاك حەمەخان مروەتی لەشاری قەڵادزە سەردانیان کردم، باسەکانی نێو کۆنگرەیان بۆ گێڕامەوە بۆ خۆشم چەند پرسیارێکم لێ کردن و وەڵامیان دامەوە، هەموویان زۆر بەتەنگ ئەو وەزعە بوون کە لە کۆنگرەی هەشتدا سەریان هەڵدابوو. لەلایەکی دیکەشەوە دوکتور قاسملوی ڕەحمەتی و دوکتور سەعیدی مەرحوم بەڵایەکیان بەسەر هێنابوون کە نەك هەر بۆ خۆیان بەڵکو دۆستەکانیشیان نەیاندەتوانی تەحەمولی بکەن. ئەو شەوە نانێکی فەقیرانەمان پێکەوە خواردو دوای نان خواردن کۆبوونەوەیەك بە بەشداری ئەو برادەرانە بەستراو باس و موناقەشەیەکی زۆر هاتە گۆڕێ. زۆربەی باسەکان لە پێناوی چارەسەرکردنی ئەو وەزعەدا بوو کە لە کۆنگرەی هەشتدا هاتبووە پێش، بە هەق هەموو هاوڕێیان پێیان وابوو ئەگەر لایەنگرانی لیستی فیکس بەخۆیاندا بێنەوە و دوکتور قاسملو قەبوڵی ئەوە بکات کە کۆنگرەیەکی نائاسایی یان کۆنفرانسێکی گشتی پێك بێ و ئاڵوگۆڕێك لە کۆمیتە ناوەندیدا بکرێ و بە پێی هەڵبژاردنی ئازادانە کۆمیتە ناوەندی دیاری بکرێتەوە، ئەوا هەموو لایەك لە حزبی دیموکراتدا درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن و دوکتور قاسملوش وەك سکرتێر دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو داوایەش کرابوو و هەموو ڕێگاکان تاقیکرابوونەوە، دواتر زۆر بیروڕا گۆڕدرانەوە، سەرەنجام بەگشتی هاتنە سەر ئەو باوەڕە ئەگەر دەوڵەتی عیراق دژیان نەوەستێ و هێندێك یارمەتیان پێ بکات بەنێوی بەشێك لە حزبی دیموکرات مەوجودیەتی خۆیان ڕابگەیەنن و هەڵوێست بگرن. بۆ ئەو مەبەستەش حەمەخانی مروەتی کە پێشتر بەرپرسی پەیوەندیەکانی حزب دەبێ لە شاری سلێمانی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق ئەو مەسەلە باس دەکات، دەوڵەتی عیراقیش لەوەڵامدا دەڵێت "ئێمە پێمان باش نیە کە لێکجیاببنەوە، بەڵام

ئەگەر جیابوونەوە ئاگامان لێتان دەبێ." لەلایەکی دیکەشەوە کاک حەسەن ڕستگار لەگەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران پەیوەندی دەگرێ و ئەوان لە وەزعی نێو خۆی حزبی دیموکرات ئاگادار دەکات، موجاهیدینیش ئەگەرچی موافقی جیابوونەوە دەبن بەڵام قەولی هاوکاری دەدەن. بەمجۆرە لەو کۆبوونەوەیەدا هاوڕێیان ساغبوونەوە کە بەنێو حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ هەڵوێست بگرن. ئەو وەزعە زۆری نەخایاند لە هەموو لایەکەوە کادرو پێشمەرگەی حزب لەم بارەوە ئاڵوگۆڕی نەزەریان کرد و ساغبوونەوە کە لە حزبی دیموکرات جیاببنەوە، لەڕاستیدا ئەو هەڵوێست گرتنە بەهۆی پشتیوانی کردنی هێزەکانی پێشمەرگەو ئەندامانی حزب بنچینەی بۆ دارێژاو هاوڕێیانی کۆمیتە ناوەندی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە دەبێ هەڵوێست بگرن. بەئاشکرا ناکۆکی لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاندو تەنانەت هەموو ئۆرگانەکانی حزبی دەگرتەوە. لەو ماوەیەدا منیش دەرمانگەو ماڵەکەم لە قەڵادزەوە گواستەوە بۆ سەنگەسەر، ئەو هاوڕێیانەش کە شوێنی کارەکانی خۆیان بەجێهێشتبوو تا ماوەیەك لە شاری ڕانیەی کوردستانی عیراق لە خانوویەکدا کۆبوونەوەکانی خۆیان ئەنجام دەدان و هەر ڕۆژە میوانی دۆستێك یان هاوڕێیەکیان دەبوون، تا سەرەنجام ١٨ کەس لە ئەندامەکانی ئاکتیڤی حزب کە پێشتر ئەندامی ڕێبەریی حزب بوون، لە ڕاگەیاندنێکی دە مادەییدا بەنێوی "هەڵوێست" مەوجودیەتی خۆیان بەنێوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە ڕێکەوتی یەکەمی خاکەلێوەی ساڵی ١٩٨٨دا ڕادەگەیەنن و ئەو ڕاگەیەنراوە بەهۆی کادرو پێشمەرگەکانی حزب لەسەرتاسەری کوردستاندا بەگشتی و لەنێو هەموو ئۆرگانەکان و تەنانەت بنکەی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتدا بڵاوکرایەوە و گەیشتە دەستی هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حزب. بە ڕاگەیاندنی ئەو بەیاننامەیە لە هەموو ئۆرگانەکانی حزبیدا کادرو پێشمەرگەکانی سەفی خۆیان لە سەفی لایەنگرانی لیستی فیکس جیاکردەوە، پۆڵ پۆڵ و دەستە دەستە بنکە و بارەگای حزبی دیموکراتیان بەجێ دەهێشت و بە دەستی خاڵی بەرەو شاری ڕانیەی کوردستانی عیراق دەکەوتنە ڕێگا، تا سەرەنجام یەك سێیەم لەکادرو پێشمەرگەکانی حزب هەڵوێستیان گرت و پەیوەندیان بە حزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕەوە گرت. منیش کە ماڵم لە سەنگەسەر بوو هەر ڕۆژە دەستەیەك لە کادرو

پێشمەرگەکانی حزب کە لە بناری قەندیل و دەفتەری سیاسی ڕا دەهاتنە خوار بەشێك لەوان چەند شەوێك لە لای ئێمە دەمانەوە تا شوێنی حەوانەوەیان بۆ دیاری دەکرا. لە ڕانیەش دەبوو هەر لە ماڵی دۆستان خۆیان بحەوێننەوە، تا دواتر خانوویەکی گەورە لە شاری ڕانیە کە هی ئەنوەر بەگی بێتواتە دەبێ و موجاهیدینی خەڵك بەکرێیان گرتبوو، ئەو خانووە تەحویل بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەدرێ و لەو خانووەدا جێگیر دەبن. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کورتدا نزیك بە هەزار کادرو پێشمەرگەو ئەندامی حزب پەیوەندی دەکەن بە حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕەوە هەموو ئەو هێزو کۆمیتە شارستانانەی کە پەیوەندیان دەکرد پشتیوانی خۆیان بەنووسراو لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ڕادەگەیاندو لە ڕادیۆو بڵاوکراوەکانی حزبدا دەخوێنەرانەوە. هەرچەندە ئەو لێکدابڕانە یەکجار زۆری زیان لە یەکگرتوویی و یەك پارچەیی ڕیزەکانی حزبی دیموکرات داو گران بەسەر حزبی دیموکراتدا شکایەوە، بەڵام درەنگ یان زوو دەبوو شتێکی ئاوای هەر لێ شین بێتەوە و هەر بۆیەش ئەو جیابوونەوەیە لە باری سیاسیەوە شتێکی سروشتی و پێویست بوو بۆ گەڕانەوەی حزب بۆ سەر ڕێبازی ئسولی سیاسی و تەشکیلاتی و پاراستنی دیاردەکانی دیموکراسی و ڕێزدانان بۆ ئەندامانی حزب بە گشتی کە بە هەنگاوێکی موسبەت هەڵدەسەنگێندرێ و چاو لێدەکرێت. بەو جیابوونەوەیە گۆڕانێك لە سیاسەتی دەرەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ پێك نەهات تەنیا ئامانجی ستراتیژی حزبی دیموکرات کە سۆسیالیزمی دیموکراتیك بوو لە بەرنامەدا وەلا نراو دروشمی پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی جێگای گرتەوە. جگە لەوە هێندێك دەست تێوەردانی دیکەش لە بەرنامەو ئەساس نامەدا کرا. لەلایەکی دیکەوە ئەو جیابوونەوە زەرەری گەورەشی لە حزبی دیموکرات و گەلی کورد دا، جگە لە بەکوشت دانی چەندین کادرو پێشمەرگەو لێکهەڵوەشانی ڕیزەکانی حزب و پرش و بڵاوی و لاوازبوونی تەشکیلات، هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ڕژێمدا پاشەکشەیان پێکراو لە جێگای ئەوە کە لە بەرابەر دوژمندا ڕابووەستن لەلایەن لایەنگرانی لیستی فیکسەوە بڕیاری شەڕکردن بەسەر کادرو پێشمەرگەدا سەپێنرا. سەرکردایەتی ئەو باڵە بە ئاشکرا شەڕی لە دژی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ڕاگەیاند کە بوو بەهۆی نیگەرانی خەڵکی کوردستان. هەروەها جیابوونەوەی

ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە حزبی دیموکرات دیاردەی خراپی دیکەشی بەدواوە بوو، ئەویش دابەزاندن لە سام و هەیبەتی بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و پێخۆشحاڵی دوژمنان بەتایبەتی ڕژێمی ئێران بوو. هەموو ئەو کادرو پێشمەرگانە بە ڕێبەرایەتیەکەیەوە کە جیابوونەوە لە لایەن لایەنگرانی لیستی فیکسەوە بەخائین و لادەر لە قەڵەم دران وەك جاش ناویان دەبردن!؟ بەڵام تا ماوەیەك ڕوون نەبوو بۆ کام دەوڵەتی داگیرکەر و بۆ کام حزبی دژی گەلی جاشایەتی دەکەن، کە دواتر ڕوون بۆوە کە مەبەستیان ئەو سازمانە بوو کە چەند ساڵ هەموومان بەشان و باڵمان هەڵدەگووتن و دوکتور قاسمولی ڕەحمەتیش شانازی بە دۆستایەتی و هاوخەباتی ئەوان دەکرد کە موجاهیدینی خەڵکی ئێران بوون!؟ لەگەڵ ئەو هەموو تەبلیغاتە خراپ و بێ جێیانەشدا کە ڕێبەری حزبی دیموکرات دەرهەق بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کردیان و بە کردەوەش دەست و پەنجەی خۆیان بەخوێنی ڕۆڵەکانی گەلی کوردو پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ سوور کرد ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بەرپرسانە وەڵامی شەریان بەشەر نەدایەوە و بە پێچەوانە ئاگاداری هەموو کادرو پێشمەرگەرکانی خۆیان کرد کە بە هیچ جۆرێك مافی ئەوەیان نیە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەوان بکەن، پێشیان ڕاگەیاندن هەر کات پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات واتە لایەنگرانی لیستی فیکس ویستیان شەڕتان لەگەڵ بکەن ئەوا ئێوە چەکەکانتان تەحویل بەوان بدەن و بگەڕێنەوە سەرکردایەتی خۆتان. ئەو کارە چەند جار لە ناوچەدا کرا، پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی چەکەکانیان تەسلیم بە ئەوان دەکردو بەبێ چەك دەگەڕانەوە بنکەکانی خۆیان بەڵام دیسان شەڕخوازان درێژەیان بە شەرەکە دەدا کە لە جێگای خۆیدا باسی دەکەم. ڕێبەرایەتی حزبی دیموکرات سەر بە لیستی فیکس زۆریان هەوڵدا کە لە ڕێگای دەوڵەتی عیراقەوە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە کوردستانی عیراق وەدەرنێن بەڵام لەو بارەشەوە هەوڵەکانیان بێ ئاکام مایەوە، دواتریش ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن و بڕیار دەدەن کە کادرو پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی لەکاتی پێویستدا دیفاع لەخۆیان بکەن.

# چەند هەنگاوێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە

لەسەرەتای هەڵوێست ڕاگەیاندن دا، "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"بەهەست بە مەسئولیەت کردن لە بەرابەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی میللی دیموکراتیکی گەلی کوردو پاراستنی دیاردەکانی دیموکراسی و ڕێزدانان بۆ بیروڕای ئازادانە لە کوردستان و ئێراندا بۆ ڕێگا خۆش کردن بۆ پێکهێنانی پلۆرالیزمێکی دیموکراتیک و بەهێزکردنی بەرەی شەڕو بەگژداچوونەوە دژی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، ئەو هەنگاوانەی خوارەوەیان هەڵگرت و بە کردەوەش لە پشتیان ڕاوەستان.

**یەکەم**: ڕاگەیاندنی ئاگربەستی یەك لایەنە لەگەڵ کۆمەڵە، کە ماوەی هەشت ساڵ بوو ئەو شەڕە بەهۆی پاوانخوازی ڕێبەرانی حزب و کۆمەڵە بەسەر کادرو پێشمەرگەی هەردوو لادا سەپێنرابوو، کە زیاتر لە هەزار ڕۆڵەی شۆڕشگێری گەلی کوردی تێدا بوونە قوربانی و فیدای بڕیاری نادروستی ئەو دوو ڕێبەریە کە لە پێناو دەسەڵاتی خۆیاندا دابوویان. بەخۆشیەوە لەلایەن کۆمەڵەشەوە پێشوازی لەو بانگەوازە کراو دوای وتووێژ و دانیشتن کۆتایی بەو شەڕەماڵوێرانکەرە هات.

**دووەم**: تازەکردنەوەی دۆستایەتی و پەیوەندی نیزیك لەگەڵ موجاهیدینی خەڵکی ئێران لەسەر بناغەی پاراستنی ڕێزی دوولایانەو جارێکی دیکەش دانان بە مافی خودموختاری بۆ خەڵکی کوردستان لە یاسای دەوڵەتی کاتی لەلایەن موجاهیدینەوە پەسەند کرایەوە کە پێشتریش لەگەڵ حزبی دیموکرات لەسەر ئەو ئەسڵە پێك هاتبوون بەلاّم بەهۆی وتووێژی حزبی دیموکرات لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا حزب لە شۆرادا جێگای پێ لیژ ببوو لەشۆرا هاتە دەر. بەلاّم جارێکی دیکەش ئەو ڕەساڵەتە بۆ حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ گەڕایەوە و لەسەر ئامانج و ستراتیژیە هاوبەشەکان و درێژەدانی خەبات تا ڕووخانی ڕژێمی ئاخوندەکان پێك هاتن.

**سێیەم**: هەوڵدان بۆ یەکیەتی بە کردەوەی هەموو ڕێکخراوەو حزبە شۆڕشگێڕەکانی ئێرانی و کوردستانی بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئێران و وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلانی ئێرانی و کوردستانی و لەسەرووی هەموویانەوە بۆ گەلی کورد بە پێویستییەکی مێژوویی دەزانی و لەو پێناوەشدا هەوڵی خۆیاندا.

**چوارەم**: هەوڵدان بۆ پەیوەندی گرتن بە هەموو ئەو وولاّتانەی کە باوەڕیان بە ڕزگاری گەلانی ژێر دەستە هەیە، وەك وولاّتە سۆسیالیست و دیموکراتەکان و ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان بە تایبەتی ئورووپاو ئەمریکا لە ڕادەی جیهانیدا بۆ سەر کێشەی کوردو خەباتە ڕەواکەی.

**پێنجەم**: درێژە پێدانی خەبات دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە پشتیوانی کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان و یارمەتی حزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی وەك مەرجی سەرەکی دانرا، هەر لەو ڕێگایەشەوە ژیانی کادرو پێشمەرگەی حزب دابین بکرێت.

**شەشەم**: خۆبەستنەوە بە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئەوان لەسەر هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی مەحکوم کرد. ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ پشتیوانی کرد لە خەباتی ڕەوای بەشەکانی دیکەی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردی بە گشتی بە ئەرکی سەر شانی خۆی دانا.

**حەوتەم**: لابردنی خەتی سوور لە نێوان ئەندامانی ڕێبەریی حزب و کادرو پێشمەرگەدا. شکاندنی ئەو تەلەسمە نوقتە گۆڕانێك بوو لە نێوان ڕێبەریی حزب و بەدەنەدا، هەر بەو جۆرەش پەیوەندی نێوان کادرو پێشمەرگە لەگەڵ کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان بوو بە دیاردەیەکی تازە، ئەو کەلێن و مەودایەی کە پێشتر وەك دیاردەیەکی ناحەز لە نێوان ڕێبەریی و بەدەنەدا هەبوو گۆڕ کراو بە پاراستنی حقوقی سیاسی و کۆمەلاّیەتی پێکەوە باس و وتووێژ دەکراو نامۆیی و دوورە پەرێزی لە یەکتر بە محیبەت و خۆشەویستی پڕ کرایەوە.

**هەشتەم**: لەهەمووی ئەوانەی گرینگتر بۆ دابین کردنی ئازادی بیرو باوەر و دیموکراتیزەکردنی ڕیزەکانی حزب و بارهێنانی کادرو پێشمەرگە بە بیرێکی پێشکەوتن خوازانە و شۆڕشگێڕانە دوور لە ئاژاوەو ناکۆکی ڕێنوێنی دەکران و دیاردە دیموکراتیەکان زیندوو دەکرانەوە، هەموو ئەندامانی حزب بۆیان هەبوو نەزەرو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە مەسەلە جۆربەجۆرەکانی نێو خۆی حزب دەربڕن، هەر بۆیەش لە ماوەیەکی کەمدا ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر توانی لەناو زۆربەی کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان و کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکاندا خۆی بناسێنێت و وەك باڵێك لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن دۆست و دوژمنەوە ئیعتراف پێکرا.

**نۆیــەم:** خـۆ بـواردن لەشــەرکردن لەگــەڵ باڵەکــەی دیکــەی حزبــی دیموکراتــی کوردستان کە لەلایەن ئەوانەوە بڕیاری شەڕ بەسەر کادرو پێشمەرگەدا سەپێنرابوو، ئـەو بڕیـارە لەلایـەن ڕێبەرایــەتی شۆڕشــگێڕەوە ڕەتکرایــەوە. ئــەو هەڵوێســتەی ڕێبەرایــەتی شۆڕشــگێڕ لــە ڕوانگــەی خــەڵکی کوردســتانەوە بەگشــتی و هــێزە ئازادیخوازەکان بە تایبەتی بە هەڵوێستێکی مەسئولانەو ژیرانە لە قەڵەم درا.

**دەهــەم:** بــە تێکــەڵ بوونــی ئــەندامانی ڕێبــەریی و کـادرو پێشـمەرگەکانی حزبـی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کـۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان و ئەدیبان و ڕۆشنبیران و عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەکان، ڕووپەرەیەکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا کرایەوە، هەر بۆیـە کاتێک سەرکردایەتی حزب لەلایـەن ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیەوە تـۆپ بـاران و کاتوشا باران کرا خـەڵکی کوردسـتان دەسـتە دەسـتە سەردانی دەفتـەری سیاسـی حزبیـان دەکـردو بنەماڵـەکانی کادرو پێشمەرگەیان لـە ماڵـەکانی خۆیـاندا دەحەواندنـەوە. هـەروەها لـە ڕێورەسمی بە خـاك سپاردنی شـەهیدەکانی حزبـدا بـە پەرۆشـەوە بەشـداریان دەکـردو هاودەردی خۆیان سەبارەت بە جینایەتەکانی ڕژێمی ئێران دەرهـەق بە گـەلی کورد لـە کوردستانی ئێراندا دەردەبڕی. تەنانـەت ئەگـەر هێزەکـانی ڕژێمـی ئێران بـە هاوکاری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە کۆی سەنجاق لـە قولایـی خـاکی کوردسـتانی عێراق لەشکرکێشیان کردە سەر بنکەی سیاسی حزبـی دیموکـرات و تـۆپ بارانیـان کـردن لـە هـەمان کاتدا عەشیرەتەکانی ئاکۆ و خۆشناوەتی و خـەڵکی ڕانیـە دەهاتنـە دەفتـەری سیاسـی حزبـی دیموکـرات ڕێبەرایـەتی شۆڕشـگێڕو ئامـادەگی خۆیـان بـۆ پشـتیوانی لەحزبی دیموکرات ڕادەگـەیاند، کـە ئـەو هەڵوێسـتەی ئـەوان جێگـای دڵخۆشـی هـەموو کوردێکی نیشتمان پـەروەر بوو. بەمجۆرە ڕێبەرایـەتی شۆڕشـگێڕ چـووە نـاو قـاڵبی خۆی و وەك ڕێکخراوێـك یـان حزبێکـی سیاسـی و مەسـئول لـە کوردسـتاندا چاوی لێدەکراو جێگای خۆی گرت. تا پێکهێنانی کۆنفرانسی چوار هەر ئەو هـەژدە کەسەی کـە ئیعلانــی مەوجودیــەتیان کردبــوو ڕێبــەریی حزبــی دیموکــرات ڕێبەرایــەتی شۆڕشـگێڕیان دەکـرد، ئـەندامانی دەفتـەری سیاسیش ئـەو کەسـانە دیـاری کرابـوون: جەلیل گـادانی سکرتێری حزب، حەسـەن ڕستگار جێگـری سـکرتێر، فـەتاح کاویـان، حسێن مەدەنی، نەبی قادر.

## کۆنفرانسی چواری حزبی دیموکرات
## ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ

ئەوەی لەو چەند لاپەڕانەدا نووسراوە هەمووی لێدوان و باسەکانی کۆنفرانس نین، بەڵکو بەشێك لە بۆچوونە جیاوازەکانن لە ڕوانگەی خۆمەوە. ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بۆ زیاتر خۆناساندن و ڕاکێشانی بیروڕای گشتی کۆمەڵانی خەڵك بەلای حزبی دیموکراتدا دێتە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ سەرکردایەتیەکی هەڵبژێردراوی ئەندامانی حزب و کادرو پێشمەرگە پێکبێ و لە کۆنفرانسێك یان کۆنگرەدا دەنگیان پێ بدرێت تا ببێتە جێگای موتمانەی ئەندامانی حزب. بە پێی هەل و مەرج، ئەوکات بارودۆخەکە بۆ بەستنی کۆنگرە لە بار نەبووە بەو هۆیەوە لەڕێکەوتی ١٢ی ٤ی ١٩٨٨ بە بەشداری ١١٢ کەس لەنوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حزب و ئەندامەکانی حزب لەشاری ڕانیەی کوردستانی عیراق کۆنفرانسی چوار دەبەسترێت. یەکێك لەو دیاردە سەرەکیانەی ئەو کۆنفرانسە ئەوە دەبێ کە لە کەش و هەوایەکی تەواو ئارام و دیموکراتیك دوور لە هەر چەشنە دەستەو دەستە بازیەکدا بەڕێوە دەچێ، هەموو بەشداران دەتوانن بۆ یەکەم جار ئازادانە بیروڕای خۆیان سەبارەت بە مەسەلە جیاجیاکانی حزب دەربڕن. باسەکانی کۆنفرانس زۆرتر لەسەر هەڵوێست گرتن و بەڕێوەبردنی ئەو خاڵانە دەبێ کە لە ڕاگەیەندراوی مەوجودیەتی حزب لە بەهاری ١٩٨٨دا بڵاوکرابۆوە. دواتر باس و لێدوانێك لەسەر بەرنامەو ئەساس نامە دەکرێت، هەروەها تەئیدی کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان کۆمەڵەو حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر دەکرێت، کە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەو بارەوە پێش دەستی کردووە کۆتایی پێ هێناوە، بە ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لەلایەن ڕێبەرایەتیەوە، باڵەکەی دیکەی حزبی دیموکرات دەڵێ" هەر چەشنە ڕێکەوتنێك لەگەڵ کۆمەڵە خیانەت بە خوێنی شەهیدەکانی حزبی دیموکراتە" کە دیارە دوای چەند ساڵێك بۆ خۆشیان ئەو کارەیان کردو تووشی بەوتەی ئەوان خەیانەت بە خوێنی شەهیدان بوون!! هەروەها لەو کۆنفرانسەدا سوپاس لە هەموو ئەو حزب و کەسایەتیانە کراوە کە یارمەتی مادی و مەعنەوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیان کردووە. بەپێی ڕاپۆرتێك کە بۆ ئەو کۆنفرانسە ئامادە کرابوو زۆربەی حزب و ڕێکخراوەکانی ئێران و کوردستانی پشتیوانی خۆیان لە خەبات و تێکۆشانی حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەربڕیوە. بە

پێچەوانەی ئەوەی کە ڕێبەری باڵەکەی دیکەی حزبی دیموکرات لە هەموو حزب و ڕێکخراو و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوا کردبوو کە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بایکۆت بکەن و وەك خائین بەگەل و نیشتمانیان بناسن، بەڵام هەم خەڵك و هەم حزبەکان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیان وەك بەشێك لە حزبی دیموکرات و پێشڕەوی جولانەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستانی ئێران دەناسی. هەر لەو کۆنفرانسەدا وەك مەرج دیاری کرا کە تا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران حزبی دیموکرات بە ڕەسمی نەناسێ و دان بە مافەکانی گەلی کورد دا نەهێنێ هەر چەشنە وتووێژێك لەگەڵ ئەو ڕژێمە رەت دەکرێتەوە، زیاتر پێ لەسەر ئەوە ڕادەگیرێت تا ڕوخانی ئەو ڕژێمە و هێنانە سەر کاری ڕژێمێکی دیموکراتیك کە باوەڕی بە مافی گەلی کورد هەبێ درێژە بە خەباتی چەکدارانە بدرێت.

مەسەلەیەکی دیکە کە لەو کۆنفرانسەدا ئاماژەی پێ دەکرێ کە لە کۆنگرەی هەشتەمیشدا ساغبوونەوە کە دەبێ دین لە دەوڵەت جیا بێت لەو کۆنفرانسەشدا دووبارە کرابۆوە کە دەبێ دین و دەوڵەت لێك جیابن. دواتر مەسەلەی پەیوەندی نێوان حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەگەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دەخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ساغدەبنەوە کە دۆستایەتی و هاوکاری کردنی موجاهیدین بۆ حزبی دیموکرات و گەلی کورد لەو قۆناغەدا پێویستیەکی تاکتیکیەو کۆمەگ بەستراتیژیەت و ئامانجەکانی حزبی دیموکرات دەکات هەر بۆیەش ئەو پەیوەندیە دواتر لەگەڵ موجاهیدینی خەڵك بەکردەوە شکڵی گرت و زیاتر پەرەی ستاند. باسێکی دیکەی کە لەو کۆنفرانسەدا دێتە گۆڕێ پێکهێنانی بەرەی دژی ئیمپریالیستی دەبێ بەڵام ئەو باسە کە کۆمەگ بە چارەسەری کێشەی کورد ناکات بەسەریدا باز دەدەن و لە کۆنفرانسدا نابێتە بڕیار. باسێکی کە زۆر وەختی کۆنفرانس دەگرێ لێدوان لەسەر ئازادی بیروڕاو پاراستنی بنچینەکانی دیموکراسی دەبێ کە پێشتر لە حزبی دیموکراتدا لە گرێژەنە چووبوون بۆ ڕەچاوکردنی ئەو بنچینانە پێدادەگرن. هەر لەو کۆنفرانسەدا بڕیار دەدەن کە بانگەوازێك بۆ ئاشتبوونەوەو یەکگرتنەوەی حزب ئاراستەی باڵەکەی دیکەی حزبی بکەن کە دوکتور قاسملو ڕێبەریی دەکرد، کە ئەو بڕیارە لە باشترین بڕیارەکانی ئەو کۆنفرانسە دەبێ دوای کۆنفرانس ئەو کارە کراو بەداخەوە باڵەکەی تری حزب وەڵامی ئەو بانگەوازەی بە هەڕەشەو شەڕو جنێودان بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دایەوە.

## هەل و مەرجی نێو نەتەوەیی لە ڕوانگەی کۆنفرانسی چوارەوە

لەو کۆنفرانسەدا لەسەر سیاسەتی نێو نەتەوەیی ئالوگۆڕی بیروڕا کرابوو و بە پێی لێکدانەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر کە دەڵێ" دەورانی سەرمایەداری لاواز بووە و سیستمی سۆسیالیزم جێگای دەگرێتەوە" دواتر ئیشارە بەوە دەکەن کە دەورانی ئیستبداد و زوڵم و زۆری تێپەڕ دەبێ و سۆسیالیزم جێگرتوو دەبێ. لەو ناوەشدا کاتی ڕزگاری گەلانی ژێر دەستە دێت و ڕێگا بۆ ڕاپەرینە ئازادیخوازو دیموکراتیەکان خۆش دەکات و ئالوگۆڕەکان بە خێرایی دەچنە پێش. کە لەسەر ئەو بۆچوونە یەك دەنگ نابن و دیارە هەموو لێکدانەوەکانیش نابێ وەك دیاردەیەکی بێ ئەملاو ئەولا و دروست چاو لێبکرێن. ئەوەبوو کە بەپێچەوانە گۆڕانکاریەکان بەراوەژوو بوونەوەو زۆری نەخایاند کە بەهۆی هێنانە گۆڕی پرۆستۆیکا لەلایەن میخائل گۆرباچۆف سکرتێری گشتی حزبی کۆمەنیستی شۆرەویەوە، سۆسیالیزم گۆڕ کراو سیستمی سەرمایەداری و سۆسیالیزمی دیموکراتی جێگای گرتەوە، بەشێك لە نەتەوە ژێر دەستەکانی وولاتی سۆڤیەت بە سەربەخۆیی خۆیان گەیشتن، ئۆردوگای سۆسیالیستیش وەك بڵقی سەر ئاو توایەوە. ئەمڕۆ دەبینین کە دیموکراسی ڕۆژئاواو ئوروپا باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە. هەربۆیە خۆبەستنەوەی حزبەکانی کوردستان لە باری ئیدیۆلۆژیەوە بەهەر وولاتێکی لاوەکیەوە زیان بە بزوتنەوەی گەلی کورد دەگەیەنێ هەروەك پ.ك.ك بەکردەوە لەم بارەوە دەسکەوتێکی نەبووە.

لەو کۆنفرانسەدا باس لەسەر بەهێزکردنی تەشکیلات و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك لەناو کوردستاندا کرابوو و هەر بەو جۆرەش وەك بڕیار گونجێنرابوو کە حزبی دیموکرات لە باری پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسیەتەوە بە وولاتانی دەرەوە بە تایبەتی وولاتانی ئوروپا هەوڵ و تێکۆشانی خۆی زیاتر بکات کە دوایی بۆ ئەو مەبەستە بەکردەوە هەنگاو هەڵێنرایەوە. کۆمسیۆنی تەشکیلاتیش بۆ پەرەپێدانی تەشکیلاتێکی ڕێك و پێکتر هەوڵی خۆیان دا و تا ئەندازەیەك لەهەر دوو بواردا سەرکەوتنێك مسۆگەر کرا. ئەو کۆنفرانسە بەیاننامەی دە ماددەیی کە ئیعلامی مەوجودیەتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێری پەسەند کرد و هەموو لایەك پابەندبوونی خۆیان بە دە خاڵەکە و ناوەڕۆکی ڕاگەیاندراوەکە دەربڕی بەڵام ئاخیرەکەی وا دەرنەچوو. لێرەدا بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز ڕاگەیەندراوە دە ماددەییەکە وەك خۆی بڵاو دەکەمەوە. دیارە بەداخەوە دەقە کوردییەکەم لەم هەل و مەرجەدا دەست نەکەوت.

**مادەکانی ڕاگەیەنراوەکە ئەمانەن: بە زمانی فارسی.**

۱- بازسازی مبانی امپریالیستی در حزب و گرد سیاستها و مانورهای سازشکارانەو راستگرایانه جناح اغای شرفکندی و قاسملو در مماشات با محافل امپریالیستی و اپوزیسیون انقلابی وابسته به ان.

۲- کوشش در راه استقرار روابط دوستانه با کشورهای سوسیالیستی و مترقی، گسترش و تقویت روابط با اخزاب و سازمانهای مترقی، و همستگی با جنبشای رهایی بخش ملی.

۳- تاکید بر ادامه و گسترش مبارەزه مسلحانه، و نفی سیاست سازشکارانه و مؤاکره جویانه در برابر رژیم جمهوری اسلامی، سیاستی که جز ایجاد توهم نسبت به ماهیت رژیم نتیجه أی در بر نداشته است.

٤- پشتیبانی از مساعی بین المللی در جهت خاتمه بخشیدن به جنگ ویرانگر ایران و عراق و استقرار صلح میان دو کشور بر اساس قگعنامه ۵۹۸ شورای امنیت.

۵- تلاش در جهت تشنج زدایی میان احزاب و سازمانهای مبارز و دمکرات و انقلابی در سطح کردستان و ایران، کوشش در راه ایجاد روابگ دوستانه و همکاری با اپوزسیون انقلابی بر اساس اصل احترام متقابل بمظور تقویت هرچه بیشتر جنبش ملی- دمکراتیك خلق کرد و تحکیم پیوند این جنیش با مبارزان سراسری در جهت سر نگونی رژیم ارتجاعی جمهوری اسلامی و استقرار یك رژیم دمکراتیك در ایران.

٦- حذف مطالب و موزوعات انحراف و ارتجاعی که بر اثر اعتقادات و گرایشاب غیر دمکراتیك این جناح، در برنامه و اساس نامه وارد شدەاست.

۷- اعاده اصول و ازرشهای دمکراتیك در ارگانهای حزبی، رعایت حقوق و حفظ پرستیژ سیاسی و اجتماعی و حراست از دمکراسی هم در داخل حزب و هم خارج از ان.

۸- طرد آیین شخصیت پرستی و مبارزه با تمرکز قدرت و تمایلات دیکتاتور مابانه افراد.

۹- کوشش برای جزب مجدد کادرها، اعچاو پیشمرگانی که بر اثر سیاستهای نادرست این دسته از حزب اخراج یا به انفعال کشانده شدەاند، این اصل شامل کسانی نمی شود که بهر شیوەای مرتکب جنایت یا خیانتی شدەاند.

۱۰- حراست از ارزشهای بشر دوستانه و رعایت هر چه بیشتر مبانی اخلاقی و اجتماعی در جهت ایجاد حسن نیت و همستبگی رفیقانه در کلیه ارگانهای حزب.

**حزب دمکرات کردستان ایران، رهبری انقلابی ۱-۱-۱۳٦۷(۱۹۸۸)**

**ناوی ئەو کەسانەی کە بەیان نامەکەیان ئیمزا کردووە بریتیە:**

**۱-جەلیل گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی**

٢- حەسەن ڕستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی
٣- فەتاح کاویان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی
٤- حوسێن مەدەنی= = = = = = = = = = =
٥- نەبی قادر = = = = = = = = = = = =
٦- سدیق بابایی = = = = = = = = = =
٧- ئەبوبەکر راد= = = = = = = = = = =
٨- عوسمان رەحیمی= = = = = = = =
٩- علی کاشف پوور= = = = = = = = = =
١٠- سەرهەنگ قادری جێگر = = = = = = = = = = = =
١١- کەمال کەریم = = = = = = = = = =
١٢- عصمت عەبدی = =
١٣- شاپور فەیروزی = =
١٤- ڕەحیم مەحەمەد زادە مشاویر
١٥- شاپور شوجاعی فەر = = =
١٦- عوسمان فەتاح = = = =
١٧- ڕەشاد حوسێن

جگە لەو هاوڕێیانەی کە بەیان نامەکەیان ئیمزا کردووە، لەو کۆنفرانسەدا ئەو هاوڕێیانەش وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مشاویر هەڵبژێردراون:

١-هاشم کەریم ئەندامی کۆمیتە ناوەندی
٢- عومەر شەریف زادە = = = =
٣- فەیسەل ئێران دوست = = = =
٤- موزەفەر میتران = = = = = = =
٥- حەمە خانی مروەتی مشاویر
٦- ئەمیر قادر مشاویر
٧-سەید برایمی کەریمی مشاویر

بەم شێوەیە کۆنفرانسی چوار لە ڕێکەوتی ١٢-٤-١٣٦٧ ( ١٩٨٨)دا کۆتایی بە کارەکانی خۆی دێنێ و نوێنەران دەگەڕێنەوە شوێنی کارو تێکۆشانی خۆیان.

## گۆڕانکاریە سیاسیەکانی جیهان و مردنی خومەینی

بەدوای کۆنفرانسی چواری ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا هەتا کۆنگرەی ۹ ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بە خێرایی دەچوونە پێش. ململانێی ئۆردوگای سۆسیالیستی و بەرەی ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا ڕەوتی خۆیان بەرەو لەیەکتر نزیکبوونەوە دەپێوا، بە لێکنزیك بوونەوەی ئەمریکاو شۆرەوی و چاوبەیەك کەوتنی سەرانی ئەو دوو زل هێزە، مەترسی جەنگی جیهانی سێیەم و هەڕەشە لە نەمانی بەشەریەت کە پێشتر چاوەڕوان دەکرا کەم ببۆوە. بەهێنانە گۆڕی پرۆستروێکا لەلایەن مخایل گۆرباچۆفەوە ئەو خەتەرە ئەوەندەی دیکەش ئیحتیمالی لەناوچوونی مرۆڤایەتی لاوازتر کردو سەرەنجام ئۆردوگای سۆسیالیستی هەرەسی هێناو سەردەمی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا وەك یەکێك لە دوو زلهێزی جیهانی بەسەر چوو. هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە گرینگەو لە دوای کۆنگرەی نۆیەمی حزبدا شەڕی نێوان ئێران و عیراق بەهۆی هەوڵدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێندێك لە وڵاتانی خێرخواز ڕێگا بۆ کۆتایی پێ هێنانی خۆشکرابوو، ئەو دوو وڵاتە لەژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاگربڕیان ڕاگەیاند. بەکۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئەو دوو ڕژێمە کە مردنی خومەینیشی بەدواوە بوو، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەلایەن ئەو ڕژێمەوە زیاتر کەوتە بەر شاڵاوی گرتن و ڕاونان و بە درندانەترین شێوە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کوردو نەهێشتنی ئاسەواری ئازادی و دیموکراسی، تووند و تیژ تر لە جاران وەخۆکەوتن و ئیعدامی بە کۆمەڵی زیندانیان و ئازادیخوازانی ئێرانی و لایەنگرانی حزبی دیموکراتیان دەست پێکرد، دەیان کەس لە ئازادیخوازان و کەسایەتیە سیاسی و ڕۆژنامە نووس و ڕوناکبیرانی ئێرانی و کوردستانی بەنێوی لادان لە یاسای کۆماری ئیسلامی دەکوژران و ئێعدام دەکران. هەر لەو ماوەشدا بە هاتنی ڕەفسەنجانی و بوونی بە سەرۆك کۆماری ئێران، سیاسەتی سەرکوتکەرانەو زەبرو زەنگ و تەنگژەی سیاسی لەسەر گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، ئەوەندەی دیکەش پەرەی ستاند. تیرۆرو ڕەشەکوژی لەنێو وڵات و دەرەوەی وڵاتدا بوو بە سیاسەتی ڕەسمی ئەو ڕژێمە، جگە لەوەش ڕۆژ بەڕۆژ برسیەتی و نەداری و قات و قڕی داوێنگیری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەبۆوە،

لەولاشەوە بەداخەوە ناکۆکی و نالەباری نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێرانی و کوردستانی جار لەگەڵ جار بەشێوەی جۆراوجۆر ریزەکانی نێوان خەڵکی دەگرتەوە. هەر لەو کاتەشدا بوو کە ڕێبەری حزبی دیموکراتی کوردستان باڵی سەر بە دوکتور قاسملو جارێکی دیکەش بڕیاری شەڕ کردن و گێچەل فرۆشتن بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی دووبارە کردەوە و ئەو بڕیارەش بەکردەوە لەلایەن کادرو پێشمەرگەکانی سەر بەو باڵە ئاگاهانە دژی کادرو پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی بەڕێوە دەچوو. ئەو بڕیارە نادروستەی ئەوان ئەوەندەی دیکەش ریزەکانی حزبی دیموکراتی لێکترازاندو خەڵکی هاروژاند، ئەو هەڵوێستەی ئەوان بە تەواوی شۆڕشی چەواشە کرد و گەلی کوردی لە ڕەوتی شۆڕشگێڕی خۆی لاداو لە سەرکەوتنی دوور خستەوە. ئەوان لە جێگای ئەوە کە پەرە بە کاری تەشکیلاتی بدەن و لەبەرابەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی رابووەستن، لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سینگی کادرو پێشمەرگەی ڕێبەرایەتی دەکرد، تا وای لێهات دوژمنی ئەسڵیان لەبیرچۆوە و بەرەو سازش کاری و خۆنزیکردنەوە لە ڕژێمی ئێران هەنگاویان هەڵگرت و تەنانەت لەژێرەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئیتلاعات کەوتنە وتووێژکردن و دوکتور قاسملو شەهید کرا.

بە مردنی خومەینی لە ٤ی ژوینی ١٩٨٩داو دیاری کردنی ئاخوند خامنەیی بە جێنشینی ئەو، ناکۆکی و دژایەتی لەنێوان باڵەکانی ڕژێم و ناڕەزایەتی بە شێکی بەرچاو لە ئاخوندەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنی خامنەیی بۆ وەلی فەقێ، بە ئەوپەری خۆی گەیشتبوو. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی ئەو هەلەیان نەقۆستەوە و نەیانتوانی چاوپۆشی لە هێندێك ناکۆکیەکانی نێوان خۆیان بکەن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە و بۆ ڕوخانی ڕژێمی خومەینی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان وەگەڕ بخەن، چونکە ئەوکات نەك هەر خەڵکی ئێران لەدەستی ڕژێمی ئێرانی بێزار ببوون بەڵکو بەهۆی کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەو ڕژێمە، زۆربەی خەڵکی جیهان و دەوڵەتانی دەسەڵاتداریش لەدەستی ئەو ڕژێمە بێزار ببوون. هەر بە هاتنی ڕەفسەنجانی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەئێراندا باڵەکانی چەپ و ڕاستی نێو ڕژێم بە ئاشکرا دژایەتی یەکتریان دەکرد، بەڵام لەسەر لەناوبردنی ئازادیخوازانی ئێرانی و کوردستانی پێکەوە کۆك بوون. ڕەفسەنجانیش بۆ زیاتر سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و مانەوەی لەسەر کورسی سەرۆك کۆماری، بۆ چارەسەرکردنی

ناکۆکیەکانی ئەو دوو باڵە وەخۆکەوتبوو. بەڵام لەهەر بوارێکدا تەنگ و چەڵەمەی زیاتری بۆ دەهاتە پێش و لە هەوڵەکانی خۆیدا بۆ بنبڕکردنی ناکۆکیەکان لەنێو ئاخوندەکاندا سەرکەوتوو نەدەبوو. هاوکات لەسەرانسەری ئێراندا بێ کاری و برسیەتی پەرەی ساندبوو ڕژێم لە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە لە قەیرانێکی قوڵدا مابۆوە، بە غەیری کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕژێم کە سەروەت و سامانی گەلانی ئێرانیان دەست بەسەردا گرتووە و فەسادی ماڵیش زۆربەی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی گرتبۆوە، باقی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ دابین کردنی کەرەسەی ژیان و نیازە سەرەتایەکانیان لەئەوپەری خراپیدا ڕۆژگاریان تێپەر دەکرد، ناڕەزایەتی خەڵك گەیشتبووە ئاستی تەقینەوە، لەڕاستیدا بە مردنی خومەینی و هاتنی خامەنەئیش هیچ گۆڕانێك لەسیستمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا پێك نەهات.

مەسەلەیەکی دیکەی کە زیاتر ماهییەتی تیرۆریستانەی ڕژێمی ئێرانی نیشان دەدا فتوای کوشتنی سەلمان روشدی نووسەری کتێبی ئایەتە شەیتانییەکان و هەروەها تیرۆرو کوشتنی ڕێبەرانی حزب و ڕێکخراوەکانی ئێران و کوردستانی بوو. کەسانی وەك دوکتور قاسملو و هاوڕێکانی لەسەر مێزی وتووێژ، شاپوری بەختیار، دوکتور کاظمي ڕەجەوی سەر بە موجاهیدینی خەڵك، سدیق کەمانگەر و غولامی کەشاوەرز لە ڕێبەرانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، دواتریش کوشتنی دەیان ڕۆژنامەنووس و ئازادیخواز لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکە لەسەر یەك ئەو تاوانانە کارت و پێناسەی جمهوری ئیسلامی نیشان دەدا.

## شەهیدبوونی دوکتور قاسملو و هاوڕێیانی

وتووێژی قاسملو سکرتێری بەشێك لە حزبی دیموکرات لەگەڵ بەناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، جەعفەری سحرا ڕودی جێگری بەشی دەرەوەی وڵات سەر بە ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی ڕژێم و هاوکارەکانی لە شاری ویەنی ئوتریش، بوو بەهۆی ئەوە کە لە ڕۆژی ١٣ی ئەیلولی ١٩٨٩دا لە نێو دڵی ئوروپادا بە بەرچاوی هەموو خەڵکی جیهانەوە سکرتێری گشتیی بەشێك لە حزبی دیموکرات و هاوڕێیەکانی بەدەستی ئەو تیمە تیرۆریستەی کۆماری ئیسلامی لەبەرگی دیپلۆماتیەتدا کە بە ڕواڵەت بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران هاتبوونە ئوتریش درانە بەر دەستڕێژی چەکی بێ دەنگ و شەهید کران. بە پێی هەواڵەکان دەرکەوتووە کە پێشتریش دوکتور قاسملو دوو جاری دیکە لە مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٨٨و ژانویەی ١٩٨٩ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبۆتەوەو باس و گفت و گۆی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هێناوەتە گۆڕێ کە بە ئاکامێك نەگەیشتوون. لەگەڵ ئەوەش دوکتور قاسملو کە ئەو چەند جارە و پێشتریش لە وتووێژەکاندا لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هیچ دەسکەوتێکی نەبووە و لەم بارەشەوە هیچ ئەزموونێکی وەدەست نەهێناوە، دیسان لەگەڵ پیاوکوژانی ئەو ڕژێمە دادەنیشێ و درێژە بە وتووێژ دەدا!؟ کە ناوەڕۆکی وتووێژەکە لە ڕوپەڕەکانی ئاخریدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران.

دوکتور قاسملو سەدان جار دەیگووت: '' ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماهیەتیدا نییە دان بە مافی کوردان دا بنێ و کێشەی کوردانیش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو ڕژێمەدا جێبەجێ نابێ''. بەڵام چۆن بووە دوکتور قاسملو لەژێر چ دیاردەو تەئسیرێکی ناوخۆیی یا لاوەکیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لەگەڵ نوێنەرانی سوپای پاسداران و سەر تیمی تیرۆریستەکان دادەنیشێ و دەشی هەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکات!؟ سەیرتر لە هەموو شتێك ئەوەیە کاتێك کە حزبی دیموکرات بەشێك لە شارە گەورەکانی کوردستان و زۆربەی ناوچەکانی بەدەستەوە بووەو ریزەکانی حزب لێکدانەبڕابوو هێزێکی گەورەی پێشمەرگە و دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشی لەگەڵدا بووە، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە تەواوی

دەسەڵاتی بەدەستەوە نەگرتبوو و سەقامگیر نەببوو، ئەو ڕژێمە حازر نەبوو دان بە کەمترین ماف بۆ گەلی کورد دابێنێ، بەڵام ئێستا چۆنەکە خودموختاری بەشێك لە مافە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی گەلی کورد دابین دەکات چۆنە لەگەڵ دوکتور قاسملو رێکدەکەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە حزبی دیموکرات کە لە هەموو کوردستاندا بستێکی ڕزگارکراوی بەدەست نەماوە و لە دەرەوەی کوردستانی ئێران واتە لە کوردستانی عێراق بنکە و بارەگای داناوەو توانای بەربەرەکانی چەکدارانەی نەماوەو ڕژێمیش بە تەواوی بە دەسەڵات گەیشتووەو بەسەر هەموو ئێران و کوردستاندا زاڵ بووە، چۆن حازر دەبێ کێشەی کوردان لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکات!؟ بێ گومان ئەگەر بۆ مەبەستێکی تایبەتی و لەناوبردنی دوکتور قاسملو نەبووبێ، شتێکی دیکە نەبووە. ئەو دانیشتنەی دوکتور قاسملو لەگەڵ سوپای پاسداران جگە لە تێداچوونی و شەهیدبوونی خۆی و چەند هاوڕێیەکی حزبی زیانی دیکەشی بەدواوە بوو، ئەویش چوکەڵەکردنەوەی خودی دوکتور قاسملو لە باری سیاسی و دیپلۆماسیەوە و دابەزینی سام و هەیبەتی شۆڕشی کوردو هێنانە خواری پرستیژی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە کاریگەری خراپی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دانا، کە گران لەسەر حزبی دیموکرات و گەلی کورد کەوت. لەهەمان کاتیشدا ئەو قازانجەشی هەبوو کە ماهییەتی تیرۆریستانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی زیاتر بۆ جیهان ئاشکرا کرد. ئەزموونێکی دەست گەلی کورد کەوت. بەڵام بەشەهید بوونی دوکتور و هاوڕێکانی نەك هەر حزبی دیموکرات و شۆڕشی کورد کۆتایی پێ نەهات، بەڵکو ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان توندوتۆڵتر بوون و لە ڕابردوو باشتر درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا دژی ڕژێم. حزبی دیموکراتیش سوورتر بوو لەسەر ویستەکانی دوکتور کە خودموختاری بوو. هەرچۆنێك بێ، پاش ئەو جینایەتە گەورەیەی کۆماری ئیسلامی، سەحرا ڕودی کە بریندار دەبێ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە واتە ئوتریش تیمار دەکرێ و دواتر لە لایەن پۆلیسی دەوڵەتی ئوتریشەوە دەدرێنەوە بە باڵیۆزخانەی ئێران و لەوێشەوە لەژێر چاوەدێری پۆلیسدا دەنێردرێتەوە ئێران و هیچ کۆسپێك نایەتە سەر ڕێگای. نەفەری دووەمیش بە نێوی بوزورگیان ماوەیەك لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە دەست بەسەر دەکرێ و دواتر بەبێ لێکۆڵینەوە و دادگایی

کردن تەحویل بە باڵیۆزخانەی ڕژێم دەدرێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ تاران!؟ نەفەری سێهەمیش حاجی مستەفای لاجەوەردی ڕەئیسی بەشی ئیتلاعاتی کوردستانی ئێران بە ئازادی و لەبەرچاوی دەوڵەتی ئوتریش گەڕایەوە ئێران. دەوڵەتی ئوتریش بەرابەر بەو جینایەتە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتی ئەو لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا ئەنجامی دابوو یاساو قانونیان خستبووە ژێر پێ. نەك هەر ڕەخنەو ئیعتڕازی لە سیاسەتی ئەو ڕژێمە نەگرت بەڵکو بۆ گەڕانەوەی تیرۆریستەکان بۆ ئێران هاوکاری تەواوی کردن.

دوکتور قاسملو لە ڕوانگەی خۆیەوە پێی وابوو بە مردنی خومەینی کە لە ٤ی ژوئینی ١٩٨٩دا ڕوویدا گۆڕانێك لە سیاسەتی ڕژێمی ئێراندا بەرابەر بە کێشەی کورد پێك هاتووە، ڕەنگە ئەوجار خودموختاری کە ویستێکی فەرهەنگی و سەرەتاترین مافە بۆ گەلێکی ژێر دەستە قبوڵی بکات و ئەو دەسکەوتە بفۆزێتەوەو هەم شتێکی بۆ کورد وەدەست هێناوەو هەم بۆ خۆشی دەبێتە دەسەڵاتداری یەکەم لەناو حزبی دیموکرات و گەلی کورددا، هەربۆیەش لە وتووێژەکانیدا زیاتر پێ لەسەر ماف خودموختاری دادەگرێ، کە بەداخەوە نە بۆچوونەکەی لەو بارەوە دروست بوو و نە لە وتووێژەکەشدا غەیری شەهیدبوون و تێداچوونی خۆی و چەند هاوڕێیەك ئاکامێکی دیکەی دەستکەوت. بە شەهیدبوونی دوکتور و هاوڕێکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان کەوتنە ماتەم و شین بۆ لەدەستدانی سیاسەتمەدارو گەورە پیاوێکی ئاوا کە فریوی چەند پاسدارێك دەخواو هەر بە دەستی ئەوانیش شەهید دەکرێ. دیارە لەو کات و هەل و مەرجەدا، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیش بە دەرکردنی بەیاننامەیەك جینایەتی سامناکی کۆماری ئیسلامیی و تیرۆرکرانی دوکتور قاسملووی مەحکووم کرد.

بەشەهیدبوونی دوکتور هەڵوێستی باڵەکەی تری حزبی دیموکرات بەرامبەر بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات، دوکتور سەعید وەك سکرتێری ئەو باڵە کە پێشتریش ماکەی فیتنەیی و ئاژاوەگێڕی بوو لەنێو حزبدا درێژەدەری شەڕی نێوخۆیی دەبێ و توندوتیژتر لەجاران درێژە بە شەڕ دەداو تا ماوەیەکیش شەڕی کۆمەڵەو حزب بەردەوام دەبێ. خوا هەڵناگرێ کاك مستەفا هیجریش لەو بارەوە وەك جێگری سکرتێر زۆری هاوکاری دکتور سەعید کردو هانی دەدا کە شەڕەکە بەردەوام بێ، ناوبراو لە خۆشکردنی ئاگری شەڕەکەدا ڕۆڵی ناشۆڕشگێڕانەی گێڕا بەداخەوە

کادرو پێشمەرگەکانیش ئاگاهانە یان نائاگاهانە ئەو بڕیارە نادروستانەی دوکتور سەعیدیان بەڕێوە دەبرد. ئەو سیاسەتەی ڕێبەری حزبی دیموکرات باڵی سەر بە دوکتور سەعید بەرامبەر بە هێزە سیاسیەکان و خەڵکی کوردستان ترسێنەر بوو. زۆر جار کە پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بۆ کارو تێکۆشان دەچوونەوە کوردستانی ئێران لە سنووری هەردووبەشی کوردستان پێشمەرگەکانی ئەوان بەرینگیان پێ دەگرتن و شەڕیان پێ دەفرۆشتن. ئەو شێوە ڕێگرتنەش ناڕاستەوخۆ شێوەیەك لە پشتیوانی کردن بوو لە سیاسەتی ئاخوندەکان و شۆڕشی کوردی بەرەو لاوازی ڕاکێش دەکرد. تەنانەت چەند جارێك بە نێوبڕژی کردنی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی و حزبی شیوعی عێراق تێکهەڵچوونەکان کۆتاییان پێ هاتووە، بەلاّم شەڕخوازیی جیناحی دوکتور سەعید جارێکی دیکەو لە شوێنێکی دیکە تێکهەڵچوونی دروست دەکردەوە. تەنانەت چەند کادرو پێشمەرگەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە ئەسیر دەکران بە دەستوری دوکتور سەعیدو دەفتەری سیاسیەکەیان ئیعدام دەکران کە حەسەن ئیسلامی یەکێك لەو کادرانە بوو کە ئیعدام کرا. لەگەڵ ئەوەش ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بەو هەموو کەندو کۆسپانە دەهاتنە سەر ڕێگای، توانی درێژە بە خەباتی خۆی بداو نفوزی خۆی لەنێو خەڵکدا پەرەپێبدا.

## کۆنگرەی نۆهەمی حزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ

بە وەبەرچاوگرتن و پاراستنی بنچینەو دیاردەکانی دیموکراسی بۆ باشتر بەڕێوەبردنی بەندەکانی بەرنامە و پەیڕەو و بەشداربوونی نوێنەرانی ئۆرگانەکان و ئەندامانی حزب لە کۆنگرەدا کۆنفرانسەکان دەبەسترێن و نوێنەران بۆ کۆنگرە بە شێوەی هەڵبژاردن دیاری دەکرێن. بۆ یەکەم جار لە حزبی دیموکراتدا هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حزب کە بەهۆی جۆراو جۆر چەکی پێشمەرگایەتیان دانابوو لە حزب وەدەرنرابوون لە کۆنرانسەکانی ئەندامانی حزبدا بەشدار کران و نوێنەرایەتی خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵبژاردن، هەر بۆیەش ئەندامانی حزب بە دڵەوە لە کۆنفرانسەکان و کۆنگرەدا بەشداری چالاکانەی خۆیان دەکرد. لە ڕاستیدا ئەندامانی حزب کە پێشتر هەندە مافیان پێشێلکرابوو و لەلایەن بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەریەوە

بێ حورمەتیان پێ کرابوو ئەمجارە شانازیان بە بەشداری خۆیان دەکرد لە کۆنگرەدا. بەداخەوە سیاسەتی دژ بە ئەندامانی حزب تا یەکگرتنەوەی دوو باڵی حزب، لە نێو باڵی سەر بە دوکتور سەعیدا بەردەوام بوو، کادرو پێشمەرگەی حزب چەندە دڵسۆز بە حزب بایە ئەگەر ڕۆژێك چەکی دانابایە بێ ئەولاو ئەولا لەلایەن کۆمسیۆنی سیاسی نیزامیەوە ماف ئەندام بوونی لە حزبدا لێ وەردەگیرایەوە و کارتی لایەنگری دەدرایە!؟ ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی ڕێبەریی حزب باڵی دوکتور سەعید بەرابەر بە ئەندامانی حزب دوور لە ئسول بوو و پێشێلکردنی بەرنامەو پێڕەوی حزب بوو، هەر بۆیە ئەندامانی حزب بەشێکیان مەجبوور دەبوون یان خۆیان تەسلیم بە ڕژێم بکەنەوە یان بەرگەی هاتوچۆ لە حزبەکانی دیکەی کوردستان وەربگرن. بەو هۆیەوە هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە ڕیزی پێشمەرگایەتیان بەجێهێشتبوو یان دەرکرابوون لە دەوری ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کۆبوونەوە و سەر لەنوێ مافەکانی خۆیان وەرگرتەوە. بەمجۆرە نوێنەران بۆ کۆنگرە دیاری دەکرێن و تا لە ڕێکەوتی ٢١ی ٥ ی ١٩٩٠دا کۆنگرەی نۆهەم بە بەشداری زیاتر لە ١٢٠کەس لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە دۆڵی قەلاسەیدە سەر بە ناوچەی ڕانیەی کوردستانی عێراق بەسترا، کە لە ماوەی حەوت ڕۆژدا کارەکانی خۆی بەڕێوەبردن و لەسەر ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە بڕیار درا، هەروەها چەند خاڵێکیش وەکو تەوسیە بۆ کۆمیتەی ناوەندی داهاتوو هاتنە گۆڕو دەست نیشان کران.

١-بەشدارانی کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ بە چەند تێبینیەوە ڕاپۆرتی کۆمیتە ناوەندی بۆ کۆنگرەیان پەسەند کردو سیاسەتی ڕێبەریان لەبەرابەر بە حزب و ڕێکخراوەکانی ئێرانی و کوردستانیدا بەدروست زانی.

٢- ڕێبەرایەتی داهاتوو پێویستە پەیوەندی نێوخۆیی و دەرەوەی بە پێی ئەو ئەسڵەی خوارەوە تەنزیم بکات.

أ-بزوتنەوەی میللی دیموکراتیکی کوردستان گرنتینی خۆی لە دەریای بێ پایانی خەڵکی کوردستان وەربگرێ.

ب- هێزە شۆڕشگێڕەکان لە کوردستان هاوپەیمانی سروشتی گەلی کوردن و گەلانی ژێردەستەو چەوساوەی ئێرانیش لەگەڵ ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان بە پاڵپشتی بزوتنەوە بزانێ.

پ-ئەو وڵاتانەی کە باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ژێر دەستە هەیە بە تایبەتی حزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان و کۆمەڵەی مافی مرۆڤ بە پشتیوان و یاریدەدەری گەلی کورد دەژمێردرێن.

ت-ئەزموونی یازدە ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران نیشانی داوە کە هیچ گۆڕانێك لە ماهییەتیدا پێك نەهاتوە، هەر بۆیە دوروشمی ڕوخانی ئەو ڕژێمە لە جێی خۆیەتی.

ج- بەسەرنجدان بەو ئەسڵە کە پێویستە مەسەلەی کورد هەرچی زیاتر لە ڕادەی نێو نەتەوەیدا بێتە گۆڕێ، پێویستە ڕێبەرایەتی داهاتووی حزب لەو پەیوەندیەدا زیاتر هەوڵبدا و بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات زیاتر تێبکۆشێ و بزوتنەوەی کورد بە بیروڕای گشتی جیهان بناسێنێ.

چ- ڕێبەرایەتی داهاتووی حزب پێویستە لەگەڵ حزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان هەوڵبدەن کە ئۆرگانێکی کوردی واتە ڕێبەرایەتیەکی هاوبەش لە دەرەوەی وڵات پێکبێنن و لە باری سیاسی و دیپلۆماسیەوە گەلی کورد بە دونیای دەرەوە بناسێ و پشتیوانی بۆ خەباتی گەلی کورد زیاد بکەن. ڕێبەرایەتی داهاتووی حزب بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای وڵات دەبێ لە هەموو شێوەکانی خەبات، وەك خەباتی چەکداری، خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و جەماوەری کەڵك وەرگرێ و بەرژەوەندی گشتی بزوتنەوەی نەخرێتە سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەکردەوە پشتیوانیان لێ بکات.

ح-هاوکات لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، ئاشتی لەنێوان دەوڵەتەکانی ئێران و عێراقدا زیاتر پەرەی دەستاند، شۆڕشەکانی کورد لەو دوو بەشەدا لە لایەن ئەو دوو ڕژێمانەوە مەیدانیان پێ بەرتەسك دەکرایەوە، هەر بۆیە لەو کۆنگرەدا داهاتووی شۆڕشەکانی کورد و هەڵسوکەوتی داگیرکەران بەرابەر بە گەلی کورد خرایە بەر باس و گفتوگۆو لێدوانێکی تێرو تەسەلی لەسەر کرا لەم بارەوە بڕیاری شیاو و پێویست درا. لەسەرووی هەموو بڕیارەکانەوە یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە مەرجی سەرەکی دانرا، کە لە کاتی پێویستدا هەموو حزبەکان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە و دژی پلانەکانی دوژمنان ڕابوەستن. ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بە کردەوە لەو بارەوە هەڵوێستی کوردانەی خۆی نیشاندا کە

لەگەڵ حزبەکانی کوردستان ئامادەی هەر چەشنە یەکگرتنێك دەبێ کە بە قازانجی گەلی کورد تەواو دەبێ. هەروەها لە کۆنگرەدا باسی ئەوەش هاتە گۆڕێ کە پێویستە حزبی دیموکرات دوروشم و تاکتیکەکانی خۆی بە شێوەیەك دابڕێژێ کە لەگەڵ واقعیەتی شۆڕش و سیاسەتی نێونەتەوەیی و هەلومەرجی خەباتی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان یەکبگرێتەوە.

بەدوای ئەو بڕیارانەدا هەڵبژاردنی کۆمیتە ناوەندی دەستی پێکرا، کە تا ئەو کۆنگرە لە هیچ کام لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی حزبی دیموکراتدا کە من لە زۆربەیاندا بەشداریم کردووە ئەو شێوە ئازادیەو پاراستنی بنچینەکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە نەزەرو بۆچوونەکانی نوێنەران بەچاو نەدیتراوە. هەموو ئەندامانی ناو کۆنگرە مافی ئەوەیان هەبوو هەم خۆیان کاندید بکەن و هەم کاندیدەکانی خۆیان بناسێنن، بە کەیفی خۆیان دەیانتوانی دەنگی خۆیان بدەن بە هەر یەکێك لە کاندیداتۆرەکان بەمجۆرە لە ئاکامی هەڵبژارندا بە پێی ژمارەی دەنگەکان و ئەو کەسانە بۆ کۆمیتە ناوەندی و جێگر هەڵبژێردران.

١- جەلیل گادانی

٢- هاشم کەریمی

٣- فەیـ ـەل ئێران دوست

٤- حسن ڕستگار

٥- شاپوور فەیروزی

٦- نبی قادر

٧- کەمال کەریمی

٨- سەرەنگ ئیرەجی قادری

٩- ابوبەکر ڕاد

١٠- عوسمان ڕەحیمی

١١- فەتاح کاویان

١٢- حسێن مەدەنی

١٣- مزەفەر میتران

١٤- خدر عمر زادە جێگر

١٥- حەمەخان مروەتی جێگر
١٦- فەتاح ڕەیحان جێگر
١٧- هاشم ڕۆستمی جێگر

کۆنگرە دوای حەوت ڕۆژ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

لەو کۆنگرەیەدا نزیک بە بیست سازمان و ڕێکخراوی کوردستانی و ئێرانی، هەروەها شەخسیەتی ناوداری کوردو چەند نوێنەری پارلمان لە ولاتانی دەرەوە پەیامی پیرۆزباییان ناردو پشتیوانی خۆیان لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە ڕێبەری حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ڕاگەیاند. کۆنگرەش وەلامی پەیامەکانی دایەوەو چەند پەیامی تایبەتیشی ئاراستەی گەلی کورد و بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهان کرد.

# قۆناغی بیست و یەکەم

## شەڕی کەنداو پەلاماری عێراق بۆ سەر کوێت و ڕاپەڕینی کوردەکان

بەدوای تەواوبوونی شەڕی نێوان ئێران و عێراق. دەوڵەتی سەددام نەیهێشت هێزەکانی بە تەواوی بحەسێنەوە لە ڕێکەوتی ٢ی ئوتی ١٩٩٠ پەلاماری کوێتی دا. دەوڵەتی کوێتیش کە توانای بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی عێراق نەبوو بەشێك لە هێزەکانی خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی عێراق کرد، بەشێکیش لە سەرانی ئەو دەوڵەتە هەڵاتنە دەرەوەی وڵات. ڕژێمی عێراقی حکومەتێکی کاتی لە کوێت دامەزراند و زۆری نەخایاند کە ئەو دەوڵەتە کاتیەش لەگەڵ عێراق تێکەڵ کراو وڵاتی کوێت بوو بە بەشێك لە نیشتمانی عێراق!؟

لەم بارەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چوونی دەوڵەتی عێراقی بۆ سەر خاکی کوێت مەحکوم کردو داوای لە سەدام کرد کە هەرچی زوترە کوێت بەجێبێڵن. جگە لەوەش لە هەموو لایەکەوە دەوڵەتی عێراق کەوتە بەر شاڵاوی ڕەخنەو گەمارۆی ئابووری لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەمریکاو ئورووپاوە خرایە سەر. داوایان لە عێراق کرد کە کوێت بەجێبێڵێت بەڵام سوودی نەبوو تا سەرەنجام لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانی ئەمریکاوە لەسەر ڕەزامەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگای زەمینی، ئاسمانی و دەریاییەوە لە ١٧ی ژانوئیەی ١٩٩١ دا پەلاماری هێزەکانی دەوڵەتی عێراق درا. دوای زیاتر لە یەك مانگ شەڕ لەنێوان دەوڵەتی عێراق و هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، دوای خەسارێکی زۆری گیانی و ماڵی کە لە دەوڵەتی عێراق کەوت، سەرەنجام سەدام حسێن مەجبوور کرا کە هێزەکانی خۆی لە کوێت پاشەکشە پێ بکات، کە ئێستاش شوێنەواری ئەو شەڕە بە وڵاتی عێراقەوە ماوەتەوە. ئەو پەلامارەی عێراق بۆ سەر خاکی کوێت و پەلاماری دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ سەر عێراق، هەلێکی باش بۆ کوردان ڕەخساو ڕێگا بۆ ڕاپەڕین خۆش کرا. شتێکی کە هەرگیز بە خەیاڵی ڕێبەرانی حزبەکانی کوردستانی عێراقدا نەدەهاتەوەو قەد بیریان لە ڕۆژێکی ئاوا نەدەکردەوە کت و پڕ هاتە پێش. خەڵکی کوردسانی عێراق بەژن و پیاو گەورەو بچوك تەنانەت بەشێك لە جاش و جاسووسەکانی سەر بە دەوڵەتی عێراقیش ڕیزەکانی خۆیان یەکخست و لەڕێکەوتی ٥ی ٣ی ١٩٩١دا لە هەموو لایەکەوە پەلاماری بنکەو بارەگاکانی ئەمن و ئیستخبارات

و پادگانەکانی سوپای عیراقیانداو لەگەماڕۆی خۆیان هاویشتن. لەماوەی چەند ڕۆژێکدا شێر ئاسایانە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە کەرکوك و توزخورماتوشەوە لە هێزەکانی عیراق پاك کرایەوە. خەڵکی کوردستان ڕق و قینی چەندین ساڵەی خۆیان بە دەزگا جاسووسەکانی عیراق و حزبی بەعس ڕشت. تۆڵەی ئەو هەموو کۆمەڵ کوژی و ئەنفال و ئیعدامی بە کۆمەڵ. ڕاگوێزکردن و سووتاندن و وێرانی نیشتمانی خۆیان و خەڵکی خۆیان لە دوژمنانی خۆیان کردەوە. خوای تۆڵە بە تۆڵە وەلامی حزبی بەعسی دایەوە، یەکەم شار کە ڕاپەری شاری ڕانیە بوو کە لە ٥ی ٣ی ١٩٩١دا خەڵکی ئەو شارە قارەمانانە وەخۆکەوتن و سەرکەوتن. شاری ڕانیە بە دەروازەی ڕاپەرین نێودێر کرا، دواتر ڕاپەرین هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە. بەرەی کوردستانی عیراقیش لە دوای ئەوەی کە خەڵك بەشێك لە شارو ناوچەکانی کوردستانیان ڕزگارکردبوون بە پەلە لە شاخ و سنوورەکانەوە بەرەو شەپۆلی دەریای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان وەڕێ دەکەوتن و تێکەڵاو بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر دەبوون، ئێمە لە نیزیکەوە ئاگاداری زۆربەی چالاکیەکانی خەڵکی کوردستان بووین، هەر بەو جۆرەش ئاگاداری تێکۆشانی کادرو پێشمەرگەکانی حزبەکانی کوردستان بووین لەنێو جەماوەردا، کە پێش ڕاپەرین کادرەکانیان لە ڕێگای دۆستانی خۆیانەوە دەهاتنە ناو شارو گوندەکان و لە نیزیکەوە لەگەڵ خەڵك کۆدەبوونەوە و ڕیزەکانی خەڵکیان ڕێکدەخست، بەلام ئەوەی ڕاست بێ خەڵك ڕاپەرینی کردو سەرکەوتنیشی وەدەست هێنا، بەرەی کوردستانیش هاتن و جڵەوی ڕاپەرینەکەیان بەدەستەوە گرت و بۆخۆیان بوونە حاکمی کوردستان. بەداخەوە دواتر خەڵك بووە سووتەمەنی شەڕی دەسەڵات لەنێوان پارتی و یەکیەتیدا. با ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە ئەو ڕاپەرینە لە ئاکامی چەندین ساڵ خەباتی حزبەکانی کوردستان لە دژی دەوڵەتی عیراق پێکهات و هەستی نەتەوایەتی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا زیندوو ڕاگرتبوو. بەشی دووەمیش ئەوەبوو کە زوڵم و زۆری دەوڵەتی عیراق دەرهەق بە گەلی کورد، جەماوەری کوردی ڕاپەراند و دوژمنیان لە نیشتمانی خۆیان وەدەر نا.

لەو ڕاپەرین و ئاڵوگۆڕانەشدا حزبی دیموکراتی کوردستان، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و هەموو حزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەموو حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی عیراق بەو ڕاپەرینە دڵخۆشتر بوون، کەوا گەلی کورد لە سایەی

یەکگرتوویی خۆیان بە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆیان دەگەن. بەلام حزبی دیموکرات لەم ئالوگۆڕەدا ڕاستەوخۆ بەشداریان نەکردو بەکردەوە دژی دەوڵەتی عیراق ڕانەوەستان بەلام لە هەموو حزبەکانی کوردستانی عیراق بە پەلەتر بوون کە ئۆرگانێکی یەکگرتووتر و قانوونی تر لە بەرەی کوردستانی پێکبێت و مەسئولیەتی گشتی ڕاپەڕینەکە بۆ ئەنجامدانی کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی کوردستان وەئەستۆ بگرێت و جێگای دەولەت بگرێتەوە. کە ئەویش پارلمان بوو. بۆ ئەو مەبەستەش بەرەی کوردستانی هەولی خۆیان دا بۆ پێکهێنانی پارلمانی کوردستان کە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە دەنگی پێ بدرێت و گەلی کورد لە بەرێوەبردنی دەولەت و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بەشداری بکات، بەلام بەداخەوە لەو ماوەدا بەشێك لە هێزەکانی کوردستان و بەشێکیش لە خەلکی کوردستان هەر خەریکی تالان کردنی ئۆرگانەکانی دەولەتی و کارگەکانی کوردستان بوون و ئاوای دیوی ئێرانیان دەکردن و بە نرخێکی کەم و قازانجی خۆیان دەیانفرۆشتن!؟ لەولاشەوە دەولەتی عیراق دژە هێرشی خۆی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد، بەبێ ئەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکان و خەلکی کوردستان بەرگریەکی ئەوتۆ لەخۆیان نیشان بدەن زۆربەی شارو گوندەکان کەوتنەوە دەست هێزەکانی عیراق، خوا هەلناگرێ لەو پەلامارەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی شەقلاوەو سەلاحەدین داستانی قارەمانەیان خولقاندو توانیان بەسەر هێزەکانی ڕژێمدا سەرکەوتن وەدەست بێنن. باقی هێزە سیاسیەکان و بەشێك لە خەلکی کوردستان بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیە وەڕێ کەوتن و دەستە دەستە و بە کۆمەل لە سنورەکان تێپەڕ دەبوون و دەچوونە ناو خەلکی کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیە، جگە لەوانەش خەلکێکی زۆر ئاوارەی نێو چیاو شاخ و دۆلەکانی کوردستان بوون کە لە لایەن هەردوو بالی حزبی دیموکراتەوە لەباری دابین کردنی خواردەمەنیەوە کۆمەك و یارمەتیان پێ دەکرا. سەرجەم نزیك بە دوو ملیۆن کەس مال و زێدی خۆیان بەجێهێشت و بەدەستی خالی ئاوارەی ئێرەو ئەوێ بوون. بەهۆی بوونی بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکرات بەهەردوو بالەکەیەوە لە نزیك سنورەکان بەشێکی زۆر لەو لێقەومانانە بۆ ماوەیەك لە مالەکانی کادرو پێشمەرگە و تەنانەت بنکەکانی

حزبیشدا دەمانەوە، حزبی دیموکراتیش بەهەست بە مەسئولیەت کردن بەرابەر بەو خەڵکە بە هەموو تواناوە هاوکاری دەکردن.

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران لەسەر بانگەوازی هەردوو باڵەکەی حزبی دیموکرات و کۆمەڵە باوەشیان بۆ خوشك و برایانی خۆیان کردبۆوە کە لە دەست پەلاماری عیراق پەنایان بردبوو بۆ کوردستانی ئێران. شەپۆلی بە کۆمەڵی کۆچکردوەکان لە زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستانی ئێراندا لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵك ڕووبەڕوو بوون ئەو داستان و بەسەرهاتانەی کە چۆن خەڵکی کوردستانی ئێران ڕێزیان لە خەڵکی کوردستانی عیراق گرتووە هەر لە زمان ئەو خەڵکەوە ببیسی کە ئاوارەی کوردستانی ئێران ببوون، کە چەندە فیداکاری ئەو خەڵکە دەگێڕنەوە و چۆن بەڕێزو حورمەتەوە لە ماڵەکانی خۆیاندا حەواندویانەوە، تەنانەت مزگەوت و قوتابخانەکانیش ئاوەدان کرابوونەوەو نان و پێخۆر لە هەموو ماڵەکان ڕا بەلێشاو بەڕێ دەکرا. خەڵکی کوردستانی ئێران بە ئەنجامدانی ئەرکی نیشتمانی خۆیان لەم ڕۆژە تەنگانەدا پەیوەندیە نەتەوایەتیەکانی خۆیان بە دۆست و دوژمنان سەلماند. لەلایەکی دیکەشەوە هەڵوێستی حزبی دیموکرات بە هەردوو باڵەکەیەوە و فیداکاری کادرو پێشمەرگەکانیان لەو بارودۆخەدا کە بەسەر کوردەکانی عیراقدا هاتبوو جگە لەوەی کە دڵی هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەری خۆش دەکرد، کاریگەریەکی زۆریشی لەسەر پتەوکردنی یەکیەتی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان دا دەنا و هیواو ئومێدێك بۆ گەلی کورد پەیدابوو، کە جارێکی دیکە حزبەکانی کوردستانی عێراق بە فیتی داگیرکەران بەگژ گەلی کورد دا ناچنەوە و سات و سەودا بەکوردەکانی کوردستانی ئێران ناکەنەوە و واز لە شەڕی نێوخۆیی دێنن و گرتن و کوشتنی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بۆ دوژمنانی خۆیان دووپات ناکەنەوە، کەبەداخەوە دواتر ئەو بۆچوونانەی خەڵکی کوردستان لەو بارەوە دروست دەرنەچوو. حزبەکانی کوردستانی عیراق لە قۆناغەکانی دواییدا بەتایبەتی یەکیەتی نیشتمانی و بزوتنەوەی ئیسلامی و حزبوڵلای ئەدهەم بارزانی سیاسەتی دوژمنانیان لەسەر شۆڕشگێرانی کوردستانیی ئێران بەڕێوە دەبرد. کە ئەویش لە تیرۆرکردنی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتدا خۆی دەبینی.

لەولاشـەوە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئـێران بـەو شـێوە پێشـوازی کردنـەی کوردەکانی کوردستانی ئێران لە خەڵکی کوردستانی عیراق نیگەرانیەکی زۆری بـۆ پێکهاتبوو کە نەکا ئەو لێك نزیکبوونەوەی کوردەکان لەو دوو بەشەدا لە ژێر ئـەو یەکگرتنەدا بتوانن مافەکانی خۆیان وەدەست بێنن، هەر بۆیە لە کردنەوەی سنورەکان بۆ کوردەکانی عیراق کۆمەگ و یارمەتیەکی ئەوتۆیان پیٚ نەکردن. کەچی بەو ناوەش یارمەتیەکی زۆریان لە ولاٚتانی خێرخوا وەرگرت و بەقازانجی خۆیان خەرجیان کردو بە گیرفانی ئاخوندەکاندا کرا. دوابەدوای ئەو کۆچ کردنە بە کۆمەڵەو چۆڵ بوونـی بەشـێك لـە شـارەکانی کوردسـتان دووبـارە شـەڕ لـە نێـوان هـێزە شۆڕشـگێڕەکان و هێزەکانی عیراقدا لێرەو لەویٚ دەستی پێکردبۆوە، هێزەکانی دەوڵەتی عیراق ورەیان دابەزی بوو، لەروانگەی خەڵکیشەوە وەك بێگانە چاو لێدەکران، پێگەیان لەنێو خەڵکیشدا نەمابوو بەو هۆیەوە توانای بەربەرەکانیان لەبەرابەر هێزی خەڵك و پێشـمەرگەدا نـەمابوو، وردە وردە پاشەکشـەیان بـە هێزەکـانی خۆیـان دەکـرد و کوردستانیان بەجێدەهێشت و هێزی پێشمەرگە جێگای دەگرتنەوە، تا سەرەنجام لەسەر داوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی مـاف مـرۆڤ، ناوچـەی ئەمن بۆ کوردەکان دیاری کرا. بۆ ئەوەی سەددام و دەوڵەتەکەی نەتوانن لەوە زیاتر خەڵکی کوردستان لەناو بەرن و سنور بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی کوردستانی عیراق پێك هات و خەتی سوری بەسەر دا هات، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەرپرسایەتی پاراستنی ئەو ناوچەو پارێزگاری لە خەڵکی کوردستانیان وەئەستۆی خۆیان گرت و ئیتر دەوڵەتی عیراق بە کەیفی خۆی نەیدەتوانی سواری سەری گەلی کورد بیٚ. لە بنکەی ئینجەرلیك ڕا فڕۆکەکانی ئەو دەوڵەتانە پارێزگاری لە خەڵکی کوردستانیان پێسپێردرا، کە تا ئێستاش کە من ئەو بیرەوەریانە دەنووسم ئەو بڕیارە لە جێگای خۆیەتی. دەوڵەتی عیراق ناچار تەسلیم بە ئیرادەی ئەو دەوڵەتانە بوو و خەڵکی کوردستانیش کە ئاوارە ببوون گەڕانەوە شوێنی ژیان و زێدی خۆیان، بەمجۆرە ئیدارەو قوتابخانەو نەخۆشخانەکان وەگەڕ کەوتنەوە و ئەمنیەت و ئاسایش تا ڕادەیەك بۆ خەڵکی کوردستان پێك هات. نووسەران و ئەدیبان و ڕوناکبیرانی کورد لە دەوری یەکتر کۆبوونەوەو بنچینەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری سەر لەنویٚ دامەزرانەوە، کۆمەلاٚنی خەڵکی کوردستانیش بە نەمانی دەسەلاٚتی حزبی بەعس ئاهێکیان هاتەوە

بەر و تام و چێژی ئازادییان کرد، بەرەی کوردستانیش کە هێشتا لێک هەڵنەوەشابوو ئەو فرسەتەیان قۆستەوەو کەوتنە فکری پێکهێنانی پارلمان و حکومەت کردن و بۆ هەڵبژاردنێکی گشتی و دیاریکردنی ئۆرگانێکی دەسەلاتدار بەشێوەی دیموکراسی کە هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بێ وەخۆ کەوتن. هەڵبژاردن لەسەرتاسەری کوردستان بەشێوەی ئازادو دیموکراتیانە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو گەلە ژێر دەستەدا بەڕێوە چوو، کە تا ئەوکات گەلی کورد ڕۆژێکی ئاوا مێژوویی بەخۆیەوە نەبینیبوو. هەڵبژاردنەکە لەژێر چاوەدێری هێندێك وڵاتی دیموکرات و ئازادیخوازدا لە ساڵی ١٩٩٢ بەڕێوە چوو. هەموو کەس بۆی هەبوو دەنگی خۆی بەهەر یەکێك لە حزبەکان و کاندیکان بدات. ئەو هەڵبژاردنە دیموکراتیکە لە جیهاندا دەنگی دایەوە، کۆمەلانی خەڵك بە دڵەوە دەچوونە سەر سندوقەکان و دەنگی خۆیان دەدا بەو کەسانە یان بەو حزبانەی کە جێگای باوەڕو متمانەی خۆیان بوون، بەمجۆرە پارلمان هەڵبژێردراو کوردیش وەك هەموو گەلێکی دیکەی سەر ئەو زەویە لەو بەشەدا بوو بە خاوەن پارلمان، لە چوارچێوەی یاسای دیاریکراوی ئەو پارلمانەدا دەوڵەتیش پێك هات و کابینەی وەزیران دیاری کراو بەرپرسایەتیەکان دابەش کران، فراکسیۆنی سەوز و زەرد هاتە کایەوە، سوپای ئازادی بەخشی کوردستان دامەزرا، پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسیەکان لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی جیهان دیاری کران، قەوارەو سیستمی دەوڵەت داڕێژراو ئیدارەو ئۆرگانە دەوڵەتی و مەدەنیەکان بەشێوەیەکی نوێ و پێشکەوتووتر دەست بەکاربوون و وەگەڕ کەوتن، خەڵکی کوردستانیش بەوە دڵخۆش بوون کەوا بەشێك لە مافە نەتەوایەتیەکانیان لە چوارچێوەی سیستم و یاسای فیدرالیزمدا خۆی دەنوێنێ. جا دواتر ئەو پارلمان و دەوڵەتە فیدرالیەی دیاری کراوی خەڵك چۆن بەهۆی پاوانخوازی ڕێبەرانی یەکیەتی و پارتی بەڕێوە چون و ئاکامەکەی بەکوێ دەگات و لە درێژخایەندا چی لێ شین دەبێتەوە ئەوە باسێکی دیکەیە کە دەبێ دەیان پەرتووك و داستانی لەسەر بنووسرێ، بەلام لەڕاستیدا ئەو قەوارە سیاسیە بۆ کورد کە پێك هاتووە چۆتە ناو بازنەیەکی سیاسی جیهانی و لە ڕادەی نێونەتەوەییدا شکڵی گرتووە هەر بۆیە پاراستنی ئەو قەوارەیە ئەرکی سەرشانی هەموو حزبەکانی کوردستانە. بە پێچەوانەوەش دژایەتی کردنی ئەو قەوارەیە لەژێر هەر ناوێکدا بکرێت دژایەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ئامانجە

بنچینەیەکانی ئەو گەلەیە. بەداخەوە پ.ك.ك دوای ١٥ساڵ خەبات و فیداکاری و درێژەدان بە شەڕ لە تورکیەدا تا ئێستاش نەیتوانێوە لە کوردستانی تورکیەدا ناوچەیەك ڕزگار بکاو نامەسئولانە تەداخول لەکاروباری ئەو حکومەتە و کوردستانی عیراقدا دەکاو خەریکی ڕوخاندنی دەبێ، کە ئەوە نە کاری پ.ك.ك یەو نە لەگەڵ ئامانج و ستراتیژیەتی ئەوان دەگونجێ و نە بە قازانجی گەلی کوردیش تەواو دەبێ. هەر حزب و لایەنێکی کوردستانیش دژایەتی ئەو حکومەتە فیدرالیە بکات، بە کردەوە ناڕاستەوخۆ خزمەت بە بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان دەکات.

## بەرەو کۆنگرەی دەهەم و ئاڵوگۆڕەکانی نێو بزوتنەوەی کوردستان

پاش کۆنگرەی نۆیەمی حزب تا کۆنگرەی دە زۆر ڕووداوی داخدار و گۆڕانکاری و تێکهەڵچوون و هاڵۆزی نێو خۆیی لەنێو بزوتنەوەی کوردستاندا بەگشتی هاتنە ئاراوە و دووبارە ناکۆکیەکان سەریان هەڵدایەوە. لەو ماوەیەدا من ئەرکی کاروباری نەخۆشخانەم پێ سپێردرابوو دواتریش بەرپرسایەتی پەیوەندیەکانی ڕانیەو قەڵادزەم لەگەڵ سەید برایم کەریمی پێ سپێردرا. هەر لەو ماوەشدا کادرو پێشمەرگەکانی حزب بە ئیمانەوە دەچوونەوە ناو خەڵکی کوردستان و پەرەیان بە تێکۆشانی خۆیان دەدا، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بەهۆی فیداکاری کادرو پێشمەرگە توانیبووی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا تەشکیلاتێکی ڕێك و پێك دابمەزرێنن و پەیوەندیەکانی حزب و کۆمەلانی خەڵك لێك گرێ بدەن، لەو پێناوەشدا زۆر کادرو پێشمەرگەی لێهاتووی حزب یان بەدەستی پاسدارو سوپای دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران، یان بەدەست هاوسەنگەرانی پێشووی خۆیان ( باڵەکەی تری حزبی دیموکرات) کوژران و شەهید کران، بۆ نموونە چەند قارەمانی وەك: سیاوەشی بابامیری، عەلی خاریجی، ڕەسوڵ ئەندام، عەلی سۆهرابی، سلێمان سلێمان پوور، خاڵە باس، خالیدو جەمال، پەروین ڕوحی، خالیدە چوکەڵ، کەریم بەیرەمی، سولێمان حەسەن پوور، بەکر گۆمانی، عومەر عەباسی، محمد ڕەحمان، مەلا بێجێ، خدر زارعی، کامران شێخ ئیسلامی، سەعید غولامی، حەسەن ئیسلامی، لوقمان سەدر، سەمەد چیرە، کامران شافعی و دەیان کادرو پێشمەرگەی تری حزب کە من ناوەکانم لەبیر نەماوەن بەدەستی ڕژێم و هاوسەنگەرانی پێشوی خۆیان شەهید کران و سەروەری خۆیان لە مێژووی حزبی

دیموکـرات، ڕێبەرایـەتی شۆڕشـگێڕدا تۆمـار کـرد. جگـە لەوانـەش چـەند کـادرو پێشمەرگەی دیکەی حزب لە کوردستانی عێراق بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و خۆفرۆشانی کوردی عێراقی شەهید کران. چەند کەسێك لەو شەهیدانە بریتین لە: سەعدون بارزان، حەسەن بازرگان، مام حەسەن، ڕەحیم کوڵەسە، مەحمود قەڵغانی، عەبدوڵا بێژەن فەر، مام دەروێش، کاك برایم، وریا، سەید جەلال، ڕەحیم چەنگاڵی، هەروەها لە تورکیەش عەلی کاشف پوور و تەها کرمانج. لە بنکەی دەفتەری سیاسیشدا شاپوری فەیروزی شەهید کرا کە خاوەنی ٥٩ چالاکی بوو، شەهید شاپوور کە فەرماندەی لیوەشاوەی هێزی جنووبی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، کاتێك ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ٥٩ لاوی کوردی لە شاری مەهاباددا ئیعدام کرد، ئەو یەکێك لەو قارەمانانە بوو کە بە تۆڵەی ئەو جینایەتە سامناکە، بڕیاری دا لە ٥٩ عەمەلیاتی پێشمەرگەدا، زەبر لە هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامی بوەشێنێ کە پەیمانی خۆی بردە سەر و لەو زنجیرە عەمەلیاتەدا سەدان پاسداری ئێران بەدەستی هێزی جنووب و بە فەرماندەیی شاپووری فیردوزی لەنێو چوون. هەروەك گوتم ناوبراو لە فەرماندە بەناوبانگەکانی حزبی دیموکرات بوو کە لە ژووری خۆیدا لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەدەستی خۆفرۆشێکی نێوخۆیی حزب شەهید کرا. بێجگە لەوانەش چەند کادرو پێشمەرگەی دیکە وەك عەلی تاتورە، بەختیار مرادی، هادی مەحمودی، سالار سنەیی، کەریم گاڵی، لەگەڵ چەند کادر و پێشمەرگەی دیکە لە بنکەی خۆیان لە شاری هەڵەبجەی کوردستانی عێراق لەلایەن خۆفرۆشێکی نفوزی بەهۆی دەرمان تێکردن لە خواردنەکەیان شەهید کران و چەند کەسێکیش فەلەج بوون، هەروەها چەند هاوڕێیەکی لێهاتوو و دڵسۆزی حزب بەهۆی نەخۆشی جۆراوجۆر وەك کاك نەبی قادری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و کاك ئەمیر قادر جێگری کۆمیتە ناوەندی و کاك خەلیل گادانی کادری ماندوونەناسی حزب بە کاروانی شەهیدانی حزب زیاد بوون. مردنی ئەو هاوڕێیانە داخێکی گەورەیان لەسەر دڵی کادرو پێشمەرگەی حزب دانا. هەر لەو ماوەشدا ڕژێم بە دڕندانەترین شێوە بەرنامەی کاری تیرۆریستی لەسەر کادرو پێشمەرگەکانی حزب بەڕێوە دەبردو بێ پسانەوەش سەرکردایەتی و شوێنی بنەماڵەکانی حزب تۆپ باران و کاتوشا باران دەکران.

دوو ساڵ دوای کۆنگرەی نۆهەمی حزبی دیموکرات، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و سێ ساڵ بە دوای تێپەربوونی زەمان بەسەر شەهیدبوونی دوکتور قاسملودا، خەبەری شەهیدبوونی دوکتور سەعید شەرەفکەندی سکرتێری باڵەکەی تری حزب لەنێو خەڵکدا بڵاوبۆوە. ناوبراو لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٩٩٢ بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالیستدا سەفەری ئوروپای کردبوو چووبوو بۆ بەرلین پایتەختی ئەلمانیا، لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ هێندێك بەناو ڕێکخراوی چەپی ئێرانی پاش ماوەکانی چریکە فیداییەکان، ڕاهی کارگرو لەو بابەتە لە ڕیستۆرانی (میکۆنۆس)کۆدەبنەوەو لەکاتی کۆبوونەوەکەدا دەدرێتە بەر دەست ڕێژی گوللەی تیرۆریستەکانی ڕژێمی ئێران، بەداخەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکە، فەتاح عەبدول ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و نوێنەر لە ئوروپا، هومایۆن ئەردەلان بەرپرسی حزب لە ئەلمان، دۆستێکی حیزب بەنێوی نوری دێ کوردی شەهید دەکرێن. ئەگەر ناوەڕۆکی قەزیەکە هەڵسەنگێنین وا وێدەچێ لەنێو ئەو کەسانەی کە دوکتور سەعید لەگەڵیان کۆدەبێتەوە جاسووسی سەر بە کۆماری ئیسلامی تێدا بووبێت!؟ هەر بۆیە وا بە ئاسانی تیرۆر کران، تەنانەت یەك نەفەر لەوانەی کە دوکتور سەعید لەگەڵیان کۆببۆوە نەکوژران و برینداریش نەبوون!؟ هەر بۆیە دەکرێ بڵێین پیلانێك بووە بۆ لەناوبردنی ناوبراو. لەڕاستیدا شەهیدبونی دوکتور سەعید بوو بەهۆی گەورە بوونی خۆی و زیاتر ناساندنی حزبی دیموکرات و گەلی کورد بەدونیای دەرەوە. تا ماوەیەك بەهۆی شەهیدبوونی دوکتۆر سەعید هەڵاو هەنگامەیەك دژی ڕژێمی ئێران لە دەرەوە ساز بوو، هەروەها حوکمی دادگای میکۆنۆس کاردانەوەی باشی هەبوو، هەڵوێستی دادگای (میکۆنۆس) و مەحکوم کردنی ڕژێمی ئێران لەو پەیوەندیەدا بوو بەهۆی تەریك مانەوەی ئەو ڕژێمە لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی و ناساندنی وەك ڕژێمێکی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەری ئەو سەردەمەی جیهان ناسرا. بەڵام ڕێبەرایەتی حزبی دیموکرات نەیتوانی لەم ڕووداوە گرینگە بە قازانجی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد کەڵك وەرگرێ. هەروەها بۆ یەکەمجار لە مێژووی دادوەریی و دادپەروەریی جیهاندا، چوار بەرپرسی پایەبەرزی دەوڵەتی گەورەی وەك ئێران واتە عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕژێم، هاشم ڕەفسەنجانی سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ئێران، عەلی ئەکبەری ویلایەتی وەزیری دەرەوە و عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی بە

ڕەسمی لەلایەن دەزگای دادوەریی ئاڵمانەوە وەك فتوادەر و بەڕێوەبەری ئەو جینایەتە سامناکە دەستنیشان دەکران و حوکمی گرتنیان لە ڕادەی نێو نەتەوەییدا دەرکرا. ئەگەر ئەو وەزعە بەرابەر بە ڕژێمی ئێران بەردەوام بایە بێ گومان ئەو ڕژێمە نەیدەتوانی لەوە زیاتر پەرە بە باندەکانی تیرۆریستی بدا لە ئاستی نێو نەتەوەییدا، بەداخەوە حوکمی دادگای میکۆنۆس هەر بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر ڕژێمی ئاخوندەکان بەڕێوە چوو، دواتر هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە پێشتر پەیوەندی دیپلۆماسیان لەگەڵ ئێراندا هەبووە سەرلەنوێ سەفیرو دیپلۆماتەکانی خۆیان بە پەلە ناردەوە بۆ ئێران لە پێشوو باشتر و زیاتر پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەو ڕژێمە تازە کردەوە. هەر کام لەوانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان مەسەلەی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی ئسول و پرینسیپەکانی نێوان دەوڵەتان دەخەنە ژێر پێ و ئازادی و دیموکراسی و عەدالەت لە چوارچێوەی دابینکردنی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەدا بەرتەسك دەبێتەوە. دوکتور سەعید کە نوێنەری حزب دەبێ بۆ کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال ئەو کۆنگرەیە لەژێر تەئسیری ئەو دەوڵەتانەدا هەڵوێستێکی ئەوتۆی بەرابەر بە ڕژێمی ئێران نیشان نەدا. بەشەهیدبوونی دوکتور سەعید، مستەفا هیجری جێگای دەگرێتەوەو نایەڵێ ئاسەوارەکانی ئەو کوێر ببنەوە، توندو تیژتر لەناوبراو پەیڕەوی لە پەرەپێدانی سیاسەتی شەری نێوخۆیی دەکاو شەڕی نێوان دوو باڵی حزبی دیموکرات و کۆمەڵە درێژە پێ دەدات. لەو کاتەدا حزبی دیموکرات دەکەوێتە قۆناغێکی پڕ مەترسی. حزبی دیموکرات، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە دەزانن سیاسەتی باڵەکەی دیکەی حزب لەبەرابەر شەڕی نێوخۆیدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە جارێکی دیکەش بڕیاری دیفاع لەخۆیان و بۆ پەرەگرتنی ئازادی و دیموکراسی لە ڕیزەکانی حزبدا دەدەنەوە، پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ تەنیا مافی ئەوەیان دەدرێتێ کە لە کاتی پەلاماری پێشمەرگەکانی باڵەکەی تر بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەو هەڵوێستەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و لاشەڕی ئەوان لە ڕوانگەی زۆربەی خەڵکی کوردستانەوە بەکارێکی دروست و مەسئولانە چاو لێدەکرا، ئەو ڕەوتە تا نزیك بە کۆنگرەی دە درێژەی کێشا، کە بەخۆشیەوە دوای کۆنگرەی دە بەهۆی کەسانی دڵسۆزو شۆڕشگێڕ لەنێو هەردوو باڵەکەدا ڕێگا بۆ یەکگرتنەوە خۆش کرا. هەرچەند یەکگرتنەوەکە لە نییەت باشی هەموو لایەك نەبوو.

## ئاڵۆزی نێوخۆی حزبی دیموکرات و ناکۆکیەکانی نێوان حزبەکانی کوردستان

لەنێوان کۆنگرەی نۆیەم و دەهەمی حزبی دیموکراتی کوردستاندا چەند ڕووداوی تری نێوخۆیی و ئاڵوگۆڕی چاوەڕوان نەکراو شەڕو تێکهەڵچوون لەنێوان هێزەکانی کوردستانی عیراقدا هاتنە ئاراوە. یەکەم شەڕی نێوان پ.ک.ک لەگەڵ پارتی و یەکیەتی واتە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە بەهۆی دەستێوەردانی پ.ک.ک لە کاروباری حکومەتی هەرێم لە کوردستانی عیراقدا ڕوویدا. تا ماوەیەك پارتی و یەکیەتی لەیەك سەنگەردا دژی پ.ک.ك شەڕیان دەکردو موخالیفی ئەوەبوون کە پ.ک.ك لە کوردستانی عیراقدا تەداخول بکات و بیکەنە مەیدانی تێکۆشانی خۆیان. دواتر ڕووپەرەکە هەڵگەڕایەوە و یەکیەتی و پ.ک.ك دژی پارتی درێژەیان بەشەڕدا کە لە شوێنی خۆی باسی دەکەم، ئەوجار زۆری نەخایاند شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکیەتی دەستی پێکرد. بزوتنەوەی ئیسلامی بە پشتیوانی ڕژێمی ئێران کەوتە سەنگەری دژایەتی دژی یەکیەتی کە چەندین ساڵ بوو لە شۆڕشدا بوو. تا ماوەیەك بەربەرەکانییەکی توندو تیژیان لەگەڵ یەکیەتی دەکرد، لەباری نیزامیشەوە زەربەیەکی باشیان لە یەکیەتی نیشتمانی دا، یەکیەتی کە هەستی کرد بزوتنەوەی ئیسلامی مەترسی خستۆتە سەر ئەوان شەڕێکی توندوتیژی دژی ئەوان دەست پێکرد لەماوەیەکی کورتدا توانی زۆربەی بنکەو بارەگاکانی بزوتنەوەی ئیسلامی کە لە کوردستاندا هەیانبوو دەست بەسەر دابگرێ و تەنانەت سەرکردایەتی بزوتنەوە کە ئەوکات لە گوندی بێتواتەی ناوچەی خۆشناوەتی بوو لەلایەن یەکیەتی نیشتمانیەوە دەستی بەسەرداگیراو مەلا عوسمانیش کە بەرپرسی بزوتنەوە بوو لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتیان بە دیلی کەوتنە دەستی یەکیەتی نیشتمانی. دواتر شەڕەکە بە تێکشکانی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆتایی پێ هات. بزوتنەوەی ئیسلامی لەباری سیاسی و تەشکیلاتیەوە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا لە نفوزی کەم بۆوەو بەشێك لەوان پەنایان بۆ ڕژێمی ئیسلامی ئێران برد کە مامۆستای عەقیدەو ئیدیۆلۆژیەتی حیزبەکەی خۆیان بوو. ئێستاش جێی خۆیان نەگرتۆتەوە.

هەر لە ساڵەکانی ١٩٩٢تا ١٩٩٨ ئاڵۆزی نێوخۆی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە دوو سێ لاوە ڕیزەکانی کادرو پێشمەرگەی گرتبۆوە.

**یەکەم:** بە داڕشتن و بەڕێوەبردنی بەرنامەی چوونە دەرەوە بۆ وڵاتانی ئوروپا کە لەلایەن ڕێبەریی حزبەوە بەڕێوە دەچوو، ئەو دیاردە بەرە بەرە هەست و گڕوتینی شۆڕشگێڕی لە دڵ و دەروونی کادرو پێشمەرگەدا کەم کردەوە، هەموو لایەك لە فکری ئەوەدا بوون کە بە هیچ شێوەیەك بۆیان بلوێ بتوانن خۆیان بگەیەننە ئەمریکاو ئوروپا. بەتایبەتی بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەریی حزب لەو مەسئولیەتەی کە لەنێو حزبدا هەیانبوو کەڵکیان وەرگرت و زوتر توانیان بە ئیمکاناتی حزب و بەنێوی حزب خۆیان و بنەماڵەکانیان بگەیەننە دەرەوە. ئەو کردەوەیە گران بەسەر حزبدا شکایەوە و بوو بە بەشێك لە سیاسەتی حزب.

**دووەم:** مەسەلەیەکی دیکەش کە زیانی بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی حزب گەیاند، خۆتێکخزاندنی قامکێك کەس لە قرپۆك و پاشەڕۆکەکانی تاقمی حەوت کەسی و نۆکەرانی حزبی توودەی ئێران بوون، کە ئەوانەش بە ئیمکاناتی حزب خزمەتی ئایدۆلۆژیەتی قەلبی حزبی توودەیان دەکرد، توانیبوویان بە پەرەپێدانی تەبلیغاتی ژەهراوی دژی ئەندامانی ڕێبەری حزب بەشێك لە کادرو پێشمەرگە دوڕدۆنگ بکەن، کە ئەوانەش بریتی بوون، لە خەلیل عەزەل، یوسف حاجی هەمزە، کاوەسور و سەعید مەمەندی و چەند کەسێکی تری لەو بابەتە.

**سێیەم:** من منێنەو کێبەرکێی بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی حزب و خۆگرێدانیان بە سیاسەتی حزبەکانی دیکەی کوردستانی عیراقەوە کە بە قازانجی خۆیان سیاسەتیان دەکرد، لەسەریەك ئەو سێ شتانە هۆکاری لە گریژە نەچوونی ڕیزەکانی کادرو پێشمەرگە بوون. کە دواتر باسی ئەو مەسەلەیە دەکەم.

## کۆنگرەی دەهەم و ئاڵوگۆڕەکانی نێو بزوتنەوەی کوردستان

هاوکات و بەدوای کۆنگرەی دەی حزبی دیموکراتدا بەهەردوو باڵەکەیەوە ڕەوتی ڕوداوە نێوخۆییەکان و گۆڕانکاریە سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی و هەڵسوکەوتەکانی بەشێك لە ئەندامانی حیزب لە نێو هەردوو باڵەکەدا ڕواڵەتێکی تریان بەخۆوە گرت و هەردوولا بە هەست بە مەسئولیەت کردنی زیاترەوە لەبەرابەر حزب و شۆڕش و دۆزی گەلی کوردا بەخۆیاندا هاتنەوە. بیریان لە چارەسەریەکی ئاشتیانەی ناکۆکیەکانی نێو ریزەکانی حزب کردەوە، هەر ئەو باس و لێدوانانە

ڕێگایان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حزب خۆش کرد، ڕەنگە لە هەردوو لاش کەسانی وا هەبوون کە لەگەڵ ڕەوتی یەکگرتنەوە موخالەفەتی خۆیان نیشاندابێ بەڵام لەنێو ڕێبەرایەتیدا کەم کەس هەبوو کە موخالیفی ئەو ڕەوتە بێ. بەهۆی هەوڵی دڵسۆزانی گەلی کورد ئەو ڕەوتە بە ئاشکرا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچوو، تا لە کۆنگرەی دەی حزبی دیموکراتدا لەلایەن بەڕێز عەبدوڵا حەسەن زادە مەسەلەکە باس دەکرێ و بە زۆربەی دەنگ یەکگرتنەوە بەیەکێك لە ئەرکەکانی سەرشانی کۆنگرە دادەنرێ، جا ئەگەر بۆ مەبەستێکی دیکەش بوو بێت بەخۆشییەوە بەزۆربەی دەنگ لە قۆناغی یەکەمدا بڕیاری شەڕ ڕاگرتن لەگەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ پەسەند دەکەن، لەو ماوەیەدا ئەمن بەرپرسایەتی پەیوەندیەکانی حزبی دیموکراتم لەهەولێر پێ سپێردرابوو لەگەڵ حزبەکانی کوردستانی عیراق لەهاتوچۆدا بووم. وەزعی کوردستانی عیراقیش تا ئەو کات لە کەش و هەوایەکی ئازادو نێوە دیموکراتدا بەتایبەتی لەنێوان پارتی و یەکیەتیدا ڕەوتی خۆیان دەپێوا، پارلمان و حوکومەتی کوردستان خەریکی داڕشتنی پلان بوون بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، باقی حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانیش خەریکی خۆڕێکخستن بوون، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بە پێی ئەو هەلومەرجە لە بارەی کە بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی عیراق بۆی پێك هاتبوو توانی زیاتر پەرە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی بدات لە کوردستانی ئێران، بۆ ئەوەی حزبی دیموکرات سیاسەتی خۆی لەگەڵ سیاسەتی نێونەتەوەیی میزان بکات و خۆی لەگەڵ دونیای دیموکراسیەتدا بگونجێنێ پێویست بوو بە دورشم و ستراتیژیەت و تاکتیکەکانی خۆیدا بێتەوە و لەگەڵ واقعیەکانی ڕۆژ هەماهەنگ بکرێن، هەربۆیە ڕێبەریی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی حزب گرتنی کۆنگرەی دەی بە پێویستیەکی سیاسی و تەشکیلاتی زانی و بڕیاری بەستنی کۆنگرەی دەیەمی دا. دوای بەستنی کۆنفرانسەکان و هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە لە ١٠ی بانەمەری ١٩٩٤دا کۆنگرەی دەهەمی خۆی لە شاری ڕانیەی کوردستانی عیراق لە بنکەی پەیوەندیەکانی حزب بە بەشداری ١٠٢کەس دەبەسترێت. دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتە ناوەندی لەلایەن سکرتێری حزب کاك جەلیل گادانی و تەئیدکردنی ئەو ڕاپۆرتە بە زۆربەی دەنگ، دوو مەسەلەی گرینگ دێنە بەر باس و لێدوان و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ و لەسەریان ساغ دەبنەوە.

یەکەم: ئامانجی دوارۆژی حزب کە پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی دەبێ گۆڕانی بەسەردا دێ و وە دەکرێتە پێکهێنانی سیستەمێکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دوور لە هەر چەشنە چەوسانەوەیەك کە هەمان سۆسیال دیموکراسی دەگرێتەوە. کە لە کورتە باسدا گونجاوە.

دووهەم: دیاری کردنی ماف چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا کە شێوەکەی دیاری ناکرێ لە جێگای دروشمی خودموختاری دادەنرێت. ئەو دوو دروشمە بە زۆربەی دەنگ لەلایەن بەشدارانەوە پەسەند دەکرێن.

دواتر بەهۆی هێنانە گۆڕی دیاری کردنی ماف چارەنووس ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەگەڵ موخالەفەتی سازمانی موجاهیدینی خەڵك ڕووبەڕوو دەبن کە بە حیسابی خۆیان ئەوان بەو مافە بۆ گەلی کورد قایل نابن، بەهەرحاڵ دوایی لەچەند دانیشتندا ئەوانیش ئەو دروشمە قبوڵ دەکەن. دوای دوو ڕۆژ کۆنگرە دەکەونە سەر بەشی هەڵبژاردن بەڵام بەداخەوە لەم ڕۆژەدا بۆ یەکەمجار دوای ڕاپەرین تێکهەڵچوون لەنێوان پارتی و یەکیەتیدا لە شاری قەڵادزێ دەست پێدەکاتەوە. ئەو تێکهەڵچوونە بەهۆی چوونی عەلی حەسۆ بۆ شاری قەڵادزێ و لێپرسینەوەی لە خانوو و دوکانەکانی باوکی لەو شارە کە لە شۆڕشی ئەیلولدا وەدەستی هێنابوون شەڕەکە بە هاندانی خەڵك دژی عەلی حەسۆ لەلایەن بەرپرسانی هەردوو لا دەست پێدەکات، لە کاتی کۆنگرەشدا ئەمن و سەید عەولا حسێنی و حاجی گولاوی بەرپرسایەتی دەبیرخانەی حزبمان پێ سپێردرابوو، بەهەست پێکردن بەهەڵگیرسانی ئەو شەڕە لە نێوان پارتی و یەکیەتیدا جگە لەوەی کە نامەیەکمان بۆ هەردوو لا نووسی و داوامان لێ کردن کە شەڕەکە کۆتایی پێبێنن، بۆخۆشمان سەردانی مەڵبەندی هەشتی یەکیەتی نیشتمانی و لقی یازدەی پارتیمان کرد، بەڵام ئەوان بە قسەی ئێمەیان نەکرد، ناوەڕۆکی نامەکەش لە ڕووپەکانی کۆتایی ئەم کتێبەدا دەخرێتە بەر چاوی خوێنەرە بەڕێزەکان. پێویستە ئەوەش بگوترێت بەداخەوە مەڵبەندی هەشت کە دەیتوانی پێش لە شەڕ و تێکهەڵچوون بگرێ بە پێچەوانە کاك مستەفا چاو ڕەش لە پەرەپێدانی شەرەکەدا نەخشی ناشۆڕشگێڕانەی هەبوو. هەر بەهۆی ئەو شەڕەوە ڕۆژێك کۆنگرەی حزب داخرا. هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی ڕاستەوخۆ بۆ پێش گرتن لەو شەرە لەگەڵ هەردوو لای ناکۆك دادەنیشن، بەڵام ئەویش سوودی نابێ، دواتر کۆمیتە ناوەندی

هەڵدەبژێری، کە زۆربەی ئەو کەسانە بوون کە لە کۆنگرەی نوێیەمدا دەنگیان پێ درابوو، هەر ئەوان ببوونەوە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و جێگر. ئەو دوو کەسەش بە کۆمیتە ناوەندی زیاد دەکرێن کاک سەعید بەگزادەو کاک حەمەدەمین ڕەشیدیان. بەدوای کۆنگرە دا لە پلینۆمی کۆمیتە ناوەندیدا دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێرێتەوەو ئەو کەسانەی کە پێشتر ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون دیاری دەکرێنەوە.

١- جەلیل گادانی، سکرتێری حزب.

٢- حەسەن ڕستگار، جێگری سکرتێر

٣- هاشم کەریمی

٤- فەتاح کاویان

٥- حسێن مەدەنی

بێجگە لە دوانزە کەس کە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی دەبن هەر لەو پلۆنۆمەدا حەوت کەسیش بۆ مشاوری کۆمیتە ناوەندی دیاری دەکرێن.

١- جەعفەر مەنگوری

٢- بێ بەش

٣- ناسر پیرانی

٤- ساڵح ڕەبەتی

٥- عەبدوڵا حسێنی

٦-قاسم قازی

٧-خدر مەحەمەد پوور" نووسەر"

بەمجۆرە کۆتایی بە کۆنگرەی دەهەم هات.

## تەنگژەی سیاسی لەنێو بزوتنەوەکانی کوردستاندا

بەدوای کۆنگرەی دەیەمی حزبی دیموکراتی کوردستان، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر چەند ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو و جێگای داخ وەك بوورکانێك لەکورستاندا تەقینەوە و هاتنە پێش کە زیانی گەورەیان بۆ گەلی کورد بەدواوە بوو.

یەکەم: دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان پارتی و یەکیەتیدا لە ڕێکەوتی ١٢ی بانەمەری ١٩٩٤دا ئەو شەرە ئاستەنگیەکی گەورەی خستە سەر ڕێگای بزوتنەوەکانی

کوردستان بەگشتی و کوردستانی عیراق بەتایبەتی. پێشتر کە شەڕی تەبلیغاتی لەنێوان یەکیەتی و پارتیدا لەئاستی شەڕە پەڕۆدا بوو، سەوزو زەرد ڕق بە ڕقەیان بوو، ئەوجار شەڕەکەیان گەیشتە قۆناغێکی سامدارو بە تۆپ و کاتیۆشاو پشتیوانی هێزی دوژمنان کەوتنە گیانی یەکتر. جارێکی دیکەش کوردستان لە خوێندا نقوم کرایەوە و گەلی کورد لە گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی دوور خرایەوە، جگە لەوەش ڕاکێشانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ بۆ کوردستان و هاوکاری حزبەکان لەگەڵ ئەوان بوو بەهۆی دامەزراندنی دام و دەزگای موخابەراتی و جاسووسی و ئیتلاعاتیەکانی ئەو ڕژێمانە لەنێو خەڵکی کوردستانی عیراق و ڕیزەکانی پارتی و یەکیەتیدا. دەوڵەتەکانی عیراق و تورکیە و ئێران توانیان بە کەیفی خۆیان بنکەو بارەگای جاسووسی دامەزرێنن، لەم بارەوە هەردوو حزبەکە نەخشی خراپیان هەبوو، کە بەهاوکاری دوژمنان، کەوتنە گیانی یەکتر و گەلی کورد. حزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوونە خۆراکی شەڕەکە بەتایبەتی حزبی دیموکراتی کوردستان بە هەردوو باڵەکەیەوەو کۆمەڵە جگە لەوەی کە ئەو حیزبانە تەنگژەی سیاسیان بۆ پێکهێنەرابوو، چەندین کادرو پێشمەرگەش لەو پێناوەدا بەدەستی خۆفرۆشانی کوردی عیراق کە سەر بە ڕژێمی ئێران بوون تیرۆر کران، کە زۆربەی ئەو تیرۆرستانەش لە ڕیزەکانی یەکیەتی دا خۆیان مەڵۆس دابوو مەسئولیەتیان هەبوو. دواتریش ئەو دوو حزبە بەربەرەکانی خۆیان بەرابەر بە حزبەکانی کوردستان بەکردەوە نیشان دا. بەداخەوە یەکیەتی و پارتی بەوەش ڕازی نەبوون ڕاستەوخۆ وەپێش دوژمنانی کورد دەکەوتن و بۆ لەناوبردنی پێشمەرگەی کوردستان ناڕاستەوخۆ ئەرکی ژاندارم و پاسداریان وەئەستۆ گرتبوو. ڕاستە پارتی بەهانەی هەبوو کە لە پ.ک.ک دەدا دەیانگوت پ.ک.ک دەست دەخاتە کاروباری ئێمەو کوردستانی عێراقی سەنگەری بەربەرەکانی چەکدارانە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە. بەڵام خۆ حزبی دیموکرات بەهیچ شێوەیەك تەداخولی لەکاروباری کوردستانی عیراقدا نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە بەرپرسانی یەکیەتی نیشتمانی ناڕاستەوخۆ ڕێگایان بە تیرۆریستەکان داو کەوتنە گیانی کادرو پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستانی ئێران. یەکیەتی نیشتمانی لەسەر داوای ڕژێم بەرەسمی بەهەردوو باڵی حزبی دیموکراتی ڕاگەیاند کە خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێراندا ڕابگرن، لەوەش زیاتر ڕادیۆی دەنگی کوردستانی

ئێران کە دەنگی ئازادیخوازی کوردی ئێران بوو لەلایەن یەکیەتیەوە داخراوی بەرنامەکانی ڕاگیران. سیاسەتی ڕژێمی ئێران بوو بە بەشێك لە سیاسەتی ڕەسمی یەکیەتی و بڕیاری ئەو ڕژێمەیان لەسەر حزبی دیموکرات بەهەردوو باڵەکەیەوە بەڕێوە دەبرد. یەکیەتی بەوەپێشکەوتنی سوپای پاسدارانی ئێران لە ڕێکەوتی ٨ی گەلاوێژی ١٩٩٦دا بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکرات و بنەماڵەکانی کادرو پێشمەرگە لە دەشتی کۆیە وەفاداری و گوێ لە مستی خۆیان زیاتر بۆ ئەو ڕژێمە نیشاندا. سیاسەتی دووڕوویانەی ئەوان جێگای سەرسوڕمانە، چونکە هیچ کوردێك چاوەڕوانیێکی ئەوتۆیان لە یەکیەتی نیشتمانی نەبوو، لەلایەك کادرو پێشمەرگەی حزبی دیموکرات دەکوژن و لە لایەکی دیکەشەوە دەبنە شین گێڕو شەریکە غەمی حزبی دیموکرات و فرمێسکی ئیمساح هەڵدەوەرێنن!؟ کە ئەوە نە کاری یەکیەتییەو نە لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەواندا یەکدەگرێتەوە، نە خەڵکی کوردستانیش ئەو چاوەڕوانیەیان لە یەکێتی هەبوو. هەروەها بەشداری کردنی کادرو پێشمەرگەکانی یەکیەتی و بە ئاشکرا هاوکاری کردنی تیرۆریستەکانی ڕژێمی ئێران و بە ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش لەگەڵ پاسداران دژی شۆڕشگێڕانی کوردی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی دژی حزبی دیموکرات کە بۆتە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە ٣٠٠ کادرو پێشمەرگە، نیشاندەری ئەو ڕاستیەن کە یەکیەتی نیشتمانی لەم قۆناغەدا لەبەرگی شۆڕشگێڕی دا خزمەتی دوژمنانی کوردیان دەکرد. لەلایەکەی دیکەشەوە حزبوڵڵای شۆڕشگێر بە ڕێبەری ئەدهەم بارزانی بەبەرچاوی پارتی دیموکراتەوە و لە ژێر دەسەلاتی ئەودا بە ڕۆژی ڕوناك بە پانەوە بە ماشێنی دۆشکە لەسەر دابەستراو بە هاوکاری ڕژێمی ئێران لە ناوچەکانی حەریر و بەحرکە دەچنە سەر بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکرات و زیاتر لە ١٥کادرو پێشمەرگە شەهید دەکەن. بەداخەوە پارتی هەڵوێستێکی ئەوتۆی بەرابەر بەو جینایەتە لەخۆی نیشان نەدا، تەنیا بۆ شوێنە وونکە ماوەیەکی کەم حزبووڵڵایان لەناوچەی خۆیان وەدەر نا. مام جەلال تاڵەبانی لەنامەکەیدا بۆ مەڵبەندی هەشت سەبارەت بە ئیجرائات کردن بەرامبەر بە تیرۆرستانی سەر بە ڕژێمی ئێران دەڵێ: " هەرچی زووتر خائینان بە سزا بگەیەنن" کە نامەکە لە ڕووپەرەکانی کۆتایی ئەو کتێبەدا دەخوێننەوە. دیارە مەڵبەندی هەشت کە مستەفا چاوڕەش بەرپرسی بوو نەك هەر ئیجرائاتێکی نەکرد، بەڵکو مەیدانی زیاتر دا بە تیرۆریستەکان!؟ هەر بۆیە دەڵێم سیاسەتی دووڕوویانەی یەکیەتی نیشتمانی بەرابەر

بە گەلی کورد وەکو کوتکی نێو هەمبانە وایە؟! سەرەڕای ئەو وەزعەش بێ پسانەوە بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکرات بە هەردوو باڵەکەوە لە ژێر هێرشی تۆپ و کاتوشای کۆماری ئیسلامیدا بوون، جاروباریش لەڕێگای هەواییەوە بنکەکانی حزبی دیموکرات لە دەشتی کۆیە بۆمب باران دەکران. بەرچاوترین تاوان و یەکێك لە تاوانە گەورەکانی تیرۆریستانی نێو یەکیەتی نیشتمانی بەرابەر بە حزبی دیموکرات ئەو چالاکیە هاوبەشە بوو کە لە ۱۷ی سەرماوەزی ۱۹۹۷ دا پێنج تێکۆشەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە دەروازەی کۆیە بەدەستی چەکدارەکانی ئاسایشی کۆیە یا هەولێر بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە تیرۆر و شەهید کردن. کە بریتی بوون لەو کەسانە:

١- مەنسوور فەتاحی ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە.

٢- سەید مەنسووری ناسر ئەندامی سەرکردایەتی حزب و نوێنەر لە سولێیمانی.

٣- ئیسماعیل ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە.

٤- ڕەفعەت حوسێنی کادری کۆمیتەی شارستانی پاوە.

٥- یەدولای شیرین سوخەن بەشی پارێزگاری دەفتەری سیاسی حزبی دیموکرات.

هەروەها دەیان تاوانی دیکەی لەو جۆرە کە تیرۆرستانی نێو یەکیەتی نیشتمانی دەست و پەنجەی خۆیان بە خوێنی پێشمەرگەکانی کوردی ئێرانی سوور کردەوە. وەك پەڵەیەکی پڕ لە نەنگو شورەیی بە مێژووی یەکیەتی نیشتمانیەوە دەمێنێتەوەو ئیعادەکردنەوەی حەسیەتی سیاسی ئەم هەڵانە لەدەست خۆیاندایە.

جا کەس نازانێ ئەو سیاسەتە دژ بە کوردەی ڕۆژهەڵات یەکیەتی نیشتمانی بەناو حزبی مۆدیرنی! خەڵکی کوردستان هەتا کەنگێ بەرابەر بە کورد درێژەی دەبێ. با ئەو ڕاستیەش بگووترێت کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق پاش ڕاپەرینی ساڵی ۱۹۹۱دژی هێزەکانی کوردستانی ئێران بە قازانجی دوژمنان حەرەکاتێکی ئەوتۆی نەکردووە، بەڵکو لە هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ سەر حزبی دیموکرات ڕێگای نەدا بە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەودا تێپەڕبن، لەو پێناوەشدا دەولەتی ئێران پەلاماری دایە سەر ئۆردوگای پەناهیندەکانی عیراق لە زێوەو ناوچەی شنۆ، چەند کەسێکیان لە ئەندامانی پارتی گرتن و ئیعدامیان کردن. لەلایەکی دیکەشەوە لە

ڕێکەوتی ٨ی ئاگوستی ١٩٩٦دا ئەو ڕژێمە بە پشتیوانی کردن لە هێزەکانی یەکیەتی بۆ سەر بارەگاکانی پارتی لە سەلاحەدین و سەری ڕەش تۆڵەی لە پارتی کردەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی یەکیەتی و گرتنەوەی شاری هەولێر لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا بە هێنانی هێزەکانی دەوڵەتی عیراق پەلاماری هێزەکانی یەکیەتی داو لە شاری هەولێر وەدەری نان، یەکیەتی بە لەدەستدانی چەند کادرو پێشمەرگەو ئیمکاناتی جەنگی و کەرەسەو کەلوپەلی دیکە شاریان بەجێهێشت و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە ناوچەی دیگەڵە بەرگریەکیان لەخۆیان نیشاندا، دواتر هێزەکانی پارتی کەوتنە سەر هێزەکانی یەکیەتی و لە هەموو کوردستان وەدەریاننان!؟ ئەو ڕۆژەش من لە لایەن حزبەوە چووبووم بۆ لای مام جەلال بۆ قەلاچۆلان بۆ کاری حزبی، من خەریکی گەڕانەوەبووم بۆ سەرکردایەتی خۆمان و مام جەلالیش بە هێزیکی زۆرەوە بەرەو کۆیەو ڕانیە وەرێکەوت تا گەیشتنە دۆڵی خەلەکان و کانی وەتمان دیتمان قەڵەباڵغیەکی زۆر لەسەر جادەو دەشت و سەر شاخەکانیش بەرەو سلێمانی ملی ڕێگایان گرتبوو، بەبێ بەربەرەکانی شوێنەکانی خۆیان بەجێهێشتبوو و هێزەکانی پارتی لە سەنگەرەکانی ئەواندا جێگیربببوون. لە چاخانەی کانی وەتمان مام جەلال و کۆسرەت ڕەسول کۆبوونەوەیەکی سەرپێیان گرت و بەرەو سلێمانی گەڕانەوە، ئێمەش گەڕاینەوە سەرکردایەتی حزب. بۆ بەیانی هێزەکانی پارتی هەموو شارەکانی کوردستانیان بە دەستەوە گرت و هێزەکانی یەکیەتی بەرەو سنوری ئێران تێپەڕیبوون و لە خڕی ناوزەنگ یەکیان گرتەوە. بەداخەوە بەهۆی هەڵەی یەکیەتی و کردەوە خراپەکانی دەرهەق بە حزبی دیموکرات ئەو جارەیان خەڵکی کوردستانی ئێران نەك هەر پێشوازیان لە یەکیەتی نەکرد، بەڵکو بە چاوی خراپیش تەماشایان دەکردن. یەکیەتی کە پێشتر خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بوو ئەو ڕێزو حورمەتەی خۆی لەدەست دابوو، تا ماوەیەك هێزەکانی یەکیەتی لە خڕی ناوزەنگ و سنورەکانی کوردستانی ئێران و عیراق مانەوە. لەو ماوەدا پارتی نەیویست لەگەڵ یەکیەتی لە ڕێگای ئاشتیەوە کێشەکانیان کۆتایی پێ بێنن. لەو کاتەشدا سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق لە وتووێژدا دەبێ، لەسەر ئەو ئۆتۆنۆمیەی ساڵی حەفتا دەیانەوێ پێکبێن. ئەو نیزیکایەتیەی پارتی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق جێگای نیگەرانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەبێ هەر بۆیە

ئەمریکا چرا سەوزێك بۆ یەکیەتی نیشتمانی لێدەداو هێزەکانی یەکیەتیش بە پشتیوانی تۆپخانەی ئێران پەلاماری هێزەکانی پارتی دەدەنەوە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆربەی ئەو شوێنانە دەگرنەوە کە پێشتر حاکیمیەتیان تێدا دەکرد، بەمجۆرە شەڕەکە ئۆتۆماتیکی گۆڕانیان بەسەردا هات. حزبی دیموکرات لەو نێوەدا هەر خەریکی ئەوە بوو کە کۆتایی بە شەڕەکە بێنن، بەڵام هیچ کام لەوان گوێیان بە قسەی کەس نەدەدا، بنکەو بارەگاکانی حزبیش ببوونە شوێنی حەوانەوە و خۆپەنادانی هێزەکانی هەردوو لا. هێرشەکان ئەوەندە لەسەر یەك و لەناکاو بوون کە بەشێك لە هێزەکانی ئەو دوو لایەنە نەیاندەتوانی دەرباز بن و ڕویان لە بنکەکانی حزب دەکرد، حزبی دیموکراتیش هەردوو لای بە سەلامەتی تەحویل بە سەرکردایەتی خۆیان دەدانەوە. تا چوار پێنج مانگ ئەو وەزعە بەو شێوەیە بەردەوام بوو. بەتۆڵەی چاکەی حیزبی دیموکرات یەکێك لەو فەرماندە نیزامیەکانی پارتی بەناوی قادر قاچاغ لە دۆڵە ڕەقێ لە ٢٢ی ١٠ی ١٩٩٦ پەلامار دەداتە سەر بنکەیەکی پێشمەرگەو چەند کادرو پێشمەرگەیەکی حزبی ئەسیر دەکاو هێندێك چەك و تەقەمەنیش لەگەڵ خۆیدا دەبات، منیش وەك بەرپرسی پەیوەندیەکان سەردانی لقی ١١ی پارتیم کرد لە ڕانیەو جەلیل فەیلی کە بەرپرسی لق بوون پێشمەرگەکانی ئازاد کردو نامەیەکی نووسی بۆ قادر قاچاغ کە چەکەکان بداتەوە. کە نامەکە لە رووپەرەکانی ئاخری ئەو کتێبەدا چاپکراوە. هەر لەو کاتەدا هێزەکانی یەکیەتی شاری ڕانیەیان گرتەوە دەستەیەك لە بەرپرسانی پارتی بوونەوە میوانی حزب، حزبیش بە سەلامەتی تەحویلی سەرکردایەتیەکەی خۆیانی دانەوە.

بەهۆی بەردەوامی ئەو شەڕە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی عیراق، تورکیەو ئێران کوردستانیان کردە مەیدانی ڕمبازیی خۆیان و بە دامەزراندنی بنکەو بونیادەکانی جاسوسی و تیرۆریستی لە کوردستاندا و پەرەپێدانی ئایدۆلۆژیەتی بیری ڕەگەزپەرستانەی خۆیان پلانی فڕاندن و کوشتنی کوردانیان دەست پێکرد. تەنانەت بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانیش جگە لە پیادەکردنی ئایدۆلۆژیەتی ڕژێمی ئێران لە نێو خەڵکدا، بە تەحویلدانەوەی حەوت کادرو پێشمەرگەی حزبی دیموکرات بەو ڕژێمە لە ٢٩ی خەزەڵوەری ١٩٩٦دا بەکردەوە نۆکەریی خۆیان بۆ ئەو ڕژێمە سەلماند. بەداخەوە لە درێژخایەندا شەڕەکانی نێوان پارتی و یەکیەتی لە دەسەڵاتی خۆیاندا

نەمابوو، بەڵکو دوژمنان بڕیار دەر بن. بەرەی شەڕەکە گەورەتر دەکرایەوە، یەکیەتی و پ.ک.ک دژی پارتی یەکدەگرن و بە پشتیوانی دەوڵەتی ئێران پەلاماری هێزەکانی پارتی دەدەن، ئەو هێرشە هاوبەشانەی ئەوان لەسەرەتای مانگی ئاگوستی ساڵی ١٩٩٧ دا دەستی پێکردووە. ئەوجارەیان شەڕەکە بەهۆی تەداخولی دەوڵەتی ئێران و تورکیە زۆر لە جاران توندوتیژتر دەبێ، لەو شەڕەشدا یەکیەتی و پ.ک.ک دەستپێشخەری دەکەن و شەڕەکە هەڵدەگیرسێنن و بەشێك لە شوێنە ستراتیژیەکانی وەك بەرزاییەکانی سەفین و تەبکی حەمەداغا دەکەونە دەست هێزەکانی یەکیەتی و پ.ک.ک. تەنانەت پردی قەندیل و خەلیفان دەکەونە مەترسی. لەو وەختەدا سەرکردایەتی پارتی داوا لە سەرکردایەتی یەکیەتی دەکات کە هێزەکانیان بگێڕنەوە بۆ سنوری پێشویان کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکان بۆیان دیاری کردبوون، بەلام ئەو داوایەی پارتی لە یەکیەتی بێ وەلام دەمێنێتەوە و درێژە بە چالاکیەکانی خۆیان دەدەن دژی پارتی، تا لە سپتامبری ١٩٩٧ دا پارتی شان بەشانی هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا پەلاماری هێزەکانی یەکیەتی و پ.ک.ک یان داو لە زەوی و ئاسمانەوە سەنگەرەکانی ئەوانیان تۆپ باران و بۆمب باران کرد لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموو ئەو ناوچانەی کە پێشتر بەدەستی پارتیەوە بوون گیرانەوە و زیاتر لە هەزار کادرو پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی بوونە قوربانی ئەو شەڕە، دوڵی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی و هیران و نازەنین نقوومی خوێن بوون، ڕژێمی ئێرانیش وەك هەمیشە ڕێوی ئاسایانە خۆی لە شەڕەکە دزیەو و لە دوورەوە جار جار بە تۆپ و کاتوشا شوێن و سەنگەرەکانی پارتیان تۆپ باران دەکرد. لەلایەکی دیکەوە لە ڕۆژی ١٦ی ٨ی ١٩٩٧ دا هێزەکانی پارتی لەنێو شاری هەولێردا پەلاماری بنکەو بارەگاکانی پ.ک.ک یان دا کە نزیك بە پەنجا پێشمەرگە و لایەنگری پ.ک.ک کوژران و باقی بریندارکران و هێندێکیشان خۆیان لەنێو شاردا شاردبۆوە، بەمجۆرە بەڕەسمی کۆتایی بە تێکۆشانی پ.ک.ک هات لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتیدا. تا سەرەنجام بەهۆی هەوڵی حزبەکانی کوردستان و سیاسەتمەداری کورد عەزیز مەحەمەد شەڕەکە ئارام بۆوە و کۆتایی پێ هات تا ماوەی دوو ساڵ نە شەڕ نە ئاشتی لەنێوان ئەو دوو حزبەدا ڕاگیرا، دواتر دەوڵەتی ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا بانگهێشتی بەڕێزان جەلال تالەبانی و مەسعود

بارزانی دەکا بۆ ئەمریکا. لەوێ بە بەشداری نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو مەسئولانی پایەبەرزی دەوڵەت، وەك وەزیرەی دەرەوە "مارلین ئۆلبرایت" لە ڕۆژی ١٧ی ٩ی ١٩٩٨ ڕێکەوتن نامەیەك لە نێوان کاك مەسعود و مام جەلالدا مۆرکراو لەسەر زۆربەی خاڵە گرینگەکان کە ببوونە هۆی شەڕ لە نێوانیاندا پێکهاتن. بەو ڕێکەوتنە لاپەڕێکی نوێی ئاشتی لەنێوانیاندا کرایەوە، ڕێگا بۆ یەکگرتن و تەبایی و کۆتایی هێنانی یەکجاری شەڕ خۆشکرا. بێ گومان بە کۆتایی هاتنی شەڕ لەنێو ئەو دوو حزبەدا خەڵکی کوردستان بەگشتی و حزب و ڕێکخراوەکان بەتایبەتی دڵخۆشبوون و هیواو ئومێدێکیان بۆ پەیدا بوو، چاوەڕوانی ئاکامی باشی ئەو ڕێکەوتنە دەکەن. بەڵام بەداخەوە وتووێژو دانیشتنەکان بە باشی ناچنە پێش و هیچ کام لەوان دڵسۆزانە نایانەوێ کۆتایی بە ناکۆکیەکانی خۆیان بێنن. هەر حزب و لایەنێکی کوردستانیش کە بیەوێ کۆسپ بخاتە سەر ڕێگەی ئەو پرۆسە ئاشتیە نەك هەر خزمەت بە گەلی کورد ناکات، بەڵکو بە لادان لە ڕێبازی کوردایەتی چاولێدەکرێت، هەر بۆیە پێویستە حزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەخۆ تێهەڵقوتاندن لە کاروباری کوردستانی عیراقدا خۆ ببوێرن و ئەگەر گوڵ نابن دڕك نەبن، بەتایبەتی پ.ك.ك دەبێ لەو بوارەدا بەخۆیاندا بێنەوە و بە نێوی پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی واز لە دەستخستنە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان بێنن.

لەو سەروبەندەدا ئەمن ماوەیەك بەرپرسایەتی پەیوەندیەکانی حزبم لە شاری هەولێر و سلێیمانی پێ سپێردرابوو ئاگاداریم بەسەر زۆربەی گۆڕانکاری شەڕ و تێکهەڵچوونەکاندا هەبوو، لە نزیکەوە لە مەسەلەکانم دەکۆڵیەوەو هەر بۆیەش ڕووداوەکانم وەك خۆیان نووسیوەو گێڕاوەتەوە.

### هەوڵدان بۆ هەڵوەشانەوەی پلانەکانی ڕژێم و ئالۆزیەکانی نێو خۆی حزبی دیموکرات

لە ماوەی شەڕی نێوان پارتی و یەکیەتیدا ڕژێمی ئێران زۆر پلانی جۆراوجۆری لەسەر حزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستانی و ئێرانی بەڕێوەبردن، لەهەمان کاتدا گەلێك پلانیشی بەهۆی ووشیاری ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حزب هەڵوەشێنەرانەوە، بۆ نموونە بۆمبێك کە لەلایەن ڕژێمەوە بەهۆی هاوکاری مەجیدی مەلا فەتاح و ئازاد حەمەغای کۆیە بە خۆفرۆشێکی نێوخۆی حزب بەنێوی

"شێرکۆ" درابوو ئاشکرا کراو ناوبراویش بە سزای خیانەتی خۆی گەیشت. ئەو بۆمبە بۆ ئەوە نێردرابوو کە بنکەی دەفتەری سیاسی بتەقێنێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. هەر لەو ماوەدا ڕادیۆیەك کە بە بۆمب داڕێژرابوو لەلایەن خۆفرۆشێکی دیکەی نێو خۆی حزبەوە لە ژوری بنکەدا تەقێنراوەیە و بوو بە بەهۆی شەهیدبوونی دوو کادری حزب کە یەکێك لەوان ناوی وریا بوو. لە بنکەی فێرگەی حزبیش بەهۆی دەرمان تێکردن لە خواردن لەڕێگای ئەفرادی نفوزی نێوخۆی حزبەوە چەند پێشمەرگەیەك ژاراوی بوون کە بەخۆشیەوە ئەوان بەهۆی هەوڵی دوکتورەکان چاك بوونەوە. پلانێکی دیکە کە ڕژێم دایڕشتبوو لە ڕێگای کەسانی نزیك بە سەرکردایەتی حزب و شوفێری بنکەکانی حزب بەنێوی عەلی زورەیی کە دەیەویست زەڕبەیەکی قورس لە سەرکردایەتی حزب بدات ئەویش بەهۆی ووشیاری بەرپرسانی حزب ئاشکرا بوو ناوبراو لەگەڵ دوو نەفەری دیکە بەناوەکانی خالیدو ئەبوبەکر بە سزای خۆیان گەیشتن. بۆ بەرگری کردن و بەرپەرچ دانەوەی تیرۆرەکانی ڕژێم، هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگە بڕیاریاندا کە مۆرەکانی ڕژێم لە کوردستانی عێراقدا لەداو بخەن و تۆڵەی شەهیدەکانیان لێ بستێنن، لەو پەیوەندیەدا چەند کەسێك لە بەرپرسانی ئیتلاعاتی ڕژێم و تیرۆریستەکانی نێو خۆی کوردستانی عیراق لەلایەن کادرەکانی حزبەوە بە سزای خیانەت و تاوانباری خۆیان گەیشتن. بێجگە لەوانە چەند خۆفرۆشێکی وەك خالید گوشاد، شەپۆل شەریفی و چەند کەسێکی تر خەیانەتیان لە حزب و گەلەکەیان کردو لە ژێرەوە پەیوەندیان بە ڕژێمەوە گرتبوو، ئەوانەش یا هەڵاتنەوە ناو ڕژێم لەلایەن حزبەوە بە سەزای خەیانەتەکانیان گەیشتن.

هەروەك پێشتر ئیشارەمان بەهێندێك ئاڵۆزی و ناکۆکی نێو خۆی حزب کرد دووبارە ئیشارەیەك بە هێندێك لە مەسەلەکان دەکەم. لەو ماوەدا کاك جەلیل وەك سکرتێری حزب سەفەری کرد بۆ ئوروپا، دواتر کاك حەسەن ڕستگاریش کە پاسەکەی بەرەو تەواو بوون دەچوو بۆ تازەکردنەوەی، ئەویش سەفەری کرد، ئەو ماوەیە کە ئەوان سەفەریان کردبوو، هەڵسوراندنی کاروبارەکانی حزب دەکەونە سەر شانی کاك فەتاحی کاویان و کاك هاشم کەریمی و حسێن مەدەنی کە ئەندامی دەفتەری سیاسی دەبن. بە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەوانەوە واتە کاك فەتاح و کاك حسین ئەو پەیوەندییە تەشکیلاتیەی کە پێشتر لە نێو ڕیزەکانی حزبدا

سەقامگیر ببوو هەر ئۆرگانە کاری خۆی دەکرد، بە تەداخولکردنی ئەوان ڕاستەوخۆ لە کارەکانی ئۆرگانەکاندا شیرازەو سیستمی تەشکیلاتی حزب بەرەو لێکهەڵوەشان دەچوو، ڕابیتە جێگای زەوابتی دەگرتەوە، حزبایەتیەکە لەژێر سێبەری دۆستایەتی و ناوچەگەراییدا و پەیوەندی تایبەتی نێوان ئەندامانی حزب وەك سیستم باڵی بەسەر ئۆرگانەکانی حزبدا کێشا. بەم شێوەیە کاك حسێن مەدەنی و کاك فەتاحی کاویان بە بەهانەی هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە باندبازی و دەستە بازیان لە نێو کادرو پێشمەرگەدا دەست پێکرد و دەیانەویست بە بێ مەرج لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حزب تێکەڵ ببنەوە کە ئەو شێوە تێکەڵبوونەوە نە بۆ ئەندامانی ڕێبەریی و نە بۆ کادرو پێشمەرگە قابلی قەبووڵ نەبوو، چوونکی هەر کام لە ئەندامانی حزب بۆ یەکگرتنەوە موافیق بوون بەڵام هەر کەس نەزەرو بۆچوونێکی لەو پەیوەندیەدا هەبوو هەموو لایەکمان دەمانەویست ڕەوتی یەکگرتنەوەکە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێزی بەرامبەر و حقوقی وەك یەك بە ئاکام بگات. ئەومەسئەلە بوو بەهۆی ئەوە کە کاك حسێن و کاك فەتاح سیاسەتی سەربەخۆو جیا لە حزبیان گرتە بەر، بە کەیفی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ حزبەکانی کوردستان پەیوەندیان دەگرت و بۆ زیاتر خۆ نیشاندان مەسئولیەتەکانیان لە دەستی خۆیاندا پاوان دەکردو بەرابەر بە کادرو پێشمەرگەی حزب هەڵوێستیان دەگرت. بۆ وێنە کاك حسێن مەدەنی بەبێ پرسی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بە ئاگاداری کاك نێچیرڤان بارزانی ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتی لەگەڵ نوێنەری جومهوری ئیسلامی ئێران کۆدەبێتەوە، گۆیا دەیەوێ وتووێژ بکات!؟ ئەو هەڵوێستەی ناوبراو لە پلنۆم و کۆبوونەوەکانی کۆمیتە ناوەندی هەلاو هەنگامەیەکی زۆری لێ ساز بوو، زۆر هاوڕێی حزبیمان هەبوون بە نسبەت کاك حسێن مەدەنیەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دانیشتنەدا دوڕدۆنگ ببوون. هەر بۆیە ناوبراو کەوتە بەر ڕەخنەی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی. جگە لەوەش کاك حسێن کە لە پێشتردا پێی سپێردرابوو بۆ جێبەجێ کردنی هێندێك کاروباری حزب لەگەڵ پارتی لە هاتوچۆدا بیست ناوبراو لەو پەیوەندیەیدا سنورێك لە نێوان خۆی و پارتیدا نایەڵێتەوەو دەیەوێ سیاسەتی پارتی لەسەر حزب بەکاربێنێ و لە ڕوانگەی پارتیەوە دەڕوانییە کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان حزبەکانی کوردستان، لەو ناوەشدا ئیمکاناتێکی باش بۆ حزب لە پارتی وەردەگرێت، بۆخۆشی زیاتر خۆی

بەسەرکردایەتی پارتی دەناسێنێ. لەولاشەوە کاک فەتاحی کاویان بە تەداخولکردن لە کاروباری بەشی پەیوەندیەکانی حزب ئاگاداریان بکات چوارچێوەی کار لەگەڵ ئەواندا دادەڕێژی و هەموو مەسئەلەکان و داواو پێشنیارەکان ڕوو پێ دەخۆی دەکرێن. ئەو شێوە کارە تا گەڕانەوەی کاک جەلیل و کاک حەسەن لە ئوروپا بەسەر حزبدا زاڵبوون، جگە لەوانەش چەند کاری دیکەی نادروست دەکران بەڵام لەگەڵ ئەوەش کادرو پێشمەرگەکانی حزب ئەرکەکانی خۆیان بەجێ گەیاند. ئەو هاوڕێیانە بەژێرپێنانی بەرنامەو پێڕەو هەروەها لەبیرکردن و بێ حورمەتی بە ڕاگەیەنراوە مادەییەکەی ساڵی ١٩٨٨ کە ئیعلام مەوجودیەتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی تێدا کرا، بێ وەفایی و پابەند نەبوونی خۆیان بە بەڵێنەکانیان بەرابەر بە کادرو پێشمەرگە و شەهیدانی ئەو ماوەیە سەلماندو ماهییەتی خۆیان زیاتر بۆ کادرو پێشمەرگە ئاشکرا کرد، کە هیوادارم لێرە بەدوا، سادق وەفادار بە هاوسەنگەرانی ئێستای خۆیان بمێننەوە. ئەوانە هەمووی بە جێگای خۆی، خراپتر لەوەش هێشتا حەسەن ڕستگار لە ئوروپا نەگەڕابۆوە، پلنۆم بەستراو لەو پلنۆمەدا لە پشت سەری کاک حەسەن ئەو دوو هاوڕێیە داوای لێوەرگرتنەوەی مەسئولیەتی حزبیان لەناوبراو کردو کەوتنە سەنگەری دژایەتی لەگەڵ ئەو. پێم ناخۆشە قسەکانی ئەو بەرابەر بە کاک حەسەن کە گووتوویانە بیانگێڕمەوە، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە قسەکانی و نە لە شکڵی حزبایەتیدا لە جێی خۆیدا نەبوون و ڕەنگدانەوەی باشیان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پلنۆم ئەو بڕیارەی ڕەت کردەوە و بەرپرسایەتیەکەی خستە سەر شانی دەفتەری سیاسی و دەفتەری سیاسیش بە هەق یان بە ناهەق نامەیەك بۆ کاک حەسەن دەنووسن و وەختی بۆ دیاری دەکەن ئەگەر لەو ماوەدا نەگەڕێتەوە ئەوا ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر نامێنێ!؟ بەهەرحاڵ کاک حەسەن گەڕایەوەو ڕووپەڕەکە وەرگەڕاو پلنۆمی حزب بەسترایەوە. کاک حەسەن نامەکەی لە کۆبوونەوەدا بۆ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی خوێندەوە ئەو دوو برادەرە بە بوونی کاک حەسەن متەقیان لێوە نەهات و سەیرتر لەوەش ئەوەبوو داوایان لە پلنۆم کرد کە سکرتێر بگۆڕن!؟ ئەو کارە لە جێگای کاک جەلیل کاک حەسەنی ڕستگار بۆ سکرتێری حزب دەنگی هێنایەوە، کاک جەلیلیش وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر لە پێشوو زیاتر هەڵدەسوڕاو کارەکانی حزبی ئەنجام دەدا. تا ماوەیەك هەموو لایەکمان بە یەکەوە

درێژەمان بە کارەکانی خۆماندا، کاک حسێن مەدەنیش وەک بەرپرسی دەبێرخانەو کۆمسیۆنی پەیوەندیەکان دیاری کراو قبوڵیشی کرد، ئەمنیش وەک ئەندامی کۆمسیۆن و بەشی پەیوەندیەکانی حزب کارەکانمان پێکەوە ئەنجام دەدا، بە هەق زۆربەی کارەکانی دەبێرخانە حسێن مەدەنی جێبەجێی دەکردن و حەسەن ڕستگاریش وەک سکرتێر هەموو دەسەڵاتێکی بەناوبراو دابوو. لەناکاو ئاغای مەدەنی هەڵبەزیەوەو بەبێ ئەوەی هیچ مەسەلەیەك بێتە گۆڕێ یان کێشەیەك رووبدات، چەند ڕۆژێك نەهاتەوە دەبێرخانەو لە ماڵی خۆیدا خەریکی ژیانی خۆی بوو. تا ڕۆژێك ڕستگار داوای لە من کرد کە بچم قسە لەگەڵ مەدەنی بکەم تا بزانین بۆچی نایەتەوە سەر کارەکەی خۆی، کاک حەسەن گوتی پێی بڵێ ئەگەر هاوکاریان نەدەکردم بۆچی ئەو مەسئولیەتەیان دەخستە سەر شانی من!؟" منیش لەسەر داوای ڕستگار چوومە لای مەدەنی و هەموو ئەو مەسەلانەم لەگەڵ ناوبراو باسکردو هێندێك لە مەسەلەی پێشوومان هێنانەوە گۆڕێ ئەنجامی باسەکانیش ئەوەبوون ناوبراو گوتی:

" ئەمن نە ڕستگارم بە سکرتێری حزب قبووڵەو نە ڕێبەرایەتیشم پێ حزبی دیموکراتە!؟ درێژەی پێداو گوتی: " ئەمن حسابی خۆم کردەوە و لێرە حزبایەتی ناکەم و دەچمەوە کۆیە!؟" من بەسەر سوڕمانەوە گەڕامەوە لای ڕستگارو قسەکانم بۆ گێڕایەوە، ناوبراویش زۆر لەسەرەخۆ و بە ئارامی گوتی: " ئۆهۆو!؟ ئەوە تەواوی کرد، با بچێتەوە بزانم دەبێتە شا". دواتر کاک حەسەن درێژەی بە قسەکاندا گووتی: " ئەگەر ئاوا ڕوخاوە و باوەڕی بە ڕێبەرایەتی نەماوە بۆچی ماوەیەك پێشتر بە بێ ئاگاداری دەفتەری سیاسی وەك بەرپرسی تەشکیلات پێشمەرگەی دەنارده سەر باڵەکەی تر لە کۆیەو لەسەر ماشێنێك خەریك بوو چەند کادرو پێشمەرگەی حزب لە هەردوو لا بەکوشت بدات، گوتی ئەو مەسەلەیە جێگای سەرسوڕمانە. بەخۆشیەوە لەو ماوەدا ڕەوتی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حزب زیاتر دەچۆوە پێش، پێشتر لە دەرەوەش کاك جەلیل و مامۆستا مەلا عەولا یەکتریان دیبوو لەو بارەوە هێندێك ئاڵوگۆڕی نەزەر کرابوو هیوایەك بۆ یەکگرتنەوە پەیدا ببوو، تا وای لێهات کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەسەر دەعوەتی برادەرانی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکرات چوونە کۆیەو سەردانی ئەوانیان کرد و بۆ یەکەمجار دوای نزیك بە نۆ ساڵ لێکدابڕان و جودایی لەسەرەتای مانگی دووی ساڵی

١٩٩٥ دا پێکەوە دانیشتن و لەسەر یەك سفرە نانیان خواردەوە. هەر لەو دانیشتن و سەردانەشدا لەسەر چۆنیەتی یەکگرتنەوە قسە دەکەن. بەو سەردان و چاو بەیەککەوتنە لەنێو ڕیزەکانی هەردوو لا بیری یەکگرتنەوە بەهێز دەبێ، دوای ماوەیەك ئەوانیش وەك دەفتەری سیاسی سەردانی دەفتەری سیاسی ڕێبەرایەتیان کردەوەو وردە وردە ڕوداوە دڵ تەزێنەرەکان لەبیر دەکرانەوە و خەبەری خۆش جێگای دەگرتنەوە.

ئەوجار کاك جەلیل لەسەر داوای تری حزبی دیموکرات دەچێتە دەفتەری سیاسی ئەوان و سیمنارێکی بۆ پێکدێنن، ناوبراو لەو سیمنارەدا بە ڕاشکاوی دەڵێ یەکگرتنەوەی دوو باڵی حزبی دیموکرات زەرورەتێکی مێژوویی و ویستی زۆربەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە هەر بۆیە دەبێ هەموو ئەندامانی حزب بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزو نەتەوەییە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموومان هەوڵی خۆمان بدەین، ئەگینا نە خەڵکەکەمان دەمانبەخشێ و نە مێژووش لێمان دەبووری. دوای باسێکی تێرو تەسەل لەسەر ئەو مەبەستە، کاك جەلیل بە لێکگرێدانی هەردوو دەستی و بژی یەکیەتی ڕیزەکانی حزب قسەکانی خۆی کۆتایی پێ دێنێت. قسەکانی کاك جەلیل تەئسیر لەسەر ئەو کەسانەش دادەنێ کە پێشتر لەنێو ئەواندا مخالیفی یەکگرتنەوە دەبن و دەیانەوێ کۆسپ و تەگەرە بخەنە سەر ڕێگای یەکگرتنەوەی دوو باڵی حزب. بەدوای ئەوەیشدا مامۆستا مەلا عەولا حەسەن زادە وەك سکرتێری باڵەکەی تری حزب سەردانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی کرد و لە سیمینارێکدا کە بۆی پێکهاتبوو لەسەر ناکۆکی و ناتەباییەکانی پێشووی حزب لەنێوان ئەو دوو باڵەدا و هۆیەکانی ڕووداوە تاڵەکان لە ئەنجامی چیدا هاتوونە گۆڕێ و بەسەر حزبدا شکاونەوە دەدوێ و دەڵێ:

١- لیستی فیکس دیاردەیەکی زۆر خراپ بوو کە لە کۆنگرەی هەشدا هاتە گۆڕێ.

٢- جیابوونەوە و هەڵوێست گرتنی برادەرانی موخالیفی لیستی فیکس کارەکی بێ جێ بوو. دەبوو لەناو حزبدا بمابانەوە و بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردە خراپانە تێکۆشابان.

٣- لە هەمووی خراپتر بڕیاری شەڕکردن بوو کە لە لایەن حزبی دیموکراتەوە بەرابەر بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ درا.

ئەوە ناوەڕۆکی قسەکانی عەبدوڵای حەسەن زادە بوو لەو سمنارەدا، ئەوجار ناوبراو لەسەر شێوەی یەکگرتنەوەو هەوڵدان بۆ یەکبوونەوەی دوو باڵی حزب داوای لە هەموو کادرو پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتی کردو گووتی:" بەوەبەرچاوگرتنی مەسئولیەتێك کە کەوتۆتە سەر شانی هەموو لایەکمان پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسە گرنگ و نەتەوەییە کە لە چاکە و خراپەدا بە گوێرەی مەسئولیەتەکانمان هەموومان بەشدار دەبین" ناوبراو لە کۆتایی قسەکانی دا جارێکی دیکەش هیوای خواست کە بە یەکگرتنەوەی یەکجاریمان ئاسەواری ڕووداوە تاڵەکانی ڕابردوومان بسڕینەوەو دڵی گەلی خۆمان و دۆستانمان خۆشبکەین و دوژمنانی قین لە دڵ هەراسان و داماو بمێننەوە. بەمجۆرە دەتوانین حزبی دیموکرات بەهێزتر و گەورەتر بکەینەوە. هەموو بەشدارانی ئەو سیمینارە بەگەرمی پێشوازیان لەو قسانەی مامۆستا کردو بەدەنگی بڕژی یەکیەتی ڕیزەکانی حزب کۆتایی بە ووتارەکەی مامۆستا هات.

ئەوجار لە لایەن بەشداران چەند پرسیارێك لە مامۆستا مەلا عەولا حەسەن زادە کران و وەڵامێکی موسبەتی دانەوە، بەدوای قسەکانی ناوبراودا کاك جەلیلی گادانی لەگەڵ سوپاس و ڕێز گرتن لە مامۆستا وەڵامی هێندێك لە قسەکانی ناوبراوی دایەوە و ئەو شتانەی کە مامۆستا لە بیری کردبوون یان بەسەریدا بازدابوون پشت ڕاستی کردنەوە. بەدوای ئەو دوو کۆبوونەوەیەدا هەردوو لا نوێنەرانی خۆیان دیاری کرد بۆ وتووێژ کردن لەسەر چۆنیەتی تێکەڵبوونەوە. لەلایەن ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕەوە حەسەن ڕستگار، فەتاحی کاویان، کەمالی کەریمی عوسمان ڕەحیمی دیاری کران. لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی ئەوانیشەوە بۆ یەکگرتنەوەکە چەند کەسێك دەست نیشان کرابوون، دوای چەند جار دانیشتنی هەردوو لا بەیەکەوەو ئاڵوگۆڕکردنی نەزەر هەموو لایەك لەسەر ڕێکەوتن نامەیەك کۆك دەبن و دەینووسن و بە ئیمزای هەردوو لای دەگەیەنن. بەڵام کاتێك نوێنەرانی ڕێبەرایەتی گەڕانەوە سەرکردایەتی حزب لە کۆبونەوەیەکی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی دا بڕیارنامەکە دەخوێنرایەوە و بە تێکڕایی دەنگ خاڵەکان پەسەند کران، هەر لەو کۆبوونەوەدا ئەبوبەکری ڕاد بڕیارناکەی وەرگرت و خوێندیەوە، تاوێك ڕاوەستاو گوتی: " هاوڕێیان نوێنەرانی ئێمە چۆنە ئەو بڕیارەمان قەبوڵ کردووەو ئیمزاشیان کردووە؟ تەماشاکەن حزبی

دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ خراوەتە نێو گیومە؟! کە مانای بە ئیستیلاح دەگەیەنێ، وا دیارە نوێنەرانی ئێمە یان متەوەجی ئەو مەسەلەیە نەبوون یان هەر چۆنێك بێ و لە ژێر تەئسیری هەر شتێکیدا بووبێ ویستویانە کۆتایی بە مەسەلەکە بێنن". هەر لەو کۆبوونەوەدا بڕیار درا کە جارێکی دیکە پێکەوە دانیشنەوە و باسی ئەو گیومەیان لەگەڵ بکرێ و بە لابردنی گیومە بڕیارنامەکە بە ئیمزای هەردوو لا بگەیەنرێتەوە، هەر ئەو هەیئەتە گەڕانەوە لای برادەرانی دیموکرات و ئەوان لە پێشەوە حازر نەبوون گیومەکە لابەرن، ئەو گیومە ماوەیەکی دیکەش یەکگرتنەوەی دوا خست و بوو بە کۆسپ لەسەر ڕێگای یەکگرتنەوە. ڕێبەرایەتیش دەبوو لە فکری ئەوەدا بێت ئەگەر گیومە لانەچێ خۆ ڕێك بخاتەوە و درێژە بە شۆڕشی خۆی بدات. بۆ ئەو مەبەستە دوای ماوەیەك لە شاری هەولێر لە بنکەی پەیوەندیەکانی حزب ئاخری پلنۆمی خۆی گرت، هەموو لایەك ساغبووینەوە ئەگەر گیومە لانەبرێ ئەوا تێکەڵبوونەوە غەیرە مومکینە، بۆ ئەو مەبەستە پلنۆم کارەکانی خۆی ڕاگرت و هەیئەتێك بەسەرپەرشتی حەسەنی ڕستگار کە ئەودەم سکرتێری حزب بوو گەڕانەوە لای سەرکردایەتی باڵەکەی دیکەی حزب. لەو پەیوەندیەشدا ئەمن نامەیەکم بۆ مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە نووسی. بەخۆشیەوە بە هیمەتی هێندێك هاوڕێیانی دڵسۆزی حزب بەتایبەتی مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە گیومەی شەیتان و ماڵ وێران لەسەر ڕووپەڕەی ڕێکەوتن نامەکە پاك دەکەنەوە و دەنگی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شاخ و چیاکانی کوردستانیان لەرزاندو ئەو دەنگە بە گوێی هەموو ئازادیخوازان و هۆگرانی دیموکراسی گەیشت، جۆش و خرۆشێکی خستە نێو دڵ و دەروونی ئەندامانی حزب بە تایبەتی و گەلی کورد بەگشتی. بنەماڵەکەی شەهیدانیش بەو خەبەرە لەگەڵ پیرۆزبایی لەیەکتر لە ماڵەکانی خۆیاندا جەژن دەگرن.

هەر لەو پەیوەندیەدا دوو ساڵ پێش یەکگرتنەوە من چەند نامەیەکم بۆ مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە و کاك مستەفای هیجری و کاك سەید سەلامی عەزیزی نووسیبووم بۆم ناردن، لە نامەکەدا داوام لە هەموو لایەکیان کردبوو کە کۆتایی بە شەڕی نێوخۆ و بەتایبەتی شەڕی نێوان دوو باڵی حزب بێنن، بەڵام بەداخەوە وەڵامی نامەکانم وەرنەگرتەوە، جا ئەوە بەهۆی خۆبەزۆر گری بووە یاخود ئەو کاتە ڕەنگە

باوەڕیان بە یەکگرتنەوە نەبووبێ، تەنیا وەڵامی نامەیەکم وەرگرتەوە کە لە ڕۆژەکانی دواییدا سەبارەت بە لابردنی گیومە بۆ مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادەم نووسی بوو، ناوەڕۆکی نامەکانیش لە ڕووپەرەکانی ئاخری ئەو کتێبەدا دەخوێننەوە، لەگەڵ چەند نامەیەکی دیکە کە پەیوەندارن بەو مەسەلانە کە لەو کتێبەدا باس کراون.

## جەژنی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حزبی دیموکراتی کوردستان

خوێنەرانی بەڕێز، هاولاتیانی کورد، شۆڕشگێرانی ڕاستەقینەو دڵسۆزان و ڕوناکبیرانی کوردستان، جارێکی دیکەش وەبیر هەموو خەڵکی کوردستانی دێنمەوە کە شەڕی نێوخۆیی گەلی کورد و نێوان حزبەکانی کوردستان چەندە داخ و کەسەریان لەسەر دلی گەلی کورد داناوەو چەندەها شۆڕشگێری ڕاستەقینەی ئەو گەلە بوونە فیدای بڕیاری چەوتی ڕێبەرانی حزبەکان و چەندە ماڵوێرانی بۆ گەلی کورد بەدواوە بووە، هەر بەو جۆرەش نۆ ساڵ جودایی و نۆ ساڵ ناکۆکی و قینەبەرایەتی و دژایەتی یەکتر کردن و نۆ ساڵ بەربەرەکانی سیاسی و چەکدارانەی نێوان دوو باڵی حزبی دیموکرات کە لە ئاکامی پەرەپێدانی دەسەڵاتی تاکە کەسی و چەند کەسی لە ئاستی ئەندامانی ڕێبەریی حزبدا بە پلەی یەکەم سکرتێرەکان پێکهات بوو لە ماوەی یەك ساڵ و نیو دانیشتن و وتووێژدا، بەبێ ئەوەی حزبێك یان لایەنێکی سیاسی نێوبژی کەری بکات، بەهەوڵ و هیممەتی هێندێك لە دۆستانی کورد و دڵسۆزانی ڕاستەقینەی حزب و گەلەکەمان لە نێو هەردوو باڵەکەدا ئەو ڕەوتە لە ١٩ی بەفرانباری ١٩٩٦ دا بە ئاکام گەیشت و دوو باڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕەسمی بەیان نامەیەکی هاوبەشیان ڕاگەیاند بە گرتنی جەژنێکی گرینگ و گەورەو شایی و هەڵپەرکێ و گۆرانی و سرود، هەموو بیرەوەریە تاڵ و داخدارەکان لە دڵ و دەروونی هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرانی حزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ڕووپەرەکانی مێژووی ئەو نۆ ساڵەدا پاك کرانەوە. هەموو ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوونەوە یەك و هەموو لایەکمان بەدڵەوە پێشوازیمان لەو سەرکەوتنە مەزن و مێژووییە کردو ڕووپەرەیەکی نوێ و زێڕین بە مێژووی خەباتی ٥٢ ساڵەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە زیاد کرا. هیوادارم ئەو یەکیەتی و یەکگرتنەی حزبی دیموکراتی کوردستان ببێتە ڕێگا نیشاندەر و چرایەکی ڕوناك بۆ لابردنی تاریکی لەسەر ڕێگای حزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان و

بەتایبەتی بۆ پارتی و یەکیەتی نیشتمانی ئاکامێکی باشی هەبێ و بەخۆیاندا بێنەوە و گەلی کورد لەژێر باری دەردو پەژارەدا ڕزگار بکەن. دەقی بەیان نامە هاوبەشەکەی دوو باڵی حزبی دیموکراتیش بەبێ دەستێوەردان و لێ زیاد کردن و لێ کەم کردن لە ڕووپەرەکانی ئاخری کتێبەکەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان و هۆگرانی ڕێگای ئاشتی و دیموکراسی.

هاونیشتمانانی خۆشەویست، دەبێ هەموو لایەکمان ئەو ڕاستیە قەبوڵ بکەین کە سەرکەوتنی گەلی کورد لە یەکگرتنی حزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێ، هەر بۆیە هیوادارم بە یەکگرتنەوەی دوو باڵی حزبی دیموکراتی کوردستان بزوتنەوەی کورد لەو بەشەدا پێدەنێتە قۆناغێکی نوێی خەبات و ڕەوتی پێشکەوتنخوازی و بەرقەراربوونی دیموکراسیش لە ڕیزەکانی ئەو حزبەدا زیاتر سەقامگیر دەبێ. ئەو حزبە دەورانی ئاڵۆزی و دواکەوتوویی بە جێدێڵێ و یەکگرتوویی و خۆشەویستی بەدیاری بۆ کادرو پێشمەرگەو گەلی کورد دێنێ، بەتایبەتی مۆژدەیەکی خۆشیش دەبێ بۆ بنەماڵەی شەهیدان، کە ئەوەش لە سایەی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی ئەو حزبەیە کە ساڵەهای ساڵە لە پێناوی ئازادی و دیموکراسیدا تێدەکۆشن و بەدەیان ساڵ لە زیندانی دوژمنان و ئاوارەییدا ژیانی پڕ مەترسیان بردۆتە سەر. هەر لەو پێناوەشدا هەزاران کۆسپ و لەمپەریان هاتۆتە سەر ڕێگاو لە هەموو بوارەکاندا خۆڕاگری و بەربەرکانی خۆیان نیشان داوە و نەبەزیون. ئیمانیشم بەوە هەیە کە لێرەش بەدوا وەك سنبولی ئازادی دەمێنێتەوە و لە پێناوی پاراستنی پلەو پایەو دەسەڵاتدا جارێکی دیکەش ئەو حزبە پرش و بڵاوی بەخۆیەوە نابینێتەوە و سادقانە و شۆڕشگێڕانەتر دوور لە هەر چەشنە ناکۆکیەك درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدەن. هەر بەو جۆرەش داوام لە ئەندامی ڕێبەریی حزبی دیموکرات و هەموو سەرکردەکانی گەلی کورد هەیە کە لەوە زیاتر ڕۆڵەکانی کورد لە پێناو دەسەڵاتی خۆیان بەیەکتر بە کوشت نەدەن و تەسلیمی ئیرادەی خۆیان بن تا لە مێژووی گەلی خۆیاندا سەربڵند بمێننەوە. داواشم لە شۆڕشگێڕانی کوردستان هەیە کە بۆ دەستەڵات یەکتری نەکوژن.

لەکۆتاییدا سوپاسی خوێنەران دەکەم و هەروەها سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەم کە لە تایپ کردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێزمانیدا هاوکاریان کردوم.

# بەیاننامەی هاوبەش

کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان !
حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان !
دۆستانی گەلی کورد لە سەرانسەری جیهان دا !

پاش کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشێک لە کادر و ئەندامانی حیزب، بە هۆی هێندێک گیرو گرفتی نێوخۆیی، لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی دا بە ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» (اعلام موجودیت) یان کردو لە ژێر ئەو ناوە دا تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ دا.

ماوەی ٨ ساڵ بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو گیرو گرفتانە کە بەو هۆیەوە هاتنە پێشەوە، زیانێکی زۆریان لە بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران دا. بە خۆشی یەوە دوای هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی حیزب و دۆستانی گەلی کورد، لە بەهاری ساڵی ١٣٧٤ەوە دەرگای وتوویژ بۆ چارەسەری ئەو گیرو گرفتانە کرایەوە. پاش چەند کۆبوونەوەی باس و ڕاوێژ، هەر دوو لا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە دیاردەی بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێ بهێنرێ و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕیزێکی یەکگرتوو دا خەباتی خۆیان بۆ وەدیهێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزب «**دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان**» درێژە پێ بدەن.

بۆیە، بە خۆشحاڵی یەوە مزگێنی بە هەموو دڵسۆزانی حیزب و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو ئەوینداری ئاشتی و ئازادی دەدەین کە لە دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات و ئەو ئاواتە پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزب وەدی هاتوە. هیواداریین ئەم هەنگاوە پیرۆز و بەرپرسانەیە، گوڕو تینێکی زیاتر بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بدا و لە وەدەست هێنانی ماف و ئازادی یەکانیان نێزیکتریان بخاتەوە.

بەم بۆنەیەوە، داوا لە تێکڕای تێکۆشەرانی دێموکرات دەکەین، بە سەرنجدان بە گرنگیی ئەم هەنگاوە پیرۆزە، چەندی بکرێ زیاتر گیانی هاوکاری و برایەتی و تەبایی لە نێو خۆیان دا بەهێز بکەن. پێویستە یەکدلی

و یەکپارچەیی لە هەموو ناکارو رەفتارێکی خەباتگێرانی دێموکرات دا رەنگ بداتەوەو بەم جۆرە دڵی دۆستانیان شاد بکەن و هەموو ئەوانەی ویستوویانە لە ناکۆکیی نێو ڕیزەکانی حیزب بە زیانی بزووتنەوەی گەلەکەمان کەڵک وەربگرن، ناهومێد بکەن.

لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش، کە لە هەموو کەس زیاتر چاوەڕوانی بیستنی ئەم مزگێنی یە بوون، داوا دەکەین زیاتر لە جاران پشتی حیزبە خۆشەویستەکەیان بگرن و لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد دا یارمەتیی بدەن.

لێرەدا بە پێویست دەزانین لە کانگای دڵمانەوە سوپاسی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی یە کوردو ئێرانی و خاریجی یانە بکەین کە لە چەند ساڵی رابردوو دا، هەوڵی ڕێککەوتنەوەی تێکۆشەرانی دێموکراتیان داوەو بەم جۆرە دڵسۆزیی خۆیان بۆ یەکپارچەیی حیزبی دێموکرات نیشان داوە.

ئەوەندەی ناکۆکی و لێک دوور کەوتنەوەی خەباتگێرانی دێموکرات لە چەند ساڵی رابردوو دا جێگای داخ و کەسەر بوو، ئەوەندەش هەڵوێستی بەرپرسانەی هەموو لایەک لە ماوەی یەکساڵ و نیوی رابردوو دا، و دانیشتن و وتووێژیان بۆ چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان جێگای خۆشحاڵی یە. تێکۆشەرانی دێموکرات ئازایانە لەمپەرە ڕەوانی یەکانیان شکاند و ڕاستەوخۆ پێکەوە دانیشتن، هەتا توانیان دوا کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەکپارچەیی ڕیزەکانی حیزب لەنێو بەرن. بێ لەخۆبایی بوون دەڵێین ئەم کردەوە شۆڕشگێرانەیە لە پێوەندیی نێوان لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا بۆ چارەسەریی گیر و گرفتەکانیان دیاردەیەکی نوێ و جێگای هومێدە.

هیواداریـن ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات رۆژ بە رۆژ پتەو بوونی زیاتر بەخۆوە ببینن و لەوەش زیاتر، ئاشتی و تەبایی و هاوکاری باڵ بەسەر پێوەندیی نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد و حیزب و ڕێکخراوە سەرانسەری یەکانی ئێران دا بکێشێ و سەرەنجام دێموکراسی و پلوورالیزمی سیاسی بەباشترین شێوە لەوڵاتەکەمان دا سەقامگیر بێ.

پیرۆز بێ یەکپارچەیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

یەکگرتوو بێ خەباتی گەلانی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

***کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران***

***کومیتەی ناوەندیی***

***حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر***

**١٣٧٥/١٠/١٩ (١٩٩٧/١/٨)**

# نوار آخرین مذاکرات دکتر قاسملو با نمایندگان جمهوری اسلامی در جلسه‌ای که منجر به مرگ وی شد



نوامبر ۱۹۷۹ در مهاباد عبدالرحمن قاسملو بعد از مراجعت به ایران برای اولین بار در تظاهرات شرکت می کند

**قاسملو**

**●واژه «خودمختاری» برای ملت کرد بار عاطفی و تاریخی دارد**

**صحراوردی:**

**●مقامات جمهوری اسلامی خودمختاری را قبول نمی کنند**

در آخرین جلسه مذاکرات دکتر عبدالرحمن قاسملو و فرستادگان جمهوری اسلامی چه گذشت؟ دو طرف چه گفتند و چه شنیدند؟ نوارهای مذاکرات این جلسه که با صدای گلوله پایان می یابد، موجود است. پلیس اتریش پس از سال ها آن ها را در اختیار عبدالله حسن زاده دبیر کل حزب دموکرات کردستان ایران قرار داده است.

«کریس کوچرا»، روزنامه نگار روزنامه «لوموند» و نویسنده کتابی در باره مسأله کرد، این نوارها را شنیده است و چکیده آن را در لوموند (پنجشنبه اول ژانویه ۹۸) منتشر کرده است. برگردان گزارش لوموند را می خوانید.

●●●

در ۱۳ ژوئیه ۱۹۸۹، عبدالرحمن قاسملو دبیر کل حزب دموکرات کردستان ایران، به ضرب دو گلوله در سر و دو تن از یارانش در آپارتمانی در «وین» به قتل رسیدند.

در آن تاریخ، قاسملو، پس از دو بار تماس با نمایندگان جمهوری اسلامی در دسامبر ۱۹۸۸ و ژانویه ۱۹۸۹، بار دیگر با فرستادگان جمهوری اسلامی تماس گرفته بود

بەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
سکرتێری گشتی

الاتحاد الوطني الكوردستاني
الامين العام

Patriotic Union of Kurdistan
Secretary General

برای خۆشەویستم ـ سەرپەرشتیارانی ،
کاک حسێن نازیز ـ کاک عەلی عەسکەری وەتمان ،
قەرارگای مەڵبەندی (٨) ڕاپەڕین

سڵاوێکی گەرم

بەم نامەیەم ئەمرتان پێ دەدەم وەک سکرتێری گشتی
ی. ن. ک کە ئەم ھاوکارانەی کە ھەڤاڵانی
سەرکار ـ پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ ئێوەن بۆ ئاوایی
گوندی ئەمشونساشیان ، ھەر چی گوندان لێکراوە
دیگران و ھەمووی گەڕان ھەر چی ئاوایی لە سەر
سنووری بوو بە سەربازگەی شۆڕش ئێمە پێشتر
بووە ئەم ھەڤاڵانە پێشووتر لە ساڵی ... کردی
شەڕی ئێوە ھەمووتان

ھەر بژین بۆ ئازادی کوردستان
مام جەلال

ھەر

تەلاش جەلال
١٩٩٦/٨/١١

هەڤاڵی تێکۆشەر کاک قادر

سڵاو و ڕێز

برایانی دیموکرات (ڕابەرایەتی) لەماتە
لامان سەیارەکەی بەڕێزتی دوو کادیر و دوو
پێشمەرگەیانی لەگەڵ ٦ تفەنگ و دوو
دەمانچە و ڕادیۆیەک لە ماڵەکانیان گیراون
لەبەرئەوەی کە ئەوە تەئسیر لە
پەیوەندی لە هەردوولامان دەکات .. تکایە
من لێرە لە جیاتی جەنابتان سروشەکانم
بەرەلا کردن .

تکایە بڵێن سیلاحەکان و ڕادیۆکەیان
بدەنەوە .

لەگەڵ نامەی کاک میرزا ئەندامی
سەرکردایەتیان ڕێزی لێ بگرن

دووبارە حورمەت

برایان

١٩٩٦
١٠
٢٢

برای گەورەو بەڕێزم مامۆستا مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە .

لەگەڵ سڵاو و ڕێزم دا ، سەربەرزیمان بە دەرکەوتنی تان لە بنیادی هەرچی زیاتر [illegible] ریزەکانی حزب و بەرەوپێش بردنی ڕەوتی ئاشتی و برایەتی و ڕەوشی هاوکاری لە نێوان هەموو لایەنەکانی حزبدا ، بە ئامانجی گەلی کورد و سەرکەوتنەوە [illegible] بە ئاوات دەخوازم .

برای گەورەم . هەروەکوو ئەوەی کە ڕوونە [illegible] لەم ماوەیە تایبەتی خۆمدا تووشتان ، هەرزم کردی [illegible] کەسێک حزبی کورد و دەوڵەت دەکات کە لە بنیادی یەکگرتن و بەهێز کردنی حزب و ریزەکانی بنەماکانی دا تێ دەکۆشن و خەبات دەکا . هاوڕێی [illegible] دەبات دەکەم وەک هاوبەشان ئاڵای هەڵگرتن [illegible] پیرۆزە و هەواڵدارم لە سەر ڕێبەری [illegible] ئێوە پیرۆزە بە [illegible] ڕاستەوخۆ فکری سیاسی و هەیەتی هەروەها لە سەر ئەو [illegible] کە لە ئازادی و [illegible] کردووە ؟ [illegible] بەحاڵ [illegible] یادی [illegible] پێش [illegible] ئاگاهانە [illegible] کردووە بۆ ئەوە نابن ، ئەو دەوڵەتە پیرۆزە کە بە ئامانجی حزب [illegible] لە هەموو بارەکانی کوردستاندا ، بەرزە باش [illegible] بە [illegible] .

هاتبەکەوە داوام لە بەڕێزتان ئەوەیە [illegible] لە ئاکادی ئەرکی [illegible] سەرشانی [illegible] کەمتر [illegible] گەلی کورد [illegible] ڕووناکی [illegible] .

لێرەدا [illegible] هەڵبژاردنی [illegible] بەرزی سەرشانی خۆم [illegible] هەموو لاوانی [illegible] ئاوات دەخوازم [illegible] ، [illegible] دەبینن . [illegible] [illegible] مامۆستای [illegible] [illegible] گەلی کورد [illegible] [illegible] هەموو گەلی کورد [illegible] [illegible] حزب [illegible] [illegible] کوردستاندا [illegible] [illegible] بە [illegible] [illegible] ئاوات دەخوازم .

[illegible]

برای چکۆلەت فەرەج [illegible]

٢٠/٤/١٣٧٥ تەواو بوو

برای گەورەم کاک مستەفا هیجری

پێگەڵ زۆر حورمەتی تایبەتم، هیوام سەرکەوتنتانە، ئەمڕۆش هەر بۆ هەموو هاوڕێیان

[illegible] لە ئێمە [illegible] حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و خەباتی بە [illegible] سالانی

[illegible] هەروەها [illegible] هاوڕێیانی [illegible]

[illegible] کوردستاندا [illegible] خالەکانی [illegible]

[illegible] دێموکراتدا [illegible]

[illegible] یەکگرتنەوە [illegible]

لەبالی [illegible] حیزب، [illegible]

[illegible] ئێستا [illegible] هەردوو بالی حیزب [illegible]

[illegible]

[illegible] حیزبی [illegible] کوردستان [illegible]

[illegible]

[illegible] ئێستا [illegible]

[illegible] ڕاستییە [illegible] دونیای ئێستا [illegible]

[illegible] گۆڕانکارییەکان [illegible]

[illegible] ئێران [illegible] کوردستان [illegible]

[illegible] گۆڕانکارییەکانی جیهان [illegible]

[illegible] ئێران [illegible] گۆڕانکاریی [illegible]

[illegible] سیاسی [illegible] گۆڕانکارییەکانی جیهان [illegible]

[illegible] ئێران [illegible]

[illegible] ئێران [illegible] حیزب [illegible]

[illegible] حکومەتێکی

دێموکراتیکی [illegible] ئێران [illegible] کورد [illegible]

[illegible] حیزب [illegible]

سیاسییەکان [illegible]

[illegible] کوردستان [illegible] حیزبەکەمان

[illegible]

[illegible] ئێستا [illegible]

[illegible] حیزب [illegible]

[illegible]

[illegible] حیزب [illegible]

[illegible] حیزبەکەمان [illegible]

هەوڵیان ئەدا بۆ دەردی بەتایبەتی ماموستا بەڵام بەردەوام لەم بارەوە زەحمەتی
زۆر دەکێشێ. بەڵام بەداخەوە ئازارم چونکو بوو بە بانەی دوو لاو ئافەتەکانی دونیایان
بەدایکیان. بەڵام بە کوردی ماموستا ئەوەندە و بەشیاوانە ئیمەی قبول کرد و چێشتێکی باشی
لەخەڵکدا دا تاکو کوردی لەوێ تێدا هەڵسوڕانی بۆ لە یادبردنی ئاکۆکیەکانی ئەوروپی
لە دەستی هات کردی. بەداخەوە ئەو لەدوای کۆچکردنی ئەودا بێوچانە بە کوردی ڕەوفێتەیەتیش
بەستانی کە ماموستا لەسەر ئەوەی لەوەدا دایەوە ڕەنگە هێندێکیش لە کارەکەسازی بۆ ژیانەوە
چونکە لە لایەن خەتابانەوە وەک پەرلیست هاوکاری ناکرێت. ڕەنگە هۆکارێکی دیکەشی لە کۆچکردنی
لە داسەری هەڵدانی کەمێک ئازارم.

جا بیستاشی ئەرێ شەخصاً داوا و تکا لە جەنابتان دەکەم ئەوەی لە ئەقلی ئەوەدا
ئەوە دەسەر دەربەسینی خۆتان بکەن و هەرچی زووتر بۆ کۆتایی هێنان بەو دەزعە
نیقدامی جیدی وەعدەی دڵسۆزیشیکارانە بگەڕێن. ئەو بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی حزبی دیموکرات دا
هەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردستاندا تۆمار دەکرێت دەستەوەی دەسەرەتی زۆر بێ
جەنابتان دەمێنێتەوە. لە ئەمڕۆی ئەوەدا حزب و گەل ناتان بەخشێ!!
لە کۆتاییدا ئیمەو ئەوی کوردستان چاوەڕوانی هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە و دڵسۆزانی
دیکەی حزبین. هیوامان ئەوەیە بێیشە کۆتایی ئەو هەڵگرانی ئەو دڵاسۆتانە دەوزنە
هەرچی ناتیان بێ.

قەلاسەیدی،

براچوکەتان خدر محمدپور ۲۸/۱۱/۱۳۷۴

بۆ: بەندە خۆشەویستم کاک میرابراهیم

سڵاوێکی گەرمی برایانە

هیوام خۆشی و سەلامەتییە ژینتە سەرپاک تۆ خودا ناسێنی . سڵاودارم بۆ ماڵ و منداڵ و لە روو هاوکاری دۆستی وەکو ئاڵان هەیە .

نامەکەت کە پێشتر وەخۆشحاڵی کردم . لە نیاریاکی ووردەوسەروست بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان پێرە دڵ سۆزەکت ڕاکێشم . بەڵام نیم خۆش بووە ورس بکەم کە بەرگری بە دەنووسە کە هیچ نابێت بێوتە ماس کراوە . تیم لە هەمادە بە دا زندە دانیشتووە دەروەرشتان پاک تە داقوت گوزریوە . هەشتەکە گەیشتە هەنگاوێک کە بنیان وا بوو هەرچی لەسەری زەنگێک کە دوی زۆرتر یکێت ڕواتر براوە ئاڵان لات شێوەی تیلکی وەبەرە .

بە دەست نیە باس لە مێژ بووە هەورشتیک برا بووەوە ڕاگەیە تەرا بوو . بەڵام لە ڕێگا بەرامبەرە وایە هەرچارە ناچار زۆنێک شتێکی تازە هاتووە گۆڕین . بە داهەوە ڕەنگە وەختی بە هاتی وەهەڵێنی ڕادەستی تاراتی ئەمەبە وانەیێ . بەڵام بە هەرحاڵ ئێمە بینین کە ئەم شتەکان هەمان بابەتی ز بووینە دە . شتەکە لەلای شێوەی . بە تکووە هەموو تان هاوکاری بکەن بۆ تەودرکردن . ئەو مێژەیی سەرەتای هەمووانمان کۆبووەکاتە دەرێ ، بێزی هەموانە و هەق داپە هەموومان بۆ ئەوەی کرانی بکۆشین .

دووبارە سەرپاست دەکەم و چاوەڕوانی دڵسۆزێ دیارترم

برات عبدالله

١٣٧٥/٤/٢١

هاوڕێیانی بەڕێز - M - P -

سڵاوێکی گەرم

[illegible] - M - و - S - [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

١- [illegible] - S - - h - [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

٢- [illegible]

[illegible]

٣- [illegible]

[illegible]

٤- [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

١- [illegible]

[illegible]

٢- [illegible]

[illegible]

[illegible]

٣- [illegible]

٤- [illegible]

[illegible]

M

[illegible]

[illegible]

بەڕێز پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو

Date:
Ref:
Kurdistan Democratic
Party of Iran,
Revolutionary Leadership

Secretariat

ژمارە:
رێکەوت:
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،
رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

دەبیرخانە

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بۆ بەڕێز لقی ١١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکگرتوو

بە لەبەرچاو گرتنی قۆناخی ئێستای خەباتی ئازادیخوازی ورزگاریدەری نەتەوەکەمان کە بە بوارێکی ناسک وگەلێک حەساسدا تێپەڕدەبێت وبە هەست بە مەسئولیەت کردن ، لەهاست چارەنووسی گەلەکەمان وئەو هەل ومەرجە لەبارەی کە بەهۆی خەباتی خوێناوی هەزاران کادرو پێشمەرگەو رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە بەشێک لە کوردستاندا هاتۆتە دی ، پاراستن وراگرتنی ئەو دەستکەوتە مەزنە واتە سەقامگیربوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەرە ، بە تایبەتی هەموو کومیتەکان وبەرپرسانی دووحیزبی براوهاوخەبات ، پارتی دیموکراتی کوردستان ، [illegible]وو . یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ، ئێمەش لە پێوەندی لەگەڵ ئەو رووداوە دڵتەزێن وچاوەڕوان نەکراوەی [illegible]لایەنی بە پەرۆشین وداوا ئەکەین بۆ بەربەست کردن وراگرتنی شەری ناوخۆیی کە بە قازانج وبەرژەوەندی دوژمنانی کوردو کوردستان تەواو دەبێت ئیمزای ئەوری وجیدی بفەرموون ولە رێگای ئاشتی ووتووێژەوە ناکۆکی وناتەباییەکان بێ بە جێ بکەن .

بەحورمەت وڕێزی تەواوەوە ،

دەبیرخانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـــــران ،
رێبەرایەتی شـــۆڕشـــگێڕ ،

١٣٧٣/٢/[illegible]



له راسته‌وه بۆ چه‌پ: یه‌که‌م و دووه‌م نه‌ناسراوه‌ته‌وه ٣ – سوله‌یمانی موعینی ( فایه‌ق )

٤ – ئه‌سعه‌د خۆشه‌وی ٥ – مه‌لا مسته‌فای بارزانی ٦ – هاشم اقل الطلاب ( قادر شه‌ریف )

٧ – عه‌بدوڵلا ئیسحاق ( ئه‌حمه‌د تۆفیق ) ٨ – ره‌شیدی فلاحی ( ره‌شه ).

**شۆڕشی ئه‌یلول ١٩٦٣**